- خاوەنی ئیمتیاز

**شەوکەت شێخ یەزدین**

- سەرنووسەر


**ئازاد عەبدولواحید**

- بەڕێوەبەری هونەری

**سەرکەوت وەلی**

- مۆتیڤ و پۆرترێت

**قەرەنی جەمیل**

# 112

## مانگانەیەکی ڕۆشنبیریی گشتییە

بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات

**خولی سێیەم/ ساڵی یازدە/ ئەیلوولی ٢٠٠٦**


**ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت سینەما سەلاحەدین**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**فاکس /** 00448701358681
**تەلەفۆن / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر / ٤٤٩٤٦٦٢ ـ ٢٢٢٨٥٠٦**
**چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر**
**نرخ ٧٥٠ دینار**

**لۆگۆ**
**ئاسۆ مامزادە**

# ناوەڕۆکی


### ● سەروتار

- ژینگەپارێزی و شارستانیەتی چیمەنتۆ/ سەرنووسەر/ 3

### ● دەق

- ئالاّ/ نیگار نادر/ 5
- خەونی بیابان لە دیبەم نابێتەوە/ چنوور نامیق حەسەن/ 6
- کووپە لە مێوانداریی ماسیدا/ سەباح ڕەنجدەر/ 8
- دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان بوو/ تەرزە جاف/ 10
- چاڤێن گەزوییی/ ناجی تەها بەرواری/ 12
- پیتە جوانەمەرگ بووەکان/ ناڵە حەسەن/ 14
- گوڵەکانی ئازار/ لە فەڕەنسییەوە:
زەنوون بیلال محەمەد عەلی/ 16
- ئەو؛ سەماپێکەری هزری من/ هۆشەنگ دارا/ 19
- ترسی ناو کۆشکێکی بە ڕەش ڕەنگکراو/
نەجیبە ئەبووبەکر/ 23
- شەوێکی پڕ ئەسپ/ چنوور سەعیدی/ 26
- واگۆنی ژمارە حەوت/ یووسف عزەدین/ 28

### ● هەڤپەیڤین

- هەڤپەیڤینێکی فراوان لەگەڵ مامۆستا (کەمال غەمبار)/
ئا: یاد سابیر/ 32
- دیانەیەک لەگەڵ (ئەمین گەردیگلانی)ی نووسەر و
وەرگێڕ/ ئا: خەبات ڕەسووڵی/ 47

### ● لێکۆڵینەوە و ڕەخنە

- فەلسەفەی سپی و حەقیقەتی سێیەم/ محەمەد ڕەحیمیان/ 54
- حەفتا ساڵ و ١٠٠ ڕۆمانی کرمانجی/ لە پیتی لاتینییەوە:
ئیسماعیل تەنیا/ 66
- نالی بە تەنیا موریدی خوا بووە/ حەکیم مەلا ساڵح/ 73
- فەرهەنگی «کوردناسین»م خوێندەوە/ عەزیزی مەلا ڕەش/ 78

### ● یادکردنەوە

- بە یادی مامۆستا عەلائەدین سەجادی-یەوە/
ئازاد عەبدولواحید/ 86

### ● بەدواداچوون

- پێداچوونەوەیەک بە وەرگێڕانەکەی «مێژووی فەلسەفەی
هیگڵ»/ عەبدولقادر عەزیز سەعید/ 96

### ● تیۆری ئەدەبی

- ئەدەب و بایۆگرافی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 108

### ● وتار

- دیدێکی هزری بۆ تیۆری هیرمنوتیکا/ ئازاد خدر/ 112
- توێکاری هەواڵێک/ لە فارسییەوە:
مەحموود شێرزاد/ 116

### ● هزر و فەلسەفە

- پێشەکییەک لەسەر هاوکێشەی نێوان ئەنفال و../
د. بەختیار سەجادی/ 121
- مارتن هایدیگەر: ئەمە چییە، فەلسەفە؟/
لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز/ 130
- پشکنینی کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم تۆتالیتاریزمی
پیاوسالاریدا/ مەجید عەزیز/ 142

### ● دۆکیومێنت

- تێپەڕبوونی (٤٥) ساڵ بەسەر نووسینێکی بڵاونەکراوەی
مەم/ د. تاڵب محەمەد ئەحمەد/ 158

### ● مێژوو - کەلەپوور

- کیلیۆپاترا، حاکمی ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا/ لە
فارسییەوە: لەیلا ساڵحی/ 164
- لاوک.. وێنەیەک لە هونەری گۆرانی میللی/ ئەحمەد
حەیران/ 168

### ● زمانزانی - ڕۆژنامەڤانی

- دەزگا و ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن/
لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵلا کەلاری/ 173

### ● هونەر

- چۆن ببم بە ڕیژیسیۆر/ د. فازیل جاف/ 182
- لە ساڵیادی کۆچی کەمانچەژەنی پەنجەزێڕین موجتەبای
میرزادە/ وریا ئەحمەد/ 191
- کامیرا چۆن کار دەکات/ فارس سەعدی/ 194

### ● خوێندنەوەی کتێب

- بوونەوەری نابوود لە مۆدێرنێتی ئەزموونیدا/
جەبار جەمال غەریب/ 198
- ئەنیمامۆندی/ هاشم سەراج/ 202
- تەمەنێک..گۆرانی، ئاواز، مۆسیقا/کەریم شارەزا/ 204

### ● ئێستێک

- دەق: منی ئەوی تر و ئەوی تری من/ هەندرێن/ 208

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ژینگە پارێزی و شارستانیەتی چیمەنتۆ

**سەرنووسەر**

* لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بیرمەندانی وەک ژان ژاک رۆسۆ و ڤۆڵتێر و نووسەرانی گەورەی وەک (ڤیکتۆر هۆگۆ) و (دی. ئێچ. لۆرەنس) و شاعیران و نووسەرانی سەر بە رێبازی رۆمانسییەت لەپاش جاڕدانی شۆڕشی فەرەنسی و شۆڕشی پیشەسازی و زۆربوونی کارگە و فابریقە کارێکی وای لێیان کرد تەوژمێک پێکبێنن بۆ ئەوەی داوای گەڕانەوە بۆ باوەشی سروشت بکەن، لەم داوایەشیاندا هەم دەیانویست لە پیسبوونی ژینگە و ئاووهەوا رزگاریان بێ و هەم بگەڕێنەوە ناو ئامێزی سروشتێکی پاکیزە و بێگەردەوە، کە پاکێتی مرۆڤیش زێتر لەناو باوەشی میهرەبانی ئەو سروشتەدا دەپارێزرێ، چونکە کاتێ روو دەکاتە شاری جەنجاڵ و پڕ لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز، لەناوشاردا تووشی ژەهراوی بوونی پێوەندیی کۆمەڵایەتی و ژینگە و دووکەڵی کارگەکان دەبێ، ئەوە بێجگە لەوەی لەناو شاردا نیفاق و درۆ و کلاوکلاوێن و راوەرێوی و جۆ بەدیوار هەڵگەڕان و فریودانیش دەبینێ و بە گەڕانەوەی بۆ ناو ئەو سروشتە پاک و پاکیزەیە لەو گۆبەندی هێن و منهێنەی شاریش قورتاری دەبێ.

* زۆرجار رەخنەگران چوونی شاعیرانیشیان بۆ ناو ئاژاوە و ژاوەژاوی شارەکان بەجۆرێک لە جۆرەکانی زیان کەوتن لە (شیعر) لە قەڵەم داوە، بۆیە رەخنەگران هەر بۆ نموونە زۆر رەخنەیان لە (بەدر شاکر سەیباب) گرتووە و باسیان لەوە کردووە کە بەچوونی ئەو شاعیرە بۆ ناو شار لە رەگەوە شێوازی نووسینی شیعرەکانی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەتایبەتی لەوکاتەدا کە رووبەرووی (شار) بووەتەوە و (جیکۆر)ی بە جێهشتووە، ئەم گۆڕانەش گۆڕانی بەسەر رستەی شیعری ئەو شاعیرەدا هێناوە و بونیادی شیعر و دید و جیهانبینی گۆڕیوە و دنیابینییەکی نوێی کردووەتە جێگرەوە، بۆیەش تەوەری سەرەکی شیعری شاعیرانی رۆمانسی (سروشت) بە پلەی یەکەم دێ و پاشان (منداڵ) و (ئافرەت) و تاد..

* ئەگەر ئەوە بۆچوون و فەلسەفەی بیرمەندان و نووسەران و شاعیرانی سەدەی نۆزدە و رەخنەگرانی سەدەی بیستەم و ساڵانی پەنجایەکانی سەدەی رابردوو بێ، دەبێ ئەمرۆکە لەبەردەم ئەو هەموو تۆپەڵە کۆنکریت و چیمەنتۆیە بڵێین چی کە مانگانە و ساڵانە هەر بینا و ساختمانە سەریان لە ئاسمان دەسوێ؟ کە ئەوقاڵب و تۆپەڵە کۆنکریتیانە وزەی گەرما هەڵدەچنن و رۆژانە بەروومانی دادەدەنەوە، یان لە بەرانبەر ئەو هەموو ژەهر و دووکەڵی ماشێن و ئوتومبیلانە دەڵێین چی کە رۆژانە و هەفتانە و مانگانە و ساڵانە روو لە زیادبوونن؟ ئەی بۆ دووکەڵی کارگەو فابریقەکان لە پیسکردنی ژینگەدا کە دەورێکیماڵوێرانکەرانەیان هەیە؟ ئەی ئەو هەموو پاشەرۆک و خۆڵ و خاشاکە کە بەشێوەیەکی راست و دروستی زانستیانە لەبەین نابرێن، یان ئەوانیش لەلای خۆیانەوە دەمێننەوە و دەبنە هۆی پیسکردنی ژینگە و ژەهراوی کردنی؟ ئەگەر ئەو نووسەر و بیرمەندانە ئەمرۆکە بمانایە لە بەرانبەر (شارستانیەتی چیمەنتۆ) و ئەتک کردنی سروشت و تاقی کردنەوە ئەتۆمییەکانی ژێر ئاوی دەریاکان و بۆشایی ئاسمان و چۆڵ و بیابانەکان چییان دەگوت؟

* لە شارێکی وەک ئەم شاری هەولێری پایتەختەدا کە لە بەرزایی لوول و پێچەکانی هاوینەهەواری پیرمام دێیتە خوارێ بە ئاشکرا تەمێکی خەست و خۆڵی ژەهر و دووکەڵ بەسەر سەر و سیمای ئەو شارەوە بەدی دەکرێ کە جگە لە دووکەڵی ئەو هەموو ژمارە بێ حەدو حیسابەی ماشێن و ئوتومبێلان دروستیان کردووە، دووکەڵی ئەو هەموو موەلیدانەش لەوسەر بوەستێ کە دەبێتە سەربار و بن باری پیسکردن و ژەهراوی کردنی زیاتری ژینگە کە بەلای منەوە بەشێکی زۆری تووڕەبوون و هەڵچوون و هەڵەشەیی خەڵکەکە و بڕیاردانی هەڵەی رۆژانەی هاوولاتیان بۆ ئەو فشار و پاڵەپەستۆ گەورەیە دەگەڕێتەوە کە دەکەوێتە سەر ئەعسابی خەڵکەکە وەک نزار قەببانی دەڵێ رۆژانە لەسەر ژێیەکانی ئەعسابمان دەژەنرێ، ئایا هەموو ئەوانە دەرەنجامی پیس بوونی ژینگە نین؟ کە تۆ بۆ هەوایەکی پاک و پڕ لە ئۆکسجین بچیتە حەوا و رۆژانە لە تەپ و تۆز و خۆڵ و

دووکەڵی ژەهراوی زیاتر هەڵنەمژی چۆن تەندروستی خەڵکی ئەو وڵاتە بە عەقڵ و ئەعسابێکی سارد کار دەکات و بە ساغوسەلامەتی دەمێنێتەوە و دەپارێزرێ؟

* ئەو باسە کە دەیوروژێنم مەبەستمە وەک ڕۆژنامەنووسێک پێداگیری خۆم لەبارەی بابەتێکی گرنگەوە دەربخەم و پێشنیار دەکەم هەر زوو (کۆمەڵەی ژینگەپارێزی و کوردستانی سەوز) کارا بکرێ و بکەوێتە خۆی و لە ڕێگەی ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە و کەناڵی جۆراوجۆرەوە خەڵکی کوردستان هوشیار بکرێنەوە و لە مەترسییەکانی پیس بوونی ژینگە و ژینگەپارێزی و بەسەوز ڕاگرتنی هەموو شار و گوند و شارۆچکەکان ئاگەدار بکرێن، ئەم ئەرکەش ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی هەموو لایەکمانە، بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی ژینگەپارێزی بێجگە لە ڕاگەیاندن داوودەزگایەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەر و سەکۆکانی کۆمەڵایەتی و ئایینی دەبێ ڕایەکی گشتی بۆ پاراستنی ژینگە و هێشتنەوەی بە پاکوتەمیزی بخوڵقێنن نەک تەنیا ڕۆژێ بۆ (ژینگە) و بەناوی (ڕۆژی ژینگە) تەرخان بکرێ، بگرە لە سەرەتاوە هەوڵ بدرێ زۆربەی ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ژینگەپارێزی تەرخان بکرێ و خەڵکی تێدا وشیار بکرێتەوە. ڕاستە جوانکاری و ئاوەدانکردنەوەی شارەکان کارێکی گرنگ و پێویست و شارستانییە، بەڵام شاری جوان ئەگەر ژینگەکەی پیس بوو و ژیانی ژەهراوی کرد بەکەڵکی چی دێ؟

* پێویستە هەڵمەتی ڕاگەیاندن و بەرنامەی پارتەکان زۆر لەسەر گەڕانەوەی خەڵکی بۆ باوەشی سروشت هان بدات، من تێناگەم کە سەفەری نێوان شارێک و شارێک دەکەی، لەنێوان ئەو شارانە و لەنێوان ئەو شار و شارۆچکانە بە هەزاران هێکتار زەوی هەیە کە نە ئاوەدانی پێگەییوە و نە بەسەوزی ماوەتەوە و نە نیازی سەوزکردنیشیان لە ئارادا هەیە، کەچی لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان بە هەزاران هەزار هاووڵاتی دی ترنجاونەتە ناو شارەکانەوە، بەمەش هەموو لەنگەرو باڵانس و شیرازەیەکی کۆمەڵگای تێکداوە و پچڕاندووە، لەولاشەوە بە هەزاران هیکتار زەوی بە چۆڵیی ماون و کەسیان تێدا ناژی. لێرەدا دەبێ حکوومەت بەرنامەیەکی سەرنجڕاکێشی هەبێ بۆ گێڕانەوەی خەڵکی بۆ سەر زێدی باب و باپیران و ناو باوەشی سروشتێکی جوان و پاک و سەوز کە تەندروستی و ژیان و تەمەنی درێژی تێدا بەدی بکرێ.

* ئێستاکە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە زانستی و مەیدانییانەی لەم چەند ساڵەی دوایی لەلایەن تیمێکی ئەڵمانییەوە لەبارەی ژینگە لە کوردستان ئەنجام دراوە دەرکەوتووە کە بارودۆخەکە زۆر جێی مەترسییە بۆ سەر تەندروستی و ساغ و سەلامەتی هاووڵاتیان، ئەو ڕێژە و ژمارانەش ئەوە نیشان دەدەن کە شاری دهۆک (٧٪)ی ڕووبەری سەوزایی تێدایە و شاری هەولێر لە ٣-٤٪ و شاری سلێمانیش کە بەهۆی ئەوەی دەوروبەرەکەی شاخاوییە ڕێژەکەی (٨-٩٪)یە، ئەوە بێجگە لە پیس بوونی جۆرەکانی دیکەی ژینگە کە زۆر جۆری هەیە لەوانەش پیسبوون بە ژاوەژاو (ضوضاء)، هەروەها پیسبوون بە (هەوا) و پیسبوون بە (تیشک) کە هەریەکەیان بۆ خۆی زیان و مەترسی خۆی بۆ سەر ژیانی ئادەمیزاد هەیە. دەبێ لێرەدا سوپاسگوزاری حکوومەتی هەرێم بین کە ئەو پارکەی دروست کردووە، بەڵام ئەوە بەس نییە و دەبێ بەپێی ستانداردی جیهانی پانتایی و ناوچەی سەوز لە هەر شار و وڵاتێک ڕێژەکەی لە (٢٥٪) کەمتر نەبێ.

* ئەگەر زۆر لە وڵاتانی جیهانیش بە نموونە نەهێنینەوە، خۆ دەبێ تەماشایەکی بارودۆخی ژینگەپارێزی وڵاتانی دەوروبەری خۆمان بکەین کە تا چ ڕادەیەک بایەخی پێدەدرێ، تۆ تەماشای وڵاتێکی وەک ئێران بکە کە چەند جارێک سەردانیم کردووە، ئادەمیزاد لە بەرانبەر پاکوتەمیزی و ژینگە سەوزەکەی دەحەپەسێ. لەنێوان شارێک و شارێکی دیکەیدا مەگەر زەوییەکەی شۆرەکات بێ، دەنا هەمووی بە دارودرەختی بەردار پڕ کراونەتەوە. لەسەر هەر شەقامێک و کوچە و کۆڵانێک دارو درەخت هەیە، ئەو دارانە وەک (گیانلەبەر) پێناسەیان هەیە و بەهۆی پارچە تەنەکەیەکی مەعدەنییەوە ژمارە و مێژووی تەمەنی دارەکە نووسراوە و بە قەدی درەختەکەوە کراوە، هەر کەسێ زەرەر و زیان بە هەر درەختێ بگەیەنێ سزای توند دەدرێ و بەند دەکرێ. ئێمە ساڵانە بە هەزاران دارودرەخت دەڕوێنین، بەڵام داخەکەم بایی ئەوەندە هوشیاری نییە بیانپارێزین، لەگەڵ ئەوەشەوە هیچ یاسایەک نییە ئەو سەوزی و دارودرەختانە لەبێ ڕەحمی و لە دەستی ڕەش و زیانبەخش بپارێزێ!

* کە ساڵەهایەکی دوور و درێژ لەناو جەنگێکی قڕکردنی ڕانەگەیەنراو و ڕاگەیەنراودا ژیاین، دەسەڵاتە شۆڤێنییە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق تەنیا مرۆڤی کوردیان نەکردووەتە ئامانجی کاری دژ بەمرۆڤانەیان، بگرە سیاسەتی (خاکی سوتماک)یان پێڕەو کردووە کە تەڕو وشکی پێکەوە سووتاندووە و لەناو بردووە، بە بەرچاوی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی بۆ (دارستان) هەبوون، ڕۆژانە بە دەیان و سەدان دارودرەختیان دەبڕییەوە و دەسووتاند کەسیش متەقی لێوەنەدەهات، ئەمڕۆکە بێجگە لە قوت کردنەوەی ئەو هەموو بیناو ساختمانە کۆنکریتیانە و سەرەڕای ئەو هەموو دووکەڵەی بەهۆی ئۆتومبێل و ئامێری جۆراوجۆر و موەلیدەکانەوە بەر لووتمان دەگرن، ئەگەر نەکەوینە خۆمان و ژینگەی خۆمان نەپارێزین و (ڕووبەری سەوزایی) زیاد نەکەین و لە خەمی پاراستنی ژینگەو زۆرکردنی دارودرەخت نەبین و ژمارەی پارکەکان زیاد نەکرێن، ئەوە حەتمەن دەبێ چاوەڕێی کارەساتێکی گەورەبین و هاووڵاتیانمان بەو پیسبوونی ژینگە و دووکەڵە ژەهراوییە ڕووبەڕووی گیان لەدەستدان و مردنێکی سست دەکەینەوە، سەوز ڕاگرتنی شار و شارۆچکەکانمان تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و جوانکردن نییە، بەڵکو پێشتر بۆ پاراستنی تەندروستییە.

* گێڕانەوەی هاووڵاتیان و هاندانیان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە گوند و زێدی خۆیان دەبێ بکرێتە ستراتیژ و سەردەفتەری کاری حکوومەت، نەک بۆ وەزن و قافیە ناو بەناو باسی لێوە بکرێ. من دڵنیام خەڵک ژیانی گوند و شاری خۆی پێ خۆشە، بەڵام هەلومەرجی ژیانی ئەمڕۆی تێدا بێ، ئەوسا پێویستی بە (مووچەخۆری)ی ناو شار نییە و نابێ!

* ئەوەی باسم کرد باری سەرنج و تێڕامانی من بوو لەبارەی پیسبوونی ژینگەی کوردستان و سروشتە جوان و دڵڕفێن و پاکیزەییەکەی، لەپاش خەمخۆری و بەتەنگەوەهاتنی ئەو دیاردە ترسناکە، ئینجا دەبێ بکەوینە ناو خەمی فەراهەم کردنی ژینگە و دەوروبەرێکی ڕۆژنامەوانی و ڕۆشنبیری پاک و بێگەرد، تا کۆمەڵگاکەمان تەندروست بێ و لە هەر جۆرە پیسبوونێک دوور بخرێتەوە، چونکە ئەویش مشەخۆر و زوڕناژەن و کاسەلێسەکان ژینگەکەیان پیس کردووە و دەبێ تاکو زووە لەوە زیاتر نەهێڵین ڕۆح و ویژدانی خوێنەر ژەهراوی بکەن، کە بەدزی و بە ئاشکرا کەسانی نەخۆش لە شێلووکردنی ئەم کانیاوە ڕوونەی ڕۆژنامەوانی هەدادانیان نییە و ناسرەون!.

# ئاڵا

نیگار نادر
(بەریتانیا)



خۆشم ویستی و لەسەر خۆمم هەڵدای
دەستم لۆ سلاوی سەربازی هەڵیناو
سەرم بۆ هەڵبڕی و
پیرۆزترین مارشی نیشتمانیم
پێ هەڵدای....
خۆشت ویستم و
بەشیتمەوە
بەسەر بەرخودانی قامشلۆیدا
بۆ نێو دەستی گەنجانی ئامەدێدا
هەڵت واسیم
بە دار و دیواری مەهابادێ و
بەسەر سەری هەولێرێ–دا و
شەکامەوە
خۆشم دەویستی و
سوێندم پێت خوارد
بە خۆ و گۆڕی بە کۆمەڵ و
هەڵەبجە و یەکی شوباتێ
هەزاران کۆستی دەدیشت
لە بۆ دەدەمین
دەستبەردارت نابین و
هەڵت دەکەین
خۆشت ویستم و
لەسەر خۆتت چەقاندم و
تەقەی خۆشیت دەسپێکردەوە
چواردەورمت بە فیشەکی گڕدار و
گڕگڕۆکان داتەنیم و
بە ڕۆژی نەتەوەییت ناوزەد کردەوە
ماچت کردم و
لەسەر سەرم بەرزکردییەوە و
دڵم بە ناوت کردو
سەربەخۆییم ڕاگەیاندەوە
سۆری لێو و زەردی چاو و کەسکی دڵ و
سپییەتی ڕۆحت بوونە ئاڵام و
لەسەر هەر چوار پارچەی
کوردستانێ–دا شەکانەوە
خۆشت ویستم
بە هەرتک دەستان لەسەر خۆتت هەڵدام
لە داوێنمدا کڕ ڕاوەستای
چاوت تێبڕیم و
بە ڕۆژی نەتەوەییت ناونام
بۆنت پێوەکردم
ناوچەوانت بە ناوچەوانمەوە لکاند و
بەسەر تابووتی هەموو شەهیدانت دادام
بە سینگی هەموو منداڵانتەوە هەڵچەقاندم
ئەوەی تێیڕوانیم نیازی هاتەجێ و
بە تاکە ئاڵای کوردستانێ ناسرام.

# خەونی بیابان لە دییەم نابێتەوە

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)


لە مابەینی بیرەوەری گەڵایەک و
خەمە ساردەکانی نیگات
وڵاتێک دێ
لە مەیلی تۆرانمان دەچێ
بێ سێبەر
دوور لە پیاوانی جەنگ
وەڵێ بەلیمۆ بوونت دەمکوژێ
نزیک خەیاڵاتی شەوێک
کوانێ داڵدە
لە پاڵ داڵغە بێتامەکانی ژیان و
گوناهە جوانەکانی تۆ
لێوەکانم بۆنی پەنجەکانت دەگرن
وەتەن لە زەردەپەڕێکی ڕوخساری تۆ
مەیلم دەکا
ئا لەوێدا کەپرێک دەکەم
لەپاڵ تەمێکی دراوسێت
بستێ پەنا
تاوێک بێرەوە بۆ ئەیرە
تاراوگە خەوا لێوەکانم ڕوون کەرەوە
وا نزیک لە کەپرەکانی مەنفاوە
داڵدە دەدەم
تۆزێ لەولای کەپرە شینەکانی بارانەوە
سۆراخی ڕوخسارت دەکەم
تۆزێ پێش پیربوونی خەمێک
بێ مەیلیت شەوم بەسەرا دەبارێنێ
وا لەسەر ڕێت
کەپرێک لە نیشتیمان دەکەم
پاش ئیزنی خەو
ڕووناکی ڕۆحم هەڵگۆزە و بیخۆرەوە
بۆ هەمیشە
لە تەنیشت بێداری تۆوە
سەما دەکەم



سەمایەک لە خشپەی پێیەکانم ژان دەیگرێ
پڕ بەدییەت چاوەڕوانیم بخۆرەوە
تێر بۆنم بە
لە بەشەوبوونی تۆ نەبێ
چاوەکانم تیشک ناخەن
تۆزێ لەو لای پردەکانی سیراتەوە
ئازارەکانم بژەنە
عەیامێکە نۆتەکانی غەریبیمان
لێ دەچۆڕێ
مشتێ زەمەنم پێداکەو
سپیم کەو
بە تەماشای حەسرەتاوی دیبەت نەبێ
نایەمەوە
لەولای کەپرە شینەکانی بارینەوە
بمتەکێنە
بێ هەناسەت بێ داڵدە بێ پەنا
کوا نیشتمانی تاراوگە
ئاوام مەکە
با شوێن هەنگاوت هەڵگرم
هاوڕێ
خۆ چاوەکانی من
وێڵی ئەستێرە کوژراوەکانن
بەس شوێن تەنهایی بکەوە
چاوەکانت بکەرەوە
تێر لەخەماوی ڕۆحم بە
تاکو ئاوڕ دەدەمیتەوە
هۆن هۆن لەدیداری تۆدا
خەواڵوویی عەسرێک دەگرم
کە غەریبی تۆ و
وڵاتم بە ئەمانەتەوە بۆ دێنێ
ئەوجا دەزانیت گەڕانت
بەدوای کچە قەرەجەکانی وڵاتدا
چەندە شێتییەکی جوانە
منیش ڕەدووی ئەوان دەکەوم و
بە تەنها ڕۆژبکەرەوە
هاوڕێ لەوانەیە تەمەن
بەشی گەڕان بە شوێن قاوەگرەکانی
زەینت بکات
وەلێ تەمەنی هەموویان
بەشی دۆزینەوەم ناکات
کە وەکو هەوری چاوانت
بەرێ کەوتم
نایەمەوە

لەمەراقی لێوەکانت دەکوژێمەوە
گەر تینوێتیم نەناسیبا
لەداڵغەی ڕۆیینێکی تۆ
نەدەخنکام
ئەی وێڵی دوای عەرافەکانی پاڵ ژیان
کوێوە بۆ جەنگستانی وڵاتم دەبەیەوە
بموەرێنە
بە دەستە سپییەکانی تۆ نەبێ
حەزە خڵەفاوەکانی تەمەنم
لێ نابنەوە
وەلێ ڕەنجم بێ وەرە و
تۆ باخەوانێکی نەفامی
جگە لە خەونە ئادەمییەکانی بەهەشت
هێشتووە عیشق بۆ هیچ
دەستێک ناکەیتەوە
وەک تینوو بوونی کەناری ئاوێک
بمخۆرەوە
بۆ جارێکیش
دەست نوێژ بە غەریبیم بگرە و
لێوەکانت لە سورمەکانی خەیاڵم
بسڕەوە
تا چیدی حەرفە شیعرێکم
بە لێوتەوە جێ نەمێنێ
بیرت نەچێ
تاکو ژیان دەرگای خەونی واڵا دەکات
پرچەکانم بکەرەوە
تاڵ بەتاڵی
بۆ تەمەنی بابردوومان
بەهەناسەت بسووتێنە
پەلم بگرە و بەکێشم کە
تا بە وڕینەی ئێواران دامئەپۆشی
ئاگادارم مەکەرەوە
وڵاتێک لە خوماربوونی
عەسران
شارێک لەوێڵبوونی شەقام
باخچەیەک لە بێ منی تۆ و
شەوێک لە تەماشای سەراب
ئا ئەمانە پێش تۆ و مێژوو
دراوسێمن
کە گەیشتینە ئەو شوێنەی
بە تەنها من و تۆ و باران
بە مەیلی خۆمان ڕاکشاین
ئەوسا بێدارم کەرەوە

٢٠٠٦/٦/١٧



# کووپە لە مێوانداریی ماسیدا

سەباح ڕەنجدەر

ئەریٚ پەیکەر بۆ تەنیایی بۆخۆی هەڵبژارد
پەیکەرتاش و پەیکەرەوانەکانیشی
بە ناو خەڵک هەڵوەداو داپڵۆسێنەر
پێیەکانی لە ئاوی لێڵ تەڕن
گیانی پەرێشان
نوێژ و ستایش و پاڕانەوە
یارمەتی دەروونین
بە توندوتیژی و زەبر
داوای یارمەتی لە ناسراو و دەست و پێی کردوون
باڵندەی قاچ ڕووت و دەنووک درێژ
باڵەکانیان دەخورێنن و داوای باجیان لێکردووە
جەنگ لەو پێناوەدا هاژەی هات
لاشە کەفی هەڵدا
لاشەش ئاوێنەیەکی پەڵەداری پێشکێش کرد
باڵندەی تەمەن کورت ببینیٚ
لە پشتی خۆشی هیچ لە دایک نابیٚ
تەپەدۆری لە پەنجەرەی بیستن ناوە
داویشی لەسەر کورسی شەیتان و فریشتە داناوەتەوە
کتێبی نائومێدی
لەم چاویەوە گواستووەتەوە ئەو چاو
ڕەوانبێژ و هەواڵدزو خۆویست و خۆشدووە
تەمەنی بەشی ئەوە دەکات
لە هەموو شەقامەکان بپەڕێتەوە
مردنی پەنجەی کەمانچە ژەنەکانیش ببینیٚ
بە ئاگرم مەسپێرە
خوایەکم هەیە هەمیشە بەبیر خۆمی دەهێنمەوە
جوانی مەحاڵ دەهێنێتەدی

کارتی جەژنانە فڕێدەداتە ماڵەکانمان
وێنەی کێکی مۆم لەسەر داگیرساویش
دەگرێ و بەیادگاری دەیداتە نەوەکانمان
وەک شاعیرێکی دەموچاو درەوشاوەی بەختیار
چوارخشتەکی لەسەر شیعری باوکی نووسیوە
غەزەلیش چاوی بە پەرپەرەی مانگەوە هەڵواسی
لە پێچی شەقامێکدا ونی کرد
پێنج خشتەکی و بەهرە وەرگرتنیشی ماوە
چرای هۆگربوونی بەدەستەوەیە
بەدوای لەپکە شینەی دیاری داپیری
چاوی دەڕواو دەگەڕێتەوە
هێزی چاو بەشی شکانی لەشکری هەڵپەدار دەکا
ڕۆژنامەنووسی بەرەکانی شەڕ
بۆ ماوەیەکی کورت لە خۆشییاندا لەهۆش خۆ دەچێ
شیعرێکی ڕۆمانسی دەموچاوی ئاوپژێن دەکا
مۆم و شخاتەی لەدەم دەڕژێ
گیانی زیو و ئاوریشم و فەنەر لەناوی
مردوویەکە ئاگای لە هەمووان
لەسەرخۆتر بەرەولام وەرە ئەی پیری
بلیتی سواربوونی چەرخ و فەلەک
هێشتان سووری خۆی تەواو نەکردووە
بۆنی ڕازیانە و نان ڕشاندنی دایکیشم
هێلکەم دەترووکێنن
سەمەندەر برای شیریم بوو
دوای ماوەیەک پێکەوە ژیان
بوو بەبرای خوێنیم
باڵندە کە بەناو خۆر بڵندبووەوە
ئەرێ باڵندە بە ئاسمانەوە چیت پێدەڵێ
میوە رووەمەتیان بەنازو شکۆوە هەڵدەخەن
ڕێبوارانیش بۆینباخی قاوەیی
بەسەرکراسیان شۆڕ دەکەنەوە
شەپقەی خورییان دادەنێن
ماست و زەیتوون و کەرە و هەنجیری وشک کراوە
لەناو سینی چینکۆ شەرپانە لەگەڵ لێوی بەبار
شەڕ بەتاو هات
ئەو مردووەی ئاگای لە هەمووانە
لەناو شووشەی مەرەکەب
یەکەم شت کە بینی ڕستەیەکە
بۆ گیان و دیوان دەدوێ
ئەرێ گوڵ بۆ هاوسەروای دڵ و کول و بولبولە
ماسی بەناو ئەڵقەی نارنجۆک
خۆی سپاردە کووپەی ماڵی من
کووپە و ماڵی هۆگر بە فڕین و بۆنی خەنە و مێخەک
گوڵەبەڕۆژەی نیگا ئاڵاو بە پەیمانی نەمری پاسەوانیەتی
بەرامبەر قسەو هەڵەوەڕی و دەمهەڵبەستی
شارێک چاو ناترووکێنێ
درەوشانەوەیەک لە دەموچاومدا
بەهرەمەندی کردم لە هێزو خۆبوونی خودایی
خۆر ڕووی خۆی بۆ ڕاگرتم
پێویستییەکانمی تێدا بنووسم
دەستنوێژ دەگرم و خۆم تەنیا بۆ خۆم
چاوم لە نەخشە نقوم دەکەم و باخچە
بەسەر ماڵان دابەشدەکەم
پێش چوونە گەشت خەون وریام دەکاتەوە
کێ دەبینم و ئاو بەدەموچاوی کێ بپژێنم
لەناو شووشەبەندیش گوێ لە گۆرانی نەگرم
پارچە قوماشێکی خنکێنەر بەسەر سەدادا دەکێشێ
سەدا سەرەتای هەمووشتەکانە
بەخان و مانی بەرەو ئێرە دێ
حیکایەت بۆ باپیرەی سەمەندەرمان بکات

ئاداری ٢٠٠٦ هەولێر

# دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان بوو

تەرزە جاف



دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان بوو
بەسەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم جەنگەڵستانە و
لە ماڵی ئێمە نیشتەوە

دایکم ئەوەندە منی خۆشدەویست
لەگەڵ یەکەم نەرمەلەرزەی کچێنیمدا
بەتانەی دووری
بۆ کراسەکانم
بۆ پانتۆڵەکانم
بۆ تەنوورەکانم
تەنانەت بۆ ئەتەکەکانیشم

من لەو ڕۆژەوە، تا ئێستا
شانەکانم سڵۆک و
قاچەکانم ترسنۆک و
نیگاکانم ترسنۆکتر دەبن

دایکم ئەوەندە لە خەمم بوو
لەگەڵ ترپەی یەکەم هەنگاو بە دوای لەنجەکانمدا
قژمی تاوانبار دەکرد
حوکمی بەستن و بڕین و
داپۆشینی بەسەردادان
لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا
تاڵەکانم ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاوازی
کەزیەکانم بەرەو باریک بوونەوە
تیشکە زەردەکانیش بەرەو کوژانەوە دەچن

دایکم ئەوەندە دڵی لەسەرم بوو
تەنانەت لەو کۆنە گۆڤار و کتێبانەش دەترسا
کە شەوانە دەمویست لەڕێی ئەوانەوە خۆم بدزمەوە و
دەرگاکان بەوان واڵاکەم
ئەو بەرۆژ لاپەرەکانی دەپشکنی

وێنەکانی ڕەش دەکردەوە
بەشەویش
گڵۆپەکانی خامۆش دەکرد

من لەو کاتەوە تا ئێستا
چاوم تاریک
زەینم کوێر
دڵم تا دێت توندتر دەبێت

دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان بوو
بەسەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم جەنگەڵستانە و
لە ماڵی ئێمە نیشتەوە

دایکم ئەوەندە دەترسا لەسەرم
هەر زوو منی تێگەیاند،
کە سەربڕینی من
لەسەربڕینی ئەو بەرخانە ئاسانترە کە دوو جەژن
جارێک لە ماڵی ئێمە بێ گوناه سەردەبڕان
منیش دەکرێت ببم بە قوربانی بۆ ئەو گوناحانەی
جورئەتم نەدەکرد تەنانەت بیریشیان لێ بکەمەوە
بۆ ئەو یاسایانەی لە هیچ کتێبێکدا نەبوون
دایکم ئەوەندە دڵی لام بوو سانسۆری دەخستە سەر
دەفتەری یادگارییەکانم
هەموو ناوە خوازراوەکانی ناو چیرۆکە بچکۆلانەکانمی
شی دەکردەوە
نهێنییەکانی تەنانەت لە نووکی قەڵەمەکەشمدا
دەخوێندەوە
من لەوکاتەوە تا ئێستا
پیتەکانم تێکشکاو
وشەکانم لێڵ
دەفتەرەکانیشم تا دێت سپیتر دەچنەوە

دایکم لە کاتی لایلایەدا
دەیتوانی هەموو خونچە خەونەکانم ئاڵ و گۆڕ بکات
گوێی لە هەموو وڕێنەکانم دەبوو
هەموو هەناسەکانمی لێک دەدایەوە
دەبووە درهێنەرێکی زیرەک و تەنانەت پاڵەوانی
خەونەکانیشمی دەگۆڕی
لەوساوە تا ئێستاش من خەونەکانم بەرەو نادیاری
دەچن و
نووستنم بەرەو زیاتر پچڕپچڕ بوون

دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان بوو
بەسەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم جەنگەڵستانە و
لە ماڵی ئێمە نیشتەوە

دایکم ئەوەندە خەمخۆرم بوو
هەر کە هەستی بە یەکەمین درەوشانەوەم کرد
قەمسەڵە چەرمیەکەی لەبەرم داکەند و
چاکەتێکی خوری دامێ

دایکم ئەوەندەی من خۆشدەویست
نەیهێشت هیچ هەناسەیەکم لە سنوور لابدات
نەیهێشت دەسکی تەلەفۆنەکە هەڵگرم
نەیهێشت یادگارییەکانم بنووسمەوە
نەیهێشت وێنەکانی ڕاغب عەللامە بشارمەوە
چیرۆکەکانی بیر بردمەوە

دایکم
زەندەقی بردم لە کچێنی خۆم

دایکم فریشتەیەکی سەرگەردان بوو
بەسەفەرێکی زۆر کورت ڕێی کەوتە ئەم جەنگەڵستانە و
لە ماڵی ئێمە نیشتەوە

دایکم منی خۆشدەویست
ئەو بەرگەی ئێرەی نەگرت و زوو کۆچی کرد
منی لەگەڵ تەنیایی خۆم بەجێ هێشت
لەگەڵ لاپەڕە دێزەکان
لەگەڵ تاڵە پرچە سیسەکان
لەگەڵ ئەو پانتۆڵ و قەمسەڵانەی هەرگیز بە بەرم ناکەن
لەگەڵ ئەو ڕەسمانەی باویان نەما
منی بەجێ هێشت
دوای کۆچیشی
قەڵەمەکەم هەر ترسنۆک
خەونەکانم ترسنۆکتر
دەنگیشم
زەلیل..

فریشتەیەکی سەرگەردانم ئەمڕۆ منیش
بەهەڵە ڕێگەم کەوتە ئەم جەنگڵستانە و
لەم ماڵە خنجیلانەیە نیشتمەوە
کچۆڵەیەکی وردیلە ڕادەژەنم
لایلایەی بۆ دەکەم
خۆشم دەوێت
خەمی دەخۆم

فریشتەیەکی سەرگەردانم ئەمڕۆ منیش...

# چاڤێن گەزویی

**ناجی تەها بەرواری**
**(دهۆک)**



ل بەر سیبەرا
چریسکێن عەورێن هەڤدژ
تو پیاسەکا سنێلەیی دکەی
ئەز ل بەر ئاوازێن نەڤەهاندی
ل سەر مژویلانکێن چاڤێن تە
ب بێسیرەیی دبمە گەزو
تو ل سەر تەیسوکێن خویسارێ
دبیە گوری و
ژ خوینا من عشقێ ددزی و
تێهنێ دبەی
ئەز ژی دبمە داڤەک زراڤ
ژ کەزیا رۆژێ و
ل سەر سینگێ تە دبمە دوو
تو د هندردا
دێمێ خو یێ بەهی
ب خوها من بویاغ دکەی
ئەز ژی
دبمە روندک و
دبوهژم و
دبمە سەروکانیەک بێ جو
*    *    *
پشتی قۆناغەک ژ ژیێ من
ب کەهیاتی چووی
ئەز دخوازم
ببمە کویڤی
د دارستانا چاڤێن تەدا
هەر چوار وەرزان بکەمە گولان
ل چەقا سەنتەری
بێ چەک
ببمە دەرگەهڤان
هیزارا تە مینا یارییێن زارۆکیێ
بکەمە گوک
ل سەر رەشکا گەزوی گرتی
باقەکا رویس

سویرەتەک سیس
ب خێلیا سۆر
ب کورتەکێ مور
بکەمە بووک
ئەز هزر دکەم
یا ئەز دخوازم
تو ژی دخوازی
لێ خواستنا تە
مژا وەرزێ بهارێیە و
یا من پاییز
شاپەڕێن تە سیمەرخینە
ب قوناغان هاڤی دبی
ئەز د هێلا ڤەگەرێ دا
دمینم زیز
* * *
تو د چەپەرێ بێ هوشیێ دا
دهێیە دارین و دمینی تیڤل
ئەز دبێژم
وەریسکێ مە ب ڤی کاری
نابیت چوار سەر
هەڤبەری تە
د فەرهەنگا من دا
تۆمار نابیت پەیڤا سل
دەمێ پورا خو باددەی و
ئاڤرییەکێ ل من وەردگێری
ل سەر ئەنیا من
دبیە خوناڤەکا نازک
ژ بشکوژێ دبیە گول
دەمێ د پەیاما من دا
دکەڤنە بەرچاڤێن تە
پەیڤێن زڤر
ژ رەنگڤەدانێ
ڤرا ددانی و
داڤێن پرچا تە
هەڤبەری من دبنە سیخور
ئەز تە دبینم
بۆ هەموو دلوپێن خوینا من
تو ژێدەری و
دبیە دل
* * *
د بیرڤەچوونا بێری کرنێ دا
تو خەزالەکا لات چەرینی
هەلا هەناسەدانا من
دکەیە عەور و
تاڤێن بهاری ژێ دبارینی

تو ستێرەکا کاروان کوژی
رامانا پەیاما من
د دانوستاندنێ دا دئازرینی
چاڤێن تە
ژ هەتاڤا گەزوکی تلوڤەنە
لەشێ من
زەمینەکێ خرتە
دەمێ ستران دبنە رەڤ و
دهێن دادەنێ
تو دبیە لیس
ب رەنگێ دێمێ خو
پەیڤان ژ چاڤێن من دوەرینی
* * *
نە... نە پەری.. نە
پەیڤاتە
دناڤبەرا مەدا
دێ هەر مینیت
دلوپەکا قەرسی و نابیتە ئاڤ
ئەو کامیرا
هەر تشتی وەکو خو دهەلینیت
دێ شاشەیێن خو تاری کەت
مینیت چاڤ
ژ ئەنجامێ هەلنگڤتنێ
ژ دوریێ و خەریببوونێ
دێ ژ چاڤێن تە خوین باریت و
ژ پێن من سلاڤ
سویرەتێ تە
تەڤ بیتە راڤ
ئەڤە گورجترین پەیامە
نە سەقەما سەقەرێ دقەرسینیت
نە گەرماتیا چاڤێ رۆژێ
ڤێ هەڤبەستێ دهەلوەشینیت
نە... نە زەری.. نە
ئەگەر تە دیت ل هاڤینێ
بوو بارۆڤە و
بەفرێ پرچا مە ماچیکر
تو شالا خو ڤەدە ل هنداڤ
ئەگەر من دیت
کەسکاتی ل گەردوونی نەما
دێ ژ خوها ناڤبەرا
جوت مەمکێن تە
توڤێ ژیانێ دیسان چینم
بەرهەمەک نوو کەمە گولاڤ
ژ لێڤێن تەرا خوینا مەیی
کەمە سۆراڤ

# پیتە جوانەمەرگ بووەکان

نالە حەسەن
(کەنەدا)

ک
کوورەیەک لەنێو خەونەکانم
هەموو شەوێ
سەری پەنجەکانم و قەڵەمەکەم و
دەمارەکانی بیرکردنەوەم، دەسووتێنێ
کەوێک لە بناری شاخەکانی دڵم
بۆم دەخوێنێ.
من لەوەتەی هەم،
هەموو شەوێ لەنێو خەونەکانم
جوانەمەرگ دەبم
مەرگێکی ئارام، مەرگێکی شینەیی
لەگەڵ وەرزەکانی تەمەنم
گەورە دەبێ...!

و
وێنەیەک لە وێنەکانی خوا
لەنێو پیتە جوانەمەرگ بووەکانی یادگاریم
دۆزییەوە.
ئاخێکم هەڵکێشاو وتم
دەبێ رۆژێک دابێ و منیش
وێنەیماڵەکەی خۆم
لە پەنا ئەستێرەیەک
یان لە باوەشی شەپۆلەکان
بدۆزمەوە...؟!

ڕ
ڕووبارێک،
بە هێمنی لەگەڵ خۆیدا دەمبا
دەمبا دەمبا دەمبا



دەمبا دەمبا دەمبا
دەمبا دەمبا دەمبا
منیش هەر لێی ڕادەمێنم
تا بە پەرستگەکانی عەشق و
گۆڕستانی پیتە جوانەمەرگ بووەکانی
نێو شەوە شیعراوییەکانی خەیاڵم
دەسپێرێ...!

د

دەنگ دەنگ دەنگ
ڕەنگ ڕەنگ ڕەنگ
نە دەنگ هەیە، نە ڕەنگ
هەر دەڵێی مرۆڤەکان
لەگەڵ پیتەکاندا مردوون
هەر دەڵێی باڵندەکان
لە باوەشی،
ئەستێران و بروسکەدا خەوتوون.
ئەم دنیایە چەند کشومات و بێدەنگە
دەریاکان و تاڤگەکان و ڕەشەباکان
چەند بێدەنگن بێدەنگ...!
هەر دەڵێی لەنێو چاوەکانی
پیتە جوانەمەرگ بووەکاندا خەوتوون...!

س

سێوێکی حەرام
حەرام حەرام حەرام
حەرامترین سێوی مەملەکەتی غوربەتم خوارد
تا ئێستا،
سێ هەزار و سێ سەد و سی و سێ سێوی
حەرامم خواردووە.
بەڵام من بە پێچەوانەی ئادەم
تا سێوە حەرامەکان بخۆم
زێتر بە قووڵایی ئەم غوربەتخانەیە
دەچمە خوارەوە...!

ت

تاوسێک
ڕەنگینتر لە میوەجاتەکانی بەهەشت
نەخشینتر لە ڕوخسارە ئێستێتیکیەکەی ئاگر
لەنێو وەرزەکانی تەمەنم
باڵەکانی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خۆیدا
بەنێو سێبەرە شینەکانی خەیاڵ
دەمفرێنێ...!

ا

ئاوی نێو لەشی ژنێکی هەورین
وەکو باران بەسەر
کێڵگە و دارستان و باخ و بێستانەکانی
ڕۆحم دا دەبارێ
دوای توانەوە منیش دەرژێمەوە نێو دەریاکان
لە وێندەرێش جارێکی تر دەتوێمەوە
هەر/
دەتوێمەوە دەتوێمەوە دەتوێمەوە
تا ون دەبم...!

ن

نامەیەکم بەدەست گەیشت
هیچ ناونیشانی لەسەر نەبوو
لەنێو نامەکەدا
پیتەکان بە جوانەمەرگ بوویی خەوتبوون
وشەکان بۆنی فرمێسکی گوڵیان لێ دەهات
پیتەکان بەر لە مردنیان
ئەم مەسیجەیان بۆم ناردبوو

(ئێرە وێستگەیەکە بۆ مردن
ئێرە وێستگەیەکە بۆ عەشق
ئێرە وێستگەیەکە بۆ ژیان
لێرەدا، بە ئارامی
جووت ببن عەشق بکەن سەما بکەن
ئێرە ماڵمانە ماڵ...!).

ئەیلوولی ٢٠٠٥



# گوڵەکانی ئازار

شارل بۆدلێر
لە فەرەنسییەوە: زەنوون بیلال محەمەد عەلی
(سوێد)

شکۆ

بەرزتر لە زەلکاوەکان، بەرزتر لە دۆڵەکان،
لە شاخەکان، لە دارستانەکان، لە هەورەکان، لە دەریاکان.
لەودیوی خۆرەوە، لەو دیوی ئاسمانەکانەوە،
لەو دیوی تخووبی فەلەکە ئەستێرە دارەکانەوە،

رۆحەکەم تۆ بە ئەسپایی دەجووڵێیتەوە
هەروەک مەلەزانێکی چاک کە لە ناو شەپۆلدا دەبووژێتەوە،
تۆ بە شادی؛ فراوانییەکی قووڵ بە چێژێکی سەمەر و نێرانە دەبڕیتەوە

هەڵفڕە! گەلێ دوور لەم بۆنە گەنیوە پەتاوییانە؛
بڕۆ خۆت لەناو هەوای بەرزدا، بسمیل کە
ئەو ئاگرە گەشەش کە بۆشاییە ڕوونەکان پڕ دەکاتەوە،
هەروەک شەرابێکی سازگاری خواوەندی بخۆوە.

لە پشت پەژارە و خەمە بەرینەکانەوە
کە (بوون)ی تەماوی؛ بە کێشی خۆیان بارگەدار دەکەن،
بەختەوەرە ئەو کەسەی بتوانێ بە شاباڵێکەوە
بەرەو کێڵگە ڕووناک و ڕوونەکان دەرپەڕێ!

ئەوەی بیرەکانی وەک جورە پۆنپە(١)
سپێدەیەک بەرەو ئاسمانەکان سەربەست لە شەقەی باڵی دەدا
– ئەوەی لەسەر ژیان دەخولێتەوە و بە سانایی
لە زمانی گوڵ و شتە بێدەنگەکان دەگا!

### دوژمن

گەنجیم هیچ نەبوو جگە لە ڕەشەبایەکی تاریک،
بێرە و بەوێ چەند خۆرێکی ڕەوشەن بەنێویدا تێپەڕین؛
برووسک و باران بێستانەکەمیان بەچەشنێ کاول کرد،
کە تەنیا چەند میوەیەکی قورمزی کەمی لێ جێماوە.

ئەوەتە کە هەستم بە پاییزی بیرەکان کردووە،
کە دەبێ بێڵ و شەنە بەکار بهێنرێ،
بۆکۆکردنەوەی زەوییە لافاو بردووەکان سەرلەنوێ،
لەو جێیانەی ئاو چەند قۆرتێکی گەورەی وەک گۆڕی لێ
هەڵکەندووە.
کێ دەزانێ ئەگەر گوڵە نوێیەکانی کە خەونیان پێدەبینم
لەناو ئەو خاکە شۆڕراوە وەک چەو و
ئەو خۆراکە سۆفییانەی کە دەیانبووژێنێتەوە، بدۆزنەوە؟

ئەی ژان! ئەی ئازار! کات ژیان دەخوا،
دوژمنە ئاڵۆزەکەش کە دڵمان دەکرۆژێ
بەو خوێنەی لێمان دەڕژێ گەشەدەکا و بەهێز دەبێ!

### سروودێک بۆ جوانی

لە قووڵایی ئاسمان دێی یا لە بۆشایی دەردەچی
ئەی جوانی؟ سەیرکردنە دۆزەخییە خواوەندییەکەت
چاکە و تاوان بە پەشۆکاوی دەڕێژێ
لەبەر ئەوە دەکرێ بە بادە بەراورد بکرێی.

لەناو چاوت جێگەی خۆرئاوابوون و سپێدە دەبێتەوە
تۆ وەک ئێوارەیەکی ڕەشەبادار گوڵاو پەرش دەکەی!
ماچەکانت شەرابی(٢) ئەڤین و دەمت جەڕڕەی شادی
کە پاڵەوان خاو دەکەنەوە و زارۆک نەبەرد دەکەن

لە قووڵایی تاریکیدا دەربچی یا لە ئەستێرەکانەوە بێیتە
خوارەوە؟
چارەنووسی هەوەسدار وەک سەگ بەدوای ئەتەکەکانت
دەکەوێ
تۆ بێ مەبەست شادی و نەگبەتی دەچنی.
تۆ حوکمڕانی گشت دەکەیت و بەرپرسیاری هیچ نیت.

تۆ لەسەر مردووان دەڕۆی ئەی جوانی، کە گاڵتەیان
پێدەکەی؟
لەنێو خشڵەکانت؛ ترس کەمتر سەرنجڕاکێش نییە،
کوشتنیش لەنێو ملوانکە هەرە بە نرخەکانت،
لەسەر سکی بە فیزت بە سۆزەوە سەما دەکا.

سەرسامی ساتی بەرەو تۆ دەفڕێ ئەی شەمع،
قرچە قرچ بکە! گڕبگرەو بێژە: با ئەم هەڵاوە پیرۆز
بکەین!
ئەڤینداری هەناسەسوار بەسەر شۆخەکەی چەمایتەوە
وەک گیان بدا دەستبازی لەگەڵ گۆڕەکەی دەکا.

لە ئاسمانەوە بێیت یا لە دۆزەخ، گرنگ نییە،
ئەی جوانی! ئەی دێوی زەبەلاح، زراوبەری ساویلکە!
ئەگەر چاوت، خەندەت، پێت دەرگای بێپایانیم بۆ
بکەنەوە
کە خۆشم دەوێ و هەرگیز ئاشنای نەبوویمە؟

لەلایەن شەیتان یا لە خوداوە بێت گرنگ نییە هەرچۆن
بێ
ئەی فریشتە! ئەی سیرێن(٣) ئەی شۆڕە ژن!
ئەی جنۆکەی چاو قەدیفەیی، ئەی ئاواز، عەتر و گوڵاو
درەوشانەوە، ئەی تاکە شاژنم!
گەر گەردوون تۆزێک برازێنیتەوە و ساتەکان سووک و
خێرا؟

### شارل بۆدلێر

بۆدلێر، کوڕی «ژۆزێف فرانسوا بۆدلێر»ە کە قوتابی فەیلەسووفەکانی سەدەی هەژدەیەم و یەکێ بووە لە ئارەزوومەندانی هونەر و نیگارکێشان، شارل بۆدلێر لە ساڵی (١٨٢١) لە پاریس لە دایک بووە. لەتاو ئازار و حەژمەتی مردنی باوکی لە ساڵی (١٨٢٧) و مێردکردنەوەی دایکی بۆ ساڵی دوایی بە فەرماندە «ئۆپیک»ی ئەندامی داهاتووی ئەنجومەنی پیرانی سەردەمی ئیمپراتۆری ئەوسا، ڕق و کینەیەکی زۆر دڕندە دەردەبڕێ. لە قوتابخانەی ناوخۆیی شاری لیۆن و دوایی لە فێرگەی لوویس لۆگران دووچاری هەستی یاخیبوون دەبێ دژ بە چارەنووسەکەی، بۆ گۆڕینی ڕێڕەوی لە پیشەی ئەدەبییەوە کە بۆدلێر هەوڵی بۆ دەدا، خێزانەکەی لە ساڵی (١٨٤١) بە کەشتییەک کە

بەرەو هیند دەڕوا؛ ڕەوانەی دەکەن. لە دوورگەی بۆربۆن دەوەستێ، بەڵام چێژێکی سەیرو سەمەری ئێکزۆتیکی بۆ دەمێنێتەوە لە سەفەرەکەی. لە گەڕانەوەی بۆ پاریس داوای کەلەپوور و میراتی باوکی دەکا کە لە ماوەی چەند ساڵێکی ژیانی بۆ هێمنی و سەرگەردانی بەناوی نموونەی بێهاوتای لۆکس و سەڵتەنەت لەناوی دەبا.

لەگەڵ ژان دیوڤال پێوەندی دروست دەکا و هەر لەوساوە چەند هۆنراوەیەکی «گوڵەکانی ئازار» دەنووسێ. لە ترسی دەستبلاوی لە ڕادەبەدەری بۆدلێر، خێزانەکەی لە ساڵی (١٨٤٤) چاودێرێکی دادگەیی دەسەپێننە سەری کەوا سنوور بۆ خەرجییەکانی دادەنێ و بەرەو ژیانێکی لانەواز پەلکێش دەکرێ. لەگەڵ ساڵۆنەکان ساڵانی (١٨٤٥ و ١٨٤٦) خۆی بۆ ڕەخنەی هونەر تەرخان دەکا.

بە نووسراوەکانی ئێدگار ئەلان پۆ ئاشنا دەبێ و تا ساڵی (١٨٥٥) چیرۆکەکانی پۆ وەردەگێڕێ. وەک چێژوەرگرێک لە جوانی؛ بەشداری لە شۆڕشی ساڵی (١٨٤٨) دەکا و بەردەوام دەبێ لە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانی لە گۆڤاری جۆراوجۆر.

لە ساڵی (١٨٥٧) سەرجەمی بەرهەمی «گوڵەکانی ئازار» بڵاودەکاتەوە، بەڵام بەبێ ڕەوشتی تاوانباردەکرێ و ناچار دەبێ چەند بەشێک لە شاکارەکەی دەربێنێ. نەخۆشی زۆر ماندوو و وەڕسی دەکا؛ بەکارهێنانی داو و دەرمانی زۆر و حەشیشە و قەرزاریش لە لایەکی تر.. هەر لەبەر ئەوە خۆی تەرخان دەکا بۆ چەند کارێک کە پارووی ژیانی لێ پەیدا بکا، بەڵام رووناکبیری و زیرەکی ڕەخنەیی بۆدلێر لەگەڵ بلیمەتی نووسەر و هونەرمەندانی وەک تۆماس دوکێنسی(٤) ڤاگنەر(٥) گیس(٦) ئاشنای دەکا.

لە ماوەی یەکێ لە گەشتە ناهومێدەکانی کۆنفرانسەکانی بێلجیکا لە ساڵی (١٨٦٤) چەند هۆنراوەیەکی پەخشانی بڵاودەکاتەوە. جارێکی دیکە لە ساڵی (١٨٦٦) سەفەری بێلجیکا دەکا و لەوێ زۆر کوشندە نەخۆش دەکەوێ و زمانی دەگیرێ و ئیفلیج دەبێ. لە (٣١) مانگی ٨ ساڵی (١٨٦٧) لە پاریس کۆچی دوایی دەکا و چەند هاوڕێیەک تەرمەکەی بەرێ دەخەن و لە گۆڕستانی مۆنپارناس دەیشارنەوە. «هۆنراوە بچکۆڵە پەخشانییەکان» یا «خاکەسەری پاریس»(٧) تا ساڵی (١٨٦٩) چاپ ناکرێن.

**پەراوێزەکان:**

١- وشەی (Alouettes) لە تێکستە شیعرییەکە بەکۆ بەکاربردراوە، ڕەسەنی وشەکە لاتینییە. (al auda) بەرامبەر ئینگلیزییەکەی (lark)ەیە. (وەرگێڕ)

٢- شەراب: لە تێکستە شیعرییەکە وشەی (Philtre) فیلتر بەکارهاتووە، بەرامبەر لاتینییەکەی (Philtrum)ە. فیلتر: شەرابێکی تەلیسماوییە تایبەتە بۆ هاندانی خۆشەویستی.

٣- سیرێن (Sirene) فریشتەی دەریا، بوونەوەرێکی ئەفسانەییە نیوەی ژنە و نیوەکەی دیکەی ماسییە. سیرێن بە مانای «شۆڕەژن»یش بەکاردێ. (وەرگێڕ)

٤- تۆماس دوکینسی «١٧٨٥-١٨٥٩» لە گرینهەیس لە مانچستەر لە دایک بووە. نووسەری «دان پێنانی ئەفیونخۆرێک» (١٨٢١) و وتاری «لەو کوشتنەی بە یەکێ لە هونەرەجوانەکان دادەنرێ»یە. (١٨٢٧).

٥- ڤاگنەر. ریچارد مۆسیقاسازی ئەڵمانی ڤاگنەر (١٨١٣ - ١٨٨٣) لە لایبزگ لەدایک بووە. دانەری خوێنبەری خێو (١٨٤١) تانهاوزەر (١٨٤٥) لۆهێنگرین (١٨٤٨) زنجیرەی نووبێلوونگ، ناونراو بە چوارینەکان (١٨٧٤)، تریستان و ئیسۆلد (١٨٥٩)، فێڵبازەکانی نورێمبێرگ (١٨٦٧)، پارسیفال (١٨٨٢)، ڤاگنەر خاوەن بلیمەتی و توانایەکی دەگمەن بووە. خۆی قەسیدەی ئۆپێراکانی دەنووسی کە هەمیشە لە ئەفسانە میللییەکانی ئەڵمانیا وەرگیرابوون.

٦- کۆنستانتین گیس (١٨٠٢-١٨٩٢) نیگارکێشی فەڕەنسی لە هۆڵەندا لە دایک بووە. بۆدلێر نازناوی «نیگارکێشی ژیانی نوێ»ی پێدابوو. بە یەکێ لەو نیگارکێشانە دەژمێردرێ کە بەسەرهاتەکانی ئیمپراتۆری دووەمی بە جوانی کێشاوە.

٧- «هۆنراوە بچکۆڵە پەخشانیەکان» یا «خاکە سەری پاریس» بە فەڕەنسی «Les Petits Poemes en Prose on Spleen de Paris» ناونیشانی دوا سەرجەمی بەرهەمی «بۆدلێر»ە کە پاش کۆچی دوایی لە ساڵی (١٨٦٩) چاپ کرا.

**سەرچاوە:**

**Charles Baudelaire les Fleurs du mal Collection dirigee Par Claude Aziza Presses Pocket, 1989.**


**سەرنج:**

**لەبەر ئەوەی شیعری (شارل بۆدلێر) شیعری فرە ڕەهەند و کراوەن و تەئویلی هەمەچەشن هەڵدەگرن و بە یەک وەرگێڕان هەقی خۆیان وەرناگرن، بۆیە ئەم وەرگێڕانەش بڵاودەکەینەوە.**

**(ڕامان)**

# ئەو؛ سەماپێکەری هزری من

**هۆشەنگ دارا**
**(هەڵەبجەی شەهید)**



هەژدە ساڵان بووم کە هەمـوو حەزو ویست و ئامانج و ئارەزووەکانی خۆم لە ڕەگەزی بەرامبەردا بەدی دەکردو من پارچەیەک بووم لە هیچ و بەدوای بوون بەشـتی خـۆمـدا دەگەڕام و لەو ژیانە پڕ لە ئاشووبەمدا بەدوای داڵدەیەکدا وێڵ ببـووم تا خـۆمی پێدا هەڵبـواسم و خـۆم لەو قـەیرانە هزری و ڕۆحی و ئاکارەییەی کە هەمە و گرفتاریم، ڕزگار بکەم.

بیـرکردنەوەی بەردەوام و تەنیـایی و گۆشەگیـری و پرس و ڕاوەرگرتنی ڕاستـەوخۆو ناڕاستـەوخۆم لەسـەر مەسـەلە تایبـەتییـەکـان لە خەڵکانی دەوروبەر گـەیاندمـیـانە ئەو باوەڕەی کە دەبێ بۆ خۆ کامڵ کردن ببمە کەسێکی عاشق و بەوەش مـن دەبمە ئەوەی کـە خـۆم دەمـەوێت و لەشـەڕی (ئەوەی کـە هەم) و (ئەوەی کـە دەمــەوێ ببم) دەرباز ببم.(١)

یەکـەم هەنگاو کـە گـرتمە بەر ئەوەبوو کـە چاوەکـانم ڕاسپـارد تاوەکـو کەسێکم بۆ بدۆزنەوە کە لەگەڵ حەزو جەستـەمـدا بگونجـێت، چاوەکـانم وێنەی کـەسـێکیـان بەدیاری هێنایە ناو ئەم دڵە بچکۆلەیەمــەوەو ئەمــەش سەرەتای نەهامەتیەکانم بوو کە دەبووایە سەرەتای دەرباز بوونم بووایە لە بگرەو بەردەو ململانێیە دەروونییـەکانم، چونکە من کەوتمە داوی کەسێکەوە کە تەنها حەزم لێ دەکردو تەنها جەستـەشمان بۆ یەک گونجاو بوو. منێکی تامـەزرۆ کـە تەنانەت نەشم دەتوانی لە سـەرپێی خـۆم و بۆخۆم ڕاوەستم و هەردەم چاوم لە دەستی باوکم و کاکم بوو و بەدزی ماڵەوەو مام و خاڵمەوە جگەرەم دەکێشا، منێک کــە تەنانەت جـــارێکیش دەست نەنراوە بە ڕوومــەوەو شکســتــێکم بە چاوی خــۆم نەدیوەو لە شەڕێکیشدا بەشدار نەبووم، منێک کە بەرگەی دووری

دایکم ناگرم و شەوێکیش نەبووە کە لە ماڵەوەی خۆمان نەنووستبم و جارێکیش نەبووە کە توانیبێتم لە پاش بانگی ئێواران بە چارەکێکیش بێت درەنگ بگەڕێمەوە، منێک بەم هەمــوو کــەمی و لاوازییــەوە کــەوتمە داوی کچێکەوە کە تێر لە عەشق و تێر لە سێکس، پایەدار کە پاڵی داوە بە پایەی مێردو منداڵییەوە سەربەخۆ لە باوک و براو ئازاد لە کۆمەڵگا تەنها لەبەرئەوەی کە شووی کــردووە، کــچــێک کــە ئاوێک نەمــاوەو ئەم لێی نەپەڕیبێتەوە، میوەیەک نەماوە ئەم تامی نەکردبێت، شەڕێک نەماوە ئەم نەیکردبێ و ئەوەندەش شکستی پێ دراوە کە فێری شکست پێدان بووە. (۲)

یەکەمین جار کە بینیم شێتانە عاشقی بووم، چونکە من تەنها بیرم لە حەزو جەستە دەکردەوەو دواتریش کە ڕاستییەکانم بۆ ڕوون بووەوەو بیرم لە چەند پێوەرو مەرجێکی دی وەک تەمەن و واقیعی کۆمەڵایەتی و... دەکردەوە دەمزانی کە لەم هەڵبژاردنەشمدا بەهەڵەدا چووم، بەڵام ئەسەف کە من تازە گرفتاری چاوو برۆیەک بووم و ئیدی پێم تەرک ناکرێ و لەبیرم ناچێتەوەو ئیتر من هەمــوو شــتێکم لەوەوە دەبینی، کــە دەســتی دەبرد بۆ لەچکەکــەی چاکی بکات، وام دەزانی کــە باس لە خۆشەویستی خۆیم بۆ دەکات، کــە توورە دەبوو لە منداڵەکانی، وام دەبینی کە دەڵێ: من تەڵاق وەردەگرم، کــاتێک کــە بەئەخــمــەوە ســەیری دەکــردم، دەمگوت: لەبەرئەوە وا دەکات کە خەڵک پێمان نەزانێت، تا ڕۆژێک لەتاو خۆ خواردنەوەم پەنام بردە بەر هاوڕێیەکم کە خوێندکاری زانکۆ بوو تا نامەیەکم بۆ بنووسێت و داوای لێ بکات کــە ئەو ڕازی بێت کــە من قــســەی بۆ بکەم، چونکە خۆم جورئەتی ئەوەم نەدەکرد کــە برۆم و قسە بکەم لەبەرئەوەی گەر دڵمی بشکاندایە، چونکە تا ئێستا بێ خاتر نەکرابووم، ئەوا پێ دەچوو بڕیارێکی جەهەنەمیم بدایە وەک ئەوەی کە وەک کچە بێ ئیرادە ژێردەستەکــان گــرم لەخــۆم بەردایە، یان وەک کــوڕە ســەرســەرییــەکــان ســەری خــۆم هەڵگرتایە بەرەو ناشوێن. (۳)

ئەو هاوڕێیەم نامەیەکی بۆ نووسیم بۆ ئەوەی کە بیدەمە دەستی، من بەر لەوەی نامەکە بگەیەنم، خوێندمەوە، بەڵام ئەوکات دەمگوت کە زۆر جوانە! و لە ڕاستیشدا ئەمە درۆیەک بوو کە من لەگەڵ خۆم و لەگەڵ ئەودا کردم و هەستیشم دەکرد کە ئەو کوڕە بەوەی کە لە زانکۆ دەخوێنێت و لەبەر ئەوەش کە من لە وشەکان و ماناکان تێناگەم، پێ دەچێ نامەیەکی بەهێزو بەواتا بووبێت، بەڵام ئەمەش کە من ئێستا دەیڵێم زۆر پێچەوانەی ئەو چەند ساڵەی بەر لە ئێستایە، چونکە من هەرگیز ئامادەیی ئەوەم تێدا نەبوو کە دان بەهەڵەیەکی خۆمدا بنێم، یان ڕاستگۆیانە تر بڵێم من هەموو شتێکی خۆمم بەڕاست دەزانی، ناچاریش وای لێکردم کــە باوەڕ بەو نامەیە بهێنم، هەر چۆنێک بێت نامەکەم وەکو خۆی و بەبێ ئەوەی کە بیخەمە سەر پەڕەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ یان وێنەی گوڵێک یاخود دڵ و تیرێکی لەسەر بنەخشێنم (کە لەڕاستیدا دەمویست ئەمە بکەم بەڵام هاوڕێکەم ڕێگەی ئەمەی پێ نەدام) بە هەزاران ترس و شەرم و پلان و فرت و فێڵەوە گەیاندمە دەستی ئەو، گەڕامەوە بۆ ماڵ و کەوتم بەسەر ڕووداو و چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کە ئەویش وەڵامم لێ بگێــڕێتــەوە، پاش چەند ڕۆژێک لە چاوەڕوانی و خۆشاردنەوەو گۆشەگیری و تەنیایی و دەست و پەنجە گەرم کردن لەگەڵ جگەرەو جارو باریش لەگەڵ ڤۆدگادا، سەرئەنجام ڕۆژێک بە بەردەرگای ماڵیاندا تێپەڕیم و بەرێکەوت لەبەردەرگابوو و سەیرێکی کردم وبەدنیایەک ئەگەرو گومانەوە لێم ڕوانی و وەستام، داوای لێ کردم بچمە ژوورەوە، ڕۆحێکی تازە کرایەوە بە بەرمدا، چونکە ئەمە مانای وایە کە ئەو نامەیە هێندە کاری تێکردووە کە ئەو ئێستاکە خۆی ڕازی بووە بەمن و هەر خۆیشی بانگم دەکــاتە ژوورەوە، بەڵێ! من دەزانم کــە منداڵەکــانی لە قوتابخانەن و مێردەکەشی لەسەفەری ئێرانە، ئەو ئێستا من دەباتە ژوورەوەو ئەمەش کاریگەری نامەکەو دووری مێردەکەی و چۆڵی ماڵەکەیەتی و ئەو ئێستا پێویستی بەنازو ماچ و سێکس هەیە و منیش ئەو کەسە شیاوەم کە ئەو هەڵی بژاردووم بۆ ئەوەی لەسەر جێگای نووستنەکەی من لەبری مــێردەکەی ڕابکشــێم و پێکەوەو بەڕووتی و بەبێ ترس و شەرم دەست بەدەست بازی و تێک ئاڵاوی و سێکس دەکەین و ئەو، ئەو کەسەی کە من بە باڵاترینی مرۆڤەکانی دەزانم، ئێستا جەستەی خۆی و شەرەفی خۆی دەبەخشێتە من  و منیش دەگەمە ئۆرگازمی جەستەیی و ڕۆحی و دەبمە بەختەوەرترین کوڕ لەسەر ئەم زەویەی خودا، ئەو منی بردە ژوورەوەو بەڵام بەپێــچــەوانەی هەمــوو جــارێکی بینینیــەوە شــەرم لە ترس زیاتربوو و زوو زوو بەبەر خۆمەوەو لە دڵی خۆمدا غیرەتم دەکرد بەبەر خۆمداو دەمگوت: (من ڕێبوارێکی تینوو؛ کە گەشتــبــمە ســەر کــانیاوەکە بۆ لێی نەخۆمــەوە)، ژنە جوانە بەهەیکەلەکە لەسەر کورسییەک دای نیشاندم و جامێک ئاوی ساردی لەبەردەمدا داناو خۆشی لەبەرامبەرمەوە دانیشت.

ئەو بەپێچەوانەی جارانەوە جلەکانی تاریکتر بوون و لە

دڵی خۆمدا دەمگوت: «کوا ماکسیە سوورەکەت؟ بۆ دەشاریتەوە سنگە سپی و ڕشووتەکەت؟ ئەی مەمکەکانت بۆ وەکو جاران بەرزو قوت نین؟» هەستم کرد کە ئەو جاران و لە دوورەوە جوانتر بوو نەک ئێستاو لە نزیکەوە واشم هەست دەکرد کە زەردەخەنە بەردەوامەکەی سەر لێویشی بۆتە قوربانی سەفەری مێردەکەی و بێ بەشی سێکسی یاخود دەکرێ ئەمەش فرت و فێڵ و مەکرێک بێت لەو مەکرانەی کە ژنان لەژێر لەچەکەکانیاندا دەیشارنەوە، پاش ئەوەی بەگەرمی بەخێرهاتنی کردم، ڕووی تێکردم و پرسی:

* ئەو نامەیە خۆت نووسی بووت؟

- بەڵێ بەڵێ! دەتوانم لەوەش باشتر بنووسم.

* باشە! ئێستا دەزانم کە خۆت نووسیوتە یان نا؟ جوان گوێم لێ بگرە!

- (لەشەرمانا سەرم داخست و بەم دەستم ئەویان و بەو دەستم، ئەمیانم دەگوشی) من ئامادەم فەرموو.

* تارمایی هەموو شتێک، هەموو کات جوانتر یان ناشیرینتر دەبێت لە واقیعی خودی شتەکان، واوەیلا بۆ کەسێک لەسەر تارماییەکان بڕیار دەدات و ئەسەف بۆ کەسێک کار بۆ تارماییەکان دەکات و بەچاویلکەی غەریزەکانییەوە لەشتەکان دەڕوانێت و عەقڵی خۆی دەکاتە قوربانی ئۆرگازمێکی جەسەدی، پووچگەرایی خۆی لەموقەدەساتی کەسانی تر لەلا جوانترەو زۆر جاریش گیرۆدەی جوانی، یان ناشیرینی کەسێک دەبێت و ئیدی خۆی لەدەست دەدات و ئەویش دەکاتە خوداوەندی سەر ڕووی زەوی و لە دایکێک کە ژانی زانی پێوە بینیوە لەلا ئازیزتر دەبێت و بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە بڕیار دەدات، باران لەسەر بانە ڕازاوەکانەوە دێتە خوارەوە و شەهوەتیش لە عەقڵە پووچەکانەوە(٤) عەشقیش لە عاتفەیەکی بێ باکگراوەندی وەهاوە هەڵدەقوڵێ کە هەموو خراپیەکانی کەسێک دەکاتەوە سفرو ئەم پاساو بۆ ناشیرینیەکانی ئەو دێنێتەوەو سوێندێک کە لەگەڵ خۆی خواردوویەتی دەیباتە سەرو سوێندی شتێک دەخوات بەخودا کە خودا خۆی بەمە ڕازی نابێت و کار بۆ خودێک دەکات کە لە ئاسوودەیی لاویەوە دەیخاتە نێوان گۆماوی نەهامەتی کەسێکەوە کە خۆی بۆ ئەو دەوێت و ئەویشی بۆ خۆ دەوێت.

کارەساتەکە کەسێک بێت و ڕۆشتوو، ئێستاو هاتووی خۆی بکاتە قوربانی کەسێک کە لەخۆی نەچێت، جێگەی مەخابنە کەسێک بێت و دەستی تەوقە بۆ کەسێک بەرێت کە لەبەرەی شەڕی ئەهریمەنەکاندا دەستەکانی بڕابنەوە، ئابڕوو چوونە بۆ ویژدانێک کە ئاسوودە بێت بەوەی کە ئاسوودەیی ئەوانی دی بشێوێنێ و پێکەنینی خۆی لەسەر حسابی گریانی ئەوانی دی دەستەبەر بکات و بەدبەخت کەسێکە بەکەمتر لەوەی کە هەیە سەیری خۆی دەکات و بەدبەختتر کەسێکە بەزیاتر لەوەی کە هەیە سەیری خۆی دەکات و بەجەوهەرێکی پاکەوە بوونێکی خراپ بەدی بێنێت و بەرەو ئاقارێکی نادروست بە ئایدیاو باوەڕێکی نادروستەوە هەنگاو دەنێ، مرۆڤ دەبێ خاوەن حەزێکی ڕەواو و ئارەزوویەکی مەنتیقی و غەیرە مەحاڵ و ڕقێکی پیرۆز بێت؛ شەڕ بکات، شەڕی سپی و خودی خۆشی نەکاتە سەرچاوەی بەخشینی شەرعیەت و مەنتیق و پیرۆزی و سپێتی و پاکێتی شتەکان؛ گەردوون خاوەن یاسایەکی ئەخلاقی و ڕێسایەکی گشتی وەهایە کە پێوەندی بەکات و کەس و شوێنەوە نییە و تۆ دەبێ لەم گەردوونەدا خۆت بدۆزیتەوە و دواتر خۆت بناسیت، دواجار بەدۆزینەوەو ناسینی خۆت و یاساو ڕێسا گەردوونییە ئەخلاقییەکان، خۆت بناسێنیت و بڕیاری خۆت بدەی بۆ هەر شەڕ و ئاشتییەک و لە بیری نەچێ ژیان کۆمەڵە هەلێکە کە قەدەر دەیانڕەخسێنێت و تۆی مرۆڤیش دەبێ بیانقۆزیتەوەو ژیان شەڕ کردن و ململانێیەکی بەردەوامە لەگەڵ مومتەلەکاتی مومکین، نەک مەحاڵ و موتڵەق، شەڕ کردنیش بەدەست بەتاڵی و لەگەڵ ئەزەلدا خۆ کوشتنە. (٥)

خۆ کوشتنیش هەڵاتنەو هەڵاتنیش دۆڕانەو دۆڕانیش بەشی تۆ نییەو هەڵگرتنی بەردی گەورەش نیشانەی نەهاویشتنیەتی(٦) ئەمەش مانای درۆکردنە لەگەڵ خۆت و لەگەڵ من و لەگەڵ خوداو ئەو درۆیەش لە تێنەگشتنەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆیە دەبێ بەسەر هیچدا نەگرین، بەهیچ پێ نەکەنین، ڕقمان لەهیچ نەبێتەوە؛ بەڵکو تێبگەین. (٧)

تۆ مرۆڤیت و مرۆڤیش مەزنە؛ مەزنتر لەوەی کە شەڕی ئەم ژیانەی پێ نەکرێت؛ زانایت، زاناتر لەوەی کە بکەویتە داوی تەڵەکانی خۆتەوەو ڕاستە کە ئاستەمە ژیان، بەڵام ئاستەمترە مردن، تۆش نەک هەر دەتوانی کەواز لە کۆمەڵە شتێک بهێنیت و دوورکەویتەوە، بەڵکو دەشتوانی لە کۆمەڵە شت و کەسی دی نزیک بکەویتەوە و ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەیە کە تۆ مرۆڤیت و مرۆڤیش خاوەن ویست و ئیرادەی ئازادی خۆیەتی و تۆش گەورەتری لەوەی کە لەبەرامبەر هەموو شتێکدا بە چۆکدا بێیت و بچووکتریشی لەوەی کە بتوانیت لە بەرامبەر هەموو شتێکدا ڕاوەستیت و تەنها دەبێ لەبەرامبەر شتە

ڕاوەستاوەکاندا ڕاوەستیت و لەگەڵ ئەوەشدا زەوی پتر لەوەی کە پێویستە بۆ تۆ خڕە.(٨) گەردوونیش تەنها کار بۆ تۆ ناکات و تۆش تاقانەی ئەم زەوییە نیت و بەفر بوونی بەفر، بەسپی بوونییەوەیەتی و بوونی هاوشێوەی جەوهەری تۆش بەخودبوونتەوە بەندەو بۆیە خۆت بە!

– سوپاس! ڕێگەم بدە بڕۆم!

* ئەی بڕیاری چی دەدەیت؟

– دەبێ بیر بکەمەوەو تێ بگەم، پاشان بڕیارێک بدەم کە لە داوای ئەسپێکی باڵدار نەچێت.

* دەتوانی بڕۆی.

لە جێی خۆم هەستام و سەرم داخست و هاتمە دەرێ (ئارەقەی شەرم و ترس و تەریقبوونەوەم هەموو لەشمی گەرم و تەڕ داهێنابوو هەستم بەتێپەڕینم دەکرد بەسەر قۆناغێکی گەورەی وەهادا کە لە ئاست تەمەن و تەجروبەم بەرزتر بێت) و کەوتمە ڕێ و بەرەو باخچەی گشتی و لەسووچێکی تەنیاییدا تەنیا دانیشتم و ئەوسا تێگەیشتم کە عەشق سەختترە لە جەنگ، سەختترە لە خەیاڵ، سەختترە لە گۆرانی وتن لە ژوورەکانی مردنداو(٩) چەندە عاشق بم ئەوەندە گومڕام.(١٠)

**پەراوێزەکان:**

**(١) لە نووسینەکانی فەیلەسووفی مەزنی هیند (کریشنا مورتی) لە کتێبی (چاکەو خراپە)یدا وەرگیراوە.**

**(٢) لە پەندو وتە مێژووییەکانی گەورە ئەفسەری سەربازی فەرەنسا (ناپلیۆن بۆناپارت) وەرگیراوە.**

**(٣) (ناشوێن) چەمکێکە گەورە ڕووناکبیر و شاعیری کورد (بەختیار عەلی) بەکاری بردووە لە نووسینەکانیدا.**

**(٤) فەیلەسووفێک.**

**(٥) بیرو ڕای (پێشەوا قازی محەمەد)ە لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٦)دا کاتێک کۆمارەکەی کەوتە مەترسی لەناو بردنەوە.**

**(٦) پەندێکی پێشینانی کوردە.**

**(٧) وتەیەکی بەناوبانگی فەیلەسووفی گەورە (سپینۆزا)یە.**


**(٨) وتەی فەیلەسووفی ئەڵمانی (نیچە)یە لە (وەهای گوت زەردەشت)دا بەکاری بردووە.**

**(٩) بەیتێکە لە قەسیدەی عەشقی شاعیر (بەختیار عەلی).**

**(١٠) بەیتێکە لە قەسیدەیەکی شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) لە کتێبی (قاوەیەک لەگەڵ ئەودا).**

# ترسی ناو کۆشکێکی به ڕەش ڕەنگکراو

نەجیبە ئەبووبەکر



من چیتر توانای شاردنەوەی ڕەفتارە ناشیرینەکانی ئەو بەدرەوشتەم نەماوە، ئەم ئێوارەیە سامان لە ئیش بگەڕێتەوە هەموو شتێکی پێ دەڵێم، بەس با بێتەوە ڕاستییەکان دەنێمە مستییەوە. ئەو ڕاستییەی یان دەبێتە هۆی دوا دیمەنی تەمەنی سێ ساڵەی هاوسەرێتیمان و بێنازی و ئاوارەیی کوڕە ناسکەکەمان، یان بەدەست هێنانی بڕوای ئەو بە تەواوی قسەکانم..

خودایە هێزێکی ئەفسووناوی وام پێ ببەخشە ڕەش سپی بکەم، کلیلی سندووقە ئاسنینەکەی مێشکی بدۆزمەوە، پەیتا پەیتا پیتی وشەکانم لەگەڵ خانە سستەکانی مێشکیدا بهۆنمەوە، سیحری وشەکان ژەنگاوی کەڵەکەبووی چەند ساڵەی سندووقەکە بەسەر خانەکانەوە بسڕێتەوە، چوارچێوەکەی لەباریەک بترازێنێ، دیوارەکانی داڕمێنێ، پردێکی تۆکمە لەنێوانماندا دروست بکات و پێکەوە بەسەر ئەم گرفتەدا زاڵ بین.. ئەفسوونێک تەلیسمی ترسی ئەم دەستاڕەی سەرزمانی من بشکێنێ و چیتر وشەکان لەژێر قورسایی خۆیدا ورد و خاش نەکات، ئەو گۆمە مەنگ و بۆگەنەی ناو هەناوم بشڵەقێنێ، چی سیاناو و لیتەی ناو گۆمەکە هەیە هەمووی بڕژێتە سەر دیواری ڕازاوەی ئەم خانووە جوانەوە، ئیتر ناو هەناوم وەک جۆگەیەکی ساف و سازگار و بەسەر دڵ و مێشکمدا خوڕەی بێ و بدرەوشێتەوە... ئاخر گەر هێزێکی وانەبێ من چیم؟ منێکی بەدبەخت و دۆڕاو لە هەموو شتێکدا.. منێک کە هەرزەکار بووم لە هەموو ئەو فیلمانەی دەمبینین، لە هەموو پێشبڕکێی وەرزشەکانا، لە ئاهەنگی دەستنیشان کردنی شای جوانانا، هەر بە زیندە

خـەو دەبوومـە پاڵەوانی گـشـتـیـان.. هەمـوو پیـاوان چاوەڕوانی دەرکـەوتنی منیـان دەکـرد، منیش کـە بەدەر دەکـەوتم دەبوومـە مـایەی سـەرسـوڕمـانیـان، ئاوڕم لێ نەدەدانەوە، جوانترین جلم لەبەردابوو، چاوەڕێی ئەو کوڕە شازادەیەم دەکرد کە چەند ساڵبوو لەناو ئەندێشەکانمدا سیمایم دەچنی.. من پرچیشم هەر لەبەر خاتری ئەو کوڕە شازادەیە درێژ دەکرد، چونکە سابیری خاڵەم لە ناو یەکێ لە حەکایەتەکانیدا باسی ئەو کچە جوانە پرچ درێژەی دەکـــرد کـــە زۆر چاوەڕوانی کـــوڕە شـــازادەبوو هەر دەرنەکـەوت، ئەویش لەچاوەڕوان کـردن بێـزار بوو، چوو لەژێر دارێکی نزیک ڕێگاکە دانیشت و قژی بەردایەوە. کاتێ کوڕە شازادە تێپەڕی، کچە نەیبینی چونکە پشتی لێبوو، کوڕە عەشقی پرچە خاو و درێژ و جوانەکەی بوو.

ئەوکـات دنیـا بە هەمـوو جـوانی ڕەنگ و دەنگ و سیمایەوە لای من بوو.. ئێستاش سامان منی لەم دوو ژوورەی قـــاتی ســـەرەوە داناوە، جـــار وایە بە دوو ڕۆژنایەتەوە، بە حیـسـابی خـۆی مـاڵی مـیـمکزای لە خوارەوەن، نەختێ بە تەمەنە و قسەی لێناوەشێتەوە! دەمەوێ لەبەردەم هەمووآندا ڕیسوای بکەم.

– دەســـتت لادە جـــارێکی تر دەســـتت بەرم بکەوێ دەیشکێنم، تێگەیشتی؟

هەروەک نەبای دیبێ و نە باران هەمـیـشـە لە هەوڵی گـەڕانی دەرفـەتێکدایە.. نازانم ئەم ترسـە بۆ وێزەی من بەرنادات هەنگاوێک بنێم! ترس تەنانەت لە زیندەخەونە پڕ لە نهێنی و سەمەرەکانیشمدا وێزەی بەرنەدەدام، دەبوو بە مۆتەکە، من زوو دڵی خۆم دەدایەوە و دەم وت دەقەی چی ئەکا خەیاڵە خۆ کەس ئاگای لێ نییە، کێ دەزانێ من ئەم خەونە خۆشانە دەبینم.. بەڵام ترسەکە، ئاخ کە منداڵیش بووم ئەو ترسـە هەرگـیـز دڵی جێنەدەهێـشـتم، دەمزانی سەری منداڵی خەڵکم بشکاندایە لێیان دەدام، سـەریشم بشکایە هەر لێـیـان دەدام.. لە قـوتابخـانەش حاڵم لەوە باشتر نەبوو، جارێکیان مینای هاوپۆلم زۆر بە ناهەق شەڕی پێ فرۆشتم، دەستمان نایە پرچی یەکتر و تێر و پڕمان لەیەک دا، کە مامۆستا ناسکە هات هەر لە منیــدا، چونکە مــینا دایکی مــامــۆســـتــا بوو لە قوتابخانەکەی خۆمان. بە چاوی پڕ لە ڕقەوە سەیری ناو چاویم کرد. ئیمان لە کەللەی نەما قیژاندی:

– چاوت داگرە دەنا بێم کوێرت دەکەم چاو زەق!

لە ترسی دارکـاری بەڕێوەبەر چاوم داگـرت.. ئەی ئەو کــاتەی شـــووشــەی مـــووروەکــانم لەناو مـــەعـــرەزی شـووشـەواتەکە شـاردبووەوە، لێیی دەگـەڕام تاکـو لەگـەڵ ئاوازی هاوڕێمـدا یاری بکەین، لە پەلەپەلیدا دەستم بەر گـوڵدانێکی زۆر جـوان کـەوت و بەربوویەوە و ئەی خـوایە چی بکەم، چی بڵـێم؟ دەڵێم من نەبووم ئالان بوو. خـۆ ئالان وا لە ماڵی نەنکمە ئێستا دایکم و باوکم بێن چیم لێ دەکـەن؟ لە ترسا ئاگام لە یاری کردن نەما پڕ بەدڵ حەزم دەکرد تا زووە یەکێکیان بێن و ئەو شەپازللانەی کە دەبێ لەسـەر ئەو کـەتنە لێم بدرێ زووتر بێ و لە دەست ئەو ترسە ڕزگارم بێ...

کە شەوان دەچوومە سەر جێگای نووستن دەترسام چاوم بنووقێنم، تا گۆڕ و ئاگری دۆزەخ و پردی سیـڕات نەیەتە پێش چاوم.. چەندەها جار لەسـەر پردی سیـڕاتەوە بۆناو شڵێوەی ئاگرەکە هەڵدێراوم، هاوارم دەکرد: ئەی هاوار بۆ کـەس بە دەنگـمـەوە نایەت.. لەناو شـڵـێـوەی ئاگـرەکـەدا لەگـــەڵ ئەو ئافـــرەتانەدا دەســـووتام کـــە بە پرچ هەڵواسـرابوون.. ئەمـانە ئەو ئافـرەتانەن کـە باپیـرم لە گێڕانەوەی بۆراقدا باسی دەکردن. پڕ بە گەروو هاوارێکی تاســاوم دەکــرد و ڕادەپەڕیم. بێ ناز و تۆقــیــو لەژێر لێفەکەوە خۆم دەشاردەوە، وام دەزانی چی دڕندە و مار و گـورگ هەن بۆ گـیـانی مـن دێن تەنهـا هیـوام لێفـەکە بوو وەک ڕەشــــمــــاڵێـک من لە چاوی ئەوان بزر بـکا، ڕەشـمـاڵێکی پڕ لە تاریکی دڵە لەرزیوەکـەمی لەخـۆ دەگرت، هێمنی دەکردەوە و بۆ شوێنێکی دوور دەیڕفاند، یەکـجـار دوور. لەو دنیـایەدا باوکم کـۆتری بە دیاری بۆ دەکڕیم.. ئاسمانی ئەو دنیایە ترسی نەدەباراند، لافاوێک لە ترس هەڵنەدەسـتـا تاکـو منی سـەرمـابردەڵە بۆ ژێر تاریکی ئەو لێـفـەیە ڕامـاڵێ و گـرمـۆڵەی بکات.. زەوییەکـەی تارایەکی لە گوڵاڵە سوورە لێ ڕوابوو هەر لە تارای ئەو ژنانە دەچوو کـە لەگـەڵ هەوریدا تێکەڵـیـان دەکرد، ئاڵاو واڵایەکی سەیریان دروست دەکرد، بەسەردان لەلادێوە بۆ مـاڵی ئێـمـە دەهاتن. دەسکێکم لە گـوڵاڵە سوورە و گـوڵی سپی دەچنی، گـوڵاڵەکـان ئەوەندە بە ئاو بوون دەستـەکانم سـووردەبوون، منیش ڕوومەتی خۆم پێ سـوور دەکـرد.. کـەو دەیقـاسـپـاند و نـەرم نەرم بەسـەر

سەوزاییەکەدا سەمام دەکرد، وەک سەمای ئەو کچە پۆشاک لە باڵی فریشتە تەنکتر دروست کراوانەی کە لە فیلمەکاندا دەمبینین.. ڕووناکی ئاسۆ وەک تیشکی ئەڵماسێکی درەوشاوەی زیوین دەدرەوشایەوە، چاومی پڕ لە بینایی قووڵتری ئەو دیمەنە جوانانە دەکرد، لەبەر چاومان سنوور نەدەما و سەرنجەکانم وەک پەلکە زێڕینە ئاوێتەی کەزی ئاڵتوونینی تیشکی خۆر و ئاسمانە سافە سەدەفی شینەکە ببوون... دڵم بە ئارەزووی خۆی دەرگای کۆشکی کردبووەوە و سەرگورشتە سەیرەکانی دەگێڕایەوە.. وشەکان دەبوونە لیرە و لێوەی دەبارین، منیش کۆم دەکردنەوە و ملوانکەیەکی جوانم بە دیاری بۆ دایکم لێ دەهۆندەوە. جار جاریش مرواری لێ هەڵدەوەری، ئەو مرواریانەم بە مشت بەسەر سەوزاییەکەی تۆ دەدا تا باڵندەکان بۆ هاوڕێکانم و شارە ونبووەکەمی بەرن، چەند سەیر دەبێ کاتێ باڵندەکان لە ئاسمانی تەماوی شارەکەمدا مرواربییەکان دەبارێنن، ئیتر مرواری لە هەموو شوێنێکی شاردا دەدرەوشێتەوە، بە ئاسانی دەیدۆزمەوە.. تاسەی خۆزگەکانم نەدەڕژانە نێو گەرووەیەکی بەگریان تەسکبووی وەک کونی دەرزی، دەڕژانە نێو فەزایەکی پڕ لە هەڵکێشانی خۆزگە بۆ ئەستێرەی درەوشاوەتر..

ئێستا دەگەڕێتەوە.. دێتەوە و منیش هەروەک جاران بە پیریبەوە دەچم، خەندەیەکی درۆزنانەی پێدەبەخشم. دەزانم «حوسێن»ی میمکزای بە پیاوێکی نوورانی ماقووڵ و بە ویژدان دەزانێ، چونکە سێ مانگە کریێ لێ نەسەندووین! دایکیشم باوەڕم پێناکات، وەک ئەو کاتەی هەرزەکاربووم پێم دەڵێ:

– پیاو بە کوشت دەر، دەتەوێ سەری خۆت لە قوڕ بنێیت و دوژمنایەتیش بۆ باوکت و براکانت بنێیتەوە؟!

دایکم بەو بیانووەی کە بەو قسانە سووک دەبم و باوکم بزانێ واوەیلێ چی دەکات نەیدەهێشت تاوانکار ڕیسوا بکەم. نازانم جوانی تاوانە یان هەر لەلای من بووە بە تاوان؟ هۆی بەدبەختییە یان هەر لەلای من بووە بە بەدبەختی؟! ئەو کات ترسی دایکم و باوک و براکانم، ئێستا «سامان»یش بۆ خۆی چیایەکە، لە کوێی ئەم چیایە سەختەوە دەست بە سەرکەوتن بکەم؟ مێشکی ئەشکەوتێکە دۆزینەوەی ڕێگای دەرچوون تیایدا یەکجار گرانە، لەناو تاریکییە پێچاوپێچەکانیدا ئەو جنۆکانە خۆیان حەشارداوە کە باپیرەم شەوانی زستان بۆی دەگێڕاینەوە، عەلی بەردەشانی لەوێ شایەری ڕەشبەڵەکێکی حەوت شەو و حەوت ڕۆژە، لەگەڵ جنۆکەکان تێکەڵ و بووە و منداڵی لێیان هەیە.. لەوێ لە ترسی ئەوان لەناو پێچە پێچەکاندا گیر دەخۆم.. لە یەکێ لەو پێچانەوە پێم دەخزێ و بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵدەدێرێم.. ئیتر کەس نامدۆزێتەوە.. شەوانی پڕ لە ژیلەمۆی خەمی گڕگرتووم بۆ تا هەتا کۆتایی بێ.. لە ڕۆژگاری تاڵی و شیرینی، هەناسەی پڕ لە بۆن سۆ، خەونی دوارۆژی پڕ لەتەم، گفتوگۆی نەبیستراو، ئەو هاوارانەی کە بەبێ دەنگی دەمامک درابوون، ئەو پێکەنینانەی کە لەبیری خەمەوە هەڵدەقوولا، گریانی لە خوێن ڕسکاو، سەرنجی تێکشکاو، جوانییەکی شێوێنراو، ئاخی ژانە پەنهانەکان، بۆ هەمیشە لەگەڵ کەوتنی خۆمدا بزر دەبن.. لەوانەیە بکەومە ناو گۆمێکی مەنگەوە، قورسایی جەستەم ئەگەر لەکاتی هەڵدێرانا هەپروون بە هەپروون نەبووبێ گۆمەکە دەپژێنێ.. ئەگەر جووڵەشم تیا بمێنێ بە هەموو توانامەوە هەوڵی خۆ ڕزگارکردن دەدەم، تا پەلەکانم سڕدەبن و بینایی چاوەکانم دەکوژێتەوە، تا هەناسە دەخنکێ و دڵ هەروەک ئەوەی تەپڵی جەنگ لێبدا تەپەکانی بەرز دەکاتەوە، دەرگای کۆشکە جوانە بە ڕەنگ ڕەشکراوەکەی خۆی دادەخا..

ئەوە هاتەوە.. وا لە پەیژەکانەوە بەرەو سەرەوە دێ، من دەیلێم، دەبێ بیلێم.. بەڵام دڵنیام سەدای دەنگی من و شەپۆلەکانی تەپەدۆر و پەردە ئەستوورەکان دەیمژن و نابیسترێ.

# شەوێکی پڕ لە ئەسپ

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**

«- بێ بەزەییترین کەسێکی کە تا ئێستا دیومە.»

گوێم لێ ناگرێت و لە گوێیەکانمەوە دەست پێ ئەکات. تەنانەت گوارەکانم لە گوێم دەرناهێنێ، دوو ماری گەرم لە ملمەوە ئەخزێنە خوارێ و لەنێو جلەکانمدا ون ئەبن.

«- قژەکانم، ئاە تۆ خوا قژەکانم مەبڕە، تازە ڕەنگم کردوون، سەیر کە، تۆ ڕەنگی شەراویت، لا جوانە.»

چەپک چەپک قژەکانم ئەبڕێ و ئەیخاتە سەر گوێیەکانم. ناوێرم سەیری خۆم کەم. هەرگیز خۆمم بە قژی کورتەوە نەدیوە، لە خەونیشدا.

«- تۆ بێ ڕەحم و....»

بێ ڕەحم و چی؟ تەنیا بێ ڕەحم.

نا شتی وا نابێت ڕەنگە خۆی نەبێ، ڕوومەتی کەوتووەتە بەر تریفەی مانگ. خاڵە ڕەشەکەی لە سەر گۆنایە و چاوەکانی هێشتا هەنگوینین، بەڵام هەراسانن. هەست بە تیژی نیگام ئەکات. نە قین، نە نەفرەت، هیچی تیا نیە خوایە. دائەنیشێت و لە سەرخۆ دانە دانەی پەنجەکانی پێم ئەبڕێتەوە.

«- هاها! ئاگات لە خۆت بێ وەخت بوو دەستت ببڕی.»

قسەکەم تەواو ناکەم و قامکەکانی دەستیشم.

«- ئەم نینۆکانەم تەنیا بۆ تۆ درێژ کردۆتەوە. سەیر کە لە بیرت دێت؟ شەوانە وەکو منداڵێک تاکو لە زارت نەنایە نەئەخەوتی.»

ئەی هاوار بان قژم پڕ ئەبێ لە قامک و پەنجەی خوێناوی، بەر چاوم لێڵ ئەبێ ڕەنگە بیست دانە نەبێ، چل بێ، نازانم کەمەیان قامکی دەستمە، کامەیان



پەنجەی پێم؟ بە چەقۆ خوێناوییەکەیەوە دێت چاوەکانم دەربێنێ، پەشیمان ئەبێتەوە.

دایناوە بۆ دوایی؟ پێی خۆشە هەموو لەتەکانم تا دوا لەت ببینم؟ ئەمجارە ساتووری دێنێ ئەیکوتێتە ڕانم، ناتوانێ، ئێسکەکانی ڕانم پڕ هێز و قەڵەون، خوێن ئەپژێ بە ڕوومەتیا. دەستم نییە بە قۆڵەکانم ئەیسڕمەوە. ناوێرێ سەیرم کا. چاوەکانی هەنگوینیتر لە هەمیشەیە، قرچ و هۆڕی وردبوونی ئیسکەکانم شێتی ئەکا، ئەزانم.

«- ئەی بۆ ئەوەندە بێ بەزەییت؟!» ئەکەومە سەر عەرز.

«- تۆ زات ناکەی گلۆپەکە داگیرسێنی، چونکە ژوورێکی سوور ئەتترسێنێ.»

خۆی لە کەڕی داوە. هەر لە ڕانم خەریکە تا پێیە بێ پەنجەکانم لەت لەت ئەکاتەوە.

«- دەبزانە گۆشتی من بەشی هەموو خەڵکی ئەم شارە ئەکا؟»

هێزم نییە قاقا بکێشم، ئەوەندە لە ئێش و کزە پڕم کە ئیدی هەست بە هیچ ناکەم. لەشم داخی داخی داخە، وەکو زۆپایەکم کە تا ئاخر زیادیان کردبێت، بەڵام ئەو وەکو مردوو ساردی ساردی ساردە. لەت لەت کردنی ڕانم ماندووی ئەکا.

«- وەرە لە پاڵما بنوو. بەیانی دووبارە دەست پێ ئەکەیتەوە.»

کە ئەڵێم بەیانی، خێرا هەڵ ئەستێ و باڵەکانم ئەقرتێنێ و ئەیخاتە سەر لەتەکانی ڕان و ئەژنۆ و قاچم.

تاکو چەقۆکە تیژ ئەکاتەوە من قاتەکانم ئەژمێرم: یەکەم گوێ، دووهەم قژێکی شۆڕی شەراوی، سێیەم قامکەکانی... نەرم نەرم وەکو دکتۆرێکی شارەزا سکم ئەدڕێ و ڕیخۆڵەم دەردێنێ و ئەیخاتە سەر لەتەکانی باسکم.

ئینجا وەکو پەتی تەزبێح ژێیەکی ناسک لەنێوان مۆرەکانی پشتم ئەکێشێتە دەرێ. ئاخ خ خ.

مۆرەکانی پشتم تێکەڵ ئەبن. وەکو منداڵ یاریان پێ ئەکات.

سەگەکان ئەوەڕن و مۆرەکان پەرت ئەداتە سەر ڕیخۆڵەم.

دڵم لە دەستەکانیا لێ ئەدات. دەستەکانی ئەلەرزێن، خوێن لە دەستەکانییەوە تک تک ئەتکێتە سەر سنگم، مەمەکانم ئەڕووتێنێتەوە.

«بێ ڕەحم، بێ بەزەیی، بێ...»

لێوەکانم مەقەست ئەکات بەنووکی چەقۆکە چاوەکانم هەڵدەکۆڵێ. ئاوڕ ناداتەوە. تک تکێکی داخ لە چاوەکانییەوە ئەڕژێتە سەر گۆنام. ئێستا قاتی یازدەهەم جووتێ چاوە کە هێشتا ئەبینێ، گەر ئەو بوێرێ گلۆپەکە داگیرسێنێ.

بەفر ئەبارێت، نووزە لە دوای نووزە دێت، سەگە خوێرییەکان دەوری ماڵەکەیان گەمارۆداوین.

«- ئێستا چیم لێ ئەکەیت، ها؟ چۆنت پێ خۆشە؟ سەگەکان یان پشیلەکان؟ یان ڕەنگە وەکو کوندە کوێر (١) لە شوێنێکا چاڵم ئەکەیت و تا هەمیشە تەنیا ئەمنووسیتەوە؟»

دڵە ڕاوکێ دەیهەژێنێ، بە دزییەوە پەردەکە لائەدات و سەیری سەگەکان ئەکات، بە ئەستەم تفەکەی بۆقووت ئەدرێ. دەستەکانی ئەلەرزێن.

دڵم تێکەڵی قژ و قاچ و قامکەکانم توند توند لێئەدات.

باوەشم پیا ئەکات، چەپکە قژێک و چەند قامکم جێ ئەمێنێ، قامکەکانم لە گیرفان ئەنێت و قژەکانم وەکو شاڵ دەئاڵێنێتە دەور ملیا.

«- بۆ کوێ ئەڕۆی؟ سەگەکان ئەتخۆن. بڕیار وابوو لەبەر دەرگا دامنێیت و بڕۆی.»

کزە بایەکی سارد هەڵدەگژێ، سەگەکان ئەوەڕن و دڵی توند توند لێئەدات.

«- دەبا ڕۆژ بێتەوە وەکو ئەو ژنە چاوڕەشە (٢) لە شوێنێکا چاڵم کەو تەواو، من تاقەتی سەرمام نییە.»

لە ژێر کۆتەکەیەوە ئەمشارێتەوە، هەموو لەشم تێکەڵی یەکە، نازانم ئێستا چەند قاتم، دەترسم سەگەکان....

خشە خش بەرەو ناو سەگەکان، تاریکی، بەفر ڕێ ئەکەوێ.

**جۆزەردانی ١٣٨٤**


**پەراوێز:**

**١- کوندە کوێر ڕۆمانێکی بەناوبانگی سادق هیدایەت، نووسەری هاوچەرخی ئێرانییە.**

**٢- ئاماژەیە بۆ کەسایەتی ڕۆمانی کوندە کوێر.**

# واگۆنی ژمارە حەوت

یووسف عزەدین
(ئوستراليا)



به تەنیا؛ دەمڕوانییە وێنەی نەگۆڕاوی ئەو بیابانەی کە کۆنە شەمەندەفەرەکەی پێدا تێپەڕ دەبوو. ئەو چرە دووکەڵە ڕەشەی، کە لە بەشی پێشەوەی شەمەندەفەرەکەوە بەرز دەبۆوە.. لە درز و کون و کەلێنی واگۆنەکەوە دەهاتە ژوور.

کە لە ئیستاسیۆنەکەدا سۆراغی شەمەندەفەری ئەو شارەم کرد... نەمدەزانی کە هەفتەی یەک جارو تەنیا یەک شەمەندەفەر بۆی دەچێت. ئەمە جگە لەوەی، هێشتاکە مابێت و ئیش بکات، چونکە پێشتر تەنیا لەنێو فیلمەکاندا، شەمەندەفەری ئاوا کۆنم بینیبوو.

دوای ئەوەی کە بلیتم بری و ماوەیەک چاوەڕێم کرد. جگە لەخۆم هیچ کەسێکی دیکەم نەبینی؛ کە چاوەڕێی هاتنی شەمەندەفەرەکە بکات. بەپێی ژمارەی سەر بلیتەکە، دەبوو بچوومایەتە نێو واگۆنی ژمارە سیانزە، بەڵام بەو پێیەی کە هەموو واگۆنەکان چۆڵ بوون؛ هەر لەخۆمەوە چوومە نێو واگۆنی ژمارە حەوت. کە تەنیا یەک کورسی لە تەختە دروستکراوی داڕزاوی تێدا بوو.

نازانم پاش ماوەیەک، بە ڕاستی شەمەندەفەرەکە کەوتەڕێ.. یان پێم وابوو، کە کەوتووەتە ڕێ، چونکە پاش چەند سەعاتێکیش، جگە لەو چرە دووکەڵەی، کەنێو واگۆنەکەی قانگ دەدا... هیچ هەستم بە جووڵەی شەمەندەفەرەکە و کەوتنە گەڕی مەکینەکانی نەدەکرد.

یەکەم جار بوو، سەفەر بۆ ئەو شارە بکەم.. کە وەک بە حەکایەت بیستبووم، خەڵکەکەی لە هیچ ئان و ساتێکدا، گەر بارانیش نەبارێ.. بەبێ لەبەرگردنی جلی تایبەت و هەڵکردنی چەترەکانیان، ناچنە دەر. تەنانەت

خـانووه بەرەو ساختـمـان و بیناکـانیـشـیـان، وەک دەیانگێڕایەوە، بە شکڵ و شێوە، هەر بە چەتر دەچن.
پاش بیستنی ئەو حەکایەتانەی، کە لە ئێستادا وەبیرم نایەتەوە، کێ بۆی گـێـڕاومـەتەوە.. خـۆم لێ دەبووە موسافیرێکی ئەو شارە و بەنێویدا دەگەڕام.
تەنانەت جارێکیان، لەبەر خۆمەوە گوتم:
«ڕەنگە خـەڵکی ئەو شـارە، زۆر سڵ لە ئاوی باراناو بکەنەوە».
وادەهاتە پێش چاوم، کـە ڕەنگە ئەو جلە تایبـەتییـەی کە لە بەریان دەکرد.. زۆر لە جلی ئەوکەسانە بچێت، کە دەچنە بۆشایی ئاسمان.
تەنانەت لە زیندە خەونێکدا.. هێندەی نەمابوو، بەبێ لەبەرکـردنی جلی تایبـەت و هەڵکردنی چەتر؛ لەو بینایە بێمە دەرەوە، کە نازانم بۆ چوو بوومە نێوی....
بە پەلە دوو زەلام، منیـان لەژێر چەترەکـانیـان ترازاند، جلە داخراوەکـانیـان، تا سـەر سنگیـان دامـاڵی و پاش هەڵمژینی هەناسەیەکی قووڵ.. یەکێکیان گوتی: «دەبوو زانیبـات، کە بەبێ چەتر و ئەو چەشنە جلەی کـە هەمـوو کەسێکی ئەم شارە لەبەریدایە.. چوونە دەرەوە قەدەغەیە. حـەز دەکـەم ئەوەشت پێ ڕابگەیەنم، کـە بە درێژایی ژیانم.. هیچ کەسێکم نەبینیوە، کە لە جێگەو شوێنێکی دیکەوە، رووبکاتە شارەکەمان».
«ئێستا گەیشتوومەتە نێو شارەکەتان».
بزەیەک کەوتە سەر لێوی و گوتی:
«تاکـە ڕێگەیەکی هاتنە شـارەکـەمـان... ئەو هێـڵـە ئاسنینانەیە، کــە هەفـتــەی یەک جــار، تەنهــا شەمەندەفەرێکی پێدا تێپەڕدەبێت و درەنگ وەختانێک دەگاتە نێو کۆنە ئێستاسیۆنی شارەکەمان. بەو پێیەش کە ئەمڕۆ چوارشەممەیە، واتە دەبێت؛ دوێنێ گەیشـتبـێـتـیـە ئێـرە. باشـە لە شـارەکـەی ئێـمـەدا، هیچ ئوتێل و میـوانخـانەیەک نییـە و هیچ کـەسـێکیش بۆی نییـە، کەسێکی نامۆ بە شارەکـەمان داڵدە بدات و بیباتە لای خۆی. ئەوی دوێنێ شەو، لە کوێدا ماویتەوە!!؟».
چەندم بیـر لێکردەوە، نەک هەر دوێنێ شـەو.. بەڵکو پێـرێ و بەسـرپێـرێ شـەویشم، وەبیـرنەدەهاتەوە و نەمدەزانی لەکوێدا بووم.
پاش ماوەیەک، هەردووکیان لە دەرگاکە چوونە دەر و جێیان هێشتم. چاوێکم بە دیوارەکانی ژوورەکەدا گێڕا.
لە بەشی سـەرەوەی دیواری دەسـتـە ڕاسـتـدا، نووسـرابوو؛ واگۆنی ژمارە حەوت.
هێندەی نەبرد، هەردوو زەلامــەکـــە هاتنە ژووریّ و چەترێک و دەستێ جلی لەوەی خۆیان دامێ.
لە جامی تـەڵخی واگـۆنەکـەوە، ڕوانیـمـە بیـابانەکـە.. هەمان دیمەنی نەگۆڕاوم، کەوتە بەرچاو.
وەک هەمیشە، کاتژمێرەکەی خۆمم لە دەستدا نەبوو.. هەربۆیە نەمدەزانی کە چەند سەعاتە لەنێو واگۆنەکەدام.
لە دڵی خۆمدا گوتم:
«تۆ بڵێی ئەم جارە بە ڕاستی بەرەو ئەو شارە بچم، کە پێـشـتـر تەنیـا بە خـەیاڵ و لە زیندە خـەونەکـانمدا، بۆی دەچووم!؟».
جارێکیـان، لە یەکێک لە پەرستگاکانی ئەو شارەدا.. کـچـۆڵەیەکم بینی؛ کـە لەبەردەم پەیکەری پیـاوێکی زۆر ناشرین و دزێودا، دەگریا. لەوکاتەدا، بیرم لە هەموو ئەو کچۆڵانە کردەوە.. کە بە درێژایی ژیانم، حەزم لێکردبوون؛ هیـچیـان لەو نەدەچوون!؟ ڕەنگی چاو و پرچەکـانی زۆر نائاسایی بوون.. لێوەکانی تا بڵێی گۆشتن و پڕ بوون.. باڵا بەرز و باریک بوو. ڕەنگی دڵۆپە فـرمـێـسکەکـانی بنەوشەیی و قەبارەشی زۆر لەدڵۆپە فرمێسکی بنیادەمی ئاسـایی، گـەورەتر بوون. ئەمـە جگە لەوەی، کـە هیچ کاتێک ئاگاداری گریانی هیچ کامێک لەو کچانە نەبووم. کە پێشتر حەزم لێکردبوون!؟ هەر چۆنێک بوو، خۆم لێی نزیک کردەوە و گوتم:
«بۆ دەگریت؟!».
پاش ئەوەی بۆ چەند جارێک، هەمان پرسیارم دووبارە کردەوە؛ گوتی: «کێ هەیە، لە حزووری زاتێکی موبارەکی وادا نەگریێ!؟».
هەر بە مەبەستی دواندنی گوتم:
«ڕاستـە، منیش هەر بە مـەبەستی زیارەتکردنی ئەو.. خۆم گەیاندۆتە ئێرە».
بۆ مــاوەی ســەعــاتێک.. دوور و نزیک، چاودێری کـچـۆڵەکـەم کـرد. هەرکـە پەرسـتگاکـەی جێ هێـشـت، وەدووی کەوتم... بەڵام بەو پێیەی کە تێکەڵ بە کۆمەڵێ پیــادەڕەوی دیکە بوو؛ کـە هەر هەمــوویان هەمــان جلی هاوشێوەی ئەوەی ئەویان لەبەردابوو. جگە لە چەترە لێک چووەکـانیـان؛ هەربۆیە، لـەگـەڵ پیادە ڕەوەکانی تردا.. لێم تێکەڵ بوو.

دوای مـاوەیەک، بە بەردەم باخـچـەیەکـدا ڕەت بووم. سەرەتا کە لەسەر شۆستەکەی بەردەمییەوە تێم ڕوانی.. پێم وابوو، هەمــوو ئەو دارودرەخت و گــوڵ و گــوڵزارە عەجایبەی نێوی، ڕاستەقینەن.

بەڵام کـە بەنێـویدا گـوزەرم کـرد.. سـەیرم کـرد، هەر هەمــووی لە نایلۆن دروست کـراون. چەند گـەڕام، تاکـە شـتێکی ڕاسـتەقـینە و سروشـتیم، لەنێـو باخـچەکـەدا نەدۆزییەوە.

هیچ جـۆرە باڵندەیەک، لەســەر لق و چڵ و پۆپی دارو درەخـتـە نایلۆنییـەکـان، نەنیـشـتـبـۆوە. گـەرچی لە هیچ شـوێنێکی تری شـارەکـەشـدا، هیچ چەشن و جـۆرێکی باڵندەم بەرچاو نەکـەوتبـوو. لەوکـاتـەدا، شـەقـامـەکـانی شارەکەم هاتەوە پێش.. کە هیچ جۆرە ئۆتۆمبێل و مـاتۆڕ و پاسکیل و چوار چەرخەیەکی پێدا نەدەڕۆیشت.

شارێکی تا بڵێی کپ وخامۆش بوو. بە ئەستەم گوێت لە دەنگێک دەبوو.. دوو زرتە زەلامی کەڵەگەت، دەرگای وا گۆنەکـەیان کردەوە و یەکێکیـان بە باوەش، جەسـتـەی مردوویەکی هێنایە ژوور.

بەرامـبەر بەو کـورسـیـیـەی کـە لەسـەری دانیـشـتـبـووم، لەسەر پەتۆیەک پاڵی خست.. دەرگاکەیان پێوەدا و پاش ئەوەی کـەمێک لە جـامی واگۆنەکـەوە، سەیریان کردم.. لەبەرچاومدا، هەروەک ئەوەی غـەیب بـووبێتن.. لەپڕ دیار نەمان. کە ڕوانیمە دەموچاوی جەستە ڕاکێشاوەکە؛ زۆر سەرسام بووم... هەر بە تەواوی لەو کچۆڵەیە دەچوو، کە بە خەیاڵ لە پەرستگای شـارەکەدا بینیـبـووم. هەسـتـامـە سەرپێ و چەند هەوڵی کردنەوەی دەرگای واگۆنەکەم دا.. بەڵام بە چەشنێک، لەو دیوەوە کلۆمیـان دابوو.. مـەحـاڵ بوو، پێم بکرێتەوە.

لەسەر کورسی نێو واگۆنەکە، دانیشتمەوە..

وام هەست دەکرد، کە هێدی هێدی، ڕەنگی جەستەکە زیاتر دەگۆڕێت و گۆشتی دەموچاو و پەنجەکانی، پەنماوتر دێتە پێش چاوم.

لەخۆمەوە گوتم:

«دەبێت چەند سەعات لەمەوپێش؛ خەوتبێتم!؟».

شـەقـامێکی ئەو شـارەم هاتەوە پێش چاو.. کـە دەیان کـەس، ڕۆژانە بەجلی تایبـەت و لەژێر چەترەکـانیـدا.. پیاسەیان پێدا دەکرد.

پێم وابوو.. لەنێـو پیـادە ڕەوەکـانـدا، بە شـوێن ئەو کچۆڵەیەدا بگەڕێم؛ کە لەنێو پەرستگاکەدا بینیبووم.

گوتم:

تۆ بڵــــێی بـۆچی هێنده عـــــەودالی گـــــەڕان بم، بەشوێنیدا؟!».

جارێکی دی، ڕوانیمە جەستەی ئەو کچۆڵەیەی.. کە بۆنی گۆشتی گەنیاوی لێ دەهات. نەمدەزانی بۆ دەبێت لەگـــەڵ مندا و لە هەمـــان واگـــۆنی ژمـــارە حـــەوتدا دەیاننابێت. لەوەدابوو، کـە لە جامی واگۆنەکەوە بڕوانمە وێنەی نەگۆڕاوی بیابانەکە. کاتێک هەردوو زرتە زەلامـە کەڵەگەتەکەی پێشـوو، دەرگای واگۆنەکەیان واڵا کرد و یەکێکیان گوتی:

«دابەزە!»

لەوە دابوو، کـە دابـبـەزم.. گـوێم لە دەنگی یەکـێکـیـان بوو:

«جەستەی کچۆڵەکەش لە ئامێز بگرە و لەگەڵ خۆتدا بیهێنە».

جەستەی ڕەق و تەقی کچەم لە ئامێزگرت و وەدوویان کەوتم.

هەر دەتگوت، لە هەمـان ئیـسـتـاسـیـۆنی پێـشـووی شەمەندەفەرەکەدام. تەنانەت ئەوەی کە بلیتی دەفرۆشت، هەمـان ئەو کەسە بوو، کە پێش ئەوەی بچمە نێو واگۆنی ژمارە حەوت، بلیتم لێ کڕی بوو.

بە پێپلیکانەیەکی دوور و درێژدا، سـەرکـەوتم و پاشـان بە ڕاڕەوێکی تـاریکدا، ڕۆیشـــتم. هێندەی نەبرد، خــۆم لەبەردەم دەرگــای هۆڵێکی گــەورەدا بینیـــیـەوە. کــە بەدوویاندا چوومە ژوور، حەشامـەتێک لەنێو هۆڵەکەدا، چاوەڕێیـان دەکرد. جەسـتەی کـچـۆڵەکەم، لەسەر سەکۆی بەردەم حەشامەتەکە دانا.

لەوەدابوو، کـە لەسـەر یەکـێک لە کـورسـیـیـەکـانی نێـو هۆڵەکە دابنیشم.

کـاتێک، یەکێک لە ئامـادەبووانی نێـو حەشامـەتەکە، ئاگـاداری کـردم و گـوتی: «تۆ دامـەنیـشـە؛ بەرامـبـەر بە مـــێـــزی دادوەر، قنج و قـــیـت ڕابوەســـتـــە». لە پشت مـێـزەکـەوە، کـابرایەکی بە تەمـەن دانیـشـتـبـوو.. ڕووی تێکردم و گــوتی: «نەدەبوو، ئەو کــچــۆڵەیە.. وەک لە پەرستگاکەدا بینیت؛ بۆ وەدووی کەوتیت. بۆ بوویتە.. پاشان نەدەبوو!!؟».

بەسەرسامییەکەوە گوتم:

«ڕەنگە ئێوە پێتان وابێت،... چونکە لە ڕاستیدا، تەنیا بە خەیاڵ...» دادوەرەکە گوتی:

«بەڵام ئەوە نییە، بە ڕاستی لەنێو شارەکەی ئەودایت؟!».

لەوەدابوو، کە شتێک بڵێم...

گوێم لە دەنگی، کەسێکی نێو حەشامەتەکە بوو:

«پێ ناچێت، نکوولّی لەوە بکەیت.. کە ساڵانێکی دوور و درێژ لەنێو ئێمەدا، ژیانت بردۆتە سەر».

پاش ماوەیەک، لە بێدەنگ بوونی حەشامەتەکە و دوای ئەوەی دادوەر پێڵووەکانی لێک نا. هەر یەکێکیان، جلە تایبەتییەکانی خۆیانیان، لەبەر کرد و چەترەکانیان بەدەستیانەوە گرت.

نازانم لەو کاتەدا، وەدوویان کەوتم؛ یان لە پێشیانەوە دەڕۆیشتم؟!!

هەرچۆنێک بوو، پاش ماوەیەک، گەیشتینە نێوەڕاستی گۆڕەپانێکی نێو شارەکە. بەبێ ئەوەی لە جلە تایبەتییەکانی ئەوانم لەبەردا بێت، یان تەنانەت چەترێکیشم بە دەستەوە بێت؛ لەبەر باراندا ڕایانگرتم.

نازانم چەند سەعات، یان چەند ڕۆژ و شەو.. لەوێدا ڕایانگرتم.. بەڵام پێم وانەبوو، دڵۆپە بارانەکان.. هیچ کارێکیان کردبێتە سەرم!؟ وام هەست دەکرد، کە لەبەر بارانێکی ئاساییدا ڕاوەستاوم.. چەندم دەست بۆ دەموچاوی خۆم برد و لە پەنجەکانی دەستم ڕوانی؛ هیچ گۆڕانێکم نەبینییەوە. تەنیا جیاوازییەکی ئەم بارانە و ئەو بارانانەی کە پێشتر لەژێریدا ڕاوەستابووم. ئەو حەشامەتە خەڵکە بوو، کە چواردەوریان دابووم و چاوەڕێی شتێکیان دەکرد،

پاش ئەوەی بێهوودە بوون و هیوایان بەکاریگەری بارانەکە نەما..

هێدی هێدی چوار دەوریان چۆڵ کردم و جێیان هێشتم. هەرچەندە هیچ لە شوێنی خۆم نەبزوام، بەڵام نازانم بۆ وا هەستم دەکرد، کە ڕەنگە لەنێو واگۆنی ژمارە حەوتی شەمەندەفەرەکەدا بم و لە جامەکەیەوە بڕوانمە، وێنەی نەگۆڕاوی بیابانەکە.



ناوی کەمال غەمبار خۆی بەردەوامییەکە لەناو ئەدەبی کوردیدا، نیو سەدە بەرەو ژوورترە هەوڵ و کۆشش و تواناکانی لەبواری جیاجیا پێشکەش بە ناوەندی ڕۆشنبیری دەکات، بەڵام پڕ بەرهەمترین لایەنی لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدایە. ئەو سەرنجەش لای وەرگر دروست بووە کە لەسەر واتا کاری کردووە، کەمتر لە بارەی هونەری فۆرم و ئاستەکانی زمان دواوە.

ئەو پرسیارانەی لەم هەڤپەیڤینەدا ڕووبەڕووی کراونەتەوە هەمووی لە ئەزموون و شێوازی کارکردنی خۆی وەرگیراون. لە وەڵامەکانیشدا خوێنەر ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، ڕەخنەگر بەرهەمەکانی زادەی ڕۆشنبیری و ئەزموونەکانی خۆیەتی، کەمتر لەناو شێوازی لێکۆڵینەوەی هەمەجۆردا کاری کردووە. زیاتر بیری بۆ شێوازی لێکۆڵینەوەی ڕیالیزم جووڵاوە، ئەم جۆرە جووڵانی بیرەش، ئاستێکی دیاریکراوی داوە بە بەرهەمەکانی.

# کەمال غەمبار:
# ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر بەخۆمدا دەچمەوە و سوودیش لە هەموو ڕێبازە ڕەخنەییەکان وەردەگرم

**هەڤپەیڤینی: یاد سابیر**

**رامان:** سەرەتا وەک یەکەم وێستگەکە لە ژیانی هەموو ئەدیبێک گرینگ و پێویستە، تۆ لە سەرەتادا بە شیعر دەستت پێکردو ماوەیەکی زۆریش خەریکی بووی، لە ئەنجامدا شاعیرییەتت لە دۆخی سەرەتادا مایەوە، ئایا دەتوانیت هەوڵ و کۆششی خۆتمان لەو بارەیەوە بۆ باس بکەیت؟

**کەمال غەمبار:** ئەگەر بە هەڵە نەچم هەموو نووسەرێک بە شیعر دەست پێدەکات، بە حوکمی ئەوەی یەکەمین ئامرازی دەربڕینی هەستی مرۆڤە. جا هی وا هەیە لەسەر ڕەوتەکە بەردەوام دەبێ، هی وایش هەیە لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە و ناتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە و هەنگاوی گورج و گۆڵ بەرەو پێشەوە هەڵێنێ. بەشێکی تریش هەر بە یەکجاری واز لە شیعر دێنێ، من بەش بەحاڵی خۆم لە هیچ کامێک لەو جۆرانە ناکەم، ڕاستە ماوەیەکی زۆرە شیعر بڵاوناکەمەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئاکامەکەم بەوە گەیشتووە شاعیریەتیم لە دۆخی سەرەتادا لەنگەری گرتبێ. ئێستا شیعری وەهام هەیە پەنجە لە پەنجەی ئەو شاعیرانە دەدات کە خۆیان بە شاعیری باش لە قەڵەم دەدەن. نموونەیەکت بۆ بێنمەوە، لە ١٩٨٥/١/٢دا کە شیعری «ساڵی تازە»م لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکردەوە، (عەبدولڕەزاق بیمار) سەیری پێ هات من بەو ئاستە گەڕاومەتەوە سەر شیعر نووسین، بەڵام ئەوەی کە من لە شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە، من شیعر نووسینم نەکرد بە پیشە تا زیاتر لەو دەرگایە بدەم و بە شاعیر بناسرێم. بەلاتانەوە شتێکی سەیر نەبێ ئەگەر بڵێم دەتوانم لەو شاعیرانەی کە لافی نوێخوازی لێ دەدەن و خۆشیان نازانن چ دەنووسن، منیش لەو جۆرە شیعرانە کە لە هەموو شتێ بکەن لە شیعر ناکەن. بابەتی ئاوا بنووسم و بەلای ئەوانەی کە لە جەوهەری شیعر تێناگەن بە شاعیرێکی نوێخوازی یاخی خۆم بناسێنم.

**رامان:** لەکاتی دەستپێکردنت کەشوهەوای ڕۆشنبیری لە کۆیە چۆن بوو، کاریگەرییەکانی بۆ سەر تۆ و هاوڵەوەکانت چی بوو؟

**کەمال غەمبار:** کە دەڵێین کۆیە واتە شاری کۆیە، شاریش بنەماو خاسییەتی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەم شارە هەر لەکۆنەوە مەڵبەندی ڕۆشنبیران بووە، لە ڕووی ڕۆشنبیری و زانست و زانستەوە یەکێ بووە لە شارە ناودارەکانی کوردستان، خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکردووە و تێیدا خوێندوویانە، (حاجی قادری کۆیی)



**کەمال غەمبار - ١٩٥٦ - هەولێر**

هەڵەی نەکردووە کە بە مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە بڵێ:

**لە غەیرەز جەددی ئێوە کێیە دانا**
**لە کوردستان بناغەی عیلمی دانا**

هەروەها دیوەخانی ئەمین ئاغای حەوێزی (ئەختەر) مەڵبەندی شیعر و گۆرانی و مەقامات بووە، کە ناوبانگی هەموو کوردستانی گەورەی گرتۆتەوە و لە هەموو لایەکەوە ڕوویان تێکردووە، کە خۆی جگە لە شاعیریەتی ئوستادی مەقاماتیش بووە. ئەم شارە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە لەسەردەمی وەچەی ئێمەدا لە شارە پێشکەوتووەکانی کوردستان لە قەڵەم دەدرا، هەرکە چاوت دەکردەوە، کۆمەڵێک شاعیری ناودارت دەدی لەوانە: (دڵزار، عەونی، دڵدار، ڕاجی، عاسی، دلاوەر، جۆبار، عوسمان مستەفا خۆشناو، سامی عەوداڵ، سەید ئیبراهیم) و هی تر.

لە نووسەرانیش (مەسعوود محەمەد، بەکر دلێر)، جاروباریش لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤاری (گەلاوێژ) نووسەری تر بەرچاو دەکەوتن. جگە لە بوونی دوو کتێبخانە یەکێکیان بەناوی کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی بوو، کە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەوی تریان بەناوی کتێبخانەی کۆیسنجق بوو کە سەر بە حزبی شیوعی عیراق بوو، لەو کەشوهەوا ڕۆشنبیرییە

ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و عەرەبی دەهاتنە کۆیە. من و ئەوانەی لە تەمەنی من و تەنانەت بەرەو ژوورتریش بوون سوودیان لەو ڕۆژگارە وەردەگرت، سەردەمەکەش سەردەمی هەڵکشانی هەستی شۆڕشگێڕی بوو. ئێمە لە سەرەتای پەنجاکاندا، بە تایبەتی (خالید دلێر و عەبدولڕەزاق بیمار و من) شیعرمان دەنووسی، من زیاتر شیعرەکانم پیشانی (دلزار و خالید دلێر) دەدا، جارێکیان بە کێشێکی کورتتر شیعرێکم داڕشتبوو کە پیشانی (خالید دلێر)م دا بەلایەوە پەسند بوو، بەڵام پێی وابوو واز لە یەک سەروایی بێنم و بەو جۆرە شیعر دانێم. نابێ ئەوەشم لەبیر بچێ کە سەرەتا لە قوتابخانەی سەرەتایی لە کۆیە کە ئەوکات دوو قوتابخانە هەبوون، (کویسنجق الاولی) و (کویسنجق الثانیة) دوو مامۆستا خوا لێخۆشبووان (عەبدولمەجید شێخ نووری) و (حەمەدەمین مەعرووف) کارێکی زۆر گەورەیان لەسەر من هەبوو، هەر شیعرێکی (فایق بێکەس، هێمن) لە گەلاوێژدا بلاوکرابایەوە ئەزبەرم دەکردن، دەبوایە هەموو بەیانییەک لەکاتی ڕیزبووندا بەدەنگێکی پڕ جۆش و خرۆش شیعرەکان بخوێنمەوە، تا ماوەیەکی زۆریش کۆماری کوردستان لە (مەهاباد) کارتێکردنی لەسەر ئێمە هەبوو، شیعرەکانی (هەژار و هێمن) لەسەر زاران بوون، لە بۆنە و ئاهەنگی نهێنی و ئاشکرا دەخوێنرانەوە. بە کورتی وەچەی ئێمە لە کەشوهەوایەکی تایبەت چاوی کردەوە کە سەردەمی ڕاپەڕین و خۆ نیشاندان و مانگرتن بوو دژی ڕژێمی پاشایەتی، جگە لەو خاڵانەی باسم کردن، جووڵانەوەیەکی شانۆیی باش لە کۆیەدا سەری هەڵدا کە دوایی دێمە سەری، ئەو واقیعەی تێیدا ژیاین لە هەموو بوارێکەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر دروستکردنی کەسایەتیی ئێمە، بەتایبەتی لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی هەبوو.

**ڕامان:** هەست دەکەین هەڵبژاردنی نازناو لەناو ئەدەبیانی کۆیە لەسەریەک ئیقاع بەڕێوەچووە. دڵدار، دلزار، بیمار، غەمبار، جۆبار... ئەو کاریگەرییەی یەک لەسەر یەکی تر هەیبووە چۆنە، ئەو ڕیتمە ڕێکەوت بەرهەمیهێناوە، یان لاساییکردنەوە؟

**کەمال غەمبار:** لەسەردەمی پێشووشدا شاعیران نازناوی تایبەتیان هەبوو، ئێمەش هەریەکە لەسەرەمی

## هەڵسەنگاندنی بەرهەمی شیعریی پێشرەوەکان لە توانا و دەسەڵاتی هەر ڕەخنەگرێک دا نییە

خۆی وەکو نەریتێکی ئاسایی و باو دەبوایە شاعیر نازناوێک بۆ خۆی هەڵبژێرێ، هیچ مەرجیش نییە ناوەکان لەسەریەک ترپە و ڕیتم بن، بۆ نموونە لەکۆیە: ئەختەر، ڕەشید ئاغا، جەلیزادە، حەزیتە، کۆیی، حوسەینی، مەنفی، خادم، عەونی، ڕاجی، عاسی، دلاوەر، دلێر، ڕووتە، سامی (عەودال) کە پێشتر وەک بزانم نازناوی (غەرقی) بوو.

لە تەک ئەو نازناوانەی دی هەبووە و هەیە، بۆیە ناتوانم بڵێم کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووە، هەریەکەیان بەپێی بۆچوونی خۆی و باری دەروونییەکەی نازناوێکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە، یان یەکێکی تر پێشنیاری کردووە کە ئەو نازناوە بۆ خۆی هەڵبژێرێ.

**ڕامان:** ئەدەبی داهێنان وەک شیعر، چیرۆک، شانۆ، ڕۆمان.... زیاتر لەسەر بنەمای چێژ و بەهرە و خۆڕسکی بەڕێوە دەچێ، یان لەسەر جیهانبینی و ڕۆشنبیری هونەری و ئێستێتیکا؟

**کەمال غەمبار:** دەتوانم بڵێم لەسەر هەردوو تەوەر ئەدەبی داهێنان خۆی دەنوێنێ، لێرەدا دەمەوێ دوو نموونە بۆ ئەم بۆچوونەم بهێنمەوە. ئەمین فەیزی-یەک لە (ئەنجوومەنی ئەدیبان)دا کە پێش ساڵانێکی زوو نووسیویەتی و ساڵی ١٩٢٠ چاپکراوە، لەبارەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)یەوە دەڵێ:

«شیعری شێخ ڕەضا ئەوەڵەن وەهبی و فیطری بوو ثانی یەن کەسبی. لە چوار لیساندا شاعیر بوو بیلخاصە ئەشعاری کوردییەی هەموو عیبارەتە لە فەصاحەت و بەلاغەت، لە نیکاتی دەقیقە و ظەرافەت و سەعەتی قەرعە و مەعلوماتی خارجی تەقریرە».

کەواتە بەپێی بۆچوونەکەی (ئەمین فەیزی) شیعر بەهرە و سنعەتە، ئەگەر شاعیر هەرچەندە خاوەن بەهرە بێ و باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی باشی نەبێ و لەناو شیعرەکانی وردەکاری نەکات، ئەوە شیعرەکانی شوێنەوارێکی داهێنەرانەی ئاوا جێ ناهێڵن کە مایەی نەمری و جاویدانی بن.

دکتۆر شەوقی ضەیف لە کتێبی (الفن و مذاهبە في الشعر العربي)دا دەڵێ:

ئێمە نکۆڵی ناکەین کە شیعر لە بنەڕەتدا بەهرەیە، بەڵام ئەم بەهرەیە زۆر ناخایەنێ کە لەلای خاوەنەکەی دەبێتە ڕەفتار و دیراسەکردنێکی دووروودرێژی دابونەریت

و زاراوەی جێماو لەمێژووی هونەردا، خۆی بەم دابونەریت و زاراوانە دەبەستێتەوە لەوەی دایدەنێ و دەیکات بە توندی خۆی پێدەبەستێتەوە» کەواتە تێکەڵکردنی بەهرە و جیهانبینی و باکگراوندێکی فراوانی ڕۆشنبیری و خۆبەستنەوە بە تەکنیکی نوێی شیعر و ڕەچاوکردنی ئاستی ئیستێتیکی شیعر دەکەن بە شیعر، نەک تەنیا بەهرە، یان، سنعەتکاری شیعر، (ئیلیەت) لە شیعری (وێرانە خاک)دا کە یەکێکە لە شاکارە مەزنەکانی، ئەگەر کولتوور و سامانی جیهانی هەرس نەکردبا، زانیارییەکی ئینسیکلۆپیدیایی نەبوایە، ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی دارشتنی شیعرەکە نەبوایە، هەرگیز نەیدەتوانی بەرهەمێکی ئاوا شاکار بخولقێنێ.

**ڕامـــان:** لە بەشێک لەو ڕەخنە و لێکۆڵینەوانەی نووسیوتن زیاتر لەسەر واتا وەستاوی، نەک لەسەر بنەماکانی ئێستێتیکا لە کاتێکدا کرۆکی ئەدەب ئێستیتیکایە، دەتوانیت لەسەر ئەم دوو لایەنە ئاراستەی کرۆکی ئەدەبی نەمرمان بۆ دەست نیشان بکەیت؟

**کەمال غەمبار:** وەڵامی ئەم پرسیارە پێوەندی بەدوو قۆناغەوە هەیە، لە قۆناغی یەکەمدا کە تازە پێم نابووە دنیای ڕەخنەسازی، بە حوکمی کارتێکردنی ئایدیالۆژیا لەسەرم، بەپێی بۆچوون و تێگەیشتنم زیاتر بەرەو شیکردنەوەی واتا دەچووم کە لەگەڵ بیروباوەڕی ئەو سەردەمەم دەگونجاو تەعبیری لە ڕێبازی سیاسیم دەکرد زیاتر لەوەی لە ئاقاری جوانکاری نزیک ببمەوە، لە هەمان کاتدا ڕەنگدانەوەی باری ڕۆشنبیریی ئەو سەردەمە بوو کە پابەندبووم بەو ڕێبازەی گرتبوومە بەر، بەڵام دوای خۆ تەرخانکردنێکی باش بۆ ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و بەخۆداچوونەوە و خۆ دەوڵەمەندکردن بە چەندین ڕێبازی ڕەخنەسازی، لە نووسینەکانمدا ئێستێتیکا لای من ڕەهەندێکی بنچینەیی وەرگرت، تەنانەت ئەو شتانەی بەشێوەیەکی هونەریی شتە ناشیرینەکان جوان دەکەن، لام پەسند بوون. ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ئایدیالیشدا سەریان هەڵدابێ، هەرچەندە من خۆم نووسەرێکی ماتریالیم و عیلمانیم، پێت سەیر نەبێ کە جارێکیان ئاماژەم بە ڕایەکی (فرۆید) کردبوو، نووسەرێکی ناسراو ڕەخنەی لێگرتم کە من ناسراوم بە کەسێکی ماتریالی چۆن نموونە بە «فرۆید» دەهێنمەوە، ئەوە لەکاتێکدا من ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر بەخۆم دادەچوومەوە و خۆم نوێ دەکردەوەو سوودم لە هەموو ڕێبازە جیاجیاکاندا وەردەگرت. تاوای لێ هات هەر دەقێک ئەگەر بە دارشتنێکی هونەرییانە لە دایک نەبووبێ بە ئەدەبی نەمرم لە قەڵەم نەداوە، تەنیا ناوەرۆک بەلامەوە هەموو شت نەبووە، بەڵکو فۆرم بە پلەی یەکەم ناوەرۆک بەرجەستە دەکات، وەک ئەو وێنەیەی دەخرێتە چوار چێوەیەک لە جیاتی ئەوەی جۆرە جوانییەکی پێ ببەخشێ، دەیشێوێنێ و جوانی ناوەرۆکەکەش ناشیرین دەکات، بۆیە (ئاراگۆن) جوانی بۆ چووە کە دەڵێ:

**هەڵبەت شتێک نییە لە زەردەخەنە جوانتر**
**تەنانەت لەسەر ڕوویەکی شێوێنراویش**
**ئایا بەلاتەوە گرینگ نییە کە تۆ جوان بیت**

بەلامەوە ئەو دەقە نەمرە کە بە سانایی خۆی بەدەستەوە نادات، تەمێکی کەمی لەسەرە، وەک ئەو کەژەی کە بەر لە خۆرهەلاتن تەنکە تەمێک داپپۆشیوە، یان وەک ئەو بووکەی لەژێر تارایەکی تەنکدا جوانی ڕەنگ و ڕوخساریت بۆ دەردەکەوێ. ئەو دەقە نەمرە کە ئەگەر بە وردی و بە قووڵی بەناویدا شۆڕنەبیتەوە تێی ناگەیت. بۆ زیاتر بەرجەستەکردنی ئەم ڕایەم نموونەیەکی (ئەمیل زۆلا) دەهێنمەوە کە دەڵێ: «ناتوانین ئەو بەهرە سەیرەی لای پەرناسییەکان هەیە ڕەت بکەینەوە»: «بەهرەی هونەری وێنەکێشانی ورد و فۆرمی ڕاست، پەرناسییەکان شیعریان بۆ پلەی تەواو بەرزکردەوە، لەزماندا وردەکارییان کرد تاکو بووە زمانێکی بێ گەرد و درەوشاوە وەک گەوهەرێکی بەنرخ».

**ڕامـــان:** کە ڕوانگەییەکان جاری نوێخوازییاندا، تۆ لەگەڵیان نەبووی جۆرێک دژایەتیی خۆشت دەربارەیان ڕاگەیاند، دوای بەسەرچوونی ماوەیەک گەڕایتەوە سەر بزوێنەری سەرەکی گرووپەکە کە (حوسێن عارف) بوو، بە گرینگییەوە هەڵتسەنگاند، دەتوانین ئاست و ئاراستەکانی ئەم گۆڕانی جیهانبینییەت بزانین؟

**کەمال غەمبار:** ڕا لێ نەبوونی من لەسەر ڕوانگە زیاتر لایەنە هزرییەکە بوو، کە شتی ئەوتۆیان دەورووژاند لە واقیعی بەرچاوی گەلەکەمان دوور بوو، سەرچاوەیان لە تەوژمە ئەدەبییە ئەورووپییەکان دەگرت، واتە داهێنانی خۆیان نەبوو، دژی سامانی نەتەوایەتی و شاعیرانی گەورەی وەکو (نالی و سالم و مەولەوی و مەحوی) و هی تر بوون، وەک چۆن تەوژمی دوارۆژ خوازی داوای تووردانی (پوشکین) و هەرچی پاشماوەی کۆنە دەیکرد، ڕوانگەییەکانیش بەم شێوەیە و زیاتریش، ئەوە لەکاتێکدا من هەتا سەر ئێسقانم لەگەڵ نوێخوازی بووم، لە ساڵی ١٩٦٦-١٩٦٧دا کە نووسەری نەمر (لەتیف

حامید) کۆمەڵێک شیعری دامێ ناوی شاعیرەکەی لەسەرنەبوو کە ڕای خۆمیان لەسەر دەربڕم، پێم وابوو (گۆران)ێکی نوێ لەدایک بووە، ئەو شاعیرەش «لەتیف هەڵمەت» بوو، لە هەمان کاتدا پێم وابوو ڕوانگەییەکان گۆمە مەندەکەیان شڵەقاند، هەرچەندە کارتێکردنی بەیانی چوارگۆشەی (فازیل عەززاوی) و هەڤاڵانی لەسەر ڕەوتی ڕوانگەدا هەبوو، بەڵام هەموو شتێکی نوێ ڕەنگە لایەنی ئەرێ و نەرێی لەسەر هەبێ. سەبارەت بەوانەی لەژێر خیوەتی ڕوانگەوە نووسینیان هەبوو، هەندێک لەوانە نامۆبوون، لافی ڕوانگەییان لێ دەدا کەچی لەو ئاستەدا نەبوون لەژێر خیوەتەکەدا جێگەیان ببێتەوە، ئەگەر هەر ڕێسایەک دەرهاوێشتەیەکی هەبێ، ئەوە (حوسێن عارف) کە ڕۆڵی سەرەکی لەو بزووتنەوەیەدا هەبوو، حاڵەتێکی بەدەربوو لەوان. من بەش بەحاڵی خۆم یەکێ بووم لە خوێنەرە چاکەکانی چیرۆکەکانی (حوسێن عارف) کە بەر لە هەموو ڕوانگەییەکان یەکەمین کەس بوو ئەفراندنی لە چیرۆکی کوردیدا کرد، لە (چای شیرین)دا کە بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەو داهێنانەیە، هەروەها هەردووکمان لە ڕووی هزرییەوە لە یەک سەرچاوەوە ئاومان دەخواردەوە، بەڵام ئەو لە ڕووی هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، بەتایبەتی لە دەستنیشانکردنی ڕژێمی بەعس کە لە چیرۆکەکانی ڕەنگی دابۆوە جیهانبینییەکەی لەمن ڕوونتر بوو، لە ڕووی هونەریشەوە، ئەو دەیویست کودەتایەک لەناو دەقدا بخولقێنێ، لەو ڕەوشە مەییو و بەستەڵەکەی تێی کەوتووە دەربازی بکات، دەبینین لە چیرۆکی (گەلەگورگ)دا ئەو جیهانبینییە واقیعبینانەیەی لەدەست نەداوە و نەکەوتۆتە بەر شەپۆلی خەیاڵپڵاوی. کەواتە من لێرەدا لەگەڵ نوێکردنەوەی هزر و فۆرم بووم، لە هەڵسەنگاندنیشدا ڕوانگەم بەشێوەیەکی ڕەها ڕەت نەکردۆتەوە، چونکە ئەوانەی بەڕاستی لەگەڵ نوێکردنەوەدا بوون، هێشتا بەردەوامن و لە پێشەوەی داهێنان و ئەفراندنن لە ئەدەبی کوردیدا و ڕەوتەکەیان بەردەوامە، بەڵام بەشێوازێکی نوێتر و لەبارتر و کاریگەرتر.

**ڕامان:** لەناوەڕاستی هەشتایەکاندا کۆمەڵێک شاعیر لەهەولێر کاریان لەجۆرە شیعرێک دەکرد بە (پێشڕەو) ناو دەبران، سەرەتا لەگەڵیان نەبووی و دژیان وەستای، دواتر تێروتەسەلترین لێکۆڵینەوەی تەمەنی ئەدەبی خۆت دەربارەی قەسیدەی (کەلکێش)ی سەباح ڕەنجدەر



**شانۆگەریی «هەوڵدان هۆی سەرکەوتنە» ۱۹۵۹/۷/۲۲ شەقلاوە**
**کەسی یەکەم لە چەپەوە: کەمال غەمبار**

نووسی، هەروەها چەند شیعرێکیشت بۆ عەرەبی وەرگێڕا و لە گۆڤاری (المدى) و (الثقافة الجديدة)دا بڵاوکردەوە، سەرەتا لەگەڵ ئەم گرووپە نەبووی دواتر گەڕانەوەت بۆ سەر یەکێکیان بەو بایەخە زۆرەوە چ ئاستێک لەبیرکردنەوەی ڕەخنەییت دەگەیەنێ؟

**کەمال غەمبار:** مەسەلەکە زیاتر هزری بوو، ئەو قۆناغەی ئەو جۆرە شیعرەی تێدا پەیدابوو، قۆناغێکی تا بڵێی ورد و ناسک و هەستیار بوو، بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بەتایبەتی و گەلی کوردستان بەگشتی تووشی ئەوپەڕی نەهامەتی و نوشوستی و نائومێدی و کارەساتی هەمەجۆر ببوو، پێویستمان بەو جۆرە شیعرە تەماوی و پڕ گرێ و گۆڵە نەبوو، زیاتر شیعری شۆڕشگێڕی و ورە بەبەردا کردن و خۆ ڕاگرتن مەبەست بوو، من لە نووسینەکەمەدا لەگەڵ ئەو کەسانە نەبووم کە ناوی خۆیان نابوو (پێشڕەو)، بەرامبەر ئەوانیش چەند نموونەیەکی شاعیرانی ترم هێنابۆوە کە کاتەکە ئەو جۆرەی پێویست دەکرد وەک: (سەعدوڵڵا پەرۆش، سەلاح محەمەد، عەبدولڕەحمان مزووری، فەریدوون عەبدول بەرزنجی، قوبادی جەلیزادە، حەسیب قەرەداغی، فازیل شەوڕۆ، ئازاد دڵزار، جەمال غەمبار، فەرید زامدار) و هی تر، کە ئەوانە لەو قۆناغەدا دەنگی ڕەسەن و پێویستی ئەوکاتە بوون، کەچی ئەوانەی ناوی خۆیان نابوو (پێشڕەو) بەشێوەیەکی میکانیکی کەوتبوونە ژێر ڕاوبۆچوونی هەندێ نووسەر و شاعیری ئەورووپی، بێ ئەوەی ئەو ڕێبازەی ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرد، لەگەڵ واقیع و خواست و ئاواتەکانی ڕێبازی نوێخوازی ڕەسەنی کوردی و ڕەنگدانەوەی واقیعە تفت و تاڵەکە بگونجێ، کە گەلی کوردستان دووچاری ببوو، بۆیە من لەگەڵ ئەو جۆرە شیعرانەدا نەبووم. کە شیعری (کەلکێش)ی

(سەباح ڕەنجدەر)م خستە بەر ڕووناکی لێکۆڵینەوە، قۆناغەکە قۆناغێکی تر بوو، پاش شەش ساڵی ڕەبەق زۆر شتم لەلا گۆڕا، جۆرە شیعرێکی وەکو (کەلکێش) جیهانبینییەکی نوێ بوو، شێوازێکی تر بوو لە فۆرم و ناوەڕۆکدا. سێ مانگی ڕەبەق و لە ماوەی دەستبەتاڵییەکی تەواو و خوێندنەوەی چەندین سەرچاوە و هەرچی توانا و دەسەڵاتی ڕۆشنبیریم هەبوو، هەموویانم بۆ لێکۆڵینەوەکە تەرخان کرد، دەقەکەم بەکراوەیی داخست، ئەگەر جارێکی تر بگەڕێمەوە سەری ڕەنگە شتی نوێتر بخەمە سەر نووسینەکەم و ئەوەی نووسیومە لەناخەوە نووسیومە و گوێم نەداوەتە ئەوانەی بە خراپی هەڵیان سەنگاندووە، هەروەها ئەوانەی بە دەستپاکییەوە قسەیان لەسەر کردووە مایەی خۆشحاڵیمە، پێم وایە شتێکم کردووە کە ئەو ئەرکەی لەپێناویدا هەوڵم بۆ داوە جێگەی خۆی لە بواری ڕەخنە و لێکۆڵینەوەدا گرتبێ و ڕەنجەکەم بە فیڕۆ نەچووبێ، لەچەند تێزی ئەکادیمی دکتۆرا و ماجستێردا ئاماژە بۆئەم لێکۆڵینەوەم کراوە و سوودی لێ وەرگیراوە.

لەوانەیە دەرفەتم بۆ بسازێ بیکەم بە عەرەبی، تا ڕەخنەگرانی عەرەبیش ئاگاداری ئاستی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بن گەیشتۆتە چ ڕادەیەک. گرینگ ئەوەیە ئەو دەقەم بە دڵ بووە، ئەو نووسینەی کە ساڵی ١٩٨٨ بەناوی (ترپەی بزووتنەوەی کات و لاف لێدانی وەچەی سێیەم و پێشڕەوایەتی) پێشکەشم کرد، خودی (سەباح ڕەنجدەر) ناگرێتەوە، مەسەلە گۆڕان نییە لە هەڵوێست، بەڵکو گۆڕانی قۆناغ و پێداویستییەکانی دەقی لەبارە لە چوارچێوەی قۆناغەکەدا، لە هەمان کاتدا چۆنیەتی و شێوازی دەقەکەیە.

**ڕامان:** لە ناوەڕاستی حەفتاکان هەندێک ڕەخنەت لە بارەی شیعرەکانی (عەبدوڵڵا پەشێو) نووسی، لەوێ ئەوە ڕادەگەیەنی کە نووسینی تری بە دواوە دێ، کەچی لە پڕ وەستایت و بەدواچوونەکەت ڕاگرت؟

**کەمال غەمبار:** دوای ئەو نووسینەی لە گۆڤاری (الثقافە)دا کە بە عەرەبی بڵاوم کردەوە، ئەو پەنای بۆ (عەبدولغەنی عەلی یەحیا) برد و سێ ئەڵقەی دوو سێ لاپەڕەیی بۆ وەرگێڕاو بڵاوکردەوە، منیش جارێکی تر خۆم بۆ ئامادە دەکرد و ئەوجارەیان شتی ترم دۆزییەوە، کە دامە «عەبدولغەنی» بڵاونەبۆوە، بارودۆخێکی تایبەتی بەسەرداهات، ساڵی١٩٧٤ شەڕ دەستی پێکردەوە، دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، چاوم بە (عەبدولغەنی) کەوت و گلەییم لێکرد بۆ وەڵامەکەی منت بڵاونەکردەوە، وتی مەسەلەکە قووڵە و نەمویست ببمە مایەی ڕوودانی کارەساتێک کە لە بەرژەوەندی تۆو ئەودا نەبوو، بۆیە بڵاوم نەکردەوە، دەستنووسەکەم تا ئێستاش پاراستووە و بڵاوم نەکردۆتەوە، کە ڕەنگە بەهێزکردنی بۆچوونەکانی نووسینەکەی یەکەمم بێ.

**ڕامان:** دەتوانیت کاریگەری ئەرێ و نەرێی گرووپی (ڕوانگە و پێشڕەو)مان لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا بۆ دەستنیشان بکەیت؟

**کەمال غەمبار:** جیاوازی نێوان (ڕوانگە) و (پێشڕەو) چەند خاڵێکە، لەوانە نووسەرانی هەموو دەڤەرەکانی کوردستانی عیراق لەناو ڕوانگە بوون و ژمارەیان لە هی پێشڕەو زیاتر بوو، هەروەها ڕوانگە هەمەجۆر بوون شاعیر و چیرۆکنووس و نووسەری بابەتی تر بوون، کەچی پێشڕەو هەر شاعیر بوون و ژمارەیان کەمتر بوو، هەر لە هەولێریش لەناو خودی سەنتەری شارەکە هەبوون. کارتێکردنی ڕوانگە لە ڕۆشنبیریی کوردیدا زیاتر بوو و پتر خەڵکی جووڵاند و ڕۆڵی خۆی بینی، بەڵام پێشڕەو ئەو دەنگ و سەدایەی نەبوو.. نووسینەکانی ڕوانگەییەکان ڕوونتر و جەماوەری زۆرتر بوو، لەوەی پێشڕەوەکان. نووسینی ڕەخنەگران زیاتر بەلای ڕوانگەوە بوو، نەک پێشڕەو، چونکە بە ڕاستی کارکردن لەسەر شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شیعرییەکانی پێشڕەوەکان، لەتواناو دەسەڵاتی هەر ڕەخنەگرێک دانییە، ئەوانە جیهانی تایبەت بەخۆیان هەیە، چوونە ناو بنجوبنەوانی شیعرەکانیان وزەیەکی ڕۆشنبیریی بەربڵاو و وردبینی و قووڵبوونەوەیەکی تەواوی گەرەکە، تێگەیشتنی ئەو جۆرە دەقانەش بەر لە شیکردنەوەیان کارێکی ئەوەندە ساناو بێ گرفت نییە کە هەر ڕەخنەگرێک بتوانێ شانی بداتە بەرو تێیدا سەرکەوێ.

**چوونە ناو بنج و بناوانی شیعری پێشڕەوەکان وزەیەکی ڕۆشنبیریی بەربڵاو و وردبین و قووڵبوونەوەیەکی تەواوی گەرەکە**

**ڕامان:** لە چەند لێکۆڵینەوەیەکتدا ئاماژەت بەوە داوە کە (جەلالی میرزا کەریم) جۆرێک ئیقاعی نوێی هێناوەتە ناو شیعری نوێخوازیی کوردی، دەتوانیت داهێنانی ئەم شاعیرەمان لەم ڕووەوە بۆ ڕوون بکەیتەوە،

یان ئەو ئیقاعە نوێ و کاریگەرەی ئەم شاعیرە دایهێناوە چییە؟

**کەمال غەمبار:** ئاشنایەتیم لەگەڵ (جەلالی میرزا کەریم) بۆ ساڵی ١٩٥٨ دەگەڕێتەوە، چەند جارێک لە سلێمانی یەکترمان بینیبوو، تەنانەت کە گۆڤاری (ژیان)مان ساڵی ١٩٥٩ بۆ چاپ ئامادەکرد بۆ ئەومان نارد و چاپی کرد، ئەو هەر لەوکاتەوە لەگەڵ نوێخوازی بوو، شاعیرێکی یاخی بوو، ساڵی ١٩٥٨ چوارینەیەکی خۆمم بۆ نارد لە ڕۆژنامەی (کوردستان) کە خۆی دەری دەکرد و تەنیا دانەیەکم لێ بینی بڵاوی کردبۆوە، ڕەخنەشی لێگرتم و پێی گوتم: ئێستا باوی ئەو جۆرە شیعرانە نەماوە. کە ڕوانگە سەری هەڵدا ئەو لەناو شاعیرەکاندا دیاربوو، وەک شارەزایەک لە شیعردا شیعری خۆیان نیشان دەداو ڕای خۆی بەرامبەریان دەردەبڕی، ئەو لە هەندێ شیعریدا جۆرە گۆڕانکارییەکی لە ڕووی کێش و ڕیتمەوە خوڵقاند، کە لە برگەکانی شاعیرانی تری تێپەڕ دەکرد، بەر لە بزووتنەوەی ڕوانگە بەرنامەیەکی شیعری لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا هەبووە، شاعیران شیعریان بۆ دەنارد و ئەویش دەیخوێندنەوە، من چەند جارێک شیعری خۆم بۆ نارد و دەیخوێندەوە. بۆیە کە من لێکۆڵینەوەم دەربارەی نووسی و لە ژمارە (٢٨)ی گۆڤاری (ڕامان)دا بڵاوکردەوە لەناو شیعر و لەدەرەوەیدا بە شاعیرێکی شۆڕشگێڕم لە قەڵەمدا.

**ڕامان:** لە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی شیعری قۆناغی ناوەڕاستی حەفتایەکان و ناوەڕاستی هەشتایەکان زمانی ڕەخنەی ئەدەبی بەرەو دامەزراندن چوو، کۆمەڵێک ڕەخنەگری وەک: (ئازاد عەبدولواحید و کەمال میراودەلی) و هی تر دەوریان تێدا دیت. دەکرێ بۆ چوونت دەربارەی ئەم دامەزراندنە بزانین؟

**کەمال غەمبار:** ئەو دوو ماوەیەی دەستنیشانت کردن، جۆرە گەرموگوڕییەکیان لە بواری ڕەخنەدا بەخۆ گرت. ئەو بەرهەمانەی کە دەردەچوون تەنیا نمایشکردنیان نەبوو، بەڵکو لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکرا، هەواو کەشێکی لەبار هەبوو بۆ بەدواداچوون و بەرپەرچدانەوە و زیاتر گەرمکردنی کەشەکە. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕۆڵێکی باڵایان لەم بوارەدا هەبوو، دەرگایان واڵا بوو بۆ جۆرەها نووسینی ڕەخنەسازی، بۆیە دەتوانم بڵێم کۆڕ و فیستیڤاڵی ئەدەبی و ڕۆشنبیری زیاتر نووسەرانیان بۆ پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی ڕاکێشا، ئەم دوو قۆناغە تەکانێکی باشیان بە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەتایبەتی شیعردا، بەتایبەتی کۆڕەکانی لقەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد و کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی لە بەغدا، بۆ نموونە لەڕۆژی ١٩٧٧/٥/٢٥دا یەکێتی نووسەرانی عیراق بۆ یەکەمین جار لە وەرزی ڕۆشنبیریی خۆیدا ئێوارە کۆڕێکی بۆ شیعری هاوچەرخی کوردی تەرخان کرد، من لێکۆڵینەوەیەکم بەناوی (لمحة في مسار حركة الشعر الكوردي المعاصر) پێشکەش کرد و چەندین شاعیریش بە شیعر بەشدارییان تێداکرد و چەند کۆپلەیەک لە شیعرەکانیان لەلایەن (عەباس بەدری)یەوە بە عەرەبی خوێنرانەوە، لەناو ئەو شاعیرانەی بەشداریان کرد: (شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر قادر محەمەد، سەلام محەمەد، دڵشاد مەریوانی) بوون. ڕۆژنامەش نەبوو کە لە بەغدا بە عەرەبی دەردەچوون لەسەر ئێوارە شیعرییەکە بەشێوەیەکی ئەرێ نەنووسن و سیما دیارەکانی شیعری کوردی ئەو قۆناغە دیاری نەکەن، لێکۆڵینەوەکەی من بە بەرزی هەڵنەسەنگێنن. لەو ماوەیەدا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لەسەر شیعر سەردەفتەری لێکۆڵینەوەکانی تربوو، جۆرە بزووتنەوەیەکی ڕەخنەی ئەدەبی بەرەو دامەزراندن هەنگاوی هەڵێناو چەندین نووسەر لە بواری ڕەخنەدا تەکانێکی باشیان بە ڕەخنەداو خوێنەر و بیسەریان ورووژاند کە لە ئاست نووسینەکاندا بووەستن و بێدەنگ نەبن ڕای خۆیان لەم بوارەدا دەربڕن.

**ڕامان:** ڕەخنەی نوێ هەموو گرانی ئەدەب و داهێنانی خستۆتە سەر جووڵانەوەی زمان، ڕۆڵی زمان لەتانوپۆی دەقی داهێنراودا چییە؟

**کەمال غەمبار:** قسەیەکی نەستەق هەیە دەڵێ: «مرۆڤ لەژێر زماندا شاردراوەتەوە»، چونکە بەڕاستی پێوەندییەکی توند و تۆڵ لەنێوان زمان بەشێوەیەکی گشتی و نێوان ئاستەکانی ڕۆشنبیری و هزری و زانستی ئەو کەسەدا هەیە کە ئەم زمانە بەکاردێنێ، کارکردنیش لەناو زماندا هەنگاونانە بەرەو داهێنان، بۆیە ڕەخنەی نوێ زۆر بایەخ بەزمان دەدات، تاوای لێهاتووە کرۆکی ئەدەب لەناو شێوازی ڕەوانبێژیدا خۆی بنوێنێ و هونەرمەندی ناسراو (ڤان کۆخ) حەقی بوو بڵێ: «لەپێناو کارەکەمدا قوربانیم بە ژیانی خۆمدا، لەپێناو ئەودا عەقڵم لەدەستدا». کە بەلای ڕەخنەی نوێوە داهێنان لە مناڵدانی زمانەوە سەر هەڵدەدات و لەوەوە هاتووە کە زمان ئامێری دەربڕینە و لە پێشەوەی ڕەگەزەکانی تری ئەدەبەوە دێ و چەمکێکە بەکارێکی سەربەخۆوە



**قوتابییانی بەشی عەرەبی کۆلێژی پەروەردە – ١٩٦١ بەغدا دانیشتووانی ڕیزی یەکەم لە چەپەوە بۆ ڕاست کەسی سێیەم (لەتیف حامید). دانیشتووانی ڕیزی دووەم لە ڕاستەوە بۆ چەپ کەسی یەکەم (کەمال غەمبار)**

بەستراوەتەوە و بۆتە دوو تیۆر، یەکێکیان ناو دەنرێ (سیحری) سەیری شیعر دەکات بەو سیفەتەی حەقیقەتێکی ئیستێتیکی جوانکاریی خودیی سەربەخۆیە لەواقیع و دووەمیان (ئۆرفیوسی)یە. لەم ڕوانگەیەوە دەبێ بەراوردێ لەنێوان (زبان) و(زمان) بکەین، زبان ئامرازی ئاخاوتنە، زمان ئامرازێکی ئەدەبییە، زمانێکی سیحری ئیستێتیکییە، هێز و پێزی ئەم جۆرە زمانەش بەندن بە چۆنیەتی و شێوازی داڕشتن، بەتایبەتی لە دەقی شیعردا چۆن ڕیتمی ناوەوە، دەرەوەی شیعر دەخولقێنێ؟ بە چ شێوازێکی ڕوونبێژی هاوچەرخ بەکاردەهێنرێ، نەک شێوە لاساییکەرەوەکەی، چ جۆرە تەرِی و پاراوییەک دەبەخشێ؟ هەر بۆیە ڕەخنەی نوێ لایەکی تەواو لە زمان دەکاتەوە، کە دەڵێی زمانی ئەدەبی، واتە زمانی داهێنان و ئەفراندن نەک زمانی بازاریی ڕووت.

**ڕامان:** لەناو ئەدەبی کوردیدا کۆمەڵێک مانیفێستی تاک و کۆ دەرچووە، ئایا چۆن دەڕوانیتە دەوری مانیفێست لە ئەدەبدا، ئایا مانیفێست هیچ ئیزافەیەکی هەیە بۆ سەرتواناکانی داهێنان؟

**کەمال غەمبار:** تا ئێستا لەناو ناوەندەکانی ئەدەبی کوردیدا چەند مانیفێستێک دەرچوون، چ بەتاک چ بە کۆمەڵ، وەک: (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی)، (ڕوانگە)، (ئەنوەر مەسیفی)، (سەباح ڕەنجدەر)، هەر هەموویان تەعبیر لەو کەسانە و گرووپانە دەکەن کە دەریان کردوون و بۆچوون و باری سەرنجیان لە بارەی ئەو مەسەلانەی جەخت لەسەریان دەکەنەوە، دەردەخەن. بەلای منەوە هەرچەندە هەندێکیان بیروڕاو بۆچوونی جوان و بەجێیان تێدایە، بەڵام هیچ ئیزافەیەک ناخەنە سەر تواناکانی داهێنان، مانیفێست لەتوانای دانییە شاعیرێک هیچی لەباردانەبێ بیکاتە شاعیرێکی داهێنەر، بەڵام لە هەمان کاتدا بوونی ئەو جۆرە مانیفێستانە پێویستن، چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە ئەدەبییەیە کە تێیدا دەژین، جەماوەری خۆیان هەیە و شاهیدی سەردەمەکەن.

**ڕامان:** هونەرەکانی ئەدەبی بەراوردکاری چین، ئەو خاڵ و ڕەگەز و توخمانەی دەبنە هۆی بەراوردکردنیان. وەک ئەو نموونانەی کاتی خۆی دەربارەی چیرۆکێکی (مستەفا ساڵح کەریم) و (عەبدولخالق ڕوکابی)ت ئەنجامدا؟

**کەمال غەمبار:** من تا ئێستا چەند جارێک ئاوڕم لە ئەدەبی بەراوردکاری داوەتەوە و زۆربەشیان بەزمانی عەرەبی نووسیومن. تا ئێستاش جیاوازییەکی زۆر لە باری سەرنج لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری پراکتیکی و ئەو بنەمایانەی کە بەراوردییان لەسەر دەکرێ لە ئارادایە، بابەتەکە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەدەبیاتی جیایە بۆ ئاشنابوونی ڕووەکانی لێکچوون و جیاوازی نێوانیان، لێکۆڵینەوەی بەرهەمی ئەدەبی ئەو نووسەرانەن کە سەر بە کۆمەڵگە و ڕۆشنبیریی جیان، بە مەبەستی ئاشنابوونی ئەو هۆیانەی بوونەتە مایەی بەرهەمهێنانی ئەو ئەدەبەی پێوەندی بە هەر یەکێکیان و ئەو فاکتەرانەی ملکەچیان بوون و کارتێکردنی ئاڵوگۆڕکراوی نێوانیاندا هەیە. ئەم بەراوردکردنەش تەنیا لەسەر ئەو لایەنانە ناوەستێ کە نووسەرێک لە کۆمەڵگەیەکی دیارکراودا کەوتۆتە ژێر کارتێکردنی نووسەرێکی تری سەر بە کۆمەڵگەیەکی نامۆ و ڕۆشنبیرییەکی جیا، هەوڵی لاساییکردنەوەی شێواز و دەربڕین و خەیاڵی ئەدەبی داوە، بەڵکو دیراسەتی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و قۆناغی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی هەریەک لەو دوو کۆمەڵگەیە دەگرێتەوە کە هەردوو نووسەر سەر بەوانن، هەروەکو چەند ڕەگەزێکی تر وەکو زمان. لەکاتی خۆیدا چیرۆکنووسێک ئەم مەسەلەیەی وروژاند، منیش وەکو ڕەخنەگرێک داکۆکیم لە (مستەفا ساڵح کەریم) کرد، نەک وەکو کەس، بەڵکو وەکو بەرهەمی ئەدەبی. هەر دوای مستەفا بە ماوەیەکی زۆر (حەمە فەریق حەسەن) لە چیرۆکی (پەریخان)دا، ئەویش هەمان ڕێچکەی گرتووە، بەڵام بەشێوەیەکی تر. کەواتە بەپێی بۆچوونی چیرۆکنووسەکە دەبێ چ عەبدولخالق ڕوکابی، چ مستەفا ساڵح کەریم، چ حەمە فەریق حەسەن، کەوتبنە ژێر کارتێکردنی (مارکیز)ەوە، کە کۆتایی چیرۆکەکان کۆتایی شێوازی

ریالیزمی سیحرییە، هیچ کامێکیشیان نەکەوتۆتە ژێر کارتێکردنی یەکتری. ئەگەر کارتێکردنیش هەبێ، ئەوە کارێکی ڕەوایە، ئێستاش ئەم جۆرە ڕەخنە و تۆمەت خستنە پاڵە هەیە، نەک تەنیا بەناوی کارتێکردن، بەڵکو بەناوی دزی و دەقئامێزی وەک ئەو تۆمەتانەی دەدرێنە پاڵ ڕۆماننووسی داهێنەری کورد (بەختیار عەلی). ئەوە لە کاتێکدا هەروەکو پێشتر وتم ئەگەر کارتێکردنی هەبێ و لەسەرەتا بێ، هیچ نەنگ و شوورەیی نییە بۆ نووسەر، لەم ڕووەوە (جەبرا ئیبراهیم جەبرا) دەڵێ: ئەگەر ئەدیبێک کارتێکردنی ئەدیبێکی تری بەسەرەوە بێ، خاڵی سەرەتایی بێت لەلای لەوێوە ئەوەی دوایی کەسایەتی خۆی و شێوازی تایبەتی پێکبێنێ، ئەوە کاتێکردنەکە خولقێنەرە، بەڵام ئەگەر کارتێکردنەکە بەردەوام بێ و نەبێتە هۆی نوێ، ئەوە شکێنەرە».

**ڕامــــان:** شیعری بۆنە زوو بەسەردەچێت و دەچێتە پەراوێزی ئەدەبییەوە، ئایا دەتوانیت لەسەر شیعری بۆنە بوەستی. ئەگەر نموونەی سەرکەوتوومان هەبێ لە ئەدەبی کوردیدا ئاماژەی بۆ بکەیت؟

**کەمال غەمبار:** ئەم بۆچوونە ڕای زۆربەی ڕەخنەگرانە، بەڵام بەلای منەوە ئەو شیعرەی کە لە بۆنەیەکدا پێشکەش دەکرێ بەندە بە وزەی شاعیرییەتی شاعیر، شاعیرێکی گەورەی وەکو (جەواهیری) زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانی لە بۆنەی تایبەتیدا پێشکەشی کردبوون کە جەواهیرییان گەیاندۆتە لووتکە، بۆ نموونە ئەو شیعرەی کە بەناوی (ئەبوو عەلا موعەڕی) لە فیستیڤاڵی یادی ئەبوو عەلا موعەڕی، کە کۆڕی زانیاریی عەرەبی لە دیمەشق ساڵی ١٩٤٢ سازیکرد، ئامادەبووانی هەژاند، بەتایبەتی کە دەڵێ:

**لثورة الفكر تاريخ يحدثنا**
**بأن ألف مسيح دونها صلبا**

ئەم دێڕە شیعرە بووە هۆی خۆ نیشاندانێک بۆ سەر گۆڕەکەی (ئەبوو عەلا). لە شیعری کوردیشدا شیعرەکەی (گۆران) بەناوی (بەرەو کۆنفرانس) کە لەهاوینی ساڵی ١٩٦٠دا لە کۆنگرەی دووەمی مامۆستایان لە شەقڵاوەدا خوێندییەوە، بەڕاستی شیعرێکی نەمرە و من لە پاشکۆی عیراقدا بابەتێکی یەک لاپەڕەییم لەسەر نووسیوە، ڕای ئەو ڕەخنەگرانەم ڕەتکردۆتەوە کە پێیان وایە شیعری بۆنە، لەگەڵ بۆنەکەدا بەسەردەچێ، هیچ مەرج نییە ئەمە وابێ، مەسەلەکە دەمێنێتەوە سەر خودی شاعیر و داهێنان کردن لە شیعرەکەدا و چۆنیەتی تەوزیف کردنی شیعرەکەی بۆ بۆنەکە.

**ڕامــان:** لە شیعری کوردیدا هەندێک شاعیر لە فەزای شێوەکاری کاریان کردووە، پێوەندی شیعر بەشێوە کارییەوە چییە و ئەو تاڵە دەزوانەی لێکیان نزیک دەکاتەوە چین؟

**کەمال غەمبار:** پێوەندییەکی توندوتۆڵ لەنێوان شیعر و شێوەکاری هەیە، ئەگەر شاعیر وێنە شیعرییەکەی بە چەند وشەیەک و چەند پەیڤێک بکێشێ و قەسیدەی وێنەیان لێ پێکبێنێ، بەوەوە تەعبیر لە ئەزموونە هەستەوەرییەکەی دەکات، هونەرمەندی شێوەکاری تابلۆ هونەرییەکەی بە چەند هێڵێک و چەند ڕەنگێک دەکێشێ و شیعری نوێش نزیکترین بەرهەمە لە ڕەسم لە ڕێگەی ئەو وێنانەی کە شاعیر بە خەیاڵی باڵداری وێنەکێشانی ڕۆمانسییانەی فەنتازییانە بەرجەستەیان دەکات.

**هەر دەقێک ئەگەر بە دارشتنێکی هونەرییانە لە دایک نەبووبێ، بە ئەدەبی نەمر لە قەڵەم نادرێت**

هۆراس وتوویەتی: «شیعر وێنەیەکی قسەکەرە، یان نیگارێکی قسەکەرە، نیگار، یان وێنەکردن شیعرێکی بێ دەنگە». هەروەها (ڕامبۆ) پێی وایە کە «پەیڤەکان کیمیای تایبەت بەخۆیان هەیە دەکرێ پەیڤ سرووش بەخشی وێنە و ترپە و دەست لێدان و چێژ و ڕەنگ و بۆنی بێ». بۆ سەلماندنی نزیکبوونەوەی نێوان شیعر و شێوەکاری، واتە وێنەکێشان بە وشە و وێنەکێشان بەهێڵ و ڕەنگ، ئەی ئەوە نییە (نەژاد عەزیز سورمێ)ی شاعیر هەردووکیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە دیدێکی شێوەکارانە تابلۆی شیعرەکانی دەکێشێ.

**ڕامان:** سەرەتاکانی شیعری نوێخوازی چۆن دەبینیت و ماک و چەکەرە سەرەتاییەکان لای کێ دەرکەوت، هەروەها هی چیرۆک و ڕۆمانیش؟

**کەمال غەمبار:** کە دەڵێین نوێخوازی، تەنیا ئەو چەند شاعیرە ناگرێتەوە وەک: (دڵشاد عەبدوڵڵا، ئەنوەر مەسیفی، جەلال بەرزنجی، هاشم سەڕاج، سەباح ڕەنجدەر) هی تر، بەڵکو ئەو شاعیرانەش دەگرێتەوە، کە شتی نوێ دەخەنە ڕوو، ڕەنگە هێڵی نوێخوازی و نوێکردنەوە لە چیرۆکدا لای من زیاتر ڕوونتر بێ، کە (حوسێن عارف) لە چیرۆکی (چای شیرین) لە (شەبەق)دا یەکەمین کەس بێ کە لەم بوارەدا پێش ئەوانی

تر گـرەوی هونەری بردبێـتـەوە، بەڵام لەناو ئەوانەی کـە خۆیان بەنوێخـوازی تایبـەت لە قـەڵەم دەدەن، جیـاوازی هەبێ کامیان لەو مەیدانەدا بەرابەر دەژمێردرێ، هەریەکە خۆی بە دەستـپـێشـخـەر دەزانێ، ناتوانین دەسـتـنیـشـانی یەکەم شاعیر بکەین کە بەر لەوانی تر ئەو جۆرە شیعرەی نووسیـوە کـە پێی دەڵێن نوێخـوازی و تا ئێـسـتـاش ئەم مـەسـەلـەیە ئەوەندە نەورووژاوە تـا رابەری یەکـەم دەسـتـنیـشـان بکەین وەک رابەرانی شـیـعـری ئازاد و گـرووپی بەیانی لاکـێش. مـاوەیەکی تر رەنگە رابەری یەکەم و پێشکەوتووترینیان دیار بکرێت.

**رامـان:** جیاوازییە زمانەوانییەکانی نێوان قەسیدەی درێژو شیـعـری ئاسـایی و پۆسـتـەرە شـیـعـر چین، ئەگـەر بکرێت لەسەر هونەری زمـانی هەریەک لەوانە بدوێیت و لێیان وردبیتەوە؟

**کەمال غەمبار:** قەسیدەی درێژ، واتە پشووی درێژ و جیـهـانبـینی و کـارکـردنێکی ورد و قـووڵ لەناو زمـاندا، شیعری ئاسایی، وەک هەر شیعرێکی لەو جۆرەی ئەوەندە رامـان و بیـرکـردنەوە و خـۆمـاندووکـردنی گـەرەک نییـە، پۆستەرە شیعر، شیعری چڕ و پڕ و کورت و پوخت وەک (ئاراگۆن) دەڵێ:

**«کورترین شیعر جوانترینیانە».**

قـەسـیـدەی درێژ، قـەسـیـدەی رامـان و قـووڵبـوونەوەیە، قـەسـیـدەی مـینبـەری نییـە کـە دەنگی شـاعـیـر و جـۆری جـەمـاوەرەکـە نرخ و بەهای پێـدەبەخـشن، کـە بەدەنگ دەخـوێندرێـتـەوە، نەک بەدڵ و بەچاوو بە مـێـشـک وەک قەسیدەی درێژ کە زۆرجار لەسەر بڵندگۆ دەخوێنرێتەوە، لەبەر درێژییەکەی بێزاربوون لەدەروونی گوێگردا دروست دەکات، یان جاری وا هەیە بەرلەوەی شاعیر لەسەر شانۆ بێتـە خوارەوە شیـعـرەکە هەرەس دەهێنێ، نەک لەبەر بێ پێـزی، بەڵکو چ لەبەر دەنگی شـاعـیـر، چ لەبەر درێژی و ئامـادەنەبوونی گـوێگر کـە گـوێی لێ بگرێ. ئەمـڕۆ بۆتە نەریتـێکی باو و ئاسایی، هەندێ لە شاعیران بەتایبەتی لاوەکان درێژدادڕییەکی ئەوتۆ لە شیعردا دەکەن کە نە لە رووی زمان و کێشی دەرەوە و ناوەوەو یەکێتی بابەت و بیناسـازی وێنەوە لە شـیـعـر ناکـەن، بۆیە بەلای منەوە شـیـعـری درێژ بۆ خـوێندنەوە ئەوەندە لەبار نییـە کـە بە جیـددی هەڵبـەسـەنگێنرێ. ئەم جـۆرە شـیـعـرە شـیـاوی بڵاوکردنەوە و خوێندنەوەیەکی وردو قووڵە.

**رامـان:** چیرۆکی کوردی سەرەتا زمانی گوندی هەبوو، دواتر ئەو زمانە گوندییە پێ بەپێ ئاراستەی بەرەو زمانی شـار گـۆڕا ئەگـەر بکرێ لەسـەر ئەم گـۆڕانە بوەسـتـیت و پانۆرامایەکمان بدەیتێ؟

**کـەمـال غـەمـبـار:** دەکـرێ پرسـیـارەکـە بەشـێـوەیەکی تر بکرێ، کـە چیـرۆکی کـوردی سـەرەتا بابەتەکانی، بابەتی لادێ بوون، دوایی بوونە بـابەتی شــار، چونکـە زمــانی نووســەر،زمــانی شــاربوو، چیــرۆکــیش هونەرێکی ئەوروپییەو لەوێوە ئەو هونەرە هاتۆتە ناو ئێمەی کورد. هەرچەندە چیـرۆکی لادێ و چیـرۆکی شـار رایەکی رەها نییە کە جێگەی وتوویژ کردن نەبێ، زۆر لەو چیرۆکانەی کە بڵاوکراونەتەوە لە تەک ئەو چیرۆکـانەی لە بارودۆخی کـۆمــەڵایەتی لادێ دەدوێن، چیــرۆکی تریش هەن کــە پێوەندییان بە ژینگەی شارەوە هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەکو پانۆرامایەک دەتوانین چیرۆکەکانی (حوسێن عارف، عەبدوڵڵا سەراج، موحەرەم محەمەدەمین) بکەینە سەر مەشقی چیرۆکی شار، ئەم رایەش ئەو ناگەیەنێ کە ئەو سێ چیـرۆکنووسە چیـرۆکی وایان نییـە پێـوەندییـان بەواقـیـعی گوندەوە نەبێ، یان وەک نموونە چیرۆکـەکـانی (ئیبراهیم ئەحمەد و حەسەن قزڵجی) چیرۆکی وایان تێدا نەبێ، بابەتی واقـیـعی شـار نەبن وەکـو زمـانیش من دەتوانم (سەلام مەنمی) دەست نیشـان بکەم کـە بەزمـانی لادێ چیرۆک دادەڕێژێ.

**رامان:** ماوەیەکی زۆر لە بواری رۆژنامەنووسیدا کارت کردووە، چەند گۆشەیەکیشت نووسیوە، دەکرێ ئەزموونت لەو بارەیەوە بزاندرێ؟

**کـەمـال غـەمـبـار:** من سـەرەتا لە رۆژنامـەی نهـێنی بەدەست خـەت لە پەنجاو چوار و پەنجـاو پێنجدا کـە بۆ قـوتابیـیـان دەرمـان دەکـرد دەسـتـم پێکرد، لە سـاڵی ١٩٥٧- ١٩٥٨ لەگـەڵ چەند برادەرێکی قــوتابی کــە ئەوکاتە لەناو یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە هەولێر کـارمـان دەکـرد (دەنگی قـوتابیـان)مـان بەدەست خـەت دەرکـرد. سـاڵی ١٩٥٨- ١٩٥٩ گــۆڤــاری (ژیان)م دەرکـرد، لەکـۆلێـژی پەروەردە لە بەغـدا سـاڵی ١٩٥٩- ١٩٦٠ و ١٩٦٠- ١٩٦١ دوو ژمـــــارەی (دەنـگی قـوتابیـان)م دەرکـرد، لە ١٩٧٣ تا ئەم چەند سـاڵانەی دوایی لە چەند رۆژنامـە و گـۆڤـارێکدا کـارم کـردووە و بەعـەرەبی و کـوردی نووسـیـومـە و گـۆشـەی تایبـەتیم بە هەردوو زمان هەبووە، لە هەولێر و بەغدا لە رۆژنامەکاندا کـارم کـردووە. لە گـۆشـەی «لە دەروونەوە» هەروەها «من الاعـمــاق» بابەتی وروژێنەرم نووسـیــوە، زۆرجـاریش نووسـینەکـانم گـیـروگـرفت و سـەرئێـشـەیان بۆ دروست



**لە ڕاستەوە: کەمال غەمبار، ڕەفیق سابیر، حوسێن عارف، محەمەدی مەلا کەریم - ١٩٧٢ بەغدا**

کردووم، بەڵام هەموو نووسینەکانم لە دڵ و دەروونداهەڵقوڵاون، زادەی بیروڕاو بۆچوونی ئەو کاتانەن کە بڵاوم کردوونەتەوە. ئەرکەکانیشم هەمەجۆر بوون. هەڵەچنی، پەیامنێری، وەرگێڕان بە هەردوو زمان (کوردی و عەرەبی) بەرپرسی لاپەڕە، نووسەر، سەرنووسەری، جگە لە کارکردنم لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن وەک پێشکەشکردنی تەعلیقی سیاسی لە نووسینی خۆم، نووسین و وەرگێڕانی دەنگوباس، بەڕێوەبردنی ئێزگەی ڕادیۆ، ئەو ماوە درێژە ئەزموونێکی باشی پێ بەخشیوم و چەندین بابەت و گۆشەشم بەناوی ئاشکراو خوازراوە وەکو خوێنەرێک، قاريء، متابع، ئامانج، ئاسۆ، ئاراس، ڕێبوار، مەزن، ب. ساوین، ئەبوو هێمن، ناقد فني بڵاوکردۆتەوە.

**ڕامان:** ئایا دەکرێ ڕۆمان دابېڕدرێت لە ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و... یەک پارچە وەک ئەدەبێکی ئێستێتیکی وەریبگرین، ئەگەر هەبێ نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبەمان بدەیتێ؟

**کەمال غەمبار:** بەلای منەوە ئەو ڕۆمانە سەرکەوتن وەدەست دێنێ کە تەعبیر لە ژینگە و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری دەکات، جیهانییەتی ڕۆمان لە خۆماڵییەوە سەرچاوە دەگرێ، وەک ڕۆمانەکانی (نەجیب مەحفووز) کە پاداشتی بەرهەمەکانی خەڵاتی نۆبل بووە لە هەمان کاتدا دەکرێ ڕۆمان وەک ئەدەبێکی ئیستێتیکی لەوەی وتمان دایبڕین وەک ڕۆمانی «سەدساڵ دوورەپەرێزی»ی مارکیز.

**ڕامان:** ئایا بڕوات بە پێشبرکێ لەئەدەبدا هەیە، لەکاتێکدا بەشداری سێ پێشبڕکێی ئەدەبیت کردووە و پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمت بەدەست هێناوە؟

**کەمال غەمبار:** بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەوەندە باوەڕم پێ نییە، بۆ نموونە کە ساڵی ٢٠٠٣ خەڵاتی یەکەمی لێکۆڵینەوەم لە فیستیڤاڵی گەلاوێژدا وەرگرت لە نووسینەکەمدا ئاماژەم بە خاڵێکی گرینگ کردبوو وەکو ڕەخنەیەکیش ئاراستەی لیژنەی دەستنیشانکردنی شیعرم کردبوو، کە لە کۆتاییەکەیدا هاتبوو: «ئەو ڕەخنەگرانەی لە شیعری نوێی کوردی و وێنەی هونەری دەدوێن لە چەمکە کلاسیکییە ڕەوانبێژییەکە دوور بکەونەوە و بەگیان و شێوازی سەردەم و نوێخوازی بنیاتی وێنەی شیعری نوێی کوردی هەڵسەنگێنن، کە خوێنەران بورووژێنین بە ڕووناکی خستنەسەر چۆنیەتیی تەون چنینی وێنەی هونەری، لە هەمان کاتدا جیاوازی لەنێوان شیعری ڕەسەن و داهێنەرو شیعری وڕێنە و هەڵبزرکان بکەن. کە ئەو جۆرە کەسانەی کە شیعری لەم شێوە دادەنێن خۆشیان نازانن چ دەڵێن، بە داخەوە ئەوانەی بە شیعری داهێنەرانە لە قەڵەمیان دەدەن، ئەوانیش ئەوەندە لە چەمکی شیعر ناگەن کە لە لیژنەی هەڵسەنگاندن و نرخاندنی شیعردا جڵەوی بڕیاردانیان لەدەستە، شاباشی ئافەرین بەسەر ئەوانە دادەبارێنن کە تازە پێیان ناوەتە جیهانی شیعر، زەمینەیەکی ئەوتۆی پتەویان بۆ نەخولقاندووە کە بتوانن بیکەنە پێگە و سەرشاری ئەزموونێکی شیعری سەرکەوتووی ئەفراندن» لەو ڕوانگەیەوە ئەو لیژنەیەی کاری هەڵسەنگاندن و پلەدانانە بۆخەڵاتەکان دەبێ لە بواری هەڵسەنگاندن و نرخاندندا شارەزا بێ، پێکهێنیانی لیژنەکە بەنهێنی بێ نەک ناوی ئەندامەکان بزانرێ و مەسەلەی برادەرایەتی و لایەنگری کار نەکاتە سەریان، لێرەدا نامەوێ نموونە بهێنمەوە کە زۆرجار لە پێدانی خەڵاتدا حیساب بۆ ناوچە دەکرێ، یان بۆ جۆری پێوەندییەکە دەکرێ. جاری واش هەیە زۆربەی ئەندامەکان لە هەڵسەنگاندندا جیاوازییان نابێ و کارەکە بەڕێکوپێکی ئەنجام دەدەن.

**ڕامان:** زۆرجار چێژی جەماوەر چێژێکی کاتییە، ناتوانێت ئێستێتیکای بێگەرد لە ئەدەبدا دەستنیشان بکات و لە خولگەی واتای کاتی و هەڵچوونی کتوپڕ دەسووڕێتەوە، ئایا بڕوات بە جەماوەری لەم جۆرە هەیە، کە ماوەیەک کارت بۆ ئەدەبێک دەکرد لە خزمەتی چێژی زۆرینەی جەماوەر دابێت؟

**کەمال غەمبار:** بەشێوەیەکی تێکڕا جەماوەر ئەو هەڵبژاردە نموونەیی و پسپۆڕە نییە کە بە چاکی لەلایەنی هونەری و جوانکاری ئەدەب تێبگات. زیاتر جەماوەرێکی سۆزداری هەڵچووە بەرلەوەی بە تەواوەتی لە دەقەکە

بگات، ڕایەکی ڕووکەشی بەرامبەری دەبێ، ئەو جەماوەرەش بەپێی بارودۆخی قۆناغەکە دەجووڵێ و چێژ لە ئەدەب دەبینێ. ئەو جۆرە جەماوەرە هەیە، ئایدیۆلۆژیا هەڵیدەسووڕێنێ، قۆناغەکە ئەو زەمینەی بۆ دەخوڵقێنێ کە لەسەری بوەستێ، هەر خودی جەماوەرەکەشە کە دەگۆڕێ و لە قۆناغێکی دیکەدا چێژ لە جۆرە ئەدەبێکی دیکە دەبینێ، بۆ نموونە بەر لە شۆڕشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨، (کامەران موکری) لە پێشەوەی هەموو شاعیرانی کوردبوو، حیسابی تایبەتی بۆ دەکرا، هەر دوای شۆڕش لە سلێمانی لە سینەمایەک ناوەکەم لەبیر نییە جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون بەتایبەتی ئافرەت، (کامەران) هەروەکو شێوازی پێشووی بەدەنگە دلێرەکەی شیعرێکی خۆی خوێندەوە، بەڵام جەماوەرەکەی نەجووڵاند، بەڵام کە (شێرکۆ بێکەس) شیعرێکی خۆی خوێندەوە خەڵکەکەی هەژاند و ئافرەتەکان دەستیان کرد بە گریان. لێرەدا حەز دەکەم ئاماژە بەخاڵێک بکەم کە ئەوکاتەی دەستنیشانی دەکەن تەوژمی ئەدەبی واقیعی زاڵبوو بەسەر جۆرەکانی دی و ڕێبازە هزرییەکە واقیعێکی چەسپاند بوو کە ئەدەب بۆ ژیان و بۆ جەماوەرە، ئەدەبێک لەبەرژەوەندیی جەماوەردا نەبێ بە ئەدەب لە قەڵەم نادرێ، ئەو جۆرە ئەدەبە جەماوەرییەش بەشی هەرەزۆری مۆرکی ڕاپۆرتی و خیتابی بە خۆوە گرتبوو، دوور بوو لەلایەنی هونەری و شێوازی ئیستێتیکی، ئەدەبی زمانی جەماوەر بوو، نەک ئەدەبی خودی و تاکی هەڵبژاردە. قۆناغەکە بەو شێوەیە بوو، دەتوانین (گۆران) بکەین بە نموونە ئەگەر بمانەوێ بەراوردێکی ورد لەنێوان شیعرە ڕۆمانسییەکانی و واقیعییەکانی بکەین، هەروەها (فایق بێکەس) لەنێوان (داری ئازادی و نابەزین و سەدەی بیستەم) و هی تر و (ئەی مانگە)کەی کە (عەلی مەردان) وزەیەکی تری پێ بەخشی کە ئاوازی بۆ داناو بەدەنگە بەسۆزەکەی گۆرانییەکەی چڕی.

**ڕامان:** داهێنەر لە چ کاتێکدا دەبێتە دیاردە، نموونە دەوروبەری (گۆران) داهێنەری تێدابوو، بەڵام گۆران توانی ببێتە دیاردە، ئەم بوون بە دیاردەیە لە ئەدەبدا چۆنە؟

**کەمال غەمبار:** دیاردەی دروست لەهەر بوارێکدا لەپڕ دروست نابێ، دەتوانم بڵێم لە هەر سەدەیەکدا دیاردەیەک

**لە دەقدا ناوەڕۆک بە پلەی دووەم دێت، پلەی یەکەم بۆ فۆرم و ئیستێتیکایە**

لەدایک دەبێ، بۆ نموونە دیاردەی داهێنانی ئەدەبی شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆماننووس، سەرکردە، جوانیی ئافرەت. (حاجی قادری کۆیی) کە ڕوو دەکاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەژێر خێوەتدا چاوی بە کچە نازدارەکەی (قەرەنی ئاغای مامەش) دەکەوێ دەڵێ:

**ئەم نەوعە گوڵە هەڵدەکەوێ ساڵێ لە قەرنێ**
**نەک وەک گوڵی بازاڕییە هەر ساڵە کە سەوزە**

ڕاستە (گۆران) بووە داهێنەر و دیاردەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، ئەم دیاردەیەش بۆ کۆمەڵێ فاکتەر دەگەڕێتەوە وەکو: ژینگە، بارودۆخی خێزانی، ئامادەباشی دەروونی، خۆ ماندووکردن، ژیانێکی ڕاستەقینە لەگەڵ ئەدەبەکەدا، زمانناسی، خوێندنەوەی بەردەوام، سوود وەرگرتن لە ئەزموونی نووسەرانی دی. بەهرە و زیرەکی لە خودی شاعیر. ئەوانە گشتیان وەک فاکتەری دەرەوە (بابەتی) و خودی ئەو دیاردەیان خوڵقاند. ڕەنگبوو ئەگەر (شێخ نووری شێخ ساڵح) ئەوەندە سەرقاڵی ژیان نەبوایە، ژیانی وەزیفی ئەوەندەی لە جیهانی شیعردا دوور نەخستبایەوە، ئەو ببوایە دیاردە ئەدەبییەکە، چونکە نوێخوازەکانی سەردەمی ئەو بە سەرۆکی خۆیانی لە قەڵەم دەدەن بەرلەوان هەنگاوی بەرەو نوێخوازی هەڵێنا و لەوانیش گەورەتر بوو. دیاردەش وەکو گوڵێک وایە کە لەناو هەموو گوڵەکانی باخچەیەکی ڕازاوەدا، گوڵزارێکی دلڕفێندا، گەشتر و پاراوتر و جوانترە، ڕەنگە ئەم دیاردەیەش بۆ خودی گوڵەکە، بوونەوەرییەکەی، ئاووهەوای دەوروبەری، پێگەی زەمینەکەی بگەڕێتەوە. بۆ نموونە لە بواری هونەری گۆرانییدا (ئوم کەلسووم و عەبدولوەهاب و عەبدولحەلیم حافیز) بوونە دیاردە، تا ئێستا زەمینەیەکی لەبار بۆ دیاردەیەکی لە جۆری ئەوان دروست نەبووە، سەبارەت بە کوردیشەوە تا ئێستا دیاردەیەکی وەکو (سێوە) لە بواری مەقامبێژیدا دەرنەکەوتووە، کە لە ئاستی ئەودابێ، یان تێپەڕ بکات. بۆیە دیاردە درەنگ دروست دەبێ، جاری واش هەیە پێی دەگوترێ (فەلتە) واتە لە سنوور دەرچوو.

**ڕامان:** پرۆسەی وەرگێران لە ئەدەبدا چۆنە، تا ئێستا چەند کتێب و چەندین نووسین و شیعرت لە عەرەبییەوە

بۆ کوردی و لە کوردییەوە بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە، دەتوانی ئەوەمان بۆ دەستنیشان بکەیت وەرگێڕان کاری داهێنانە، یان زانینە، لەم ڕووەوە لە کارە وەرگێڕدراوەکانی خۆت بدوێ؟

**کەمال غەمبار:** وەرگێڕان بەگشتی هەردوو لایەن دەگرێتەوە لایەنی داهێنان و لایەنی زانین، جاری وا هەیە وەرگێڕ تووشی حالەتێکی دەروونی لەبار دەبێ، وەرگێڕانەکە سرووش و ئیحایەکی وای پێ دەبەخشێ کەوا داهێنانی تێدا بکات.

هەڵبەت زمانزانی و خۆماندووکردن و پشت بەستن بەچەندین فەرهەنگی هەمەجۆری زمان نەک تەنیا هەردوو زمانەکە کارەکە مەیسەرتر دەکات، جاری وا هەیە فەرهەنگیش تینوویەتی وەرگێڕ ناشکێنێ و ئەو وشەیەی ماناکەی نازانێ، دەبێ لێی قووڵ بێتەوە و لە ئەم و لە ئەو پرسیار بکات، هەڵبەتە ئەوەی شاعیر بێ، یان چێژ لە شیعر ببینێ کە دەقێک وەردەگێڕی زیاتر سەرکەوتن وەدی دێنێ لەوەی لە شیعر ناگات و چێژی لێ وەرناگرێ، من لەم بوارەدا ئەزموونێکی باشم هەیە، تا ئێستا چەندین دەقی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ڕەخنەی ئەدەبیم وەرگێڕاوە، پێشەکیم بۆ بەرهەمی وەرگێڕاو نووسیوە، پێداچوونەوەم کردووە بەشێوەیەکی ورد و بەراوردکردنێکی قووڵی وشە بە وشەم ئەنجام داوە، ڕەخنەم لێگیراوەو وەڵامم داوەتەوە، نەک تەنیا لە بواری ئەدەبیدا کارم کردووە، بەڵکو بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فێرکاریشم وەرگێڕاوە.

**ڕامان:** ئایا ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی چێژە، یان جیهانبینییە، تۆ لەیەک کاتدا لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیرێکی ئاسایی دەنووسیت، لە هەمان دەموکاتیشدا لە بارەی شاعیرێکی نوێخواز دەنووسی، ئایا چێژ و جیهانبینیت لەبارەی دوو شێوە و شێواز و ئاراستەیە چۆن دەکەوێتەوە؟

**کەمال غەمبار:** ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی هەردووکیانە، بەڵام حالەتێک هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆرجار کاری ڕۆژنامەنووسی لەسەرت دەسەپێنی بۆ نموونە لەسەر شاعیرێکی ئاسایی بنووسیت، ئەم جۆرە نووسینە ناچێتە خانەی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەوە، چونکە کارێکە پێت سپاردراوە، بەدەگمەن ڕۆژنامە ئەو مەودا فراوانەی هەیە کە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی تێدا بڵاوبکرێتەوە. هەڵبەت شاعیرێکی ئاسایی و شاعیرێکی نوێخواز لە یەک ئاستدا سەیر ناکرێن. شاعیرە ئاساییەکە ئەوەندە وردبوونەوە و قووڵبوونەوەی گەرەک نییە، بۆیە ئەوەی لەسەری دەنووسرێ زیاتر پێناسینە، نەک لێکۆڵینەوەی ڕەخنەسازی، کە لەسەر شاعیرێکی نوێخواز نووسیومە، زیاتر لەگەڵ دەقەکەی ژیاوم و زیاتر کاتم بۆ تەرخان کردووە و زیاتر قووڵایی ڕۆشنبیریی خۆمم بۆ تەرخانکردووە، بۆیە هەردوو نووسین دوو تای تەرازووی بەرامبەر یەک نابن، واتە بە دوو شێوە و شێواز و ئاراستەی جیا نووسراون، نەک تەنیا ئەم حاڵەتە لە ساڵی ١٩٩٤دا لەلای من تێبینی دەکرێ، بەڵکو پێشتریش چەند حاڵەتی تری لەم جۆرە لای من دروست بووە، هەریەکە بە قەد قەبارەی خۆی مافی دراوەتێ، جاری وا هەبووە لەناو نزیکەی بیست شیعردا تەنیا چێژم لە یەک دوو کۆپلە وەرگرتووە و لەسەرم نووسیون و گوێم نەداوەتە شاعیرەکە، دوای نووسینەکەم هەڵوێستی بەرامبەرم چۆن دەبێ، چ کاردانەوەیەکی دەبێ، کە خۆی بە شاعیرێکی گەورەش لە قەڵەم دەدات، بەڵام لای من گرینگ ئەوەیە کە فێڵ لە ویژدانی خۆم نەکەم و سپی نەکەم بە ڕەش، خۆ ئەگەر شتێکم بەدڵ نەبووبێ نەک تەنیا ئەدەب، بەڵکو شێوەکاری و شانۆش، هیچم لەسەر نەنووسیون.

**ڕامان:** لە زۆرینەی لایەنەکان چالاکی ڕەخنەییت دەبینرێ وەک: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شێوەکاری، شانۆ، ڕەخنەی ڕەخنە. ئەمەش نیشانەی بەرفراوانی دیدگای ڕۆشنبیریتە، بەڵام لە کاری ئەدەبیدا تایبەتمەندی گرینگ و پێویستە تا تیشکۆی چالاکی و بیرو بۆچوون و دیدگا لەسەر لایەنێک تۆخ بکەیتەوە، ئایا بۆ ئەم خۆ تەرخان کردنەت بۆ تایبەتمەندی نەبوو؟

**کەمال غەمبار:** لێت ناشارمەوە کە من هەر لەسەرەتاوە جۆرە زانیارییەکم لە هەموو ئەو بوارانەی ئاماژەت پێکرد هەبوو، بەهرەی شێوەکاری هەر لە قۆناغی سەرەتاییدا تێمدا دەرکەوت، لە قۆناغی ناوەندی و دەرچوونم لە پۆلی سێیەم دەبوایە بچمە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە بەغدا، باوکم ڕێگر بوو، ئەو کاتیش دواناوەندی لە کۆیە کرایەوە، هەروەها یەکێک بووم لە نمایشکەرانی شانۆگەری کە زۆرجار خۆمان دەقەکانمان دادەنا و بەدەیان شانۆگەریمان لەسەرەتای پەنجاکاندا لەچاپخانەی (سەعیدی مەلا ئەحمەد) لە کۆیە پێشکەش دەکرد، ئەم دوولایەنە و خوێندنەوەیەکی زۆری ئەو بابەتانەی کە لە گۆڤاری (الاداب)ی بەیرووتی بڵاودەکرانەوە، کە ساڵی ١٩٥٨ لەکۆلێژی پەروەردە بەشی عەرەبی وەرگێڕام

مامۆستایەکی دەرچووی زانکۆی سۆربۆن (دکتۆر سەلیم نعێمی) ڕەخنەی کلاسیکی پێدەوتین و (نازک الملائکة)ش ڕەخنەی نوێ، دوایی وانە وتنەوەم لە بەشی وێژەیی ئامادەیی، بە تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبی، هەروەها لە پەیمانگەی مامۆستایان و زانکۆی بەغدا و سەلاحەدین و کارکردنێکی دوورودرێژ لە بواری ڕۆژنامەوانیدا، خوێندنەوەی بەردەوامی هەموو بوارەکان و بوونی کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند بەسەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و شێوەکاری و شانۆ و فەلسەفە و ئایین و کۆمەڵایەتی و کتێبی سیاسی، ئەوانە بە گشتی دەرگایان بۆ والا کردم کە باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی بەرفراوانم هەبێ، هەر بوارێک بمەوێ لەسەری بنووسم و ئەو توانایە لەخۆمدا ببینم کە لە بواری ڕەخنەدا خۆم بە کەم نەزانم و نەشم ویستووە هەر وزەیەکی ڕەخنەسازیم هەیە تەنیا بۆ لایەنێک تەرخانی بکەم، ڕەخنەگری ڕاستەقینەش ئەو ڕەخنەگرەیە کە ڕۆشنبیرییەکی ئینسیکلۆپیدی هەبێ و بتوانێ بەری خۆی لەئاو دەربکات.

**ڕامان:** ئەدەبی داهێنراو پێشبینی و خەیاڵی جوانی تێدایە، سیاسەتیش کاری تاکتیک و ڕۆژانەیە. دوو ئاست و ئاراستەی سەربەخۆن. لەناو دەسەڵاتی کوردیدا ئەدەب کراوەتە پاشکۆی سیاسەت. ئەم کردارەش سەداسەد هەڵەیەکی کوشندەیە، دەکرێ بۆچوونت دەربارەی ئەم هەڵە کوشندەیە بزانین کە بووەتە دیاردەیەک لەناو ئەدەبی کوردیدا؟

**کەمال غەمبار:** نەک تەنیا ئەدەب بۆتە پاشکۆی سیاسەت، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ڕۆشنبیریش، ئەمەش بۆ ئەو ڕەوشە ئابوورییە دەگەڕێتەوە کە ڕۆشنبیران پێوەی دەناڵێن، بۆیە دەبینی ململانێ لەنێوان ڕۆشنبیری و ئابووریدا هەیە، ڕۆشنبیر بۆتە پاشکۆ و دەستەمۆکراوە، بە حوکمی ئەوەی کە ئابووری چەکی کاریگەری دەسەڵاتدارە، یان ئەو حزبەیە کە ڕۆشنبیر، ئەدیب خۆی پێ بەستۆتەوە و پابەندە بە سیاسەتی حزبەکە، یان دەسەڵاتەوە، لە ئەورووپادا مەسەلەکە پێچەوانەیە، بۆ نموونە نوێنەری حزبێکی سیاسی بۆی هەیە لەگەڵ ڕای ئەو حزبە نەبێ کە لە ڕێگەی ئەوەوە هاتۆتە پەرلەمان و کار ڕایی دژی ناکرێ، ئەگەر هەڵوێستێکی بەرهەڵستکاری هەبێ، بۆیە دەبینین زۆر لەو ئەدیب و ڕۆشنبیرانەی کە لە ئەورووپادا پەناهەندەن لە سیاسەت دوورکەوتوونەتەوە و بەبۆچوون و تێڕوانینی خۆیان دەنووسن و لەو قاڵبەی پێشوو دەرچوون، بەڵام لای ئێمە کە ژیان و گوزەران و هۆکارەکانی بڵاوکردنەوە گشتیان لەژێر دەستی دەسەڵاتن، ئەو دیاردە کوشندەیە وای کردووە ئەدیب ملکەچی سیاسەت بێ، بەدووری نازانم کە ئەم ڕەوشە هەتا سەر بەردەوام نەبێ، کە کۆمەڵگەی کوردی بە تەواوەتی چووە ناو جیهانی شارستانی ناڵێم ژیاری، تاک لە کۆمەڵدا مافی تەواوی خۆی هەبوو، ئەو کاتە ئەدیب لەو چوارچێوەیە دەردەچێ کە بۆی کێشراوە. ڕەوشێکی تر دێتە پێش کە ئابووری چیتر چەکی دەسەڵات نەبێ و هەر کاتێک ئەدیب دەنگی لێ هەڵبڕێ بە هەڕەشەی نان برین ئەو دەنگە کپ بکرێ، نەک وەکو ئێستا کە ئێمە بەناو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیمان هەیە کە بەڕێوەچوونیان بەندە بەو یارمەتییەی چ لە حکوومەت چ لە حزب وەری دەگرن، لەجیاتی ئەوەی داکۆکی لە بەرژەوەندیی ئەندامەکانیان بکەن، داکۆکی لەو سیاسەتە دەکەن کە سەرچاوەی دەرامەتی ئەو ڕێکخراوانەن، خۆ ئەگەر بەڕێوەبردنی ئەو ڕێکخراوە و دەزگایانەی ناوی خۆیان ناوە مەدەنی خودی بێت و پشت بە توانای دارایی خۆیان ببەستن، ئەوە ئەو جۆرە پاشکۆ و لەقاڵبدانە لەدنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریدا جێگەیان نابێتەوە، ئەدیب لە هەر ڕێکخراوێکی نا حکوومی، یان نا حزبی،کار بکات دەستەمۆ ناکرێ و تەعبیر لەو هەڵوێست، یان هزرە دەکات کە باوەڕی پێ هەیە و بێباکانە داکۆکی لێ دەکات و کەسایەتیی خۆی لەدەست نادات و هەرگیز نابێتە پاشکۆی سیاسەت، وەک نووسەرانی وڵاتە مەدەنییەکان کارو ڕەفتار دەکات کە مافی ڕەوای تاک زامنە، ڕای ئەدیب و بەرهەمەکانی ڕێزو پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە. با لێرەدا قسەیەکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا (میستەر چەرچل) بهێنمەوە کە چۆن مەزنی (شکسپیر) دەنرخێنێ و دەڵێ: «بەریتانیای مەزن هەموو مۆنۆپۆڵەکانی لەدەست دەدات، بەڵام هەرگیز مەزنی شکسپیر لەدەست نادات»، یان سەردەمی خۆ نیشاندان و ڕاپەڕینی قوتابیانی فەرەنسا ساڵی ١٩٦٨ کە (سارتر) پشتگیری لێ دەکردن و هانی دەدان بەردەوام بن، کە وەزیری ناوخۆی حکومەتی فەرەنسا، داوای لە (دیگۆل) کرد فەرمانی دەسگیرکردنی سارتر دەربکات، وەڵامی (دیگۆل) ئەوەبوو: «ئایا ڤۆڵتێر دەگیرێ؟».

کەواتە ئەدەب و سیاسەتی لە قاڵبدراو دوو جەمسەری لێک جیان و کەوتوونەتە ژێر ڕکیفی واقیعی ئەمڕۆمان، ئەوەندەی ئەو ڕێکخراوانەی بەناوی کۆمەڵگەی مەدەنی کار دەکەن، ئەو دەسەڵاتانەیان نییە کۆمەڵگەکە بگۆڕن،

ئەدیبیش لەو بارودۆخەی تێیدا دەژی و سیاسەت هەموو شت بەڕێوە دەبات، ناتوانێ بە تەواوەتی کۆتی ملکەچ بوونی سیاسەت لە گەردنی خۆیدا بپچڕێنێ. هەڵبەت لە ئاییندەدا گۆڕانکاری دەبێ و ئەدەبیش بەبێ ڕۆڵی خۆی لەناو سیاسەتێکی نوێی عەقڵانی کراوەدا زیاتر هەناسە دەدات، ئەدیبیــــش زیاتر ئاســــوودە دەبێ لە ژیان و دابینکردنی دوارۆژی خۆی و کەسوکاری.

**ڕامان:** لە بۆنەیەکی ئەدەبی گۆڤاری (ڕامان)دا گوێمان لە دەنگت بوو، دەنگت بۆ گۆرانی و مەقامات زۆر خۆش و گونجاوە، گۆرانی و مۆسیقا لە کۆمەڵگەی کوردیدا چۆن هەڵدەسەنگێنی، دواتر وەک بەهرەیەک کە تێتدا هەبوو بۆ گەشەت پێ نەکردو لە خۆتدا بەدەرت نەخستووە؟

**کەمال غەمبار:** کە بەهرەیەک لە مرۆڤدا دەردەکەوێ ئەگەر بایەخی پێ نەدرێ و هاندانی لە پشتەوە نەبێ گەشە ناکات، لە قۆناغی سەرەتاییدا چەند بەهرەیەکم لێ دەرکــەوت وەک خــەت خــۆشی، توانای نمایشکردنی شانۆیی، بەهرەی شێوەکاری و دەنگ خۆشی، لەبیرمە ســاڵی ١٩٤٦ بوو، ئەوکــاتە حکوومــەتی عــیــراق بایەخێکی زۆری بە تووتندا بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئاگایان لە ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی کۆماری دیموکراتیی کوردستان لەمەهاباد نەبێ، هەندێک لە بازرگانەکانی تووتن و دەوڵەمەندەکانی کۆیە شەوان دادەنیشتن بۆ یاری پۆکەر، شەوێکیان دوو گۆرانیبێژی کوردستانی ئێران لە مــاڵەکــەی ئێــمــەدا گــۆرانیــیــان دەگــوت، هەر زوو گۆرانییەکانم ئەز بەرکردن و دەمگوتنەوە، جاری واش هەبوو، هونەرمــەندی گــەورە (تایەر تۆفــیــق) گــۆرانی دەگــوت، کــۆیەش ســەرچاوەیەکی دیاری گــۆرانی و دەنگخۆشی بوو، لە بۆنەی تایبەتی گۆرانی دەگوترا، ئەو کەشوهەوایە کارتێکردنی لەسەر من هەبوو، تەنانەت لە پۆلی سێیەمی ناوەندی دەستم کرد بە بلوێر ژەنین، هەر زوو فێری بووم پشوو بخۆمەوەو بلوێر بە چاکی بژەنم، بەڵام باوکم ئەو کــارەی منی پێ ناخــۆش بوو، ناچاری کردم کە وازی لێ بهێنم و دەیگوت: «دەتەوێ ببیت بە چاوەش»، لە بابەت شێــوەکــارییــەوە یەکێک بووم لە قوتابییــە جیاکراوەکان، هەمــوو بەڵگەنامــەکانم دوای دەرچوونم لە پۆلی ســێیــەمی ناوەندی ئامادە کــرد کــە پێــشکەشی «پەیمانگەی هونەرەجــوانەکــان»ی بکەم، دیســانەوە باوکم ڕێگەی پێنەدام و ئەو ســاڵەش، واتە ســــاڵی ١٩٥٣- ١٩٥٤ پۆلی چوارەمی دواناوەندی لەکــۆیە کــرایەوە و دەرگــای چوونم بۆ ئەو پەیمانگەیە بە تەواوەتی لەسەر داخرا. لە بارەی شانۆوە، لە بیرمە لە پۆلی شــەشــەمی ســەرەتایی بووین کــە بەزمــانی ئینگلیزییەکی سادە تەمسلیمان دەکرد، لە قوتابخانەی دواناوەندی لەناوەڕاستی پەنجاکاندا مامۆستایەکی میسریمان هەبوو، ناوی (ولیەم جوندی عیوەز) بوو لەناو دەیان قوتابی کە لە هۆڵی قوتابخانەکەدا کۆی کردنەوە و تاقیکردنەوە بۆ بەشداریکردن لە شانۆگەریی (پیسکەی تەڕپیــر)ی (مــۆلێــر) منی بۆ نواندنی دەوری پیسکەی تەڕپیر هەڵبــژارد و چەند ڕۆژێک پرۆڤەمان لەسەر کرد، بەڵام سیخۆڕێک کە لە پشت پەنجەرەوە خۆی گرتبوو، ڕاپۆرتی نووسیبوو کە شانۆگەرییەکە سیاسییە، بۆیە قەدەغە کرا، هەروەها لەو ماوەیەدا دەوری موعتەسەم بینی لە شانۆگەری (وای موعتەسەم) کە لەوەرگێڕانی (خــالیــد دلێــر و عــەبدولڕەزاق بیــمــار) بوو، جگە لە شانۆگەری (قوتابی و دەورێش) لە نووسینی (بیمار) و من و ئەو دەورەکەمــان بینی. هەروەها بەشداریکردن لە چەندین شانۆگەری دیکە لە هەولێر و شەقڵاوە و کۆیە. دەتوانم بڵــێم لەو مــاوەیەی کــە بەهرەم تێــدا هەبوو دەسەڵاتی گەشەکردنیان لە دەست خۆم نەبوو، بەربەست زۆربوون، ئەوەی کە من دەمویست ئەوە دەرنەچووم، تا لە کۆتاییدا ڕێبازە ئەدەبییەکە بووە قەدەری من، با تۆماس کارلیل هەر بڵێ: من سەرکردەی بەختی خۆم و سەردەری ڕۆحی خۆمم». هەمــوو ئەو بەهرانەم بەلاوە ناو ئەدەب و ڕەخنە نەبێ کــە لەگــەڵ خــوێنــمــدا تێکەڵ بوون و لەو ڕەوشەی کە ئێستا تێیدا دەژیم پەشیمان نیم و هەر بەردەوام دەبم.

**ڕامان:** پرسیارێکی کراوە، حەز دەکەیت لە چ دیاردە و بوارێکی ئەدەبی بدوێت؟

**کەمال غەمبار:** سوپاس بۆ گۆڤاری (ڕامان)ی ئازیز کە بەم شێوەیە و لە درێژترین (دیدار و هەڤپەیڤین)مدا منی بەسەر کردەوە، ئەوەی لە هەگبەکەمدا هەبوو بێ ڕتووش کردن و بە دەستپاکییەوە خستمنە ڕوو.



ئەگەرچی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هێشتا دەرەتانی خوێندن بە زمانی زگماکی بۆ کوردان بە باشی نەڕەخساوە، بەڵام تاکی وشیاری کورد دژی ئەو چارەنووسە لەپێشدا دیاری کراوە دەوەستێت و لە زمانەکەیدا داهێنان دەکات و خزمەت بە دەوڵەمەندکردنی کەلەپوور و فەرهەنگ و زمانەکەی دەکات.
یەکێک لەو گەنجە لە خۆبردووانە کە سەرەڕای نەبوونی هەلومەرجی لەبار بۆ خوێندنی ئەکادیمی ئەدەبی کوردی، توانیویەتی لە پەراوێزی پیشەی بەرگدروویەکەی کە سەرچاوەی بژێوی ژیانی خۆی و بنەماڵەکەیەتی، دەست بداتە قەڵەم و ئەسپی خۆی لە بواری جۆراوجۆری وەک شیعر و چیرۆک و وەرگێڕاندا تاو بدات و بە کۆکردنەوەی وشە پەتییە کوردییەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و دانانی قامووس بەپێی توانا، ئەو کەلەبەرەی زمانی کوردی پڕ بکاتەوە.
ئەمین گەردیگلانی قەڵەمێکی گەنجە سەرەڕای ئەوەی کە ماوەیەکی کورتە هاتۆتە گۆڕەپانی نووسین و داهێنانەوە، توانیویەتی بدرەوشێتەوە و بوونی بەردەوامی هەبێت.
بە مەبەستی زیاتر ناسینی خوێنەرانی ڕامان، وتووێژێکی کورتمان لەگەڵی سازداوە کە دەربڕی هزر و بۆچوونەکانیەتی.

# ئەمین گەردیگلانی:
# وەرگێڕان لەلای زۆر کەس مانا کردنەوەیە، بەڵام لەلای من مانا گەیاندنە

ئا: خەبات ڕەسوولی

* ئێوه وه‌ک وه‌رگێڕێک، به‌پێی چ تایبه‌تمه‌ندییه‌ک، پێویستی وه‌رگێرانی ده‌قێک به‌شیاوی وه‌رگێران بۆ سه‌ر زمانی کوردی ده‌زانن؟

– کاتێک به‌رهه‌مێک ده‌خوێنمه‌وه، چ شیعر بێ، چ چیرۆک بێ یان ڕۆمان بێت، ئه‌گه‌ر له باری ڕۆحییه‌وه له من نزیک بێ و هه‌ستم ببزوێنێ یان زۆر کات که بابه‌تێک ده‌خوێنمه‌وه، پێم وایه ده‌بوایه ئه‌و به‌رهه‌مه به قه‌ڵه‌می من بوایه و من بمنووسیبوایه و له‌گه‌ڵ هه‌ستم هێنده نزیک بێ، له‌و کاته‌دایه که بڕیار ده‌ده‌م ئه‌و بابه‌ته وه‌رگێڕمه سه‌ر زمانی کوردی.

سه‌ره‌تا جارێکی ده‌خوێنمه‌وه، جاری دووه‌م ده‌یخوێنمه‌وه و پاشان ده‌ست ده‌که‌م به وه‌رگێرانی بابه‌ته‌که. به بڕوای من وه‌رگێران دووباره نووسینه‌وه‌ی ده‌قه‌و ئافراندنێکی هونه‌ریی ئه‌و به‌رهه‌مه‌یه به زمانی دووه‌م. وه‌رگێران له ڕوانگه‌ی زۆر که‌سه‌وه ماناکردنه‌وه‌یه، به‌ڵام له‌لای من مانا گه‌یاندنه. کاتێک په‌ره‌گرافێک ده‌خوێنمه‌وه دێنم وای ده‌نووسمه‌وه که کوردێک ئه‌گه‌ر بیویستبایه ئه‌و قسه‌یه بکات وای ده‌نووسێ. وشه به وشه وه‌رگێران کردنی بابه‌تم پێ هه‌ڵه‌یه. به بڕوای من وه‌رگێرانی سه‌رکه‌وتووش ده‌بێ واتایی بێت و ڕسته به ڕسته و وشه به وشه‌ش نه‌بێت.

* ئاسته‌نگه‌کانی وه‌رگێران بۆ سه‌ر زمانی کوردی له چیدا ده‌بینیت؟

– من به‌پێی شاره‌زاییم له زمانی فارسی و به‌پێی ژیانم له ڕۆژهه‌ڵاتی کوردستان ده‌توانم وه‌ڵامی ئه‌و پرسیاره بده‌مه‌وه. ئێمه له‌و دیو به‌هۆی ئه‌وه‌ی که زمانی کوردیمان به‌شێوه‌ی قوتابخانه نه‌خوێندووه، له‌وانه‌یه تووشی زۆر گیروگرفت ببین.

ڕه‌نگبێ نه‌توانین وشه‌ی به‌رامبه‌ر به وشه‌که بدۆزینه‌وه یان ڕه‌نگه هه‌ر نه‌مانبێ، چونکه زمانی کوردی زمانێکی سروشتی و کشتوکاڵییه و که‌متر له بواره‌کانی دیکه‌دا کاری له‌سه‌ر کراوه. تۆ سه‌یرده‌که‌ی بۆ باری سروشتی بۆ هه‌ر وشه‌یه‌ک سه‌دان وشه‌مان هه‌یه، بۆ وێنه بۆ وشه‌ی گه‌رده‌لوول نزیکه‌ی بیست و پێنج دانه وشه‌مان هه‌یه که له فارسیدا ته‌نیا (گردباد) یان هه‌یه.

ئێمه له‌باری وشه‌ی سروشتییه‌وه گرفتمان نییه. بۆ که‌ره‌سته‌کانی کشتوکاڵی به‌ده‌یان ناومان هه‌یه، چونکه ئێمه له‌گه‌ڵ ئه‌وانه ژیاوین و ئه‌وانه له ده‌وروبه‌رمان بوون. ئه‌گه‌ر کۆمه‌ڵگاکه‌مان له‌وه پێشکه‌وتووتر بوایه و شتی زانستیشمان له ده‌وروبه‌ر بوایه به دڵنیاییه‌وه ئێستا ئه‌و وشانه‌شمان ده‌بوو، بۆیه جاری وایه دێینه سه‌ر وه‌رگێرانێک بۆ وشه‌یه‌ک یان بۆ ده‌سته‌واژه‌یه‌ک په‌کت ده‌که‌وێت، ئه‌وه‌ش له‌و هه‌لومه‌رجه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت که کوردو زمانی کوردی تێیدا ژیاوه. بۆ قه‌ره‌بووکردنه‌وه‌ی ئه‌و حاڵه‌ته زۆر جار وه‌رگێڕو نووسه‌ره‌کان دێن بۆ چاره‌سه‌رکردنی ئه‌و گرفته وشه داده‌تاشن، ئه‌و داتاشینانه ئه‌گه‌ر له کانگایه‌کی زانستییه‌وه سه‌رچاوه نه‌گرێت زۆر ناشیرینه‌و پتر زمان ده‌ڕووخێنێت تاکو خزمه‌تی بکات.

بۆ وێنه بۆ ده‌سته‌واژه‌ی (ساختارگرایی) یه‌کێک پێی ده‌ڵێ (داڕشت خوازی) یه‌کێک پێی ده‌ڵێ (پێکهاته خوازی) هه‌زار ناویان بۆ داناوه و هه‌رکه‌س هه‌ڵده‌ستێ له وتاره‌که‌ی خۆیدا به‌شێوه‌یه‌ک ناوی دێنێت.

هیچیشمان ده‌روه‌ستی ئه‌وه نین بزانین چ وشه‌یه‌ک به‌ڕاستی جوانه ته‌نیا که‌ڵک له‌و وه‌ربگرین. هه‌ر که‌سێک وشه‌که‌ی خۆی پێی دروستتره.

* ئه‌و حاڵه‌ته‌ی باسی ده‌که‌ی له چییه‌وه سه‌رچاوه ده‌گرێت؟

– به بڕوای من ئه‌و پاشاگه‌ردانییه له نه‌بوونی ده‌روه‌ستییه‌وه بۆ زمانی زگماکی سه‌رچاوه ده‌گرێت، له پاڵ ئه‌وه‌شدا نه‌بوونی سه‌نته‌رێکی زمانه‌وانی که هه‌موومان له‌ژێر سێبه‌ری خۆیدا کۆبکاته‌وه ده‌بینرێت و هه‌ست پێ ده‌کرێت.

ئه‌گه‌ر فه‌رهه‌نگستانێکمان ببوایه وه‌ک جاران که کۆڕی زانیاری ئه‌وه‌ی به‌باشی به‌ڕێوه ده‌برد، ئێستا ئه‌و ئیشه به‌رده‌وام ببوایه و ئه‌و وشانه‌ی که پسپۆڕانی زمان دایده‌نێن له‌لایه‌ن ڕاگه‌یاندن و په‌روه‌رده‌وه ڕه‌چاو بکرێت پێم وایه وه‌زعه‌که به‌ره‌و باشی ده‌ڕوا.

* ڕوانگه‌ت سه‌باره‌ت به‌و پرۆسه‌ی وه‌رگێڕانه‌ی که هه‌نووکه له ئارا دایه چۆنه؟

– به خۆشییه‌وه ئێستا وه‌رگێران بۆ سه‌ر زمانی کوردی زۆره و هه‌له‌که‌ش بۆ خزمه‌تکردن بۆ زمانی کوردی ڕه‌خساوه. له ڕابردوودا زۆر به چه‌توونی ده‌مانتوانی ته‌نانه‌ت باشترین به‌رهه‌مه‌کانی نه‌ته‌وه‌ییمان چاپ و بڵاو بکه‌ینه‌وه، به‌ڵام ئێستا دۆخه‌که گۆڕاوه. ئێستا له زۆربه‌ی

زمـانەکـانەوە کـورد بۆ سـەرزمـانەکـەی خـۆی وەرگـێـڕان دەکـات، بەڵام بەداخـەوە لە بەرامـبـەر ئەو هەلە زێڕینەدا هەندێک کـەس وەرگـێـڕانیـان کـردۆتە ئـامـرازێک بۆ پەیداکـردنی بژێوی ڕۆژانەیان و دادەنیـشن کـتـێب وەردەگـێڕن بێ ئەوەی ئەو کـتێـبەیان بەدڵ بێ و لەسەر ئەوان کاریگەریی بووبێت. وەرگێڕانێکی وشک و ڕەق و تەق پێشکەش بە جـەمـاوەر دەکـەن لە هەمـوو بارێکەوە گیروگرفت بۆ خۆشیان و بۆ زمانەکە دروست دەکەن.

لێرەشدا نەبوونی سەنتەرێکی فەرمی پسپۆڕ دەبینرێت کـە بەو وەرگـێـڕانانەدا بچـێـتـەوە و نەهـێـڵن وەرگـێـڕاوی خـراپ بێـتـە بازاڕەوە. لێـژنەیەک هەبێ کـە هەڵـیـان سەنگێنێ. ئێستا وەرگێڕانی زۆرو بۆر هێرشی هێناوە و خـەریکە پانتـایی زمـانی کـوردی تێک دەدا، ئەوەش نەتەنیـا خـزمـەت نیـیـە بەڵکو ڕووخـاندنە. ئەوەش لە خـزمـەت زمـانی کـوردیدا نیـیـە، بەڵکو لە خـزمـەت بەرژەوەندی تاکدایە، دیارە ڕێزم بۆ ئەو کەسانە هەیە کە بە دەروەسـتـیـیـەوە وەرگـێـڕان دەکـەن، بەڵام لە پاڵ ئەوانەشەوە کـۆمـەڵێکی زۆر وەرگـێـڕی خـراپ سـەریان هەڵداوە کە بوونەتە (هۆرە)ی زمانی کوردی.

* ئەرکـەکـانی وەرگـێـڕ لەبەرامـبـەر دەق و نووسـەری بابەتەکەدا چییە؟

– بە بڕوای من ئەمانەتدارییە. وانەبێ کە بەرهەمەکەی چاپ کـرد نـاوێک لە نـووسـەرەکـە نەبات یان بە کـەیفی خۆی هەڵکوتێتە سەر نووسەرەکەو چۆنی لێی حاڵی بوو دەقـەکـە وا وەرگـێـڕێتـەوە. ئێـسـتـا دەبینین کـەسـانێک وەرگـێـڕان دەکـەن، دەبینین واژەنـامـەیەک لە پەنا خـۆیان دادەنێن و بەیارمەتی ئەو واژە نامەیەوە وەرگێڕان دەکەن. لە حـاڵێکدا دەبێ وەرگێـڕ بە باشی شـارەزایی لە هەردوو زمانەکەدا هەبێ و ئەگەر کەڵکیش لە واژەنامە وەرگرێت بە دەگمـەن و لە دەقێکی تایبەتدا جێگای گلەیی نییە، بەڵام کـە تۆ بۆ وشـە سـاکـارەکـانیش تووشی گـرفت بووی واتە تۆ ئەو زمـانە نازانی و نابێ وەرگـێڕانی لێـوەبکەی، چونکە ئەوە غـەدرە لە دەق و نووسـەری دەقـەکە. تۆ کە لە واژەنامـە کـەڵکت وەرگـرت، لەوانەیە توشی هەڵەی زۆر زەق بی کە نەزانی، زۆر وشە هەیە چەند مانای هەیە، کە بەپێی زمانەکە و دەقەکە دەبێ باشترین مانای بۆ دابنێن. بۆ وێنە کـابرا دێت لە فـارسـیـیـەوە بۆ کـوردی وەرگـێـڕان دەکـات، تووشی وشـەی (دوبارە) دەبێ کـە بە مـانـای (هەمـیـسـان)ە خـراپ لێی تێـدەگـات و دەنووسێ (دووجـار). یان بە پێـچـەوانەوە کـە فـارس زمـانێک یان فـارسی زانێک بێت لە کوردییەوە بابەتێک بۆ (فارسی) وەرگێڕێت تووشی وشەی (کەروێشکەکردن) دەبێت پێت وایە کـە کـابرا لەگـەڵ زمـانەکـە نەژیابێت چۆنی وەردەگرێتەوە دەیکاتە (خرگوشەکردن) کە تەواو هەڵەیە.

بەسـەدان دەسـتـەواژەی وامـان لە زمـانەکـاندا هەیە، کەوایە دەبێ وەرگێڕ بە باشی لە زمانی دەق و ئەو زمانەی کە دەقەکەی لێ وەردەگێڕێتە سەری شارەزابێ، هەر ئەو هەڵە بەرچاوانەشـە کـە وامـان لێدەکـات تووشی بەرهەم گـەلێکی وەرگـێـڕاو دەبین دەبینین هیچ هەسـتـێکی تێدا نییەو هیچ پەیامێکمان ناداتێ.

هەر ئەوەش دەبێـتـە ئولگوو و نموونە بۆ نووسـەرو شـاعـیـرەکـان و پێـیـان وایە ئەدەبیـات یانی قـسـەی بێ سەرەوبەرە وشتی حەلەق مەلەق کەوا نییەو سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیەش وەرگێڕان و هەڵەکانی ئێستایە.

* ئێـوە بێـجگە لەوەرگـێـڕان شـاعـیـریشن، وەک شاعـیرێک، شیـعر لەلای تۆ چێژە، یان دنیا بینی، یان بەهرە، ئەگـەر هەر یەکـیـانە بە دوور و درێژی لەسـەری بدوێ؟

– شـیـعـر لەلای من هەسـتـێکە. دیارە من هیچ پێناسـەیەکم بۆ شـیـعـر نیـیـەو بە چوارچێـوەیەکی دیاریکراوەوە نایبەستمەوە. بۆ من شیعر هەستێکە کە دەسـتم دەگـرێت بینووسم. من قـەت بیـرم لە فـۆرمی شیعرەکە نەکردۆتەوە بزانم ئەو شیعرە بەغەزەل بیلێم یان بەشیـعـری نوێ بیـلێم بۆ من قـەت ئەوە گرینگ نەبووە، ئەوە شیعرەکەیە کە دەستی من دەگرێت بەچی بینووسم، دەمارگرژیشم سەبارەت بە هیچ چوارچێـوەیەک نەبووە من دەمەوێ جەوهەری شیعر بنووسمەوەو شێواز و قالب و چوارچێوە بەلامەوە زۆر گرینگ نییە.

* ئێوە وەک غـەزەل نووسێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستـان ناسـراون، بەڵام لە وەرگـێـڕانە شـیـعـرییـەکـانتـدا زۆرتر شێوازەکانی دیکە وەردەگێڕییە سەر زمانی کوردی، ئەو جیاوازییە چۆن دەبینی و شی دەکەیتەوە؟

– هەروەک عەرزم کردی شیعر لەلای من چیژ وەرگرتنە لەو شـتـەی کـەوا لە دەروونم دایەو دەسـتم دەگـرێت بۆ

نووسین، بۆ هەڵبژاردنی وەرگێڕانەکانیش هەر ئەوەم لەبەر چاوگرتووە، بەڵام من غەزەلەکانی سیمینی بهبەهانیشم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

من ئەو بەرهەمــەی بە دڵم بێ و کــارم لێ بکات وەردەگێڕمە سەرکوردی، کارم بەوە نییە ئی فرووغە، ئی سۆهراب سـێپـێـهـرییـە، ئی شـاملوویییـە، بەڵام بۆیە نەچوومەتە سەر شیعرە کلاسیکییەکانی وەکو ئی رەهی موعەییری و مەولەوی و حافزو ئەوانە، چونکە پێم وایە ئەوانە بۆ وەرگێڕان نابن، یان دەبێ بەوەزن و قـافـیـیـەی خۆیانەوە وەریان گێڕییەوە کە ئەوکات زۆر سەختە، یان دەبێ وەزن و قـافـیـیـەیان بشکێنی کـە ئەو کـات ئەو تامــوچێــژەی نامــێنێ، بۆیەش من شــانم نەداوەتە بەر وەرگێڕانی شیعری ئەوان.

* شــیـعـری نەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان چۆن دەبینی و دەنگە دیارەکانی ئەو بەشە لە کوردستان کێن؟

– بە خۆشییەوە شاعیری باشمان هەیە نازانم ناویێنم یان نا، ڕەنگبێ ناوی خەڵکانێکم لە بیربچێت و دوایی گلەییم لێ بکەن، بەڵام لەســەروو هەمــوانەوە یوونس ڕەزاییم قـبـوولـە و شـیـعـرەکـانیم پێ جـوانە، فـەرەیدوون ئەرشەدی، مـحەمەد ئەحمەدی (سـامـاڵ)، حەمـە سـاڵح سـوزەنی، زۆر کـەسی دیکەش هەن، بەڵام زۆرجـار هێندە دەگەنە بێ مـانـایی لە شـیـعـردا کـە جـوانی شـیـعـرەکـە فەرامۆش دەکەن. من پێم وایە شیعر دەبێ لەگەڵ ئەوەی کـە لە زمـانـدا جـوانی دەخـولـقـێنێ و جـوانی بە زمـان دەبەخــشــێت دەبێ پەیـامــێـکـیــشی پێ بێت، دەبێ هەستێکی تێدابێ بتجوولێنێ. زۆرکەس شیعر دەنووسێ بەڵام شـیـعـرەکـانیـان وەک ئەوە وایە کـە تۆ لەو دەرگـایە بێـیـە ژووری و لەو دەرگـایە بڕۆیە دەرێ بێ ئەوەی هیچ هەستێکی لەلای تۆ دروست کردبێت.

* نەوەی نـوێ لەشـیـعـری ڕۆژهەڵات چۆن پۆلێن بەندی دەکرێت، شـاعـیـرانی ئەوڕۆ چ جـیـاوازییـەکـیـان لەگـەڵ شاعیرانی ڕابردوودا هەیە؟

– ئەگـەر لە شـاعـیـرانی کـلاسـیکەوە پێـدابێین دوا شـاعـیـرانێکی وەک هەژار و هێمن، شـاعـیـرانێکی وەکو سـوارە ئێلخـانی زادەو چاوەو فـاتیح شـێخ ئیسـلامی و قـاسم مـوئەیەد زادە (هەڵۆ)، جـەلال مـەلـەکشـا سـەریان هەڵداوە.

* ئەو دابەشکردنە بەپێی فـۆرمــە، یان خــود بەپێی ناوەڕۆکە یان بەپێی کات؟

– هەم کاتە، هەم فۆرمە، کاتێک سوارە دێت و دەست دەکـات بە نووسـینی شـیـعـری نوێ بە جـۆرێک لاسـایی نیـمـایوشیج دەکاتەوە (لەسەر کێشی عـەرووزی تەویل) لەسەر وەزنی هیجایی نییە وەک شیعرەکانی (شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو)ە، بەڵکو لەسەر وەزنێکە کە نیـمـا ئەو جـۆرە نووسـینەی لەشـیـعـری فـارسـیـدا دەست پێکرد لە دوای ئەوانیش جەلال مـەلەکشـا و (هەڵۆ)ش هەر لەژێر کـارتێکەریی سـوارە ئیلخـانی زادە دان، بەڵام دواتر جـەلال مـەلەکـشـاو ئەوانی دیکە بە خـوێندنەوەی بەرهەمـەکـانی باشـووری کـوردسـتـان، ڕێچکەیەکی نوێ دەگرنەبەر. پاشان دواتر مارف ئاغایی توانی شۆڕشێک لە شـیـعـری کـوردی ڕۆژهەڵاتدا دروست بکات. پاشـان دوای ئەویش یوونس ڕەزایی و مــحــەمــەد ئەحــمــەدی (سامـاڵ) و فەریدوون ئەرشەدی و کامبیز کەریمی و حەمە سـاڵح سـوزەنی کـە خـۆیان ناو نابوو بەرەی چوارەم یان شەپۆلی چوارەم کە خۆیان جیاکردەوە. لە دوای ئەوانیش ڕەزا عـەلی پوور و بەیان عـەزیزی و محەمەد مۆفـەقی و تاقمێک لەوانەی کە ئێستا ناویانم لەبیر نییە، ئەمانەش خۆیان لە تاقمەکەی دیکە جیا کردەوە و هاتنە سەر جۆرە نووسینێک، جۆرە فۆرمێک کە تەنیا ڕەنگە هەر بەخۆیان تێی بگەن. ئێستا کێشەی ئەوە لەنێو خوێنەرانی کورد دا هەیە کە چێـژ لەو جـۆرە نووسـینانە وەرناگـرن، تەنانەت نووسەرەکانیش ڕەنگە چێژی لێ وەرنەگرن. جا دەقێک کە چێژی تێدا نەبوو نازانم بۆ دەبێ بنووسرێ.

* باسی کـاریگـەریی ئەدەبی باشـوورت لەسـەر ئەدەبی ڕۆژهەڵات کرد، ئایا ئەو کاریگەرییە هەر ماوە یان ئێستا کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی فارسی یان توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بپارێزن؟

– ئێـستـا کەسێکی وەک یوونس ڕەزایی–مـان هەیە، ڕەنگە ئەویش لەژێر کارتێکەریی زمانی فـارسـیـدا بێت، بەڵام دیســان توانیــویەتی دەنگێکی ســەربەخــۆ بێت، بەداخـەوە تاقـمێکیش بەشـوێن شـێـوازێک کـەوتوون کـە لاسـایی فـارسـەکـان دەکـەنەوە. فـارسـەکـانیش لاسـایی ڕۆژئاواییـەکـان دەکـەنەوە، بێـجگە لەوە کـوردەکـان بەزۆر وەرگــێــڕاوی هەڵە لەگــەڵ ئەدەبی ڕۆژئـاوا ئاشنابوون و

هەروەک لە پێشدا عەرزم کردن بەو شێوازەش شیعر دەڵێین. لە ڕووی کارتێکەریی وەرگێڕانی هەڵەوە بێ و شیعر بنووسن نازانم چی لێ دەردێ.

* خەڵکانێک هەن دەڵێین: (سەردەمی شیعر بەسەر چووەو شیعر باوی نەماوە)، چۆن دەتوانی بەرگری لە شیعر بکەی و بەرپەرچی ئەم قسەیە بدەیتەوە؟

– من حەق بەو خوێنەرانە دەدەم، چونکە هیچ چێژێک لە شیعری ئەمڕۆدا نەماوە دەستیان بگرێ و بیان هەژێنێ و تێکەڵ بە خۆیانی بکات بۆیە وا دەڵێین. دواییش شاعیری زۆرو بۆر زۆرە کە بابەتەکانیان بەسانایی چاپ و بڵاو دەبێتەوە. دیواری شیعر هێندە کورتە هەر کەس هەستا پێیدا هەڵدەگەڕێ، هەر ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک لە شیعر ماندوو بێ و هەست بەشەکەتی بکەن.

* پرۆسەی نووسین تا چەندە بە دۆخی ژیانی نووسەرەوە گرێدراوە و کاریگەریی بارودۆخ لەسەر نووسەر و قەڵەم بەدەست بە بڕوای ئێوە تاچەندەیە؟

– بە بڕوای من دەق ژیاننامەی نووسەرەکە دەنووسێتەوە، تاڵ بەتاڵ و دڵۆپ بە دڵۆپی وجوودی خۆبەتی دەیخاتە سەر کاغەزو دەینووسێتەوە. کاتێک قارەمانێک دەخولقێنێ لە بنەڕەتدا قارەمانەکە بەخۆیەتی. پێم وایە نووسراوەی هەر ئەدیبێک بە ڕۆحی خۆیەوە بەندە.

* بە بڕوای ئێوە ئەدیب لەژێر کاریگەریی دەوروبەری دایە؟

– لەژێر کاریگەریی دەروبەرو وجوودی خۆی دایە. هەرچەندە کۆمەڵ کاریگەریی کردبێتە سەر قەڵەم بەدەست، ئەوەندەش ئەو لە بەرهەمەکەیدا دەیدەڵێنێ. وەک جەرەیەک وایە کە دەوروبەرو وجوودی نووسەر ئاوەکەیەو بەرهەمەکەش ئەو دەڵاندنەیە.

* کەسانێک دەڵێن لە وەرگێڕاندا ئەفسوونی زمان دەمرێ، ئێوە کە لە بواری وەرگێڕانی شیعریشدا کاردەکەن ئەو حاڵەتە چۆن پێناسە دەکەن؟

– من لەسەر ئەو بڕوایە نیم کە بە وەرگێڕان شیعر بمرێ، کاتێک شیعر دەمرێ کە تۆ بەڕۆحەوە تێکەڵ وەرگێڕانەکە نەبووبێتی، لەواقیعدا وەرگێڕانی خراپە کە شیعر دەکوژێت. تۆ کە سەبارەت بە دەق دەروەست نەبووی و لەبەر بەرژەوەندییەک وەرت گێڕابێتە سەر زمانی دووەم وەک (ناوبانگ) و بۆ پارە پەیداکردن ئەوکاتەیە شیعر دەمرێ.

* شاری بۆکان لەزۆربەی بوارەکانی هزری و هونەری و ئەدەبیدا شارێکە خاوەن هونەر، ئەو کۆبوونەوە هونەرییە چۆن لەشارێکدا هەڵدەسەنگێنی و هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێنییەوە؟

– بە بڕوای من زۆر هۆکاری ڕامیاری و مێژوویی و شارنشینی لە پشت ئەو دیاردەیەوە خۆ دەنوێنێ کە شیکردنەوەی ئەو باسە لە باسە سەرەکییەکەمان دوور دەخاتەوە. دەبینین ئەوشارە بۆتە هۆی سەرچاوەی زۆر هونەری کوردی لە ڕۆژهەڵات و چوارپارچەی کوردستان بۆ وێنە یەکەم ڕۆمانی کوردی لەوێ دەنووسرێ. یەکەم چیرۆکی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر سەر بەو شارەیە، یەکەم شاعیرێک کە بەشێوازی نوێ شیعر دەنووسێ هەر خەڵکی ئەم شارەیەو... تاد.

* گۆڤاری ڕامان دەمێکە توانیوویەتی ساباتێکی پڕ دەسکەوت بێ بۆ قەڵەم بەدەستەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بڕوای ئێوە کاریگەریی ڕامان لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەدەب و هونەر لەو دیوەی کوردستان تا چ ڕادەیەکەو چۆنە؟ یان دەبێ چ بکرێت تاکو پردی پێوەندی ڕۆشنبری لەنێوان ئەو دوو پارچەیەی کوردستاندا قایمتر بکرێت؟

– گۆڤاری ڕامان لە سەرەتای دەست پێکردنییەوە بەردەوام بەدەست نووسەرانی ئەودیو گەیشتووە. جاری وابووە بە کەمی گەیشتووە، جاری وابووە زۆرباش پێمان گەیشتووە، بەڵام بەگشتی بەتامو چێژەوە لە یەکتریان وەرگرتووە و خوێندوویانەتەوە. ڕامان بەخۆشییەوە لەباری ناوەرۆک و فۆرمەوە جار لەگەڵ جار جوانترو بەهێزتر بووەو دانەبەزیوە. لەبارەی خزمەت کردنیشییەوە تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ ڕۆحی قەڵەم بەدەستان سازگار بووەو توانیویەتی ببێتە پردێکی پێوەندی باش بۆ هەردوولامان. ڕامان گۆڤارێکی گەورەیەو زۆر بوار دەگرێتە خۆی و بەشی هەموو کەسێکی تێدایە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە تاڕادەیەکی زۆر خزمەتی بە ڕۆشنبیری هەو دووپارچەکەی کوردستان کردبێت.

* چ ڕەخنەو پێشنیارێکت بۆ باشترکردنی گۆڤاری ڕامان هەیە؟

– بە دڵنیاییەوە ڕۆڵی ڕامان لەبەرەو پێشەوە بردنی ئەدەبی گشتی کوردی زۆر و پڕ دەسکەوتە، بۆ وێنە ئێمە لەو دیو تەنیا گۆڤارێکمان هەیە کە ئەویش (مەهابادە) (سروە) ئێستا بە چوار مانگ، پێنج مانگ ژمارەیەکی بڵاو نابێتەوە، هەروەک ئەوە وایە بڵێین نییە. (مەهاباد)یش ناتوانێ وەڵام دەرەوەی ئەو هەموو قەڵەم بەدەستە بێت. بەدڵنیاییەوە لە پارچەکانی دیکەش ئەو کێشەیە هەیە.

ڕامان دەبێ لەوە زیاتر سینگی بۆ بابەتی پارچەکانی دیکە ئاوەڵا بکات. ڕامان ڕۆڵ و ئەرکێکی مێژوویی لە ئەستۆ گرتووە.

* بۆ پەرەپێدان و قایمترکردنی پێوەندی ڕۆشنبیری ئەو دووپارچەیە بەگشتی بەبڕوای ئێوە چی بکرێت باشە؟

– ئەگەر بکرێت تەواوی گۆڤارەکانی هەرێمی کوردستان بتوانن بەشێوەیەکی فەرمی و نافەرمی بگاتە ئەودیو و بڵاو بکرێنەوە دەتوانن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوەو ببنە لەمپەرێکیش بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی زمان و کولتووری بێگانەکان بۆ سەر زمان وکولتووری کوردی. ئێستا پۆست کردن لەلای ئێمە باشترین ڕێگایە کە دەکرێت بەرهەمەکانی ئێرە بگەیەنرێتە دەستی قەڵەم بە دەستەکانی ئەودیو، ئەو کارەش بەسانایی جێبەجێ دەکرێت. یان کتێب فرۆشی شارەکان دەتوانن ببنە پردێکی باش بۆ ئەو ئەرکە پیرۆزە، بەڵام لە بڵاوکردنەوەدا دەبێ خوێنەری ئاساییش لەبەرچاو بگیرێت و ڕێگەیەک بۆ گەیشتنی بڵاوکراوەکان بەدەستی ئەوان بدۆزرێتەوە.

* ئێوە ماوەیەکی زۆرە لەسەر فەرهەنگۆک و ڕێزمان و ڕێنووسی کوردی کاردەکەن، دۆخی ئێستای زمانی ڕۆژنامەنووسی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنی و بۆ باشترکردنی ئەو دۆخە چ پێشنیارێکتان هەیە؟

– بە بڕوای من دەبێ ئێمە زمانێکی یەکگرتوو هەڵبژێرین، چ لەباری ڕێزمانەوە چ لە باری جوانیناسییەکانی ڕێزمانەوە. دەبێ زمانێک بگرینە پێش تەواوی ڕاگەیاندن و پەروەردە لەسەری ساخ ببنەوە، ئەوەش کاری کۆڕێکی زانیارییە. ڕێزمان سەرچاوەی زمانە. بۆ نموونە زمانی فارسی کە دەبینن بەردەوام ڕوو لە گەشەیە هۆکارە سەرەکییەکەی چاکسازی ڕێزمانەکەیانە کە لە هەموو لایەکەوە خۆیان پێوە خەریک کردووە.

ئێمەش دەبێ بەشێوەیەکی جیدی دەست پێبکەین. ئەو پاشاگەردانییە دەبێ تەواو بێت، دەنا ماڵمان کاول دەکات. لە نووسین بۆژۆمان دەکات.

* ڕۆژنامەنووسی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چ ئاستێک دایەو تا چەندە توانیویەتی قەڵەمە ڕەسەنەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە؟

– بەخۆشییەوە ئێستا بزاڤێکی باش لە ئارادایە، هەرچەند کۆت و بەندو داخرانی زۆربەی گۆڤارو ڕۆژنامەکان لە کاتێکدا کە خەریکن وردە وردە گەشە بکەن زۆرە. ئێستا لەوێ (ڕۆژهەڵات) دەردەچێ، (پەیام کوردستان) دەردەچێ، (سیروان) دەردەچێ و... زۆر گۆڤار لەودیو دەبینرێت کە جێگای دڵخۆشی و دەست خۆشانەیە کە هەر کامیان تاقمێکی لە نووسەران بە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە کە تێیدا بەرهەم بڵاودەکەنەوە. بۆ گۆڤاریش ئەوە (سروە) و (مەهاباد) هەن کە هیوادارم (سروە)ش وەکو جاران بگەشێتەوەو لەو قەیرانەی ئێستا تێێ کەوتووە خۆی دەرباز بکات.

* ئایا بڕوات بە جیاکردنەوەی شاعیر لە شیعرو نووسەر لەبەرهەم هەیە؟ ئەگەرنا، چۆن ئەو دوانە لێک گرێ دەدەیتەوە؟

– من لەسەر ئەو بڕوایەم کە دەق تا کاتێک بڵاو نەبۆتەوە هی نووسەرە، پاشان لەو جیایە و بەخۆی دەژی و سەربەستەو پێویست بە ڕاڤەی نووسەر ناکات و بەخۆی دەقەکە بەرگری لەخۆی دەکات.

* داهێنان یانی چی؟ ئایا داهێنەر هاوکات ڕووخێنەرە، یان دروستکەر و پڕکەرەوەی بۆشاییەکانی زمان و کولتوورە یان بە جیاوازی دەبینی؟

– هەر قوتابخانەیەک کە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا دەست پێدەکات، لەسەر بنەمای ئەدەبی ڕابردوو و بەرەخنەو چاکسازی لەوانەوە پەرە بەکاری خۆی دەدات. ڕووخاندنی پشت سەر، واتە لەناوبردنی شوناسی خۆتە. داهێنان یانی کامڵ کردنی ڕابردوو بە باشترین شێوەی گونجاو.

قەت ڕووخاندنی قەڵەم بەدەستانی بەر لە خۆت تۆ گەورە ناکات و پێی گەورەنابی و بەوەش ناڵێین داهێنان. سووک کردنی خەڵک هونەر نییە. پەرەپێدان؛ هونەرو داهێنان و ڕووخاندنی هەڵە، سێ شتی لێک جیاوازن. هونەر وەک زنجیر وایە پێکەوە وەسڵە، تۆ بتەوێ لە

ئەدەبی نوێی کـــوردی تێــبگەی دەبێ ئاگــاداری ئەدەبی کلاسیک بی. هەر چەندە لە ئەدەبی کوردیدا هەڵکەوتەکە جــۆرێکی دیکەیە، واتە ئێـــمــە بەر لە کـــلاســـیــک، بەیتــەکــانمان هەیە کـە زۆر لە شـیــعــری نوێ نزیکە بە جۆرێک کە دەکرێ بڵێین شیعری نوێ درێژەی بەیتە کە کانگاکەی لە کـولتووری کـوردییـەوە هەڵقوولاوە. تۆ کە سـەیری (بەهارە)و (پاییــزە)و (گــەلۆ) دەکـەی هەست دەکەی ئەمـانە بەپێی سـەردەمی خۆیان شیـعـری نوێن. حەیرانیش هەروەها. من پێم وایە شـیـعـری کـلاسیـک لەلای کورد تازەترە تا شیعری نوێ.

* ئەرکی ڕەخنە لە ئەدەب و هونەری کـــوردیدا لە چ ئاستێکدا دەبینی و تا چەندە توانیویەتی لەبەرەو پێشەوە بردنی ئەو ڕەوڕەوەیەدا سەرکەوتوو بێ؟

– ڕەخنە لە باشووری کوردستان باشتر گەشەی کردووەو بەخۆشییەوە زۆرە، بەڵام لەلای ئێمە تازە خەریکە گەشە دەکات کەسانێکی وەکو عەبدولخالق یەعقووبی و عەلی قاسمی و عـومەر مەحەمەدی و ڕەهبـەر مەحموود زادەو ئەوانە هاتوون شــەپۆلێکیــان لە بواری ڕەخنەدا وەڕێ خســتووە کە جێگای هیـواو دڵخـۆشییـە بۆ داهاتووی ئەدەبەکەمان. ئەگەر بەدروستییەوە ڕەخنەگر ئاوڕ لە دەق بداتەوەو نان بە قـەرزدان لە گـۆڕێدا نەبێ، هیــوام زۆرتر دەبێ بە بەرەو پێـشـەوە چوونی دەقـە باشـەکـان، چونکە ڕەخنە لەواقیـعدا سـەر لەنوێ بەرهەم هێنانەوەی دەقە. ڕەخنەگـر، نووسـەر بە خـەڵک دەناسـێنێ و بەردەنگی ڕاســتــەقــینەی بەرهەم ئەوە. ڕەخنە دەروازەی دەقـــە بۆ ناســاندنی بەخـوێنەر. ڕەخنە سنووری دەقی، بەهێـــز و لاوازە.

* ڕۆڵی ئەنجــوومـەنە ئەدەبیـــیـەکــان لەسـەر ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتـان تا چەندەیەو ئایا تێپەڕبوونی کات ئەو ڕۆڵەی لێ نەستاندوونەتەوە؟ بەگشـتی ئێـستـا لە چ ئاسـتێکدا کـار دەکەن، بەتایبـەتی ئەنجـوومـەنی ئەدەبی بۆکان چۆن دەبینی؟

– ئەنجـوومەنە ئەدەبییـەکان زۆرتر لەساڵی ١٣٧٢وە دەسـتـیـان بە کارکـردووە، بەتایبـەت ئەنجـوومـەنی ئەدەبی بۆکان لەساڵی ١٣٧٣وە دەستی بەکارکردووە.

لەسەرەتاوە زۆر نووسەرو شاعیر لەوێوە هەڵقـوڵێن و بووە هۆی پێـوەندی قـەڵەم بەدەســتـــانی شــارەکـــانی کوردستان پێکەوە. بە بڕوای من خزمەتی باشیان کردووە بە ئەدەبی کـوردی لەو پارچەیەی کـوردسـتـاندا. ئێـمـە بە هۆی ئەنجـوومـەنەکـانەوە بووینە بنەمـاڵەیەکی ئەدەبی، لە کـاتێکدا پێـشـتـر لە شـارێکیـشـدا یەکـترمـان نەدەناسی، بەڵام بەداخـەوە ئەمــڕۆکـە کـەمـێـک دووبەرەکی و تاقم خـوازی کـەوتۆتە نیـو ئەنجـوومـەنەکـان، ئەوەش بۆتە هۆی لاوازبوونیــان. ئەنجــوومـەنی بۆکـانیـش هەر تووشی ئەو قەیرانە بووە.

* لە کۆتاییدا ئەگەر قسەیەکی تایبەتیت مابێ؟

– سـوپاسی گۆڤـاری ڕامـان دەکەم بۆ ڕەخسـاندنی ئەو دەرفــەتەو لێــرەوەش بە دەرفــەت دەزانم داوا لە قــەڵەم بەدەستـەکان بکەم کە بەهانای زمانەکەمانەوە بێن و لەو پاشاگەردانییە ڕزگاری بکەن و ئامانجمان خزمەت کردن بێت. هیوام بینینی گەشەی بەردەوامی زمانی کوردییە.

**– ئەمین گـــەردیگلانی لە ســـاڵی ١٩٧٠ لە ئاوایی گـەردیگلان سـەر بە شـاری بۆکـان لە ڕۆژهەڵاتی کـوردسـتــان لەدایک بووە. تا ئێستا ئەو کتێبانەی پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کردووە:**

**١– تاپۆی وەرزێکی سەوز ١٩٩٧**

**٢– شەوەژانی ئەستێرەیەک ٢٠٠١**

**٣– مـەرگـە خـەون ٢٠٠٣، کـە ئەو کـتـێـبـانە کـۆمـەڵە شیعرێکی عەرووزی و ئازاد لەخۆ دەگرێت.**

**– ئەمین گـەردیکلانی بێـجگە لە شـیـعـر بەشـێـوەیەکی بەردەوام کـاری لەسەر کۆکردنەوەی وشەو قـامووسی کـوردی و نووسینی چیرۆک و وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی کردووە. ئەو کتێبانەی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:**

**١– دیســان لەو شـەقـامـانەوە، نووسـینی بیـژەن نەجـدی، ٢٠٠٦.**

**٢– تەپڵی ئاور، نووسینی کۆمەڵێک چیرۆکنووسی بیانی، ٢٠٠٦**

**– بەشـێـوەیەکی بەردەوام هاوکـاری و چالاکی ئەدەبی لە گــۆڤــارەکـــانی ڕامـــان، ئاینده، ســەردەم، ســروە، ئاوێنە، مەهاباد–دا درێژە پێداوە.**

# فەلسەفەی سپی و حەقیقەتی سێیەم

خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی
«شاری مۆسیقارە سپییەکان»

**محەمەد ڕەحیمیان**
**(تیکاب)**

**«هەمـوو تێکسـتـێکی گـەورە هەمـیـشـە کـۆمـەڵێک دوژمنی گەمژەی هەیە»**
**(عەلی شەرەفیار)**

بە دوای «مـــەرگی تاقـــانەی دووەم»، «ئێـــوارەی پەروانە»، «دواهەمین هەناری دنیا»، «شاری مۆسیقارە سپییەکان» چوارەمین ڕۆمانی «بەختیار عەلی»یە کە لە نێـوان واقـیع و خـەیاڵدا، جیـهـانێکی دەرهەسـتی بە شێوازی «ڕیالیزمی جادوویی» پێ تاقی کراوەتەوە.

«شاری مۆسیقارە سپییەکان» لە ساڵی ١٩٩٨ لە فرۆکەخانەی «سخێپهۆڵ»ی ئەڵمانەوە بە دەرکەوتنی تەجەللی ئاسای کەسێک بەناوی «شارۆخی شارۆخ» لە «عـەلی شـەرەفـیـار» کـە نـووسـەرێکی کـوردە و دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دەس پێ دەکات و لە قەوارەی پێنج کتێبدا تا ٦٢٥ لاپەڕە بەردەوام دەبێ.

لە کتێبی یەکەمدا «عەلی شەرەفیار» ڕاسپەردەکەی «شـارۆخی شـارۆخ» کـە فلووتێکی ئەفـسـووناوییـە لە کـوردسـتـان دەگـەیەنێـتـە کـچـێک بە نێـوی «ڕەوشـەنی مسـتـەفـای سـەقـزی» و ئەمجا لەگەڵ «جەلادەتی کۆتر» کەسی سەرەکی ڕۆمانەکە ئاشنا دەبێ و داوای لێ دەکرێ کە ژیانی «جەلادەت» بە شێوەی ڕۆمان بنووسێتەوە. «عـەلی شـەرەفـیـار» کـە خـۆی وەک باشـتـرین نووسـەری زەمـانـە لەلایەن خـەڵک، پێـمـان دەناسـێنێ داخـوازی «ڕەوشەنی مستەفا» و «جەلادەت» بە چەند مەرجێک دەسـەلمێنی و دەس دەکـا بە گـێـڕانەوەی حـیکـایەتی «جەلادەتی کـۆتر». ئەم بەشە تا ونبـوونی جەلادەت لە شارێکی خەیاڵیدا، بە حیکایەتخوانی «عەلی شەرەفیار»

و بە شێوەی سێیەم کەسی تاک دەگێڕدرێتەوە.

کتێبی دووەم لە سێ بەشدا لەلایەن خودی «جەلادەت»ەوە بە شێوەی یەکەم کەسی تاک ڕیوایەت دەکرێ و هەر لەم بەشەدا «نەقیب سامیری بابلی» کە جەللادێکی بەعسییە ژیانی خۆی لە زمانی خۆیەوە بۆ «جەلادەت» دەگێڕێتەوە. لە کتێبی سێیەمدا «عەلی شەرەفیار» چیرۆکەکە لە «جەلادەتی کۆتر» دەگرێت و لە گۆشەنیگای سێیەم کەسی تاکەوە، لە سێ بەشدا بۆمانی دەگێڕێتەوە.

وەگێڕ یان با بڵێین حیکایەتخوانی کتێبی چوارەم «عەلی شەرەفیار» و «جەلادەتی کۆتر»ن. ئەم بەشە لەوێوە دەس پێ دەکا کە «شەرەفیار» و «ڕەوشەنی مستەفا» لە هۆتێلێکی سووتاو و وێراندا دەچن بۆ لای «جەلادەت». ئەمە چاو پێ کەوتنە ئەو بەڵێنەیە کە «عەلی شەرەفیار» لە لاپەڕەی ١٢ی ڕۆمانەکەدا پێی دابووین کە دوایی باسی ئەم چاو پێ کەوتنەمان بۆ بکات. ئەمە دەوامی زەمانی ئێستای ئەو کاتەیە کە «عەلی شەرەفیار» ڕۆمانەکەی، یان با بڵێین بیرەوەریەکەی خۆی لە فرۆکەخانەی «سخێپهۆڵ»وە دەس پێ کرد. «شەرەفیار» لێرەوە چیرۆکەکە دەداتەوە بەدەستی «جەلادەتی کۆتر» و خۆی گوتەنی بە شێوەیەکی فێلزانانە ماڵئاواییمان لێ دەکات و «جەلادەت» بۆ خۆی کتێبی چوارەممان لە سێ بەشدا بۆ دەگێڕێتەوە.

دوایین کتێب دیسان لەلایەن «عەلی شەرەفیار»ە وە دەگێڕدرێتەوە کە ماڵئاوایی لە قەقنەس دەکا و ڕۆمانەکە کۆتایی پێ دێ.

## ١- فۆرمی ڕیوایەت

«شاری مۆسیقارە سپییەکان»، بەرهەمی بیرەوەری نووسەرێکە کە ڕۆژێک لە فرۆکەخانەدا لەگەڵ گەنجێکی سپی پۆش ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە هەڵسوکەوتی زۆر ئاسایی ناچێت و پاش ڕاسپاردەیەک بە نووسەر (عەلی شەرەفیار) کتوپڕ غەیب دەبێت و دوایی نووسەر ئەو یادداشتانەی کە جەلادەت لە ژیانی خۆی بەجێی هێشتووە دەکات بە ڕۆمانێک. گەرچی نووسەر وردە وردە تێکەڵ بە کات و ساتی ڕۆمانەکە دەبێت، بەڵام شێوازی ڕیوایەتەکە لێمانی دەردەخا کە ئەوی دەگێڕدرێتەوە جیهانێکە کە لە سەر بیرەوەرییەک خولقاوە، واتە نووسەر لە یەکەم دێڕەوە دەزانێ کە سەر و بنی ڕووداوەکان چییە. شێوەی گێڕانەوەی حەکایەتەکەش ئەوەمان لێ ڕوون دەکاتەوە: «... دەبێت لە نەقیب سامیری بابلییەوە دەس پێبکەم. ئەو پیاوەی چەند ساڵێک دواتر من بە دیلی بەرەو شارەکەی خۆم.. خستمە پێش خۆم» (ل٦٥)، «... کە جەلادەت چیرۆکەکەی بۆ دەخوێنمەوە، مژی لە جگەرەکەی دەدا و وای دەکوت» (ل٢٨٤)، «ساڵانێک دواتر کە لە پێشی ماشێنەکەمدا دادەنیشت، بێ ئەوەی هیچ لە شوفێری بزانێت..» (ل٢٩٥)، «ئەوە یەکەمین و دواهەمین ماچی ژیانی بوو..»، «ساڵانێک بە منی دەگوت.. عەلی شەرەفیار سەیرم بکە..» (ل٣١٦)، «ئەو کاتەی لەگەڵ ڕەوشەنی مستەفا سەقزیدا چووین بۆ لای لە ژوورێکی سارد و.. دەژیان» (ل٣٢٠)، «من دوای تێڕوانینێکی ورد لە هەموو ئەو کاغەز و دەستنووسانەی جەلادەت خستیە بەردەستم...» (ل٣٤١). ئەم ڕستانە بەینابەین وەبیرمانی دێننەوە کە ئەمەی کە دەیخوێننەوە بیرەوەرییەکە کە ڕووی داوە و کۆتایی پێ هاتووە و وەگێڕێکی هەموو شتزان بۆمانی دەگێڕێتەوە. واتە ئەمانە بیرەوەرییەکانی نووسەرێکی ئاگادار بە شێوازی ڕۆمانەکە بە هەڵکەفت تووشی چارەنووسی «جەلادەتی کۆتر» دەبێت و قەدەر وایە کە ببێتە حیکاتخوانی ژیانی «جەلادەت». خوێنەر لە باری فۆرمەوە لەگەڵ گێڕانەوەی جیهانێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە هەموو شتێک لەوێدا ڕووی داوە و کۆتایی پێ هاتووە. قەدەری کەسەکان هەر ئەوەیە کە لە بیرەوەری و دەستنووسەکاندا گونجاوە.

**ئەم فۆرمە لە چەند لایەنەوە سەرنج ڕاکێشە:**

١-١. دەرخستنی ماهییەتی ڕیوایی بابەتەکە. بە ئاماژە بە یادداشت و دەسنووسەکان و بیرەوەری بوونی بابەتەکە، پێ داگری لەسەر ئەوە دەکرێ کە «شەرەفیار» وەک بگێڕێک، کاری گێڕانەوەی ڕووداوەکانە و هیچی تر.

١-٢. دەربڕینی مەودای نێوان ڕووداو وەک یادداشت یان وەک ڕۆمان (قەوارەی ئێستاتیکی ڕووداو). خۆیاکردنی ئەو واقعە هونەرییە کە هەر ڕووداوێک گەرچی زۆر گرنگ و سەرسوڕهێنەر یان موعجیزەش بێت تا قەوارەی هونەری بە خۆوە نەگرێ دەفەوتێ.

١-٣. هاوتەریبی قەوارەی ڕۆمانەکە لەگەڵ ناوەرۆکەکەی. لە ناوەرۆکی ڕۆماندا جیهانێکی

متافیزیکاڵ دەخولقێ. ئەو جیهانەی کە بەسەر چارەنووسی مرۆڤ پەلی داکێشاوە و مرۆڤ بێجگە لە گێڕانەوەی ئەو قەدەرە بە ئاکار و کرداری خۆی دەرەتانێکی تری پێ شک نایەت. لە فۆرمی ڕۆمانەکەشدا جیهانێک کە دەگێڕدرێتەوە پێشتر خولقاوە و تۆ چارەیەکت بێجگە لە سەلماندنی کەسەکان و ڕووداوەکان نییە. جیهانێک کە لەگەڵی ڕووبەڕووی دەبیتەوە ئەو جیهانە ڕیواییە نییە کە لەگەڵ کات و زەمەن بیچم بگرێتە خۆی، بەڵکو جیهانێکە پێش خولقاو لە بەردەمتدا کە دەبێ ئاوا کە هەیە بیسەلمێنی. ڕەنگە ئەم تەبابوونەی ناوەرۆک و فۆرم لایەنێکی سەرکەوتووانەی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» بێت، بەڵام خەسارێکی گەورەی لێ کەوتووەتەوە ئەویش ئەوەیە کە کەسایەتی «جەلادەتی کۆتر» نەک بەپێی دینامیکی ڕیوایی و ڕەوشتی ڕۆمانەکە، بەڵکو بەپێی ویستی نووسەر کە بە فێڵەوە خۆی لە داڵدەی یاداشتەکانی «جەلادەتی کۆتر» پەنا داوە، بچم دەگرێ.

١-٤. زانایەتی گشتی وەگێڕ سەبارەت بە ڕووداوەکان. وەک چۆن بگێڕی بیرەوەرییەک پێش گێڕانەوەی بیرەوەرییەکەی ئاگاداری ڕووداوەکانە و هەموو لایەنەکانی دەناسێ، بگێڕی ڕۆمان پێش ئاگاییەکی لانی کەم لە دارِشتنی سەرەتایی حەکایەتەکەی خۆی هەیە.

١-٥. نزیک بوونەوە لە شێوە گێڕانەوەی حەقایەتی فۆلکلۆری کوردی. حەقایەتخوانی حەقایەتە کوردییەکان لە کاتی گێڕانەوەی حەقایەتەکە جاری وایە لە پەلە و خولیای بیسەری حەقایەت سەبارەت بە چۆنیەتی داهاتوو و چارەنووسی کەسەکان تێ دەگا و بەڵێنیان دەداتێ کە لە داهاتوودا هەموو شتێکیان بۆ دەگێڕێتەوە: «هێشتا زۆر زووە چیرۆکی چاو پێ کەوتنی خۆم و جەلادەتی کۆترتان بۆ باس بکەم، کە جۆرێک لە جۆرەکان دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەم ڕۆمانەوە». (ل١٢)

١-٦. پاساوێک بۆ تێکەڵاوکردنی خەیاڵ و واقیع لە گێڕانەوەی یاداشتەکاندا. بەردە بناخەی ڕۆمانەکە بەوە دانراوە کە یادداشتێک یان با بڵێین ژیانێک بکرێتە ڕۆمان بە لەبەرچاو گرتنی مەودای نێوان یاداشتێکی بێوەری لە خەسڵەتی هونەر و ڕۆمانێک کە لە دۆخێکی ئەستەتیکی لە پانتایی زماندا دەخولقێ. «نووسینی کتێبێک شتێکە و گێڕانەوەی یاداشت شتێکی ترە.. من عەلی شەرەفیارم، کەسێکم بەهرەی نووسینم تێدایە، چیرۆکیش مانای ئەوەیە بڕێک لە حەقیقەت دوور بکەوێتەوە» (٣٢٣) کێشەی حەقیقەت و خەیاڵ و پێگەی جوانی لەم پانتاییەدا چەمکێکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە. یادداشتەکان وەک هێمای حەقیقەت «ئەو ڕۆژە دوای کۆنسێرتەکە باوەشم بە جەلادەتی کۆتردا کرد و گریام، ئەو لەگەڵمدا نەگریا، بە ئارامی باوەشی پیا کردمەوە و گوتی: من پێم گوتی، دەبێت حەقیقەت بنووسی، حەقیقەت و هیچی تر» (ل٦٠٨) و ڕۆمان وەک هێمای خەیاڵ ململانێیەکی لە نێوان جەلادەت و شەرەفیار ناوەتەوە. «ئەوەی منی وا لێ کرد بە هەموو توانای خۆمەوە بچمە ئەم جەنگەوە ئەو شەڕە سەختە بوو کە لە سەرەتاوە من و ئەو لەگەڵ یەک ڕامان گەیاند، شەڕ لە نێوان چیرۆک و ژیاندا» (ل٥٩٧). بۆیە پاداگرتن لەسەر یادداشت و دەروەست بوون بە ماهییەتی یادداشتەکان لەباری فۆرمەوە پێویستە و ڕۆمانەکەش هەوڵی داوە لەم شێوە گێڕانەوەیەدا زۆر دوور نەکەوێتەوە. گەرچی ئەم پرسیارەش دێتە گۆڕێ کە ئایا کو دەروەست بوون بە شێوە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان یان «خاترەڕەوایی» وەک پێویستییەکی فۆرمی و ناوەرۆکی، داهێنانێک لە باری گێڕانەوەدا لێ کەوتووەتەوە؟ کە بەداخەوە وەڵامی من بەم پرسیارە «ئەرێ» نییە.

١-٧. تێکەڵاوێک لە گێڕانەوەی یادداشت و کورتەگوزارشت. سەربهوردی «جەلادەت» هێڵی سەرەکی ڕیوایەتی ڕۆمانەکەیە کە لە تەنیشت ئەودا کەسانێکی تریش دێنە ناو کایەکەوە. ئەو کەسانە بەپێی گرینگایەتیان لەناو کایەکەدا ناسنامەیەکی کورت و خێرایان لێ گوزارشت دەکرێ: «ئومۆ فەزل»، «شاناز سەلیم»، «محەمەدی فیردەوسی» لەو کەسانەن کە بەم شێوەیە ئاگاداری ژیانیان دەبین و پێگەیان لەناو ڕۆمانەکەدا دەناسین. لەم بەشە گوزارشتیانەدا بەهۆی بەکارهێنانی فرمانی (فعل)ی ڕابردوو و خێرا خێرا، ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و ئەو زمانە نەرمە خوو پێ کراوە دەشێوێ: «... محەمەدی فیردەوسی بە جۆرێک شەیدای ئەو کچە دەبێت هەموو ژیانی دەگۆڕێت و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو نامە دڵدارییەکانی بۆ... دەنووسێت...» (ل٣٦٤). «برایەکم... خۆی کوشتبوو... خوشکێکم لەسەر شەرەف سەر بڕدرابوو... زەوی و باغەکانیشمان تەفروتوونا بووبوون» (ل١٧٢). «لەو شەوەوە شاناز سەلیم.. حەز لە درەختی پڕتەقاڵ

دەکات.. سەی سەلیمی سەی ڕۆستەم... دەکوژرێت... سامانێکی گەورەیان بۆ دەمێنێتەوە» (ل٣٨٩)

دواتر ڕۆڵێکی ترسناک لە چارەنووسی مندا دەگێڕێ (ل٣٩٢)- لە داهاتووی ڕۆمانەکە قسە دەکات. (ل٢٧٩).

## ٢- زمانی ڕیوایەت

جیاوازی بنەڕەتی شێواز و قوتابخانە ئەدەبییەکان لەو بەستێنەدایە کە بۆ زمانی دابین دەکەن. ڕۆمانتیزیسم، ڕیالیزم، سوریالیزم، ڕیالیزمی جادوویی و...تاد هەر یەکە شێوازێکن کە بەپێی توانست و پتانسیەلەکانیان بارودۆخێکی تازە بۆ زمان دەخوڵقێنن و زمان دەخەنە کایە بۆ تاقیکاری توانست و تواناکانی.

زاراوەی «ڕیالیزمی جادوویی» یەکەم جار لەلایەن هونەرمەندی ئەڵمانی «فرانزرۆ»، بە ئەو ئاسەوارە هونەرییە کوترا کە بە تێکەڵکاری واقیع و خەیاڵ جیهانێکی تەماوی و نیمە واقیع و نیمە ئەفسانەیی دەخوڵقێنێ. ئەو ئاسەوارەی کە «فرانزرۆ»، ئەم زاراوەیەی خستە بەریان، واقیعگەری سونەتیان لەگەڵ بەستێنێکی سوریاڵ و خەیاڵی، تێکەڵ دەکرد. لە ڕوانگەی ئەودا شێوازی نەقاشیەکانی «ئیڤان ئالبرایت»، «پۆڵ کادمووس» و «جۆرج تاکی»، ڕیالیزمی جادووی بوون.

شێوازی ڕۆمانی شاری (مۆسیقارە سپییەکان) لە «ڕیالیزمی جادوویی»دا دەگونجێ. بەم پێیە ئەم ڕۆمانە لە پاوانی خۆیدا بەستێنێکی تازەی بۆ زمانی کوردی خوڵقاندووە کە بە تێکەڵکاری خەون و واقیع و خەیاڵ، ڕووبکاتە ئەزموونێک و بوارێکی نوێ تاقی بکاتەوە و توانستەکانی خۆی بخاتەڕوو. «شاری مۆسیقارە سپییەکان» ئەزموونێکە بۆ گێڕانەوەی جیهانێکی تازە کە تەنیا لە بەستێنی زماندا دەخوڵقێ و سەرکەوتن و شکستیشی دیارە هەر دەچێتەوە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ زماندا.

لە «شاری مۆسیقارە سپییەکان»دا، لایەنەکانی واقیع و فەلسەفە و فانتازیا، لە فۆرمێکی ڕیواییدا، بیچمێکی زمانیان گرتووەتە خۆ بەو هۆیە کە لە جوغرافیای کوردستاندا. بە تێپەڕین لە جەستەی فانی، لایەنە شاراو و نەمرەکانی مرۆڤ بنوێنن. گەر مرۆڤی کورد لە جیهانی واقیعدا هێمایەک بێ لە فەنا پەزیرترین بوونەوەرێک کە لەسەر مێژووی پاکتاوی و سڕینەوە و لەناوچووندا ژیاوە، بە بڕوای ڕۆمانەکە لایەنێکی نەمری هەیە کە هەتاهەتایە دەژی و دەبووژێتەوە و «ئەوی دەمرێت و بە سەر دەچێت زەمان خۆیەتی».

(ڕووبەرگی ڕۆمانەکە)

دیارە جیهانی ڕیوایی جەمسەری زمان و زەمانە. ئەو فۆرمە زمانییەیە کە بەپێی زەمان قەوارە دەگرێ و جیهانی تایبەتی خۆی دەگێڕێتەوە. شاری مۆسیقارە سپییەکان لە شوێن و زەمانێکی واقیعەوە دەس پێ دەکا کە ساڵی ١٩٩٨ و فرۆکەخانەی سخێپهۆڵە، لە ناکاو کەسێک عەلی شەرەفیار دەدوێنێ و شتێکی پێ دەسپێرێ، کەچی دوایی لۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کەسە «شارۆخی شارۆخ»ە و ئەو دەم کە وەنوێنراوە لە جیهانێکی میتافیزیکاڵەوە هاتووە. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی «عەلی شەرەفیار» و «شارۆخی شارۆخ» سەرەتای گرێ خواردنی جیهانی واقیع و ئەو جیهانە سوریالیستە متافیزیکاڵەیە کە «شارۆخ» لێی دابەزیوەتەوە سەر عەرز. لێرەوە بەستێنێک بۆ زمان دەخوڵقێ کە بچێتە کەش و هەوایەکی ناواقیعی و خەیاڵییەوە.

١-٢. دەستپێکی ڕۆمانەکە (دواهەمین دەرکەوتنی شارۆخی شارۆخ)، وەک سەرەتایەک تیشکێک دەخاتە سەر گشتایەتی ڕۆمانەکە و لە فۆرمێکی بازنەییدا نووسەر (شەرەفیار) دەیگێڕێتەوە کە چۆن کەوتووەتە فەزای ئەو داستانەوە. زۆربەی ڕستەکانی ئەم بەشە گوزارەگەلێکی کورتن و لە هەوڵی ئەوەدان کە مەوقعییەتی نووسەر و ئەو ڕووبەڕووبوونە گرینگە لەگەڵ پیاوێکی ڕازناک بەناوی «شارۆخی شارۆخ» بگێڕنەوە. باری زمانی ئەم بەشە ڕاست وەک گێڕانەوەی بیرەوەرییەک دەچێ کە بە لەحنی پیاوێکی بە ساڵاچوو و لەخۆباییی بە نووسین و قسەی خۆ، دەگێڕێتەوە. گوزارەکانی ئەم بەشە دەکرێ لە باری زمانی «خاترەڕەوایی»وە لەو بەشەدا کە لەلایەن «شەرەفیار» دەگێڕدرێتەوە. گەلێ سەرکەوتووی تێدا بێ، بەڵام کە باسی «شارۆخ» دەکا زمان ناسەرکەوتووە بەشێوەیەک کە ئەو زمانە تەوسیفییە بە هیچ کلۆجێک لە خوێنەری ڕوون ناکاتەوە کە ڕەنگە «شارۆخ» کەسێکی نائاسایی بێ کە لە عالەمێکی متافیزیکاڵەوە دابەزیوەتە سەر عەرز: «کوڕێکی گەنج بوو، سەرتاپای جلی سپی بوو،

تیشێرتێکی سپی...» (ل٧). «شتەکان کەمێک ئاڵۆز و نارێک هاتنە بەرچاوم» (ل٧). «زەرفێکی سپی دامێ و کوتی: ئەگەر بە ئەرک نابێت...» (ل٨). «گوتی من و تۆ هەرگیز یەکتری نابینینەوە، من دەچم بۆ شارێکی تر، ئەمە دواهەمین چاو پێ کەوتنی من و تۆیە...» (ل٩). «... دڵشکاوترین نەی ژەنی دونیا تا ڕۆژی قیامەت» (ل٩). «کە ڕۆیشتی ئیتر نامبینیەوە». «... کە وەک شێت و شەوێر هاتە بەر چاوم». «بە گشتی پێم وابوو ئاغای شارۆخ یەکێکە لەو کوردە بەدبەختانەی سەفەری درێژ و.. شێتیانی کردووە» (ل١٠). هەر وا کە باس دەچێتە سەر ناسیاوەکانی «شارۆخ» وەک «جەلادەت» و «شەونمی مستەفا» کە تۆرێک لە جەماعەتی متافیزیکاڵی نێوان زەوین و ئاسمانن، لە باری زمانی و لەحن، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ «عەلی شەرەفیار»ی نووسەر نییە، بە چەشنێک کە تا خوێندنەوەی بەشەکانی تر بۆی ناچی کە ئەوە خەریکە ڕووبەڕووبوونێک لە جیهانی ڕیوایەتدا لە نێوان جیهانی ڕیال و سوریالدا بیچم دەگرێ و دوو جیهانی جیاواز خەریکە تێکەڵ دەبێ. لەم بەشەدا زمانی تەوسیفی هێندە کزە کە تەنانەت تەعلقیکیش پێک ناهێنێ کە بڵێی «شارۆخ» و «جەلادەت» و دیتران کە هاتوونەتە سەر ڕێگای «شەرەفیار» و ویستی نووسینیان لێی هەیە، کێن و بۆ ئالاون بە چارەنووسی «شەرەفیار»ەوە. «شەرەفیار» بۆ دەربڕینی ئەو هەستە نائاساییە کە سەبارەت بە «شارۆخ» هەیەتی ئەوەندەیە بڵێ: «وەک شێت و شەوێر هاتە بەر چاوم» ئەم تێ گەیینەی «شەرەفیار» لە کاتێکدایە کە دوو لاپەڕە پێشتر «شارۆخ» نموونە ئەلبۆمێک لە مێژووی مۆسیقای بۆ باس کردووە.

گەرچی «شەرەفیار» پێی ناخۆش نییە ئەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ «شارۆخ» وەک تەجەللی و ئیلهامێک بنوێنێ، بەڵام زمانی تەوسیفی گێڕانەوەکە دەرەقەتی ئەو کورتە کاتە نایەت.

٢-٢. کتێبی یەکەم کە باسی «جەلادەت» و «سەرهەنگ قاسم» و ئاشنابوونیان لەگەڵ «ئیسحاقی لێو زێڕین» دەکا، پێگەی جیهانێکی متافیزیکاڵی ئوستوورەیی بە دەرکەوتنی فلووتە سپییەکەی «سەرمەد تاهیر» و خۆکوشتنەکەی و شێوە فلووت لێدانەکەی «جەلادەت»ی منداڵ کار و «سەرهەنگ قاسم» و ئەو پێوەندییە سەیرە مۆسیقاییەی نێوانیان و ئاشنابوونیان لەگەڵ «ئیسحاقی لێوزێڕین» و ڕووکردن لە دنیایەکی ڕۆحانی و سۆفیانە، خۆش دەبێ. لەم بەشەدا کە هێشتا کەش و هەوای واقیع بەسەر خەیاڵدا زاڵە و کەسەکان هێشتا لە دونیای واقیعەوە نزیکن، زمانی ڕیوایی سەرکەوتووانە لەگەڵ کاتە ئاسایی و نائاسییەکان مامەڵە دەکا. لە کتێبی یەکدا بەو نیمچە زێدەڕۆییانە کە سەبارەت بە کەسەکان دەکرێ، پەیتا پەیتا بەستێنێک بۆ نزیک بوونەوە لەو دنیا خەیاڵییە دابین دەکات. نووسەر بە وریایی بە ڕاگرتنی پایەکی کەسەکانی ناو ڕۆمان لە دنیای واقیع و پایەکی دیکەیان لە دنیایەکی متافیزیکاڵ، تێ دەکۆشێ لە فەزایەکی نیمە ناسووتی و نیمە لاهووتی نیزیک بێتەوە. بۆ دەربڕینی ئەم دنیایەش جیهانی مۆسیقا بەستێنێکی لە بارە. چونکو لەم دنیایەدایە کە کاتێک لە واقیع دەپچڕێ و دیسان دەگەڕێیتەوە. ئەم باڵانسەی نێوان ئەو دوو دنیایە، بۆ خۆی لە هارموونیێکی زمانی نزیک بووەتەوە. ئەو زمانە نەرم و شاعیرانە، خوێنەر لە جیهانێکی فانتازی نیزیک دەکاتەوە. گەرچی جاری وایە زێدەڕۆیی گەلێکی نائاسایی هەر لەم بەشەدا سەبارەت بە مۆسیقا دەکرێ بەو هۆیە کە هێشتا خوێنەری بۆ ئامادە نەکراوە، هارموونی زمانی و دۆخی گێڕانەوەکە دەشێوێنێ: «... شەوێکیان مۆسیقایان بۆ بریندارێک لێ دا کە بەردەوام خوێنی لەبەر دەڕۆیی، پاش کەمێک خوێن پژانی وەستا و هەستایە سەر پێ. شەوێکی دیکە مۆسیقایان بۆ پیاوێکی شەل لێ دا... لە کاتی پارچە ئاوازێکی مەستدا هەستایە سەر پێ و لەسەر قاچە ئیفلیجەکانی سەمای دەکرد» (ل٤٠). یان ئەو زمانە قەڵپەی «جەلادەت» کە لەگەڵ کەسایەتییەکەی ناخوێنێتەوە: «ئایا ئەوە مۆسیقایە ئەمجۆرە سیحرە دروست دەکات، یان ئێمەین دروستی دەکەین،... ئێمەین دنیایەکی پڕ درۆ ساز دەدەین و لێمان دەبێتە حەقیقەت؟ یا...» (ل٤٧) ئەم زمانە فەلسەفییە چەندە لەگەڵ فامی جەلادەت دەگونجێ؟ ئایا «ڕیالیزمی جادوویی» بە بیانووی ئەو جیهانە فانتازیایەی خۆی دەتوانێ دەرگا بە ڕووی هەموو مەنتقێکی داستانی دابخات؟ ئایا سۆفییێکی ناشی وەک «جەلادەت» کە تەواوی هێز و توانستی تێ تووڕانن لە فلووتە میراتییەکەی «سەرمەد تاهیرە» و لە جیهانێکی دەرهەستی و سەرمەستدا دەژی، ئەو پرسیارە قووڵە

فەلسەفیانەی چۆن لێ قووت دەبێتەوە؟

بەم چەشنە ئەو زمانە هارمۆنیکاڵەی ڕۆمانەکە زۆرجار لەگەڵ سووژە و کەش و هەوای تایبەتی خۆی ناگونجێ و تا ئاستی وتاری فەلسەفی و ئاخافتنی ئاسایی دادەبەزێ و لە ڕەوەند و چێژی ڕیوایی خۆی دووردەکەوێتەوە. بەداخەوە ئەم خەسارە لە زۆر شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا دووپات دەبێتەوە: «... ئێستا حەقمانە بپرسین بۆ مرۆڤ لە سەرەتاوە فێری مۆسیقا دەبێت؟ بۆ ئێمە لە سەرەتاوە شتێک فێر دەبین کە سوودێکی نییە؟...» (ل٥١) و...ڕۆمان پێگەی دوان لە هەموو بوارەکانی ژیان و شوێنی پرسیار لە هەموو لایەنەکانی هەبوونە، بەڵام بە مەرجێک لە خەسڵەتی ڕیوایی خۆی کە خەڵاتێکی خودایی ڕۆماننووسە، دوور نەکەوێتەوە.

٣-٢. لە کتێبی سێ بەولاوە چەندە کە دەچییە پێشێ لە ئەو دنیا نەمرە متافیزیکاڵە کە جیهانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، نیزیک دەبین و شوێن و کاتە فانتازیک و خەون ئاساکان خۆشە دەبن و خوێنەر پێیان ڕادێ و ئەو جیهانە ناواقیعە وەک بەشێک لە واقیعی ڕۆمانەکە دەسەلمێنێ. شاری پرتەقاڵی سپی وەک جیهانێک لە نێوان بوون و نەبووندا، وەک ڕەهەندە دەروونییەکانی مرۆڤ و کاتە پیرۆز و ناپیرۆزەکانی، وەک لە یادکردن و یادەوەری، وەک سڕینەوەی خۆت و هەشاردنەوەی واقیعی خۆت، وەک لەناوبردن و جاویدانەگی، وەک گەیشتن بە تەشقی تەجەڵلی و نغرۆ بوون، وەک عیشق و نەفرەت، جیهانێکی پارادۆکسیکاڵ و سەر کەوتووترین بەشی ڕۆمانەکە لە باری زمانی و گێڕانەوە و تەبابوون لەگەڵ لایەنە ڕیواییەکانی جیهانی داستان و هێماسازی داستانی و قووڵ بوونەوە لە هەناوی کەسەکانە.

٤-٢. ڕۆمان شانۆیەکە کە هەر وشەیەک دەوری تایبەتی خۆی هەیە. بۆ گێڕانەوەی کەش و هەوا واقیعی و ناواقیعییەکان زمانە کە توانستی خۆی دەخاتەگەڕ و وێنە داستانەییەکان دەنوێنێ. زمانە شیعرییەکەی «شاری مۆسیقارە سپییەکان»، نەوەک تێکەڵکارییەکی خولقێنەرانە لە زمانی ڕۆمان و شیعر بێت، بەڵکو هەر کات دەرەقەتی گێڕانەوەی زەرافەت و بوونی شت و کەسەکان نایەت، ڕوو دەکاتە وەسفێکی شاعیرانە و بگرە لە زمانێکی ڕۆمانسیش نزیک دەبێتەوە: «بڵێ شارۆخی شارۆخ، شارۆخ مەهدی شارۆخ... دڵشکاوترین نەیژەنی دنیا تا قیامەت» (ل٩)، «... بەرەبەیان نزیکە و کەمێکی دی کەڵەشێر دەخوێنێت و عەندەلیب بەیانی دێتە زمان، تەبیعەت هاتنی سوبحێکی دی ڕادەگەیێنێت» (ل١٧٧)، «ئاه دالی خۆشەویستە خەیاڵیەکەم، خۆشەویستە ئەفسانەیی و نائومێدەکەم، ئەی ئەشقێک کە هەمیشە لێمەوە نزیکیت و بە ئەندازەی دوورترین ئەستێرەش لێم دووری...» (ل٢٩٧)، «ئاه دالیا بۆ برینەکانی منت تیمار کرد، بۆ لێ نەگەڕایت بمرم بۆ لە بری گوللەیەک هەزار برینی ترت کردە ڕۆحم...» (ل٣١٤)، «...جەلادەت نامەیەکی لە هەوادا دەگرتەوە و دەوەستا و دەیخوێندەوە، نامەیەک بوو لەسەر لم، لەسەر مردن، لەسەر خنکان لەژێر ئەستێرەدا، لەسەر بێدەنگی...» (ل٥٦٥). «ئۆقیانووسی هاوار»، «فریشتەی لم» و... یان ئەو کەسە بلوورین و شووشەییانە کە بەرگێکی شاعیرانەیان لەبەر کراوە بۆ ئەوەی بێ سێ و دوو کەسایەتییەکانیان لە خوێنەر ڕوون بێت و خێرا بەسەر بەردەنگدا بسەپێنرێن: «جەلادەتی کۆتر، جەلیلی باران، جەمیلی پرۆشە، حەسەنی تۆفان، عەبدوڵای تەرزە، نووری بەفر». گەرچی بەهۆی هەڵپەساردەیی ئەم کەسانە لە نێوان واقیع و خەیاڵدا ڕەنگە ئەم ناوە تێکەڵکارانە تارادەیەک سروشتی بنوێنێ، بەڵام ئەو هاوکێشە و هاوتەریبیە گرینگە و باوەڕە بڕیارکراوە کە خەسڵەتی ڕۆمانێک لە چەشنی ڕیالیزمی جادوویی، تێک دەچێ. گەر «کۆتر» پاشگرێکی لەبار بێت بۆ «جەلادەت» کە لە نێوان زەمین و ئاسماندا لە هاتوو چوودایە، باران و پرۆشە و تۆفان و بەفر و تەرزە لە هیچ یەک لە کەسەکان ناوەشێتەوە. دیارە نەک هەر زمانی ئاسایی، بەڵکو زمانی خوازەش بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆی مەوقعییەت و باری تایبەتی خۆی دەوێ. هیچ چەشنە کردەوە و فەزایەکی نە واقیعی و نە فانتازێک بۆ «جەلیلی باران، جەمیلی پرۆشە، حەسەنی تۆفان، عەبدوڵای تەرز، نووری بەفر»، دابین نەکراوە بێجگە لەوەی ئەم جۆرە پێناسانە لایەنێکی کلیشەیی و شوعاری چێ دەکەن و کەسەکان لە بەستێنێکی دینامیکی دوور دەخەن و لە تەنگژەیەکی وەستاودا قەتیسی دەکەن. لەلایەکی تریشەوە ئەم چەشنە ناولێنانە بەهۆی دووپاتە بوونەوەی بۆ هەموو یان زۆربەی کەسەکانی نێو ڕۆمانەکە، دەبێتە تایبەتمەندییەکی شێواز (سەبک)ی کە ئیتر لەلای خوێنەرەوە بەجدی ناگیردرێن.

ئەمن دڵنیام کە بەڕێز «بەختیار عەلی» مەودای زمانی

شیعر و ڕۆمان و فەلسەفە و مەودای نێوان واقیع و هونەر باش دەناسێ، بەڵام بەداخەوە لە شیعردا بە زمانی فەلسەفە و لە ڕۆماندا بە زمانی شیعر دەدوێ.

### ٣- غیابی داڕشت

دەربڕینی حەقیقەتی قوربانی تۆڵەیەکە لە جەللاد، بۆیە مۆتەی «جەلادەتی کۆتر»، وەک ڕۆحی «هاملێت» باوک دەنیشێتە سەر «عەلی شەرەفیار» و داوای تۆڵەی لێ دەکات. «جەلادەت» بە دەربڕینی بوونی خۆی تۆڵە لە ئەو جەللادانە دەکاتەوە کە پێیان وابوو بە کوشتن لە دەستی ڕزگار دەبن هەر وەک هەر ڕیوایەتێکی فانتازیک ڕەنگە تۆڵەیەک بێت لەو واقیعە تاڵە کە بێ بەزەییانە مرۆڤ هەڵدەپێچێ.

بناخەی چەمکی ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» لەسەر ئەوەیە بڵێ کە گێڕانەوەی کارەسات ڕۆچنەیەکە بۆ تیشک خستن بەسەر لایەنە نەمرەکانی مرۆڤ. واتە کارەسات گەرچی ڕەنجێکی زۆر بۆ مرۆڤ پێک دێنێ لەلایەکەوە سەرەتایەکە بۆ دەرخستنی لایەنە شاراوەوە و پیرۆز و نەمرەکانی مرۆڤ. ئەمەش جیهانێکی تازەیە کە ڕۆمانەکە لە هەوڵی دەربڕینیەتی، بەڵام غیابی داڕشتێکی داستانی بە گشتی پێشی بە پێکهاتنی ئەو جیهانە گرتووە و ئەوەی کە پێکهاتووە پتر لە ڕیوایەتی بیرەوەرییەکی ئەزەڵی دەچێ تا جیهانێکی داستانی کە لەسەر داڕشت و زمان و زەمان واتە ڕیوایەت چێ کرابێت. «عەلی شەرەفیار» کەرستەیەکە بە دەستی «جەلادەتی کۆتر» و ئەویش ئامرازێکە بە دەستی «بەختیار عەلی» بۆ ئاشکراکردنی جەللاد و دەربڕینی واقیعی بەعس و پاکتاوی و دژایەتی لەگەڵ حیزبایەتی و ڕەخنە لە شەڕی ناوخۆ و ڕاگەیاندنی مانیفیستی هونەری و فەلسەفی و فێرکاری شێوەی چیرۆک نووسین و تایبەتمەندییەکانی ڕەخنەگر.

«شاری مۆسیقارە سپییەکان» پتر لەوەی کە جیهانێکی داستانی ئەستەتیک بێت، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی هەڵوێستە سیاسی و فەلسەفی و ئەدەبییەکان. بەم پێیە لە زۆر بەشی ڕۆمانەکەدا وتار و ڕستەی زۆر لە چەشنی وتار و ڕستەکانی «بەختیار عەلی» بە خۆیایی دەبیندرێ: «... داپەروەری ئەوەیە بەر لە دوژمنەکەت تۆ دەستت بگاتە زەوییەکانی تر و سەردەمەکانی تر...» (ل١٩٧)، «حەقیقەت لە هونەردا وەک حەقیقەت نییە لە ژیاندا...» (ل٢٠٩) «... لە ئۆتێلێکی سووتاو و وێراندا بوو لە ناوەڕاستی شاردا، کە چەند ساڵێک دواتر، گۆڕدرا و لە بنەوە تازەکرایەوە، بوو بە شوێنی ئەو وەفدە بێ ئیشانەی لەم سەر و لەو سەری دونیاوە ڕوویان لە کوردستان دەکرد...» (ل٣٢٠). «نا ئازیزان پاڵەوان لە حیکایەتخوان گرنگترە ئەوە من بووم ئەو ڕۆژە تاریکانەم بینی نەوەک عەلی شەرەفیار...» (ل٣٤٢).

جیهانی واقعی فانتازیکی ڕۆمانەکە و کەسەکان و هەموو چەمک و فەزاکان ئۆبژەی «بەختیار عەلی»ن کە بە هێزێکی دیکتاتۆریانەوە لەژێر چنگی خۆیدا باروباریان دەکات و کورتە کاتێکیش بە بێ ویستی ئەو نە جەللاد و نە قوربانی مافی بوونیان نییە. جیهانی ڕۆمانەکە قت و قایم بە زنجیری زانایی و لە خۆڕادینی نووسەر چاودێری دەکرێ. لێرەدایە کە جاری وایە درێژە پێدان و دووپاتەکردنەوەی بێ کەڵک، ڕۆمانەکەی تووشی حەشڤ و پەتک کردنەوە دەکات. «تابلۆیەک کە دەمرێت بۆ هەتا هەتایە دەمرێت... توانای مۆنالیزا لەسەر مانەوە هەزاران جار لە توانای ئیمپراتۆریەتە گەورەکان لەسەر ژیان و بەردەوامی درێژەترە، مێژوو دەڕوات، بەڵام مۆنالیزا هەر لەوێیە،... هونەر تەنیا هەستکردە نییە بەو شتانەی کە نایانبینی ئەو شتانەیە کە دەبێت ببینین... تەنیا هونەری شێوەکار ئەو دەرفەتەمان بۆ دەڕەخسێنێت ئەبەدییەت ببینین» (ل٢٦٣). ئەم دەمەتەقە سەبارەت بە نەمری هونەر چەند پات و چەندپات دەبێتەوە ئەویش لە حاڵێکدا کە بەردە بناخەی ڕۆمانەکەش هەر لە سەر نەمری هونەردایە. بڵێی «بەختیار» دڵەڕاوکێی ئەوەی هەبووە کە لایەنی داستانی ڕۆمانەکە، کە مۆسیقای وەک هێمایەک لە نەمری و ئیشراق و بەردەوامی هونەر دەگێڕێتەوە، بڕستی دەربڕینی ئەم چەمکەی نەبێ و بەردەنگە گەمژەکانی تێکستە گەورەکەی لێی تێ نەگەن!؟

زۆربەی ڕیوایەت و چەمک و فەزا و کەسەکان، لە شەهوەتی وتنەوە سەرچاوەیان گرتووە تا پێویستییەکی داستانی. ئەم شاوەتە کە بەو هەموو چەند پاتەکاریە تێر نابێت، دان بە دانەمرکانی خۆیشی دادەنێت: «من لەو داوەت و ئاهەنگە سەیرانەدا دەیەها شارم بینی کە باسکردنیان کتێبێکی گەورە گەورەی دەوێت» (ل٤٨٧). «... بەڕای جەلادەت نهێنی قووڵی ئەو شارە، وەک نهێنی جوانی شتێکە وەسف ناکرێت. مرۆڤ دەتوانێت

وێنەیەکی لەسەر دروست بکات، بەڵام ناتوانێت دەست بخاتە سەر دوا مانا و دوا جەوهەری» (ل٥٦٨).

ئەوە دارشتی ڕۆمانەکە نییە کە «عەلی شەرەفیار» تووشی «جەلادەتی کۆتر» و «جەلادەت»یش تووشی مۆسیقا و ئیسحاقی لێوزێرین و شاری پرتەقاڵە سپییەکان و جیهانی ناو ڕۆمانەکە دەکات، بەڵکو سەرلەبەری ئەم ڕووداوانە ویست و پیشازەینی «بەختیار عەلی»یە و هەموو کەسێک لەژێر دەمامکی ئەوەوە، وە دەنگ دێت. واتە «شاری مۆسیقارە سپییەکان» نەک لە پێویستییەکی داستانییەوە، بەڵکو لە پێش ئاگایی و ویستی زاڵی نووسەر (بەختیار)ەوە سەرچاوەی گرتووە.

کێشەی ڕۆمانەکە لەوەدایە کە دەرەقەتی دیاری کردنی سنووری هەڵوێستی ڕیوایی و ڕیوایەتی هەڵوێست، نەهاتووە، واتە دەروەستی وەڵامی ئەم پرسیارە نەبووە کە ئایا دەربەستی ڕیوایەتی هەڵوێستەکانە یان دەیەوێ بە هەڵوێستێکی ڕیواییەوە ڕوو بکاتە جیهان؟

### ٤- حەقیقەتی سپی

«شاری مۆسیقارە سپییەکان» دەربەستی ڕیوایەتی حەقیقەتێکی سپییە. ئەو حەقیقەتە سپییە نەنووسراوەیە کە لە پاڵ حەقیقەتێکی دیاریکراو و ڕووقایم- کە بێ بەزەییانە واقیعی مرۆڤ و مەرگی لێ دەکەوێتەوە- لە هەوڵی نەمری مرۆڤدایە. بۆ دەربڕینی ئەم حەقیقەتە سپییە هێڵێکی سپی لە سەرەتاوە تا کۆتایی کێشراوە و فۆرمی ڕۆمانەکەی لەسەر بنیادنراوە. هێڵێک کە هێمایەکە لە جیهانی ئەو حەقیقەتە سپییە و هەر کەس و هەر ڕستەیەک کە دەچێتەوە سەری، دروشمێکی سپی پێوەیە: «سەرتاپای سپی بوو، تیشێرتێکی سپی، پانتۆڵێکی سپی، جووتێک پێڵاوی بریقەداری سپی»، «زەرفێکی سپی دامێ»، «فلووتێکی سپی»، «دەستێک بیجامەی سپی»، «ماڵێکی سپی»، «ڕۆحێکی سپی»، «پرتەقاڵی سپی»، «کراسێکی سپی» و «مێزێکی سپی»، «عەبا سپیەکەی»، «ئەسپی سپی»، «شازادەی سپی»، ... «کۆتری سپی»، «خاولییەکی سپی»، «شاری مۆسیقارە سپییەکان»، «فریشتە سپی پۆشەکانی ئاسمان»، «پاڵتۆیەکی درێژی سپی»، ...« تیپی مۆسیقای کەشتی سپی». ئەم نیشانە سپیانە وەک توخمێکی نەگۆڕ، بە نووساندنی جیاوازییە ڕووبنەماییەکان، یەکێتییەکی بونیادی پێک دێنن. ئەم یەکێتییە ڕووخانییە لە سەر ژێر خانێکی پارادۆکسکاڵدا پێک هاتووە. پارادۆکسی گەیشتن بە هەرمان و ستایشی مەرگ. «شاری مۆسیقارە سپییەکان» شارێکی نەمری پڕ نەهێنییە و ڕەمزی مانەوە و هونەر. لایەنی هزرمەندی هەبوون و مەیلی هەرمانی مرۆڤ و جیهان، بەڵام دەروازەی ئەم شارە مەرگ و نەمانە. تەنیا بە ئەزموونی مەرگە کە دەرگای ئەم شارەت لێ دەکرێتەوە. بە مەرگی «سەرمەد تاهیر»ە کە فلووتە سپیەکە وەک میراتییەکی پڕ نهێنی و ڕەمزی جاویدانەگی دەگاتە «جەلادەت». «جەلادەتی کۆتر» بەهۆی دەرچوونی لە کارەساتێک کە ببووە هۆی مردنی هەموو هاوڕێکانی، لای خەڵک بیرەوەری مەرگ بوو. «مردنی هەموو هاوڕێکانی ناوبانگێکی زیاتری بۆ جەلادەتی منداڵ دروست کردبوو کە تاکە کەسێک بوو لەسەرزەمینی مردن گەڕابووەوە» (ل١٧). سەرەتای نزیک بوونەوەی «جەلادەت» لە مۆسیقا دوای ئەو کارەساتەوە دەس پێ دەکات و وەک بڵێی هاوڕێکانی ئامادەیی ڕۆیشتنیان بووە و ئەم هێشتا نەگەیشتووەتە پلەی چوون بە دەروازەی مەرگ و ئۆقرە گرتن لە سەرزەمینی هەرمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان. «دوای ئەو ڕووداوە پلەی تەنهایی و غوربەتی ئەو منداڵە گەیشتە ئاستێکی ترسناک لەو کاتەشەوە بە جۆرێکی سەیرتر ژیانی بۆ مۆسیقا تەرخان کرد...» (ل١٦). ڕووداوە مەرگ ئاساکە ڕەنگە تیشکێکی ئەو شارەی پیشانی «جەلادەت» دابێت و موعجیزەیەکی پێ بەخشی بێت کە ڕوو بکاتە مۆسیقا و هەر موعجیزە ئاسا زۆربەی ئامێرەکان فێر بێت و شەو و ڕۆژ لە تۆمارێکی بچووکەوە گوێی لە سۆنات و سەمفۆنیاکانی دنیا بگرێت و هەموو مۆسیقارە گەورەکانی دنیا و ئاوازەکانیان لە دوورەوە بناسێتەوە (ل١٦).

«جەلادەت» کە بریندار دەبێت «ئوم فەزل» خواژنی تەپ و تۆز نەجاتی دەدا و دەیگەیێنێتە «تیاتری پرتەقاڵی سپی»، لێرەشدا جارێکی تر «جەلادەت» بەشێوەیەک مەرگ دەئەزموونێ. وەک بڵێی کات لەگەڵ کات جەلادەت لە ئەزموونی مەرگدایە. لە «تیاتری پرتەقاڵی سپی»دا بە جۆرێکی تر جوانییەکانی هەناوی جەلادەت دەکوژن، کوشتنێک کە بە جۆرێک ڕەمزی ڕاگرتنی جوانییە. ئەمەش قۆناخێکی تر لە مەرگە کە جەلادەت دەبێ تێیپەڕێنێ. لەوێ دوکتۆر «مووسای بابەک» پێی دەڵێ: «... کە ئەو شەوە تۆم بە خوێنەوە

بینی، تێگەیشـــتم ئەوەی کـــە دەتوانێت نهـــێنی ئەم مۆزەخانە بپارێزێت، دەبێت یەکێک بێت خۆی مردنی بینیبێت و لە تاریکستانی مەرگەوە گەڕابێتەوە، تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن ببن بە پاسەوانی ژیان کە مردنیان بینیوە» (ل١١٤). «جەلادەت» بە مۆسیقا پاکیزە دەکرێ و دەگـــاتە درەوشـــانەوە و دوایی لەلایەن ئاســـایشـــەوە دەکوژرێ و هەمـــوو نهێنییـــەکـانی (شـاری مۆسیـقـارە سپییـەکـان) و هاوڕێکانی بەچاو دەبینێ. ئەم کوژرانە تەشقی درەوشانەوەی «جەلادەت»ە و گەیشتنی بە هەموو نەهێنییـەکـانی ولاتی هەرمـان. ڕۆمـانـەکـەش بە بەشی مالئـاوایی قەقنەس کۆتایی پێ دێ و «جەلادەت» وەک قـەقنەسـێک دەنوێنێ کە بە مـردن و ژیـانەوەی دووبارە و دووبارە لە نێـــوان جـــیـــهـــانی مـــان و نەمـــاندا لە هاتووچوودایە.

ئەوەی لەم پێکهـاتە پارادۆکسـیکاڵە دەکـەوێتـەوە ستایشی ئەو مەرگە سپییـەیە کە مرۆڤ دەگەیێنێتەوە جیـــهـانێکی جـاویدان. گـەرچی ڕۆمـانەکـە لە هەوڵی ڕزگـاری قوربانییـەکـان لە نەمـان و فەوتاندایە، بەڵام لە لایەکیشەوە بەوەی کە کلیلی ئەم جاویدانەگییە مەرگە و مەرگیش بەدەستی جەللادەوەیە، ناڕاستەوخۆ جەللادیش ستایش دەکرێ. «ئیسحاقی لێوزێڕین» کە «جەلادەت» و «سـەرهەنگ قـاسم»، بەرەو باکـوور دەبات بێـجگە لە مـەرگ ڕووی لە چ سـەرزەمـینێکە؟ «ئیـسـحـاق» پاش مـــاوەیەک کـــە ئەو دوو منداڵە، کـــە لە تەشـــقی مۆسیقاریدان- لە ماڵی خۆ ڕادەگرێ وەک پیری خانەقا فێری پاڵاوتنی ڕۆح و هەڵنۆشینی مۆسیقایان دەکات، ڕوو بە شوێنێک دەیانبـات کە مـەرگ و بەعس کـۆتایی سەفەرەکەیانە. گـەر مـەرگ نەبایە، گـەر جەللاد نەبایە ئیـســحـاق بە چی خـۆی دەخـســتـە ئەو دیوی مـەرگ و جەلادەتی بە شانی جەللادێک وەک «سـامیری بابلی» دەگەیاندە پرتەقاڵی سپی؟ لە بیرمان بێت کە سەرەتای پێغـەمبەریەتی مۆسیـقایی «جەلادەت» بە خۆکوشتنی «سـەرمـــەد تاهیـــر»ەوە دەســـتی پێ کـــرد. بەم چەشنە سـتـایشی مـەرگ لایەنێکی بن واتەیی ڕۆمـانەکـەیە و ئەمەش ڕۆمانەکە دەخاتە ئەو تەنگژە پارادۆکسیکاڵە ئاییینیەوە کە هەم هەڕەشەی دۆزەخ بۆ جەللاد دەکات و هەم بە سـتـایشی مـەرگی قوربانی، مـزگێنی بەهەشـتی دەداتێ. ئایاکو مەرگ و جەللادیش وەکو هەموو شتێک لە لای ئیـمـاندارانی (شاری مۆسیـقـارە سپییـەکـان)، مەرگی سپی و جەللادی سپییە؟

ئەگەر نووسین ڕەمزی هەرمان بێت لەلای (شەرەفیار) ڕێگایەکە بەرەو مـەرگ: (بەڵام هێـدی هێـدی نووسـینم وەک ڕێگایەک دەبینی بەرەو مـەرگ)(ل١١) سـتـایشی نووسین وەک ڕەمزی هەرمـان بڕوای قـووڵی (جـەلادەتی کـۆتر)یشـە، چونکو کـاتێک کـە خـوازیاری نـوسـینی خـۆیەتی مـەرگ و هەرمـانی وەک ئەزمـوونێک تاقی کـردووەتەوە و بەم قەناعەتە گەیشـتووە، بۆیە سـتـایشی نووسین سـتـایشی مـەرگە و ئەمەش لە سەرەتای (شاری مۆسیقارە سپییەکان)ەوە دەس پێدەکات.

### ٥- فەلسەفەی سپی و حەقیقەتی سێیەم

نووسەری مەکزیکی «کارلوس فوئنتس» دەڵێ: «ئێـمە لە شـوێنێکدا دەژین کـە دەبێ هەمـوو شـتێ لەسـەر ڕا بگوترێتەوە، بەڵام دەبێ شێوەی ئەم گوتنەوە ببینینەوە»، کوردستـان بەهۆی مێـژووی تایبەتی خـۆی ڕووبەڕووبوون لەگەڵ گەلێک دیاردەی تراژیک و کـارەسـات، شوێنێکە کـە بابەتگەلێکی تازە و شـیـاوی گێڕانەوەی بۆ جیـهـان هەیە، لە واقیعە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانییەوە بگرە تا لایەنە سیاسی و ترس و هومێد و تەنیایی و زیندان و خـاپووری و بێ دەرەتانی و گـۆڕی بە کـۆمـەڵ و مـەرگ و ئەنفال و هەڵەبجە، هەمـوو ئەو بابەتانەن کە بە هونەرکردن و گێڕانەوەیان پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. دیارە کات و ساتی وا هەیە کە بێجگە لە هونەر بە هیچ کلۆجێکی تر ناگێڕدرێتەوە. هەست و کارەساتی وا لە نێوان جەللاد و قـوربانـیـیـەکـانـدا هەیە بێـجگە لە حـەکـایەت بۆ کـەس ناگـێـڕدرێتـەوە. لەم شـوێنەدا کـە هەبوون شـاڵاو دراوە و هەزاران بیـــرەوەری فـــەوتاوە و هەر کـــاتێک بوون لە مەترسیدایە، ڕیوایەت و گێڕانەوە و وەبیرهێنانەوە تەنیا ڕێگاچارەی ڕزگـاربوون لە نەبوونە. «هانائارنت» دەڵێ: «مـانای هەبوونی ئینسـانی هەر تەنیـا هێـزی داگـۆڕان و زاڵبـوون بەسەر جیـهـاندا نییـە، بەڵکو توانسـتی بە بیر ڕاسپێران و وەبیرهاتن و مانەوە لە قسـەیەکی ڕیوایی و بیرەوەرییەکاندایە (زندگی در دنیای متن ل ٧٢).

ڕۆمـانی «شـاری مۆسیـقـارە سـپییـەکـان» دەربەسـتی دەربڕینی هاواری قـــوربـانـیـــەکـــانی دیکتـــاتۆریە و بەرەنگاری مـەبەسـتی دیکتـاتۆر کـە سـڕینەوەوە و لەناوبردنە. یەکێک لە چەمکە سـەرەکییـەکانی «شـاری مۆسیقارە سپییەکان» لەسەر ئەم مەبەستە دانراوە: «...

لە ماوەیەکی کەمدا وڵات پڕ دەبێتەوە لە حەقیقەتی دۆزراوە، لە هاواری ئەو مرۆڤانەی لە تەپ و تۆزی جەنگەکاندا خەریک بوو لەیاد دەچوونەوە...» (ل٦٠٠). بەڵام ئایا کو ڕۆمانەکە بەو ئامانجەی خۆی گەیشتووە؟

بە پێی قسەکەی «کارلۆس فوئنتس» کە لەسەر گوتنەوە و شێوەی گوتنەوەی شتەکان پێ داگری دەکات «بەختیار عەلی» وەک ئەرکێکی هونەری، یان ڕۆشنبیرانە هەست بەم گوتنەوە دەکات، بەڵام شێوەی گوتنەوەی لانی کەم لەم ڕۆمانەدا ئامانج ناپێکێ.

«بەختیار» لە داڕشتنی ئەم ڕۆمانەدا چەند مەبەستی سەرەکی هەیە:

- گێڕانەوەی مرۆڤ لە تەنگانەی بوون و نەبووندا،
- گێڕانەوەی کورد لە تەنگژەی پاکتاویدا،
- جاویدانە کردنی شوناسی کورد بەهۆی هونەری ڕیوایەتەوە،
- کەڵک وەرگرتن لە شێوە ڕیوایییە کوردییەکان وەک بیرەوەری گێڕانەوە و گواستنەوە و حیکایەتخوانی،
- ئاوڕدانەوە لە ئەفسانەی کوردی و ئوستوورەکانی،
- بە مۆدێرن کردنی شێوە ڕیواییەکانی کوردی،
- لا کردنەوە لە پۆست مۆدێرن و ئەو بیرۆکەیەی کە هەرچی تۆ تێی بگەیت ئەوە حەقیقەتە،
- ڕاگرتنی شوێن پای نووسەر لە دێڕ بە دێڕی ڕۆمانەکەدا،
- ئازادکردن و سنوور دانەنان بۆ دەرکەوتەکانی زەین،
- بە شوناس کردنی کارەسات و بە کورتی گێڕانەوەی لایەنێکی نەناسراوی مرۆڤ بە گشتی و کورد بەتایبەتی.

کە بۆ گوتنەوەی ئەم مەبەستانە دنیایەکی متافیزیکاڵی نیوە ئاییینی و نیوە ئۆستوورەیی دروست دەکات کە بۆ خۆی هەڵگری تایبەتمەندییەکانی جیهانێکی ئایدۆلۆژیکە ئەویش لەلایەن «بەختیار عەلی»یەوە کە بە پوختی و پاراوی چەندین بابەتی لە سەر ئایدۆلۆژیا و خەسارەکانی نووسیوە.

- کێشەی عەین و زەین، کێشەی سوبژە و ئابژە، کێشەیەکی گەورەی فەلسەفی مێژوویی بوو کە لە تەمسیلی «مۆسۆل»ی ئەفلاتوون کەوتەوە. تەمسیلێک کە مرۆڤی لە واقیعی ئیرەیی و جەستەیی خۆی خافڵاند و چاوی بڕییە ڕۆچنەی متافیزیک. ڕۆچنەیەک کە تیشکی تیژی متافیزیک ئیزنی چاو هەڵهێنانی پێ نەدا و لە وەڵامی پرسیارەکانی تاوانی گێلی و گەمژەیی وەبەر کەوت و فێر بوو لە بری دیتن و پرسین، گوێگرێکی باش بێ و بەوەی کە دەیبیستێ سەرمەست بێت و لەژێر تاوی متافیزیک بە مەدهۆشی بتاوێتەوە.

ئایا «شاری مۆسیقارە سپییەکان» یان شاری وەهمەکانی زەینی شیزۆفرینێکی جەلادەتی کۆتر کە بۆ خۆی ستایشی متافیزیکە، دەرەقەتی دەربڕینی واقعی کورد دێت؟ ئایا پێی دەکرێ کارەسات و مێژوو بکا بە شوناسی کورد؟ گەر بڵێین ئەمانە داخوازییەکی نەشیاو و بێ پێوەندییە لە ڕۆمان، دەڵێین ئایا ئەم شارە دەتوانێ شوناسی کورد بگێڕێتەوە؟ گەر ئەمەش بە ویستێکی نەگونجاو بزانن دەپرسین ئایا ئەو جیهانە متافیزیکاڵە برستی ئەوەی هەیە وێنەیەک بێت لە جوانیناسی ڕیوایی کوردی بە هەموو خۆشی و ناخۆشی و بوون و نەبوونەکانییەوە؟

ئایا ئەم جیهانە ئایدیالۆگە بۆ خۆی جیهانێکی تازەی داسەپاو نییە؟ «ئەوانە ژمارەیەک خەڵکن پەرۆش و شیفتەی جوانین. هەندێکیان لە تاریکیدا دوای جەلادەت دەکەون و ناتوانن بیگرن... ئەو پەیامەهێنی زەمین و زەمانێکی ترە، نامەیەکی نهێنی پێیە، کە دوای تێپەڕینی سالان و مانگێکی زۆر، ژمارەیەکی کەم دەتوانن شفرەکانی بکشێنن و بگەنە نهێنییە ڕاستەقینەکەی و ببن بە پاسەوان لە زەریای جوانییە کوژراوەکاندا». (ل٥٩٨) ڕۆمانەکە بانگەشەی ئەوەی هەیە کە جیهانێک دەگێڕێتەوە کە لە حەقیقەتی ئەم جیهانە ناگونجێ و لە جیهانی لاهووتیش ناچێ و شانازی بەوە دەکات کە جیهانێکی سێیەمە و بە حەقیقەتێکی تازەوە بە تێکەڵکاری واقیع و فانتازیا لەسەر بنەمای هونەر سازکراوە. ئەم جیهانە کە خۆی بە نائیلاهی و نائاییینی دەناسێنێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش بانگەشەی مەعنەوییەت دەکات، بۆ خۆی پڕاوپڕ جیهانێکی ئایین ئاسا و ئایدۆلۆژیکە. جیهانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» کە هەمیشە لە نهێنییەکان دەدوێ و بەڕاز و ڕەمز پاساوی هەموو شتەکان دەداتەوە و هەموو چەمکەکانی سەلمێنراو و حەقیقەتی حاشا هەڵنەگر و کەسەکانی پاڵاوتە دەنوێنێ و تاوانی نەزانین و تێ نەگەیشتن دەخاتە بەر بەردەنگ و لە باتی وەڵام دانەوە هەر پرسیارێک دەباتەوە سەر نەزانین و تێ نەگەیشتن و باوەڕ پێ نەهێنان، ئایا جیهانێکی داخراوی ئایدۆلۆژیک

نییە؟. «بەڵام دەیزانی نهێنییەکی ون هەیە ناتوانێت بیدرکێنێت، نهێنییەک دەکەوێتە دەرەوەی سنووری زەمان... نهێنی هەرە گەورەی شاری مۆسیقارە سپییەکان لە شەقامەکان و کووچەکان و گەڕەکە بەرینەکانیدا نییە، بەڵکو ئەو نهێنییە لە مۆسیقاکان و تابلۆ و نامەکاندایە کە لەوێوە دەگەڕێنەوە بۆ جیهان» (ل٥٦٩). دیارە ئەم شێوە دوانە سەبارەت بە شتەکان، بێجگە لەوەی بانگەشەی ڕازی قووڵ و نهێنی بێ بگار دەکات هیچ شتێکت بۆ ناگێڕێتەوە بگرە هەر چەشنە ڕەخنە و پرسیاریش بخاتە ئەستۆی نەزانین و تێ نەگەیشتنت. لە سەرەتاشدا «عەلی شەرەفیار» گوتبووی هەر تێکستێکی گەورە دوژمنی گەمژەی هەیە، واتە دوژمنێک کە بە هۆی لێ حاڵی نەبوون دوژمنایەتیت دەکات. عەرەب دەڵێت «الناس عدو مجهولا».

کێشەکە نەک لەسەر مەبەست و چەمکەکان کە لە سەر شێوەی گوتنەوەی ئەم چەمکانەیە. کەسایەتییە سوپێرمەنە پاڵاوتەکەی سۆفییەکی وەک «جەلادەتی کۆتر» و نواندنی جیهانێکی بارگاوی و پڕ نهێنی وەک شاری مۆسیقارە سپییەکان تا چ ڕادەیەک واقیعی ئەستاتیکی و ڕیوایی کوردی پێوەیە و تا چ ڕادەیەک مرۆڤ لە واقیعی خۆی تێی دەگەیێنێ؟ کەسایەتی «جەلادەت» بێجگە لەوەی کە لە حەقیقەتی قوربانی بمانخافڵێنێ لە واقیعی هیچ قوربانیەکمان نزیک ناکاتەوە.

«میلان کوندرا» لە ڕۆمانی «هەرمان»دا کاتێک کەسایەتی «ئەگنێس» و «لورا» بەراورد دەکات دەڵێ: «لە جیهانی ئێمەدا، کە بێچمگەلێکی زۆر و وەک یەکچووی تێدایە، زۆر ئەستەمە کە مرۆڤ پێ داگیری سەقامگیری شوناسی خۆی بکات و قایل بە تاقانەیی خۆی بێت. بۆ پەروەراندنی تاقانەیی خۆت دوو چەشنت لە بەر دەمدایە: چەشنی پێ زیادکردن و چەشنی کەم کردنەوە.

«ئەگنێس» هەر شتێک کە لایەنی دەرەکی هەیە و دەسەوامە لە خۆی کەمی دەکاتەوە تا چییەتی (ماهیەت)ی پەتی خۆی لێ ڕوون بێتەوە. شێوازی «لورا» بە پێچەوانەیە: ئەو بۆ ئەوەی کە خودی خۆی فرەتر بەرەچاوی و شایانی تێ گەیشتن و پەل بکاتەوە، هەمیشە سیفەت گەلێکی زۆری پێ دەنووسێنێ و تێ دەکۆشێ خۆی لەگەڵ ئەو سیفەتانە یەک خات. (کوندرا، میلان، جاودانگی، حشمت الله کامرانی، تهران: علم ١٣٧٩ ص ١٣٢) کەسایەتی «جەلادەتی کۆتر»ی هەڤدەساڵە کە بڕیارە کەسایەتی و شوناسی کوردێک لەناو مەرگ و ژیاندا بنوێنێ، هێندە نکۆڵی لە واقیعی دەرەکی و بوونی واقیعی خۆی دەکات، دەبێتە کەسێکی ئاسمانی و ئەو سوپێرمانە کە لە واقیعی کورد دووردەکەوێتەوە و دەگاتە (ئیشراق و تەقواییەکی) مۆسیقاییەوە: «مرۆڤ کە مۆسیقای لێ نەدا، دەتوانێت بە ئاسانی درۆبکات» (ل١٤٧). «... وەسوەسەی پێغەمبەرەکانی دەهاتەوە یاد» (ل٢٨٢) گەرچی جاری وایە خودی ڕۆمانەکەش دان بە ناتەوانی جەلادەت دادەنێت: «... نابێت شەو درەنگ بەم شارەدا بگەڕێیت، تۆ لەوە منداڵتری سەیری ئەم شتانە بکەیت» (ل٢١٥) بەڵام جەلادەت وردە وردە سیمای پێغەمبەرێک بەخۆوە دەگرێ و بارگاوی دەبێت ئەوەندەی کە هەموو کەسێک بە خیتابێکی ئاسمانییەوە دەیدوێنێ: «... نهێنییەکی گەورەم هەیە بتدەمێ، نهێنییەک کە دەبێت تۆ خاوەنی بیت، تۆ ئەی منداڵی نەجیب» (ل٢٩٤)، «ئەی منداڵی نەجیب من و تۆ زۆر شت لە نێوانماندایە...» (ل٢٩٥)، «ئەی منداڵی نەجیب تۆ چۆنت دەوێ با وا بێ...» (٣١٧) بەم چەشنە جەلادەت دەکرێ بە پێغەمبەرێک کە موعجیزەکەی مۆسیقایە و ئەرکی ئەوەی لە سەر شانە کە لە مردن ڕزگارمان بکات: «تۆ دەبیت بە پێغەمبەری مۆسیقارە مردووەکان» (ل٤٠١)

جەلادەت کە لە سەرەتاوە بەبێ لۆژیکێکی داستانی بۆ ئەرکی پێغەمبەری خۆشە دەکرێ، بەڵام پێغەمبەرێکی ناسەردەم و بەجێماو لە قۆناغی ئێستا کە شێوازێکی تاقی کراو و پەککەوتە هاتووەتە گۆڕەپانی ڕزگاری کەسەکان و ئەو موعجیزەیە کە پێیەتی نەوەک کەس لە مردن ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو بەو بانگەشەیەی کە بە هەرمانیان دەگەینێت بە ستایشی مەرگ هەمووان لە مردن نزیک دەکاتەوە.

«جەلادەت» بۆ ڕزگاری کام ئۆمەت هاتووە؟ ئەم پێغەمبەرە ناسەردەمە کە لە عالەمێکی ئینتزاعییەوە (دامالراو) دنەدەدرێ و دادەبەزێتە کۆمەڵگایەک کە بارگاوی بوون و نووسان بە ڕیوایەتەکان کێشەی گەورەی واقیعی مێژوویی و کولتووریەتی و لەخۆی بارگاویترن. «جەلادەت»ی مەرگ ئۆگر، چ مزگێنیەکی پێیە بۆ کۆمەڵگای ئاخنیوە بە مەرگ.

«جەلادەت» و موعجیزەکەی کە لە کارەساتەوە هەڵایساون، هیچ چەشنە ڕامان و شیکاریەکیان لە پێناو کارەساتدا نییە و ئەمەش دانپێدانانی سەیری خودی ڕۆمانەکەیە: «مرۆڤ مۆسیقا لێدەدات، چونکە لە نێوان چاوەڕوانی کارەسات و کارەساتدا هیچی نییە بیکات» (ل٣٠٩) دیارە کە «جەلادەت» و مۆسیقا ئەو مۆسیقارانە بەهۆی بە ئاسمانی کردنی خۆیان لە پێناو واقیعێکی زەمینی هیچیان پێ نابێ کە بیڵێن. سەیرە کە «شاری مۆسیقارە سپییەکان» لە هەموو بوارەکان دەدوێ، بەڵام لە بەرانبەر کارەساتدا و ئەو واقیعە تاڵە بۆ کردن و وتن هیچی پێ نییە!؟

«جەلادەت» لە تەمسیلێکدا کە بۆ «محەممەدی فیردەوسی» و «جەلیلی باران»ی دەگێڕێتەوە باسی باخێکی خەیاڵی دەکات: «... باغێک هیچ مەخلوقێک ڕێی تێنەکەوتبێت، ڕۆژێک دەرگا و پەنجەرەی گوڵسازییەکەی خۆی داخست و لەو دیوەوە کەوتە دروست کردنی ئەو باغە خەیاڵییە... کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ناو گوڵەکانی خۆی، دەیەوێت باغچەکەی خۆی بدۆزێتەوە، نازانێت چۆن، نازانێت کامەیە گوڵەکانی ئەو لەناو ئەو باغە جاویدەدا، ساتێکە هەست دەکات ئەو باغە هەمووی ئەو دروستی کردووە، ئەو بەشێکە لە باغێکی گەورە کە بەشەکانی یەکتر تەواو دەکەن، باغی یەک کەس نییە، بەڵکو باغێکی جاویدە...» (ل٤٤٠) ئەم باغە کە پەروەردەی ڕۆحێکی گشتی «هیگڵ»یە وێنەیەکە لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان) بە ڕۆحێکی گشتی و جاویدان ئارمانییەوە کە لە تەمتوومانی میتافیزیکدا واقیعی مرۆڤی لێ ون دەبێ و لەوپەڕی حەقیقەتی ئێرایی مرۆڤەوە دەدوێ.

بەو هۆیەی کە «بەختیار عەلی» بە بوێرییەوە نەویستووە خۆی لە توێی ڕۆمانەکەدا بشارێتەوە و ئازایانە ڕستە بە ڕستە خۆی دەربڕیوە، ڕۆمانێکی متافیزیکاڵ کە مرۆڤی جیهانی ئەمڕۆ ئەوەندە لە واقیع دوور دەخاتەوە و بە جیهانێکی خەیاڵییەوە سەرقاڵی دەکات، «شاری مۆسیقارە سپییەکان» بۆ «بەختیار عەلی» گۆڤاری ڕەهەند، خودکوژییەکی فەلسەفییە یان ویستوویەتی لە ڕەهەندێکی هونەرییەوە خەسارەکانی نوقم بوون لە جیهانێکی ئارمانی و متافیزیکاڵ بنوێنێ؟ جیهانێک کە قوربانی و جەللاد لەژێر پەردەی ڕۆحێکی گشتیدا و لە دادگایەکی ئارمانیدا کۆ دەبنەوە بێ ئەوەی هیچ مەعریفەیەکیان لەخۆدا، یان لە یەکتری هەبێت. ئەو جیهانەی کە بەکەم بایەخ گرتنی جیهانی پڕ کارەساتی واقیع بوون و مەعریفەی لێ دەسڕێتەوە و دەیخاتە ئەوپەڕی تێ گەیشتن و شیکارییەوە: «جەلادەت تەواوی ئەو سەفەرەی وەک خەونێکی دەگێڕایەوە کە مرۆڤ لە ناو تەم و دووکەڵ و ڕەشەبادا بیبینێت، سەفەرێک کە ناگێڕدرێتەوە، هەوڵی گێڕانەوەشی هیچ نییە جگە لە هەڵشاخانێکی گەمژانە بە کارێکی ئەستەم و نەکردەدا» (ل٣١٧).

کێشەی حەقیقەت و ڕۆمان لە دەقی ڕۆمانەکەشدا ئاماژەی پێ کراوە: «... دەمویست دواجار ئەو هەستە قووڵە لە خۆمدا بکوژم کە من حەقیقەت دەگێڕمەوە نەوەک ڕۆمان دەنووسم... ئاخر بیرتان نەچێت دواجار من ڕۆماننووس بووم نەوەک خزمەتکاری حەقیقەت» ل٦١٧). بە تێکڕا بەو ئاکامە دەگەین کە بە پێچەوانەی بۆچوونی «عەلی شەرەفیار»، ئەو خزمەتکاری داکۆکی لەسەر حەقیقەتە تا ڕۆماننووسێک کە حەقیقەت بکات بە ڕۆمان و لە پەنجەرەی ڕۆمانەوە تێی بڕوانێت.

وەک دوایین وتە پێم وایە خەساری بنەڕەتی ڕۆمانی «شاری مۆسیقارە سپییەکان» لەوەدایە کە نەوەک لە هەست و پێویستییەکی هونەرییەوە، بەڵکو لە ئەرک و پێویستییەکی ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوەی گرتووە.

**ژێدەر:**

**١- ریکور، پل، زندگی در دنیای متن، ترجمەی بابک احمدی، تهران: مرکز، ١٣٧٣، ص٧٢**

**٢- کوندرا، میلان، جاودانگی، ترجمەی حشمت الله کامرانی، تهران: علم، ١٣٧٩ ص١٣٢**

# حەفتا ساڵ و
# ١٠٠ ڕۆمانی کرمانجی

**سەرنجێکی پێویست**

ئەم بابەتە «ئیبراهیم سەیدۆ ئایدۆغان»، بە دووبەش لە هەفتەنامەی «پەیامی کورد» - ئەڵمانیا، لە ژمارەکانی (٦٧) و (٦٨)ی ڕۆژانی ١٢/١٦ و ١٢/٢٣/ ٢٠٠٥، لاپەڕە (١٤)دا، بڵاوی کردۆتەوە.. لەبەر گرنگی بابەتەکە بە تایبەتیش بۆ ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەن لەسەر ڕۆمانی کوردی، وام بەباش زانی لە ڕێنووسی لاتینییەوە بیگۆڕمە سەر ئەلفبای عەرەبی و دواتریش بیکەمە دیالێکتی کرمانجی خواروو، چونکە ئاماژەی پێکردووە، لەوانەیە زانیارییەکان لە بارەی ڕۆمانە چاپکراوەکانەوە سەد لەسەدی تەواو نەبێت، ڕۆمانی تریش هەبێت کە ناوبراو پێی نەزانیبێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر زانیاری گرنگی تێدایە وەک؛ ناوی دەزگا و وەشانخانەکان و قەبارە و ژمارەی لاپەڕەی چاپکراوەکان و شوێنی نیشتەجێ بوونی ڕۆماننووسەکان و پۆلێن کردنی ژمارەی ڕۆمانەکان لە هەر ساڵێکداو...تاد.

لەبەر ئەوەی هەفتەنامەی «پەیامی کورد» لە ئەڵمانیا دەردەچێت و سنوورداره، لەوانەیە کەم خوێنەری کورد بە تایبەتیش کوردانی باشوور بتوانن دەستەبەری بکەن... جگە لەوەش بە ڕێنووسی لاتینی نووسراوە، بۆیە ئەم کارەم بە پێویست زانی. بە کورتی، دەکرێت ئەم بابەتە کەڵکی لێوەربگیرێت و بەسەرچاوەیەکی باشیش بهێتە ژماردن.

یەکەم ڕۆمان کە بەکوردی چاپکراوبێت (شڤانێ کورد)ی (عەرەبی شەمۆ)یە، بەڵام چاپی کوردی ئەو

---

**ئیبراهیم سەیدۆ ئایدۆغان**
**ئیسماعیل تەنیا لە پیتی لاتینییەوە کردوویە بە پیتی عەرەبی**
**(ئەڵمانیا)**

ڕۆمـانە کـە ئێـمـە بینیـومـانە لە زمـانـی فـەڕەنسـیـیـەوە کراوەتەوە کوردی. وەرگێڕە فەڕەنسییەکەش لە زمانی ڕووسـیـیـەوە کـردبوویە فـەڕەنسی. «نوورەدین زازا»ش لە ساڵی (١٩٤٧)ەوە لە زمانی فەڕەنسییەوە وەریگێڕابووە سـەر زمـانـی کـوردی.. سـاڵـی (٢٠٠٥)، پاش هەوڵ و کۆششێکی زۆر لێکۆڵەر «نیـزامـەدین ئاڵـچی» دانەیەک لەو ڕۆمـانە ئۆرژینـاڵەی پەیداکـرد و کـۆپیـیـەکـیـشـی بۆ زۆربەی نووسەرانی کورد نارد.

«عـەرەبـی شـەمـۆ»، بە ئەلفـبـایـەکی لاتینی (شـڤـانێ کورد)ی نووسیوە کە زۆر نزیکە لەو ئەلفبایەی «جەلادەت بەدرخان» و هەندێک پیتی تریشی لە ئەلفبای «کریلی» وەرگرتووە. ئەو پیتـە جیـاوازانەی کـە «عـەرەبی شـەمـۆ» پێی نووسیوەو لای «جەلادەت» بە شێوەیەکی ترە بریتین لە پیتـەکانی؛ (و، وو، یی، ه، ێ، ی، ژ)یە. لەگەڵ ئەم جیاوازییەشدا، خوێنەری کورد بە ئەلفبای لاتینی، زۆر بە ئاسانی دەتوانێت بیخوێنێتەوە.

بە گـوێرەی بۆچوونەکـانی (مـحـەمـەد جـەمـۆ)، کـە لێکۆڵینەوەیەکی لەسـەر ڕۆمـانی کـوردی نـووسـیـوە، ئەو ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٣١دا لە شاری «لینینگراد» بەناوی (کـوردیسکی پاسـتـوخ)، بە ڕووسی چاپ کـراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆمـانە لەلایەن نووسـەرەوە بە کـوردی نووسـراوە، دەتوانین بە ڕۆمـانێکی کـوردی لە قـەڵەم بدەین. «عـەرەبی شـەمـۆ» لە ڕۆمـانی «بەربـانگ»دا ئەو سەربوردەیەی خۆی سەرلەنوێ لە «شڤانێ کورمانجا»دا نووسیوەتەوە و چەند بەشێکی تریشی لێ زێدە کردووە.

یەکـەم ڕۆمـانـی کـوردی کـە یەکـسـەر بە دیالێکـتی کرمانجی نووسرا بێت، ڕۆمانی «خاتێ خانم»ی عەلیێ عـەبدولڕەحـمان»ە کـە لە سـاڵـی (١٩٥٨)دا نووسـراوە. عەلی عەبدولڕەحمان، سێ ڕۆمانی تریشی نووسیوە. لە دیمانەیەکدا کە «ناجی کوتلای» لەگەڵیدا سازی کردووە و لە ژمـارە (٨)ی گـۆڤـاری (وار) لە سـاڵی (١٩٨٤)دا بڵاوکراوەتەوە، ڕۆمـاننووس دەڵێت؛ (خەریکی نووسینی ڕۆمـانێکم بەناوی مـورتوللا بەگ)، بەڵام نازانین ئەو ڕۆمانە تەواو بووە و چاپ کراوە، یان نا؟!

ئەو ڕۆمـانە کوردییـانەی کـە لە سۆڤـیـەتدا نووسراون، زێتـر ڕۆمـانی ئایدۆلۆژی بووینە، پاڵـەوانەکـانیـشـیـان خەڵکی خاوەن ئایدیای سیاسی بووینە و ڕۆماننووسەکان بە گوێرەی پێوانەی ئایدیای خۆیان هەڵیان بژاردووە. لە ڕۆمـانەکـانی «عـەرەبی شـەمـۆ»دا، ئەو کـەسـانەی کـە لە پێناوی سـەرخسـتنی بەلشـەویکدا خـەباتیـان دەکـرد، کـەسـایەتی باش بووینە و دەرەبەگـەکـانیش بە خـەڵکی خراپ ناوزەد کراون.

لە زۆربەی ئەو ڕۆمـانـانەی کـە چاپ بووینە، ئایدیای پاڵەوانەکـان دەست نیـشـان کـراوە و نووسـەرەکـان ویسـتـوویانە ئەو پاڵەوانانە سـەربخـەن کـە لەگـەڵ بۆچوونەکانیان یەکانگیر بووینە... بەشێوەیەکی گشتی ژمارەی ڕۆماننووسەکان کە بەرهەمەکانیان چاپ کراون بریتین لە (٦١) ڕۆماننووس و (١٠٣) ڕۆمان. گەر بێت و ئەو ڕۆمانانەش کە چەند بەرگێکن بەیەک ڕۆمانیان لە قەڵەم بدەین، ئەوا لە ماوەی حەفتا ساڵدا، سەد ڕۆمانی کوردی (بە دیالێکتی کرمانجی- ڕێنووسی لاتینی)، تا ئێستا چاپ کراون.

لە ساڵانی چلەکان و حەفتاکاندا هیچ ڕۆمانی کرمانجی چاپ نەکـراون، هەتا سـاڵی ١٩٨٠ جگە لە (عـەرەبی شەمۆ، عەلیێ عەبدولڕەحمان، میرۆیێ ئەسەد، حاجیێ جـوندی، سـەعـیـدی ئیـبـۆ)، هیچ ڕۆمـاننووسـێکی تر دەرنەکـەوتبـوون. تا ئەو سـاڵە ژمـارەی ڕۆمـاننووسـەکـان پێنج کـەس بوون و ژمـارەی ڕۆمـانە چاپکراوەکـانیش (١٢) ڕۆمان بووە.

لە سـاڵی ١٩٨٠- ١٩٩٠ ژمـارەی ڕۆمـاننووسـەکـان بووەتە (١٤) و ڕۆمانەکانیش بووەتە (٢٧) ڕۆمان.

لەنێـوان سـاڵانی ١٩٩١- ١٩٩٨دا، (١٣) ڕۆمـاننووسی نوێ پەیدابووینە و (١٩) ڕۆمـانی نوێش چاپ کراون.

لە ساڵی ١٩٩١دا دوو ڕۆمان چاپ کراوە. لە ساڵانی ١٩٩٢ و ١٩٩٣دا، هیچ ڕۆمانێک چاپ نەکراوە.

- لە سـاڵی ١٩٩٤دا، سێ ڕۆمـان، لە سـاڵی ١٩٩٥دا، پێنج ڕۆمان و لە ساڵی ١٩٩٦دا، سێ ڕۆمان و لە ساڵی ١٩٩٧دا، دوو ڕۆمان و لە ساڵی ١٩٩٨دا، چوار ڕۆمان چاپ کراون.

لە سـاڵی ١٩٩٩ بەدواوە ژمـارەی ڕۆمـاننووس و ڕۆمـانەکـان زۆرتر بووینە. (٣٣) ڕۆمـاننووسی نوێ هاتوونەتە مـەیدانەوە. لەنێـوان (١٩٩٩- ٢٠٠٥)دا، لەمـاوەی شـەش سـاڵاندا (٥٧) ڕۆمـانی کـوردی بەم شێوەیە چاپ کراون.

- ساڵی ١٩٩٩دا، نۆ ڕۆمان و سـاڵی ٢٠٠٠دا، دوو ڕۆمـان و سـاڵی ٢٠٠١دا، چوار ڕۆمـان و سـاڵی ٢٠٠٢دا، یازدە ڕۆمان و ساڵی ٢٠٠٣دا، هەشت ڕۆمان

و ٢٠٠٤دا، یازده ڕۆمان و ٢٠٠٥دا، دوازده ڕۆمان.

لەو (١٠٣) ڕۆمانەدا، (٤٢)دانەیان لە ئەوروپا (سوید و ئەڵمانیا)دا چاپ کراون. (٣٣) دانە لە ئەستەنبۆڵ و (٤) دانە لە ئامەد (دیاربەکر) و (٦) دانە باشووری کوردستان (دهۆک و هەولێر) و (١٤) دانە لە کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران (١٣ لە ئەرمەنستان و یەک لە ئازەربێجان)دا چاپ کراون. یەک ڕۆمانیش لە «بەیرووت» چاپ کراوە و سێ ڕۆمانیش شوێنی چاپکردنیان بۆ ئێمە ساغ نەبۆتەوە.

ئەو کوردانەی کە لە سۆڤیەتی جاراندا دەستیان بە ڕۆماننووسین کردووە بریتین لە؛ (عەرەبی شەمۆ، عەلیێ عەبدولڕەحمان، حاجیێ جوندی). زۆربەی ڕۆماننووسەکان لە سوید نیشتەجێن و ڕۆمانەکانیشیان هەر لەوێ نووسیوە، ئەو ڕۆماننووسانەی کە لە سوید نیشتەجێن بریتین لە؛ (بریندار، محەمەد ئوزون، لالەش، قاسۆ، لوقمان پۆلات، مەحموود باکسی، سلێمان دەمیر، بووبێ ئەسەر، مستەفا ئایدۆغان، باڤێ نازێ).

لە باشووری کوردستانیشدا، ڕۆمانی کوردی بە درەنگەوە چاپ کراون. بە گوێرەی وتەکانی سەرۆکی کۆمەڵەی نووسەرانی باشوور (لەوانەیە مەبەستی لە سەرۆکی لقی دهۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد بێت- ئیسماعیل تەنیا)، کە لە گفتوگۆیەکدا گوتی؛ تەنیا لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کوردەوە، مانگێ دوو کتێب چاپ دەکرێت. لەمە شەش ڕۆمانەی کە لە باشووردا چاپ کراون، (٥) دانەیان لە ساڵی ٢٠٠٠دا چاپ کراون.

لە زۆربەی ڕۆمانە چاپ کراوەکاندا، زانیاری پێویست لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ڕۆماننووسەکاندا نییە، لەبەر ئەوەی زۆر نووسەر تا ئێستاکەش هەر بە نەناسراوی ماونەتەوە... لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی هەرە زۆریان لە ئەوروپا دەژین.

یەکەم ڕۆمانی کوردی کە لەلایەن کوردەکانی نیشتەجێی ئەوروپادا، چاپ کرا بێت، ڕۆمانی (خانێ)ی ڕۆماننووس (بریندار)ە، کە لە ساڵی ١٩٨٢دا چاپ کراوە.

ئەو ڕۆماننووسەی کە زۆرترین ڕۆمانی بەدیالێکتی کرمانجی چاپ کردووە، «محەمەد ئوزون»ە کە (٨) ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە.

ژمارەی ئەو (وەشانخانەو دەزگا و چاپخانانە)ی کە ڕۆمانەکانیشیان چاپ کردووە، بریتین لە (٤٤) دەزگا.

بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی کە ئێمە هەمانە، گەلێک دام و دەزگای پەخش کردن لە سوید هەنە کە ئەمانەن؛ (نوودەم، ڕۆژانوو، ئۆرفیوس، ئاپەچ، هەڵوێست، سارا، وەلات، پەلدا، ژیندان، نەورۆز، کوردستان).

سەرەتای ساڵی (١٩٩٠) پاش ئەو گۆڕانانەی کە لەسەر دەستی (ئۆزال) لە تورکیادا هاتە کردن، ئیدی دەزگای بڵاوکردنەوەش، سەرلەنوێ لە ئەستەنبۆڵ دامەزران... ئەوە لە کاتێکدا بوو لە پاش کودەتای جەنەراڵەکانی تورک لە ساڵی ١٩٨٠دا، هەموو دەزگا و وەشانخانەکان یاساغ کران و داخران، لەپاش (١٩٩٠)دا، دە دەزگای کوردی لە تورکیادا هاتە دامەزراندن، کە گەلێک ڕۆمانی کوردییان چاپ و بڵاوکردەوە.. دەزگاکانیش ئەمانە؛ (دۆز، سی میر، ئەلما، ئاڤێستا، پێری، ئارام، بەرفین، بەلکی باژار، ڤەنگ، لیس).

لەناو ئەو دەزگایانەی کە لەپاش ساڵی (١٩٩١)دا دامەزران، دەزگاکانی (بەلکی و لیس)ە کە لە دیاربەکردا دەست بەکاربوون. ئەو دەزگایانەی کە زۆرترین ڕۆمانیان چاپ کردووە (دەزگای نوودەم)ە کە نۆ ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە. پاش (نوودەم)یش دەزگای (ڕۆژا نوو) دێت کە حەوت ڕۆمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە.

لەناو کوردەکانی باکووردا، دەزگای (ئۆزگورلوک یۆلو) یەکەم دەزگایە کە لە ساڵی ١٩٧٧دا یەکەم ڕۆمانی کوردی بەناوی (شڤانێ کورد، ١١٢ لاپەڕە)، لە ئەستەنبۆڵ چاپ کرد.

لەناو ئەو ڕۆمانانەی کە ئێمە بینیومانە، ڕۆمانی (سەرهاتییێن ڕۆستەم و نامەردیا نامەردان)ە کە (ڕەزا چۆلپان) نووسیویەتی و لە ساڵی (٢٠٠٤)دا بە قەبارەی (٥٥٨) لاپەڕە لە دەزگای «ڤەنگ» چاپ کراوە. ئەم ڕۆمانە لە ڕووی زۆری ژمارەی لاپەڕەکانی بە یەکەم ڕۆمانی کوردی دەژمێردرێت. ڕۆمانی هەرە بچووکیش ڕۆمانی (پالا بێشۆپ)ە کە ڕۆماننووس (خەمگینێ تەمێ) نووسیویەتی و ٧٦ لاپەڕەیە. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ١٩٨٣دا نووسراوە و لە چاپخانەی (سارا) چاپ کراوە. ساڵی چاپکردنی لەسەر نییە.

لەناو ڕۆمانە چاپکراوەکاندا هەندێک ڕۆمان هەیە بەرگی یەکەمیان لەسەر نووسراوە، لەگەڵ ئەوەی خاوەن ڕۆمانەکان پاش بەرگی یەکەم ڕۆمانی تریشیان چاپ کردووە، کەچی بەرگی دووەمی ڕۆمانەکانیان چاپ

نەکردووە، نموونەی؛ ڕۆمانی (سوریٚ گولیٚ، سلیٚمان دەمیر، ١٩٩٧) و ڕۆمانی (خالتیکا زەینۆ- مەدەنی فەرحۆ، ١٩٩٨)ە.

لەناو ئەو ڕۆمانانەی کە ئێمە دەستمان خستووە، سیٚ ڕۆمانە کە لە چەند بەرگێکدا چاپ کراون و ئەمانەن:

* سیٚ شەڤ و سیٚ ڕۆژ، خەزەبا ئازادیٚ، وێران، نووسینی: (لالەش قاسۆ). سیٚ بەرگە بۆ هەر بەرگێک ناونیشانێکی سەربەخۆی هەیە و لە ساڵانی ١٩٩٩ و ٢٠٠٠ و ٢٠٠٢دا لە دەزگای «نوودەم» چاپ کراون.

* هاوارا دیجلەیێ، دوو بەرگ، محەممەد ئوزون، دەزگای ئاڤێستا، ٢٠٠١ و ٢٠٠٢.

* ئاڤ زەلال بوو، دوو بەرگ، مەزهەر بۆزان، دەزگای پێری، ساڵی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٤.

لەپاش ڕۆمانی عەرەبی شەمۆ، هەندێک ڕۆمانی تریش هەن کە یەکەم جار بە زمانێکی تر نووسراون و دواتر کراونەتە کوردی. بە گوێرەی زانیارییەکانی ئێمە، ئەو ڕۆمانانەش ئەمانەن:

* زەڤییێن سۆرۆ، ناجی کوتلای، پێشتر بە تورکی نووسیویەتی، دواتر کراوەتە کوردی و چاپ کراوە.

* هێلین، مەحموود باکسی، پێشتر بە سوێدی نووسیویەتی و دواتر کراوەتە کوردی و چاپ کراوە.

* چیاییێن ب خوینیٚ ئاڤدایی، باڤیٚ نازیٚ، پێشتر بە عەرەبی و ڕووسی چاپ کراون و دواتر کراونەتە کوردی و چاپ کراون.

کورد لەبەر پارچە پارچە بوونی نەتەوە و خاکەکەی زۆر ئەستەم بووە، خوێنەران بە نووسەرەکان ئاشنابن و بەرهەمەکانیان بخوێننەوە. هەر بۆیەش زۆر دژوارە. بتوانین سەرجەم ڕۆمانەکان بە ژمارەیەکی ورد و دروست تۆمار بکەین. لەبەر ئەو هۆکارە، لەوانەیە، زۆر ڕۆمانی تر هەبن کە ئێمە نەمانتوانیوە و زانیاری لەسەر کۆبکەینەوە و تۆماری بکەین.

چاپەمەنی کوردیش دەرهەق بە ڕۆمان و زۆر جاران خۆیان بێدەنگ کردووە، یان سانسۆریان خستۆتەسەری، بۆ نموونە: دەزگایەک ڕۆمانێکی چاپ کردووە، دەزگایەکی تر لەبەر جیاوازی بیروڕای سیاسی، نەهاتووە لەسەر ئەو ڕۆمانە بنووسێت یان خستنەڕوویەکی ئاسایی بۆ بکات، تا هەر هیچ نەبێت خوێنەران زانیارییەکی سەرەتایی لەسەر پەیدا بکەن.

دەزگا و وەشانخانەکانیش هەموویان سەر بە ڕێکخراو و پارتی سیاسین و تەنیا کەسێک سەرپەرشتی ئەو دەزگایانە دەکات و هیچ کەسێک ناتوانێت دەست لەکاروباری وەربدات، یان بڕیاری چاپکردنی کتێبێک بدات. لەبەر ئەوە تاکە پێوانە بۆ چاپکردنی کتێب، باشی و خراپی بەرهەمەکە نییە، بەڵکو جۆری پێوەندی و نزیکی بیروباوەڕی سیاسی نووسەرەکەیە لەگەڵ خاوەن دەزگاکان، بۆیە چی بنووسن دەتوانن بە ئاسانی چاپی بکەن.

لە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە لە وڵاتانی ئەورووپادا، لیژنەی پسپۆڕ و شارەزا هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان، بەپێی بڕیاری ئەوان، بەرهەمەکان چاپ دەکرێن... هەندێک دەزگای کوردی هەن بە پارە کتێب بۆ نووسەران چاپ دەکەن، بۆیە پێش چاپکردنی، کتێبەکە ناخوێننەوە و بەلایانەوە گرنگ نییە بەرهەمێکی باشە یان خراپە.

پێوەندی شەخسی لەنێوان (خاوەن دەزگا و نووسەر)، بۆ هەڵبژاردنی بەرهەم، زێتر لەنێو دەزگا کوردییەکانی ئەستەنبوڵدا بەدی دەکرێن و بەشێوەیەکی گشتی ئەم پێوەندییە ڕەچاو دەکرێن نەک چۆنایەتی بەرهەمەکە. هەروەها تیراژی بەرهەمەکانیش لەسەر هەمان پێەندییەوە بەندە.

زۆر چاپکراوی کوردی هەیە لە ڕووی زمان و شێوەی نووسینەوە، شایانی ئەوە نین بڵاوبکرێنەوە، وەلیٚ لەبەر هۆکاری سیاسی و نزیکی بیروباوەڕەوە، بڵاودەکرێتەوە، هەر بۆیەش بەرهەمەکان زۆر بە کەمی دەفرۆشرێن... بە گوێرەی زانیارییەکان نزیکەی (٧٥٠) کەس لە دەزگا و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و ماڵپەڕەکان نووسین و بەرهەم بڵاودەکەنەوە، کەچی کتێبێک چاپ دەکریٚ زۆر بە زەحمەت (٤٠٠- ٥٠٠) دانەی لیٚ دەفرۆشرێت. ئەمەش پرسیار گەلێک دروست دەکات؛ گەلۆ نووسەرانی کورد ناخوێننەوە؟! یان بەرهەمەکان شایانی خوێندنەوەنین؟!

ئەو لیستەی کە ئێمە بۆ ڕۆمانی کوردیمان ڕێک خستووە، لەو کەسانەوە دەست پێدەکات کە پڕ بەرهەمترین کەسن لەو بوارەدا؛

١- محەممەد ئۆزون:

- تو، دەنگیٚ کۆمەڵ، ١٩٨٤، ٢٢٠ لاپەڕەیە.

- ڕۆژەک ژ ڕۆژێن ئەڤدالێ زەینکیٚ، ئۆرفیوس، ١٩٨٧، ١٥٤ل.

- مرنا کالەکیٚ رند، ئۆرفیوس، ١٩٨٩، ١١٩ل.

- سیبیا ئەڤینێ، ئۆرفیوس، ١٩٩٨، ٢٢٠ل.
- بیرا قەدەرێ، سارا، ١٩٩٥، ٢٥٢ل.
- رۆنی مینا ئەڤینێ تاری مینا مرنێ، ئاڤێستا، ١٩٩٨.
- هاوارا دیجلەیێ، بەرگی یەکەم، ئاڤێستا، ٢٠٠١، ٣٠٢ل.
- هاوارا دیجلەیێ، بەرگی دووەم، ئاڤێستا، ٢٠٠٣.
٢- عەرەب شەمۆ:
- شڤانێ کورد، ١٩٣٥، (چاپا نوو، چاپخانەی ئۆزگورلوک یۆلو، ١٩٧٧، ئەستەنبۆڵ، ١١٢ل).
- بەربانگ، ١٩٥٩، چاپخانا هایپەتهران.
- ژیانا بەختەوەر، ١٩٥٩، (چاپا نوو، چاپخانەی رۆژا نوو، ١٩٩٠، ٢٥٣ل)
- دمدم، ١٩٦٦، (چاپا نوو، وەشانێن رۆژانوو، ١٩٨٣، ٢٠٥ل)
- هۆپۆ، ١٩٦٩، (چاپا نوو، رۆژا نوو، ١٩٩٠، ٢٠٨ل)
٣- لوقمان پۆلات:
- کەوا ماری، (چاپخانەی هەڵوێست، ١٩٩٩، ٢٧٢ل).
- فیلۆزۆف، (هەڵوێست، ٢٠٠٢، ١٦٣ل).
- رۆژنامەڤان، (چاپخانەی پێری، ٢٠٠٢، ١٠٩ل).
- رۆیین، (ڤەنگ، ٢٠٠٤، ئەستەنبۆڵ، ١٧٣ل).
- نورهەیاتا لیجی، (هەڵوێست- دۆز، ٢٠٠٥، ٨٨ل).
٤- عەلیێ عەبدولرەحمان:
- خاتێ خانم، ١٩٥٨، (چاپا نوو؛ بەلکی، ٢٠٠٤، ئامەد، ٨٠ل).
- گوندێ مێرخاسان (١٩٦٨).
- شەڕ چیادا، (١٩٨٩).
٥- مەحموود باکسی:
- هێلین، (ئیمیگرانت- ئینستیتوتیت- ١٩٨٤، ١١٨ل).
- گوندکێ دۆنۆ، (ئۆرفیوس- ١٩٨٨، ١٠٧ل).
- لاوکێ خەرزی، (ساڵی چاپی لەسەر نییە)، وەشانخانەی نوودەم.
- سەرهەلدانا مالا عەلیێ یونس، (وەشانێن ئازادیا وەلات، ٢٠٠١، ١٠١ل).
٦- لالەش قاسۆ:
- سێ شەڤ و سێ رۆژ، (نوودەم، ١٩٩٩، ٣٢٨ل).
- خەزەبا ئازادیێ، (پەلدا، ٢٠٠٠، ٣١٢ل).
- وێران، (پەلدا، ٢٠٠٢، ٣٠٣ل).
- رۆناکبیر، (پەلدا، ٢٠٠٣، ١١٦ل).
٧- مەدەنی فەرحۆ:
- بەرخوەدان ژیانە، ١٩٩٤).
- میرزا محەمەد، (نوودەم، ١٩٩٥، ١٠٧ل).
- خالێیکا زەینۆ، (وەشانا دۆز- ١٩٩٨).
- مارێ د توردە، (پێری، ١٩٩٩، ١٩٢ل).
٨- عەباس عەباس:
- شڤانێ بەرخان، (پێری- ٢٠٠٤، ١١١ل).
- خەونێن شیاریی، (پێری- ٢٠٠٤، ١١١ل).
- دەنگبێژی بچووک، (پێری- ٢٠٠٥، ٩٦).
- هەلبەستڤان، (پێری- ٢٠٠٥، ٩٥ل).
٩- خورشید میرزەنگی:
- سینۆر، (ژیندان- ١٩٩٥).
- رۆستەمێ زال، (رەوشەن- ١٩٩٩، ٢٠٥ل).
- بەلقیتیی، (کۆمەل- ٢٠٠٤، ٢٥١ل).
١٠- دیندار:
- خانێ، (١٩٨٢).
- سۆرۆ، (١٩٨٣، ١٧٩ل).
١١- باڤێ نازێ:
- ستۆکهۆلمێ تە چ دیتیە بێژە، (وەشانێن Fortattores Bokmaskin، ١٩٨٧، ١٢٢ل).
- چیاییێن ب خوینێ ئاڤدایی، (وەشانێن کۆمەلا ژینی کوردستانێ ل سویدێ، ١٩٨٩، ٢٤٠ل).
١٢- سەدیق هرۆری:
- کورێ زنارێ سەربلند، (نوودەم- ١٩٩٦، ١٥٦ل).
- ئەڤین و سەوات، (نوودەم- ١٩٨٨، ١٠٩ل).
١٣- سلێمان دەمیر:
- سۆرێ گولێ، (نوودەم- ١٩٩٧، ٢٢٤ل).
- کۆچ، (رۆژانوو، ١٩٩٨، ١٨٨ل).
١٤- ئیبراهیم سەیدۆ ئایدۆغان:
- رەش و سپی، (وەشانێن دۆز- ١٩٩٩، ٢٨٨ل).
- لەیلا فیگارۆ، (وەشانێن میر- ٢٠٠٣، ١٦٣ل).
١٥- زەینەل عابدین:
- بنەفشێن تاریێ، (دۆز- ١٩٩٩، ١٧٦ل).
- پەیمان، ١-گراڤا ستێرکێن ڤەمری، (وەشانێن گۆڤارا هاڤیبوون- ٢٠٠٣، ١٥٨ل).

١٦- بووبێ ئەسەر:
- گاردیان، (ڕۆژانوو- ١٩٩٤، ١٦٥ل).
- ژیانەک، (باژار-٢٠٠٤، ٢٥١ل).
١٧- مەزهەر بۆزان:
- ئاڤ زەلال بوو، (بەرگی یەکەم، پیِّری-٢٠٠٤).
- ئاڤ زەلال بوو، (بەرگی دووەم، پیِّری-٢٠٠٤).
١٨- ئەیوب کیران:
- دەروێشێ عەبدی، (وەشانێن میر- ٢٠٠٣).
- پلنگێ سەرحەدێ، (وەشانێن ئەلما- ٢٠٠٥).
١٩- فێرگین مەلیک ئایکۆچ:
- مامۆستایێ زناران، (وەشانێن ڕەوشەن- ١٩٩٩).
- دلێن ل بەر پووکێ، (ڕەوشەن- ٢٠٠٢).
٢٠- عومەر دلّسۆز:
- هێڤیێن بریندار، (وەشانێن ئارام- ٢٠٠٣، ١٦٢ل).
- بێهنا ئاخێ، وەشانێن پەرچەم- ٢٠٠٥).
٢١- حاجیێ جوندی:
- هەواری (١٩٦٧)، چاپانوو: وەشانێن ڕۆژا نوو- ١٩٩٩، ٤٢١ل).
٢٢- سەعیدێ ئیبۆ:
- کوردێن ڕێوی، (ڕێوی: بە مانای ڕێبوار دێت- ئیسماعیل تەنیا)، ١٩٧٩، ئێریڤان.
٢٣- خەمگینێ تەمێ:
- پالا بێشۆپ، (وەشانێن سارا- ١٩٨٣، ٧٦ل).
٢٤- عەگیدێ خودۆ:
دێوو و دێماریی، ١٩٨٦، (چاپا نوو: نوودەم- ١٩٩٥، ١١٢ل).
٢٥- شاهینێ بەکرێ سۆرەکلی:
- ڤەندابوون، (ئینستتویا کوردی بەشی ئەلمانی- ١٩٨٧، ١١٨ل).
٢٦- نوری شەمدین (ناجی کوتلای):
- زەڤیێن سۆرۆ، (وەشانێن کوردستان- ١٩٨٨، ٣١٣ل).
٢٧- ئەحمەدێ هەپۆ:
- برین، (وەشانێن ئازەر نەشر-١٩٩٦، ٢٠٧ل).
٢٨- ئازاد باڤێ شاهین:
- پێن پەرشان، (بەیروت- ١٩٩١).
٢٩- حەسەنێ مەتێ:
- لا بیرەنتاجینان، (وەشانێن وەلات- ١٩٩٤، ١٩٧ل).
٣٠- محەمەد دەهسسوار:
- چریسکێن ڕزگاریێ، (وەشانێن نەورۆز- ١٩٩٥، ١٩٧ل).
٣١- ئیحسان جۆلەمێرگی:
- جەمبەلی کوڕێ میرێ هەکاری، (وەشانێن ئاپەج، ١٩٩٥، ١٩٥ل)
٣٢- مستەفا ئایدۆغان:
- پێلێن بێریگرنێ، (نوودەم- ١٩٩٧، ١٧١ل).
٣٣- حەلیم یوسف:
- سۆبارتۆ، (ئاڤێستا- ١٩٩٩، ٢٠٣ل).
٣٤- عادل زۆزانی:
- کەژێ، (پیِّری- ٢٠٠١، ٢٤٠ل).
٣٥- مێڤان (بەتال بەتێ):
- بێبەختی، (سالّ و شوێنێ چاپکردنی نەزانراوە).
٣٦- تۆری:
- مەندیک، (وەشانێن بەرفین، ٢٠٠٢، ١٩٥ل).
٣٧- کەمال ئۆرگون:
- ل قەرەخا شەڤێ هیڤرۆن، (وەشانێن سیی- ٢٠٠٢، ١١٢ل).
٣٨- پەرویز جیهانی:
- بلیجان، (دۆر- ٢٠٠٢، ٥١١ل).
٣٩- ڕەمەزان ئالان:
- ساتورن، (ئاڤێستا- ٢٠٠٢، ١٥١ل).
٤٠- م. بەشیر:
- سۆفی ڕەمۆ، (مەدیا - ١٩٩٩).
٤١- ڕەشاد ئەکتاش:
- ڤەگەر، (ڕەوشەن- ٢٠٠١، ١٤٧ل).
٤٢- ژیر دلۆڤان:
- زەنگا زێرین، (وەشانێن مەزۆپۆتامیا- ٢٠٠٣، ٢٧٢ل).
٤٣- ئەنوەر محەمەد تاهیر:
- گەڕیان ل بابێ بەرزێ، (ئاسۆ- ٢٠٠٠، هەولێر).
٤٤- حەسەن سلێڤانی:
- گولستان و شەڤ، (چاپخانەی هاوار- ١٩٩٦، دهۆک، سالا نڤیساندنێ ١٩٨٧).
٤٥- ناجی تەها بەرواری:
- ئەو ئاشێ دەراڤ لێ وەرگەڕاندی، (هاوار- ٢٠٠٢، دهۆک).

٤٦- مەناف عوسمان:
- گرێ شێران «سەرهلدان»، (وەشانێن ئارام-٢٠٠٣، ٤٣٥ل).
٤٧- نەورۆز سەعدی پوور:
- ڤیان، (وەشانێن سیبی- ٢٠٠٢، ٢٠٦ل).
٤٨- ژان دۆست:
- مژاباد، (بەلکی-٢٠٠٤).
٤٩- پیر ڕۆستەم:
- زارۆکاتیا نەینکێ، (٢٠٠٥ ل سەر ئەنتەرنێتێ چاپ بوویە،
HYPERLINK
(http://www.mehname.cjb-com)
٥٠- سەبری سلێڤانی:
- ئاڤا مەزن، (وەشانێن ڕەنج، ٢٠٠٤).
٥١- لوقمان ئایەبە:
- ژار لێ سەرمەست، (بەلکی- ٢٠٠٤، ١٣٤ل).
٥٢- وەزیرێ ئێشۆ:
- پامپ سیپان، (١٩٨٦، ٢٧٨ل).
٥٣- میران ژانبار:
- ئاردوودا، (لیس- ٢٠٠٥، ٨٠ل).
٥٤- میرۆیێ ئەسەد:
- سیسێ، (١٩٦١).
٥٥- ڕەزا چۆلپان:
- سەرهاتییێن ڕۆستەم و نامەردیا نامەردان، (ڤەنگ-٢٠٠٤، ٥٥٨ل).
٥٦- عەسکەرێ بۆیێک:
- خەزەڤا خوەدێ گوندێ ئێزیدیان، (دەنگ- ٢٠٠٤، ٤٢٥ل).
٥٧- موحسین عەبدولڕەحمان:
- ڤیان د دەمەکە ژاندارەدە، (دهۆک- ٢٠٠٥).
٥٨- بلند محەمەد:
- سۆتینگە، (دهۆک- ٢٠٠٥).
٥٩- سەیدایێ تخووب:
- ئەڤینا بێ تخووب.
٦٠- یەعقوب تلەرمەنی:
- کتم، (وەشانێن لیس- ٢٠٠٥).
٦١- فرات جەوەری:
- پایزا درەنگ، (نوودەم- ٢٠٠٥، ٤٠٧ل).



# نالی بەتەنیا موریدی خوابووە

حەکیم مەلا سالح
(هەڵەبجە)

برای بەڕێز د. عـــەبدوڵڵا خـــدر مـــەولود لە ژمـــارە (١٠٥)ی ئەم گـۆڤـارە ئازیزەدا وتارێکی بەناونیـشـانی (نالی و ســۆفــیگەریی) بڵاوکـــردۆتەوە. ئەم بەســەر کردنەوەیەی نالی لە ڕووی تەسەوفەوە، کارێکی بەجێیە و پێـویسـتـە دەسـتـخۆشـانەی بکرێت، چونکە تا ئێـسـتـە کەس بەم شێوەیە خۆی بەو بەیتە شیعرییانەی نالی-یەوە خەریک نەکردووە کە قسە لەسەر تەسەوف دەکەن، واتە ئەو بەیتـــانەی کـــە وشـــەو دەســـتـــەواژەو ئامـــاژەی سـۆفـــیگەرییـــان تێـــدایە، بەڵام ئەوەندە هەیە وتارەکـە پێـــویســـتی بەوەیە لەســەری بوەســتین، چونکە بەڕێزیان هەوڵـیـان نەداوە بە وردی و بە تێـڕامـانەوە دەست لەسـەر لێکدانەوەی وشـەکـان دابگرن و شـیـیـان بکەنەوە. دیارە ئەوەش لە مـەیدانی لێکۆڵینەوەی شاعـیـرێکی گـەورەی وەکو نالی-دا کـەم وکورت دێنێ، چونکە هەمـوو دەزانین نالی تاقـــانە شـــاعـــیـــری کـــوردە کـــە بەوپەڕی تواناو دەســـەڵاتەوە یاری بە وشــە کـــردووەو خـــۆی واتەنی (بۆ ئەوکەسەی کە شاعیرە سەد داوی نایەوە). یا وەک دەڵێ،

**بەحری غەزەلم پڕ لە دوڕو گەوهەرە، ئەمما**
**غەوواصی دەوێ یەعنی بە تەعمیقی بزانە.** ل ٤٨٠

نالـی لە هەنـدێ بەیتـی دیکەی نـاو دیوانەکـــــەیدا نیشـانەی (لەخۆبایی بوونی) خۆیمان پێش چاو دەخات، ئەمەشی بۆ ئەوە کردووە.

یەکەم: لە گۆڕەپانی شیعردا کە ئەوەش خەسڵەتی زۆر لە شـاعـیـرە گـەورەکـانە و شـانازی بەشـاسـواری خۆیەوە دەکات.

دووەم: ســەرنجــیــشــمــان ڕادەکـێـشێ بۆ ئەوەی کـە بە

وریاییەوە بچینە ناو دنیا پڕ لە سیحرو ئامـاژەو ئیحاو کینایەکانی.

دکتۆر لە باسەکەیدا ئەم بەیتەی هێناوەتەوە:

**یەک ڕەنگم و بێ ڕەنگم و ڕەنگین بە هەموو ڕەنگ**
**بەم ڕەنگە دەبێ ڕەنگ ڕژیی عیشقی حەقیقی.** ل٦٥٥

بەڵام وەک لێکۆڵەرێکی دنیـای سـۆفـیگەری هیچ ڕاڤـەیەکی لەسـەر وشـەکـانی ئەم بەیتـە نەکـردووە، بە تایبـەتی وشـەی (ڕەنگ) کـە شـاعـیـر بە چەند شـێـوە هێناویەتی و پانتاییەکی گەورە لە جیهانی سۆفیگەریدا داگیر دەکەن. بۆ لێکدانەوەی ئەم وشەیەو چەند وشەیەکی دیکەی سۆفییانەی نالی پێویستە پشت بەسەر چاوەکان ببەستین و تێکڕای جوگرافیای سۆفیگەری بپشکنین تابتـوانین لە واتا شـاراوەکـانی ژێر پەردەی وشـەکـانی شاعیر تێبگەین، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە بەپشت بەستن بە سـەرچاوەکـانی بەردەسـتـمـان، هەوڵ دەدەین یەک یەک وشەکان بەم شێوەیە شی بکەینەوە.

(١) ڕەنگ: لە دنیای سۆفیگەریدا بریتییە یاکینایەیە لە (رسوم) و (تعلقات) و (قیود)ی بەشەری. لەسەر ئەم وشەیە سوڵتان ئیسحاقی گەورەی کاکەییەکان دەڵێ:

**دەس مەدەر وەی ڕەنگ مەواچەومەگۆ**
**دەعوای شەککاکان بادابمانۆ (١)**

واتە: هیچ هەقت بەسـەر (رسـوم) و (تعلقـات) و (قیـود)ی بەشەرییەوە نەبێ، باگێرمەو کێشەو ناکۆکی نێوان گومانداران هەر بمێنێ.

(حافزی شیرازی)ش لە بەتێکیدا دەڵێ:

**ساقیا می دەکە جزمی نشکند پرهیزرا**
**تا زمانی کم کنم این زهد رنگ آمیز را.**

واتە: ئەی مەی گێڕ (خوایە) مەیم دەیە (باوەڕم بەرێ) چونکە جگە لە (مـەی- باوەڕ) هیچ شـتـێکی دیکە ئەم حەزەرو دوورە پەرێزییەم ناشکێنێ، ئەمـەش بۆ ئەوەی تا ڕۆژگـارێ ئەم خـواپەرسـتـیـیـە ڕووکـەش و دوور لە (حەقیـقەت)ە کە بە (رسوم) و (تعلقات) و (قیـود)ی بەشەری داگیر کراوە کەم بکەممەوە. (٢)

مـەولانا جـەلالەدینی ڕۆمی-یش بەم شـێـوەیە دەسـتی لەسەر وشەی (ڕەنگ)داگرتووە و دەڵێ:

**عشقهایی کز پی رنگی بود**
**عشق نبود عاقبت ننگی بود**

واتە: ئەو عـیشـقانەی کە بۆ بەدەست هێنانی (ڕەنگێ) بێت: واتە بۆ دەسـتکەوتی دنیـایی بێت، ئەوە عـیـشـقی حەقـیـقی نیـیـە و سـەرەنجـامـەکـەی نەنگی و ڕیسـوا بوونە. (٣)

ئیـتـر ئەگـەر نموونە لەسـەر (ڕەنگ) بێنینەوە لەلای شاعیرە سۆفیەکان، ئەوە ئەوەندە زۆرن کە لێرەدا جێگایان نابێـــتــــەوە وپێم وایە ئەو سێ نموونەیە بەس بێ بۆ مەبەستەکەمان.

(٢) نـالی دەڵێ- یەک ڕەنگم- (یـەک ڕەنگی) لـە تەسـەوفـدا بریتـیـیــە لە دڵسـۆزی و ڕاسـتگۆیی و خۆشەویستی دوور لە ڕیایی و دوو ڕوویی. (٤)

هەر لەم ڕووەشەوەیە کە نالی لە هەندێ بەیتە شیعری دیکەیدا گاڵتە بەعیشقی ساختەی هەندێ زاهید و سۆفی دەکات. وەک:

**صۆفی کە سلووکێکی هەیە، عوجب و ڕیایە.** ل٥٦٥

یا دەڵێ:

**ڕیشەکەی پان و درێژە، بۆ ڕیا خزمەت دەکا.** ل١٢٨

یا دەڵێ:

**خاطری زاهیدە خاڵیی، خاڵیی**
**نییە، ئەڵبەتتە، لە بێنێکی ڕیا.** ل١٢٧

لەم بارەیەوە بەیتی دیکەشی هەیە و هەمـــوویان ئەوە دەسەلمێنن کە نالی خۆی بە (یەک ڕەنگ) زانیوەو سۆفی و زاهید و واعیزە ساختەچییەکانیش بە ڕیاکارو دووڕوو.

(٣) نالی دەڵێ- بێ ڕەنگم- بێ ڕەنگی)= لە دنیـای سۆفـیگەریدا بەکەسـێک دەگـوترێ کە واز لە خـۆشی و ناوبانگی دنیـــایی بێنێ و هەرچی دەیکات بۆ نزیک بوونەوە لە خـواو ژیانی ئەو دنیـا بێت، واتە (کـەسێ کە بەشوێنی ناوبانگ و زەرق و بەرقی دنیادا نەگەڕێ). (٥)

(بێ ڕەنگی) لە کـوردیدا واتای سیـفـەتێکی جوان و گەورەی بۆ خودا وەرگرتووە، وەک لە خواردنی سوێندێکدا

دەگــوترێ (بەخــوای بێ ڕەنـگ قــەســەم) یا دەگــوترێ (بەوکەسەی کەس لە ڕەنگی نییە). مەولەوی تاوەگۆزی لە بەیتـــێکیـــدا وشـــەی (بێ ڕەنگی) بەم شـــێـــوە بەکارهێناوە:

**بولبولی گوڵشەن بێ نام و نەنگیی**
**تەزەرووی سەرسەرووی باغچەی بێ ڕەنگیی.** ل٧٣.

وشەی (بێ ڕەنگی) لەم بەیتـەدا بە بەرز ڕاگـرتـن پلەو پایەی خواناسی شێخ حەسەنی مەولاناوایە کە شیعرەکەی بۆ نووسیـوە. مەبەستی ئەوەیە کە ئەو شێخە لەلایەکەوە (بولبولی نێـو گولزاری بێ نـاوی و بێ باکییـە لە هەمـوو جیهان و لەلایەکی دیکەوە تەزەرووی- جۆرە باڵدارێکە- سـەرچڵـە پۆپەی دارسـەرووی ئەوەیت کـە هەر چیت کـرد هەربۆ خودابوو نەک بۆ ناوبانگ و زەرق و بەرقی دنیا)

(٤) دەڵێ (ڕەنگێن بە هەمـوو ڕەنـگ)= ئەمـە زاراوەی نالی خـۆیەتی و مـەبەسـتـیـشی ئەوەیە کە ڕۆح و گـیـانی بەهەمـوو ڕەنگەکـان- هەمـوو تەریقـەتە سـۆفـیـیـەکـان- ڕەنگاوڕەنگ کراوە. واتە هەمـوو تەریقەتەکانی قبوولە و خـۆی نەشکاندووەتەوە بەلای یەکـێکیـاندا، چونکە پێی وابووە هەمـوویان لە بنجـدا بۆ خـواپەرسـتی دامـەزراون. هەروەکـو لەبارەی (سـیـادەت)یشـەوە جیـاوازی لەنێـوان لایەک ولایەکیداناکات. ئەوەتا دەڵێ:

**کە جێگەت بۆ عیبادەت بێ، چ فەوقانی، چ تەحتانی**
**کــە حــوبـت بـۆ ســیـــادەت بێ، چ (بەرزنجی)، چ (باراوی).** ل٦٨٩

هەروەها لەسـەردەمی ژیانی نالیـدا هەردوو تەریقـەتی (قـادری) و (نەقشبەندی) لە کوردستـاندا، بەتایبەتی لە سلێـمـانی و دەوروبەریدا برەوی تەواویان هەبووە، بەڵام دیارە نالی ڕێزو خـۆشەویستی بۆ هەردوو لایان هەبووە و بەیەک چاو سەیری کـردوون. ئەگـەرچی لە غـەزەلێکـیـدا دەڵێ:

**لە عەکسی زاتی بێ ڕەنگت هەتاکەی دیدە ڕەنگێن بێ**
**جنوونی لەیل و مەیلی نەقشبەندیی عەکسی ئەسما بێ**

**مەگەر هەریاری نەقشینم ببێتە نەقشبەندی دڵ**
**کـە نەقشی غـەیری ڕەنگی ئەو بە ئاوی دیدە شـۆرابێ.**
ل٦٠٠

لەم دوو بەیتـەدا وشـەی (نەقشـبـەندی) لەیاری کـردن بە وشە دەچێت، ئەگینا هیچ واتایەکی تێدا دیارنییە کە لەم تەریقـەتـەدا تەمـەسـوکی لە دەسـتی کـەسێکدا کـردبێ، بەتایبـەتی مـەولانا خـالیـد کـە هەم خـزمـیـەتی و هەم ئەم ڕێبازەی بۆ جاری دووەم هێناوەتەوە ناو وڵاتی کوردەواری (*). واتە لە هەردوو بەیتـەکـەدا نیـشـانەی (مـورید) و (مــوراد) دیـارنـیـــیـــە، پێم وایـە نالی خــۆی زۆر لەوە بە گەورەتر زانیـوە کە ببێتـە (موریـد)ی شێـخێک و ئەوەندە بەرز فــرپـوە تـەنـیـــا خــودای بـە (مـــوراد) زانـیـــوە. ئـەم مـەبەسـتـەش لە پارچە شـیـعـری یەکـەمی پیـتی ئەلفـدا بڕیوەتەوە کە سەرەتاکەی دەڵێ:

**ئەی جیلوەدەری حوسن و جڵەوکێشی تەماشا**
**سەر ڕشتەیی دین بێ مەدەدی تۆ نییە، حاشا.** ل٧٥.

(٥) دەڵێ- ڕەنـگ ڕژی- ئەمـەش زاراوە تاشینی نالی خـۆیەتی و لە جـێـگەی (تلوین) بەکـاری هێناوە. وشـە، (تلوین)یش لە ڕێـبـازی تەسـەوفـدا بریتـیـیـە لەوەی کـە «بەپشت بەستن بە ئایەتی پیرۆزی (كل يوم هوفي شأن) تەلوین سیـفـەتێکە لە سیـفـەتەکـانی خـوداو بڵندترین پلەیە» (٦) لەبارەی وشـــەی (تلوین)ەوە ئیبن عـــەرەبی دەفەرمووێ!

**ان التلون من حال الي حال**
**دليل صدق على العالي من الحالي.**

واتە: هەروەکـو ڕەنگاوڕەنـگ کـردن لە حـاڵەتێکەوە بۆ حـاڵەتێکی دیکە بەڵـگەی ڕاسـتگۆییـە لەسـەر حـاڵـەتی بڵندی حاڵ. (٧)

مـەولەوی تاوەگـۆزی لە وەسفی شێـخی سیـراجەدینی نەقشبەندیدا دەڵێ:

**بێ (تەلوین) نەسای تەمکین دا مەکین**
**(روح الله روحه آمين).**

واتە: ئەی شێخێ کە لەژێر سێبەری دامەزراوی و نەگۆڕانی وەزع و حاڵەتدا جێگات گرتووە، خوا گیانت تواناترو بەهێزتر بکات.(٨)

هەر لەم بەیتەدا نالی دوو وشەی دیکەی سۆفیانەی هێناوە کە پێویستە بۆ باشتر نزیک بوونەوە لە مەبەستەکەمان قسەیان لەسەر بکەین.

(أ) عیشق= لە بنچینەدا دەکرێ بە دووبەشەوە، ١- (عیشقی حەقیقی= خودایی) ٢- (عیشقی مەجازی= دڵداری لەگەڵ کیژان). نالی لەم بەیتەیدا مەبەستی عشقی یەکەمە، چونکە وشەی (حەقیقی) بە دوادا هێناوە. عیشق لە قامووسی سۆفیگەریدا بەم شێوە لێکدراوەتەوە.

١- ئاگرێکە کەبەر دەبێتە دڵ و خۆشەویست دەسووتێنێ، عیشق زەریای بەڵایەو شێتی خودایی و جۆش و خرۆشی دڵ و مەعشووقی بێ واسیتە).(٩)

٢- ئیبن عەرەبی دەڵێ (عیشق خۆشەویستی لە ڕادەبەدەرە کە لە قورئاندا بە شیددەتی ئەڤین لێکدراوەتەوە، وەک خوای گەورە دەفەرمووێ (والذين أمنوا أشد حبا لله).

واتە ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە عیشقێکی توندو تۆڵیان بە خوداوە گرێ داوە.)(١٠).

شێخ فەریدەدینی عەتار دەڵێ: تەریقەتی ئێمە لە حەوت هەنگاو پێکهاتووە کە بریتین لە ١- وادي الطلب.

٢- وادي العشق. ٣- وادي المعرفة. ٤- وادي الاستغفار. ٥- وادي التوحيد. ٦- وادي الحيرة. ٧- وادي الفقر و الغني. (١١)

کەواتە لەم پۆلێن کردنەی شێخی عەتاردا عیشق هەنگاوی دووەمە و دوای هەنگاوی (الطلب) دێت.

(الطلب) واتە داخوازی لە خوای گەورە، یاخود گەڕان بەدوای خوادا.

(ب) وشەی - حەقیقی- واتە (ڕاستەقینە) کە مەبەست ئەوەیە لە ڕووی ڕاستییەوە عیشقی خوا بچەسپێتە دڵتەوە. عیشقێک کە تەمەنی درێژە و سەرتاسەری ژیانی ئەم دنیاو ئەو دنیا دەگرێتەوە، بەپێچەوانەی عیشقی خوازراوەوە کە تەمەنی کورتە.

بەم شێوەیە بە لێکدانەوەی وشەکان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بەیتەکە پڕ بەپڕ دەچێتە خانەی تەسەوفەوە و نیشانیشی دەدات کە نالی خودای بە تاقانە موڕادی خۆی زانیوە، واتە ڕاستەوخۆ خودای هەڵبژاردووە نەک وەکو (مەولەوی) و (مەحوی) و (حەریق) کە شێخەکانی خۆیان کردۆتە سەرچاوەیەک بە گەیشتن بەخودا. بەم پێیە نالی وەک (عاریف) دێتە ژماردن و دەبێ بە (مەولەوی) و (مەحوی) و (حەریق) بڵێین (صۆفی) یا (مورید).

*   *   *

ئەم بەیتەی کە باسمان لێوەکرد لە غەزەلێکی پێنج بەیتیدا داڕشتووە کە غەزەلەکە پڕە لەوشەو دەستەواژەی دیکەی سۆفیانە، وەکو (ساقی، مەیخانە، ڕەحیق، حەرەم، حەضەر، سەفەر، وەتەن، ئەهلی طەریق) کە هەریەکێ لە مانەش شیکردنەوەو لێکدانەوەی تایبەتییان دەوێ، کە ئەمەش کرا ئەوکاتە غەزەلەکە بەگشتی دەچێتە خانەی تەسەوفەوەو جێگایەکی بەرزو شایان دەگرێت.

نالی لە ڕووی بابەتەوە دەستی لەسەر هەر شتێ داگرتبێ گەیاندوویەتییە لووتکە، ئیتر لە باسی کەرەکەی خۆیەوە بیگرە تا دەگاتە ڕووبەڕوو وەستانی زانایەکی گەورەی وەکو (موفتی زەهاوی)، یان زۆر لەوە بەرزتر قسەکردن لەگەڵ خودادا. کەواتە لەباری تەسەوفیشەوە هەمان کاری ئەنجامداوە، لە کاروانی شیعری کوردیدا لە ڕووی ناوەڕۆکی سۆفیانەوە مەگەر (مەلای جزیری) و (شێخی زیائەدین) توانیبێتیان بەمی بگەیەنن، ئەمیش بە مەرجی ئەوە کە هەرگیز ئەم دوو زاتەش نەیانتوانیوە وەکو ئەم وردەکاری لە داڕشتنی شیعرەکانیاندا بکەن، چونکە سەبارەت بە نالی نابێتە زیادەڕۆیی ئەگەر بڵێین (لە- یاری کردنی بە وشە-دا هیچ شاعیرێکی دیکەی کلاسیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی پێناگات).

نالی دوابەیتی ئەم غەزەلەی بەم شێوەهێناوە، دەڵێ:

**خەڵقی کە هەموو کودەکن و بەستەزوبانن**
**بابێن و لە (نالی) ببیەن شیعری سەلیقیی.** ل٦٥٧

نالی لێرەدا ڕووی دەمی لە هەموو خەڵکی کوردستانە- بە شاعیرەکانیشەوە- کە ئەو دەمە بوونەتە دوو تیرە، تیرەیەکیان بەلای تەریقەتی قادری و ئەوی دیکەیان بەلای تەریقەتی نەقشبەندیدا ڕۆیشتوون، ئەم هەموو خەڵکە بە منداڵ و بەستەزمان دەداتە قەڵەم داوایان

لێدەکات کە بێن گوێ لە شیعری پڕ لە وردەکاری و جوان و نایابی ئەم بگرن تا بە ڕاستی بزانن ڕێگەی خوا ناسی و گەیشتن بە خودا لە کوێوەیە.

**سەرچاوەکان و پەراوێز**

**١- سەرەنجام- دەورەی هەفتوانە. لێکدانەوەی سدیق سەفی زادە. ل ١٥٨.**

**٢- فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی. د. سید جعفر سجادی. ل ٢٣٥.**

**٣- تەصەوف چیە. نووسینی: ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی. ل٤٩٨.**

**٤- فەرهەنگی عمید- حسن عمید ل١١١١.**

**٥- تەصەوف چیە. ل٤٩٧.**

**٦- فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی. نویسنده دکتر گل بابا سعیدی. ل١٧٢.**

**٧- هەمان سەرچاوە ل ١٧٢- ١٧٣**

**٨- دیوانی مەولەوی. ل٢٩٩**

**٩- فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی ل ٥٣٠- ٥٣١.**

**١٠- هەمان سەرچاوە/ ل٥٣١.**

**١١- تەصەوف چیە. ل ٥٠٦.**

**(*) لە بارەی تەریقەی نەقشبەندییەوە لە کوردستان، دکتۆر عەبدوڵلا نووسیویە: نەقشبەندی ئەو تەریقەتەیە کە لەسەردەستی مەولانا خالید لە کوردستان بڵاو بۆتەوە!!**

**سەبارەت بەم بۆچوونەی بەڕێزیان دەبێ بڵێین: ئەم ڕێبازە چەند سەدەیەک بەر لە مەولانا خالید گەیشتۆتە کوردستان، مەلای جزیری و شێخەکانی بەرزان سەربەم ڕێبازەن کە بەتەمەن زۆر پێش مەولانا خالید کەوتوون. کەواتە مەولانا بۆ جاری دووەم ئەم تەریقەتەی هێناوەتەوە کوردستان، نەک ئەوەی یەکەم کەس بووبێ.**

# فەرهەنگی «کوردناسین»م خوێندەوە

**عەزیزی مەلای ڕەش**

ڕێزدار مامۆستا مەلا عەبدولخالیق حەسەن شوانی فەرهەنگێکی بەناوی «کوردناسین» ، قەبارە مام ناوەندی و «٣١٦» لاپەڕە، کوردی و کوردی ساڵی «٢٠٠٥» بە چاپ گەیاندووە.

پێشتریش فەرهەنگێکی «عەرەبی و کوردی» ، قەبارە گەورەو «٨٢» لاپەڕە، ساڵی «٢٠٠٢» ، بە ناوی «شوانی» پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردبوو.

لە بەراییدا دەستخۆشی لێدەکەین و داواکارین لە یەزدانی مەزن هیچ تەگەرەیەک لەم ڕووەوە نەخاتە بەر هەنگاوی پێشکەوتنی.

لەبەر درێژ دادڕی ئەمەیانم بۆ دەرفەتێکی تر دواخست.

نووسەر «مەلا»یەو ئاوکووفی خۆمەو گەنجیشە، دڵم بەرووەستی نەدا لە یەکەمدا پەنجە بۆ هەڵە زەقەکانی درێژبکەم، کەچی لە دووەمدا خزمەتی وشەی کوردی گاری دام پەردەی تایەن جیڕ بە جیڕ بکەم.

تەما خوازم لە خزمەتی زمانەکەمان بەم لاوە مامۆستا بە چیدیکەی نەخەملێنێت.

* * *

پێش ئەوەی بەگژ و شەکاندا بچم، دەمەوێت چەند زانیارییەک لەسەر فەرهەنگەکە بخەمە بەرسۆمای خوێنەرانی ئازیز:

یەکەم: لە چەند شوێندا نووسەر سنگی خۆی زۆر بە زاناو گەورە هەڵکێشاوە.

ئەمەش لە جیهانی ئەدەب و نووسیندا بە هەموار لە قەڵەم نادرێت. بۆ دڵنیایی، فەرموون سەیری ئەم خاڵانە

بکەن:
١- لەسەر بەرگی یەکەمی «شوانی» ناوی خۆی بە «مامۆستا» ناو دەبات.
لەسەر بەرگی دەرەوەی «کوردناسین» بە «مەلا». ئەمەیان حەرەجی لێناگیرێت، کەچی لە دیوی ناوەوە بە «مامۆستا». کە تا ئێستا هیچ نووسەرێک ناوی خۆی بە مامۆستا نەخستووەتە سەر کاغەز. تا خوا لێ خۆشبوو: مامۆستا «مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسیش» کە بەدەیان کتێبی بە چاپ گەیاندووە.
٢- لە لاپەڕە «٨» نووسیویە: «لەپاش منیش دەبێ کاروانی هەر بەڕێوە بێ. لە دوای هەر سەدەیەک نووسەرێکی کورد لەسەر ئەم بیرۆکەی من فەرهەنگ دابڕێژێ».
٣- هەرهەمان لاپەڕە دەڵێت: «فەرهەنگی کورد ناسین بەرگ لە دوای بەرگ دەکەوێتە بەردیدی خوێنەران. ئەمەش هەم ئاسانی من و هەم لەبەر دەوڵەمەندی وشەی کوردی».
٤- لەلاپەڕە «٧»دا: «فەرهەنگی کوردناسین لە دانانی خۆمەو لە «١/٤/٢٠٠٤» دەستم پێکردو لە «١/٥/٢٠٠٤» لێی بوومەوە. ئەم بەرهەمەم بەرهەمی یەک مانگی ڕەبەقە».
خوێنەرانی ئازیز من دوو ساڵە خەریکی فەرهەنگم بەس پیتی «ئەلف». چەند هەزار وشەم کۆکردووەتەوە. ئەوجا تێیدا سەرکەوتوو نیم و ناچار بووم وازی لێ بهێنم. کەچی مامۆستای نووسەر بە «٣٠» ڕۆژ دایناوە.
بۆیە تا بەربینگی کەوتووەتە نێو چاڵی هەڵەی زەقەوەو نەخۆی هەستی پێکردووەو نەخوێنەریش لێی دەبوورن. ئەمەش لە نووسینەکانی خوارەوە واژی دەبێتەوە.
٥- ناوی فەرهەنگەکەی ناوە «کوردناسین». واتە تا ئێستا گەلی کورد نە ناسراوەو لەمەودوا بەم فەرهەنگە ناتەواوە دەناسرێت، هەموو نووسەرێک تاسای ئەو تەرحە خۆ هەڵکێشانە ناکات.
دووەم: ئەم بەڵگانەی خوارەوە دەیچەسپێنن کە «کوردناسین» ناچێتە ژێر دەستوورو قاڵبی فەرهەنگەوە:
١- نووسەر نەیزانیوە وشەکان فەرهەنگانە ڕاڤە بکات. بۆ وێنە: لەلاپەڕە «٩» دەڵێت: «پیتی هەمزە»، یەکەم وشە «ئاڤان»ە. بە گوێرەی دەستووری فەرهەنگ دەبووایە: ئەو وشانەی کە پیتی دوای «ئەلف» پیتی «ق» و «ک» و «گ» و «ل»ە بهات بووایە. کەچی بەم تەرزە چووەتە دوێ: «ئازاد، ئاران، ئاجیکەند، ئارتین، ئاریان، ئاپام».
من ئەوەندەی بە ڕەخنەی ئەم کتێبە ماندووبووم، ئەوەندە بە ڕەخنەی فەرهەنگی «هەمبانە بۆرینە»، کە سەت هەنگی ئەوە، ماندوو نەبووم. ئەگەر وشەکت مەبەست بێت زۆر بەزەحمەت دەدۆزرێتەوە.
وێڕای ئەوەش لە بریتی بنووسێت «پیتی ئەلف» نووسیویە: «پیتی هەمزە». ئەمەش عەرەبییەو بۆ ئێرە ڕەوانییە.
٢- لە لاپەڕە «١٧»دا باسی وشەی «ئاو» دەکات. تا دەگاتە وشەی «ئاوی ئەزیل»، لاپەڕە «١٩»، بیست و نۆ کەڕەت وشەی «ئاو» یەک لە دوای یەکن، جا ئەم وشانە دێن «ئاشوس، ئامەد، ئاپاران». پاشدان هەننۆب دەچێتەوە سەر وشەی «ئاو» تا دەگاتە لاپەڕە «٢١».
٣- لەلاپەڕە «٢٠٦»دا باسی ئەو پەیڤانەیە، کە سەرەتایان پیتی «ق»ە.
لە دوای وشەی «قادر زەمەن» و «قازی» ئەم سێ



وشانە دێن کە پیتی یەکەمیان «ف»ە: «فەیلی، فەیری، فەیرۆز ئاباد». دووبارە دەچێتەوە سەر ڕێچکەی بەرایی. واتە ئەو وشانەی کە سەرەتایان پیتی «ق»ە.

٤- پیتی «ڤ»ی دوای پیتی «ق»ی خستووە. دەبووایە چەشنی فەرهەنگەکانی کوردی بە بەرەواژی بووایە. ئەمەش هیمایە بۆ ئەوە نووسەر لە نووسینی فەرهەنگدا نا بەڵەدە.

سێیەم: لە شوێنێکدا نووسەر ملی بۆ مەرە لاینی کەچ کردووە. ئەمەش بۆ ئەو «مەلا»یەو قورئان خوێنی «پرسەو تازی»یانە پەسند نییە. ئەوەتە لەلاپەڕە سێ سەتدا دەڵێت: «هێرۆ نێوی گوڵێکەو خێزانی مام جەلالیشە». ئەمەو فەرهەنگ کوجامەرحەبا. چیتریش ناڵێم.

چوارە: بەڵگە دڵان سەقا دەدات: لە هێندە شوێنان نەیوبستووە ڕووداوی هەرێمی هەولێر باس بکات. تا وەک ڕاپەڕینەکە، یەکەم جار لە ناوچەی خەباتەوە سەری هەڵدا، پشت گوێ بخرێت:

١- لە لاپەڕە «٦٦» دەڵێت: پیترۆل «بێ ئەوەی ڕاڤەی بکات» لەناوچەی کەرکووک و خانەقین و شوان زۆرە».

کەچی لە «٦٠٪» نەوتی کەرکووک، نەوتی کەندێناوەیە. بە کەرکووک و خانەقین و شوان، بەقەدەر کەندێناوەیان نەفت نییە. ئەوجا کەم و زۆر باسی نەکردووە.

٢- لەلاپەڕە «٧٢»دا دەڵێت: «پیرداود چاکێکە و گۆڕستانێکی مەزنە لە شاری هەولێر». بێ ئەوەی باسی گوندەکە بکات. سەت جار بە داخەوە باسی پیرداودی کردووە، کەچی باسی «عومەر حەمە ڕەحیم»ی قارەمانی گوندەکەی نەکردووە. کە بە مەزنترین قارەمانی کوردستان لەو ڕۆژەی شۆڕش بەرپابووە، تاکو ئەمڕۆ دەژمێردرێت: «لێرەدا جێگەی نابێتەوە ئەگەرنا بە دووردرێژی دەمنووسی». پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی «خاک» هەرسێ بەرگ، لەبەر شانازی بە ئازایەتی و جەسارەتەکەیەوە وام کردووە: «خۆی و باوک و دایک و برای دەور دەبینن». کەچی مامۆستای نووسەر شەهید ئازاد قەرەداغی لەگەڵ ڕێزو کرنووشم بۆ خوێنە پیرۆزەکەی، کردووەتەوە دووەم وشە لە کتێبەکەی تەنیا لەبەر گونجانی هەڵوێستیشەو بەس. ئەمەش لەگەڵ فەرهەنگنووسین ئاسمان و ڕێسمانە. بڕوانە لاپەڕە «٩» دێڕی دووەم.

٣- ل ٣٦: ئیزرەم: مامۆستا دەڵێت: «کێشانێکە لەسەردەشت و سلێمانی، بەرانبەر نیو کیلۆیە».

کاکی برا لە ناوچەی هەولێریش پێش دەرکەوتنی «کیلۆ»، «حوقە»ی بیست پاکەتی فیشەکی کارخانە بووەو دەکاتە «٢/٥» دوو کیلۆو نیوی ئەمڕۆ. «نیو حوقە»ش دە پاکەت بوو. «ئیزرەم» چواریەکی حوقەیە. واتە پێنج پاکەت بوو «٨/٥ کیلۆ.

پێنجەم: لە سەتان شوێن وشەی دووبارە کردووەتەوە. هەروەکو گوتم لەبەر عەجەلەیی، بۆ ئەوەی زوو تەواوی بکات هەستی پێنەکردووە.

یاخۆ تاکو بارستایی کتێبەکەی گەورەبێت:

١- «ئاڤان» لەلاپەڕە «٩» و «١١» دووبارە بووەتەوە.

٢- «ئارێز» لەلاپەڕە «٩» و «٢١»دا.

٣- «ئاکو» لەلاپەڕە «١٥» و «١٧»دا.

٤- «ئاری» لەلاپەڕە «١١» و «١٦»دا.

٥- «ئۆمەر مەندان» لە لاپەڕە «٢٤» و «٢٥»دا.

سەدان وشەی تر.

٦- ئەو وشانەی کە مەبەستێک پتر دەگەیەنن لە جیاتی ژمارەیان بۆ هەریەک لە ماناکان دابندرێت وشەکەی دووبارە کردووەتەوە. بڕوانە ئەمانە:

أ- لە لاپەڕە «٣٠» و «٣١»دا چوار کەڕەت وشەی «ئەلوەن» دووپات کراوەتەوە.

ب- لە لاپەڕە «١٧٦» وشەی «شاخە پیسکە» لە پاڵ یەکتر بۆ یەک ماناش دووبارە کراوەتەوە بەم تەرزە «گوندێکە».

شەشەم: ناوی چەند کەسی هێناوە، تەنیا ساڵی لە دایک بوون و مردنیانی دەست نیشان کردووە. لە هێندە جێش تەنیا ناوی ئەو بەشە کوردستانەی گوتووە کە کەسەکەی لێ لە دایک بووە. کەچی نەینووسیوە چ کارەن. ئەمەشی هەرگیز لێوەر ناگیرێت.

١- ل٢٧٦ «میری سالاری لە ٣٣٠- ٤٠٥»ک.

٢- ل٢٦٩ «مەلا حوسێن موفەسیر لە: ١٨٩٠-١٩٨٢».

٣- ل ٣٠٧ «یوسف عەزیز سەلاحەدینی لە ٦٢٧-٦٥٩».

٤- ل١٧٢ «سەید براکە لە ١٢١٩- ١٢٩٠».

٥- ل٢٧٧ «میری شێروان لە باکووری کوردستان».

٦- ل٢٧٧ «میری خراب لە باکووری کوردستان».

٧- ل٢٧٧ «میری سوبدی لە باکووری کوردستان».

حەوتەم: «کوردناسین» نزیکەی پێنج هەزار و

چوارسەت وشەیە. لە دووسەت وشەی پتر دووبارەیە. لە دوو هەزار وچوار سەت وشەش زیاتر لە فەرهەنگی «هەمبانە بۆرینە»ی دەرهێناوە. بێ ئەوەی بە ئاستەمیش دەستکاری ماناکەی کردبێت. کە دەبووایە پەرەی زیاتر بەمەبەستەکەی بدا بووایە. نەک بەس گواستنەوە.

تەنیا ئەو گوندانەی کەوتوونەتە «کوردستانی باشوور»، مام هەژار نووسیویە «گوندێکە بەعس کاولی کرد»، مامۆستا دەڵێت: گوندێکە لە باشووری کوردستان». ئەمەش بەهیچ تەرحێک چاو پۆشی لناکرێت.

بڕوانە ئەم خاڵانە:

١- وشەی «شاگا»، هەمبانە بۆرینە لەلاپەڕە «٤٦٥» دەڵێت «وشەیەکە لەجیاتی ڕۆژباش و سڵاو».

لە کوردناسین لاپەڕە «١٧٦» هاتووە: «شاگا: وشەیەکە لە جیاتی ڕۆژباش و سلاو».

٢- وشەی «شایلۆغان»، لەلاپەڕە «٤٦٧» هەمبانەو «١٧٦» کورد ناسین بەم چەشنە هاتووە: «بەزم و هەرای زەماوەند بە دەهۆڵ و زوڕنا».

٣- وشەی «قالاس» لەلاپەڕە «٥٤٦» هەمبانەو «٢٠٦» کوردناسین بەم تەرزە ڕاڤەکراوە: «گۆزەڵە، یان کوندەی بچووک».

مامۆستا لە دەشتی هەولێر دەژیت ئەوجا نەیزانیوە بەکوندەی گچکە دەگوترێت «بنۆرە».

٤- وشەی «کرداس» لە لاپەڕە «٦١١»ی هەمبانەو «٢٢٨» کوردناسین بەم جۆرە نووسراوە: «هەر کوردێ بە زاراوەی کرمانجی داخێوی».

٥- وشەی «سەقاخان» لەلاپەڕە «٤٤٦»ی هەمبانەو «١٦١»ی کوردناسین وا هاتووە: «ناوچەیەکە لە کوردستان».

لەبەر درێژدادڕی ناتوانم زیاتری لەسەر بڕۆم.

وێڕای ئەوانەش مام هەژار لە ڕاڤەکردنی چەندین وشە سەرچیغ چووە، کەچی نووسەر، بێ ئەوەی هەستی پێ بکات گواستیتییەوە نێو کتێبەکەی خۆی. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کە مامۆستای نووسەر- فەرهەنگنووس نییە. ئەمانەی خوارەوەش ڕاستی بۆچوونەکەم لە دڵی خوێنەر جێگر دەکات:

١- وشەی «ئاشانە» لە لاپەڕەی «٧»ی هەمبانە و «١٠» کوردناسین بەم شێوە نووسراوە: «دەیەکی مزاش کە بەشی خاوەن ئاشەو ئاشەوان دەیداتێ».

«ئاشانە» کرێی ئاشە لە لێکردنی باراشداو پێی دەگوترێت«مزە»نەک «مزاش». مزاش: گەنم و جۆی تێکەڵاوە.

باراش سێ جۆر بوو «گەنم، جۆ، مزاش». مزە کە کرێی ئاشەو لەو سێ جۆرەی سەرەوە، وەردەگیرا. مەرج نەبوو ئاشانە «١٠/١» بێت من دیومە لە «١/٧ و ١/٨» و تاکو «١/١٢»ش بووە. لە باراشەکە دەگێڕدراوە.

«ئاشەوان» کرێگرتەی خاوەن ئاش بووە و «مزە» کە سەرتاپا بۆ خاوەن ئاش بووە، نەک بۆ ئاشەوان.

٢- وشەی «بالۆرە» لەلاپەڕە «٤٦»ی هەمبانە و «٤٢»ی کوردناسین بەم تەرزەیە: «گۆرانی هەڵدانی کچ و کوڕ لە چیا، کە هەوایەکی تایبەتی هەیە». «بالۆرە» لە دەشتی هەولێر تایبەت بوو بەگۆرانی کچ، نەک کوڕ.

لەگەڵ گوتنیدا کیژە بەپەنجە گەرووی خۆی دەلەرانددەوە.

٣- وشەی «بزگوڕ» هەمبانە لە لاپەڕە «٥٤» و کوردناسین لەلاپەڕە «٥٦» دەڵێن: «پارچەیەکی باریک لە قوماشی کۆن و ڕزیو» تەنیا ئەم جیاوازەیان هەیە: یەکەمیان «قوماش» و لە دووەمیشدا «کوتاڵە».

بە بۆچوونی من «بزگوڕ» بەم دوومانایە دێت:

أ- «ئازاد لەبزگوڕی بەریرا دیارە ناگزوورە».

لێرەدا «بزگوڕ»= «پۆشاکی کۆن و ڕزیو».

ب- «ئازاد بزگوڕی ماڵی خۆی گواستەوە ناو خانووە نوێیەکە».

واتە: «بزگوڕ» بە مانا کەلوپەلی کەم و سووکی ماڵە نەک کۆن و ڕزیو.

٤- وشەی «ناوبرێشک»، یان «نان برێشک» هەمبانە لە لاپەڕە «٨٥٧» و کورد ناسین لەلاپەڕە «٢٧٩» وا نووسراوە: «داروکەیەکە، لە تیرۆک باریکترەو نانی پێوەردەگێڕن». تەنیا هەمبانە «لەسەر ساج»ی زێدەیە.

«ناوبرێشک» بەم مانایەی سەرەوە هەڵەیە. ئەگەر لە تیرۆک باریکتر بێت، نانەکەی کون دەکات و پێی وەرناگێردرێت».

«ناوبرێشک» دارێکی تایبەت بۆ نان وەرگێڕان دروست دەکرێت لە چوار پەنجە پانترەو سەرەکەی لە قەدەر ناوەڕاستی تۆزێک بچووکترەو تیژیش نییە. ئەگەر نا «نان» کون دەکات.

٥- وشەی «پاڵان» هەمبانە لە لاپەڕە «١٠١» و کوردناسین لەلاپەڕە «٦٤» دەڵێن: «کۆپان، کورتان».

«پاڵان» کورتانەو بەس. «کۆپان» سەرکورتانە.

ئەمەیان لەلباد، یاخۆ لە «بەڕە» دروست دەکرێت و ناوەخنی پووشە، یان گوشە. ئەگەر باری ولاخ، یان گوێدرێژ گران بووایە، وەک «شەغرە» و «بەردکێشان» دەیانخستە سەر کورتانەکە، تاکو بارەکە ئەزیەتی پشتی ولاخ و گوێدرێژەکە نەدات.

٦- وشەی «بلماسک» هەمبانە لەلاپەڕە «٥٧» و کوردناسین لاپەڕە «٥٦» گوتیانە «تەگە، نێری».

«تەگە» و «نێری» لەیەک جوودان. ئەویان «فەحل»ی بزنەو ئەمیش «بێشتر تەگە بووە»، بەلاّم خەسێندراوە و تەنیا بۆ جوانی و بەرایی مێگەلّ ڕادەگیرێت. نەک وەک تەگ بۆ پەڕین.

من وشەی «بلماسک»م نەبیستووە، بەلاّم ئەگەر بە مانا تەگە بێت نابێ نێری بێت، بە پێچەوانەوە.

٧- وشەی «یارد» هەمبانە لەلاپەڕە «١٠٢٦» و کوردناسین لەلاپەڕە «٣٠١» بەم تەرحە نووسراوە: «پێوانەیەکی قوماشەو نەوەدو- دوو سەتەمی میترە. چاردەگرێیە بە گەزی کوردی».

ئەم نووسینە منداڵیش دەزانێت نووسینی مام هەژارە. ئەمجارەش جیاوازیان «کوتاڵ و قوماشە» و بەس.

لە ڕاستیدا «یارد ٩١/٠٤ سەنتیمەترە».

بەدەیان وشەی ترماون، بەلاّم لەبەر درێژدادڕی بابەس بێت.

* * *

بابێینە سەر وشەکان. درێژ دادڕیش پێش قەرەور بوو وناتوانم چی هەڵەیە بیخەمە سەر کاغەز تەنیا نزیکەی سی و سێ وشەیەک نەبێت. مستێکیش لە خەروارێکدا بەسە.

١- ل١٤ «ئاوەڕۆ= ئەو کەندڕەیە کە ئاوی ڕووباری پێدابڕوات».

«ئاوەڕۆ» جۆگەیەکی گچکەیەو بەتایبەت لەنێو مالاّن، ئاوی باران و چڵکاوی پێدادەڕوات.

وشەی «کەندڕ» شوێنێکە لە کەندو جۆمدا ئاوی باران دڕی بێت.

٢- ل٢٦ «ئەحئەح= وشەی دەرکردنی پەز لە ئاغەلّ».

ئەمەی لە هەمبانە وەرگرتووە. ڕەنگە لە کوردستانی ڕۆژهەلاّتدا وا بگوترێت، کەچی لە دەشتی هەولێر «هسە» و «هڕە»یە.

٣- ل٣١ «ئەلیاس لە «١٨- ٢٤» ڕەشەمێ، بەرامبەر «٩-١٥» ئادار».

بە بۆچوونی من «ئەلیاس» لە «١٣»ی ڕەشەمێ و چواری ئادار دەست پێدەکات و لە «١٩» ڕەشەمێ و «١٠» ئادار کۆتایی دێت.

نووسەر لە هەمان لاپەڕە، پاش «٧» دێڕ ئەلیاسی بەم تەرزە دووبارە دەکاتەوە:

«ئەلیاس ناوی مانگی کوردییە و ڕێکەوتی «٩-١٥» ئادار».

هەر لە نووسینەکەی خۆیدا دەردەکەوێت «ئەلیاس» مانگ نییە و هەفتەیەو لە «٩» تا «١٥»ی ئادار حەوت ڕۆژە نەک سی ڕۆژ تاکو مانگی پێ بگوترێت.

٤- ل٣٣ «ئۆغەن لە «٢٠- ٢٦» ڕێبەندان، بەرامبەر «٩- ١٥»ی - «شوبات».

من وای بۆ دەچم: ئۆغەن لە «١٥»ی ڕێبەندان دەست پێدەکات و لە «٢١»ی هەمان مانگ کۆتایی دێت. دەکاتە «٤»ی تاکو «١٠»ی شوبات.

لەلاپەڕە «٣٤» دوادێڕ نووسەر بەم تەرحە دووبارەی دەکاتەوە:

«ئۆغەن» ڕێکەوتە دەگەڵ «٩-١٥»ی شوبات، مانگێکی کوردییە».

هەروەکو گوتم هەردوو بۆچوونەکەی هەڵەیە.

٦- ل٤٢ «باهوڕ= بای زۆر ساردو توند». ئەمە لە هەمبانە وەرگیراوە.

«باهوڕ» ڕەشەبایەو بە هاوین گەرمەو بە زستان سارد. لە دەشتی هەولێر پێی دەگوترێت «هوڕە».

٦- ل ٥٢ «برایمی مەلا زێندینان: نێوی پەڕتووکێکی کوردییە». «برایمی مەلا زێندینان» ناوی پاڵەوانی داستانێکی کوردییە.

٧- ل٥٣ «بەربەسێری جەرگ و دونگ= چێشتێکە بەرخێک بەسەرجەم گۆشتەکەی بە ئاوی خۆی».

«بەربەسێری»، هەروەک خۆی دەڵێت: تەنیا گۆشتە چێشت نییەو ماستیشی بەسەر دادەکرێت و «قوڕاو»یشی پێدەڵێن. نەک چێشت. «جەرگ و دونگ»، یان «جەرگ و دو» لەگەڵ «بەربەسێری» جوودایەو بەم مانایە دێت «جەرگ» ورد دەکرێت، لەگەڵ دونگ سووردەکرێتەوە خواردنێکی زۆر بەتامە.

٨- ل٥٦ «بزنەدۆخە= بزنێ کە دەدرێ بە ئاغا تا دۆی بخوات».

ئەمەش دەقی هەمبانەیە. ڕەنگە لە کوردستانی ڕۆژهەلاّت وابێت، کەچی لە دەشتی هەولێر پێی دەگوترا:

«بزنە بەدۆ» و دەدرایە کەسێک کە سەپانی خاوەن بزنەکەی بکردبووایە. ئاغا پێویستی هەرگیز بەم تەرزە بزنە نەبووە.
٩- ل٥٩ «بەند: لە «٢٩»ی بەفرانبار تا «٥»ی ڕێبەندان بەرامبەر «١٩» و «٢٥» کانوونی دووەم».
من وای بۆ دەچم: «بەند لە «٢٤» بەفرانبار دەست پێدەکات و لە سی هەمان مانگ تەواو دەبێت. بەرامبەر چوارده تا «٢٠» کانوونی دووەم.
١٠- ل٥٩ «بندیان= ئەو دیانانەی موسوڵمان بوونە لە کوردستان».
ڕاستییەکە «بندیان» کوڕی دیان. واتە نەوەی ئەو دیانانەی کە کاتی خۆی موسوڵمان بوونە.
نووسەر لە هەمان لاپەڕە وشەی «بنجوو»شی هەر ئاوا ڕاڤە کردووە.
١١- ل٦٦ پارۆز= مانگی کوردانەو ڕێکەوتی «٢٣»ی شوبات و «١» ئایار».
ئەمە هەفتەیە. هەروەک لە پێناسەکەی دەردەکەوێت نەک بە مانا مانگ. لە هەژدەی شوبات دەست پێدەکات و لە بیست و چواری هەمان مانگ کۆتایی دێت.
١٢- ل٦٩ «پلە- خوشکی باوک».
لە دەشتی هەولێر «پلە» بۆ خوشکی دایک و باوک بەکاردێت.
١٣- ل٧٠ «پۆپەژمین= ڕایەخێکی نەرم و تەنکە و لە خوری دروست دەکرێت».
ڕاستییەکە «پۆپەژمین» جاجمێکی تەنکە و پێخەفەو لە دەشتی هەولێر «چارشەو»ی پێدەڵێن و بەسەر نوینیدا دەدەن- نەک بەمانا «ڕایەخ».
١٤- ل٧٢ «پیت= ناوی مانگی کوردییە. ڕێکەوتی «١٦- ٢٢ی شوبات»ە.
ئەمەش دیارە مانگ نییەو هەفتەیە. لە «١١» شوباتەوە تاکو «١٧»ی شوباتە.
١٥- ل٧٥ «تاتەشوار، جێی مردوو شۆرین».
هەر جێیەک مردووی لێ بشووریت پێی ناگوترێت «تاتە شوار».
بگرە تاتە شوار تەختەیەکی تایبەت بۆ مردوو شۆرین دروست کراوە.
١٦- ل٨١ «تورکی= جۆرێکە لە گەنمی کوردستان».
من مەڕی «تورکیم بینیوە، کەچی گەنمیم نەبیستووە».
١٧- ل١٠٠ «حەسەن عەلیاغای دزەیی: حەیران بێژێکی کوردی هەولێر بووە».
ئەمە «حوسێن»ەو کوڕی عەلیاغای گوندی «قەپڵان» بووە نەک حەسەن.
١٨- ل١٠٤ «حەیرانی چیایی لە شوێنی بەرزو بەدەنگی بەرز. حەیرانی مەجلیسی بە دەنگێکی نزمتر».
حەیرانی چیایی هەڵدانی زۆرەو «وشە»ی کەمە. کەچی حەیرانی مەجلسان هەڵدانی کەمەو «وشە»ی زۆرە. نەک دەنگ نزمی و بەرزی.
١٩- ل١٠٩ «خدرو ئەلیاس= ناوی مانگی کوردییە».
«خدر» جیاو «ئەلیاس» جیایە هەریەکەیان هەفتەیەکی حیساباتی کڕی زستانە. بەهەردووکیان چواردە ڕۆژ دەکات. نەک مانگی «٣٠» ڕۆژ.
٢٠- ل١١٠ «خەرمان= ناوی مانگی کوردییە».
ئەمە «خەرمانان»ە نەک خەرمان.
بە پێویستم زانی بۆ ئەوەی خوێنەران متمانە بەم تەرحە نووسینانە نەکەن پەنجە بۆ مانگەکانی کوردی و حیساباتی وەرزی زستان درێژ بکەم:

**مانگەکان:**

أ- نەورۆز ٣١ ڕۆژە
ب- گوڵان ٣١ ڕۆژە
پ- جۆزەردان ٣١ ڕۆژە
ت- پووشپەڕ ٣١ ڕۆژە
ج- خەرمانان ٣١ ڕۆژە
چ- گەلاوێژ ٣١ ڕۆژە
ح- ڕەزبەر ٣٠ ڕۆژە
خ- گەڵاڕێزان ٣٠ ڕۆژە
د- سەرماوەز ٣٠ ڕۆژە
ر- بەفرانبار ٣٠ ڕۆژە
ز- ڕێبەندان ٣٠ ڕۆژە
ژ- ڕەشەمێ ٢٩ ڕۆژە

حیساباتی زستان، هەریەکەیان حەوت ڕۆژەو ئەمانەن:
أ- بەند: لە هەفتەمین ڕۆژی چلەی زستان دەست پێدەکات و لە ڕۆژی «١٣»ی چلە تەواو دەبێت. ڕێکەوتی «١٤» تا «٢٠» کانوونی دووەم.
ب- بەندرخە: لە «١٤»ی چلەیەو لە ڕۆژی «٢٠» چلە تەواو دەبێت. دەکاتە «٢١» کانوونی دووەم تا «٢٧»ی.
پ- مێرەم: لە ڕۆژی «٢١» چلەیەو لە ڕۆژی «٢٧»

کۆتایی دێت. ڕێکەوتی: «٢٨»ی کانوونی دووەم تاکو «٣»ی شوبات.
ت: ئۆغـەن: لە ڕۆژی «٢٨» چلەیەو تا ڕۆژی «٣٤» چلە. دەکاتە «٤»ی تاکو «١٠» شوبات.
ج- پیبت: لە ڕۆژی «٣٥»ی چلـە دێت، تـا ڕۆژێـک دوای تەواوبوونی چلە. واتە لە «١١» شـوباتەوە تاکـو «١٧» شوبات.
چ- پارۆز: لە «١٨»ی شـوبات، کـە زسـتـانە تاکـو «٢٤» شوبات دەخایەنێت،
ح- خـدر: لە ڕۆژی «٢٥» شــوباتەوە تاکــو «٣»ی ئادارە.
خ- ئەلیـاس: «سـاڵ خـلاس» لە ڕۆژی «٤» ئادارەوە تاکو «١٠»ی بەردەوام دەبێت.
د- «برد العجوزة = سەرمای پیرێژن» لە ڕۆژی «١١» ئادارەوەیەو کـۆتایی لە ڕۆژی «١٧» دێت. ئەمـەیان سێ ڕۆژی «١١- ١٢- ١٣»ی ئادار لە وەرزی زستانەو چوار ڕۆژیــشـــی «١٤- ١٥- ١٦- ١٧»ی ئــادار وەرزی بەهارە. ئیتر حیسابات کۆتا دێت.
٢١- ل١٢٦ «دۆینە لە گەنمی کوتراوو سەرەتا گەنمەکە نیوەکوڵ دەکەن. ئەوجا هەندە پونگی تێدەکەن».
«دۆینە بە گەنمە کوتراو نییە، بەڵکو برویشە. ئەمەیان هەرکـە لێدەکرێت، دەبێـژرێتـەوە. درشـتـەکەی کـە پێی دەگـوترێت «سـەرهێـڕ» لەگـەڵ دۆ دەخـرێتـە سـەر ئاگـرو تێکدەدرێت. لەبەر ئەوە دۆیەکـە چەور بـوو مــەگــەر بە دەگمەن دەنا ڕۆنی تێنە دەکرا.
٢٢- ل ١٢٧ «دۆغـەوا: برووشی خـوسـاوەو پیـازو گۆشت، پاشان پیازو گۆشتـە سوورکراوەکە لەنێو کفتە دەکرا».
برویشی خوساوە بۆ ناوەخنی کفتـە نییـە، بۆ دروست بوونی کفتەکەیە.
برویش لەگـەڵ پیــازی وردکــراو لەنێــو ڕۆن ســوور دەکرایەوە و دەکرا ناوەخنی.
لەم سـاڵانەی دواییــدا گـۆشت لە کـفـتــەی دۆغــەوا دەکرێت. ئەگەر نا هەر پیاز بوو.
٢٣- ل١٢٧ «دۆ بەکەشک= مـەنجـەڵێک دۆی کـولاو لەپێ خوێی تێدەکرا. ئینجا وشک دەکراوە».
کـاکـە گیـان ئەوەی جەنابت دەڵێت «کـەشک»ە. نەک «دۆبەکـەشک». ئەمـەیان «شیـو»ەو بەم تەرحـە دەبێت: «کەشک ئێـوارە لە ئاو دەکراو پاش کولانی گەنمەکوتاکە، کەشکە خوساوەکە بەناو لەپ ورد دەکراو شیلاوەکەی لەنێو گەنمە کولاوەکە دەکراو دووبارە دەخرایەوە سەر ئاگرو هەر کە دەکولا ڕۆنی تێدەکرا». شیوێکی زۆر بەتامە.
٢٤- ل ١٣٠ «دێمـەکـار: گـوندێکە لە بناری چیـای بلباسان. دیبەگ، هەولێر هۆزی بندیانن».
«دێمە کار» شوێنە کۆنەکەی لەسەرکەندی ناوەڕاستی «کەندێناوە» بوو. لە چیای بلباسان زۆر دوورە. لەم دێیە دەچیتە دێی «چیغلۆک» و جا گوندی «حاجی شێخان» لە بناری کێوەکەیە. ئەگەر شوێنە نوێیەکەش مەبەست بێت، نزیکەی سەعات و نیوێک بەپێیان لە چیاکە دوورە.
٤٥- ل١٤٢ «زبە= سووکەڵەی ناوی زوبێرە».
من لە منداڵییەوە وام بیستووە «زبە» سووکەڵەی ناوی «زبێد»ە، نەک زوبێر.
٢٦- ل١٥٢ «ســاڵەیی= گــوندێکە لە باشــووری کوردستان».
لە لاپەڕە «١٥٣»دا وشـە «ســاڵەیی» بەم مـانایەی دوویات کــردووەتەوە: «هۆزێکی گــەورەی کــوردەو لە هەولێـرو کـەرکـوک «٥٠» گـوندیان هەیە». لە دۆڵی «ساڵەیی» کە ناوچەیەکە بەم لاوە هیچ گوندێک بەو ناوە نییە.
تەنیا گوندی «ساڵەیی ماشە» نەبێت ئەویش نووسەر لە دوای وشەی ساڵەیی دەڵێت: «ساڵەیی ماشە گوندێکە لە باشووری کوردستان».
٢٧- ل٨٣ «شۆڕشی پارتی لە ١٩٤٦ز».
چیتری نەگوتووە. ئەمە ساڵی دامەزراندنی پارتییە. نەک شۆڕشی لەم ساڵە بەرپا کردبێت.
٢٨- ل١٨٤ «شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥».
زیاتری نەنووسیوە. ئەمەش نیشانەی پەلە کردنە.
شۆڕشی ئەیلوول لەم ساڵەدا نسکۆی هێنا.
٢٩- ل٢١١ «قزلجە گوندێکە لای مهاباد».
«قـزلجـە» گـوندێکە لە ناوچەی پێنجـوین، پارێزگـای سلێمانی بەخۆم دیومە. لە ئێران نییە.
٣٠- ل٢٨١ «ناسکەنان: نانێکی تەنکەو لەسەر ساج و پاش برژان لەگەڵ ماست و چا دەخورێت».
«ناسکەنان» نان نیـیــە ئەســتــوورکـێکی تەنکەو ئەســتــوورایی بەقــەدەر ئەســتــوورایی دوونان دەبێت و «کەرەڕۆن»ی تێهەڵدەسوون. بەزۆری بەشەکر دەخورێت، یاخۆ چایە.
٣١- ل٢٩٣ «هەرەمــــە: چەشنێکە لە گـــــەنمی

کوردستان».

«هەرِەمە» چەشنێک نییە، بگرە چەند جۆرە گەنمە تێکەڵ یەکتر ببێت. وەک گەنمە «قەنداری و رِەشگوڵ و حومێرەو گوڵ رِووت»، وەک مزاشی لێدێت.

٣٢- ل٢٨٩ «وەکاشە: گوندێکە لە باشووری کوردستان».

«وەکاشە» گوند نییەو چاک و مەزاری شەخسێکە.

٣٣- ل٢٩٨ «هۆناس: سەرپەلی دروێنە».

سەرم لە وشەی «هۆناس» دەرناچێت و نەم بیستووە. نووسەر ئەمەی بەهەڵە، لە هەمبانە گواستیتەوە: «سەرپاڵە»یە. لە هەمبانەدا واتە سەرۆک و دەمرِاستی دروێنە کەران. نەک «سەرپەل».

**تێبینی:**

فەرهەنگ بەتایبەتی ئەمرِۆ بۆ ئەوەیە وشە لە مردن رِزگار بکات. ئەگەر وشەکان لە مردن قوتار بوو بوون، بەتایبەتی ناوی شارودێهاتەکانی کوردستان، پێویست ناکات جارێکی تر خۆی بۆ ماندوو بکرێت. رِێزدار «د. عەبدوڵلا غەفوور» ناوی سەرجەم گوندانی کوردستانی «رِۆژهەڵات» و «رِۆژئاوا» و «باشوور»ی، لە چوار بەرگ خستووەتە سەر کاغەز.

بە بۆچوونی من ئەم کارەی مامۆستا «مەلا عەبدولخالیق» دەرحەق گوندەکان زێدەیەو لە جیاتی باخۆی بەو پەیڤانە ماندوو بکات هێشتا نەکەوتوونەتە سەر کاغەز. ئەمەش بە کارێکی گەلێک پیرۆزو رِەند لە قەڵەم دەدرێت.

**هەولێر ٢٢-٤-٢٠٠٦**

**٢/ی گولانی ٢٧٠٦- کوردی**



بەیادی مامۆستا
عەلائەدین سەجادی-یەوە
(١٩٠٧ - ١٩٨٤)

# کشانی ئەستێرەیەک و هەندێ بیرەوەری تایبەتیم

ئازاد عەبدولواحید

**هەرچەندە کە عومری (خضر) و جامی جەمت بوو**
**چونکە ئەمەلت زۆرە چ عومرێکی کەمت بوو**
**«نالی»**

لەبەر ئەوەی نەوەی پێش ئێـمـە بە هیچ کلۆجێک سەرگەرمی و سەربزێوی و یاخی بوونی ئێمەیان پێ قوت نەدەدرا، پێیان وابوو ئەگەر ئێمە هاتینە پێش و وەک نووسەر دەرکەوتین، ئەوە بەرە لەژێر پێی ئەوان دەردەهێنین و ئەوان بچووک دەبنەوە، بۆیە ئەوان بە مەزەندەی خۆیان ئێمەیان بە مەترسی بۆ سەر ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان دەزانی، چونکە ئەو پێگە و پایەیان لە رێگەی ئەدەبەوە بەدەست هێنابوو، واتە ئەدەبیان بە جۆرێک لە وەجاهەت و پیاوماقووڵی دەزانی، بۆیە ئێمە لە رەد فیعلی ئەو بۆچوونە سەقەت و ئیفلیجە روومان دەکردە نەوەی پێشەنگ و زیاتر تێکەڵاوی و تەماسمان لەگەڵ ئەوان دەگرت، زیاتریش دڵگەورەیی و میهرەبانی لەلای ئەوان بەدی دەکرا. من لەلای خۆمەوە ئەسەفم زۆر بوو لەوەی ئەوان نەوەی پێش ئێمە بن، ئەوانە رابەر و مامۆستا و قوتابخانەی ئێمە بن، لە کاتێکدا هەر خۆشیان شتێکی ئەوتۆیان نەکردبوو جێی سەرنج و شایانی باسکردن بێ، بۆیە لە هەولێر ئەوەندەی (مەم) و (پیربال مەحموود) و (جەوەدەت ئەحمەد ناجی) و (کەریم شارەزا)، لە کۆیەش خاڵە (تایەر ئەحمەد حەویزی) و (عوسمان عەونی) و (رۆستەم حەویزی) و (مەجید ئاسنگەر) گوێیان لێدەگرتین و هانیان دەداین، (مەحموود زامدار)ی لێ دەرکەی کە حەساسیەتی لەگەڵ گەنجان نەبوو، نەوەی پێش خۆمان ئەوەندە بایەخیان پێ نەدەداین. نایشارمەوە هەمیشە بەغیلیم بە نەوەی پێش خۆمان دەبرد، کە وەچەی پێش ئەوان ئەو داهێنەر و پێشەنگ و مامۆستا عالی جەنابانە بوون، داخەکەم وەچەی پێش ئێمە لەناو خۆپەرستیدا نوقم ببوون و چاویان بە ئێمە هەڵنەدەهات، بۆ خۆیان هیچ پرۆژەیەکی رۆشنبیریی بەرچاو و داهێنەرانەیان پێ نەبوو، ئەوەندەی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت دەستی نابووە بێن و ئەوکی پرۆژەی مەعریفی و رۆشنبیرییانەوە، باشتر وایە بڵێم ئەوان ئەدەبیان کردبووە ئەسپی عارەبانەی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت و وەک هۆیەک بۆ مەرامی سیاسی بەکاریان دەهێنا، بۆیە وەک خۆیان هیچیان بە هیچ نەکرد، دەسگیرۆیی و هانی ئێمەشیان نەدەدا کار بکەین و لە خزمەت کردن بەردەوام بین، لەبەر ئەوە ئێمە نەوەیەکی بێ رابەر و بێ مامۆستا بووین، نەک هەر نەوەیەکی بێ مامۆستا بووین، بگرە دژایەتیش دەکراین و ئەگەر بۆیان هەڵکەوتبایە بەرپێنەشیان دەدایە بەرقاچمان تا ساتمە بکەین و بەربینەوە و پێش نەکەوین. لێرەوە دەڵێم من حەرفێک لە نەوەی پێش خۆم فێر نەبووم، بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە کە بەرانبەر ئێمەیان دەنواند، من تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ چیم لە توانایيدا بووبێ بۆ هاندان و پشتگیریی لاوەکان کردوومە و لەسەر ئەو رێڕەوەش بەردەوام دەبم و لێشی پەشیمان نیم.

* * *

ساڵی ١٩٧٥، واتە پێش سی و یەک ساڵ، ئەوسا کە تەمەنم شازدە - حەڤدە ساڵان بوو، بۆ یەکەمین جار لە شاری هەولێر بە دیداری مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) شاد بووم. من دوور بە دووری بەدیم دەکرد، زۆر کەرەت لە لێژاییەکەی لای دەرگای قەڵای هەولێر بەرەو شەقامی - مظفریة - خوار دەبووەوە. وەک (ناو)یش لە لای من بە نووسینەکانی پیاوێکی گەورە بوو، بە شێوەو شەمایلیش پیاوێک بوو وردیلە و پاک و تەمیز و نوورانی، بە جوببە و عەمامە و فێسەکەی سەرییەوە ناو بەناو دەمدی، پیاوێک بوو لە مێشک و خەیاڵی خۆمدا وێنەیەکی زۆر گەش و رووناکم بۆ کێشابوو، زۆر جاریش هەر بە پیاسە دەهاتە لای کتێبخانەی (خۆشناو) کە دەکەوتە بن دیواری قەڵات و لەگەڵ ئامادەبووانی ئەوێ دەکەوتە دەمەتەقێ.. لەو دەمەشدا من خەریکی کۆکردنەوەو ساغکردنەوەی شیعرەکانی (ئەختەر) بووم، شیعرێکی ئەو شاعیرەم لە شاری کۆیە لە بەیازێکدا دەستکەوتبوو، دێڕێکیم بۆ ساغ نەدەکرایەوە، شیعرەکەم خستە بەر باخەڵم بە ئومێدی ئەوەی هەر کاتێ مامۆستا ببینم پێشانی بدەم، تا وەک کەسێکی شارەزا لە روونووسی شکستە ئەو دێرەم بە لایە راستەکەدا بۆ بخوێنێتەوە. هەر لەبەردەم ئەو کتێبخانەیەدا بوو - کە پێی لێ نەدەبڕی - مامۆستام بینی و بە هۆی ئەو شیعرەوە یەکترمان ناسی، کە باسی لە چاپدانی هەندێ لە شیعرەکانی - ئەمین ئاغای ئەختەر-م بۆ کرد، کۆڵێک پێی خۆش بوو مێردمنداڵێک خەریکی کاروباری ئەدەب بێت و بەو کەفوکوڵەوە بەدوای کەلەپووری نەتەوەکەیدا بگەڕێ و مشووری ساغکردنەوەی بخوات..(١) بە

پێچەوانەی نەوەی پێش خۆمان قەیرێک لەگەڵم وەستا.. بێ فیز، ساکار، بەبێ ئەوەی بهێڵێ هەست بە بوونی هیچ دیوارێک بکەم کە جیاوازی تەمەن و ئەزموون و رۆشنبیریی لەنێوانمان دروستیان کردبێ، لەگەڵم کرایەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی سیفەتی هەموو کەسێکی زانایە کە بە زانست و رۆشنبیریی گەورەن، بەڵام کەسانێکی خاکەڕا و سادەن. لەپاش یەکتر ناسین و ناو پرسیارکردن، لەگەڵ شیعرەکە خەریک بوو. هەر لەو یەکترناسینەدا وا دڵ و دەروونی خۆی بۆ کردمەوەو ئاشنایەتیمان پەیدا کرد، یەکێک نەیزانیبا دەیگوت ئەم دووانە ساڵەهایەکە یەکتر دەناسن.. هونەرەکەش زیاتر هونەری ئەو بوو کە بەو شێوەیە لێم هاتە پێشێ. هەر ئەو جارە بوو گوتی: «ماڵەکەشمان لە بەرامبەر مەلعەبەکەیە، هەر کاتێ ئیشێکت هەبوو وەرە بۆ ماڵەوە بۆ لام...» زۆر کەڕەتی دی لە ماڵەکەیدا چاوم بە مامۆستا کەوتەوە، بەتایبەتی چەند جارێک بۆ باسی پەخشانی کوردی سەرم لێداو لەم رووەوە پرسیارم لێ دەکرد، ئەویش هێمن هێمن و لەسەرخۆ وەرامی دەدامەوە. لەبەر ئەوەی نەیکردبوو بە عادەت قسەکانی تۆمار بکرێن، بۆیە سەرەقەڵەم و تێبینیم لێیان دەنووسییەوە، پیاو بۆ خوا بڵێ هیچ رەفتار و هەڵسوکەوتێکی، یان رواڵەتێکی ژیانی بە هی بەرپرسێک یان «ئەمیندارێکی گشتی» ئەو زەمانە نەدەچوو، بە پێچەوانەی ئەو بەرپرسە عەنتیکانەی ئەمڕۆکە کە بە ناوی خەبات و کوردایەتی و خزمەتی میللەتەوە، میللەت فەلاقە دەکەن و یەکەم شتێ کە دەیکەن کاتێ دەبنە بەرپرس تۆنی دەنگیان دەگۆڕن و مۆبایلەکانیان دادەخەن و دەچنە پشت دیوارە ئەستوورەکانەوە تا بە بەرپرسان بچن، بێگومان ئەو قسەیەم هەمووشیان ناگرێتەوە، چونکە تاکولۆکی پیاوباشیان تێدا هەڵکەوتووە.

بەراستی ئەوەندەی من لەو پیاوە تێگەیشتم، ئەوە بوو کە نووسین بەلایەوە «مەسەلە»یەک بوو، ئارەزوویەکی سەرپێیی و رەوتەنی و راگوزار نەبوو، بۆیە قەت لە نووسین و خوێندنەوە و دنیای کتێب دانەدەبڕاو بەردەوام خەریکی نووسین و کتێب دانان بوو. تا لە هەولێر بوو، بەهۆی کاروباری وەزیفەی ئەوسایەوە کە ئەمینداری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بوو، چەند جارێک بینیم و زۆربەی جارەکانیش رۆژانی هەینی بوون، کە بەهۆی نزیکییان لە ماڵەکەمانەوە ئەو رۆژەم بە دەرفەت دەزانی سەری لێ بدەم. هەموو ئەو جارانەش کە لە ماڵەوە دەمدی، دوای قسەوباسی زۆر هەر بە پیاسە بەرەو ناو بازاڕ شۆڕ دەبووینەوەو بەدەم رێگەشەوە هەر قسەمان دەکرد، لە راستیشدا زیاتر من دەمجوولاند، منێکی تینووی فێربوون لەو دەمەدا بارانی پرسیارم دەباراندە سەری.. ئەویش بەوپەڕی لێبوردەیی و دڵفراوانی خۆیەوە وردە وردە و بەدەم رێگاوە بۆم دەدوا، تا دەگەیشتینە ناو بازاڕ، دیسان لە نزیک دەرگا کۆنەکەی قەڵا لێک جیا دەبووینەوە، ئیدی ئەو دەچووە نوێژی جومعەو بەرەو مزگەوتی قەڵا دەڕۆیشت، منیش بەلایەکی دیکەدا لێم دەداو دەڕۆیشتم.

یەکێک لەو جارانە باسی گرانی کتێبەکانی مامۆستام کرد کە بۆ ئەوکاتە ئەو نرخانە یەکجار زۆر بوون و کەسانی وەک ئێمەومانان لات و لەوار لە عۆدەی کڕینیان نەدەهاتین، مەگەر تاکوتەرایەکی کتێبەکانمان پێ بکڕدرایە، دەنا زۆربەمیان لە برادەران دەخواستنەوە و دەمانخوێندنەوە، کە پێم گوت «کتێبەکانت گرانن» یەکسەر و بە پرتاو وەڵامی دامەوە و گوتی: «ئاخر من کتێب نافرۆشم.. عیلم دەفرۆشم»، وتیشی من کتێبەکانم لەناو کتێبخانەکاندا نامێننەوە، چونکە لەو هەزار دانەیەی لە چاپیان دەدەم، پێنج سەد دانەیان بەشی کتێب فرۆشییەکانە، پێنج سەد دانەکەی تریشی بەشی کوردی و قوتابییەکانی ئەو بەشە دەیکڕن و سوودی لێوەردەگرن، بۆیە ئەگەر گرانیش بن نامێننەوە. پێم گوت: ئەو وتەیەی لەسەر کتێبەکانت دووبارەیان دەکەیتەوە و نووسیوتە: «زانا دانایە، دانا توانایە» لە چییەوە هاتووە؟ گوتی: ئەوە قسەی حافزی شیرازییە و لەوم وەرگرتووە، لەبەر ئەوەی زۆر باوەڕم پێیەتی کردوومەتە دروشمی خۆم و لەسەر بەرگی هەموو کتێبەکانم دامناوە.

تا لە هەولێر بوو تەنیا جارێک لە ٢٢ی نیسان لە رۆژی رۆژنامەگەری کوردی بەدەرکەوت و بە شێوەی ئیرتیجالی کۆڕێکی لەبارەی ئەزموونی رۆژنامەگەرییانەی خۆی لە هۆڵی یانەی فەرمانبەران پێشکەش کرد و زیاتر لەسەر هەردوو گۆڤاری گەلاوێژ و نزار گیرسایەوە، پاشان کۆڕەکە بە پرسیار و وەڵام دەوڵەمەند کرا.(٢)

* * *

پاش ئەوەی مامۆستا گەڕایەوە بەغداو هەولێری بەجێ هێشت، تا ماوەیەکی زۆر نەمبینییەوە، تا ئەوە بوو لە سەرەتای هەشتایەکان مەسەلەی چاپکردنی دیوانی (شێخ

نووری شێخ ساڵح) هاتە پێشەوە، کە پێویستی دەکرد بۆ ئەو مەبەستە سەرێکی مامۆستا (سەجادی) بدەم. من ئەو کاتە چەند ساڵێک بوو هەولێرم بەجێ هێشتبوو، لە شاری سلێمانی گیرسابوومەوە، بۆ ئەو مەبەستە چوومە بەغدا، لێتان ناشارمەوە پێش ئەوەی بچمە دیدەنی مامۆستا لە ئێزگەی کوردییەوە تەلەفۆنێکم بۆ کرد.. لەبەر ئەوەی پێشتر دەمزانی مامۆستا گیرەو ناهێڵێ دەنگی تۆمار بکەم، ناچار بەهۆی دۆستی خۆشەویستم کاک (سەگڤان عەبدولحەکیم) کە بەرپرسی بەشی منداڵانی ئەو ئێزگەیە بوو توانیم سوود لەو تەلەفۆنە وەربگرم کە بە تەسجیلەوە بەسترابووەوە بۆ ئیشوکاری ئێزگە بە کاری دەهێنا.

هەر لە ئێزگەوە بەهۆی تەلەفۆنەکەوە، دەنگیم لەسەر شریتێکی چەند دەقیقەیی تۆمار کرد، بەبێ ئەوەی بەوەی زانیبێ دەنگیمان تۆمار کردووە(٣). لەو تەلەفۆنەدا بە زۆر دەمویست ڕای بکێشم بۆ ناو باسی هەندێ لایەنی ئەدەبی و تۆزێ بیرەوەری خۆی پێ بگێڕمەوە، بەڵام وا دیار بوو لەبەر ئەوەی بە ڕۆژوو بوو زۆر تاقەتی قسە کردنی نەبێ، بۆیە هەر لەو تەلەفۆنە تۆمار کراوەدا بەڵێنی دامێ کە لەپاش ڕەمەزان بێمە بەغدا ببینم و لەبارەی (شێخ نووری شێخ ساڵح)ەوە قسە بکەین تا ئەو لایەنانەم بۆ ڕوون بکاتەوە کە پێوەندیی بەوەوە هەیە(٤). کە بۆ جاری دووەم چوومەوە بەغدا سەر لە ئێوارەی ڕۆژی (١٩٨٢/١١/٧)دا لەگەڵ برایان: (جەمال و عومەر خەزنەدار - سەگڤان عەبدولحەکیم) چووینە لای مامۆستا سەجادی بەپێی ئەو وەعدەی کە ڕۆژی پێشتر بە تەلەفۆن بۆی دانابووین، لە ماڵەوە چاوەڕێی دەکردین(٥). من ڕیکۆردەرێک و کامیرایەکم لەگەڵ خۆم بردبوو، تاکو قسەکانی تۆمار بکەم، کە ئەوەی بەدەستمەوە بینی بە زەردەخەنەیەکەوە داوای لێ کردم ئەوانە هەڵگرم و بیانبەمە دەرێ ئەگینا لێم عاجز دەبێ.. هەوڵ و تەقەللا لەگەڵی بێ سوود بوو، منیش نەمویست دڵی مامۆستا بیەشێنم و زۆری لێ بکەم. بەهەر حاڵ زۆری پێ خۆش بوو من خەریکی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لە چاپدانی شیعرەکانی (شێخ نووری)م. ئەو دانیشتنەمان سەرلەبەر تەرخان کرد بۆ باسی (شێخ نووری) و نامەیەکی ئەویشی دامێ، ئەو نامەیە ماوەیەکی زۆر لەلام مایەوە.(٦)

مامۆستا هەرچەندە نەیکردبووە عادەت کتێبی چاپکراوی خۆی بە دیاری بداتە کەس، بەڵام ئەوجارە کتێبی (کوردواری)یەکەی خۆی بۆ هێنام و بە دیاری پێشکەشی کردم، هەر بەو بۆنەیەوە دووپاتی کردەوە کە (کوردواری) ڕاستە، نەک (کوردەواری) و ئاماژەی بە نامەیەکی (ئەدمۆندز)دا بۆ ئەو مەبەستە، کە لە کاتی خۆی بۆی هەناردووە. بەو بۆنەیەوە داوای نامەی نووسەران و شاعیرانی کوردم لێکرد، گفتی ئەوەشی دامێ نامەی (گۆران و پیرەمێرد و ئەمین زەکی بەگ)م بداتێ لەبەریان بگرمەوەو سوودیان لێ وەربگرم.

گوتیشی: (لەبەر ئەوەی جارێ لەبەردەستمدا نین، دوایی دەگەڕێم و کە دۆزیمنەوە دەیاندەم بە - جەمال بیاننێرێ بۆت - مەبەستی جەمال خەزنەدار بوو -) ماوەیەک مامۆستا دەنگی نەبوو - کاک جەمال بینیبووی و مامۆستا پێی ڕاگەیاندبوو کە هێشتا نامەکانی نەدۆزیوەتەوە. ئەوەشی بە کاک (جەمال) گوتبوو کە لە کاتی باس کردنی شێخ نووری ناوێکی بە هەڵە پێ وتووم، بەڵکو خەبەرم بۆ بنێرێ ناوەکە ڕاست بکەمەوە. ناوەکەش ناوی (مەلا ئەحمەدی دیلان) بوو کە لەلای (پیرەمێرد) دانیشتوون و کۆڕ و بەزمی گۆرانییان گەرم کردووە نەک (حەمدییە فەندی چاپچی).

هەر ئەو جارەش بوو زۆر بە ئەدەبەوە ڕووی گلەییم لێکرد و پێم گوت «مامۆستا تۆ کەسێکی بەرچاو و گرنگی بۆ کورد، پلەوپایەی خۆت هەیە و کەسایەتییەکی ناسراوی، چ پێویستت بەو وەزیفەیە هەبوو کە ساڵی (١٩٧٤) ڕازی بووی ببیتە (ئەمینداری گشتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی) لەو ئۆتۆنۆمییە کارتۆنییەی حکوومەت یەکلایەنە جاڕی بۆ دا؟ مامۆستا لە حزووری ئەو زاتانەی کە لەگەڵم دابوون و پێشتر ناویانم هێنا زۆر هێمنانە وەڵامی دامەوە کە ئەو حەزی بەو پلەوپایەیە نەکردووە، بەڵام حکوومەت زەختێکی زۆری لێکردم، لەو کاتانەدا بوو کە (مەلا مستەفای بارزانی) نامەیەکی بۆ ناردم و داوای لێکردم ئەو وەزیفەیە قەبووڵ بکەم، وەک لە نامەکەدا بۆی نووسیبووم پێی وابوو ئەو وەزیفانە بە کەسانی وەک من پڕ ببنەوە باشترە، چونکە چاوەڕێی ئەوەتان لێدەکرێ خزمەتی میللەتی خۆتان بکەن و بیر لە عەزیەتدانی گەلەکەتان ناکەنەوە، دیسانەوە چوو بۆ دۆزینەوەی نامەکەی بارزانیی نەمر گەڕا، بەڵام بەداخەوە ئەویشی نەدۆزییەوە و بەڵێنی پێدام هەر کاتێ بیدۆزێتەوە نیشانمی بدات، ئێستاکە حەتمەن ئەو نامەیە

لەناو ئەرشیفەکەی مامۆستادا ماوە، وەک پێش ماوەیەکیش لە حزووری کاک (حەمەی عەزیز) و (شێخ عەزیز شێخ ڕەزا) لە ئوتێلی هەورامان بە کچەکەی مامۆستا سەجادی (نازدار خان) و هاوسەرەکەیم وت، ئەوانیش دووپاتیان کردەوە کە ئەو نامەیە لە ناو ئەرشیفەکەی مامۆستادا ماوە و پارێزراوە.

* * *

ئەمەش دەقی گفتوگۆی ئەو دانیشتنەی نێوانمان بوو کە تەرخانمان کرد بۆ شێخ نووری شێخ ساڵح کاتێ لە ئێوارەی ڕۆژی ٧/ ١١/ ١٩٨٢ لەگەڵ برایان: (جەمال خەزنەدار و عومەر خەزنەدار و سەگڤان عەبدولخەکیم) چووینە لای مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) بە پێی ئەو وەعدەی کە ڕۆژی پێشتر بە تەلەفۆن بۆی دانابووم، لە ماڵەوە چاوەڕێی دەکردم.

لە سەرەتادا باسی یەکەم پێوەندیی خۆی و شێخ نووری-م لێ پرسیار کرد، لە وەرامدا گوتی:

– لە ئەواخری ساڵی (١٩٣٩ – ١٩٤٠) عەلاقەمان بەست.. یەکەم جار ئەو هاتە بەغدا. ئیتر وەکو عەلاقەی ئەدەب و دانیشتن بە موناسەبەتی دەرچوونی گۆڤاری گەلاوێژەوە دەستی پێکرد و پەرەی سەند.

* هۆی چی بوو لە گۆڤارەکەتان (گۆڤاری گەلاوێژ) شیعری شێخ نووری بە کەمی بەرچاو دەکەوێ، تەنیا دوو شیعرتان بۆ بڵاوکردووەتەوە؟

– ڕاستییەکەی ئێمە حەزمان ئەکرد شیعرمان بۆ بنێرێ و بۆی بڵاو بکەینەوە، بەڵام هەر خۆی کەمتر شیعری بۆ ئێمە ئەنارد.

* وا بزانم لەو ماوەیەدا خۆشی پشتی لە نووسین ساردبیۆوە، وەک دەڵێن کۆچی دوایی (شێخ عەزیز)ی برای لە ساڵی ١٩٣٦ کارێکی زۆری تێکرد بوو.

– ڕەنگە ئەمە هۆیەکە بێ.

* باشە ئەو دوو شیعرەی بۆتان بڵاوکردووەتەوە، خۆ لێتان نەقرتاندووە، یان دەستکاریتان کردبێ؟

– نەخێر.. هەروەکو خۆی بۆمان بڵاو ئەکردەوە، ئێمە لە گۆڤاری گەلاوێژدا کردبوومان بە عادەت کە شیعر دەستکاری نەکەین.

* لەو یەکەم ناسینەی شێخ نووری، زۆرتر باسی چ بابەتێکتان کرد؟

لەو جارەی کە هاتە بەغدا؟

* بەڵێ..

– ئەو جارە قسەکانی شێخ نووری دیاربوو ضدی ئەو کەسانە بوو کە لە نەزانینەوە دژی ئەوزانی کۆن دەوەستان، کە لەو سەردەمەدا تازە داکەوتبوون و بە ناوی شیعری ئازاد، لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ژین، شیعریان بڵاو دەکردەوە.

* باشە مامۆستا، ئەو شیعرانەی کە لە کتێبی (ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی کورد)، هەروەها لە کتێبی (دەقەکانی ئەدەبی کوردی)دا نموونەی شیعری شێخ نووری-ت هێناوەتەوە و لێیانت کۆڵیوەتەوە، ئەم شیعرانەت لە کوێ دەستکەوت؟

– هەندێک لەو شیعرانە لە خۆیم وەرگرتووە. هەندێکی تریشیان لە نامیلکە چاپکراوەکەی. (مەبەستی ئەو چەند شیعرەیە کە لە ساڵی ١٩٥٨ لەلایەن کامەران موکری-یەوە پێشەکی بۆ نووسراوە و لە چاپخانەی کامەران لە چاپ دراوە).

* هۆی چی بوو لە کتێبەکەتدا – مێژووی ئەدەبی کوردی – باسی شێخ نووری-ت نەکردووە؟

– بەڵێ نیازم وابوو بە تەفسیل لە سەری بنووسم.. نەک هەر لەسەر شێخ نووری، بگرە لەسەر بێخود و زێوەر و ڕەمزی مەلا مارف و چەند کەسانێکی تریش، بەڵام – مێژووی ئەدەبی کوردی – تەرخان کرابوو بۆ شاعیرە مردووەکان.

* کە تۆ دەهاتی بۆ سلێمانی.. لەگەڵ شێخ نووری کۆدەبوونەوە؟

– من ئەوسا کە دەچوومە سلێمانی لە لای (پیرەمێرد) دەمامەوە، ئەو نەیدەهێشت بچمە هیچ شوێنێ.. شێخ نووری ئەگەر لە سلێمانی بوایە و بیزانیایە هاتووم، دەهاتە لام. مەجلیسی «حاجی تۆفیق» خەریکی کۆڕی جۆربەجۆر بوون، هەندێ باسی شیعر و ئەدەبیان دەکرد وەکو: (پیرەمێرد و جەلالی برای جەمیل صائب و شێخ نووری و مەلا مستەفای ڕەسووڵ و شێخ محەمەدی خاڵ و براکانی و بێخوود و من)، هەندێ خەریکی گۆرانی و مەقام وتن بوون وەک: (حەمەی بەکر و ڕەشۆڵ و مەلا ئەحمەد دیلان)، هەندێکیشیان خەریکی سووکە یاری بوون وەک: (ڕەمزی مەلا مارف و حاجی مستەفا و سەیید فەتحوڵڵا و جەمیل صائب). ئەمانە زۆریان بەهۆی منەوە ئەهاتن و لەوێ کۆئەبوونەوە. (عیزەتی تەل)یش کە خزمایەتی لەگەڵ (پیرەمێرد)دا هەبوو کە ئەیزانی من هاتووم، لە عەربەتەوە ئەهاتەوە، کاڵەک و ترێی لەگەڵ

خۆی ئەهێنا.
* وا دیارە لەگەڵ شێخ نووری زوو زوو یەکتریتان بینیوە؟
– بە عەکسەوە.. بەهۆی لەیەکتر دووربوونەوە، کەمتر یەکترمان ئەبینی.. ئەو ساڵە لە تەیناڵ بوو تەلەفۆنی بۆ کردم، من لە سلێمانی بووم، وتی: لە قەلەندەرخانەکەی پیرەمێرد کە گەڕایتەوە بۆ بەغدا، ئەبێ لابدەی بۆ لای من. کە چوومە لای جێگەی لەسەر کانیاوەکە پاک و پوخت کردبوو.. دیسان لەوێ هەر بە باسی شیعر و ئەدەب شەومان بەسەر برد.
* لە قسەکانیدا زیاتر باسی چە شاعیرێکی کوردی دەکرد؟
– لە قسەکانیدا ئەوە دەرئەکەوت، کە زۆر موعجەبە بە (نالی و مەولەوی و مەحوی).
* شێخ نووری هیچ جارێک لەو دانیشتنانە شیعری بۆ جەنابت خوێندووەتەوە؟
– بەڵێ.. زۆر جار.
* ئەی ئیلقای شیعر خوێندنەوەی چۆن بوو؟
– بە عەکسی پیرەمێرد، شێخ نووری ئیلقای زۆر جوان بوو.
* ئایا هیچ نامەتان لە بەینا بووە؟
– بەڵێ.. ساڵی ١٩٥٨ کاغەزێکی بۆ ناردم.
* ئەو نامەیەت ماوە؟
– ماوە.. ئێستا هەوڵ ئەدەم بیدۆزمەوە.. (هەڵسا و چوو بۆ ژووری کتێبخانەکەی، لە پاش کەمێ نامەکەی دۆزییەوەو بۆی هێنام) دوای خوێندنەوەی نامەکە بۆم دەرکەوت لەگەڵ دەفتەرێک بۆی ناردووە کە دەربارەی عەرووز نووسیویەتی.
* وا دیارە دەفتەرێکی بۆ ناردوویت دەربارەی عەرووزی نووسیوە کە بیروڕا و تێبینی خۆتی بۆ بنووسی؟
– بەڵێ.. بەڵام من دەفتەرەکەم بۆ ناردەوە سلێمانی، نازانم چی لێ بەسەرهات.. کتێبێکی بەنرخ بوو، دەربارەی عەرووز و قافیە و ئەوزانی شیعری کوردی بوو، نموونەی لە شیعری (نالی و مەولەوی و مەحوی و زێوەر و حەمدی) و کۆمەڵێ شاعیری تر هێنابووەوە.
* تەکلیفی لە تۆ کردبوو پێشەکی بۆ بنووسی یان تێبینی و سەرنجی خۆتی بۆ بنێری، ئەی تۆ چیت بۆ کرد؟
– هیچم بۆ نەنووسی.. شێخ نووری پیاوێکی متەوازیع بوو، لە تەوازوعدا ناخۆشی کردبوو، ئەگینا من بە نیسبەت ئەوەوە لە مەسەلەی عەرووز شارەزاتر نیم.
* وا دیارە بەیەکەوەش لە بابەتی عەرووز دواون، بۆیە وا گەیشتوونەتە ئەو بڕیارە؟
– بەڵێ، دەستێکی باڵای لە بابەتی عەرووزی شیعری هەبوو و ئەتوانم بڵێم عالیم بوو تیایا. جارێکیان لەگەڵ شێخ ڕەئووفی خانەقا و بلە و گۆران و شێخ نووری دانیشتین، ئەو جارەش لە بابەت شیعر و ئەدەبەوە قسەی زۆرمان کرد. لەو دانیشتنەدا شێخ نووری ئەوەی سەلماند کە لە هەمووومان بە بابەتەکە عالیم ترە.
* هیچ پێی نەوتووی لە لای کێ فێری ئەو زانستە بووە؟
– وەک بۆی گێڕاومەتەوە و بۆی باسکردووم، لە لای (شێخ بابەعەلی شێخ عەبدوڵڵا و شێخ نووری شێخ بابەعەلی تەکتەیی) کە لە کیباری شەخسیات و عولەمای سلێمانی بوون موستەعیدی خوێندووە و زۆر شت فێربووە.
* کەواتە شێخ نووری باسی ژیانی فەقێیەتی و خوێندنی خۆی بۆ کردوویت؟
– شێخ نووری و مەجموعەیەک بوون لە سلێمانی و لە ئەترافی هەڵەبجە، دیراسەیان دیراسەی فەقێیەتی بووە، کە عیبارەت بوون لە (شێخ سەلام و شێخ نووری بابەعەلی و مەلا حەمەمینی دێلێژەیی و مەلا ئەحمەدی حاجی مەلا ڕەسووڵ دێلێژەیی و سەیید ئەحمەدی عازەبانی) ئەمانە مەجموعە فەقێیەک بوون بەیەکەوە دەژیان و ڕەفیق بوون. لە فەقێیەتیدا علوومی عەرەبییان خوێند تا مەرحەلەی (موستەعید). کە ئەو قۆناغە دەرس بە (سوختە) ئەڵێنەوە.
* زیاتر ڕەفاقەتی لەگەڵ کێ بوو؟
– لەگەڵ زۆربەی شاعیران و ڕۆشنبیرانی سەردەمەکەی ڕەفاقەتی خۆش بوو، بەڵام زۆرتر لەگەڵ (بێخود و زێوەر و فەوزی) هەڵسوکەوتی ئەکرد.
* ئەی دەربارەی پێوەندیی شێخ نووری بە باری ڕامیاری ئەو سەردەمە و بەتایبەتیش پێوەندیی بە «شێخ مەحموودی حەفید»ەوە چی دەزانن؟
– داخی زۆر بوو بۆ سەردەمی شێخ مەحموود.. لەگەڵ ئەوەشا کە خەڵک زۆر لۆمەی شێخیان ئەکرد، ئەم ئەیووت ئەترافەکەی باش نەبوون، زۆر جار کە بەیەکەوە دانیشتووین و باسمان کردووە بۆ تێکچوونی وەزعی کورد

گریانی ئەهات.

***** بە گشتی شێخ نووری وەک شاعیرێک و ڕۆشنبیرێک چۆن دەبینی؟

– شێخ نووری وەک ئینسانێک زۆر بە ڕەوشت و زۆر بە ئەدەب بوو، وەک شاعیریش لە لای من شاعیرێکی پایەبەرزە، شاعیرێک بوو مورتەبیت بوو بە قەزایای کوردایەتی، شاعیرێکی بە حەقیقەت بەرز بوو، پیاوێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیر بوو، پاک بوو، لەو فەترەیەی هاتوچۆی منی ئەکرد، کە لە گۆڤاری گەلاوێژ بووم و ڕەفاقەتمان هەبوو، ئەو شتانەم بۆ دەرکەوت.. بە کورتی لە لای من شێخ نووری زۆر لە گۆران شاعیرتر بوو.

(لێرەدا دەقی گفتوگۆیەکەم لەگەڵ مامۆستا سەجادی سەبارەت بە شێخ نووری تەواو بوو، هەوڵم داوە قسەکانی وەک خۆی بگوازمەوە)(٦).

* * *

پێش کۆچی دوایی بە چەند مانگێک هاتە سلێمانی، لە کۆڵانەکەی تەک (مۆزەخانەی ئیتنۆگرافی فۆلکلۆری) خوار فولکەی نالی کە ئەو کاتە من بەرپرسی ئەو مۆزەخانەیە بووم، مامۆستا (سەجادی)م بینی وەستابوو، سەیری کۆڵانەکەی خوار مۆزەخانەی دەکرد.. لەگەڵ دارتاشەکەی سەری کۆڵانەکە قسەی دەکرد.. کە لێی چوومە پێشێ و چاک و چۆنیم لەگەڵ کرد، گوتی نزیکەی (٤٠) ساڵە ئەو گەڕەکانەم نەدیوە، ئەوە ئێستا خۆم دزیوەتەوەو هاتووم بە یادی جارانەوە سەیرێکی ئەو کۆڵان و ماڵانە بکەم، بەڵام لەوە ئەکا هیچیم بە بیر نەیەتەوە.. منیش گورج گوتم: سەرووی ئەو (مۆزەخانەیە) مزگەوتەکەی (مەلا مستەفای سەفوەت) و دارە ڕەش بووە.. ئەم ناوەش گەڕەکی (سەرگۆڵ)ە. مامۆستا کۆمەڵێ شتی بەبیر هاتەوە.

بەدەم ڕێگاوە باسی گۆڕانی شارەکەی بۆ دەکردم کە لەگەڵ جاران ئەوەندە جیاوازییان هەیە پیاو هەر نایناسێتەوە. گەیشتینە لای کۆڵانەکەی ماڵی (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (مەحموود تۆفیق شلک) گوتم ئەمەش ماڵی ئەوانە، ئیتر هەر خۆی کۆمەڵێ شتی کۆنی هاتەوە بیر. لەلای مزگەوتی (دوو دەرگا) تۆزێ وەستاین، گوتی: ئەوبەریش قاوەخانەی سەر چیمەن و ماڵی (ڕەفیق حیلمی) بوو.

هەواڵی بەرهەمی تازەی مامۆستام پرسیار کرد گوتی: کتێبێکم داوە بە چاپ کە لە هینەکانی ترم جیایە، ئەم کتێبەیان باسی (جیهانی زیندەوەر) دەکات.

ئەویش هەواڵی کتێبەکەی (شێخ نووری) لێ پرسیار کردم. منیش باسی بەزمی چاپ کردن و گێچەڵەکانی دەوری کتێبەکەم بۆ کرد(٧). مامۆستا لەو سەردانەیدا کە دوا سەردانی بوو، حەزی دەکرد یادی ڕۆژانی ڕابردووی شارەکە بکاتەوە.. لەلایێ بچێتەوە سەر بیرەوەرییەکانی خۆی، لە لایەکی دیکەشەوە لە رووی ئاوەدانییەوە لەگەڵ ئێستای بەراوردی بکات.. گوتی: «ئەم جارە هەر ئەوەندەم بۆ کرا، جارێکی تر کە هاتمەوە، بەیەکەوە بە ناو گەڕەکە کۆنەکان پیاسەیەک دەکەین». منیش پێم گوت: خەزوورم کە تۆ باوکی دەناسیت، کوڕی ئەو شارەیە، زۆر لە من شارەزایی زیاترە.. زۆریش سەری لەو وردەکارییانە دەردەچێ، ئەگەر هاتیتەوە ئەوە ئەویش لەگەڵ خۆمان دەهێنین تاکو شتە کۆنەکانت باشتر بیر بخاتەوە(٨). ئەو جارەش چووە (مزگەوتی دوو دەرگا) و خواحافیزیم لێ کرد.

دیسانەوە بەر لە کۆچ کردنی لەگەڵ برادەرێکی هونەرمەندم (ڕەمزی قوتبەدین) کە لە سلێمانییەوە لەگەڵ خۆم بردبوو، لەگەڵ (جەمال خەزنەدار) بە تەلەفۆن وەعدمان لێ وەرگرت و چووینە دیداری. مەبەستم لەم چوونە ئەوە بوو، بە بەردێ دوو نیشان بشکێنم، لەلایەک بۆ ئەوەی ئەو برادەرە هونەرمەندەم بە دزییەوە خەریکی وێنەکێشانی بێت و پۆرترێتێکی بۆم بکێشێ. لەلایەکی دی بۆ مەسەلەی نامەکان بوو کە بۆمیان بدۆزێتەوەو لێی وەربگرم. کە چووینە لای مامۆستاو دەرگایان لێ کردینەوە، لە دالانەکەوە کە بەرەو ژوور دەچووین، پەنجەرەیەکم بینی، لەو پەنجەرەیەوە دیار بوو مامۆستا سەرقاڵی نووسین بوو، کۆمەڵێ قاقەز و کتێبی لەسەر ئەرزەکە هەڵخستبوو، ئەوەندەی پێ نەچوو چاکەت و بێجامەکەی گۆڕی بە کەواو سەڵتەو هات پێشوازییەکی گەرمی لێ کردین.. بە برادەرە هونەرمەندەکەم گوت: من بە قسەوە خەریکی دەکەم، تۆش خەریکی پۆرترێتەکەی بە. مامۆستا چوو جامێکی زەردی پڕ لە تووتنی هێنا.. کەوتە لەف کردنی سیگار.. هەواڵی نامەکانم لێ پرسیار کرد، گوتی: هێشتا نەمدۆزیونەتەوە! باسی ئەوەم لەگەڵدا کردەوە کە ئێستا خەریکی چییە؟ گوتی: خەریکی کتێبێکم لەبارەی (علم النفس) کە ئەمەشیان بابەتێکی جیاوازە لەوانی پێشوو. منیش قسەکەیم قۆستەوە و پێم گوت: مامۆستا تۆ پیاوێکی دنیادیتەی، تەمەنێکت

بەســـــەر بـردووە، خـــــاوەنی ئەزمــــــوونێکی زۆر و دەوڵەمـەندی.. لەگـەڵ ڕووداوەکـانی ئەم سـەردەمـەمـان ژیاوی.. هاوچەرخی زۆر لە پیاوە سیاسی و ڕۆشنبیرەکان بوویت، من لەو بڕوایەدام تۆش لەســـەر (علم النفس) نەنووسی، لە پاشەڕۆژدا کەسانی دیکە زۆرن لەسەر ئەو بابەتە بنووسن، ڕەنگە لە تۆش باشـتــری بنووسن، تۆ ئێستا پێویستە یاداشتی خۆت بنووسیتەوە. یاداشتی ڕۆژنامەنووسیت زۆر پێویستە تۆمار بکەیت، تەنانەت پێویستە بیخەیتە سەرووی هەموو پرۆژەکانتەوە.. گوتی: من جارێ سەرەقەڵەم دەنووسم، هەندێ لە بیرەوەرییەکانم لە (ڕشتەی مرواری)دا نووسیوە.. بەدەم ئەو قسانەوە کەوتە گێڕانەوەی بیرەوەری خۆی و گـوتی: لە بەغـدا خـەریکی دەرکـردنی گـۆڤـاری (نزار) بووم، هەمـــوو کەرەستەو وتارەکانی ژمارەیەکم حازر کردو زۆربەیانم ناردە چاپخانە.. نیازم وا بوو سەفەری سلێمانی بکەم (ڕەفیق چالاک) خوا عافووی کا ئەو کاتە لە بەغدا بوو، ئەرکی سەرپەرشتی کردنی ئەو ژمارەیەم پێ سپاردو پێم وت هەمــوو وتارەکـان حـازرن تەنیـا تۆ سـەرپەرشـتی دەرچوونی دەکەیت لە چاپ کردنەکەی.. هاتمە سلێمانی، من هەر لە لای حاجی تۆفیـقی پیرەمێرد لام دەدا، ئەو کاتە شێخ لەتیفی شێخ مەحموود، لەگەڵ فەللاحەکانی (عـەربەت) لەسـەر مـەسـەلەی ئاو نیـزاعـیـان هەبوو.. (ڕەفیق چالاک) ئەوەی بە فرسەت زانیبوو، وتارێکی لەسەر ئەو مەسەلەیە نووسیبوو(٩)، هەر لەو ژمارەیەدا چاپی کردبوو.. شـێخ لەتیف منی زۆر خۆش دەویست، بەڵام کە گۆڤارەکە بڵاو دەبێتەوە، وا دەزانێ دەستی منی تێدایەو من نووسیومە، بۆیە کە وتارەکە دەبینێ، چاوی تاریک دەبێ.. منیش ئاگام لەو کەین و بەین و بەزمە نییە کە (ڕەفیق چالاک) ناویەتیبەوە(١٠).. دۆستێکم هەبوو لە (عەبابەیلێ) لە سلێمانی بە تەلەفۆن وەعدم پێدا کە بچم بۆ لای و شەوێک لەلای بمێنمەوە. تومەز (حەپسە خانی نەقیب)یش زانیبووی شێخ لەتیف ئەو وتارەی زۆر پێ ناخۆش بووەو بەوەی زانیوە نیازم وایە بچم بۆ (عەبابەیلێ) پیاوی ناردبووە سەر ڕێگەکەم کە بمکوژن.. (حەپسەخان) کە ئەمە دەبیستێ، خەبەر دەداتە پیرەمێرد کە نەهێڵێ ئەو سەفەرە بکەم. منیش هێشتا ئاگام لە مەسەلەکە نییە، حەپسەخان-یش پیاوی خۆی ناردبووە ئەو ناوە کە نەهێڵێ ئەوە ڕووبدات. (حاجی تۆفیق) کە زانی من خەریکی ڕۆیشتنم، نەیهێشت.. منیش لەبەر ئەوەی وەعدم بەو ڕەفیقەم دابوو، دەبوایە هەر بچم، بۆیە منیش سوور بووم لەسەر ڕۆیشتنەکەم.

لەولاش حـــاجی تۆفـــیق ڕێگەی نەدەدام، دوایی تێگەیشتم کە ئەوە شتێکی تێدایە، بۆیە ناهێڵێ من بڕۆم. منیش وتم: یان دەڕۆم.. یان دەبێ پێم بڵـێـن مەسەلەکە چییە! حاجی تۆفیق مەسەلەکەی بۆ گێڕامەوە کەوا وتارێک لە گۆڤاری نزاردا دژی شێخان دەرچووە، ئەم وتارەش بەتایبـەتی یەخـەی (شـێخ لەتیف) دەگـرێتـەوە، بۆیە ئەویش پیـاوی لەسـەر ڕێ داناوە بتکوژن. لە دواییدا زانیم کەوا حەپسە خان-یش پیـاوی ناردووە، هەروەها حکومـەتیش هاتبــووە ناو مەوزووعەکەوە تا نەهێڵن ئەو مەسەلەیە ڕووبدات، چونکە ئەو کاتە کوشتنی من بۆ هەمـوو لایەک باش نەبوو.. پاش چەند ساڵێک (شێخ لەتیف) زانیبووی مەسەلەکە چۆن بووە، کە بینیمەوە دەستی کردە ملم و ئاشتی کردمەوە.

منیش لە پاش لێبـوونەوەی لە گـێـڕانەوەی ئەو بیرەوەرییەی زیاتر پێم لەسەر نووسینەوەی ئەو یاداشت و بیرەوەرییانە داگرت و پێم گوت: ڕەنگە بەدەیان شتی ئاوات لەلا کـۆبـووبێـتـەوە، برادەرە هونەرمـەندەکـەم خەریک بوو پۆرترێتەکەی تەواو دەکرد، کە مێژووی ئەو ڕۆژەی لەسەر نووسی و بۆ خۆی گلی دایەوە، گوتی: با بۆ (یادگـاری) لە ئەرشـیـڤـەکـەمـدا جـارێ لەلام بمێنێتەوە!(١١)

هەر لە دوای ئەوە لێم پرسی: مـامـۆسـتـا بۆچی لە (مـێـژووی ئەدەبی کـوردی)دا لە باسی شـاعـیـرەکـان پێشـەکی بە پەخشـانێکی سـەرواداری شـیـعـرئامـێـز دەسـتـت پێکردووە؟ لە وەڵامـدا گـوتی: من دەزانم خوێنەری کورد زیاتر خوێنەری شیعرن، بۆیە ویستوومە بۆ چوونە ناو دنیای ئەو شاعیرانە و ناساندنیان بەو پەخـشـانە سـەروادارانە سـەرنجـیـان ڕابکێـشم بۆ خوێندنەوەی باسەکە تا هەست نەکەن بابەتێکی وشک و برینگ دەخوێننەوە، بۆیە لەوێ ئەو شـێـوازەم پەیڕەو کـردووە. هەر ئەو جـارە باسی کـۆبوونەوەی خـۆی و کوردانی بەغدا و ڕۆشنبیر و نووسەر و سیاسەتمەدارانی کوردی کرد لە دوکانەکەی ڕەحمەتی (بەشیر مشیر)، گوتی نووسەرانی کورد کە کتێبێکیان چاپ دەکرد چەند دانەیەکیان دەدایە بۆ خۆی بیانفرۆشێ. هەر لێرە بوو گوتی ڕەحمەتی (بەشیر مشیر) کە خاوەنی فەلسەفەی

(تۆ بینووسە و من تەئلیفی دەکەم) بوو جارێکیان برادەرێکی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری نەوت وتارێکی زۆر جوان و زانستیانەی لەبارەی (نەوت)ەوە بە ناوی ئەو نووسی و بڵاو کرایەوە، کەچی ئەو کە وتارەکەی بینیبوو ئیعترازی لەسەر ناوونیشانی وتارەکە دەربڕیبوو، کە نەدەبوو ناوونیشانەکەی وابێ!

سەجادی مەلایەکی ئایینی نیشتمانپەروەر بوو، بە هەموو کیانییەوە بۆ سەرکەوتنی کورد تێدەکۆشا، بێگومان تێکۆشانەکەی لە بواری خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی دابوو، کە چەکێکی زۆر بڕندەتر و کاریگەرترە لە چەکی سیاسەت، لە هەمان کاتیشدا مەلایەکی منەوەر و مێشک و بیر کراوە بوو، کە گوێت لێ دەگرت لە ناخەوە تەمەننات دەکرد هەموو مەلا و پیاوە ئایینییەکانی کورد بۆ خزمەت گەیاندن بە میللەتی خۆیان وەک ئەو بوونایە. داخەکەم پرپشکی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عیراق - ئێران بەر ئەویش کەوت و لە هەشتایەکاندا کە سەردانیم کردەوە دیاربوو کوژرانی (دانا)ی کوڕە سەربازەکەی زۆر کاری تێکردبوو کە لەو جەنگە دۆڕاوەدا لە کیسی چووبوو، ئەم کارەساتە ناخی هەژاندبوو و کسپەی لە جگەری هەستاندبوو، بۆیە بە ئاشکرا و زەقی بە سیمایەوە دیار بوو، ئێمە هەستمان دەکرد ئەو مامۆستا سەجادی-یەی جاری جاران نەماوە کە زۆر بۆمان دەدوا و قسەی دەکرد و لەگەڵمان دەکرایەوە، ئەمجارە بە پێچەوانەی دیدەنییەکانی پێشوو کوژابوویەوە و بە تەواوی خولق و تاقەتی جارانی نەمابوو.

ئەوە بوو هەندێ بیرەوەری من لەگەڵ مامۆستای پایەبەرز (عەلائەدین سەجادی) کە بەر لە بیست و دوو ساڵ دڵی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی لێ کردین، بەڵام ماڵی ئاوا کە بە کتێب و نووسینە جوان و گرنگ و چەلەنگەکانی کتێبخانەی کوردی ئاوەدان کردەوە.. نووسینی کوردیش یەکێک لە شۆڕەسوارەکانی خۆی دۆڕاند کە جێگەکەی بە ئاسانی پڕ نابێتەوە!

ئەو پیاوە پاک و دڵسۆزانە کە زۆر بە پاکی لەگەڵ دەوروبەری خۆیان هەڵسوکەوتیان کرد و بۆ میللەتی خۆیان سووتان، لەگەڵ خۆیان و خوای خۆیان ڕاستگۆ بوون، بە بێدەنگی و دوور لە هات و هاوار و ژاوەژاو و ڕووناکی ڕاگەیاندن و ئامێرە دۆزنەکانی پروپاگەندە کاریان کرد و خزمەتی وڵات و نەتەوەی خۆیان کرد. ژیانی ئەوانە و ڕەفتار و گوفتار و پێوەندییەکانیان لەگەڵ پێوەندییە ژەهراوییەکانی ژیانی ئەمڕۆکەی ڕۆشنبیریی کە لێوالێوە لە ڕیاکاری و کاسەلێسی و بەرژەوەندخوازی و دەمامکداری کە ڕەش دەکات بە سپی و سپی دەکات بە ڕەش هەر بەراورد ناکرێ.. هەر نەمر بێ یاد و یادگاریان.

**پەراوێزەکان:**

**(١) لەو نامیلکەیەمدا: (ئەختەر شاعیری جوانی و دڵداری) کە لە ساڵی ١٩٧٦ لە چاپخانەی شارەوانی لە هەولێر چاپکراوە لە پەراوێزی ئەو شیعرەدا ئاماژەم بەوە کردووە. بڕوانە لاپەڕە (٥٤)ی ئەو سەرچاوەیە.**

**(٢) هەتا لە هەولێر بوو، جارێکیان لە ڕۆژی (٢٢)ی نیسان بە یادی جەژنی ڕۆژنامەنووسی کوردی سیمینارێکی پێشکەش کرد. لەو کۆڕەدا باسی هەندێ یادگارو بیرەوەری ڕۆژنامەنووسیی خۆی کرد، ڕەنگە ئەو کۆڕە تۆمار کرابێ و لە ئەرشیفدا مابێت.**

**(٣) ئەو گفتوگۆ کورتە تەلەفۆنییەی لەگەڵ مامۆستا عەلائەدین سەجادی کردوومە ئەمەی خوارەوە بەشێکیەتی کە لە ١٩٨٢/٧/١دا تۆمار کراوە:**

*** ویستم بزانم نێوانت لەگەڵ شێخ نووری شێخ ساڵح چۆن بوو، ئایا دەستنووس یان نامەی ئەوت لەلا ماوە؟**

**- دیارە بیرەوەریم لەگەڵی هەیە و لەوانەیە دەستنووسیشم لەلا هەبێت، بەڵام کاتی دەوێ تا من بیاندۆزمەوە، یانی خەتی ئەوم لەلا هەیە.**

*** ئەو لە نامەیەکدا ئاماژە بە تۆ دەکات، نامەیەکە کە بۆ عەبدولڕەحمان موفتی نووسیوە، دەڵێ ئەو بەرهەمانەی کاتی خۆی لە (حەفلەی تەئبینی) بێخود-دا خوێندراوەتەوە بنێرن بۆ مامۆستا عەلائەدین سەجادی کە ئەو لێهاتوو و لێوەشاوەیە و دەتوانێ ئەو ئیشە ڕاپەڕێنێ و کۆی بکاتەوە و پێشەکی بۆ بنووسێ و چاپیان بکات، جگە لەوەش لە کاتی خۆیدا پێوەندی لەگەڵ گەلاوێژ-یشدا بووە و سێ چوار شیعریشی لەوێ بڵاوکردۆتەوە، بۆیە تۆش کە سێ چوار جار لە کتێبەکانت باست کردووە پێم باش بوو لەبارەیەوە بدوێین.**

**- مەسەلە واقیعیەتە بەلای منەوە شێخ نووری شێخ ساڵح**

یەکێک لە ڕابەرانی شیعری تازەیە. تەنانەت لە وتووێژێکدا کە لەگەڵ حەمەی مام ڕەحمان کردوومە کە خراپ بڵاوکراوەتەوە گۆیا من گوتبێتم گۆران ڕێبەری شیعری تازە بێ. نا من وام نەگوتووە من گوتوومە ئەوانەی کەوا ئەو ڕێچکەیەیان شکاندووە بریتین لە: شێخ نووری شێخ ساڵح، پیرەمێرد، بەختیار زێوەر، بەڵام شێخ نووری شێخ ساڵح ئەگەر بەرهەمی بە قەد گۆران هەبوایە ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم پێشکەوتووتر بوو، منیش ئەو بە پێشکەوتووتر دەزانم.

* مامۆستا ئەوە دەستپێشکەرییەکی مێژووییە، چونکە ئەو کاتەی شێخ نووری لە ساڵی (١٩٢٠) تا (١٩٣٠) خەریکی تازەکردنەوەی شیعری کوردی بوو، مامۆستا گۆران تەمەنی (١٤) تا (١٥) ساڵان بووە، واتە شیعری نەنووسیوە، یان هێشتا گڕوگاڵی شیعری کردووە.

– بەهەر حاڵ، گۆران (١٩٠٤) و (١٩٠٥) لەدایک بووە.

* کەوایە (١٤) تا (١٥) ساڵان بووە.

– بەڵێ بە نیسبەت شێخ نوری-یەوە دیارە ئەوە بە تەلەفۆن ناکرێت. کاتێکی دیکە کە تۆ هاتی بۆ بەغدا دەتوانی خەبەرم بدەیتێ، ئەو کات وەعد دادەنێین لە ماڵەوە دادەنیشین، ئنجا کە هاتی چی لەبارەی شێخ نووری شێخ ساڵح دەزانم تەقدیمتی دەکەم.

* زۆر سوپاس مامۆستا، لەبارەی شێخ نوورییەوە من هەموو شتەکانم گەڵاڵەکردووە تەنیا ئێوە ماون سەبارەت بەو قسەتان لەگەڵ بکەم.

– بەسەرچاو منیش لەو خسووسەوە چیم لەبارا بێت هەموویت لەبەر دەست دادەنێم و باسی دەکەین.

* زۆر سوپاس

– ئەوە خزمەتی فەرد نییە

* ئینجا ئەگەر زەحمەت نەبێ لە دەرفەتێکدا هەوڵت بدایە دەستنووسەکانت بپشکنی، تاکو ئەو دەستنووسانەی پێوەندییان بە شێخ نوورییەوە هەیە بیاندۆزیتەوە بۆ ئەوەی ئیستیفادەیان لێبکەم و بە ئەمانەتەوە ئیشارەتیان پێ بدەم.

– تا تۆ دێیت محاوەلە دەکەم، هەرچەندە ئێستا ڕەمەزانە و تۆزێک موشکیلەشە (پێدەکەنێ) بە نیسبەت منەوە نازانم ڕەمەزانی گەرمی بەغدا چۆن دەبێ.

* وایە ڕاستە ناخۆشە.

– لەگەڵ ئەوەش تەبعەن هاتنی ئێوە مومکینە بکەوێتە پاش ڕەمەزان.

* بەڵێ وای لێدەکەم.

– وای لێبکە بۆ ئەوەش هەوڵێک دەدەم.

(لێرەدا گفتوگۆ تەلەفۆنییەکە تەواو بوو)

(٤) ئەو چەند دەقیقەیە لە ئێزگەی کوردی لەبەری گیراوەتەوەو پارێزراوە. لە پاش مردنی بڵاوکرایەوە. هەر کەسێ بیەوێ دەتوانێ سوودی لێ وەرگرێ.

(٥) کاک جەمال خەزنەدار کە برای گچکەی د. مارف خەزنەدارە دۆستێکی نزیکی من بوو، ئەوساکە ماڵی لە بەغدا بوو، پیاوێکی پەرۆش و خەمخۆری ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانم بوو، نەک هەر من بگرە بەتەنگ ئیشوکاری هەموو برادەرەکانییەوە بوو، لەبەر ئەوەی ماشێنی هەبوو، ماڵی ئەو زاتە و زۆر لە کەسایەتییە ڕۆشنبیرەکانی کوردی بەغدای پێ دەزانی، بۆیە چەند جارێک کە دەچوومە ماڵی خوالێخۆشبووان: (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) و (عەلائەدین سەجادی) و (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) و (عەبدولمەجید لوتفی) و (د. ئیبراهیم حیلمی فەتاح) و (عەبدولقادر قەزاز) و (عەلی کەمال) و زۆرانی دی پێکەوە دەچووینە لایان، کاک سەگڤان عەبدولحەکیم-یش کە ئاوەڵ زاوای کاک جەمال بوو لە زۆربەی ئەو سەردانانە یاوەرمان بوو.

(٦) لە بەشی دووەمی کتێبەکەم - دیوانی شێخ نووری شێخ ساڵح - دەقی ئەو چاوپێکەوتنەم بڵاوکردووەتەوە. بڕوانە لاپەڕە (٤٤٧ - ٤٥٣)

(٧) هەر لەو قسانەدا بووین گوتی: (ئەو کتێبەی تۆ ئەهمییەتێکی تەئریخی هەیە).

(٨) خەزوورم ناوی عەبدولڕەزاق کوڕی (سەبری عەبدولواحید)ە، کە ئەمەی دوایی لە کاتی خۆیدا لە قوتابخانەی زانستی کوردان وانەی گوتووەتەوە و هاوڕێیەکی زۆر نزیکی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم کۆڵەبی بووە.

(٩) ئەو وتارە لەژێر ناوونیشانی (عەربەتی بێ ئاو) بە قەڵەمی (جووتیارێکی تینوو) نووسیویەتی، لە ژمارە (١٢)ی ساڵی (١)ی ڕێکەوتی ١٥ی ئەیلوولی ١٩٤٨ لە گۆڤاری (تزار)دا بڵاو کراوەتەوە.

(١٠) شەوی ٢٤ - ١٩٨٥/١/٢٥ (د. عزەددین مستەفا ڕەسووڵ) لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا کە بۆ یادی مامۆستا (عەلائەددین سەجادی)ی تەرخان کرابوو، وای دەرخست کە ئەو نووسینە مامۆستا (سەجادی) خۆی نووسیبێتی، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من لە دەمی خۆیەوە وەرم گرتووە و نووسیومە و نووسینەکە هی (ڕەفیق چالاک)ە.

(١١) لە ڕاستیدا ئەو پۆرترێتە زۆر لە مامۆستا سەجادی نەدەچوو، بۆیە زۆر سوور نەبووم لێی وەربگرم، هەرچەندە هونەرمەندەکە خۆی دەیگوت من بە شێوازێکی تەعبیری وێنەکەم کێشاوە!

# پێداچوونەوەیەک بە وەرگێڕانەکەی «مێژووی فەلسەفەی هیگڵ»

**عەبدولقادر عەزیز سەعید**

**(١ - ٢)**

- لە پاوانی چاپەمەنی و چاپ و پەخش و بڵاوکردنەوەی ئەم ڕۆژانەی کوردستاندا، بەتایبەتی ئەگەر مرۆڤ سەرێک لە کتێبخانە و ڕۆژنامە و کتێب فرۆشییەکان بدات، دیاردەیەکی سێ لایەنی سەرنجی ڕادەکێشێ:

(١) هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی خەریکن دەبن بەو سەرچاوەیەی لاوی ئەمڕۆی کورد «ناڵێم وەرگێڕی کورد» هەرچی هەیە و نییە ئەوەی بکەوێتە بەردەستیان، بەبێ ئەوەی پێداویستی کتێبخانەی کورد و بابەتەکە خۆی، وەرگێڕی عەرەبی و فارسی و چۆنیەتی وەرگیرانەکە و ئاستەکەی لەبەرچاو بگیرێن دەست دەکرێ بە وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی و پاش ماوەیەک بە چاپکراوی لەسەر شەقام و کتێبخانەکاندا بە بەرگێکی جوان و ڕێک و پێک دەبینرێت.

(٢) ئەوەندە وەرگێڕانی لاواز و بەناو وەرگێڕی بێ توانا هاتوونەتە گۆڕێ و بابەتی لاواز و بێ سوود دەکرێن بە کوردی، مرۆڤ دێتە سەر ئەو باوەڕەی بڵێ:

ئەگەر لە ساڵانی حەفتا و بەرەو دوای سەدەی ڕابردوو کڕینی چاپکراوی کوردی و هاندانی نووسەر و وەرگێڕی کورد و کوردی نووسین بەشێک بووبن لە کوردایەتی، ئەوە ئەمڕۆ نە کڕینی ئەم بابەتانە و هاننەدانی بەناو «ئەو وەرگێڕە نوێیانە» خەریکە دەبێت بە بەشێک لە کوردایەتی.

(٣) بۆ ئەوەی وێنەکە پتر لە لای خوێنەر ڕوون و ئاشکرا بکەم دەڵێم: جارو بارو تاک و تەرا بەرهەمێکی ڕێک و پێک دەکەوێتە بازاڕەوە، بەڵام بە لێشاو بەرهەمی بێ کەڵک لەسەر شۆستەی شەقامەکان و لەناو

کتێبخانەکاندا دەکەونە بەرچاو، بەڵام ئەوەی لێرەدا دیسانەوە سەرنج ڕادەکێشێ ئەو بابەتە ڕێک و پێک و تاک و تەرایانەی ناو بەناو چاپ دەکرێن ئەوانە پارەیەکی ئەوتۆیان لەسەر نووسراوە مرۆڤ لە کڕینیان سڵ دەکاتەوە، بۆ نموونە ڕۆمانێک پانزە هەزاری لەسەر نووسراوە، شاکارە وەرگێڕدراوەکەی هیگڵ کە ئێمە مەبەستمانە قسەی لێوە بکەین لەلایەن دەزگایەکی وەرگێڕانی نایاب بە دیاری پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردووە چوار هەزار و پێنج سەد دیناری لەسەر نووسیوە، کە دەبوو بە بۆچوونی من نیوەی ئەو پارەیەی لەسەر نووسرابا، چونکە یەکەم «دەزگاکە خۆی توانایەکی دارایی باشی هەیە، دووەم «ئەو بەرهەمە سەرکەوتووە ڕێکوپێکە بۆ ئەوەی بگاتە دەست زۆرترین خوێنەر و لەلایەکی ترەوە بتوانێ ڕکابەری ئەو بەرهەمە زۆر و بۆرانە بکات کە بەناهەق کراون بە کوردی و جێگای وەرگێڕانی ڕاستەقینەیان لە چاپخانە و کتێبخانەی کوردیدا زەوت کردووە، دەبوو نرخەکەی نیوەی ئێستا بوایە.

لە سەرەتادا پڕ بە دڵ دەستخۆشی لە کاکی وەرگێڕ دەکەم بۆ ئەو هەڵبژاردنە و وەرگێڕانەی کردوویەتی، پیرۆزبایی لە دەزگی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان-ی هەولێر دەکەم کە ئەو شاکارەی لەو بەرگە جوان و ڕازاوە و سەرنج ڕاکێشەدا چاپ و بڵاوکردۆتەوە، هیوادارم ئەمە مشتێک بێت لە خەرواریک و چەندین وەرگێڕانی تری سەرکەوتووانەی بە دوادا بێت.

من دەربارەی وەرگێڕانەکە چەند تێبینییەکی زمانەوانیم هەیە کە لە بایەخی وەرگێڕانە سەرکەوتووەکە کەم ناکەنەوە، بگرە تەنیا مەبەستم پڕکردنەوەی هەندێک کەلەبەر و ڕاستکردنەوەی هەندێک هەڵەیە کە ئاواتەخوازم کاکی وەرگێڕ و دەزگای خۆشەویستی موکریان وەک ڕەخنەیەکی بابەتییانە لێم وەربگرن و لە چاپێکی تری ئەم بەرهەمەدا- ئەگەر بە سوود بەخشیان زانی- سوودیان لێوەربگرن، بە بۆچوونی من دەبوو دەزگای موکریان شارەزایەکی زمانی کوردی و عەرەبی بەپێی ئەو زمانەی لێوەی کراوە بە کوردی هەبوایە و بە وەرگێڕانەکەدا چووبایەوە، بۆ ئەوەی دەرفەتی ئەو هەڵانەی زمان و ڕێزمان نەدرابا کە بە ئاشکرا لە

**بە لێشاو بەرهەمی بێ کەڵک لەسەر شۆستەی شەقامەکان و لەناو کتێبخانەکاندا دەکەونە بەرچاو**

تێکستەکەدا دەکەونە بەرچاو و من هەوڵدەدەم بەپێی توانا بیانخەمە بەرچاو و سەرنجیان بۆ ڕابکێشم.

بەرهەمەکە مێژووی فەلسەفەی هیگڵە کاک «عرفان مستەفا»کردوویەتی بە کوردی، ناوی خۆی بە ڕێنووسی عەرەبی و باوکی بە ڕێنوسی کوردی نووسیوە!

بەرهەمەکە لە عەرەبییەوە وەرگێڕ دراوە و لە بەرگێکی ٤١٩ لاپەڕەیی جوان لەلایەن دەزگای موکریان-ی هەولێر چاپ کراوە.

لە بارەی پیشەکی وەرگێڕی کوردی:

- هەر لە سەرەتاوە نەبوونی پێشەکی وەرگێڕ لەبەرهەمە وەرگێڕ دراوەکە وەک کەلەبەرێکی زەق دێتە بەرچاو، هەق وابوو وەرگێڕ پێشەکییەک بنووسێ و تیایدا بۆ نموونە هۆی هەڵبژاردن و وەرگێڕانی بەرهەمەکە و ئەو شێوازەی گرتوویەتییە بەر و لە چ زمانێکەوە بەرهەمەکە وەرگێڕدراوە، ئەو کۆسپ و تەگەرانە چی بوون هاتوونەتە ڕێگای بە پوختی باس بکات.

هەر وەک لەپێشەکی وەرگێڕی عەرەبییەکەدا دەرکەوتووە ئەم کتێبەی هیگڵ لە ئەڵمانییەوە ساڵی ١٨٩٢ لەلایەن خاتوو هولدین دەست بە وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی ئینگلیزی کراوە.

د.ئیمام عەبدولفەتاح ئیمام ساڵی ١٩٩٦ دەقە عەرەبییەکەی لە کوێت تەواو کردووە، کاک عیرفانیش لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی و ساڵی ٢٠٠٥ لە هەولێر چاپ کراوە.

ئەو پرسیارەی بە بیر و مێشکدا دێت، بەرهەمێک سێ دەستی وەرگێڕانی پێ کرابێ و بابەتێک بە سێ ئاو شۆردرابێتەوە دەبێ چەند گۆڕانی بەسەردا هاتبێ و ڕەنگەکەی چەندە کاڵ بوو بێتەوە، لە ئەڵمانییەوە بۆ ئینگلیزی و لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی و ئینجا لە عەرەبییەکەوە بۆ کوردی! دەبێ ئەمە چارەنووسی هیگڵ خۆی بێ، یان قەدەری زمانی کوردی خۆی وایە؟ هەرچۆنێک بێت نە من نە وەرگێڕ زمانی ئەڵمانی نازانین و لە عەرەبییەکەش بەولاوە لە بەردەستدا نییە، ئیتر ئۆباڵ بە ئەستۆی کێ بێت؟!

«دەربارەی وەرگێڕانی پێشەکییەکەی وەرگێڕی

عەرەبی:» وەرگێڕ ئەگەرچی ساغی کردۆتەوە لە زمانی کوردیدا دەست ڕۆیشتووە و نووسینەکەی ڕەوانە و مرۆڤ لە ڕستە و نووسینەکانی دەگات. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر شوێندا بە تەواوەتی بنەماکانی زمان و ڕێزمانی کوردی پشتگوێ خستووە، ئیتر چ بە وشە ڕۆنان بێ، یان بە داڕشتنی ڕستە و دەستەواژە، یان لەوەدا کە کرداری کوردی لە زۆر شوێندا سەرگەردان دێتە بەرچاو، هەندێ جار لە کۆتایی ڕستەدایە، ئەمەیان باشە و زۆر جاریش لە ناوەڕاست و شوێنی تردا دێتە بەرچاو.

– بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا «کردن» هەیە و وشەی هەڵسان تەنیا یەک ڕۆڵی هەیە ئەویش «هەستانە سەرپێ، هەستان لە جێگایەک، هەستان لە خەو، تاد» جۆرە بزووتنەوەیەکی جێگاو گۆڕینی ڕەوش نیشان دەدات، ئەم هەستانە ناکرێ بەرامبەر بە «قام بە» عەرەبی دابنرێت لە بەرچەندین هۆ کە من لێرەدا باسکردنیان بە پێویست نازانم و لە چوارچێوەی بابەتەکە دەچێتە دەرەوە، کورد هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێک و بە هیچ زارێک ناڵێ «بەم ئیشە هەڵسا یاخود هەستا» ئەمە وەرگێرانێکی هەڵەیە و بە «قام بە» عەرەبی کەوتۆتەوە بۆ نموونە وەرگێڕ لە ل٥ نووسیویەتی:

– «ئەو هەڵسا بە وەرگێرانی »ئەمە هەڵەیەکی زەقە و کورد دەڵێ وەریگێڕا...

– لە ل٦ (هەڵدەستێت بە پۆلینکردن) کە دەبوو بڵێ: پۆلینی دەکات.

– لە ل٩ دێڕی ٩ (هەڵساویشە بە شیکردنەوە) ڕاستییەکەی، شیکردۆتەوە.

– لە ل٩ دێڕی ١٧: کە هەڵسین بەلێکۆڵینەوەی: دەبوو بنووسێ: کە لێوەی یاخود لێی بکۆڵینەوە.

– ل١٢ هەڵسین بە ئاشکراکردن: کە ئاشکرای بکەین، لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی وەرگێرانەکە ئەم نموونە نالەبارە دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە بەبێ ئەوەی تەنانەت دەزگای موکریانیش هەستی پێکردبێ، یان هەوڵی ڕاستکردنەوەی دابێت.

لە ل٥ لە پەراوێزدا لە جیاتی وشەی عەرەبی «غیر متفرغ» نووسیویەتی (ناخۆ تەرخان نەکراو) نازانم وەرگێڕ لەو وشە داڕشتنەدا پشتی بە چ بنەمایەکی زمان و ڕێزمان بەستووە، باشتر نەبوو بڵێ: تەرخان نەکراو؟ ئەگەرچی وشەی تەرخان وەک کاتی خۆی لە حەفتاکاندا کۆڕی زانیاری کورد نوسیبوی واتایەکی تری هەیە.

لە ل١٠ دێڕی ٣ نووسراوە: گرنگی بە زنجیرەکردنی زەمەنی دەدەن بەپێی عەرەبییەکە بێت ل١٨ دێڕی ٥ دەبێ ئەم ڕستەیە بەم جۆرە بێت: بایەخ «گرنگی» بە زنجیرەکردنی زەمەنی دەدەن وا دیارە ئەمە هەڵەی چاپە.

هەر لە هەمان لاپەڕە و یەکسەر دوای ناونیشانی بابەتەکە نوسراوە: ئالێرەدا مێژوونووسی مێژووی فەلسەفە، کە دەست بە نووسین دەکات لە زەینیدا لایەنگریکردنی ڕێبازێک و بەرپەرچدانەوەی ڕێبازێکی تر ئامادەیە، ڕووداوەکانی ڕابردوو بۆ فەلسەفە کۆمەڵە باشییەکی هەبێت.

ئەم ڕستەیە بە تەمومژاوی کراوە بە کوردی و مەبەستی وردی نووسەری نەپێکاوە، بە باوەڕی من دەبوو بەم جۆرە بێت:« ئا لێرەدا مێژوونووس مێژووی فەلسەفە دەنووسێ، لە مێشکیدا لایەنگریکردنی ڕێبازێک و بەرپەرچدانەوەی ڕێبازێکی تر هەیە» هیچ پێویستی بەو زیادە نەبووە کە وەرگێڕ خستوویەتییە سەری بەتایبەتی «کە دەست بە نووسین دەکات یاخود «لە زەینیدا....ئامادەیە» ئینجا لە دێڕەکەی تری تێکستە عەرەبییەکەدا بەم جۆرە هاتووە نەک بەو شێوەیەی وەرگێڕ نووسیویەتی: ئەم ڕێگایەی لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و چەند باشییەکی فەلسەفەییان هەیە» نازانم وەرگێڕ بۆ ئەو ڕستەیەی گۆڕیوە و کردوویەتی «بۆ فەلسەفە» و لە ناوەڕاستی ڕستەکەدا دایناوە.

– لە ل١١ دێڕی «١٣» «فأفلاطون في محاوراته»بوو بە «ئەفلاتوون لە گفتوگۆکانیدا» وەک من بۆی بچم گفتوگۆ «محادثە»یە نەک «محاورە» دەبوو بنووسێ «ئەفلاتوون لە دیالۆگەکانیدا».

–ل ١٣ دێڕی «٥» لە جیاتی «هذا الطراز» نووسراوە «ئەم ئەرزە» دوورنییە وەرگێڕ مەبەستی

«ئەم تەرزە» بووبێ و هەڵە کە هەڵەی چاپ بێت!

– لە ل١٥ دێڕی «١٥» «ثم ظهر كتاب جورج هورن» بووە بە «دوای ئەوەش کتێبەکەی جورج هورن هەیە» وەرگێڕ باش دەزانێ کە «ظهر»و هەیە دووشتی لەیەکتر جیاوازن.

هەر دێڕێک دواتر لە جیاتی «الذي تميز بسمه خاصه» بووە بە «خاوەن!» سیمایەکی تایبەت، من وای بۆ دەچم وشەی خاوەن لێرەدا بە هیچ جۆرێک بۆ ئەو شوێنە ناگونجێ و چونکە «سیما بەشتەوە دیار دەبێ» شت خاوەندارێتی سیما ناکات!

له ل٢٥ دێڕی١٣، ١٥، ١٧ هەرچی کـرداری ڕابردوو هەیە کراون بە تێنەپەڕ نازانم بۆ؟ باسی کـتـێـبی بروکـەر کراوە کە ساڵی ١٧٤٢ بڵاوکراوەتەوە و ئینجا کراوە بە ئینگلیزی کەچی وەرگێڕ نووسیویەتی:
دێڕی ١٥«بڵاو دەکـــاتـەوە» لە جـــیــــاتـی :« بڵاوی کـردۆتەوە» دێڕی ١٧: «وەردەگێـڕێتـەوە» ... لە جیـاتی «وەرگێڕدراوە» .
دێڕی «١٩» :«دەبێـتـــە» لە جـیـــاتی «بۆتە» ، دێڕی «٢٠» : سـەیر دەکـات لە جـیـــاتی «سـەیری کـردووە» نووسراوە.
– ئەوی من هەســتـم پێکردبێ لاپەڕە نیـیــە چەندین هەڵەی زمان و ڕێزمانی تێدا نەبێ، بگرە زۆر ناوونیشان بە تەواوەتی بە شەق و شڕی کراون بە کوردی بۆ نموونە: لە جیـاتی ناوونیـشـانی «التـصـور الـهـجلي لتـأريخ الفلسفة» .
ل٣٧ نووسیویەتی:«وێناکردنی هیگڵییانە بۆ مێژووی فەلسەفە» من تا ئێستا لە دەمی هیچ کوردی زمانێک و لە هیچ بڵاوکراوە و گۆڤار و ڕۆژنامە و ئێستگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ڕستەی وام نەدیوە و نە بیستووە و نەمخوێندۆتەوە، دەبوو وەرگێڕ بڵێ: بۆچوونی هیگڵییانە دەربارەی مێژووی فەلسەفە.
– لە زۆربەی هەرە زۆری چەپتەرەکاندا لە جیـاتی تضاد و تناقض وشەی کوردی «لێکدژی» ل٢٨ دێڕی «٢٠» بەکارهێناوە کە پڕ بەپێستی هیچیان نییە، مرۆڤ ئەگەر ئاگای لە میدیاکانی کوردستان بێت و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان ببینێ، دەبینێ کە لە دەمێکەوە وشەی ناکۆک– ناکۆکی لە جیاتی –تناقض–ی عەرەبی بەکاردێت و هاتووە، هەر لە هەمان لاپەڕە لە جیاتی «مناقشة» گفتوگۆی بەکارهێناوە کە پێشتر بۆ محاورەش بەکاری هێنابوو!
– لە پەراوێزی ل٣٠ دا ژمارە «٤٣» وشەی «الفكر» لە نێوان «ربيع»و «اليوناني»دا وەک هەڵەی چاپ پەڕیوە.
– لە ل٣٢ لە دێڕی «٩» بە تەواوەتی وەرگێڕانەکە هەڵەیە، وەرگێڕ وتوویەتی:..... زۆر جار پەنا
بۆ نموونە هێنانەوە لەسەر ئایین دەبات.
مەبەستی دێڕە عەرەبییەکە بەم جۆرەیە:
«زۆر جار بۆ نموونە هێنانەوە پەنا بۆ ئایین دەبات» مەبەستی تێکستەکە ئەوەیە ئایین خۆی وەک نموونە پشتی پێدەبەستـرێ، نەک وەک وەرگێڕی کوردی وتوویەتی: گوایە نموونە لەسەر ئایین...
– لە ل٤٩ دێڕی «١٣»ی عـەرەبی لە جـیـاتی «....الالهي» وەرگێڕ لە ل«٤٠» دێڕی «١٢»ی کوردی نووسیویەتی:«... خوایی» ئەمە هەڵەیەکی زۆر زەقە، وا دیارە وەرگێڕ ئەوە نازانێ کە خوا یاخود خودا تەنیا لە ئایینی ئیسلامدا بەکاردێت و لە مەسیحییەتدا وشەی «ڕەب» باوە.
«اله» یاخود «الالهي» مەبەست لە خواوەندی ئایینە نا ئاسمانییەکانە پێویستە ئەمە بزانێ.
– لە پەراوێزی ل٤١ دا و لە دێڕی دووەمـدا ناوی «لحنانيا» بە هەڵە بووە بە یۆحەنانیا.
– لە پەراوێزی ل٥١ ژمارە –٢ی عەرەبی ڕستەکە بە هەڵە کراوە بە کوردی، وەرگێڕ لە پەراوێزی ل «٤٢»ی کوردی نووسیویەتی: ئەو چیرۆکە کە هیگڵ، «لێی وەرگرتووە بەناوی بوترس پەیامبەرەوە» ئەمە بە تەواوەتی هەڵەیە، چونکە چیرۆکەکە ناوی بوترس نییە، باسی شتێکی تر کراوە بەم شێوەیە:«ئەو چیرۆکەی هیگڵ دەستەواژەکەی بوترس پەیامبەری لێ خواستۆتەوە» هەرچەند دێڕێک دواتر وەرگێڕ نووسیویەتی: «تا لەو پارەیە بداتە خەڵکی دەستکورت و هەژار» عەرەبییەکە وەک من تێی بگەم بە دەسکارییەوە کراوە بە کوردی، چونکە لەوێدا بەم جۆرەیە: «ئەو لەو پارەیە بەسەر هەژار و دەست کورتدا دەیبەشێتەوە» کە ئەوەی وەرگێڕ مەبەستەکەی نەپێکاوە، خۆ ئەگەر خوێنەر هەردوو دەستەواژە عەرەبی و کوردییەکەی وەرگێڕ بەراورد بکات جیاوازی هەڵە زەقەکەی بەرچاو دەکەوێت.
لە ل٤٧ دێڕی «٥» ، نووسراوە «بیرۆکەی پەرەسەندوو» وا پێدەچێ ئەمە هەڵەی چاپ بێت، چونکە عەرەبییەکە «فکرة التطور»ە کە دەبێ بە «بیرۆکەی پەرەسەندن» وەربگێڕدرێ.
–لە ل٤٧ دێڕی «٢٠» نووسراوە «مرۆڤ بە سروشت عاقڵە» وا بزانم لێرەشدا مەبەستی نەپێکراوە، چونکە وەرگێڕ ڕستەکەی نەکردووە بە کوردی، بەڵکو لە جێگای وشە عەرەبییەکان وشەی کوردی داناوە.
ئەگەر بڵێین «مرۆڤ بە پارە دەوڵەمەندە» «مرۆڤ بە سروشت عاقڵە» چی لەم دوو ڕستەیە تێدەگەین؟ ئەوە تێدەگەین کە لە ڕستەی یەکەمدا پارە مایەی دەوڵەمەندییەکەیە و لە ڕستەی دووەمدا سروشت هۆکاری

عـاقـڵێـتـیـیـەکـەیە، کـەچی مـەبەسـتی ڕستە عەرەبییەکە ئەوەیە کە ژیر، ئەقڵ بەشـێکە لە سـروشـتـی مـرۆڤ، نەک مـرۆڤ بە سـروشت ژیرە! ئـەم هەڵـەیە چۆن تێپەڕیوە؟!

-دێڕێک دواتر لە جـیـاتـی وشـەی ئیمکانی عـەرەبی وشەیەکی خۆکردنی دارشتووە کە «تواناداری» یە، ئەگەر وەرگێڕ ئاگاداری ئەو کۆششە ببایە کە لەساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو بە دواوە کـۆڕی زانیـاری کـورد لە بەغـدا کـردوویەتی و چەند فەرهەنگۆکێکی بڵاوکردۆتەوە لەناویاندا بە دەیان و سەدان وشە و چەمکی ڕەسەنی کوردی بڵاو کردۆتەوە، نە دەکـەوتە ئەو هەڵە زەقـانەوە و بە و----- چونکە «امکان» توانایە.

لە ل٥٥ دێڕی «١٣» لە جـیـاتـی وشـەی ئیلحـادی عـەرەبی وشەیەکی دارشتووە کە بەم جۆرەیە :«ناخواوەند گـەریەتی»، ئەم وشـەیە جگە لەوەی بە هیچ بنەمـایەکی ڕێزمانی زمان پشت ئەستوورنییە، لەلایەنی ئایینیشەوە هەڵەیە، ئیلحاد خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە بێئـیـمـانی و بروا و عەقیدە نەبوون، بەڵام وەک وەرگێڕ خۆیشی دەزانێ خواوەند وخواوەندگەرێتی هێمایە بۆ ئایینی نا ئاسمانی! ئەگەر بە قسـەی وەرگێڕبێ «ئیلحاد» تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بڕوایان بە خواوەند نییە، خواوەندیش وەک وتمان تەنیا لە ئایینی نا ئاسمـانیدا کـە وەحی وکـتـێـبی ئاسمانییان نییە بەکار دەهێنرێت، هەرچی ئیلحادە خۆی وشەیەکە پریشکی بەر هەموو ئایینەکان دەکەوێ.

– لە ل ٥٧ قـسـەکـەی بروکـیـر شـێـوێنراوە، وەرگـێـڕ وتوویەتی: «هیچ شتێک لە ناشت دەرنایەت»

وابزانم ڕاستـەکـەی ئەمەیە «هیچ شتـێک لە هیـچەوە پەیدا نابێت»، من ناڵێم وەرگـێـڕ لە زمـانی عـەرەبیـدا دەست ڕۆیشـتـوونییە، بەڵام بەبێ سێ و دوو کردن دەڵێم ئەو نە ڕسـتـە و نە تێکست و نە واتای نەکـردووە بە کـوردی، بەڵکو وەک پێـشـتـریش وتم لە جـێگای وشـەی عەرەبی وشەی کوردی داناوە!

– هەر لە هەمـان لاپەڕەدا چەند وشـە و ڕسـتـەیەکی نووسـیـوە کـە بە باوەڕی من لە جـێگای خـۆیاندا نین، هەندێکیان ئەمانەن:

لە ل٢١ نووسیـویەتی: «سروشت... لە ڕووی بنەماوە دینامیەتە» ئەوەی سەیر و سەرنج ڕاکێشە ئەم ڕووەچییە وەرگـێـڕ داویەتە پاڵ بنەمـاوە؟ بۆچی دەبێ وشـەی دینامـیـکی بە دارشـتـنە عەرەبییەکەی بەکار بهێنرێت؟ من وای بۆ دەچم دەبوو ڕسـتـەکـە بە کـوردی بەمجۆرە بوایە: سروشت... لە بنەماوە دینامیکییە.

**بەرهەمێک سێ دەستی وەرگێڕانی پێ کرابێ و بابەتێک بە سێ ئاو شۆردرابێتەوە دەبێ چەندە کاڵ بووبێتەوە**

هـەرچـەنـد دێڕێـک دواتـر وشـــــەی گیانلەبەرێکی زیندووی نووسیوە کە بە باوەڕی من گیان پتـر پێـوەندی بە «ڕۆح»ەوە هەیە و لێـرەدا مـەبەسـتی نەپێکاوە... ئەگەر ڕستە عـەرەبییـەکە لە (ل٦٧ دێڕی-١٩ی عـەرەبیـدا» بکرێ بە کـوردی بەم جـۆرە دەبێت: «زیندەوەرێکی زیندووی سـەرتاپاگیـر....» جارێکی تر وەرگێڕ هەموو کرداره ڕابردووەکانی کردووە بەتێنەپەڕ، کە ئەمەش ڕەوا و پەسەند نییە.

– دەبوو وەرگێڕ ئەوە بزانێ کە د. ئیـمام عـەبدولفەتاح میسرییە، میـسـرییـیەکانیش پیتی «ج» دەکەن بە (گ) یان «ج» دەنـووسن و بە «گ» دەیخـوێـننـەوە، بۆ نموونە دەنووسن جـەمـال بەڵام بە (گـەمـال) دەیخـوێننەوە، ئەمـە هۆی ئەو هەمـوو هەڵانەیە کـە کـاک عـیـرفـان لە کـاتی نووسینەوەی ناوەکاندا تێیان کەوتووە، بۆ نموونە لە ل٦٠ نووسـیـویـەتی «جـاسندی» ئەمـە خـۆی «گـاسندی»یە و خوێنەری میـسـریش هەر بە «گـاسندی» دەیخـوێنێـتـەوە، نموونەی ئەم هەڵانە لە وەرگێڕانەکەدا زۆرن.

– بە باوەڕی من لە ل٦١ دەبوو ئەم ناونیـشـــانە بەم جۆرە نووسراوە:

(٨- «دەرئەنجامەکانی تێڕوانینی هیگڵی» بەم شێوەیە کرا بایە بە کوردی:

«ئەنجامەکانی بۆچوونی هیگڵییانە»

– لە ل٦٧ دێڕی حـــەوتەم نـووســـراوە براند راسل و وابزانم ئـەمـە هەڵـەی چاپە و مـەبەست بێـرتراند راسلی فەیلەسووفە.

دەربارەی وەرگێڕانی دەقی وانەکانی هیگڵ:

هەر لە سەرەتاوە ناونیشانە کوردییەکە لەنگە و ناواز دێتـە بەرچاو و لە گـوێدا نـاسـاز دەنگ دەداتەوە، وەرگێڕ نووسیویەتی:

«دەقی وانەکانی هیگڵ لە مێژووی فەلسەفەدا» بەپێی تێگەیشتن و بۆ چوونی من مـەبەسـتی ناونیـشـانەکە بەم جۆرە ڕاسـتـترە: دەقی وانەکانی هیگڵ دەربارەی «یاخود

لە بارەی »مێژووی فەلسەفەوە.
– لە ل٧١دا لە ناونیشانی سەرەوە نووسراوە «هایدلبرج» و لە پەراوێزدا «ج» بووە بە «خ»: نووسراوە «هایدلبرخ»، بێگومان وەک پێشتر وتمان ئەم «ج»ی زاری میسری «گ»ێیە و ناوەکە دەبوو بنووسرێ هایدلبێرگ و ئەوی پەراوێزیش هەڵەی چاپە.
– چەند وشەیەک دواتر هەر لە پەراوێزدا لە جیاتی «بلاط» نوسراوە کۆشک. زۆر دەمێکە لە کوردیدا وشەیەکی فارسی خوازراوەتەوە و لە جیاتی «بلاط»ی عەرەبی بەکاردێت، ئەویش وشەی«دەربار»ە.
لە ل٦٧ لە پەراوێزدا نووسراوە: «هیگڵ بۆ ماوەی دە ساڵ، کاری لە زۆر پیشەی جیاوازدا کردووە» من بەشبەحاڵی خۆم ئەمە یەکەم جارە ڕستەی وا سەیر بخوێنمەوە و ببیستم، ئایا کورد دەڵێ کار لەپیشەی جیاوازدا دەکات و دەکرێ؟! ئەمە گوایە وەرگێڕانی ئەم ڕستە عەرەبییەیە: «یعمل فی وضائف مختلفە»!؟ بێگومان مەبەستی وەرگێڕی عەرەبی ئەوە بووە کە هیگڵ: ئیشوکاری جیاوازی کردووە!
– زۆر جار لەکاتی خوێندنەوەی تێکستە کوردییەکە و بەراوردکردنی بە ڕستە عەرەبییەکانی وا دێتە بەرچاوم کە کاک عیرفان لەمانای هەندێ وشە نەگەیشتووە، بۆیە بەرامبەرەکەیانی بە هەڵە داناوە، بۆ نموونە لە هەمان پەراوێزی ل ٧٣ دا لە دێڕی «٦»ی پەراوێزدا) لە جیاتی هەردوو وشەی :الحیرة و القلق نووسیویەتی: دەستەوەسان و دڵەڕاوکێ، ئەوەندەی من تێبگەم لێرەدا مەبەست لە هەردوو وشەکە ئەوەیە: «واق وڕما و نیگەرانییە»...
– مەلەکوتی خودا یاخود مەلەکوتی ڕەب؟!
– ئەوەندەی من ئاگادار و شارەزابم مەسیحییەکان لە ئینجیل و نووسراوو بلاوکراوە ئایینییەکانیاندا بۆ ئەوەی خۆیان لە ئایینەکانی دی جیا بکەنەوە و تایبەتمەندی و کەسایەتی ئایینەکەیان ساخ و پشت ڕاست بکەنەوە وشە و چەمک و دەربڕینی تایبەتی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ نموونە لە ئیسلامدا دەوترێ «اللە – خوا – خودا» مەسیحییەکان بەوە خۆیان جیاکردۆتەوە کە دەڵێن «ڕەب» و وشەی «اللە» بەکارناهێنن، بۆیە من وای بە ڕاستتر دەزانم کە وەرگێڕ لە ل٧٤ دا لە جیاتی مەلەکووتی «خوا» بینووسیبایە: مەلەکووتی «ڕەب».
– هەر لە هەمان لاپەڕەدا دێڕی ١٣-١٤ وشە

سەرەکییەکەی تێکستەکەی هیگڵی پەڕاندووە، بۆیە بە تەواوەتی واتاکە بە دەستەوە نادات.
وشەی «الروح–گیان» مەبەستمە ڕستە سەرەکییەکەش بە نیوەچڵی کراوە بە کوردی. وەرگێڕ نووسیویەتی: «...دنیا سەرلەنوێ...جارێکی تر چۆنە ئاوها دەرکەوێتەوە و سەر هەڵبداتەوە، واتە دنیای عەقڵی ئازادی جارێکی تر دەرکەوێتەوە.»
لێرەدا مەبەستەکە گیانە کە هیگڵ کردوویە بە شا مەبەست و سەر مەشق، ئینجا هیگڵ وتوویەتی: «ژیانی ڕۆژانەمان» وەرگێڕ وتوویەتی ژیانی ڕۆژانە، بۆیە دەبێ ڕستەکە بەم جۆرەبێت: «ئێمە دەبێ بەو هیوایە بین کە جیهان وەک جیهان سەرلەنوێ لە پاڵ بایەخ پێدانە سیاسی و بایەخ پێدانەکانی تر کە بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە بەستراون، گەشە بکات، مەبەستی من ئەمەیە جارێکی تر جیهانی ژیرەکیی ئازادی «گیان» گەشە بکات.
– چەند دێڕێک دواتر وەرگێڕ وشەی«البلدان»ی کردووە بە «لەم شارانەدا» دەبێ هۆی ئەم گۆڕینە چی بێت؟ ئایا کاک عیرفان ویستوویەتی تێکستە عەرەبییەکەی هیگڵ ڕێکوپێک و ڕاست بکاتەوە؟!
تەنانەت بەوەش نەوەستاوە وشەی «الامة الالمانیة»ی بە «گەل» نووسیوە کە دەبوو بڵێ «نەتەوە».
–وەرگێڕ لە دێڕی ١٦،١٧ی هەمان لاپەڕەدا نووسیویەتی: سروشت بانگکردنێکی پایەدار و بانگەوازێکی بالای وەک پەیامێک بۆ ناردووین».
ئەگەرچی ئەمە بە وردی قسە عەرەبییەکەی هیگڵ نییە، ئەوە من لە ژیانمدا نەمبیستووە، بانگکردن و بانگەواز بنێردرێن عەرەبییەکە بەم جۆرەیە: «لقد بعث لنا الطبیعة بنداء سام أو دعوة علیا»، من وای بۆ دەچم لێرەشدا جۆرە هەڵەیەکی چاپ ڕوویدابێ، چونکە وەرگێڕ چاک دەزانێ کە «نداء سام» بانگکردنی پایەدار نییە، بەڵکو بانگکردن یاخود بانگەوازی شکۆمەند و پایە بەرز و بالایە، من وای بۆ دەچم کە هیگڵ بەم قسەیەی مەبەستێکی ئایینی هەبێ کە بریتی بێ لە پەیامێکی سەر و سروشتی، چونکە ئەو وەک هەر لەو بەرهەمەیدا دەردەکەوێ سروشت وگیان، لە پرۆسە دیالێکتیکەکەیدا بە دوو لا بە دوو ڕەگەزی یەک جەوهەر داناوە.
– لە ل٦٧، دێڕی «١٩» وا دەردەکەوێ وەرگێڕ نەزانێ جیاوازی نێوان «ئەزەلی» و «ئەبەدی» چییە؟ ئەو وتوویەتی:«هەتا هەتایی و خوایی» بەرامبەر بە«الازلي و

الالهي» عەرەبی، بێگومان هەردوو وشەکەی بە هەڵە وەرگێڕاوە چونکە: ئەزەلی ئاماژەیە بۆ ڕابردوویەک کە سەرەتای نەبێت، بەڵام هەتا هەتایی ئاماژەیە بۆ دوا ڕۆژ کە کۆتایی نەبێت، بۆیە ئەو مەبەستەکەی هیگڵی بە هەڵە کردووە بە کوردی، ئینجا وەک لەمەوپێش وتمان الهي: خواوەندێتییە نەک خوایی. هەر لە هەمان لاپەڕەدا و دێڕی «٢١»، وا بزانم مەبەستی هیگڵ ئەوەبوو بڵێ «ئێمە بە تەمەنترین» نەک ئەو ڕستەیەی وەرگێڕ بەکاری هێناوە و لە کوردی ناچێ، وەرگێڕ نووسیویەتی«تەمەنێکی گەورەترمان هەیە».

لە ل ٨٣ دێڕی دووەم وا بزانم وەرگێڕ باش لە قسە عەرەبییەکەی هیگڵ نەگەیشتووە:وەرگێڕ نووسیویەتی گیان و سروشتی خوا ڕۆ دەچن و پەلاماری دەروونی گەنجیینەکان دەدەن کە ئەوەیش گەنجینەکانی مەعریفەی عەقڵییە.» لەم ڕستەیەدا یەکەم شت دوو هەڵەی چاپ هەیە یەکەم: لە جیاتی «ڕەب» نووسراوە «خوا» «دووەم گەنجیینەکانی دەدەن» نییە بەڵکو «گەنجیینەکان»ە. من وای بۆ دەچم دەبوو ئەم ڕستەیە بەم جۆرە کرابایە بە کوردی: «چوونەتە... ناو ناخی جەوهەری شتەکان و جەوهەری سروشت وگیان و سروتی ڕەبەوە و گرانبەهاترین گەنجینەیان بۆ وەدەست هێناوین ئەویش گەنجینەی زانینی ژیرەکییە» ئەمەیە مەبەستەکەی هیگڵ.

– لە هەمان لاپەڕەدا و لە دێڕی ٣–٦دا قسە عەرەبییەکەی هیگڵ کە مێژووی فەلسەفە و سیاسەتی پێکەوە بەراورد کردووە بە تەواوەتی شێواوە و مەبەستی نەداوەتە دەست. وەرگێڕ وتوویەتی: دوای ئەمەش لەم جۆرە مێژووەدا، ڕووداوەکان و کردارەکان بەم سیمایە ڕەنگکراون ناوەرۆکەکانیان و بەهاکانیان جیاوازە لە کەسایەتی و سروشتی تاکەکەس، مێژووی فەلسەفەش لەم دیدەوە لەو مێژووە سیاسییە جیاوازە تاکەکەس تیایدا بە کردەوەکان «هەڵدەستێت!» و ڕووداوەکان دروست دەکات». قسەکەی هیگڵ وەک من تێبگەم بەم شێوەیەیە: «ئینجا ڕووداو و کردارەکان لەم جۆرە مێژووەدا ئەم خەسڵەتەیان هەیە: ناوەرۆک و بایەخیان لە کەسایەتی و سروشتی تاکەکەسی جیاوازە. مێژووی فەلسەفەش لەم گۆشەیەوە لە مێژووی سیاسی جیاوازە کە تیایدا تاکەکەس- بەو پێیەی ئامادەباشی و توانای تایبەتی و بەهرە و مەیل و سۆز و هەڵچوونی توندی هەیە، کەسایەتی بەهێز یاخود لاوازی هەیە، بە گشتی ئەو خەسڵەتانەی بە هۆیانەوە تاکەکەس تاکە کەسە- هەر ئەو خۆیەتی کە کردار دەکات و ڕووداوەکان دروست دەکات».

– لە ل ٨٦ دێڕی ١٦–١٧ بە نیوەچڵی کراوە بە کوردی و دەستکاریشی کراوە وەرگێڕ وتوویەتی: «... چونکە فەلسەفە گەیشتنی بەوە دەکات بە ئامانج کە هەمیشەیی و هەتا هەتایی و ڕەهایە، ئەو ئامانجی ئەوەیە بگات بە حەقیقەت، لە کاتێکدا مێژوو ئەوە دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمێکدا ڕوو دەدات و لە سەردەمێکی تردا ون دەبێت، واتە ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای دێت کار دەکات تا تێپەڕێنێت..». یەکەم، هیگڵ وتوویەتی ئەزەلی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ڕابردوویەک کە سەرەتای دەستپێکردنی نەبێت، کەچی وەرگێڕ وتوویەتی: هەتا هەتایی ئەمەش مانای ئەبەدی دەگەیەنێ و ئاماژەیە بۆ دوارۆژ کە کۆتایی نەبێت و هیگڵ ئەمەی نەوتووە.

دووەم بە کۆ دەست پێدەکات و بە تاک دوایی دێت. لە ڕستە کوردییەکەدا وەرگێڕ دەڵێ« ئەو ڕووداوانەی کە لە دوای دێت کار دەکات» دەبوو بوترێ:کە لە دوای دێن و کاردەکەن.

بە باوەڕی من ڕستە عەرەبییەکە دەبوو بەم جۆرە بکرێت بەکوردی: چونکە فەلسەفە مەبەستی زانینی هەمیشەیی و ئەزەلی و ڕەهای هەیە، ئەوە مەبەستییەتی بە ڕاستی بگات، کەچی مێژوو ئەو شتە دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمێکدا قەوماوە و ئینجا لە سەردەمێکی تردا ون بووە، واتە ئەو ڕووداوانەی کە بە دوایدا هاتوون هەوڵی گۆڕینیان داوە.»

–لە ل٨٧ لە دێڕی «٩» جگە لەوەی پەرەگرافەکە بە نارێک وپێک و تەمومژاوی کراوە بە کوردی، هەق بوو لە جیاتی وشەی کەنیسە وشەی کڵێسە بنووسرێ، ئەم وشەیە کڵێسە لەو شوێنانەی کوردستان کە مەسیحی «کریستیان» یان لێیە باوە.

– داوا لە خوێنەر دەکەم ئەم ڕستە شەق و شڕەی وەرگێڕ لە ل٨٨ دێڕی ١٦–١٧ بخوێنێتەوە:

«بەڵام لە بارەی ئەوەوە کە پەیوەستە بە بەراوردکاری لەنێوان ئایین و مێژووی فەلسەفەوە لە ڕووی ناوەڕۆکە ناوەکییەکانەوە، ئەوا لە ئایین و لە فەلسەفەدا حەقیقەتێکی جێگری وانییە کە شایەنی گۆڕان نەبێت».

من بەم جۆرەی خوارەوە لە قسەکەی هیگڵ گەیشتووم:«دەربارەی ئەوەی پێوەندی بە بەراوردکردنی

ناوەڕۆکی ناوەکی مێژووی ئایینی و فەلسەفەوە هەیە، نە لە ئایین و نە لە فەلسەفەدا ڕاستییەکی بنچینەیی جێگر نییە کە نەکرێ بگۆڕدرێ»...چەند دێڕێک دواتر نووسراوە: «زانستەکانی تریش مێژوویان بۆ ناوەڕۆکەکەیان هەیە»وا بزانم قسەکەی هیگڵ بەم شێوەیەیە:«هەروەها زانستەکانی تریش ناوەڕۆکەکانیان مێژووی هەیە»...تاد.

لە ل٨٩ لە دوا دێڕی دا هاتووە:« لە دوایییشدا هەر دەبێت کۆشکی زاست بەشداری لە هیچی ئەولاف لێدانە بێ مانایە بکات کە ناوی: «فەلسەفەیان هەڵگرتووە.» بە باوەڕی من دەستەواژە عەرەبییەکە بەوردی نەکراوە بە کوردی، ئینجا«ناوی فەلسەفە هەڵگرتنی»واتایەکی تر دەبەخشێ لەوەی هیگڵ مەبەستی بووە. ڕستەکە دەبوو وابێت:«...زانست هەر دەبێ لە بێ بایەخیی ئەولاف لێدانە بێمانایەی کە ناوی فەلسەفەی پێوەیە، بەشداری بکات.»

لە ل٩٣ ژمارە، دووەم: مێژووی فەلسەفە بەوەی.

پەرەگرافەکە بە تەواوەتی شێوێنراوە و وەرگێڕ دەسکاری کردووە و دیارە لە مانای چەند وشەیەک نەگەیشتووە، بۆ نموونە: وشەی «عارضة، عرضية»بە «خستنەڕوو» کردوویە بە کوردی. وەرگێڕ وتوویەتی: «پێوەندی بە خستنەڕووی ناوەڕۆکەوە هەیە». وەک من تێبگەم «عارض و عرض» بە پێچەوانەی وشەی جەوهەرییەوەیە» دەبوو وەرگێڕ بڵێ: ئەو پێوەندی بە ڕووکەشی ناوەڕۆکەکەوە هەیە. وەرگێڕ وتوویەتی: پێوەندی بە خستنەڕووی ناوەڕۆکەوە هەیە، ئەو بیرانەن کە کرۆکی فەلسەفە شێوەگیر دەکەن، نەک کردار ڕووداوە دەرەکییەکان، یان خۆش نۆشییەکان یان هەڵچوون و مەبەستەکان.

من بەم جۆرە لەو دەستەواژە عەرەبییە گەیشتووم: «پێوەندی بە ڕووکەشی ناوەڕۆکەوە هەیە، بەڵام بیرەکان «هزرەکان» نەک کردار و ڕووداوە دەرەکییەکان یاخود خێر و خۆشی و هەڵچوون و سۆز و شانس، ناوەڕۆکی فەلسەفە پێکدەهێنن». من هیچ لە خوێنەر نا شارمەوە و دەمەوێ بە ڕاشکاوی بڵێم ئەگەر تێکستە عەرەبییەکەم لەبەردەستدا نەبوایە لە زۆربەی هەرە زۆری تێکستە کوردییەکە نە دەگەیشتم و نەمدەزانی مەبەستی نووسەر چییە؟! ئەو دووسێ دێڕەی تر کە دوای دێن وا بزانم ئەگەر جارێکی تر بکرابانایەوە بە زمانی نووسەر، نووسەر خۆی نەیدەناسینەوە. خوێنەری خۆشەویست ئەم ڕستە سەیرانەی وەرگێڕ بخوێنەرەوە: لە کاتێکدا بیرە خراوە ڕووداوەکان جگە لە کۆمەڵە ڕایەک هیچی ترنین، ڕاو بۆچوونە فەلسەفییەکانیش تەنها کۆمەڵە ڕاو بۆچوونێکن بە ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە پەیوەستن، بابەتی گونجاوی فەلسەفەش بە دەوری خوا و سروشت وگیان دەسووڕێنەوە...» پێش ئەوەی قسەکەی هیگڵ بکەم بە کوردی، دەمەوێ لە وەرگێڕ بپرسم دەبێ مەبەست لە «بە دەوردا سووڕانەوە» چی بێت؟ هیگڵ وتوویەتی :«کەچی بیرۆکە ڕووکەشییەکان لە چەند بیروڕایەک بەولاوەنین، بیروڕا فەلسەفەییەکانیش چەند بیروڕایەکن پێوەندییان بە ناوەڕۆکێکی تایبەتەوە بە بابەتێکی گونجاوی فەلسەفەوە هەیە کە دەربارەی: ڕەب و سروشت وگیانن»من لێرەدا خوێنەر دەکەم بەسەر پشک ئەم دوو دەستەواژە وەرگێڕدراوانە بە یەکەوە بەراورد بکات و بڕیاری خۆی لە بارەیانەوە بدات.

لە ل٩٥ دێڕی سێیەم وشە عەرەبییەکانی بە شێواوی و دەسکارییەوە کردووە بە کوردی. ڕستە عەرەبییەکە بەم جۆرەیە :«أن أحاول اتخاذ قرار» : لە کوردییەکەدا بەم جۆرە نووسراوە:چۆن دەتوانم بڕیاری خۆم وەرگرم؟! لەم هەڵە گەورە و گرانەی وەرگێڕدا کە دەکرێ وەک نموونەیەکی سادە وەربگیرێ جیاوازی نێوان هەندێک دەربڕینی عەرەبی و کوردی دەردەکەوێ ئەگەر لە عەرەبیدا:« بڕیار وەربگیرێت!» ئەوە لە کوردیدا: بڕیار دەدرێت.

وەرگێڕ لە زۆر شتدا شوێن پێی وەرگێڕی عەرەبی هەڵگرتووە و وشە و ناوەکانی وەک عەرەبییەکە نووسیوەتەوە بۆ نموونە لە زۆرشوێندا «پەراوێزی ل٩٨ دێڕی یەکەم» نووسیویەتی ئەرستییەکە، بێگومان ئەوە مەبەست لە ئەرستۆی یۆنانییە، دەبوو بنووسرێ ئەرستۆییەکە چونکە ناوەکە خۆی ئەرستۆیە نەک ئەرستی.

– لە ل٩٧ پەراوێزێکی «٥» دێری پەڕێنراوە. لە عەرەبییەکە ئاماژە بۆ «موسوعة العلوم الفلسفية» کراوە، کەچی لە تێکستە کوردییەکەدا چاپ نەکراوە، ئەبێ ئەمە لەبیرچوون بێت یاخود هەڵەی چاپ؟!

لە ل٩٩ دێڕی ١٤-١٥ لە تێکستە عەرەبییەکەدا وا هاتووە: «ئەوەی ناکرێت لێی تێبگەیشترێ»ئینجا :«واتە ئەوەی ناتوانرێ لێی تێبگەیشترێ». نازانم بۆچی وەرگێڕ

ئەو مافەی داوە بە خۆی قسەکەی هیگڵ بگۆڕێ و بڵێ «لێی تێبگەین» – «تێبگەین» ؟!

هیگڵ ئەمەی نەوتووە بڕوانە «تێکستی عەرەبی ل١١٢ دێڕی ٤,٣» ؟!

– لە ل١٠١ لقی «ب» دێڕی «٦» وەرگێڕ لە جیاتی وشەی عەرەبی«نسق» نووسیویەتی ناوکۆیی. وابزانم ئەمە هەڵەیە، ناوکۆیی بەرامبەر بە «مشترک»ی عەرەبی دێت و «نسق» جۆرێکە لە سیستەم.

لەلاپەڕە ١٠٢ دێڕی ١٨,١٧,١٦ قسەکەی هیگڵ بە تەواوەتی شێوێنراوە و زۆر بە ناڕێک و پێکی دەسکاری کراوە، جگە لە وەی «الفكرة الشاملة داخلياً»پەڕێنراوە، وەرگێڕ نووسیویەتی: «یا بکرێت ئەم بەرەو پێشچوونە بە شێوەیەکی جیاواز، بێ ئەم هوشیارییە ڕوو بدات و بەشێوەیەکی ئاوابێت کە دەرکەوتنی سەرپاگیر بە پێی لۆژیکی تایبەت بە خۆی کاریشی تیا بکات ئەم لۆژیکە هەر گوزارشتیشی لێنەکات...» بەپێی تێگەیشتنی من دەبوو ئەم دەستەواژەیە بەم شێوەیە کرابا بە کوردی: «یاخود دەکرا بەبێ ئەم هۆشیارییە بە شێوەیەکی جیاواز ڕوویدابایە ،بەشێوەیەک وا پێچووبایە کە دەرکەوتنەکە ڕوخسارەکی بێت، تەنانەت لەوکاتەشدا کە بیرۆکەی سەرتاپاگیر بەپێی مەنتیقە تایبەتییەکەی خۆی ناوەکییانە دەستبەکارە، ئەوە ئەو مەنتیقە ئەوە دەرنابڕێ، ئەمە ئەوەیە کە لە سروشتدا دەقەومێ.»

– لە ل١٠٣ دێڕی١–٢ نووسراوە «ئەم زنجیرە دیاردەیە» لە تیکستە عەرەبییەکەدا وتراوە: «زنجیرەی ئەم دیاردانە» بێگومان هیگڵ باسی زنجیرەی کردووە کە ئاماژە بە چەند دیاردەیەک دەکات نەک دیاردەکان خۆیان.

لە ل١٠٥ دێڕی «٧» وەرگێڕ قسەکەی هیگڵی گۆڕیوە: وەرگێڕ وتوویەتی: «پێشتر باسم لە سروشتی شێوەی بیرۆکە کرد.»

هیگڵ وەک لە عەرەبییەکەدا هاتووە وتوویەتی:

«ئەوەی پێشتر دەربارەی سروشتی ڕوخسارەکییانەی بیرۆکە وتم» ئەگەر خوێنەر بە وردی سەرنجی هەردوو وەرگێڕانەکە بدات لە یەکەمدا، باس لە سروشتی شێوەی بیرۆکە کراوە، بەڵام لە دووەمدا قسەکەی هیگڵە قسە لە سروشتی ڕوخسارەکی بیرۆکە کراوە.. لە پەراوێزی ل١٠٦ جارێکی تر نەشارەزایی وەرگێڕ لە ڕێزمانی کوردیدا دەردەکەوێ، بۆنموونە کورد کە یەکێک بانگ دەکات دەڵێ :هۆ فلان کەس...تاد، لێرەدا گۆرانییەکەی هونەرمەندی کورد مامۆستا عەلی مەردان دێتەوە یادم کە لە سەردەمی لاویەتیم گوێم لێ بووە و دەڵێ: هۆ هۆ کاکەی شوان لەوبن دارە.... وەرگێڕ وتوویەتی: ئەی مرۆڤ خۆت بناسە» ئەمە لە کوردیدا باو نییە، چونکە «ئەی» بۆ بانگکردن و ڕوو لە خەڵککردن و دوان بەکارنایەت، بەڵکو پتر جۆرە سەرسوڕمان و ڕامانێک دەردەبڕێ، دەبوو قسەکەی سەرقاپی و پەرستگاکەی خواوەندی ئەپۆڵۆی بەم جۆرە کردبایە بە کوردی:

«هۆ مرۆڤ خۆت بناسە»ئینجا لە عەرەبییەکەی «عبارە» نووسراوە کە بە کوردی دەستەواژەی بۆ دانراوە نە «گوزارشت»ە کەی وەرگێڕ.

لە ل١٠٨ دێڕی«٥» باسی «دوو لایەن» دەکات، کەچی لە دێڕی «٦»دا دوولایەنەکە بە تاک هاتۆتەوە و وتراوە کە «پێوەستە پێیەوە» ؟! ڕستەکە خۆشی بە شێوەیەکی عەرەبییانە کراوە بە کوردی، بەتایبەتی کە وتوویەتی: « سەرنجی خۆمان تەنیا ئاراستەی...» بە باوەڕی من ئەو «ئاراستەیە»وەرگێڕانی «توجیە»ی عەرەبییە و لە کوردیدا سەرنجی شت دەدرێت، سەرنج لە شت دەدرێت نەک ئاراستەی دەکرێت! لە هەمان لاپەڕە و دێڕی «١٠» وشەی «خووڕەوشت ولێزانی» لە عەرەبییەکەدا نین، وەرگێڕ دیارە بۆ جوانکردنی ڕستەکەی هیگڵ خستوونیەتە سەری. هەرچەندی ورد بوومەوە، نەمتوانی لێکی بدەمەوە، بۆچی وەرگێڕ وشەی «پەرۆشییەکانی» خستۆتە نێو ڕستەکەی دواتر، چونکە نە هیگڵ وای وتووە، نە لەگەڵ دەستەواژەکە دەگونجێ!

– لە پەراوێزی ل١١٦ کە باسی فیتاگۆرس کراوە، نازانم بۆچی وەرگێڕ هەموو کردارەکانی ڕابردووی کردووە بە تێنەپەڕ: لە جیاتی بڵێ «هەڵاتووە، کۆچی کردووە و بەجێی هێشتووە» وتوویەتی: هەڵدێت، بەجێ دەهێڵێ، لە کاتێکدا لە عەرەبییەکەشدا دەمی کردارەکان ڕابردووە و فەیلەسووفەکەش ٥٣٠ ساڵ بەر لە زایین ژیاوە؟!

لە ل١١٨ لە دێڕی «٢»دا وادێتە بەرچاو کە هیگڵ بووە بە موسڵمان و داوای «خوا پەرستی کردووە!!» ئەمە جارێکی تر دەستکورتی و بێ خەبەری وەرگێڕ نیشان دەدات. لە تێکستە عەرەبییەکەدا نووسراوە:«ولنتعبد» و بە هیچ جۆرێک باسی «خوا» نەکراوە ئەمەش مەبەستی هیگڵ نەبووە! هەر لە دێڕێکی دواتردا هەڵەیەکی چاپ سەرنج ڕادەکێشێ وشەی «داڕشتنێکە» بووە بە «داڕشتەیەکە». هەر لە ل١١٨ دێڕی«٢٠» قسە

خوازراوەکەی هیرۆدۆت کە لە دوو کەوانەدایە بە شەق و شڕی کراوە بە کوردی وەرگێڕ وتوویەتی: «هۆمیروس و هزیود بوون، خوای گریکەکانیان بۆ گریکەکان خوڵقاند». لە پێش هەموو شتێکدا لە دەقە عەرەبییەکەدا وتراوە «صنعا» وەرگێڕ باش دەزانێ کە جیاوازییەکی زۆر گەورە لەنێوان «خلق و صنع»دا هەیە دەبوو بیوتبایە:

هۆمیرۆس و هزیود ئەو دوانەبوون کە بۆ گریکەکان خواوەندەکانیان دروست کرد». «خەلق»ی عەرەبی بەرامبەر بە داهێنانە لە کوردیدا کە لەم دەقەدا ناوی نەهێنراوە!!

– لە ل١١٩ دێڕی «٨» تاوەکو «١١» جگە لەوەی ڕەوان نین وشەی «اللامتناهي» بە هەڵە کراوە بە کوردی و واتاکەی بە تەواوەتی گۆڕیوە. لە عەرەبییەکەدا وتراوە«التفكير اللامتناهي» کەچی وەرگێڕ «نا»کەی کردووە بە «ئا» و نووسیویەتی «بیرکردنەوەی» «کۆتادار»« واتە «التفكير المتناهي» ئیتر هیگڵ ئەمەی نەوتووە و ماناکەش بەراوەژوو بۆتەوە، هیوادارم لە چاپی داهاتوودا ئەو هەڵانە ڕاست بکرێنەوە.

هەر لە ل١١٩ دێڕی «١٤» جارێکی تر نە شارەزایی وەرگێڕ لە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەردەکەوێت ئەو قسەیەی هیگڵ لە ئینجیل خوازتوویەتییەوە بە تەواوەتی بە هەڵە کراوە بە کوردی و بەراوەژوو کراوەتەوە. قسە خوازراوەکە وتوویەتی:

«مژدەی ئینجیل بە هەژار و نەداران دەدرێت»کەچی وەرگێڕ نووسیویەتی:«هەژارەکان بە ئینجیل مزگێن دەدەن».

لە ل١٢١ لە دێڕی «٩»دا وشەی پراگماتی ڕاست نووسراوە، کەچی لە دێڕی یەکەمی پەراوێزدا گۆڕاوە و کراوە بە «براجماتی» ئەمە بۆ ؟!.

لە ل١٢٤ دێڕی «٣» وەرگێڕ دوو شتی بۆ هیگڵ ڕاست کردۆتەوە:

یەکەم: دەمی کرداره تێپەڕەکەی کردووە بە تێنەپەڕ «ناتوانن بیکەن»

دووەم: «الثيران» گامێشەکانی کردووە بە مشکەکان واتە «الفئران»!

هەر دێڕێک دواتر وشەی «الالهى» پەڕاندووە و لە جیاتی ئەوەی بنووسێ:

«هوشیاربی خواوەندێتی پیرۆزی خۆیان» نووسیویەتی:«هوشیاری پیرۆزی خۆیان»!!

لەپەراوێزی ل١٢٦ دێڕی دووەم وشەی کۆنی عەرەبی «طقوسهم» کراوە بە تەقسەکانیان!! دێڕێک دواتر وەرگێڕ وتوویەتی:

«ماسۆنییەت ڕێکخراوێکی جیهانی نهێنی..»یە واتە جیهانی کردووە بە نهێنی، کەچی وەرگێڕی عەرەبی مەبەستی لەوەبووە کە ڕێکخراوەکە نهێنییە. دەبوو بنووسرێ:«ڕێکخراوێکی نهێنی جیهانی...»یە

– لە ل١٢٧ی تێکستە کوردییەکەدا پەراوێزێکی گرنگی پێنج دێڕی کە لەتێکستە عەرەبییەکەدا پەراوێزی لاپەڕە «١٤٢»ە ، پەڕیوە.

– لە ل١٣٠ لە دێڕی «١٥» لە بەرامبەر «الشر»ی عەرەبیدا «خراپە» نووسراوە. بە باوەڕی من لێرەدا مەبەست لە «بەدکارییە».

هەر لە هەمان دێڕدا وەرگێڕ نیوە ڕستەکەی بەناڕێک و پێکی کردووە بە کوردی و وتوویەتی: «بوون بەوەی کە هۆ بێت» ئەوەندەی من لەو نیوە ڕستە عەرەبییە گەیشتبم مەبەستەکەی بەم جۆرەیە: «بوون بەو پێیەی هۆکاربێت».

لە ل١٣١ دا دوا ڕستە بە هەڵە کراوە بە کوردی. لە وێدا وتراوە:«تا ئێستا بناغەیەکی گشتیم لە بارەی ئەوەوە خستۆتە ڕوو کە لە زەمەندا پەرە دەسێنێ...» وەک من بۆی بچم دەبێ ڕستەکە بە کوردی بەم شێوەیە بێت:

«تا ئێستا بنەمای گشتی ئەوەی لە کات «زەماندا» پەرە دەستێنێ خستوومەتە بەرچاو». لە پەراوێزی ل١٣٤دا بە تەواوەتی هەڵەیەکی زەق سەرنج ڕادەکێشێ. وەرگێڕ وشەی عەرەبی دوێنێ «أمس»ی کردووە بە سبەینێ. ئەمە هەڵەیەکە بە هیچ جۆرێک نابێ بەسەر هیچ کەسێکدا تێبپەڕێ.

لەلاپەڕە ١٣٧ دێڕی «٨» هەڵەیەکی چاپ هەیە و لە جیاتی وشەی نەگەڕێن نووسراوە نەگەرییسین.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا، دێڕی ١٨-١٩ لە جیاتی وشەی تایزم وئەتایزمی لاتینی دوو وشەی خواگەریی و ناخوا گەریی بەکارهێناوە بە باوەڕی من وەرگێڕانەکە هەڵەیە، ئەمە جارێکی تر دووبارە دەکەمەوە خواگەریی نییە، بەڵکو پێوەندی بە ڕێبازی «بڕوابوون بە بوونی- خواوەند هەیە».

بێگومان پێچەوانەکەش لە کوردیدا »نا» ناکرێت، چونکە وشەیەکی عەرەبی کە بووە بە موڵکی کوردیش، بەکاردێت ئەویش بێ ئیمانییە کە لە جیاتی Atheism بەکاردێت.

له ل١٣٨ له پەراوێزدا واپێدەچێ وەرگێڕ هەڵەیەکی وەرگێڕە عەرەبییەکەی ڕاست کردبێتەوە بەبێ ئەوەی ئاماژە بەم «دەسکاری- ڕاست کردنەوەیە» بکات، له عەرەبییەکەدا نووسراوە:«إنني...مدين بدين» وەرگێڕ «دین»ەکەی کردووە بە کەڵەشێر.

پەراوێزی ل ١٥٨ بە وردی نەکراوە بە کوردی لە پێش وشەی «مەسیح» وشەی «السید» هەیە، وەرگێڕ له کوردییەکەدا پەڕاندوویەتی و هەردوو جار وشەی «کاتێک» بەکار هاتووە.

له عەرەبییەکەدا نین، ئینجا لە کوردییەکەدا ناوی سەرچاوەکەش پەڕێنراوە.

- له ل١٤٣ دێڕی یەکەم و دووەمی پەراوێزەکە بە ڕێک وپێکی نەکراون بە کوردی وەرگێڕ وتوویەتی:«ڕەوتی دیالێکتیکی کاتیگۆرییە لۆژیکییەکان» گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەیە لە مێژووی فەلسەفە و لە پەرەسەندنی پوختی بیری مرۆیی.» بە باوەڕی من دەبوو عەرەبییەکە بەم جۆرە بکرێت بە کوردی:« ڕەوتی دیالێکتیکی چەمکەکانی مەنتیق یاخود کاتیگۆرییەکانی لۆژیک» بە دەربڕینێکی ڕاستگۆیانە مێژووی فەلسەفە و پەرەسەندنی بێگەردی بیری مرۆیی دەردەبڕێت».

له ل١٤٤ دێڕی «٢» دوو جار «دوای ئەمە»تێیدا بەکارهاتووە کە دەبوو جاری دووەم «ئینجا» بەکاربێت.

هەر له هەمان لاپەڕەدا دێڕی ١٣-١٤ بە یەکجاری شێواون و بە هەڵە کراون بە کوردی:

وەرگێڕ وتوویەتی:«بەڵام- لەبەر ئەمە کاتێک گیان کە چالاکی و زیندوویی و کاریگەریی بەشێوەیەکی قووڵ و دوور، بیرۆکەی سەرتاپاگیری تیادا زیندوو دەکاتەوە...» بە واتایەکی تر هۆکارێک هەیە کە بریتییە لە چالاکی و ....ئەم هۆکارە بیرۆکەی سەرتاپاگیر لە گیاندا دەخوڵقێنێ...

له ل١٤٥ پێناسەکەی «سەردەمی ڕێنسانس بە نیوەچڵی کراوە بە کوردی. ئەوەندەی من ئاگاداربم لە سەردەمی گۆڤاری هەمیشە لە یادی گەلاوێژەوە وشەی ڕاپەڕین بۆ ڕێنیسانس بەکارهاتووە. وەرگێڕ لە جیاتی «هەوڵی- گەشەکردن و زیندووکردنەوەی دراوە» .نوسیوویەتی:

«هەروەها کارکردن لەسەریشی» ئەمەش بێگومان هەڵەیە!! ئەوی لە ل١٤٧دا- لەپەراوێزدا- سەرنج ڕادەکێشێ سەرچاوەی ژمارە« ٤٠ » وەک خۆی بە عەرەبی نووسراوەتەوە و نەکراوە بە کوردی تۆ بڵێیی وەرگێڕ لە بیری چووبێ بیکات بە کوردی؟ باشە بۆ دەبێ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان ماوە و دەرفەتی ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵە و چاککردنەوەی ئەم کەموکورتی و پڕکردنەوەی ئەم کەلە بەرانەی نەبێت؟! هەر لە هەمان پەراوێزدا لە نێو دووکەوانەدا نووسراوە «العهد القديم» ئەگەر وەرگێڕ لە کەسێکی مەسیحی یاخود لە هەر مرۆڤێکی شارەزای بپرسیبایە پێی دەگوت کە ئەم «العهد القديم»ە تەوراتە.

له پەراوێزی ل ١٤٧ «دێڕی پێنجی پەراوێز»بە عەرەبی نووسراوە «ئەل عوشر» کە دەکاتە «دەیەک» واتە لە «هەرشتێک لە دەبەشدا بەشێکی پێبەخشی» کەچی وەرگێڕ نووسیویەتی: لە هەرشتێک دە شتی بدەیتێ... ئەمە چۆن لێکدەدەیتەوە؟ چ کەسێک هەیە لە یەک شت دەشت دەبەشێتەوە؟!.

له دێڕی «٢١» لە لاپەڕە «١٥٣» دا وەرگێڕ نووسیویەتی :«ئەو- کارە گرنگە» بەڵام عەرەبییەکەی ئەگەر بکرێت بە کوردی دەبێ:« کەواتا ئەرکی بنەڕەتی»بێت.

هەروەها وشەی«الذاكرة»ی پەڕاندووە و نەیکردووە بە کوردی، مەبەستم لەم گازندەیە ئەوەیە وەرگێڕ زۆر کەم و بە دەگمەن هەیە دەسکاری تێکستە عەرەبییەکەی نەکردبێ، بێگومان ئەم هەڵوێستەش ڕەوا و پەسەند نییە.

پێشتریش لە هەمان لاپەڕەدا و دێڕی ١٨- ٢٠ دا وەرگێڕ بەناڕێک و پێکی و دەسکارییەوە ڕستەکانی کردووە بە کوردی و لە دێڕی « ٢٠ »دا شتی زیاد کردووە کە لە عەرەبییەکەدا نییە، ئەوەی وەرگێڕخستوویەتییە سەری دەیخەمە ناو دوو کەوانەوە، وەرگێڕ وتوویەتی:

«...گیانلەبەر «خاوەنی» هەست و سۆز و ئارەزووە جەستەییەکانە... بەڵام خاوەنی ئایین و زانست و هونەر و خەیاڵ نییە «ئەمەش هۆکەی- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە»ئەمانە هەمووی بیرکردنەوە ڕۆچووەتە ناویانەوە. بە باوەڕی من دەکرا وەرگێڕانەکە بەم شێوە بکرابایە!

«...زیندەوەر چەندین ئارەزوو و هەستی جەستەیی هەیە، تاد بەڵام نە ئایین و نە زانست و نە هونەر و نە ئەندێشەی هەیە، چونکە ئەمانە هەموویان هزریان تیادایە» لە ل١٥٤ دا دێڕی سێیەم بە تەواوەتی

شێوێنراوە و لە تێکستە عەرەبییەکەدا بە جۆرێکی ترە.

وەرگێڕ وتوویەتی: «لەسەر ئەم بناغەیە ئەنجامەکانی فەلسەفە، مێژووی «فەلسەفەن!»، بە هەمان شێوەش دەوڵەت و ئایین و زانستەکان و هونەرەکان...تا «هەموویان» بەرهەمهاتووەکان یاوەکو ئەنجامەکانی بیرن.». ئەم چەند ڕستەیە بەپێی تێگەیشتنی من دەبوو بەم جۆرە بکرێت بە کوردی: «بەم پێیە مێژووی بیر چەند ئەنجامێکی فەلسەفەن، هەروەها دەوڵەت، ئایین، زانستەکان، هونەرەکان...تاد، چەند بەروبوومێک، یاخود چەند ئەنجامێکی بیرن، لەگەڵ ئەمەشدا لە فەلسەفە نین.

هەر لە ل١٥٤ و لەدێری «٩»دا وا پێدەچێ وەرگێڕ لە واتای وشەی «جوانی» نەگەیشتبێ بۆیە نووسیویەتی «کەشیانە».

ئەوەی من بیزانم «جوانی» مەبەست لە ناخی مرۆڤە و شتی ناوەکی لە بوونی مرۆڤدا دەگرێتەوە.

لە پەراوێزی لاپەڕە- ١٥٦ وەرگێڕ بە هەڵە وشەی «تقدیرنا»ی بە «لێکدانەوە» کردووە بە کوردی! دێری چوارەمی پەراوێزەکە زیاد کراوە و لە عەرەبییەکەدا نییە، بەتایبەتی ئەم بەشە ڕستەیە:

(بەڵام دەشێت بیر ڕوویەکی تریشی هەبێت).

لەلاپەڕە «١٥٩»دێری شەش وشەی «تەقوای» بە «خوا پارێزی» کردووە بە کوردی و وشەی«أعلنت»ی بە بانگهێشتن»داناوە، ئەمانە و چەندین هەڵەی تر بە هیچ جۆرێک نەدەبوو ڕێگایان پێ بدرێت.

باشە برای وەرگێڕ تۆ هەر لە هەمان لاپەڕە و لە خاڵی دووەمدا، وشەی «ئیمان» بەسەرتدا تێپەڕیووە چۆن نەتزانی وشەی «تەقوا» لەم کایەیەدا مانای چییە؟! باشە بۆ دەبێ«دێرێک دواتر» «المعتقدات الموروثە» وەک تۆ نووسیوتە (ئەو بیرانەش کە ماونەتەوە»بێت؟! لە هەمان لاپەڕەدا و لە دێری «١٥» بە تەواوەتی قسەکەی هیگڵ پێچەوانە و بەراوەژووکراوەتەوە، لە کاتێکدا هیگڵ باسی پابەندبوونی کردووە، یاخود لە ڕستەکەدا وا هاتووە کە(پابەندی دەکەن) کەچی وەرگێڕ ئەمەی هەڵگێڕاوەتەوە و وتوویەتی:

هەموو جۆرە پابەستبوونێکی لەسەر لادەن!!»

لە دێری چوارەمی پەراوێزی ل١٦١ نەدەبوو ئەلف و لامی عەرەبی لەگەڵ وشەی ئەتراکسیادا بنووسرێت. وەرگێڕ وشەکەی بە عەرەبی نووسیوتەوە «الاتراکسیا»دێرێک پێشتر،ڕستەیەکی نووسیوە زۆر سەیر هاتە بەرچاوم بەرامبەر «الخلو من الهموم» نووسیویەتی: «بەتاڵ بوونەوە لە خەم و خەفەت» جارێکی دی دەڵێم نەدەبوو وا بە سانایی بە سەر دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان-دا تێپەڕیبا.

لە پەراوێزی ل ١٦٣ دا قسەکەی مەسیح بە تەواوەتی شێواوە و هەندێک وشە بە هەڵە کراون بە کوردی، چونکە وەرگێڕ لە ماناکەیان نەگەیشتووە. وەرگێڕ وتوویەتی:

واز لە مردووان «کە بە گیان مردوون» بهێنێ تا ئەو مردووە جەستەییە بنێژن - جا شوێنم کەوە»

من وای بۆ دەچم ڕستەکە بە کوردی دەبێ بەم شێوەیە بێت:

«ڕێگای ئەوانە بدە کە بە گیان مردوون،ئەوانە بنێژن کە بە لەش مردوون و شوێنم کەوە».

لە ل١٧١ دا دەردەکەوێ کە وەرگێڕ شارەزایی لە ڕێزمانی عەرەبی نەبێ، بەتایبەتی «نکرة و معرفة» بۆیە ناونیشانەکەی بەم جۆرە وەرگێڕاوە:

«کاتیگۆرییە ڕێخۆشکەرەکان» بە باوەڕی من ڕاستتر ئەوەیە بنووسرابایە:

«چەند کاتیگۆرییەکی ڕێخۆشکەر یاخود چەند چەمکێکی ڕێخۆشکەر».

هەر لە ل١٧١ لە سەرەتای دێری «١٢» وەرگێڕ نووسیویەتی: «فەلسەفە بیرە»

ئەمە هەڵەیە، تێکستە عەرەبییەکە وتوویەتی: «فەلسەفە بیرکردنەوەیە».

هەر لە ل١٧١ دێری «١٩-٢٠» ڕستەکە بە کوردییەکی شەق و شڕ نووسراوە:

وەرگێڕ نووسیویەتی «ئەمە هیچ نییە جگە لە کۆمەڵە بیرێک و بەس» بەپێی تێگەیشتنی من عەرەبییەکە بەم جۆرەی وتووە:

« ئەمە تەنیا لە چەند بیرۆکەیەک بەولاوە شتێکی تر نییە»

لە ل١٩٢ پەراوێزێکی «١٥» دێری ئەوپەڕی گرینگ کە تێیدا جیاوازی پرۆسەی ئەبستراکت کردن بە گشتی و لەلای هیگڵ و سپینۆزا بە تایبەتی باس کراوە، پەڕێنراوە و وەرگێڕ نەیکردووە بە کوردی، ئەمە بۆچی؟!.

# ئەدەب و بایۆگرافی

سەرچاوەی یەکەم و بەڵگە نەویستی هەموو کارێکی هونەری بریتییە لە نووسەرەکەی، یان داهێنەر و دانەرەکەی. هەر لەبەر ئەمەش یەکێ لە میتۆدە ڕەخنەییە هەرە کۆنەکان لەسەر ئەو ئایدیایە دامەزراوە کە گرینگی بەوە دەدا:

بۆ باش تێگەیشتن و لێکدانەوەی هەر کارێکی ئەدەبی و هونەری دەبێ لە ژیانی نووسەر و داهێنەرەکەی و کەسایەتییەکەی بگەین و بیناسین.

سوودی بایۆگرافی (بیۆگرافی= یاداشت= سەرگوزەشتەی ژیان= ژیاننامە) دەشێ لەوەدا بدۆزرێتەوە کە چۆن بەشێوەیەکی حەقیقەت ئامێز شیعر بەرهەم دەهێنرێ، لە هەمان کاتیش دەتوانین لە کۆمەڵێک گۆشەنیگای سوودی دیکەوە بۆی بڕوانین، وەک لێکۆڵینەوە لە جۆرێک لە بلیمەتی کە لە پشت ئەم ژانرە ئەدەبییە هەیە و چۆنیەتی گەشەسەندنی لە ڕووی ئەخلاقی و ڕۆشنبیری و عاتیفی. ئەمانەش بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە.

دواشت بایۆگرافی دەتوانێ کەرەستەیەکی پلانداری سایکۆلۆژی شاعیر و پرۆسەی بەرهەم هێنانی شیعرمان پێشکەش بکا.

لەم کێشەیەدا دەبێ لەسەر سێ خاڵ کاربکەین کە بایەخی بایۆگرافیمان وەک نرخێکی ئەدەبی پیشان دەدەن.

یەکەم ئەوەیە: بایۆگرافی شیعر وەک بەرهەمهێنانێکی تایبەتی شی دەکاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە، ئەمەش مەسەلەیەکی جەوهەرییە لە بایۆگرافی.

---

**د. موحسین ئەحمەد عومەر**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی پەروەردە)**

دووەم: لە سوودی زاتی بایۆگرافی خۆی پیشان دەدا، واتە کە لێکۆڵینەوە لە تێکستێکی بایۆگرافی دەکەین ڕاستەوخۆ دووچاری ئاوەژوو بوونێک دەبین، ئەم ئاوەژووبوونەش دەمانباتەوە سەر ژیانی نووسەرەکە.

سێیەم: بایۆگرافی دەشێ ببێتە سەرچاوەی کەرستە بۆ هەر زانستێک، وەک سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی ...تاد.

بایۆگرافی ژانرێکی ئەدەبی کۆنە. بەشێوەیەکی لۆژیکی و کرنۆلۆژیکی (مێژوو) بەشێکە لە هیستۆریۆگرافی (زانستی مێژوو). بایۆگرافی وەک ژانرێکی ئەدەبی هیچ جیاوازییەکی مێتۆدۆلۆژی ناکا لە نێوان پیاوێکی دەوڵەت، جەنەراڵێک، بیناسازێک، پارێزەرێک و پیاوێک یان کەسێک کە هیچ ڕۆڵێک ناگێڕێ. واتە ئەوەی وەک نرخێکی ئەدەبی بەپلەی یەکەم دێ لەم بارەیەوە مەسەلەی داهێنانە، نەک زەمینەی دیکە کە نابێتە پێوەرێک بۆ بەرزی و نزمی ئەو تێکستە یان هەر تێکستێک. لەم بارەیەوە کۆلریج دەڵێ، ژیانی هەر کەسێک یان هەر ژیانێک، هەرچەندە بێ مانا و چرووک و هەژاریش بێ، ئەگەر بەجوانی و بەدڵسۆزی بگێڕێتەوە سەرنجڕاکێش و پڕ بایەخە. بایۆگرافی شاعیر لە مرۆڤێکی ئاسایی زیاتر نییە کە خاوەنی گەشەسەندنی فیکری و ئەخلاقی و عاتیفی خۆیەتی، دەشێ ئەمانە بکەونە بەرهەڵسەنگاندن و حوکمدانی پرەنسیپەکانی سیستمی ئەخلاقی یان هەر کۆدێکی کۆمەڵایەتی.

نووسینەکانیان دەشێ سەرەنجامیان لە دەوری ئەو ڕووداوانە بگیرسێتەوە کە بوونەتە هۆی بڵاوبونەوەیان، لێرەش ڕووداوەکانی ئەو کەسەی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە وەک هەموو ئەو ڕووداوانە وان کە لە ژیانی هەموو مرۆڤێکی چالاکدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە کاری گێڕەرەوە، ئەوەی کە بایۆگرافی دەنووسێ لە کار و ڕۆڵی مێژوونووسێک دەچێ. لەم حاڵەتەدا ئەو کەسە ناچارە پەنا بۆ هەموو دەستاوێژکان ببا، وەک بەڵگەنامە و نامە و گێڕانەوەی ڕووداوەکان و بیرەوەری و یادگارەکان، چارەسەرکردنی کێشەی ڕەسەنی و نارەسەنی گێڕانەوەکان و... تاد. ئەوەی کە کێشەی سەرەکی لە بایۆگرافی دروست دەکا مەسەلەی نهێنی و شاردنەوە و بەئاشکرا و بێ پێچ و پەنا گێڕانەوەیە، ئەوەش هەندێ جار وا دەکا لە سفێری ئەدەبی بمانباتە دەرەوە.

بایۆگرافی وەک ژانرێکی ئەدەبی یان لەلایەن شاعیر یان کەسەکە خۆی دەنووسێتەوە، یانیش یەکێکی دیکە بۆ شاعیر دەنووسێتەوە. لێرەش تووشی هەندێ پرسیاری تایبەت دەبین بۆ جۆری دووەم. لە چ حاڵەتێک ئێمە دەتوانین پشت بەکارە ئەدەبی و هونەرییەکان ببەستین بەمەبەستی نووسینی بایۆگرافی؟ ئینجا ئەو ئەنجامانەی دەیگەینێ و دەبنە هۆیەک بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکان خۆیان؟ ئەم دوو پرسیارە دەشێ وەک دوو پرسیاری سەرەکی نووسینی بایۆگرافی سەیری بکرێن. وا پێدەچێ شاعیران و نووسەران و هونەرمەندان، زۆر شتی ژیانی خۆیان بخەنە ناو کارە ئەدەبی و هونەرییەکان، بە پێچەوانەی کەسێکی مێژوویی، وەک سیاسەتوانێک یان یەکێکی دیکە تێگەیشتن لە ژیانیان و بەرهەمەکانیان ئاڵۆزترە.

لێرە ناچارین دوو سەردەم و دوو جۆر چارەسەری لەبەرچاو بگرین. ئەوەی پێوەندی بە ئەدەبی کۆنەوە هەیە هیچ بەڵگەنامەیەکمان لەبەردەست نییە بایۆگرافینووس پشتی پێ ببەستێ. لە هەندێ حاڵەتی دیکە ڕەنگ تەنیا بەڵگەنامە ڕەسمییەکانمان لەبەردەست بێ، وەک وەفاتنامە و ژنهێنان و مارەیی و دۆسییەکانی دادگایی کردن... تاد، هەروەها کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی ئەو کەسە. ئەوەی پێوەندی بە ئەدەبی کۆنی کوردییەوە هەبێ، بەتایبەتی بۆ شاعیران و ئەدیبان و کەسایەتییەکانی پێش سەدەی بیستەم، تا ڕادەیەکی زۆر هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆی ڕەسمی و نارەسمیمان نییە بایۆگرافینووس پشتی پێ ببەستێ، سەرەنجام ڕەنگە باشترین جۆری بایۆگرافی لەم حاڵەتەدا، دەبێ لە کارە ئەدەبییەکان خۆیان دەربهێنرێن، ئەمەش لە هەموو حاڵەتێکدا بنچینەیەکی خەیاڵی هەیە.

لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەشێ هەمان شت ڕاست بێ بۆ شکسپیر، تا ئێستا ئەوەی نووسراوە، گشتی لەسەر بنچینەی ژیانی سەردەمەکە و کارە ئەدەبییەکانی شکسپیر نووسراون. چونکە هیچ بەڵگە نامەیەکی ڕاستەوخۆ نییە. ئەمەش زۆر شتی چرووک و بێ مانای تێکەوتووە کە بەهیچ جۆرێک وێنەیەکی دروستی ژیانی شکسپیر پیشان نادەن. چونکە زۆر بەسادەیی پێوەندی ژیانی نووسەر یان شاعیر و بەرهەمەکانی، وەک هۆ و ئەنجام سەیر ناکرێ، بەڵام دواتر ئەم ڕوانینەش کەوتە بەر هێرشی ڕەخنەوە، بەتایبەتی لەلای ئەوانەی بایۆگرافی وەک مێتۆدێک وەردەگرن بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ئەدەبی نووسەران و هونەرمەندان. ئەوان لەگەڵ ئەوەن ژیان و کارە ئەدەبییەکان بەیەکتر دەچن، ژیانی شاعیر لەناو بەرهەمەکانیەتی، لە دواڕۆژیش دوای نەمانیان هەر

بەشاعیر دەناسرێن، (وەک ملتن و گۆتە و بایرۆن و شیللی.) کە دوای خۆشیان هەر بە شاعیر ناسران. گوایە ئەم دیاردەیە، زیاتر بەسەر شاعیرە رۆمانسییەکان پەیڕەو دەبێ، چونکە ئەوان تەواوی ژیانی عاتیفی خۆیان، تەواوی ساتە شاراوە و نهێنییەکانی خۆیان دەخەنە ناو کارەکانیانەوە. ئەم شاعیرانە هەر تەنیا لە بیرەوەری و نامە گۆڕینەوەکان باسی خۆیان نەکردووە، بەڵکو لە کارەکانیشیان.

لەلایەکی دیکەوە، هەندێ جار پێدەچێ سەخت بێ نووسین و نامەی شاعیرێک لێک جیا بکرێتەوە، کەچی بەپێچەوانەوە لەلایەکی دیکە شاعیر لەناو شیعر نەدۆزرێتەوە، لە کاتێکدا دەبینین بەپێچەوانەی ئەم ڕوانینە، گۆتە دڵنیایی لەسەر ئەوە دەکا کە هەموو ئەم کێشانە بریتین لە (چەند بەشێک لە دانپیانانێکی فراوان).

کەواتە ئێمەش ناچارین هەروەکو کیتس و ئیلیەت دڵنیاییان لەسەر کردووە، جیاوازی لەنێوان دوو جۆر شاعیر بکەین، یەکێکی مەوزووعی، یەکێکی زاتی. لە هی یەکەمیان شاعیر نیگای جیهان دەبینێ و خۆی ڕەش دەکاتەوە. بەپێچەوانەوە لە هی دووەم، شاعیر تەنها باسی خۆی دەکا، نووسینەکانی بریتین لە دانپیانان لەسەر خۆی، تەعبیرکردن لە کەسایەتی خۆی، بەشیعر پۆرتریتی خۆی دروست دەکات. لەسەردەمە کۆنەکان، تا دەگاتە سەرەتای سەردەمی مۆدێرن، ئێمە تەنیا شاعیران و ئەدیبانی جۆری یەکەمان هەیە، لەناو ئەم کارانەش بەهای جوانی کارە ئەدەبییەکان ئەوەندە مەزن و گەورەن، کەسایەتی شاعیر بزر دەبێ و تیایدا هەست پێناکرێ. ئەمە لە چیرۆکی کۆنی ئیتالی، سەردەمی دانتێ و پێش دانتێ و دوای ئەو هەستی پێدەکرێ، لە ئەدەبی سەردەمی ئیلیزابێتی و ئەدەبی سوارچاکی و دڵداری و ڕۆمان و سۆناتەکانی سەدەی ناوەڕاست و ئەدەبی فۆلکلۆری هەستی پێدەکرێ.

لە هەمان کات بەنسبەت شاعیرێکی زاتیش، ناشێ جیاوازی لەنێوان نووسینێکی ئەو نەکرێ کە ژیانی ئەوی تێدا ڕەنگبداتەوە لەگەڵ دەرهێنانی ژیانی ئەو لە کارە هونەرییەکانیدا. لەم حاڵەتەش هەڵبەتە جیاوازی دەکرێ.

لەلایەکی دیکەوە دەشێ ئەو تیۆرەش ڕەت بکەینەوە کە لەگەڵ ئەوەدایە کە هونەر (ئەدەب و هونەر) ڕاستەوخۆ بێ پێچ و پەنا تەعبیر لە (من)ی ئەو کەسە دەکان، نووسینەوەی ئەزموون و عاتیفەی تاکەکەسی ئەو شاعیر یان ئەدیبەیە، هەتا ئەگەر پێوەندییەکی زۆر پێکچووش هەبێ لە نێوان شاعیرو بەرهەمەکانی. لە ڕوانگەی نووسینەوەی بایۆگرافی، ئەو دیاردەیە لەبیر دەکرێ هونەری شاعیر و ئەدیب وەک مێتامۆرفۆزی ئەو کەسە سەیری بکرێ، بەڵکو وەک کارێکی هونەری تازە، وەک ڕۆمان، شیعر، چیرۆک، شێوە وەردەگرێ. هەندێ جاریش نووسینەوەی بایۆگرافی ڕێ لە تێگەیشتنی ئەدەبی و هونەری دەگرێ کە وەک تێکستەکان نییە. دواشت ڕەنگە بایۆگرافینووس، گرینگی بەژیانی سایکۆلۆژی نووسەر یان شاعیر و ئەدیبەکە نەدا، بەو مانایەی دەشێ لە پشت شیعرێکی شاعیرێک، زیاتر خەونی شاعیرەکە هەبێ وەک لە ژیانی حەقیقی شاعیر. لەوانەشە ئەو شاعیرە شێوازێکی وا بەکاربهێنێ، تەواوی کارەکانی ماسکێک بن بۆ شاردنەوەی خۆی. لێرەوە زەحمەتە بایۆگرافی نووس بگاتە کرۆکی مەبەست.

لە هەموو حاڵەتێکدا، کاری ئەدەبی ناشێ وەک بەڵگەنامە سەیر بکرێ و لێکبدرێتەوە. چونکە پشت بەستن بە ناوەرۆکی ئەدەبی بۆ شارەزابوون لە ژانی نووسەر، بایۆگرافنووس بەهەڵەدا دەبا. هەر لەبەر ئەم دیاردەیە، زۆر کەس لەگەڵ ئەو ڕایەدا شکسپیر چۆتە ئیتالیا و کاری پارێزەری کردووە و سەرباز بووە و بەڕێوەبەری قوتابخانە بووە و جووتیاریش بووە. ئەمەش هەڵبەتە لە ڕوانگەی ئەوەی ئەم کەسایەتیانە لە کارەکانی شکسپیردا هەن.

بێگومان لە ڕێگای نموونەی لەم جۆرە لێکدانەوە چرووک و بێ مانایە ناتوانرێ کەسایەتی نووسەر بناسرێ، ئێمەش کە دانتێ و گۆتە و تۆلستۆی و گۆران و ئەحمەدی خانێ دەخوێنێتەوە دەزانین لە پشت نووسینەکانیان کەسێک هەیە. لە هەمان کات دەشێ نووسینی تەواوی نووسەرێک یان شاعیرێک هەمان ئەو ڕوخسارانە پیشان بدا کە لە کەسایەتییەکەدا هەیە. واتە دەبێ جیاوازییەکی پوخت لە نێوان شاعیر و نووسەر بەرهەمەکانیان بکەن.

بێگومان لەم ڕووەوە ئێمە دەزانین جیهانی شکسپیر، گۆتە، ملتن، گۆران چییە و چۆنە، بەڵام ژیانی ئەم دیو نووسینەکان شارەزای نین، سەرەنجام بۆ ئەدەب و هونەر ئەوەی بەرایی بە پلەی یەکەم دێ.

دەشێ بایۆگرافی، کە زیاتر سەر بە مێژووی ئەدەب و گەشەسەندنی ئەدەب و هونەرە، بەپلەی یەکەم گرنگییەکی بێ پایانی بۆ تێگەیشتن و بۆ مێژووی ئەدەب و هونەرەوە

هەبێ. کە ژیانی کەسێک دەنووسینەوە، پێش هەموو شتێک لە رامان و گەشەسەندن و فراژووبوونی جیهانبینی ئەو بۆ ئەدەب و هونەر و تێدەگەین، لە روانگەی هونەری ئەو باشتر دەگەین، خوێندنەوەکانی، گەڕان و سوورانی بەناو جیهان و ئەو شوێنانەی بینیویەتی، ئەو دیمەن و سەفەرانەی بینویەتی و کردوویەتی، ئەو کەسانەی لە گەڵیان ژیاوە، ئەوانەی شت دەزانن لە بارەیەوە و لێی نزیک بوونە. ئەو کاریگەرییەی لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەی لێی گەورە بووە و ژیاوەو لەسەری دروست بووە،.... تاد، بێ گومان هەموو ئەمانە و زۆر شتی دیکەش ماددە و خۆراکی بایۆگرافی نووسە و دەبنە هۆیەک بۆ باشتر تێگەیشتن لە نووسەر و باشتر نووسینەوەی مێژووی ئەدەب.

لە رووی مێژووییەوە بایۆگرافی وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، زۆر کۆنە و بەراییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی نووسین و دەرکەوتنی ئەدەب و هونەر. لەم رووەوە دەشێ تێکستە شیعر و ئەدەبییەکانی دیکە وەک جۆرێک لە بایۆگرافی وەربگرین، بەڵام وەکو ژانرێکی نوێ و سەربەخۆ، دەشێ بایۆگرافی (دانپیانانەکانم)ی ژان ژک رۆرسۆ (سەدەی هەژدەیەم) بەسەرەتای زۆر دیار و پوخت و لەبار دابنێین. لێرەوە وردە وردە بایۆگرافی ئاڵۆزتر دەبێ و وەک بەرهەم هێنان زۆر دەبێ، هەڵبەت ئەمەش ناکۆک نییە لەگەڵ ئەو رایەی کە دەڵێ بەرهەمەکانی گشت نووسەر و شاعیرێک بریتین لە بایۆگرافی ئەو کەسە خۆی.

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی پەیوەندی بە ئەدەبی کوردییەوە هەبێ، بایۆگرافی ژانرێکی تازەیە و بەراییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. رەفیق حیلمی و ئەحمەد خواجە بەدەست پێشخەر دادەنرێن لەم بوارەوە.

بەڵام وەک ئەدەب و هونەر، واتە دۆزینەوە و گەڕان بەدوای بایۆگرافی لەناو سفێری بەرهەم هێنانی ئەدەبی، لەناو کورد دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆن، لەگەڵ داستان و شیعرە لیریکی و ئێپکییەکان سەرهەڵدەدا. کەواتە ئایا ئێمە راستین ئەگەر بڵێین مەم و زینی ئەحمەدی خانی بریتییە لە بایۆگرافی شاعیر خۆی؟!

# دیدێکی هزری بۆ تیۆری هیرمنوتیکا

ئازاد خدر

سەرجەم تیۆرە ئەدەبییەکان لە چوارچێوەی لێکدانەوەی (هیرمنوتیکای) مانای دەق دەخولێنەوە، ئەو مانایەی کە نووسەر ڕاستەوخۆ بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە (ئەمە بۆچوونەکەی ئای. ئەی. ڕیتچاردزە) و ئەو مانایەی کە (هەروەک ڕەخنەگرە نوێیەکان دەڵێن) وا بەستەی بنیادی structure دەقە. واتە تیۆرە ئەدەبییەکان بەگشتی باسی ئەو کێشە مەعریفییانە دەکەن کاتێک کە مانای دەق لە نێو پرۆسەی خوێندنەوەدا دەخولقێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تیۆرە ئەدەبییانە ناتوانن ڕاستەوخۆ بە ڕوون و ئاشکرایی مانای دەق بپێکن و ئەمەش بۆتە هۆی سەرهەڵدانی لێکدەرەوە و تیۆرەکانی هیرمنوتیکا بەگشتی کە ئەرکەکەیان بریتییە لە هەروەک فریدریک شلایەر ماخەر دەڵێ: هونەری دوورکەوتنەوە لە بەدحاڵیبوون لەدەق، واتە ئەو هونەرەی کە لە هەمانکاتدا خوێنەر و ڕەخنەگر بەشدارن تێیدا، یاخود ئەو هونەرەی کە پاساوێک بۆ خوێندنەوەی دەق دەخولقێنێ یانیش هیچ نەبێ پشتڕاستی دەکاتەوە. بێگومان هۆی سەرهەڵدانی تیۆری هیرمنوتیکا بۆ پێشینەی دیالۆگی فەلسەفیی نێوان تێزی بابەتخوازیی objectivism و تێزی ڕێژەخوازیی relativism (النسبیە) دەگەڕێتەوە، واتە نێوان دوو بۆچوونی ڕکابەر: بڕواکردن بە بوونی چوارچێوەیەکی نامێژوویی هەمیشەیی بۆ دیاریکردنی سروشتی عەقڵانیەت reasonalism و مەعریفە و ڕاستی لەلایەکەوە، بڕواکردن بە نەبوونی گۆڕانکاری و ڕزگاربوون لە گێژەنی هێماو ڕاستییە زۆرەملێیەکان و

حەقیقییەکان و پیلانە فەلسەفییەکان هەروەک بێرنشتاین دەڵێ: کە ناتوانین بیانسەلمێنین یان ڕەتیان بکەینەوە، لەلایەکی دیکەوە. بۆیە پێشینەی هیرمنوتیکا چەندین گریمانەی تیۆریی لەبارەی سروشتی مانای دەق بەخۆوە دەگرێت. بۆ نموونە گریمانەکەی پۆل ڕیکۆر کە دەڵێ: (مانا بەرهەمی وشەکانی و کێشەکانی دەقەو گوزارشت لەسەربەخۆیی سیمانتیکی -Semantic Autonomy دەق دەکات). لە ڕوانگەی گریمانەی بابەتخوازییەوە یاخود گریمانەی بابەتیانەوە، دەق تەنیا یەک مانای تەواوی هەیە، لە ڕوانگەی ڕێژەییەوە دەق پتر لەیەک مانای هەیە و بەپێی خوێندنەوەی مانای دەگۆڕێ. هەروەها لە ڕوانگەو گریمانەی لۆژیکییەوە، مانای دەق بابەتێکی ئایدیالییە و خوێنەران لە هەلومەرج و کاتی جیاوازدا دەتوانن بیپێکن، کەچی لە دیدێکی مێژووییەوە مانای دەق (ڕووداوێکی) مێژووییە و هەڵوێستی مێژوویی لێکدەرەوە دیاری دەکات، لێرەدا ناکۆکی نێوان دوالیزمی (خود و بابەت) لەنێو پرۆسەی تێگەیشتن لە دەقدا دێتە ئاراوە.

لەلایەکی دیکەوە، کاتێک کە لەنێو ئەزموونی خودی خۆمان مامەڵە لەگە دەقدا دەکەین، کێشەی مەرجەعیەت reference دێتە ئاراوە، چونکە مۆرکە ئەندێشەییەکەی دەقی ئەدەبی دەبێتە مایەی هەڵوەشاندنەوەی واقیع وەک مەرجەعێکی مسۆگەر و بەرهەست. خودی ئەم کێشەیەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین پرسیاری فەلسەفی و زمانەوانی لەبارەی مانای دەق و پێوەندییەکەی بە مێژوو و بە سیمانتیکس (زانستی دەلالەت) و بە پرسە پراگاتیکییەکان کە لە پێوەندی نێوان بەش و گشت partand Total دەکۆڵنەوە. کەواتە ئەم پرسیارە: تا چەند دەق دەتوانێ مانای خۆی دیاری بکات تا چەند خوێنەر دەتوانێ ئەو مانایە دیاری بکات؟ پرسیارێکی ساکارانە نییە، بۆیە هزرمەندانی هیرمنوتیکا هەر لەسەرەتاوە دووچاری چەندین پرسیارو گرفتی فەلسەفی گەورە بوونەوەو خودی دەستەواژەی هیرمنوتیکا بووە گرنگترین بابەت لای ڕەخنەگرە بەناوبانگەکان و فەیلەسووفەکانی وەک ولفگانگ ئایزەر و یاوس و فیتش و ئانگاردن و گادامێر و ڕیکۆر.. بێگومان وەک تەقلیدێک دەتوانین مێژووی تیۆری هیرمنوتیکا بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتای توێژینەوە لاهوتییەکانی پرۆتستانتە ئەڵمانییەکان لە سەدەی حەڤدەدا ئەوانەی کە بەپێی لاهوتی پرۆتستانتی، کتێبی پیرۆزی مەسیحییەت (ئینجیل)یان ڕاڤەکرد یاخود لێک دایەوە. لەم ڕووەوە زۆربەی مێژوونووسە مۆدێرنەکانی هیرمنوتیکا، توێژینەوە هیرمنوتیکایەکانی (فریدریک شلایەر ماخەر لە ١٧٦٨ – ١٨٣٤ بە قۆناغی دووەمی فەلسەفەی هیرمنوتیکا لە قەڵەم دەدەن، کە هەندێک ڕەخنەگر بە قۆناغی (ڕۆمانسیەت) ناوزەدی دەکەن، کە تێیدا (خوێنەر، یان ڕەخنەگر دەکەوێتە ژێر هەژموونی سایکۆلۆژیانەی ئەو مانایەی کە یەکەم جار نووسەری دەق ملکەچی بووە).

شلایەر ماخەر ئەم پرۆسەیە ناولێدەنێ (ئەلقەی هیرمنوتیکایی The Hermeneutical circle) کە تاکو ئێستاش بۆتە مۆرک و کرۆکە سەرەکییەکەی زۆربەی تیۆرەکانی هیرمنوتیکا.

ئەو ئەڵقەیە وەک وەرچەرخانێکە لە خەملاندنی -intuation مانای دەقەوە بۆ شرۆڤەکردنی ئەو مانایە لەنێو پێوەندییەکەی بەتێکڕی دەقەکەوە.

بەم شێوەیە هیرمنوتیکا دەبێتە ئەو کەلێنە gap مێژووییەی کە کاری ئەدەبی دادەبڕێنێت لە ڕەخنەگر، یان خوێنەر و هەمیشە وەک ئاستەنگێک دێتە بەردەم پرۆسەی تێگەیشتن لە دەق.

دوای شلایەر ماخەر چەندین هزرمەندی دیکە هەوڵیان داوە کێشە فەلسەفییەکانی تیۆری هیرمنوتیکا چارەسەر بکەن، بۆ نموونە (ڤێلهایم دلتای)، هەوڵی دا تیۆری هیرمنوتیکا بکاتە بەشێک لە زانستی هیومانیتی (مرۆڤ دۆستی)، چونکە پێی وابوو کە ڕاڤەکردنی دیاردەکان پەیوەستە بە زانستە سروشتییەکان (وەک فیزیک و کیمیا و.... تاد)، بەڵام تێگەیشتن لەو دیاردانە پتر پەیوەستە بە زانستی هیومانتییەوە و هیرمنوتیکا پتر لەیەک مانا دەبەخشێتە ئەو دیاردانە. (دلتای) بڕوای بەوەبوو کە هیرمنوتیکا وەک فیزیک هەڵگری ڕاستییەکانە، بۆیە مێژووی کردە (باشترین بواری مەعریفی بۆ پراکتیزەکردنی هیرمنوتیکا). دواتر مارتن هایدگەر لەکتێبی (بوون و کات Being and Time- ١٩٢٦)دا، هیرمنوتیکای کردە بەشێک لە ئەنتولۆژیا (زانستی بوون) و زمان (ئێمە کاتێک کە باسی هیرمنوتیکا دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە دەلالەتێکی زمانەوانی بسەپێنین بەسەر شتەکانی

جیهان، بەڵکو کاتێک کە ڕووبەڕووی شتێک لەنێو جیهان دەبینەوە، ئەوسا مانای ئەو شتە ئاشکرا دەبێ و ئێمەش لە جیهان دەگەین، واتە هیرمنوتیکا پێشینەی ئەندێشەیی ئەو شتە نییە کە ئێستا لەبەردەممانە، بەڵکو پێشینەی و تێگەیشتنی پێشوەختە -Vor verstandnis ی ئێمەیە بۆ ئەوشتە کە بەر هیچ شێوەیەک ناتوانین دای ببڕێنین لە بوونمان، واتە لە ڕووی کرۆنۆلۆژییەوە (مێژووی کاتەوە)، هیرمنوتیکا بنچینەی ئەنتۆلۆژیی بوونمانە). ئەو بۆچوونەی هایدگەر وەک هەوڵێکی هاوکوفی کردن بوو لەنێوان هیرمنوتیکای مێژوویی و ئەپستمۆلۆژیا (زانین) و فینۆمینۆلۆژیا (دیاردەگەرایی) و ئەنتۆلۆژیا. فینۆمینۆلۆژیا بەگشتی کێشەکانی پەیوەست بە مانای دەق دادەبڕێنێ لە مێژوو و پێشینەی دەق، بەڵام هیرمنوتیکا بە پێچەوانەوە مێژووی لەنێو جەرگەی پرۆژەکەیدایە سەبارەت بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی ئەو مانایە و تەنانەت دەکرێ بڵێین، سەرجەم توێژینەوە هیرمنوتیکاییەکان بەمێژووی خودی هیرمنوتیکاوە دەست پێی دەکەن. ئەم ڕاستییەش لە کتێبی (ڕاستی و میتۆد Truthand method)ی فەیلەسووفی ئەڵمانی هاوچەرخ هانز گادامێر بەرجەستە دەبێت. ئەم کتێبە مەزنە باس لەیەکبوونی (ڕاستی و میتۆد) ناکات، بەڵکو پتر باس لە لێکدابڕانیان دەکات، ئەم لێکدابڕانەش ڕوونتر دەبێتەوە کاتێک کە گادامێر مامەڵەیەکی هیرمنوتیکاییانە لەگەڵ دەقدا دەکات و ئەو بیرۆکەیە ڕەت دەکاتەوە کە دەڵێ (میتۆد بەسەر دەقدا پراکتیزە دەکرێ بۆ ئەوەی دەرەنجامێکی هەبێ)، لە هەمانکاتدا هیرمنوتیکای فەلسەفی بۆ دەق لای ئەو (ئامرازێکە بۆ ڕاستکردنەوەی کێشەی ناسنامەی دەق یاخود ناسنامەی ڕاستی و میتۆد). ئەم بیرۆکەیەش وەک دابڕنێکە لە گۆشە نیگای شلایەر ماخەر، کە دەڵێ: (هیرمنوتیکا بریتییە لە سایکۆلۆژیای تێگەیشتن لە دەق). جگە لەوەش، گادامێر ئەوەش ڕەت دەکاتەوە کە هیرمنوتیکا هاوشێوەی میتۆدە (کە بیرۆکەی هزرمەند دلتایە)، بەڵام هاوکات لەگەڵ بیرۆکەی هایدگەر دایە کە دەڵێ: (مێژوو و دەسەڵاتی کات لەنێو جەرگەی پرۆسەی هیرمنوتیکای فەلسەفیدایە). لە کتێبی (ڕاستی و میتۆد)دا دەڵێ: (کاتی نێوان لێکدەرەوە و دەق، ئاستەنگێک نییە کە دەبێ لا بدرێت، بەڵکو کاتێکی سوود بەخشە و یەکێکە لە هۆکارەکانی پێوەندی نێوانیان و لەنێو خودی ئەو هۆکارەشدا دەتوانین پرسیارە سەرەکییەکەی هیرمنوتیکا بکەین: چۆن دەق هەر لەسەرەتاوە، لەبەدحاڵیبوونی دەپارێزرێت؟). لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا گادامێر دەڵێ (بە بەکارهێنانی عەقڵ بەشێوەیەکی میتۆدۆلۆژیانە Methodology و ڕەچاوکردنی بەهاو هێمای مەرجەعیەت و کولتوور). لای ئەو، مەرجەعیەتی دەق سەرچاوەی (ڕاستی دەقە) و کولتووریش (لەنێو کردەوەی عەقڵدا دەرفەتمان بۆ پاراستنی ڕابردووی دەق دەڕەخسێنێ).

بەڕای ئەو هیچ دەقێکی دیاریکراو لە ئارادا نییە بۆ ئەوەی توێژینەوەی مێژوویی. یان هیرمنوتیکایی بۆ بکرێ و گەر بێتوو بڕوامان بەوە هێنا کە (هیرمنوتیکا گەڕاندنەوەی مانا و ئایندەی دەق نییە، بەڵکو پاراستنی ڕابردووەکەیەتی لە نێو ئاگایی ئێستاماندا)، ئەوسا دەتوانین (ڕیفۆرمی مەرجەعیەت و عەقڵمان بکەین بۆ ئەوەی ڕۆڵیان لە پرۆسەی هیرمنوتیکای دەقدا هەبێت). بە مانایەکی دیکە گادامێر دەیەوێ بڵێ، تێگەیشتن لە دەق کاری خودێک subject، یان تاکێک self نییە، بەڵکو بریتییە لە پرۆسەی چەقگرتن لەنێو کەشوهەوای کولتووری دەقدا کە (ڕابردوو و ئێستای وەک شەرعییەتێک Legitimacy بەخۆوە دەگرێ، بۆیە بەم پێیە، کاری هیرمنوتیکا وەردەچەرخێت بۆ چالاکییەکی (نێو خودی intersubjective و بەو کولتوورەمان دەبەستێتەوە کە پێوەندی بەڕاستی دەقەوە هەیەو کە تێیدا پرۆسەی هیرمنوتیکا (لێکدانەوە) ڕوودەدات، بەم شێوەیە دەتوانن تێی بگەین لە دەق وەک (مانای ئەوی دیکە).

ئەم مانایەش بەلای گادامێر (مانای دەقە نەک مەبەستی نووسەر) و (ئەوی دیکە)ش لێرەدا (کاتێکی دیکەی دەقە) ئەم کاتەش بۆ (هەر نەوەیەک لە نەوەکانی خوێنەران وەک پێناسەیەکە بۆ خۆی و بۆ ڕابردووەکەی). واتە هەر سەردەمێک دەبێ بەشێوە تایبەتییەکەی دەق لە خودی ئەو دەقە بگا، چونکە دەق (بەشێکە لە گشتی ئەو کولتوورەی کە سەردەمەکەی بایەخی پێی دەدات و لەنێویدا هەوڵ دەدا لە خۆی بگا). بەڕای ئەو، کات پاڵپشتێکی سەرەکییە بۆ پرۆسەی هیرمنوتیکای دەق، واتە ستانداردێکە بۆ تێگەیشتن لە کولتوور و مەرجەعیەتی دەق. دەڵێ: (دەق بریتییە لە کرۆنۆلۆژیای کاریگەرانەی خودی دەق: بریتییە لە یەکێتی دەق و

تێگەشتنێکی مێژووییانە لێی). گادامێر بەم شێوەیە توانی بڕوا بەخۆی بێنێ کە توانیویەتی بەسەر دوالیزمی (نووسەر و دەق) زاڵ ببێ لە پرۆسەی هیرمنوتیکادا، ئەمەش بە پێداگرتن لەسەر ئەوە کە (مانای دەق پەیوەستە بەکاتەکەی نەک بە نووسەرەکەی). بۆیە جیاوازی نەبینی لە نێوان خوێندنەوەی دەق و ڕەخنەگرتن لە دەق، چونکە پتر بایەخی بە خودی هیرمنوتیکای دەقداوە نەک بە (میانگیری ڕۆڵەکەی).

هەروەها کتێبی (دەسەڵاتی هیرمنوتیکا)ی ڕەخنەگری هاوچەرخ (دی. هیرخ)، چەندین تیۆر لە بارەی چەمکی (مانا Signification) دەخاتەڕوو و ڕەخنەیان لێ دەگرێت، وەک تیۆری (مێژووگەرایی ڕادیکالی) گادامێر کە دەڵێ: (مانا بیرۆکەیەتی مێژووییە) و تیۆری سایکۆلۆژیی کە دەڵێ: (مانا پرۆسەیەکی عەقڵییە نەک بابەتی ئەو پرۆسەیە) و تیۆری سەربەخۆییخوازی Autonomism کە دەڵێ مانا سەربەخۆیە لە ویستی نووسەر و وابەستەی ئەنتۆلۆژیای دەقە. (دی. هیرخ) لە کتێبی ناوبراودا، دیدی هیرمنوتیکایی خۆی لە بارەی جیاوازی نێوان مانای دەق و دەلالەتی Significance دەق لە بواری ئەدەبی و هزریدا تاوتوێ دەکات، بەڕای ئەو لە ڕووی هزرییەوە (مانای دەق پەیوەستە بە مەبەستی نووسەر و دەلالەتی دەقیش پەیوەستە بە پێوەندی نێوان مانای ئەو دەقە و هەلومەرجی خوێندنەوەی یاخود خوێنەری دەق). واتە دەیەوێ بڵێ لەوانەیە دەق یەک مانای دیاریکراوی هەبێت، بەڵام دەلالەتەکەی بێکۆتاییە و بەپێی خوێنەر دەگۆڕدرێت. بەم شێوەیە ناوبراو جیاوازی ڕادیکالیانە دەبینێ لەنێوان (هیرمنوتیکای مانا) و ڕەخنە (ڕەخنەگرتن لە دەلالەتی دەق). وێڕای ئەوەش، (دی. هیرخ) ڕەخنە لە (ئەلقەی هیرمنوتیکایی) دەگرێ و دەڵێ: (جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان تێگەیشتن لە دەق و لێکدانەوەی دەق، چونکە ئێمە لەنێو ڕووداوێکی تایبەتی و بێدەنگ Muteدا لە مانای دەق دەگەین، بەڵام بە ئاشکرایی و لەنێو نیشانەکانی Signs زماندا لێکی دەدەینەوە). کەچی (ستانلی ڤیچ) دەڵێ: (مانای دەق لەودیوی کەسایەتیی Metapersonal خوێنەردا بەرجەستە دەبێت، کە بریتییە لە کۆمەڵێک ستاندارد و عورف و عادەت traditions و بیروبڕوا و دەزگاو کۆمەڵێ هیرمنوتیکایی). ئەم بۆچوونە ئاکامی گرنگی بۆ تیۆری هیرمنوتیکا بەتایبەتی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەگشتی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ناوبراو بڕوای وایە کە ڕاستییەکانی توێژینەوەی ئەدەبی تەنیا لەنێو دەزگایەک و کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا پەیڕەودەکرێن و دەقیش کە توێژینەوەی بۆ دەکەین (تەنیا دەرەنجامی هیرمنوتیکایە کە بۆ خودی ئەو دەقە ڕوون دەبێتەوە:

خوێندنەوە وەک ڕستن و چنینێکە لە ڕێگای کونیەی دەقەوە، نەک دۆزینەوەی، فۆرمی دەقیش خوێنەرێکی تایبەتی بەستانداردەکانی کۆمەڵگەی هیرمنوتیکایی سازی دەدات).

واتە دەیەوێ بڵێ، لێکدەرەوانی دەق وا بەستەی کۆمەڵگەکانیانن کە کۆنترۆڵی ماناو تێگەیشتن لە دەق دەکەن، ئەم بۆچونەش دیدگایەکی ڕادیکاڵیانە بۆ ڕەخنە دەخولقێنێ. بەلای (ستانلی ڤیچ) ڕەخنە (ئەرکی ئەوە نییە شێوەی خوێندنەوەی دروست بێنێتە کایەوە، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە، کە بڵێ لەکام ڕوانگەوە خوێندنەوە هەڵ دەقوڵێت، واتە ئەرکی ئەوەیە، گریمانەو بۆچوونە هیرمنوتیکاییەکان بچەسپێنێ و دواتر ڕاستترینیان پەسند بکات). بە مایەکی دیکە، بەلای ئەو دەق بەرهەمێکی ستراتیژی هیرمنوتیکایی ڕەخنەگرانە و خوێنەریش بەرهەمێکی شێوازی بیرکردنەوە و کۆمەڵگە و کولتووری ئەو خوێنەرەیە.

**سەرچاوەکان:**

**١- نظرية الادب الحديث، ديفيد روبي، ١٩٨١.**
**٢- صلاحية التأويل، دي. هيرخ، ١٩٧٥.**
**٣- الحقيقة و المنهج، هانز غادامير، ١٩٧٠.**
**٤- دراسات في الفيلولوجيا، ستانلي فيج، ١٩٩١.**
**٥- الوجود والزمن، مارتن هايدغر، ١٩٦٢، الطبعة الاولى.**

# تویکاریی هەواڵێک

## به جیهانی بوون

هەزاران کـەس له شـارۆچکەی کـوێسـتـانی «داووس» کـۆبـوونەوه بۆ ئەوەی بە دژی ڕەوتی له «جـیـهـانی بوون» ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕن.

ڕەنگە دێ بچکۆلەی کـوێسـتـانی «داڤـۆس» (١) بۆ زۆربەمان نەناسراو بێ، بەڵام زۆرجار هەواڵی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵکانێکمان له هەمبەر به جیهانی بوون(٢) گوێ لێبووە یا خوێندۆتەوە یا له TVدا بینیـومانه بەڵام ئایا به جیهانی بوون وەکو ئینتەرنێته کە خەریکە سەر لە هەمـوو شوێنێک دێنێتـه دەرێ؟ نا؟ کەوابوو بەجیـهـانی بوون چییە؟ بۆ بەدژی ئەو ڕێپێوان دەکەن؟ ئەگەر خەڵک دژایەتی دەکـەن بۆ لەبەردەوام بوون ناکـەوێ؟ بێگومـان لایەنگرانێکی هەیە کە ئێستا ئێمە خەریکە به جیهانی دەبین! ئەو لایەنگرانە کێن و بۆچی لایەنگری لێدەکەن؟.

لەو نووسراوەیەدا هەوڵ دەدەین تا ڕادەیەک وەڵامی ئەو پرسیـارانە بدەینەوە و بەڕاڤەکردنی ئەو دیاردەیە کارێک بکەین کە خوێنەر خۆی یەکلا کاتەوە کە لەگەڵ کام لایەن و باڵە. هەرچی بێ ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کە له نێوان ئەو دوو باڵە یەکـیـان هەڵـبـژێرن. یەکـەم داگـیـرکـردنی ناڕەزایەتی خولـقـێنی نەوت کـێشـه ئەمریکاییـیـەکـان و دووهەم دامەزراندنی لقی نوێی شەریکەی خۆت له وڵاتی پۆرتۆریکۆدا. ئەو وتارە هەوڵ دەدا لەو هەڵـبـــژاردنەدا ڕێنوێنیتان بکا.

## به جیهانی بوون یانی چی؟

بۆ تێگەشتن لە مانای دروستی بەجیهانی بوون سەرەتا

---

**جادی**
**لە فارسییەوە: مەحموود شێرزاد**
**(ڕۆژهەڵاتی کوردستان)**

پێویسته ئاماژەیەکی کورت بە مێژووەکەی بکەین، بەڵام بەهۆی ئەوە کە کورتە مێژووەکان هەمیشە ماندووکەرن سەرەتا ئاماژە بە پێناسەیەکی چڕی بەجیهانی بوون دەکەین. ئانتونی گیدنزی کۆمەڵناس دەڵێ: «بەجیهانی بوون بەربڵاویی پێوەندی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە لە سەرانسەری جیهاندا. لە سیستمێکی جیهانیدا، ژیانی خەڵک لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە دەکەوێتە ژێر باندۆری ئەو ڕێکخراوەو ڕێگە کۆمەڵایەتییانەی کە هەزاران کیلۆمەتر لێیان دوورن، لەو بارودۆخەدا دەبێ جیهان وەک تاک سیستمێک سەیر بکرێ.(٣)

لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە ڕەوتی بەجیهانی بوون لە کەیەوە دەستی پێکردووە، بیروبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. د. محەمەد حوسێن ڕەفیعی دەیگەڕێنێتەوە بۆ ٣٠٠٠ ساڵ لەوەپێش و بۆ ئەو کاتەی کە فیرعەونەکانی میسر و ئەسکەندەری مەقدوونی بانگەشەی بەجیهانی بوونی حکوومەتەکەیان کردووە، بەڵام سەرەتای بەجیهانی بوون لانی کەم بە مانا مودێرنەکەی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ی زایینی کە «د. کلاوس شاپ»(٤) هێندێک لە بەرپرسانی بەڕێوەبەری (پایەبەرز) ئەورووپای لە گوندێکی بچکۆلە بەشێوەی نافەرمی میوان کرد لە سویس. لەو کۆبوونەوەیەدا د. شاپ (دەرچووی کولێژی مودێرنییەتی بازرگانییە) بۆ بەرپرسانی بەلەیەکی ئەورووپا لەسەر پەرەپێدانی پیشەسازیی و بازرگانی لەجیهاندا قسەی کردو کۆمەڵێک ئاسۆی نوێی لە بواری دۆزینەوەی بازاڕی نوێدا دەستنیشان کرد.

بەسەرنج نەدان بە پاژەکان پێویستە بڵێین تا ئەمڕۆکە ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو مێژوویەدا تێپەڕیوە، ٣٢ دانیشتنی ساڵانە کە زۆربەیان لە هەمان دێی بچکۆلەدا بەڕێوەچووە و ئێستاکە داووس بۆتە ناوەندێکی گرینگی ئابووری جیهان کە هەموو ساڵێک دەبێ هەر کام لەبەرپرسانی پلەبەرزی جیهانی ١٤ هەزار دۆلار بەبۆنەی وەرگرتنی مافی بەشداری کردنی لەو کۆبوونەوانە و گوێگرتن لە وتاری جۆراوجۆر لە بواری بەجیهانی بووندا بدەن(٥) بۆ نموونە: (بۆ دەبێ لە ئەفریقادا سەرمایە گوزاری بکەین، سەبارەت بە داهاتووی بیوتکنولۆژی.)

لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا چ کەسانێک حەز دەکەن لەو کۆبوونەوانەدا بەشداری بکەن دەبێ بڵێین تەنانەت ئەگەر بە شێوەی ڕووکەش گوێ لە هەواڵەکانی جیهان بگرن، لە لیستی بەشداربووانی کۆبوونەوەکاندا ناسیاوانێکی زۆرتان بەرچاو دەکەوێ. کەسانێکی وەک شای پێشووی ئێران، خەرازی وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران. بیل گیتس بەرپرسی کۆمپانیای مایکروسۆفت، کوفی عەنان بەرپرسی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یاسر عەرەفات بەرپرسی دەوڵەتی خودموختاری فەلەستین واسلاو هاول سەرکۆماری چیک، هلموت کۆهل سەرۆک وەزیرانی کۆماری چین، خاوێیر سۆلانا سکرتێری گشتی ناتۆ، لی پنگ سەر کۆماری چین و زۆربەی سەرکۆمارەکانی وڵاتانی دیکە و بەرپرسی ڕێکخراوە گەورەکانی جیهانی وەکو بانکی جیهانی یا WTO و... تاد لە مشتەرییە هەمیشەییەکانی ئەو کۆبوونەوانەن.

دوای ئەو کورتە مێژووە ڕەنگە باشتر بتوانین لە مانای بەجیهانی بوون بگەین، بەجیهانی بوون بە مانای پێکهێنانی بان نەتەوایەتییەکانە. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لە ڕەوتی بەجیهانی بووندا شەریکە گەلی گەورە لە ناوچەی دامەزرانیان. جیا دەبنەوە و بەرهەمەکانی خۆیان لە تەواوی دنیادا بەرهەم دێنن و دەیفرۆشن. بۆ وێنە کۆمپانیای ئۆتۆمبیل سازی فۆرد سەرەتا لە ئەمریکا وەکارخرا و یەکەم ئۆتۆمبیلی خۆی بەرهەم هێنا بەڵام ئەمڕۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی فۆرد مۆدیلی سکۆرت لە وڵاتانی وەک ئاڵمان، سوید، نورویژ، دانمارک، نەمسا، ژاپۆن، سویس، ئیتالیا، هولەند، بلژیک، ئەمریکا، کانادا، ئینگلیس و فەرانسەدا دروست دەکرێ و بەرهەمی کۆتایی لە ئسپانیادا مونتاژ دەکرێ و لەسەراسەری دنیاشدا دەفرۆشرێ و وەک نموونەیەکی دیکە پێویستە بزانین کە زیاتر لە نیوەی کرێکارانی شەریکەی ئەمریکایی جنراڵ موتورز لە دەرەوەی ئەمریکادا خەریکی کارکردنن و بەڵام کۆمپانیای ئۆتۆمبیل سازیی ئیسۆز و (بەهۆی هەڵاتن لە گیروگرفتەکانی گومرگ) ئۆتومبیلەکانی بە مەبەستی فرۆشتن لە بازاڕەکانی ئەمریکا لەنێو خۆی ئەو وڵاتەدا بەرهەم دێنێ.

هەڵبەت دەبێ ئەوە بزانین کە بەجیهانی بوون تەنیا ڕەهەندە ئابوورییەکان ناگرێتەوە. بەجیهانی بوون دەکرێ لە ڕوانگەی سیاسی و کولتووریشەوە خوێندنەوەی لەسەربکرێ. ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان (وەکو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) ئێستاکە بەبێ

سەرنجدان بە یاسا و ڕێسا سنوورییەکان، لە کاروباری جۆراوجۆری سیاسیدا بەشداری دەکەن، یا ڕایەڵکەگەلی پۆستی، تەلەفۆنی و پێوەندی بەبێ سرنج بەوەی کە لە چ وڵاتێکدا کاردەکەن خۆیان لەگەڵ ڕایەڵکەگەلی پۆستی و تەلەفۆنی دیکەی دنیا ڕێک دەخەن. لە هەمان کاتدا ڕایەڵکەگەلی دیکە جیهانی دەبینن کە هەنگاوێک لە بیرۆکەی بەجیهانی بوونی کامڵ نزیکتر بوونەتەوە. وەکو یەکێتی ئەورووپا یا یەکێتی نەوتی «OPK» ئەو یەکێتییەیە بان نەتەوەییانە بە دروشمی ئەوەی کە ئامانج گرینگترە لە سنووره سیاسی و نەریتییەکان لە بواری کاری خۆیاندا گۆڕانکاری قووڵ و شوێن دانەریان پێکهێناوە، نموونەیەک لەو گۆڕانکاریانە لە بەشی دواییدا باسی دەکەین.

## قازانجی بەجیهانی بوون چییە؟

بەڵام قازانجی بەجیهانی بوون چییە؟ وەڵامەکەی زۆر سادەیە. لە بواری ئابووریدا پارەو لە بواری سیاسیدا، هێز و دەسەڵات.

بۆ باشتر تێگەشتن لە قازانجی ئابووریی بەجیهانی بوون، وابزانن ئێوە بەرپرسیارەتی بەڕێوەبردنی کارخانەیەکتان لەسەر شانە، ئەوەی کە کارخانەکەی ئێوە چ شتێک بەرهەم دێنێ گرنگ نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەمڕۆ هەمووان چاو لە TV دەکەن. ڕەنگە باشتر وابێ کە ئێوە بەرهەمهێنی TV بن. ئێوە لە ژاپۆندا دەستتان بە بەرهەمهێنانی TV کردووە بەڵام ئێستا لەو وڵاتەدا کەس نەماوە کە TV نەبێ و لەهەمان کاتیشدا گەورە هێزە ئێلکترۆنیکییەکان ئیزنی ئەوەتان پێ نادەن بچنە ناو بازارە تژییەکانی ژاپۆن. لێرەوە پێویستیتان بەوەیە کە بۆ بردنە سەرێی فرۆشی خۆتان بازاڕی نوێ بدۆزنەوە و چ بازاڕێکیش باشترە لە وڵاتێکی لە حاڵی گەشەی وەک ئێران؟

سەرەتا بۆ هەڵسەنگاندنی بازاڕ ١٠٠٠ دەزگا TV دەهێننە ئێران و بە باشی دەفرۆشرێ، بەڵام هەر چۆنێک بێ، ئێوە بەشوێن لانی زۆری قازانجدا دەگەڕێن، باشترین شێواز بۆ گەیشتن بە زۆرترین قازانج هێنان خوارێی نرخەکانە. بەو مەبەستە بڕیار دەدەن کە حەق دەستێکی کەمتر بدەن بە کرێکاران بەڵام لە ژاپۆندا یەکێتییە کرێکارییەکان ئیزنی ئەو کارەتان پێ نادەن «لەلایەکی دیکەوە لە جەستەی TV یەکەمی ئێوەدا لە پلاستیک کەڵکێکی زۆر وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی ئەوە کە لە ژاپۆندا پیشەسازیی نەوت و پترۆشیمیەکی ئەوتۆ نیە، نرخی پلاستیک لەو وڵاتەدا لەسەرێیە لە هەمان کاتیشدا نرخی گومرکی هاوردەی پلاستیک بۆ ژاپۆن زۆر لەسەرێیە و دەوڵەت دەیهەوێ پێش بەچوونە دەری پارەی ژاپۆن بگرێ.

لێرەدایە کە ڕێگە چارەیەکی زیرەکتان بۆ هێنانە خوارێی نرخی بەرهەمهێنان (لە مووچەی کرێکارانەوە بگرە تا مەوادی سەرەتایی) و ساناتر و کەم نرختر کردنی هەڵگرتن و گواستنەوەی TVییەکانتان تا ئێران بە مێشک دەگا: بەجیهانی بوون!

لە یەکەمین هەنگاودا هێڵی بەرهەمهێنانی خۆتان لە ژاپۆنەوە بۆ وڵاتێکی وەک «نیپال» دەگوازنەوە. نیپال لە ئێران نزیکترە (ئەوەش یانی پارەی هەڵگرتن و گواستنەوەتان کەمتر دەچێ: قازانجی زیاتر) و لە هەمان کاتیشدا ئەو وڵاتە هیچ یەکێتییەکی کرێکاری تێدا نییە، لە وڵاتی نیپال ١٠/١ی حەق دەستی کرێکارێکی ژاپۆنی بەسە بۆ ئەوەی ڕۆژانە هەزاران کرێکار لەبەر دەرگای کارخانەکەتان ڕیز ببەستن.

بەڵام چوونە سەرێی داهاتی ئێوە تەنیا پەیوەست نییە بەو بابەتانەوە. لە چوارچێوەی سیاسی نیپالدا حکوومەتێکی بەهێز نابیندرێ و هیچ چەشنە یاساو ڕێسایەکی هاوردەو هەناردەیەکی تایبەت لەو وڵاتەدا بوونی نییە کەوابوو ئێوە بۆ هێنانی پلاستیک-یش پێویست ناکا پارەی گومرگ بدەن. سەیر کەن، بەرزبوونەوەی قازانجتان هێشتان درێژەی هەیە، چونکە لە وڵاتانی پێشکەوتوودا تا داهاتتان زیاتر بێ دەبێ مالیاتێکی زیاتر بدەن. یانی ئێستاکە ئێوە دوو کارخانەتان (یەک لە ژاپۆن و ئەوی تریان لە نیپاڵ) هەیە دەتوانن قازانجەکانیان بەسەر هەردوو کارخانەکەدا دابەش بکەن، بەو شێوەیە دەتوانن مالیاتێکی کەمتر بدەن لەڕاستیدا بۆ بەجیهانی بوونی زیاتر دەتوانن هێدی هێدی لە فکری بنیاتنانی کۆمەڵێک شەریکەی ژێر کۆیی دابن کە بۆ وێنە لە وڵاتی تونس پلاستیک بەرهەم بێنن. لەوەی کە خودی ئێوە کڕیاری بەرهەمەکانی ئەو شەریکە پەراوێزییانەن قازانج دەرییەکەی گارانتی دەکرێ و پارەی ئێوەش بە جێگەی ئەوەی بچێتە ناو گیرفانی

ڕێکخراوێکی دیکەوە، بەشەریکەیەکی گەیشتووە کە لە ئاکامدا خۆتان خاوەنەکەین. ئێستاکە خۆمان بەجیهانی دەبین دەتوانین بە سانایی لەوە تێبگەین کە بۆچی داهاتی یەک ساڵەی جێنراڵ موتورزی ئەمریکایی زیاتر لە کۆیی بەرهەمهێنانی (ناخالصی ملی) وڵاتانی تایلەند، پاکستان و ئۆروگوئەیە. بەڵام ئێستاش هەنگاو گەلێکی دیکە لە ڕێگەدان.

هەر ئێستا کەسانێکی دیکەش خەریکە خوێندنەوەی ئەو بابەتەن کەوابوو ڕەنگە کارخانە گەلێکی دیکە لە تایلەند، پۆلۆنیا، ئازەربایجان و فەنلاند دامەزراین و خەریکی ناردنی TV بۆ ئێران بن. ئەو کاسانە (وەک ئێوە) حازرن بۆ بەدەستهێنانی بازاڕی ئێران ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر نرخی تەلەفیزیونەکانیان دابەزێنن ئەوەش یانی دابەزینی قازانج. بۆ سەرکەوتن بەسەر ئەو گرفتەدا باشترە بچنە ناو قۆناغێکی دیکەی جیهانی سازی: تێکەڵاو کردنی شەریکەکان و پێکهێنانی یەکێتی گەلی بەرهەمهێنەران.

لەو پرۆسەیەدا، بەجێگەی ڕکەبەرایەتی لەسەر بەشی فرۆش لە بازاڕدا لە ڕێگەی هێنانە خواری نرخەکان لەگەڵ بەرپرسانی شەریکەکانی دیکە ڕێبکەون لەو ڕێکەوتنەدا شەریکە بەرهەمهێنەرەکان بە دیاری کردنی نرخێک و دابەشکردنی بازاڕ لەنێوان خۆیاندا پێش بە هەزاران بوونی ڕکەبەرانەی بەرهەمەکانیان دەگرن.

### عەیبەکانی بەجیهانی بوون چین؟

بەڵام لە هەواڵەکەدا هاتبوو کە هەزاران کەس بە دژی ئەو ڕەوتە نارەزایەتیان دەربڕیوە. سەیر نیە؟ بەڕاستی چ ئیرادێکی هەیە ئێوە لە بەرهەمهێنێکی ناوچەییەوە ببن بە بەرهەمهێنێکی جیهانی؟ چ ئیرادێکی هەیە ئێوە لە شوێنێک بەرهەم بێنن کە هەرزانترە؟ وەڵام سادەیە: هیچ ئیرادێکی نییە بەڵام بەمەرجێک ئێوە خاوەنی لانی کەم کارخانەیەک پارەی پێویست بۆ هەناردەی بەرهەم و پارەی پێویست بۆ بنیاتنانی گەلی دیکە لە وڵاتانی جۆراوجۆردا!

نارازییەکان لە هەمبەر ڕەهەند گەلێکی جۆراوجۆرە و لە بەجیهانی بوون نارازین. لە ڕەهەندێکی ئابوورییەوە لەسەر ئەو باوەڕەن کە بەجیهانی کردن پیشە بچووکەکان لە ناو دەبا. وایدابنێن کە هەر ئەمڕۆ مەکدونالدی ئەمریکایی ئیزنی پێبدرێ هەمبرگرە یەک دۆلارییە بەناوبانگەکانی خۆی لە جوانترین و تەیارترین و پڕ سەرمایەترین ڕێستورانەکانی ئێراندا بفرۆشێ ئەگەر ئێوە لە تاران ساندویچ فرۆشێکی جێکەوتەتان بەڕێوە بردبا چیتان دەکرد؟ یا تەنانەت وای دانێن هەمان کارخانەی TV سازییە فرە ڕەگەزیەکەتان هەبا. ئەگەر بارودۆخ و مەرجەکانی ڕکەبەرەکانتان قبووڵ نەدەکرد، یەکێتیە گەورەترەکان بە هێنانەخوارێی نرخەکانی خۆیان ئێوەیان ناچار بە زەرەرکردن دەدا. بۆ شەریکەیەکی وەک ئیکسون (شەریکەی تەبلیغاتی ئەمریکایی) کە داهاتی ساڵانەی زیاتر لە ١٣٧ میلیار دۆلارە. زۆر ئاسانە کە شەریکەی تەنانەت فرە ڕەگەزی ئێوە لە بازنەی ڕکەبەریی دەرهاوێژێ، یا تەنانەت گەر حەزی لێ بێ، بە کڕینی شەریکەکەی ئێوە، شەریکەیەکی دیکە بە شەریکەتانی خۆیەوە زیاد بکا.

لە ڕوانگەی سیاسییەوە، نەیارانی بە جیهانی بوون بەڵگە دێننەوە کە سەرمایەدارانی گەورەی جیهان (بەتایبەت ئەمریکا) لە ڕێگەی پەرەپێدانی دیموکراسی لە مۆدێلی ئەمریکایی یەکەمی هەوڵ دەدا لە وڵاتانی دیکەدا پڕوپاگەندە بۆ ئازادی بکا، بەڵام ئەو ئازادییە جیاوازی لەگەڵ دادپەروەریدا هەیە. ئەو ئازادییە بەمانای ئازادی هاوردەو هەناردە، ئازادی سەرمایە گوزاری و ئازادی پڕوپاگەندە کردنە. لەو ئازادییەدا ئێوە ئەو مافەتان هەیە حیزبی دڵخوازی خۆتان هەڵبژێرن، بەڵام سەرمایەدارانیش ئەو مافەیان هەیە کۆمەڵێک وێستگەی هەواڵدەری دامەزرێنن و پڕوپاگەندەیەکی بەهێز بۆ کۆکردنەوە و ئاراستەکردن بە بیروڕای گشتی وەڕێخەن لەو ئازادییەدا ئێوە ئەو مافەتان هەیە لە هەر وڵاتێکی دنیادا هەر جۆرە شتومەکێکی دەتانهەوێ بەرهەمی بێنن و بەهەر نرخێکیش کە دەتانهەوێ بیفرۆشن، تەنیا بەو مەرجەی کە بۆ ئەوکارە پارەی پێویستیان هەبێ. لە ئاکامدا و لەو جۆرە ئازادییەدا کڕیار مافی ئەوەی هەیە حەزی لەهەر شتێک بێ هەڵبژێرێ و بیکڕێ، بەو مەرجەی کە پارەی پێویستی بۆ ئەو نرخەی کە فرۆشیار داوای دەکا هەبێ.

ڕەخنەیەکی دیکە ڕووی لە لایەنی کولتووری و ڕاگەیەنیی بە جیهانی بوونە. ئەو ڕەخنەگرانە لەسەر ئەو باوەڕەن کە خۆرئاواییەکان نووسینگەکانی هەواڵدەریان خستۆتە ژێر چنگی خۆیان و ئەو نووسینگانەش بەهەر

شێـوەیەک کـە بیـانهـەوێ بیـروڕای گشـتی دەسـتکاری دەکـەن. بۆ وێنە لە جـەنگی کـۆزۆڤـۆدا ڕۆژانە هەواڵی کوژرانی دەیان موسڵمان بەدەستی سربەکان بڵاو دەبۆوە و وڵاتانی باکـوور (بە مـانای وڵاتانی پیـشـەیی کـە لەبەرامبەردا وڵاتانی باشوور نیـوە پیشەیی) بەگوێرەی ئەو هەواڵانە هێرشیـان کردە سەر بلگراد و حکوومەتی سـوسـیـالیـسـتی ئەو وڵاتەیان گـۆڕی و دواتر بە دەست بەسـەرداگـرتنی پیـشـەسـازییـە گـەورەکـانی ئەو وڵاتە، بازاڕێکی گەورەیان بۆ بەرهەمهێنان پێکهێنا. (٦)

دواتر بەگـوێرەی ڕاپۆرتی لێکۆڵەرانەی دادگـای سـزای نێو نەتەوەیی لە کۆزۆڤۆ ٢١٠٨ جەستەکە بەشێوەی تاکە کـەسی کوژرابوون دۆزرایەوە و ئەمە لە حـاڵێکدا بوو کـە تەرمی سەدان سیرب-یشیان دۆزیەوە.

**ئەنجام**

بەڵام ئێـمـە لەو نێـوەدا چ ئەرکێـکمـان دەکـەوێتـە سـەر شـان؟ ئەگـەر لەو کـەسـانەن کـە پارەی پێـویسـتـیـان بۆ بنیاتنانی کارخانەگەلی فرە ڕەگەزی هەیە و تەنیا لە بیری داهاتی تاکە کەسیدان وەڵام زۆر سانایە؛ بە دڵنیاییـیەوە پێشنیـازتان پێدەکەین هەر لە ئێستاوە تێکەڵ بەکاروانی بەجیهـانی بوون بن، بەڵام ئەگەر ئێوەش وەکو ئێمە پارەی ئەو کارەتان نییە مەسەلەکە ئاڵۆزترە.

لە ڕوانگەی هێندێ کـەسـەوە: ڕەوتی بـەجـیـهـان بوون هەڵبـژاردنێـک نیـیـە، بـەڵکو واقـعـیـەتێکە بەو مـانایە چ بمانهـەوێ و چ نەمـانهـەوێ ناچارین بەجـیـهـانی بین. لە دۆخی ئێـسـتـای جـیـهـاندا- بەهۆی گـوشـاری بەهێـزی وڵاتانی باکوور، ئەو وڵاتانەی کە بیانهەوێ لە بەرامبەر بەجیهانی بووندا خۆڕاگریی و بەربەرەکانی بکەن دەکەونە پەراوێزەوە.

لەو بارودۆخـەدا یا جیـهـان سـەرلەنوێ ببێـتـەوە دوو جـەمـسـەر و وڵاتانی باشـوور بە قـبـوڵ کـردنی پەراوێز بوونی و لە ئاکامـدا بەجێـمـان لە کـاروانی سـیـاسـەت و بازرگانی جیـهـانی، بەجیـهـانی بوون ڕەت بـکـەنەوە یا بە قـبـوولکردنی پرۆسـەی بەجـیـهـانی بوون و بەگـێـرەی ئەو یاسـایانەی کـە لەلایەن وڵاتانی باکـوورەوە هاتۆتە ئاراوە دەچنە نێو کـایەکانەوە. لەو دۆخە هیچ گـومـانێک لەوەدا نیـیـە کـە وڵاتانی باشـوور لە کـولتـوورو ئابووری وڵاتانی باکووردا دەتوێنەوەو دەبنە وڵاتانی هەژار بەکارهێنەر.

هەڵبـەت ڕەنگە ڕێگە چارەیەکی سـێـهـەمـیش بـوونی هەبێ کـە لەو وڵاتانی باشـوور بە کـۆتایی هێنان بە دوژمنایەتی نەتەوەیی کە بەشێوەیەکی گوماناوی ڕۆژانە لە پەرەگرتن دایە، یەکتری بگرن و بەکـەڵک وەرگرتن لە پاوان کردنی سەرچاوە سروشتییەکان (با ئەوە بزانین کە زۆربەی هەرە زۆری کـەرسـتـەی خـاوی دنیـا لە وڵاتـانی باشــووردا هەڵکەوتووە) وڵاتانی باکــوور ناچاربکەن ئاستی یاساو ڕێساکانی ئەو یارییە تا ڕادەیەک دابەزێنن.

لەوەی کە سیـاسـەتی وڵاتانی باکوور ڕوونە (جیـهـانی کردنی بەجیهـانی) ئەوەی کـە جیـهـان لە داهاتوودا بەرەو کوێ دەچێ، پێویستە بە ئامانجی سیاسەتوان و ڕێبەرانی وڵاتانی باشـوور و لەهەمـان کـاتیـشـدا پەیوەسـتـە بەو گوشارانەوە کە کـەسانی و بنیـاتە سەربەخۆکان دەیخەنە سەر مەعادلاتی جیهانی.

**١- Davos دێ بچکۆلەیەکە لە خۆرهەڵاتی سوێس**

**٢- GLobulization**

**٣- گـیـدنز- ئانتـونی- وەرگـێـڕان مـەنووچێـری سـەبووری - (مبانی جامعە شناسی) ص٧٨٠**

**٤- Klaus schwab**

**٥- د. محەممەد هوسینی ڕەفیعی- آن سوی جیهانی سازی، ص ٤٧.**

**٦- حوسێن عـادلی، جێگری ئابووری وەزیری کاروباری دەرەوە و بەرپرسی پێشـووی بانـکی ناوەندی- ڕۆژنامـەی فتح ١٨/ ١٣/ ١٣٧٨.**

**سەرچاوە:**

**www.jadi. net**

# پێشەکییەک لەسەر هاوکێشەی نێوان ئەنفال و خوێندنەوەی ئەنفال لە زمانی کوردیدا

**د. بەختیار سەجادی**
**(سنە)**

## پێشەکی

نووسین لەسەر ئەنفال نووسینە لەسەر واقیعێکی ترسناک و هەژێنەری ئامادە لە بوون و کیانی مرۆڤدا بەگشتی و کورد بەتایبەتی؛ ئەنفال وەکو کارەساتێک ئەو ڕووداوە نییە کە بەتەواوی بخرێتە ڕوو؛ ئەو جینایەتە نییە بە تەواوی فام بکرێ؛ ئەو هێرشە نییە بتوانرێ بەرەو بڕ بکرێ. ئەو کردارە نییە بەرپەرچی بدرێتەوە. ئەو مەبەستە نییە هۆکارەکانی بە دیهاتنی بەتەواوی دەست نیشان بکرێ. ئەو کۆمەڵکوژییە نییە بە مەحکووم کردن و دادگایی کردنی تاوانبارەکان و بکەرەکانی پاک بکرێتەوە و ئەو کاروانە مەرگاوییە نییە فەوتان و مەرگی تاکە تاکەی ئەندامەکانی و ڕەنجی تاکە تاکەی موسافیرەکانی ڕاڤە بکرێ و شی بکرێتەوە، یان لانی کەم کورت و کۆ بکرێتەوە؛ ئەنفال تەنانەت ئەو مەرگەساتە جەرگبڕ و دڵتەزێنەی ساڵەکانی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ی مێژووی کورد نییە کە گوتاری زاڵی سەلەفیی کوردی هەوڵی گێڕانەوە و ساکار کردنەوەی دەدا و لە ڕێگەی هەست و گوڕەوە بانگەشەی بۆ دەکا. ئەنفال تەنیا لە کوشتنی ١٨٢ هەزار کورددا پێناسە ناکرێ.

ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو ڕوانگانەی سەرەوە بۆ ئەنفال بڕوانین، ئەمەش واتە دابەزاندنی کارەساتێک بۆ ڕستە، یاخود دەستەواژە و سەردێڕێک. ئەم دابەزاندنە و ئەو ساکارسازی و گشتی بێژییەی ڕووپەڕی بڵاوکراوەکان و ئەو سەنتیمنتالیزمە چەند پات بووە و ئیفلیجەی ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان نەک هەر سوودبەخش نین لە خوێندنەوەی ئەنفالدا، بەڵکو تەنانەت بەجۆری بەستێنسازی لە پێناو

فامكردنی ئەنفال و لایەنە جیاجیاكانی دادەنرێن كە لە باشترین شێوەی خۆیدا نەک هەر ڕەنجی قوربانیانی ئەنفال لەبیر دەباتەوە و پشتگوێ دەخات، بەڵكو توانای ناوەكی وەرگرتنی كارەساتێكی دیكەش سازدەكات، ئەمەش لەپاڵ ئەو كارەساتەدا سەر لەنوێ كارەساتێكی تر دەخولقێنێ كەپێی دەڵێن كارەساتی فەرامۆش كردنی ڕەنجی قوربانیانی كارەساتێكی تر. كارەساتی یەكەم واتە ئەنفال دەكرێ لە گۆشە نیگای جۆراوجۆرەوە بۆ ڕەهەندە جیاوازەكانی بڕوانین وەک: توێكاریی ئەو سیستەمەی توخم و بكەرە پراكتیكی و كاركردخوازەكانی بووە هۆی خولقاندنی ئەنفال- خوێندنەوە و ڕەخنەكاریی ئەو ئەقڵییەتەی ئەنفالی بەدی هێنا- گەڕانەوە بۆ ئامارەكان و بەڵگەكان بە مەبەستی پیشاندانی ژمارەی قوربانیان و چەشنگەلی جیاجیای كوشتن و قەڵاچۆكردن و لەناوبردنیان دەست نیشانكردنی خەسڵەتە سەرەكییەكان، یاخود تایبەتمەندییە بەرچاو و لاوەكییەكانی تاكەكەس یان سیستەمی خولقێنەری ئەنفال- هەوڵدان بۆ سازكردنی وێكچوون لەنێوان خولقێنەری ئەنفال لە لایەكەوە و خولقێنەرانی كارەساتەكانی تری مرۆڤایەتی لەلایەكی ترەوە- دەرەنجام و ئاكامە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆكانی ئەنفال- شیكاریی دۆخی هەبووی كورد و چۆنیەتی شێوە ڕوانینی سیاسی و چییەتی سروشتی ئیپستیمی و كۆمەڵایەتی زاڵی ساتەوەختی ڕوودانی ئەنفال- ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ئەنفالگەلێكی دیكە و چەندین ڕوانگەی جیاجیای لەم چەشنە.

لەم وتارەدا بەڵام باس لە خوێندنەوەی دەروونناسانە و كۆمەڵناسانە و مەعریفی، یاخود سیاسی كارەساتی ئەنفال و ئاكامەكانی و تایبەتمەندییەكانی ناكرێ، ئەگەرچی لێكۆڵینەوە لەو تەوەرانەی سەرەوە بە پێویست دەزانرێ، بەڵام بەتەواوكەری خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەنفال و پەرەپێدانی ڕوانگەكانی ئێمە بۆ ئەم كارەساتە لە قەڵەم نادرێن و زۆربەی ئەو بەرهەم و توێژینەوانەش لەم ئاقارە تایبەتەدا ئاراستە كراون لە پلەی یەكەمدا بە ناكامڵ دادەنرێن، چونكە لە لایەكەوە هەڵگری بنەواشەی بابەتێتی نین و توێكاری بابەتیانەیان تێدا ونە و زۆربەشیان دەچنە نێو خانەی ئەدەبی گێڕانەوەیی و ڕۆژنامەنووسانە و هەست ئامێز و ڕووكەشیانەوە، لە لایەكی دیكەشەوە، ئاوڕیان لە هۆكارە ناوەكی و دەرەكییەكانی بەدی نەهاتنی خوێندنەوەیەكی گرفتساز و بابەتیانە بۆ ئەنفال نەداوەتەوە كە لانی كەم هاوسەنگی ئەو خوێندنەوانە بێ كە بۆ نموونە ئەندامە سەرەكییەكانی قوتابخانەی فرانكفۆرت بۆ كارەساتی ئاشویتز بەرهەمیان هێناوە.

گەرچی شوبهاندنی ئەنفال بە ئاشویتز و هەوڵ بۆ سازكردنی وێكچوویی نێوان ئەم دوو كارەساتە بۆ خۆی پیشاندەری لاساییكاری و ساكارسازییەكی دیكەیە و نەبوونی وزەی شیكارانەی نووسەری كورد دەخاتە ڕوو، بەڵام كارەساتە، گەر وا بزانین ئەنفال لە كارەساتەكانی دیكەی مێژووی مرۆڤایەتی بەتەواوی جیایە، یاخود تەنیا كارەساتێكە تایبەت بە كورد لە شوێنكاتێكی دیاریكراودا. خوێندنەوەی ئەنفال چەندە خوێندنەوەی ئەو سیستەم و ئەقڵییەتەیە كە ئەنفالی خولقاند، ئەوەندەش خوێندنەوەی ئەو زەینییەتە تاكەكەسی و ئەو شوناسە كۆییەیە ئەنفالی وەرگرت. خوێندنەوەی ئەنفال چەندە شیكردنەوە بێ دەرهەق بەو سیستەمەی ئەنفالی بەرهەم هێنا، پێویستە ئەوەندەش دەرخستنی ئەو پاشخانە فیكری و چوارچێوە كۆمەڵایەتییەی بێ كە نەیتوانیوە بە شێوەیەكی بەرفراوان و تیۆریک و وردەكارانە ئەنفال بخوێنێتەوە. خستنە ڕوو و لێكدانەوەی سیستەمی خولقێنەری ئەنفال چەندە خەسڵەتە ڕەهاخواز و دوگماتیست و نامرۆیی و دڕندەكانی بە دیهێنەری ئەنفال بەرجەستە دەكاتەوە، هێندەش ئیفلیجی و خەساویی ئەو خەسڵەتە ناوەكییەی زەینیەتی كوردی پیشان دەدا كە نەیتوانیوە لانی كەم هۆكارەكانی ئفلیجی و خەساویی ناهۆشیاری خودی خۆی لە خوێندنەوەی ئەنفالدا بدۆزێتەوەو لێیان تێپەڕێ.

ئەم وتارە دەیەوێ ئەو هۆكارە ناوەكییانە و ئەولەمپەرە سەرەكییانە بەرجەستە بكاتەوە كە لە خوێندنەوەی ئەنفال لە گوتارە جیاجیاكانی نێو زمانی كوردیدا قوت دەبنەوە و هەر كامیان هۆكردی هۆكارە چارەنووسسازانەكانی نێو شوناسی ئایدیۆلۆژیكی ئێمەن. هەر بۆیەش پێویستە پێناسەی تایبەتی ئەم وتارە بۆ شوناسی كوردی بەگشتی و شوناسی ئایدیۆلۆژیكی كوردی بەتایبەتی و شێوە ڕوانینی بنچینەیی و ڕێباز ناسیی بەرچاوی ئەم وتارە بۆ زمان و ناخود ئاگای كوردی بە خاڵێكی جەوهەریی ئەم نووسینەی بەردەست دابندرێ و دەشێت بەشێوەیەكی بنەڕەتی و تیۆریک پێوەندی دوولایەنە و گرفتسازی

نێوان کیان و بوون و شوناس لە لایەکەوە و زمان لە لایەکی ترەوە ڕەچاو بکرێ.. لە ساتەوەختێکی وا گرنگدا پەنجە خستنە سەر هەندێ لایەنی تیۆریکی پێوەندیدار بە باسەکەوە ئەو بیرۆکەیەشمان لەلا گەڵاڵە دەکا کە ئەم خوێندنەوەیەی ئێمە بۆ ئەنفال خوێندنەوەیەکی تیۆریکە بۆ نەبوونی خوێندنەوەی فەلسەفی و نائایدۆلوژیک لەسەر ئەنفال وەکو کارەساتێکی مرۆیی. کەواتە ڕوانگەی تایبەتی ئێمە و پێناسەی دیاریکراوی ئەم وتارە لە هەمبەر هەندێ چەمکدا وەک ئایدیۆلۆژی و زەینییەت و ناخودئاگا و دەسەڵات و شوناس و بابەتێتی و ئەمئەوێتی گرنگ دەنوێنێ.

## خوێندنەوە جیاجیاکانی شوناسی کوردی بۆ ئەنفال

ئەگەر سەرجەم خوێندنەوەکانی نێو زمان و شوناسی کوردی بۆ ئەنفال بەسەر دوو بەشی گەورەی خوێندنەوەکانی «ناسکاری ئەقڵانی» و «بەرناسی پاش بنەماخوازی» دابەش بکەین، ئەو خاڵەمان بەسانایی بۆ دەردەکەوێ کە زۆربەی خوێندنەوەکان بریتین لە خوێندنەوە ڕووکەشیانەکان، بیروڕا زارەکییەکان و هەڵوێستە جیاجیاکانی تاکەکان پتر بەرهەمی سووژەی پاش بنەماخوازی کوردین. سووژەی پاش بنەماخوازانە ئەو مرۆڤەیە کە لە یەکێتی و ئەمئەوێتی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکاندا ژیان بەسەر دەبا و نەک هەر ڕوانگەکانی بۆ پرسە جیاجیاکان، بەڵکو شێوەی هەڵسوکەوتیشی لەگەڵ دیاردە جیاوازەکاندا بەندە بەو ئایدیۆلۆژیایانەوە کە لە دۆخێکی کۆمەڵناسانەی تایبەت بە کورد و ڕەوتێکی زمانناسانەدا و بەشێوەیەکی ناخودئاگا وەری گرتوون و بوونەتە بەشێکی جیانەکراوەی زەینییەت، کەواتە شوناسی ئەو مرۆڤە، یەکەم هەنگاو لە پێناو دەست نیشانکردنی خوێندنەوەی ڕوانگەی سووژەی پاش بنەماخوازانە بۆ چەمک و دیاردە جۆراوجۆرەکان بریتییە لە ناسینی ئەو ئایدیۆلۆژیایە لە زەینی ناهۆشیاری ئەو سووژەیەدا ئامادەیە.

ناسکاری ئەقڵانی لەلایەکی ترەوە دژ بەمەو بەردەوام لەگەڵ ناسکاری پاش بنەماخوازانەدا لە کێشە و ململانێی دەروونیدایە و ئەو خوێندنەوەیەی ناسکاری ئەقڵانی کوردی بۆ کارەساتێکی وەک ئەنفال ئاراستەی دەکا جیاوازە لەوەی سووژەیەکی پاش بنەما خوازانە بەرهەمی دەهێنێ. خاڵی هەرە گرنگ، بەڵام شاراوە لێرەدا ئەوەیە کە خوێندنەوەکانی سووژەی پاش بنەماخوازانە بۆ ئەنفال نەک هەر بەهۆی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکەوە سێبەریان بەسەر ئەوانەی سووژەی ئەقڵانیدا داخستووە، بەڵکو تەنانەت ئەم جۆرە خوێندنەوانە بەشێوەیەک لە ناخودئاگای کوردیدا جێگیر بوونە کە تەنانەت بۆ خۆشیان ڕواڵەت و سروشتێکی ناهۆشیارانەیان هەیە و لە ڕاستیدا خوێندنەوە نین لە پێناو ناسین و توێکاری ئەنفالدا، بەڵکو خزمەتێکن بەو ئایدیۆلۆژیا تایبەتەی ئەو زەینییەت و شوناسەیان پێکهێناوە لە ڕێگەیەکی جیاجیاوە و لێرەشدا لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەنفالەوە.

سووژەی ئەقڵانی کوردی بە پێی پێناسەیەکی دیاریکراو و تایبەت هەست بە نائەمئەوێتی لەگەڵ ئەو خوێندنەوانە دەکات. سووژەی پاش بنەما خوازانەی کورد لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ چییەتی و سروشتی ئەو خوێندنەوانەدا لەباری دەروونناسانەوە یەکبوو و ئەمئەوە. جگە لەمەش سووژەی ئەقڵانی کوردی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکانی ئامادە لە زمانی کوردیدا نائەمئەوە، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی لایەنە لاواز و کوشندەکانیان زۆر جار کیانی کوردییان بەشێوەیەکی ناهۆشیارانە لە هێمنی و سەربەخۆیی دەروونناسانە دوور خستۆتەوە و خەسڵەتێکی ئایدیۆلۆژیکیان بەخشیوەتە زەینییەتی تاکەکەسی و شوناسی کۆیی کورد کە دەکرێ وەکو شوناسی ئایدیۆلۆژیک ناوی لێ بەرین.

لێرەدا بە مەبەستی دەرخستنی خوێندنەوە جیاجیاکانی شوناسی کوردی لە زمانی کوردیدا بۆ کارەساتێکی وەکو ئەنفال دەشێت تا ڕادەیەک شیکارانەتر لەسەر شوناس بدوێین و پاشان ئەو خوێندنەوانەی شوناسی کوردی بۆ ئەنفال بەرجەستە بکەینەوە و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە بیانخوێنینەوە. ئەگەر ڕەچاوی ئەو خاڵە بکەین کە هەر دوو زاراوەی شوناس و ئەمئەوێتی لە زمانە بیانییەکاندا بەیەک شێوە و لە ڕواڵەتی (IDENTITY)دا بەکاردەهێنرێن، لەوانەیە تۆزێ زیاتر لە هەقیقەتی پێوەندی نێوان وتەزاگەلی شوناس و ئەمئەوێتی و خوێندنەوەی شوناسی کوردی بۆ ئەنفال و ئەمئەوێتی شوناس لەگەڵ زمان و کیان و بووندا نزیک بینەوە. بە واتایەکی تر، شوناسی بەردەوام لەگەڵ هەندێ

چەمک و دیاردە و سیفەت و وتەزادا ئەمەوە؛ ئەم ئەمئەوێتییە جیاوازە، خوێندنەوەی تایبەتی شوناسی کورد بۆ ئەنفال دیاری دەکا. ڕێڕەوی خوێندنەوەی ئەم وتارە بۆ ناسینی خوێندنەوەکانی شوناسی کوردی بۆ ئەنفال بریتییە لە خوێندنەوەو دەست نیشانکردنی ئەو وتەزا و سیفەت و دیاردە جیاجیایانەی لەگەڵ شوناسی کوردیدا ئەمئەو و یەکانگیرن. لێرەشدا ساکاری و گەمژەییە کە دەوری هەرەگرنگی زمان وەکو کیانێکی گشتگیر و فرەڕەهەند و کاریگەر فەرامۆش بکەین.

مەبەست لە وتەزای زمان ئەو کیانە گشتگیرو ئەو دەسەڵاتە ئامادەی نێو ناهۆشیاری و زەینی ناخودئاگای مرۆڤە و خوێنەر پێویستە سەرنجی ئەم خاڵە بدات کە لێرەدا مەبەست لە زمان سێ توخمی پێکهێنەری زمان، واتە ڕێزمان و دەنگناسی و واژەناسی نییە و دیسانەوەش مەبەست ئەو پێناسەیە نییە کە زمانناسی بنەماخوازانە بانگەشەی بۆ دەکا و بەو پێیە زمان بریتییە لە سیستەمی نیشانەکان. کەواتە پێش مەرجی سەرەکیی ناسینی چەشنی جیاوازی خوێندنەوەی شوناسی کوردی بۆ ئەنفال، ناسینی ئەو زمان و زەینییەتەیە کە ئەنفالی پێ دەخوێندرێتەوە. هەر بەهەمان شێوەش ناسینی خوێندنەوەی جیاوازی شوناسی کوردی بۆ ئەنفال، ناسینی ئەو توخم و ڕەهەند و لایەن و بناغە مەعریفی و ئایدیۆلۆژیکانەیە کە ئەو زمان و زەینییەتەیان پێک هێناوە و هەر کامیان لەلایەن گوتارێکی دەسەڵاتدارەوە، ئەوانەی ڕابردوو و ئێستا بەرهەم هێنراون و دووبارە کراونەتەوە و وەکو ئەلگوویان لێهاتووە و چووونەتە ناخودئاگای سووژەی پاش بنەماخوازی کوردییەوە. کورتی کەمەوە، شوناس شتێ نییە جگە لە کۆی ئەو ئایدیۆلۆژیا جیاجیانەی لە زمان و زەینییەتی سووژەدا ئامادە بوونیان هەیە و خوێندنەوە جیاجیاکانی شوناسی کوردیش بۆ ئەنفال شتێ نییە جگە لەو خوێندنەوانەی بەشی زۆریان لە لایەن ئایدیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە بەرهەم هێنراون، یاخود بانگەشەیان بۆ دەکرێ. واتە شوناسی ئایدیۆلۆژیک خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیک بەرهەم دەهێنێ و خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیک لە زمانی ئایدیۆلۆژیک کەڵک وەردەگرێ و زمانی ئایدۆلۆژیک ئەو زمانەیە کە لە توخم و ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیک پێک هاتووە و ئەم توخم و ڕەهەندانەش پێش ئەوەی بەرجەستە کردنەوەی لایەنە جیاجیاکانی کارەساتی ئەنفال و دەرخستنی ڕەنجی مرۆیی قوربانیانی کارەساتی ئەنفالیان بەلاوە مەبەست بێ، هەوڵ دەدەن لە ئەنفال وەکو ئامرازێک بە مەبەستی بانگەشە بۆ ئەو ئایدیۆلۆژیا تایبەتە کەڵک وەربگرن، ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی سێبەریان شوناسی سووژەی کوردییان داپۆشیوە و ئەم سووژەیەش تەنانەت ئەگەر وەکو سووژەیەکی نووسیاریشی لە قەڵەم بدەین، ئەم سووژە پاش بنەما خوازانەیە کە خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژیک لە کارەساتی ئەنفال بەرهەم دەهێنێ.

زمانی کوردی ئەو زمانەیە کە بەهۆی درەنگ گەشەکردنی ناتەواوەوە لە باری نووسینەوە و لەبەر بەکارهێنانی ئامرازئاسای لە لایەن دەسەڵاتە جیاجیاکانەوە لە ساتەوەختی چارەنووسسازدا و بەتایبەت بەهۆی ئەوەی کە ڕواڵەتێکی یەکگرتوو و نەریتێکی بەردەوامی نەبووە و پەیڕەوی لە نەریتێکی یەکگرتوو، بەڵام جیاواز نەکردووە، دەسەڵاتیش بەساکاری و بەو چەشنەی دەیەویست بەکاری دەهێنا و بۆ مەبەستەکانی خۆی دەیخەملاند و تەنانەت گۆڕانکاریشی تێدا دەکرد و بەخواستی خۆی چەمک و وتەزای جیاجیای تێدا پەروەردە نەکرد یان هەندێ چەمک و وتەزای پشتگوێ دەخست و ئەم زمانەش یان باشتر بڵێین ئەم زمانە جیاجیایانە بەسەر زەینییەتی تاکەکەسی و شوناسی کۆییدا دادەسەپێندران، یاخود لە ڕێگەیەکی ناهۆشیارانەوە ئەو زەینییەتەیان پێک دەهێنا. ئەم زمانانە هەڵگری ئەو توخم و ڕەهەندە ئەخلاقی، سیاسی، سەلەفی، حیزبی، ئایینی و مەرامییە جیاواز جیاوازانەیە کە هەر کامیان دەوری تایبەتی خۆیان دەگێڕن و تێکڕا ڕێگر بوونە لە بەردەم بەدیهاتنی زمانێکی بابەتییانە و زانستی بۆ خوێندنەوەی پرسە جۆراوجۆرەکان، کەواتە هەر زمانە و خوێندنەوەی جیاوازی خۆی بۆ ئەنفال ئاراستە دەکا. ئەگەر کۆی ئەم توخم و ڕەهەندانەی سەرەوە بە بابەتی ئایدیۆلۆژیک ناوزەد بکەین، تێدەگەین کە لەم خوێندنەوانەدا زەقکردنەوە و تیشک خستنە سەر ئەنفال تەنیا بیانوو و ئامرازێک بووە بۆ بەرجەستە کردنەوەی لایەنی خێرخوازانە و خەسڵەتی سوودمەندیی ئەو ئایدیۆلۆژیا تایبەتە دەرهەق بە کورد. هەر بۆیەش تاکو ئێستا زۆر بە دەگمەن لێکۆڵینەوەی خاوێنی تیۆریک هەڵگری تایبەتمەندیی بابەتیبوون و بەبێ دەست تێوەردانی زەینییەتی دەرەوەی ئەنفال یان هەڵگری تایبەتمەندی ڕوانینی وردەکارانە لەلایەن ئەو نووسەرە

ئایدیۆلۆژیكانەوە پێشكەش نەكراوە. نووسەرانی سیاسی، سەلەفی، مێژوو نووس، حیزبی، ئایینی، مەرامی، ژورنالیست و بروكراتی گوتارە جیاجیاكانی زمانی كوردی كە هەر نووسەرەو پاڵپشتی ئایدیۆلۆژیكی خۆی هەیە، كەواتە لە چوارچێوەی بەرتەسك و هێڵە سوورەكانی ئەو ئایدیۆلۆژیا و ئەو دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیكە دەرباز نابێ، لە پێناو بەرهەم هێنانی توێژینەوە بابەتییەكان لەسەر پرسە جیاجیاكان و بەتایبەت ئەنفال سەركەوتوو نەبوونە. ئەم وتارە لەم ڕێگەیەوەیە كە هەوڵ دەدا ئەو كۆسپ و بەربەستانەی ئاكام و بەرهەمی توخم و ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیكەكانی زمانی كوردی بۆ خوێندنەوەی كارەساتی ئەنفال بەشێوەیەكی پاژنوارانە و وردەكارانە بخاتە ڕوو، لەم سۆنگەیەشەوە باشتر لە هەقیقەتی هاوكێشەی ئەنفال و خوێندنەوەی ئەنفال لەلایەنی شوناسی كوردییەوە نزیك دەبینەوە و پێویستە پێش بە ئەنجام گەیاندنی ئەو باسەی سەرەوە كە هاوكات بابەتی سەرەكی وتارەكەشە باسێكی دیكە لە پێوەندی نێوان ئەنفال و ئایدیۆلۆژیا و دەسەڵات بهێنینە ئاراوە.

**ئەنفال، ئایدیۆلۆژیا و زمان**

ئایدیۆلۆژیا ئەو دەسەڵاتە سازی دەكا و دەیهێنێتەوە ئاراوە، یان بەو جۆرەی ئالتوسێر دەڵێ ئەو دامودەزگا ئایدیۆلۆژیك و سەركوتكەرانە دەیخوڵقێنن كە نەك هەر پەرەی پێدەدەن و دەیپارێزن، بەڵكو تەنانەت بۆ خۆشیان دەوری سەرەكییان لەبەردەوامبوونیدا هەیە. خوێندنەوەی ئەنفال لە ڕێگەی زمانی ئایدیۆلۆژیكەوە یەكسەر ڕووبەڕووی شێوەڕوانینی دەسەڵاتە جیاجیاكان بۆ ئەنفال-مان دەكاتەوە. بە واتایەكی ڕوونتر هەر دەسەڵاتە و لایەنێك لە ئەنفال بەرجەستە دەكاتەوە كە پتر پێوەندی و هاوسۆزی لەگەڵ ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیكەكانی ئەو دەسەڵاتە تایبەتەوە هەبێ و ئەمەش واتە كورتكردنەوەی ئەنفال بۆ یەك ڕەهەندی تایبەت.

ئەگەر ئەو پێناسەیەی سەرەوەمان بەلاوە پەسەند بێ یەكەم هەنگاوی پێویست لە باسكردن لەسەر خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیك بۆ ئەنفال بریتییە لە دەست نیشانكردنی چەشنە جیاجیاكانی دەسەڵات كە بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە دەكرێ وەكو دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیكەكان ناویان لێ بەرین. شیكارییەكی وا گرنگ و چارەنووسساز تا ڕادەیەك لەمەڕ دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیكی كۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و لە چەند سەردەمێكی مێژوویی تایبەتدا ئەنجام دراوە. (١) واتە، لە ئەرشیفی نقیساری و بیری مەعریفی و تیۆری كاركردخوازانەی چەند وڵاتێكی ڕۆژئاواییدا هەست بە مێژوویەكی شیكارانەی ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیكە جیاوازەكان و چەشنەكانی دەسەڵات و چۆنیەتی پێوەندییەكانی دەسەڵات دەكرێ. هەڵبەت ئەم خاڵەی دوایی زیاتر بەیارمەتی هەندێ تیۆری هاوچەرخەوە وەك مێژووییخوازیی نوێ ئەنجام دراوە. لە ئەرشیفی نقیساریی كوردیدا لێكۆڵینەوەی فرەگیر و مەیدانی و بابەتییانە دەربارەی ڕەهەندە جیاجیا ئایدیۆلۆژیكەكان، یاخود چۆنیەتی پێوەندییەكانی دەسەڵات و ڕادەی كاریگەرێتی درێژخایەن و كورتخایەنی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیك لەسەر شوناس و كیانی كورد بە ڕادەیەكی زۆر لەبەر دەستدانییە تاكو لەم ڕێگەیەوە بتوانرێ بەشێوەیەكی زانستی لە خوێندنەوە جیاجیاكانی شوناسی كوردی بۆ پرسە جۆراوجۆرەكان و لەوانە ئەنفال، هەروەها پێوەندیی ئایدۆلۆژیاو دەسەڵات بە ئەنفالەوە باس بكرێ.

بە مەبەستی كردنەوەی دەروازەیەك بۆ ئەو باسەی سەرەوە- هەڵبەت لەم وتارەدا ئێمە هەر تەنیا دەروازەیەكی ئاوەڵا دەكەینەوە و ڕێڕەوێك بۆ خوێندنەوە جیاجیاكانی شوناسی كوردی بۆ ئەنفال دەخەینە ڕوو دەتوانین پەنجە بخەینە سەر ئەو دەسەڵاتانەی ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیكەكانیان لە ڕەوتگەلی درێژخایەن و تیژتێپەڕدا كاریان لە شوناسی كوردی كردووە و جێ پەنجەی ئەم كاریگەرێتییەش بەسەر خوێندنەوە جیاجیاكانی شوناسی كوردییەوە بۆ كارەساتی ئەنفال بەشێوەیەكی زەق و زۆپ دەبیندرێ. هەروەها بۆ توێكاریی بابەتیانە و پۆلێنبەندی لۆژیكی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵات یان دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیك بۆ كارەساتی ئەنفال پێویستە ئاورێك لەو تیۆرییەی ڕەیمۆند ویلیامز، فەلسەفەكاری ماركسیستی ئینگلیزی، بدەینەوە كە بۆ ناسینی بارودۆخی كۆمەڵایەتی و ئابووریی سەردەمە جیاجیاكان و بەمەبەستی لێكۆڵینەوە لە پێوەندییەكانی دەسەڵات و جۆری تایبەتی دەسەڵاتە زاڵەكانی هەر سەردەمێك، ئەو دەسەڵاتانە بەسەر سێ جۆرە دەسەڵاتی زاڵ و لەناوچوو و نەوڕسك دابەش دەكات. (٢) ئەمانەش ئەو دەسەڵاتانەن بەردەوام ڕەهەندی ئایدیۆلۆژیك و سووژەی ئایدیۆلۆژیك بەرهەم دەهێنن و ئەم سووژەیەش سەر لەنوێ ئەو دەسەڵاتە بەرهەم دەهێنێتەوە (دیالكتیكی بەرهەمهێنی ئایدیۆژیا و

بەرهەمهێنانەوەی ئایدیۆلۆژیک).
دەسەڵاتی لەناوچوو (بەپێی تیۆرییەکەی ویلیامز، ئایین یەکێک لە دەسەڵاتە لەناوچووەکانی کۆمەڵگا پێک دەهێنن) لە ڕەوتی درێژخایەنی ئامادەبوونی خۆیدا بە قووڵی و بە تەواوەتی کاریگەرێتی لەسەر زەینییەتی تاکەکەسی و شوناسی کۆیی کوردی داناوە و ئەم دەسەڵاتە لە ڕێگەی ئەو ئولگوو و سەرچەشنانەی لە ڕەوتێکی درێژخایەندا بەردەوام دووبارە کراونەتەوە و بەرهەم هێنراونەتەوە و چوونەتە ناخودئاگای کوردییەوەو بەشێکی جیانەکراوەی شوناسی کوردییان پێک هێناوە. بیری شیوعی و بیری سەلەفی لەسەردەمی ڕابردوودا و بەو جۆرە ویلیامز دەڵێ بیری ئایینی، نموونە بەرچاوەکانی ئەم جۆرە دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکە پێکدێنن کە شوێن پەنجەیان بەسەر خوێندنەوەی شوناسی کوردی بۆ دیاردە و پرسە جۆراوجۆرەکاندا هەست پێدەکرێ.
سەبارەت بە دەسەڵاتی زاڵیش پێویستە بڵێین ئەم دەسەڵاتانەش تەنانەت لە ڕەوتێکی کورتخایەندا دەتوانن سەرکەوتووبن لە چوونە ناو زەینییەتی سووژەوە. وەک ئیمبرتۆ ئیکۆ دەڵێ ئەوڕۆکە لە ڕەوتێکی کورت و تیژ تێپەڕی مێژوودا دەکرێ هەندێ ئولگوو و سەرچەشنی جیاواز بێتە بەرهەم و کار لەشێوە ڕوانین و زەینییەتی سووژە بکات. (٣) ئەم دەسەڵاتە زاڵانە لە ڕێگەی خوڵقاندن و پەروەردە کردن و پاراستنی ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیکەکانی خۆیانەوە دەست دەکەن بە بەرهەم هێنانی ئولگووە جیاوازەکانی کە ئەم ئولگووانەش دەوری سەرەکی لە پرۆژەی شوناسسازیدا دەگێڕن، هەروەک وترا کار لەو ڕوانگانە دەکەن و جێ پەنجە بەسەر ئەو هەڵسوکەوتانەوە بەجێ دەهێڵن کە سووژەی کوردی بۆ دیاردەیەک وەک ئەنفال هەیەتی. نموونەی سەرەکی ئەم دەسەڵاتانەش بریتین لە دەسەڵاتی حیزبایەتی بەتایبەت لە کوردستانی باشوور و دەسەڵاتی گوتارە بروکراتیک و بورژوازییەکان بەتایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەسەڵاتی ژورنالیستی و دەسەڵاتی سەلەفییەت (ئێمە سەلەفییەت هەم وەکو دەسەڵاتێکی لەناوچوو و هەم وەکو دەسەڵاتێکی زاڵ پێناسە دەکەین) و دەسەڵاتی ئەو مەرامە جیاجیا ئیفلیجکەرانەی تریبوون و خوێنەر و بیسەریان لەبەردەستدایە و بە گشتی لە پرۆسەی ئولگووسازی و سەرچەشنسازی و شوناسسازی و بەو پێیەش خوێندنەوەی تایبەتی و ئایدیۆلۆژیک بۆ پرسە جیاجیاکان دەوریان گێڕاوە. بە مەبەستی پیشاندان و خستنە ڕووی خوێندنەوە جیاجیاکانی شوناسی کوردی بۆ کارەساتێکی وەک ئەنفال پێویستە سەرەتا و لە یەکەم هەنگاودا کۆی ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی دەسەڵاتگەلی ڕابردووی زاڵ و ئامادە لەکییان و بوون شوناس و زەینییەتی ئێمەدا بەرجەستە بکرێنەوە؛ ئەوانەی بیچمیان داوەتە شێوە ڕوانینەکانی ئێمە بۆ خوێندنەوەی ئەنفال. لێرەدا ناچارین ئەو دەسەڵاتانە بخەینە بەرچاو کە لە ئەنجامدا لایەنێک لەلایەنەکان یاخود بابەتێکی پەراوێزی و لاوەکی و خاڵە سەرەکییەکانی ئەنفال بەرجەستە دەکەنەوە.
یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەو پرسەی لەبەرچی ئەنفال هێشتا لەناو کورددا وەکو پەراوێز و بابەتی لاوەکی ماوەتەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەنفال هێشتا لە زەینییەتی تاکەکەسی و بەتایبەت شوناسی کۆییماندا ئامادە بوونی چالاکی نییە (وەک زەینییەتی تاکی کوردی کوردستانی باکوور و ڕۆژهەڵات)، بۆ ئەو واقیعەی کە زۆربەی دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکەکانی سیاسەت و فیکر و ئەدەب و هونەری کوردی لە پرۆژەی ئولگووسازیی ناڕاستەوخۆی خۆیاندا یان ئاوڕ لە ئەنفال نادەنەوە، یاخود بەشێوەی پاڵەکی باسی لێ دەکەن و یان ئەو لایەنانەی کارەساتی ئەنفال بەرجەستە دەکەنەوە کە لەگەڵ بناغە فیکرییەکانی ئەو دەسەڵاتەدا تەبابێ. بۆ نموونە، ڕێکخراوەی ئافرەتان باس لە لەناوچوونی ئافرەتان لە ئەنفالدا دەکات و ئەنفال گرێ دەداتەوە بە مافی ئافرەت، حیزبەکان لە ئەنفال هەر تەنیا بۆ پیشاندانی شەرعیەتی خۆیان کەڵک وەردەگرن و گرووپێکی تر ئەنفال دەکاتە بیانوویەک و بۆ پرۆژەی نەتەوەسازی کەڵکی لێ وەردەگرێ و لە هەمووشیاندا خودی کارەساتەکە فەرامۆش دەکرێ. یەکێ لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەم پرسیارە کە ئەنفال بۆچی لەلای ئێمە نەبۆتە دیاردەیەکی هەژێنەر، یاخود بابەتێکی بەرجەستە ئەوەیە کە ئەنفال وەکو کارەساتێکی مرۆیی هێشتا نەچۆتە شوناسی کوردییەوە، واتە ئەنفال بەهۆی ئەوەی کە لەلایەن دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکەوە بەردەوام پشتگوێ دەخرێ، یان کورت و ساکار دەبێتەوە، یاخود لایەنێکی بەرجەستە دەکرێتەوە هێشتا نەبۆتە بەشێک لە ناهۆشیاریی کوردی. ئەو توخم و ڕەهەندە ئایدیۆلۆژیکانەی دەسەڵاتە جیاجیاکان بوونەتە بەشێک لە ناخودئاگای کوردی کە لە پرۆسەگەلی

درێژخایەن و تیژتێپەڕی ئامادە بوون و بەرهەم هێنان و بەرهەم هێنانەوەی سەرچەشنەکان لە ڕێگەی دەسەڵاتەوە لە شوناسسازی کوردیدا دەوری بەرچاویان بینیوە. ئەنفال لەلای ئێمە هێشتا نەبۆتە کارەسات، چونکە دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکەکان لە ڕێگەی گشتبێژی و ساکارسازی و کورت و کۆکردنەوەی ئەنفال و سەنتیمنتالیزم، یاخود بە بیانوو وەرگرتنی ئەنفال بۆ ئامانجەکانی خۆیان ئەو کارەساتەیان بۆ ئێمە سادە کردۆتەوە. ئەوەتا ڕەخنەکاریی دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکەکان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی هەڵسوکەوتی ئەو دەسەڵاتانە و ڕەخنەگرتن لە چۆنیەتی پرۆسەی سەر چەشنسازی و ئولگووسازی، یاخود جۆری تایبەتی سەرچەشن و ئولگوو و پارادایمەکان و کەموکوڕی و خاڵە لاوازەکانی ئەو سەرچەشنانە پتر ڕوون و ئاشکرا دەبێتەوە. زەقکردنەوەی ئەنفال بەسەرنجدان بە ڕەنجی مرۆیی قوربانیانی ئەنفال لە ڕێگەی بەرنامەیەکی دیاریکراو و تیۆریکەوە، نەک هەر تەنیا ئاماژە کردن بە لایەنێکی ئەنفال، بەشێک نییە لە پرۆژەی شوناسسازیی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیکی ئامادە لە واقیعی ئێمەدا، بەڵکو ئەنفال لێرەدا نەبۆتە بەشێک لە کۆنەستی کوردی، ئەنفال نەبۆتە ئەو چەمک و واقیعە ئامادە و ترسناک و هەژێنەر و ئەو توخمە بەر هەستەی نێو زەینییەت و شوناسی کوردی.

ئەنفال بەهۆی تەعبیری ئایدیۆلۆژیکانەوە تەنیا بیانوویەکە بۆ گریان، پەلەپیتکەیەکە بۆ هەناسە هەڵکێشان، ڕێگەیەکە بۆ پیشاندان و دەربڕینی خەمخۆری و دڵسۆزی و ئامرازێکە بۆ سەلماندنی شەرعییەتی دەسەڵاتی ئەو دەسەڵاتانەی نەیانتوانیوە بە کەڵک وەرگرتن لە سۆنگەیەکی تیۆریکەوە ئەنفال بەرجەستە بکەنەوە و بیکەنە ئەو بەشە جیانەکراوەی کیانی ئێمە و ئێمەش هەر بۆیە بەردەوام ئەنفال فەرامۆش دەکەین و ئەو توانایەمان تێدا نەشونما دەکا کە لەوانەیە دیسانەوە سەر لەنوێ ئەنفالەکانی تر وەربگرینەوە.

ئەنفال بۆتە ئەو پەرداخەی هەر دەسەڵاتەو قومێکی لێ دەخواتەوە تاکو لە تینوێتی و برسێتیدا لە ناو نەچێ و پاشان پاشماوەیەکی پشتگوێ دەخا و باسی لێ ناکا. ئەنفال هەر بۆیە بۆ چەمکێکی بچووکی بەشێکی زەینییەتی هاماوی شوناسی گشتی و کۆیی کوردی کورت و کۆ کراوەتەوە کە بە شوناسی ئایدیۆلۆژیک ناوی لێ دەبەین و لەلایەن تاقم و گرووپێکی جیاوازەوە لایەنێکی بچووکی بەرجەستە دەبێتەوە و هەربۆیەش نەچۆتە ناخودئاگای کوردییەوە. هەر بۆیەش ئەنفال لێرەدا نابێتە کارەساتێکی مرۆیی، بەڵکو دەبێتە ئامرازێک لە خزمەت ئەو ئایدیۆلۆژیا تایبەتەدا دەسەڵاتێکی تایبەت دەیسازێنێ و دەیپارێزێ.

جگە لەم باسەی سەرەوە پێویستە ئەوەش بڵێم کە خودی ئایدیۆلۆژیاکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شێوەڕوانینی گشتی و کۆیی بۆ ئەنفال ئاڵۆزتر دەکەنەوە. هەڵبەت دەبێ ئاماژەش بەوە بکەین کە ئەم جیاوازیانەی نێو تەعبیرکردن و زەقکردنەوەی لایەنێکی ئەنفال هەرگیز لەلای ئێمە نەبۆتە بابەتێکی فیکری و فەلسەفی کە بەو پێیە بیرۆکە جیاجیاکان و بەشێوەیەکی تیۆریک و بیردۆزانە پۆلینکاری بکرێن و پاشان بە چاوی ڕەخنەگرانەوە بخوێندرێنەوە. ئەم دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باس لە ئەنفال دەکەن و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ناهۆشیارانە و بەبێ ئەوەی بزانن دەوری سەرەکی لە کورتکردنەوە و ساکارکردنەوە و دابەزاندنی ئاستی ئەنفال و ئاڵۆزیی ڕوانگەکان بۆ ئەنفال دەگێڕن. لێرەشدا بۆیە وتراوە بەبێ ئەوەی بزانن، چونکە دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکەکانی گوتارە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و کیانی کوردی ئەو دەسەڵاتانەن کە لە پرۆژەی ئەلگووسازی و سەرچەشنسازیی خۆیاندا بەشێوەیەکی کۆن و تەقلیدی هەڵسوکەوت دەکەن و زۆربەی هەرە زۆریشیان قەت ئاگایان لە باسێکی وا تیۆریک و چارەنووسساز نییە و بەگرنگی نازانن.

گرنگیدان بەپێوەندی نێوان زمانی کوردی و خوێندنەوەی ئەنفال بەڵگە نەویستە و خوێندنەوەی ئێمە بۆ ئەنفال خۆی لە ئەمئەوێتی و نائەمئەوێتی لەگەڵ کۆی ئەو ڕەهەند و توخم و ڕوانینە ئایدیۆلۆژیکانە دەبینێتەوە کە بەرهەمهێنی دەسەڵاتە جیاجیاکانی ئامادە لە واقیعی کوردیدان. ئەنفال ئەو بابەتە ئاساییەی ژیانی ڕۆژانە و گوتاری سیاسی نییە کە زمانێکی ئاسایی و سیاسی لە پێناو باسکردنیدا بەکاربهێنرێ. بەکارهێنانی زمانی پاراوی دەقە بەلاغییەکانی کتێبخانەی کوردی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئایدیۆلۆژیک لە هەمبەر کارەساتی ئەنفالدا بە شێوەگەلی جیاجیای دەنگوباس و ڕاڤەی ڕۆژنامەنووسانە و گێڕانەوەی مێژوویی و گشتیکردنەوەو کۆکردنەوەی ڕەنجی ١٨٢ هەزار قوربانی کورد لە دووتوێی سەر ژمێری و ئامارەکاندا و کەڵک وەرگرتن لە

ئەنفال وەکو بیانوویەک لە دەقە ئایدۆلۆژیەکاندا قەت ناتوانن سوودبەخش بن لە پێناو بەرجەستەکردنەوەی ئەنفال بە زەینی کردنەوەی ئەنفال. هەستئامێزی و ڕەوانبێژی لەحن و زمانی زۆربەی هەرەزۆری دەقە کوردییەکان، ئەنفال بەشێوەی ساکارکراو دەخاتەڕوو، با لە بیرمان نەچێتەوە کە کاروانی مەرگاویی قوربانیانی ئەنفال کاروانێکی ڕۆمانتیکی و هەستئامێز نەبوو، بەڵکو کاروانێکی ترسناک و هەژێنەر و سامناک بوو کە ئەم کاروانەش ١٨٢ هەزارجار ڕووی دا و هەربۆیە یەک شیعری ساکاری ڕۆمانتیک و یەک بەرهەمی ئەدەبی و هونەریی گشتی و یەک بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی ناپسپۆڕانە و یەک یاداشتی ڕۆژنامەنووسانە قەت ناتوانێ زمانی دەرخۆر بە ڕەنجی قوربانی ئەنفال بنوێنێتەوە. کەواتە نەک هەر ئەنفال، بەڵکو تەنانەت زمانی باسکردن لەسەر ئەنفال هێشتا لەلای ئێمە نەبۆتە بابەتی بیرکردنەوە. لەلایەکی تریشەوە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەنفالدا تا چ ئاستێک خۆمان لە سنووری ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەریانە دەربازکردووە کە پتر ئەو کارەساتەیان بەشێوەیەکی سادە و گشتی و کورت ئاراستە کردووە. جێگەی سەرنج و تێڕامانە ئایا لەو لەمپەرە جەوهەرییانە تێپەڕبووینە و پاشان لەسەر ئەنفال نووسیومانە؟ ئاخۆ دەقی گێڕانەوەیی، ڕۆژنامەنووسانە، ئینشایی، هەستئامێز و تەنانەت بیرکارانە دەتوانێ بەشێوەیەکی تیۆریک و فرەڕەهەند و بابەتیانە لە دیاردەی ئەنفال بکۆڵێتەوە؟ بێگومان یەکێ لە پێش مەرجە سەرەکییەکانی بە دیهاتنی داهێنانی تیۆریک لەسەر ئەنفال بریتییە لە دابڕانی زمانناسانە لەگەڵ ئەو زمانەی ئایدیۆلۆژیا بەکاری دەهێنێ و تاکو ئێستاش نەیتوانیوە ڕواڵەتێکی پڕ بە پێستی پێ ببەخشێ.

**ئەنجام**

زمانی کوردی یا ئەو زمانەی دەسەڵاتە ئایدیۆلۆژیکە جیاجیاکان تەنیا بە مەبەستی نیشاندانی سوودمەندی و خێرخوازیی خۆیان ئاراستە دەکەن و دەیخەملێنن و قەت بەرەولای زانستی بوون و وردەکارانە بوون و تایبەتیبوون نەیان بردووە تا چ ڕادەیەک هەڵگری هەندێ توانای جیاواز وەک پاژنوارین و بەرهەستکردنەوە و تایبەتیکردنەوە و پشکنینی کارەساتێکی وەک ئەنفالی هەیە؟

بە کورتی زمانی کوردی تا چ ئاستێک توانیویەتی کارەساتی ئەنفال بەشێوەیەکی توێکارانە و پاژنوارانە و وردەکارانە و بەرهەستکارانە و تایبەت بپشکنێ؟ ئایا ڕەوانبێژی و ڕوونبێژیی ئەدەبی کلاسیکی کوردی ئەو توانایەی هەیە؟ یان زمانی ساکاری ئاشقانەی ڕێبازی جیاجیای سۆفیگەری و تەریقەت؟ یان زمانی جەماوەریانەی شیوعییەت؟ یان زمانی گێڕانەوەیی مێژوونووسان؟ یان زمانی ئینشایی نووسەرە مام ناوەندییەکان؟ یان زمانی ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەنووسەکان؟ لە ڕێگەی کام زمانەوە کارەساتی ئەنفال بخوێنینەوە؟ لە ڕێگەی زمانی میتافیزیکییەوە؟ یان لە ڕێگەی زمانی دەرهەستکارانەی بیریارییەوە؟ لێرەدا نامەوێ ئەو وەڵام، یاخود پێشنیارانەی هۆرکهایمر و ئادورنۆ لە کتێبی دیالکتیکی ڕۆشنگەریدا ئاراستە بکەم، بەڵکو دەمەوێ ئەو خاڵە چارەنووسسازە بدرکێنم کە دەسەڵاتە جیاجیاکان بەهۆی کاریگەرییانەوە زمانێکی دەرهەست و هەستئامێز و ساکار و گشتییان بەرهەم هێناوە کە تەعبیر لە دەرهەستبوون و ساکاربوون و ڕەوانبوون و گشتی بوونی کارەساتی ئەنفال دەکات.

یەکەم هەنگاو لە نووسین لەسەر ئەنفال دەربازبوونە لەو کیانە گشتگیر و فرەڕەهەندەی دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیک خولقاندوویەتی و ڕواڵەتێکی زاڵی هەیە. ئەمەش جگە لەو نەریتسازییە فیکرییەی پێویستە لەناو زماندا لە ئارادابێ.

ئەم خەسڵەتانەی زمانی ئایدیۆلۆژیک لە ڕاستیدا خەساوی ئەو ئایدیۆلۆژیایانە دەردەخا کە بەو زمانەی بەرهەمیان هێناوە ناتوانرێ و ناکرێ کارەساتی ئەنفال بخوێندرێتەوە. زمانی بانگەشەیی و زمانی ساکاری ناسیونالیستی و زمانی میتافیزیکی و زمانی پروپاگەندەی حیزبایەتی و زمانی پڕشۆڕ و گڵپەی ڕێبازەکانی و زمانی دەرهەستی ئەدەب و زمانی ساکاری ڕۆژنامەنووسانە، ئەو زمانانەن کە لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەنفالدا ئیفلیجی و خەساویی خۆیان دەردەخەن، هەر بۆیەش بەدەگمەن دەقی مەعریفەناسانە و فیکریمان لەسەر ئەنفال لەبەردەستدایە، ئەو دەقەی لە جەوهەر و ناواخن و تایبەتیی ئەنفال تێبگات و ئەگەر دژوازە، ئەمیش بە دژوازیەوە پیشانی بداتەوە و ئەگەر ئەنفال مەتەڵئاسایە ئەمیش بەشێوەی مەتەڵ بینوێنێتەوە، ئەگەر ئەنفال فام ناکرێ ئەویش بەدەقێکی تێکچنراو و فیکری

خەیاڵی خوێنەر بخاتە گەڕ، بەشێوەیەک کە ئەگەر ئەنفال ترسناکە، ئەمیش زمانێکی ترسناکی بۆ بەکاربهێنێ، ئەگەر ئەنفال هەژێنەرە ئەمیش زمانێکی هەژێنەر و بەرهەستی بۆ دەستەبەر بکات.

دەسەڵاتی ئایدیۆلۆژیک لە ئاراستەکردنی وەها زمانێک بەتوانانییەو لە پاڵ ئەمەشدا زمانی دەسەڵاتی ئایدیۆلوژیک بەشێکی هەرەزۆری زەینییەتی سووژەی کوردی گرتووەتەوە، ئەمەش واتە ئەو گرفتانەی نووسین لەسەر ئەنفال دەیهێنێتە گۆڕێ و یەکەم هەنگاو لە نووسین لەسەر ئەنفال لە ڕاستیدا یەکەم هەنگاوە لە دوورکەوتنەوە لە زمانە جیاجیا ئامادەکانی کیانی کوردی.

**پەراوێز:**

**١- بۆ نموونە بڕوانە ڕەخنەکاریی ڕەهەندە بروکراتیک و تەنانەت ئایینیەکانی شوناسی ئینگلیزی لە ڕێگەی پێداچوونەوەی دامەزراوەو دامودەزگا حکومی و جەماوەرییەکانەوە لەسەرەتای ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەم لە سەردەستی ئەندامانی قوتابخانەی بەرژەوەندخوازی جری بێنتام؛ یان ئاراستەکردنی ئەرشیفێکی پاک کراو و خاوێنکراو لە مێژوو و نەریتی ئەدەبی ئینگلیزی لەلایەن ف. ر. لیڤیسەوە، یاخود بڕوانە مێژووی گۆڕانکاری لە ئیپیستمەکان و پێوەندییان بە ئایدیۆلۆژیاوە.**

**2- Raymond Williams. MarXim and Litera ture (Oxford: Oxford University Press, 1944). Pp. 121-2.**

**3- Emberto Eco 200 David Lodge Modern Criticism and Theory (London: Longman, 1993).**

# مارتن هایدیگەر:
# ئەمە چییە، فەلسەفە؟

لە ئەڵەمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

بەم پرسـیـارە بەرەو ڕووی بابەتێک دەبینەوە کە پان و بەرین و فراوانە، واتە دوورو درێژە، چونکە بابەتەکە پان و بەرینە بەدەست نیـشـان نەکراوی دەمـینێـتـەوە ، لەبەر ئەوەی دەستنیشان نەکراوە، ئێمە دەتوانین لە بۆچوون و ڕوانگەی جیـاوازەوە لە بابەتەکە بکۆڵینەوە. ئیـتـر بۆیە ئێمـە هەمیـشە بە شتی ڕاست دەگەین، چونکە لە کاتی لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە فـــراوان و بەرینەدا تەنیـــا بیـروبۆچوونە شـیـاوەکـیـیـەکان تێکەڵاوی یەکتری دەبن، دەکەوینە داوی ئەو مەترسییەوە، قسەو وتووێژەکەمان بێ سەروبەر بمێنێتەوە.

بۆیە پێویستە ئێمە هەوڵ بدەین، پرسیارەکە بە وردی دیار و دەستنیشان بکەین ئێمە بەم شێوازە وتووێژە کە بە ڕێگایەکی قـایمی دڵنیـایی کـراودا دەبەین. بەم پێـیـە وتووێژەکـــە بەیەک ڕێگادا دەڕوات. من دەڵێم: بەیەک ڕێگادا. بەمـە ئێمە بە دڵنیاییەوە دانی پیادا دەنێین کە ئەمـە تاکـە ڕێگایەک نیـیـە. دەبێ تەنانەت بەکـراوەیی بمێنێـتـەوە، ئایا ئەو ڕێگایە کـە دەمـەوێ لەمـەوبەدواوە ئامـاژەی پێ بکەم بە ڕاستی یەک ڕێگایە کـە ڕێگامـان دەدات پرسیارەکە بکەین و وەڵامەکەی بدەینەوە.

با ئێمە جارێک وای دابنێین، ئێمە دەتوانین ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ ئەوەی بە ڕێکوپێک و تەواوەتی پرسیارەکە دەستنیشان بکەین، ئەوکاتە گازندە و ڕەخنەیەکی گران و سەخت ڕووبەڕووی بابەتی وتووێژەکەمان دەبێتەوە. ئەگەر بێتو ئێمە بپرسین:

ئەمە چییە- فەلسەفە؟

ئەوکاتە ئێمە لە بارەی فەلسەفەوە قسە دەکەین. ئەگەر

ئێمە بەو شێوازە بپرسین لە ئاستێکی سەروو ئەوەوە دەبین، واتە لە دەرەوەی فەلسەفەدا دەمێنینەوە، بەڵام مەبەستی پرسیارەکەمان ئەوەیە بچینە نێو فەلسەفەوە، لەناو ئەودا بمێنینەوە، بەپێی شێوازی ئەو ڕەفتار بکەین، واتە «فەلسەفە بکەین» «Philosophieren» ڕێگەی وتووێژەکەمان پێویستە نەک هەر تەنیا ئاراستەیەکی ڕوون و ئاشکرای هەبێت، بەڵکو ئەم ئاراستەیە پێویستە لە هەمانکاتدا بۆمان دەستەبەربێ کە ئێمە خۆمان لەنێو فەلسەفەدا دێین و دەچین و دەجوولێینەوە نەک لە دەرەوەیدا بە دەوریدا دەسووڕێینەوە.

ڕێگای وتووێژەکەمان کەوابوو پێویستە جۆرێکی ئەوتۆ و ئاراستەیەک بێت، فەلسەفە باسی چی دەکات و چی بەلامانەوە گرنگە و کارمان تێدەکات (noustouche)، بگرە کارتێکردنێک توندوتۆڵ پێوەندی بە جەوهەری ئێمەوە بێت.

بەڵام ئایا ئەمە نابێتە مایەی ئەوەی فەلسەفە ببێتە بابەتی ویژدان و هەڵچوون و هەست و سۆز؟

«بە هەست و سۆزی جوان و ناسک مرۆڤ ئەدەبی خراپ دادەهێنێ» (١) «Cest avec Les beaux sentiments quelon fait La mauvaise Litteratur» ئەو قسەیەی ئەندرێ جید تەنیا هەر ئەدەب و ویژە ناگرێتەوە، بەڵکو بۆ فەلسەفەش دەگونجێ. هەست و سۆز، جوانترینیان، پێوەندییان بە فەلسەفەوە نییە. هەست و سۆز، وەک وتراوە، شتێکی نا ژیرەکین Irreationales. فەلسەفە، بە پێچەوانەوە، نەک تەنیا هەر بابەتێکی ژیرە، بەڵکو بگرە کارگێڕی تایبەتی ژیرە Ratio. ئێمە کە ئەو قسەیە دەکەین، بەبێ ئەوەی پێ بزانین و لەناکاو ئەو بڕیارە دەدەین، فەلسەفە چییە. ئیتر ئێمە پێشبیانە وەڵامێکی پرسیارەکەمان داوەتەوە. هەموو کەسێک ئەو ڕستەیە، فەلسەفە بابەتی ژیر، بەڕاست دەزانێ. دوور نییە ئەم قسەیە وەڵامێکی خێراو دەست و برد و بە پەلەی ئەم پرسیارە بێت: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ ئێمە دەتوانین بە پێچەوانە و بەرامبەر ئەم وەڵامە چەند پرسیارێکی نوێ بکەین. ئەمە چییە- ژیر، ئەقڵ؟ لەکوێ و بەهۆی کێوە بڕیار دراوە، ژیر چییە؟ ئایا ژیر خۆی کردووە بەئاغای فەلسەفە؟ ئەگەر وەڵامەکە «نا» بێت بەچ هەقێک ئەمە کراوە؟ خۆ ئەگەر «نا» بێت ئەوا لەکوێوە ئەو، ئەو ئەرکەی و ئەو ڕۆڵەی پێگەیشتووە؟ خۆ ئەگەر ئەوەی بە ژیر دانراوە تەنیا هەر بە فەلسەفە و لە چوارچێوەی ڕەوتی بەرەوپێش چوونیدا ساخ بکرێتەوە، ئەوا هیچ دانایی و ئامۆژگارییەکی Rat باش نییە فەلسەفە پێشبیانە بە بابەتی ژیر دابنرێت، بەڵام ئەگەر ئێمە نیشانی ڕەفتاری ژیرەکی فەلسەفە بخەینە بەردەم گومان و ئەگەر ئەوا بە هەمان شێواز جێگای گومان دەبێت، ئایا فەلسەفە سەر بە کایە و مەیدانی نا ژیرەکییە؟ خۆ ئەوی بیەوێ فەلسەفە وەک بابەتێکی نا ژیرەکی دەستنیشان بکات، ئەوا بۆ ئەم مەبەستە پشت بە پێوانەی ژیرەکی دەبەستێ و بەو شێوازە کە ئەو جارێکی تر وەک شتێکی گومان هەڵنەگر پێشبیانە گریمانەی ئەوە دەکات ژیر چییە؟

ئەگەر ئێمە لەلایەکی ترەوە، ئەو توانا و شیاوەکییە کە فەلسەفە پشتی پێدەبەستێ نیشان بدەین کە ئێمەی مرۆڤ لە جەوهەردا دەمانگرێتەوە و پێوەندی پێمانەوە هەیە، ئەوا دەکرێ ئەو هەست و سۆزە تاڕادەیەکی زۆر پێوەندی بەوشتەوە هەبێت کە ئاسایی مرۆڤ بە ویژدان و وروژان و هەست و سۆزی دادەنێ بە کورتی ئەوەی بە ناژیرەکی ناوی دەبات.

لەوەوە کە لەمەوبەر وتمان تەنیا ئەمە وەردەگرین: پێویستی بەوپەڕی مشوورخواردن هەیە ئەگەر بێتو ئازایەتی ئەوە لە خۆماندا بەدی بکەین، لەژێر ناونیشانی: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ وتووێژێک دەست پێ بکەین.

یەکەم شت ئەمەیە؛ ئێمە هەوڵدەدەین پرسیارەکە بە ڕێگایەکی ڕوون و ڕەوان و ئاشکرادا بەرین، بۆ ئەوەی ئێمە لە چوارچێوەی چەند بۆچوونێکی لابەلایی و لاوەکی و ڕێککەوت ئاسادا لە بارەی فەلسەفە گیربخۆین و بێین و بچین، بەڵام چۆن دەبێ ئێمە ڕێگایەک کە بەهۆیەوە بەشێوازێکی دڵنیایی لێکراو پرسیارەکە دەستنیشان بکەین، بدۆزینەوە؟

ئەو ڕێگایەی کە من ئێستا دەمەوێ پەنجەی بۆ ڕابکێشم، ڕاستەوخۆ لەبەردەمماندایە. تەنیا بۆیە، چونکە ئەو لێمانەوە نزیکە بە گرانی دەیدۆزینەوە. خۆ ئەگەر ئێمە بیدۆزینەوە، ئەوا ئێمە، سەرەڕای ئەمە، بەتەپی بە دەوریدا دەخولێنینەوە. ئێمە دەپرسین: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ ئێمە زۆرجار و فرە ناوی فەلسەفەمان هێنا.

خۆ ئەگەر ئێستا کە وشەی «فەلسەفە» هیچی تر وەک ناونیشانێکی پەرپووت بەکارنەهێنین و لەجیاتی ئەمە وشەی «فەلسەفە» لە بنج و بناوانەکەیەوە ببیستین، ئەوکاتە بەم جۆرە بەرگوێ دەکەوێ: فیلۆسۆفیا (٢)، ئێستا وشەی فەلسەفە بە یۆنانی دەدوێت.وشەی یۆنانی لەوەدا کە وشەیەکی یۆنانییە ڕێگایەکە. ئەمە لەلایەکەوە لەبەردەممانداية، چونکە ئەو وشەیە ماوەیەکی دوورودرێژە بۆ ئێمە ناوی هاتووە. لەلایەکی ترەوە، کەوتۆتە دواوەمان، چونکە ئێمە ئەم وشەیەمان هەمیشە بیستووە ناوهێناوە، کەواتە بەم پێیە وشەی یۆنانی فیلۆسۆفیا ڕێگایەکە کە ئێمە پیادا دەڕۆین. بگرە ئێمە زانیارییەکی مێژوویی زۆر و زەبەندە و فرەمان لە بارەی فەلسەفەی یۆنانی هەیە دەشتوانین بلاوی بکەینەوە. وشەی فیلۆسۆفیا پێمان دەڵێ، فەلسەفە شتێکە کە بۆ یەکەم جار بوونی Existenz جیهانی یۆنانی دیارو دەستنیشان کردووە. نەک تەنیا هەر ئەمە، بگرە هەر وشەی فیلۆسۆفیا بنەماو خەسڵەتە جیاکەرەوە ناوەکییەکانی مێژووی ئێمەی ڕۆژئاوا- ئەوروپای دیار و دەستنیشان کردووە. دەستەواژەی فرە بیستراوی «فەلسەفەی ڕۆژئاوا- ئەوروپایی» بە ڕاستی هەمان گۆییە. بۆچی؟ چونکە فەلسەفە لە جەوهەردا یۆنانییە. لێرەدا یۆنانی ئەم واتایەی هەیە: فەلسەفە لە بنەمای جەوهەرەکەیدا لەو جۆرەیە کە یەکەم جار جیهانی یۆنانی و تەنیا ئەمەی بە پاوانی خۆی داناوە بۆ ئەوەی خۆی بکاتەوە و گەشە بستێنێ. بەتەنیا- ئەم جەوهەرە بنەڕەتییە یۆنانییەی فەلسەفە لە قۆناخی دەسەڵاتی ئەوروپایی سەردەمی نوێیدا لەلایەن بۆچوونەکانی مەسیحییەوە ئاراستە و کۆنترۆڵ کراوە. دەسەڵاتی ئەم بۆچوونانە بەهۆی قۆناخی سەدەکانی ناوەراستەوە پیاکراوە. لە هەمانکاتدا ناکرێ مرۆڤ بڵێت: فەلسەفە بەمە بووە بە مەسیحی، واتە بووە بە بابەتی بڕوابوون بە سرووش (وەحی) ودەسەڵاتی کڵێسە. ئەم ڕستەیە!

فەلسەفە لە پوختە و جەوهەریدا یۆنانییە، لەمە پتر نالێت: خۆرئاوا و ئەوروپا و تەنیا ئەوان لە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ناوەکی مێژووەکەیاندا لە بنەڕەتەوە خۆیان فەلسەفەیین. ئەمە بەهۆی پەیدابوون و دەسەڵاتی زانستەکانەوە پشت ڕاست دەبێتەوە، چونکە ئەو زانستانە لە ڕەوتی ناوەکی، مێژووی خۆرئاوا- ئەوروپاوە، بە تایبەتی لە ڕەوتی فەلسەفەوە هەڵقوڵاون، بۆیە ئەوان ئەمڕۆ لە توانایاندا هەیە چوارچێوە و سروشتێکی تایبەتی لەسەرانسەری جیهاندا بە مێژووی مرۆڤ ببەخشن.

با ساتێک ڕامێنین و بیربکەینەوە ئەم قسەیە چی دەگەیەنێ: مرۆڤ قۆناخێکی مێژووی مرۆڤ بە «قۆناغی ئەتۆم» نیشان بدات. ئەو وزەی ئەتۆمە کە لەلایەن زانستەکانەوە دۆزراوەتەوە و بە ئازادی دەرگای بۆ خراوەتە سەر پشت وەک ئەو هێزە دانراوە کە دەبێ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو دەستنیشان بکات. زانستەکان هیچ جارێک نەدەبوون ئەگەر فەلسەفە پێشتر و لە پێشیانەوە نەهاتبایە، بەڵام فەلسەفە فیلۆسۆفیایە، ئەم وشە یۆنانییە وتووێژەکەمان بە میراتێکی مێژووییەوە دەبەستێتەوە، لەبەرئەوەی ئەم میراتە لە جۆری خۆی تاقانەیە، ئەوا هەر خۆی ڕوون و ئاشکرایە. ئەو پاشماوە و میراتەی کە بەناوی یۆنانی فیلۆسۆفیا ناودەبرێت کە بۆ ئێمە بە وشەی مێژوویی فیلۆسۆفیا ناودەبرێت ئاراستەی ڕێگایەکمان بە ئازادی دەداتە دەست کە دەتوانین بەهۆیەوە بپرسین: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ میرات و پاشماوە (LLberlieferung) تۆبزی و ناچارەکی و پەشێمان نەبوونەوەمان نادادە دەست. میرات بۆ مانەوە delibrer ڕزگاربوونێکە، بە تایبەتی لە ئازادی وتووێژدا لەگەڵ کەسانی تردا دێتەدی. ناوی فەلسەفە، کاتێک ئێمە بەڕاستی وشەکە دەبیستین و بیرلەوە دەکەینەوە بیستوومانە، بۆ ناو مێژووی بنەڕەت و بناوانی یۆنانی فەلسەفە بانگمان دەکات. وشەی فیلۆسۆفیا لەسەر بڕوانامەی لەدایک بوونی مێژووی تایبەتی ئێمە نووسراوە، ئێمە دەتوانین تەنانەت بڵێین.

لەسەر بڕوانامەی لەدایک بوونی قۆناخی مێژووی ئەم سەردەمەی جیهان کە بە قۆناخی ئەتۆم ناودەبرێت نووسراوە، بۆیە ئێمە دەتوانین ئەم پرسیارە:

ئەمە چییە- فەلسەفە؟ کاتێک بیکەین، کە ئێمە وتووێژێک لەگەڵ بیری جیهانی یۆنانیدا ڕێگا بدەین.

بەڵام نەک تەنیا هەر ئەوەی لە پرسیارەکەدایە: فەلسەفە، بەپێی بنج و بنەماکەی یۆنانییە، بەڵکو ئەو شێوازەی کە ئێمە پرسیارەکەی پێدەکەین، ئەو شێوازەی کە ئەمڕۆکەش پرسیارەکە دەکەین، یۆنانییە.

ئێمە دەپرسین: ئەمە چییە...؟ بە یۆنانی بەم جۆرەیە:

تی ئیستن. لەگەڵ ئەمەشدا پرسیارەکە: ئەم شتە چییە، بە تەمومژاوی دەمێنێتەوە. دەتوانین بپرسین: ئەوە چییە کە لەوێ لەو دوورەیە؟ ئێمە ئەم وەڵامەمان دەستگیر دەبێت: درەختێکە. وەڵامەکە لەوە پێک هاتووە، ئێمە شتێک کە بە تەواوەتی نایزانین ناوەکەی بهێنین.

ئێمە دەتوانین پتر بپرسین، ئەوە چییە کە ئێمە بە«درەختی» ناودەبەین؟ بەو پرسیارەی ئێستا کردمان لە وشەی یۆنانی تی ئیستن نزیک دەبینەوە. ئەمە ئەو شێوە و فۆرمی پرسیارکردنەیە کە سوکرات و ئەفلاتوون و ئەرستۆ پەردەیان لەسەر لاداوە، بۆ نموونە ئەوان پرسیویانە: ئەمە چییە: جوان؟ ئەمە چییە: زانین و ناسین؟ ئەمە چییە: سروشت؟ ئەمە چییە: بزووتنەوە؟ ئێستا پێویستە ئێمە ئاگاداری ئەوەبین لەو پرسیارانەدا کە لەسەرەوەکردمانن نەک تەنیا جۆرە دەستنیشان کردن و سنووردانانێک بۆ سروشت چییە، بزووتنەوە چییە و جوانی چی مەبەست بووە، بەڵکو: لە هەمانکاتدا جۆرە لێکدانەوەیەک لەبارەی ئەمە دراوەتە دەست: ئایا وشەی «چی» واتای چی دەداتە دەست و مانای چییە، بە چ واتایەک دەکرێ لەمانای وشەی (تی) تێ بگەیشترێ مرۆڤ ئەو شتە- چی- واتای چی دەداتە دەست بە quidest ناودەبات: چییەتی quidditas. بەهەر جۆرێک، لە قۆناخە جیاجیاکانی فەلسەفەدا وشەی چییەتی بە شێوەی جیاواز دیار و دەستنیشان کراوە. ئیتر بۆ نموونە فەلسەفەی ئەفلاتوون جۆرێکی تایبەتی لێکدانەوە، ئەوە دەداتە دەست کە بە (تی) ناودەبرێت. ئەو بە تایبەتی مەبەستی ئایدیا نموونە (Idea)یە. کاتێک ئێمە لە بارەی (تی)، لە بارەی (چی) دەپرسین مەبەستمان ئایدیایە ئەو بە هیچ جۆرێک لە خۆیدا روون و ئاشکرا نییە.ئەرستۆ لە بارەی (تی) لێکدانەوەیەکی جیاواز لەئەفلاتوون دەداتە دەست. کانت جۆرێکی تری لێکدانەوەی (تی) داوەتە دەست، هیگڵیش یەکێکی تری پێشکەش کردووە. ئەوەی هەمووجارێک لە بارەی سەرەتای بابەتی (تی)، لەبارەی چی دەپرسرێ، دەبێ هەمووجار سەرلەنوێ دەستنیشان بکرێت. لە هەموو رەوشێکدا کە سەبارەت بە فەلسەفە بپرسین: ئەمە چییە؟ ئەوا ئێمە لە بنەڕەتدا پرسیارێکی یۆنانی دەکەین.

با بە باشی لەوە ئاگاداربین، کە بابەتی پرسیارەکەشمان: فەلسەفە، هەروەها ئەو شێوازەی پرسیارەکەی پێدەکەین: ئەمە چییە..؟ هەردووکیان بەپێی بنج و بناوانیان یۆنانین. ئێمە خۆشمان سەر بەو سەرچاوە و بنج و بناوانەین تەنانەت ئەگەر تاکە جارێکیش ئێمە ناوی وشەی «فەلسەفە» نەهێنین. ئێمە بۆ ئەوسەرچاوەیە بانگ کراوین و بۆ ئەو و لەپێناو ئەودا داواکراوین کاتێک ئێمە پرسیارەکە: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ نەک تەنیا بە وشە دەربڕین، بەڵکو کاتێک سەرنجی واتاکەشی دەدەین و بیری لێدەکەینەوە. ئەو پرسیارە: فەلسەفە چییە؟ بەهیچ جۆرێک ئەو پرسیارە نییە کە جۆرێک لە زانین لە خۆیدا بۆ خۆی ئاراستە دەکات (فەلسەفەی فەلسەفە). پرسیارەکە هەروەها پرسیارێکی مێژوویی نییە کە بۆ خۆی بە گرنگی دادەنێ دەستنیشانی بکات و بەلایەکی دابخات چوون ئەوە کە مرۆڤ بە «فەلسەفەی» ناودەبات دەستی پێکردووە و پەرەی بەخۆی داوە. پرسیارەکە شتێکی مێژووییە، واتە پرسیارێکی زیرەکانەی چارەنووسییە. لەمە پتر؛ ئەو تەنیا «یەکێک» نییە، ئەو پرسیاری مێژوویی بوونی ئێمەی رۆژئاوایی- ئەوروپاییە.

کاتێک ئێمە دەچینە نێو ناوەوەی مانای تەواوەتی و بنچینەیی پرسیارەکە: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ ئەوا پرسیارەکەمان بە سایە و هۆی بنج و بناوانە مێژووییەکەیەوە لەنێو پاشەڕۆژێکی مێژووییدا ڕێگاو ئاراستەیەکی دۆزیوەتەوە. ئێمە ڕێگایەکمان دۆزیوەتەوە. پرسیارەکە خۆی ڕێگایەکە، ئەو ڕێگایە لە بوونی جیهانی یۆنانەوە بەرەو ئێمە دێت ئەگەر لە ئێمەش بەولاوە تێنەپەڕێ. ئێمە- ئەگەر ئێمە پێ لەسەر پرسیارەکە دابگرین- بە ڕێگایەکدا دەڕۆین کە بە ئاشکراو روونی ئاراستەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا، بە سایەی ئەمەوە، هیچ شتێک دەستەبەری ئەوەمان بۆ نابێت کە ئێمە ڕاستەوخۆ لە تواناماندایە بەشێوازێکی ڕاست و دروست بەو ڕێگایەدا بڕۆین. ئێمە ناتوانین یەکجار لە هەمانکاتدا دەستوبرد دەستنیشانی بکەین لە چ خاڵ و پۆستێکی ئەم ڕێگایەدا ئیمڕۆ وەستاوین. مرۆڤ وا ڕاهاتووە و خووی پێوە گرتووە، هەر لە دەمێکی دوورەوە، ئەم پرسیارە: ئەم شتە چییە وەک پرسیارێک لە بارەی جەوهەرەوە نیشان بدات، پرسیار لە بارەی جەوهەر کاتێک کاریگەر و گەرم و دەبێت ئەگەر بێتو ئەو شتەی لە بارەی جەوهەرەکەیەوەی دەپرسرێ، خۆی تەم و مژاوی

و ئاڵۆز و نادیار بکات، ئەگەر بێتو لەهەمانکاتدا پێوەندی نێوان مرۆڤ و ئەوەی پرسیار لە بارەیەوە دەکرێت لەرزۆک یاخود لە قیوبێت.

پرسیاری وتووێژەکەمان پێوەندی بە گەوهەری فەلسەفەوە هەیە. ئەگەر ئەم پرسیارە لە پێداویستییەکی ناچارەکییەوە کەوتبێتەوە و پرسیارێکی ڕووتی ڕواڵەتی بە مەبەستی وتووێژ نەبێت، ئەوکاتە پێویستە فەلسەفە وەک فەلسەفە بۆ ئێمە جێگای پرسیارکردن بێت. ئایا ئەمە دروستە؟ ئەگەر ئا بێت تا چ ڕادەیەک فەلسەفە بۆ ئێمە بۆتە جێگای ئەگەر و پرسیارکردن؟ ئێمە دەتوانین بە ئاشکرا تەنیا ئەوکاتە ڕای بگەیەنین ئەگەر هاتو ئێمە پێشتر سەرنجێکی فەلسەفەمان دابێت. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە، لەپێش هەموو شتێکدا بزانین ئەمە چییە- فەلسەفە. بەم جۆرە ئێمە بە شێوازێکی سەیرو سەمەرە دەکەوینە ناو داوی بازنەیەکەوە. فەلسەفەش خۆی وادەردەکەوێ کە ئەو بازنەیە بێت. گریمان ئێمە ناتوانین ڕاستەوخۆ خۆمان لەداوی ئەم بازنەیە دەرباز و ڕزگار بکەین، ئەوا هەر ڕێگای ئەوەمان دەدرێت سەرنجێک لەو بازنەیە بدەین. دەبێ سەرنجەکەمان ڕووی خۆی ئاراستەی چ لایەک بکات؟ وشەی یۆنانی فیلۆسۆفیا ئاراستەی ڕێگاکەمان نیشان دەدات.

لێرە تێبینییەکی بنەڕەتی پێویستە. ئەگەر ئێمە ئێستا و دواتر وشەکانی زمانی یۆنانی ببستین، ئەوا ئێمە لە مەیدانێکی ئەوپەڕی چاک و نایابدا دەبین. وردە وردە ڕوون دەبێتەوە بە تایبەتی بۆ بیرکردنەوەی ئێمە کە زمانی یۆنانی زمانێکی ڕووتی ئاسایی نییە وەک ئەوزمانە ئەوروپاییانەی لەلای ئێمە ناسراون. زمانی یۆنانی، خۆی بە تەنیا لۆگۆسە Logos. لە وتووێژەکەماندا لەمەولا بە ڕێک و پێکی و دوورودرێژی باسی ئەم بابەتە دەکەین. بۆ سەرەتا ئەوەندە بەسە نیشان بدەین: لە زمانی یۆنانیدا ئەوی لەودا وتراوە، بەشێوازێکی نایاب، لە هەمانکاتدا ئەوەیە ئەوی وتراوە ناوی دەبات ئێمە ئەگەر وشەیەکی یۆنانی بە یۆنانی ببیستین، ئەوا بایەخ بەوە دەدەین چۆن لەبەردەمدا ڕاستەوخۆ دەردەبڕدرێ. ئەوی دەردەبڕدرێ ئەوەیە کە لەبەردەمدایە. ئێمە بەسایەی وشەیەکی بیستراوی یۆنانییەوە ڕاستەوخۆ لەبەردەم شتە پێشکەشکراوەکە خۆیدا دەبین، نەک لە سەرەتادا لەبەردەم واتای ڕوونی وشەکەدا.

وشەی یۆنانی فیلۆسۆفیا لە وشەی فیلۆسۆفۆسەوە کەوتۆتەوە. ئەم وشەیە لە بنەڕەتەوە ئاوەڵناوە Adiec-tivum وەک وشەی فیلارگوردس. واتە حەز کردن لە زیو، وەک فیلوتیموس واتە خوشویستنی شەرەف. وشەی فلوسوفوس واپێدەچێ یەکەمجار لەلایەن هیراکلیت نەبووە. وشەی ئەنیر فیلوسۆفوس واتە مرۆڤی فەیلەسووف وشەی مرۆڤی «فەلسەفەیی» نییە، ئاوەڵناوی یۆنانی فیلوسۆفۆس شتێک دەردەبڕێ بە تەواوەتی ئەوپەڕی جیاوازە لە ئاوەڵناو فەلسەفەیی Philosophique. وشەی ئەنیر فیلوسوفۆس ئەوەیە کە (سۆفۆن)ی خۆش دەوێت. کرداری یۆنانی فیلین مانای خۆش دەوێت دەدات. ئەمە بەبۆچوونی هیراکلیتس بەو جۆرە دەدوێ کە لۆگوس قسەی پێدەکات واتە بە تەواوەتی وەک لوگۆس وایە. ئەم وەک یەک بوونە Ent-sprechen لەگەڵ سۆفۆندا تەباو گونجاوە. پێکەوە گونجان لێرەدا هارمۆنیایە، ئەمە بەم جۆرەیە، جەوهەرێک لەگەڵ یەکێکی تردا بەشێوازێکی دەستیاوی خۆی بەند و گونجاو بکات، هەردووکیان لە بنەڕەتدا لەگەڵ یەکتری پێکەوە بەندبن، چونکە هەریەکێکیان لەژێر ڕکێف ودەسەڵاتی ئەوی تردایە. ئەم هارمۆنییە تایبەتمەندی جیاکاری واتای خۆشەویستییە کە بەبیروهۆشی هیراکلیتدا هاتووە.

ئەنیرفیلۆ سۆفۆس حەزی لە سۆفۆنە واتە مرۆڤی فەیلەسووف حەزی لە داناییە. ئەوە ئەم وشەیە بە هیراکلیتی وتووە گرانە وەربگێردرێ، بەڵام ئێمە دەتوانین بەپێی لێکدانەوەکەی هیراکلیتی ڕوونی بکەینەوە، بەم پێیە (هن پانتا) ئەمە دەڵێ: «یەک هەمووە» «Eines (ist) Alles». «هەموو»، مەبەست لێرەدا: پانتا تا ئونتا، تێکڕا، هەموو بوونەوەرەکان. هن مانای یەک ئەمەیە: یەک، تاکێک ئەوی هەمووان دەکات بەیەک. یەککگرتن ئەوەیە هەموو بوونەوەر بوون بێت وشەی: سۆفۆن دەڵێ: هەموو بوونەوەر لە بووندانەوردتر دەربڕدرێ: بوون بوونەوەرە. لێرەدا ist ترانسیتیڤ دەردەبڕێ ئەوە دەڵێ کە وشەی «کۆکرایەوە» دەری دەبڕێت. بوون بوونەوەر لەوەدا کۆدەکاتەوە کە بوونەوەرن. بوون کۆکردنەوەیە (لۆگۆس) (٣)

هەموو بوونەوەر لەبووندایە. ئەگەر ئەمە ببیسترێت سادە و ساکار لەگوێدا دەنگ دەداتەوە، ئەگەرچی وەک

ساردو سووکی پێ کردن دەرنەکەوێت، چونکە هیچ کەسێک پێویستی بەوە نییە بایەخ بەوە بدات کە بوونەوەر سەر بە بوونە. هەموو دنیا دەزانێ: بوونەوەر ئەوەیە کە هەیە. چ شتێک هەیە وا بە ئازادی بۆ بوونەوەر بمێنێتەوە لەوە بەولاوە: هەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ڕاست و ڕەوان ئەمە: بوونەوەر بە کۆکراوەیی لە بووندا دەمێنێتەوە و بوونەوەر لە دەرکەوتنی بووندا دەردەکەوێ، ئەمە یۆنانییەکانی لە پێشدا و ئەوان بە تەنیا دووچاری حەپەسان و سەرسوڕمان کردووە بوونەوەر لە بووندا: ئەمە بۆتە مایەی حەپەسان بۆ یۆنانییەکان.

لەگەڵ ئەمەدا تەنانەت پێویست بووە یۆنانییەکان حەپەساوێتی سەرسوڕمان و حەپەسانەکە، دژی هێرشی تێگەیشتنی سۆفستاییەکان تێگەیشتنێک کە بۆ هەموو شتێک کە هەموو کەسێک تێی بگات ڕوونکردنەوەی بلاوکردۆتەوە و هێناویەتییە نێو بازاڕ، ڕزگاری بکەن و بیپارێزن. ڕزگارکردنی حەپەساوێتییەکە- بوونەوەر لە بووندا، لەلایەن کەسانێکی کەمەوە کرا بەوە کە ڕووی ئەو ڕێگایەیان گرتۆتە بەر کە بەو ئاراستەدا دەچێ کە سەرسامترینیەتی، واتە سۆفۆن. ئەوان بەمە بوون بە واتەی کە کۆششی گەیشتنە سۆفۆنیان کردووە و بەهۆی ئەو کۆششە تایبەتیەیان لەلای مرۆڤی تر هەستی تامەزرۆییان بۆ سۆفۆس وروژاندووە و بە گەرم و گوڕی هێلاویەتیەوە. هەروەها فیلین توسۆفۆن ئەوەی پێشتر ناومان هێناو پێکەوە گونجان (هارمۆنیا) بووە بە ئۆریکس واتە تامەزرۆ و کۆششکردن بۆ گەیشتنە سۆفۆن. سۆفۆن- بوونەوەر لە بووندا ئێستاکە بەتایبەتی گەڕانی بەدوادا دەکرێت، چونکە خۆشەویستی هیچی تر لەگەڵ سۆفۆندا گونجانێکی بنەڕەتییانە نییە، بەڵکو کۆششێکی تایبەتییە بۆ بە سۆفۆن گەیشتن و خۆشەویستنی سۆفۆن دەبێ بە فیلۆسۆفیا، کۆششەکەشی بەهۆی خۆشەویستییەوە (ئیرۆس) دەستنیشان و دیار دەکرێت.

ئەو کۆششە سەرگەرمی گەڕانە بەدوای سۆفۆن، بەدوای ئن پانتا بەدوای بوونەوەر لە بووندا ئێستاکە دەبێ بەم پرسیارە: بوونەوەر لەوەدا کە هەیە، چییە؟ بیرکردنەوەکە ئێستاکە بۆ یەکەم جار دەبێ بە «فەلسەفە». هیراکلیت و پارمێنیدس «فەیلەسووف» نەبوون بۆچی نا؟ چونکە ئەوان بیرمەندی گەورە بوون. (گەورە) لێرە بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی کاروبەرهەمێک نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی تری بیرکردنەوە نیشان دەدات. هیراکلیت و پارمەنیدس بەو مانایە گەورە بوون کە لەگەڵ لۆگۆسدا گونجاو بوون، واتە لەگەڵ «یەک هەموو»یەدا، هەنگاونان بەرەو (فەلسەفە) کە لەلایەن سۆفستاییەوە ڕێگای بۆ خۆش کرا یەکەمجار لەلایەن سوکرات و ئەفلاتوونەوە جێبەجێ کرا. ئەرستۆ نزیکەی دوو سەد ساڵ دوای هیراکلیت بەم ڕستەی خوارەوە تایبەتمەندی جیاکاری بەو هەنگاوە بەخشی:

ئەوەی هەر لە کۆنەوە لێوەی کۆڵراوەتەوە و ئێستاش هەر لێی دەکۆڵرێتەوە و لەدوا ڕۆژیشدا لێی دەکۆڵرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ کاتێک و هەرگیز لێوەی نزیک ببینەوە ئەمەیە: تی تو ئان: بوونەوەر چییە؟ (میتافیزیک: ز I- ١٠٢٨ ب ٢ س ک ک:

Metaphysik Z I, 1028 b2 sqq

وەرگێڕانە یۆنانیەکەی ئەمەیە:

بەم پێیە جارێکیان لەکۆندا و ئێستاش و هەمیشە بەردەوام، ئەوەی بۆ کوێ (فەلسەفە) ملی ڕێگا دەگرێ و بۆ کوێ کە هەمیشە ڕێگا نادۆزێتەوە (ئەوەی لێوەی دەپرسێ ئەمەیە): بوونەوەر چییە؟

فەلسەفە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ، بوونەوە چییە لەوەدا کە هەیە. فەلسەفە بەڕێگاوەیە بەرەو بوونی بوونەوەر، واتە بەرەو بوونەوەر لەوەدا کە هەیە و بوونە. ئەرستۆ ئەمەی بەم جۆرە ڕوون کردۆتەوە؛ کاتێک بوونەوەر چییەی؟ خستۆتە سەر ڕستەی پێشوو:

ئەمە بوونەوەرێتی پێکی دەهێنێ، لەکاتی وەرگێرانەکەدا بەم جۆرە دەخوێنرێتەوە: ئەو (بەتایبەتی تی توتان،ی بوونەوەر) مانای ئەوەیە: بوونێتی بوونەوەر چییە؟ بوونی بوونەوەر لە بوونێتیدا پێک دێت. ئەمە- بەڵام لەلایەن ئەفلاتوونەوە وەک ئایدیا و ئەرستۆ وەک ئینیرجیا (کردار- وزە) دەستنیشان کراوە.

ئێستا کە پێویست نییە بە تەواوی ڕوونی بکەینەوە ئەرستۆ مەبەستی لە ئینێرجیا چی بووە و تا چ ڕادەیەک دەکرێ ئوسیا بەهۆی ئەنێرجیاوە دیار و دەستنیشان بکرێت. ئێستا ئەوەی گرنگە ئەمەیە: ئێمە لەوە ئاگاداربین چۆن ئەرستۆ فەلسەفەی لە جەوهەردا دەستنیشان کردووە. ئەو لە یەکەم کتێبی میتافیزیکدا (Met. A2, 982 bq sq) ئەمەی خوارەوەی وتووە:

فەلسەفە زانینی تیۆری بنەماو هۆکارە یەکەمەکانە. مرۆڤ وشەی ئیپستمیّ بە زانست وەردەگێڕێ.

ئەمەش بە تەفرەبردنە، چونکە ئێمە بەوپەڕی سووک و ئاسانی بۆچوونی نویّ و مۆدێرنی «زانست»مان لابەلاییانە تێبینی کردووە. وەرگێڕانی وشەی ئیپستمیّ(٤) بەزانست دابنرێت چەوت و هەڵەیە، ئەگەر ئێمە بەو مانا فەلسەفەییە لە زانست بگەین کە فیختە، شیلینگ و هیگڵ مەبەستیان بووە. وشەی ئیپستمیّ لە پارتیتسیپی ئپستامینوس کەوتۆتەوە. واتە ئەو مرۆڤە لێپرساوی شتێکە و شایستەیەتی (لێپرساوێتی بەواتای دەستڕەنگینی). فەلسەفە بریتییە لە ئیپستمیّ تیس، جۆرێک لە لێپرساوێتی (تیۆریتێکی)یە کە دەتوانیّ بڕوانیّ و تەماشا بکات و سەرنج بدات تیۆرین، ڕوانین واتە تەماشای شتێک بکات و سەڕنج بدات و ئەو شتەش کە ئەو تەماشای دەکات، تەماشا بکرێت و لەبەرچاوبگیرێت. بۆیە فەلسەفە، لەبەر ئەوە بریتییە لە ئیپستمی تیۆریتیکی، واتە زانینی تیۆرییانە، بەڵام ئایا ئەوە چییە کە ئەو لەبەرچاوی دەگرێت.

ئەرستۆ پوختەی ئەمەی بەم جۆرە دیاری کردووە کە وتوویەتی: پروتاری ئەرخیای کای ئایتیای کە بەمجۆرە وەردەگێڕدریّ: یەکەم بنەماو هۆکارەکان، واتە بوونەوەر. یەکەم بنەما و هۆکارەکان بوونی بوونەوەر پێک دەهێنن. دوای تێپەڕبوونی دووهەزار و پێنج سەد ساڵ کاتی ئەوە هاتووە بە وردی و قووڵی بیر لەوە بکرێتەوە: بوونی بوونەر چ لە شتێکی وەک «بنەما» و هۆکار دەکات.

بە چ مانایەک بوون بە بیردادێت، بەوپێیە هەمان شت وەک «بنەما» و «هۆکار» بۆئەوە دەست دەدەن و دەگونجێن بوونی- بوونەوەری بوونەوەر دابڕێژدرێن و پەسندی بکەن، بەڵام ئێمە ئێستاکە مشووری شتێکی تر دەخۆین. ئەو ڕستەیەی ئەرستۆ کە هێنامانەوە پێمان دەڵیّ: ئەوەی لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە بە «فەلسەفە»ناونراوە بەرەو کویّ دەچیّ و بەرێگاوەیە. ڕستەکە زانیارییەک لەم بارەیەوە دەداتە دەست: ئەمە چییە- فەلسەفە.

فەلسەفە جۆرە لێپرساوێتی و پسپۆری و توانایەک، ئەو توانایە دەداتە دەست بوونەوەر لەبەرچاوبگیرێت بە تایبەتی سەبارەت بەوەی، ئەوە چییە، لەوەدا کە ئەو بوونەوەرە.

ئەو پرسیارەی لەوتووێژەکەماندا دەبێتە مایەی بەرپاکردنی نائاسوودەیی بە بڕشت و سوودبەخش و بزووتنەوە و جووڵان و کە دەبیّ ڕووی ڕێگاکە بە وتووێژەکەمان ببەخشیّ ئەم پرسیارەیە:

فەلسەفە چییە؟

ئەرستۆ کاتی خۆی وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە، بۆیە ئیتر وتوویژەکەمان پێویست نییە. ئەمە کۆتایی هاتووە پێش ئەوەی دەست پیّ بکات. دوور نییە مرۆڤ وەڵام بداتەوە و بڵیّ، قسەکەی ئەرستۆ لە بارەی ئەوەی کە فەلسەفە چییە، ناکریّ بەهیچ جۆرێک تاکە وەڵامێکی پرسیارەکەی ئێمە بێت، لە باشترین و لەبارترین دۆخ و ڕەوشدا وەڵامێکە لەنێو چەندین وەڵامی تردا، بەیارمەتی ئەو دەستنیشان کردنەی فەلسەفە کە ئەرستۆ کردوویەتی، مرۆڤ دەتوانیّ بیری پێش ئەرستۆ و ئەفلاتوون و فەلسەفەی دوای قۆناخی ئەرستۆ بهێنێتە یاد و بەرچاوی خۆی و لێکیان بداتەوە. ئیتر بە سووک و ئاسانی دەکریّ مرۆڤ نیشانی بدات، فەلسەفە خۆی و ئەو شێواز و جۆرەی بەهۆیەوە گەوهەری خۆی نیشان دەدات لەو دوو هەزار ساڵانەی بەدوایدا هاتووە بە تەواوەتی گۆڕاون. چ کەسێک دەتوانیّ حاشا لەمە بکات؟ ئێمە ناکریّ ئەوە پشتگویّ بخەین و چاوی لیّ بپۆشین کە فەلسەفە لە ئەرستۆوە تاوەکو نیتشیّ بیّ سیّ دوولیّ کردن، بەپێی ئەم هۆ و بنەمایەی گۆڕانە و لە چوارچێوەی ڕەوتی ئەودا هەروەک خۆی ماوەتەوە، چونکە گۆڕانەکان دەستەبەرو زامنی ئەم خزمایەتییە خۆین.

بەمە ئێمە بەهیچ جۆرێک ئەو لافە لێنادەین کە پێناسەکەی فەلسەفە کە ئەرستۆ کردوێتی ئەوپەڕی گونجاو بێت. ئەو لە چوارچێوەی مێژووی بیری یۆنانیدا بە شێوەیەکی تایبەتی تەنیا لێکدانەوەیەکی دیاری بیری یۆنانییە و ئەو ڕۆڵەی گێڕاوە کە پێی سپردراوە. پێناسە کردنەی فەلسەفە لەلایەن ئەرستۆوە ناکریّ بەهیچ جۆرێک بگێڕدرێتەوە بەرەو دواوە بۆ سەر بیری هێراکلیت و پارمەنیدس، بە پێچەوانەشەوە پێناسەکردنەکەی فەلسەفە لەلایەن ئەرستۆوە بەڕاستی ئەنجامێکی ئازاد و کراوەی بیری پێشڕەو دوا ئەنجامیەتی. من دەڵێم: ئەنجامێکی ئازادە، چونکە بەهیچ شێوە و جۆرێک ناکریّ بەبیرومێشک دابێت کە فەلسەفە تاکەکان و قۆناخەکانی فەلسەفە بەواتایەکی ناچارەکی پرۆسەی دیالێکتییانە..

لە یەکتری بکەونەوە و پەیدابین.

چ شتێک لەوەوە کە وترا بۆتاقیکردنەوە و هەوڵەکەمان لە وتووێژەکەماندا لەبارەی قسەکردن لە پرسیارەکە دەکەوێتەوە؟ ئەمە چییە- فەلسەفە؟ لەپێشدا خاڵێک: نابێ ئێمە تەنیا هەر پابەندی پێناسەکەی ئەرستۆیین و دەستبەرداری نەبین، لەمەوە خاڵێکی تر دەستگیرمان دەبێت: پێویستە لەسەرمان پێناسەی پێشتر و دواتری فەلسەفە لەبەرچاوی خۆمان بگرین. ئینجا چی؟ ئینجا ئێمە بەهۆی رووتکردنەوەیەکی (ئەبستراکت) بەراوردکارییانە ئەوە دابڕێژین کە پێناسەیەکی سەرتاپاگیر بێت(٥). ئینجا چی؟ دوای ئەمە دەگەینە دارشتن و فۆرمێلێکی بەتاڵ کە بۆ هەموو جۆرێکی فەلسەفە دەست دەدات، ئینجا چی؟ دوای ئەمە تەنیا ئەوەندەی لە کردن بێت لە وەڵامێکی پرسیارەکەمان دوور دەکەوینەوە.بۆچی دەبێ بەو ڕادەیە بگات؟ چونکە بەهۆی ئەو پەیڕەوەی لەسەرەوە ناومان هێنا، تەنیا بە شێوازێکی مێژووییانە پێناسەکانی بەردەست کۆدەکەینەوە و ئەوان لەچوارچێوە و فۆرمێلێکی گشتیدا دادەڕێژین. ئەمە هەمووی، ئەوی ڕاست بێ بەکردەوە، دەکرێ بەوپەڕی ڕێکوپێکی و دەست ڕەنگینی و بە یارمەتی ساخ کردنەوەی ڕاست و دروستەوە پیادە و جێبەجێ بکرێت. ئێمە بەلای کەمەوە پێویستیمان بەوە نییە بەو شێوازە بچینە ناو فەلسەفەوە کە بیر لە گەوهەری فەلسەفە بکەینەوە. بەم ڕێگا و شێوازە دەتوانین زانینی فرە ڕەنگی و بنەڕەتی و سوودبەخش لەو بارەیەوە بەدەست بهێنین، چۆن مرۆڤ فەلسەفەی لە ڕەوت و پرۆسەی مێژوودا بەبیروبۆچوونی خۆیدا هێناوە، بەڵام ئێمە بەم ڕێگایەدا هەرگیز ناگەینە وەڵامێکی ڕەوا، واتە ڕەسەنی ئەم پرسیارە:

ئەمە چییە- فەلسەفە؟ وەڵامەکە دەکرێ تەنیا وەڵامێکی فەلسەفەکردن بێت، وەڵامێک کە فەلسەفە کردن بێت لەوەدا کە لەخۆیدا بە دەنگەوەهاتن بێت، بەڵام چۆن دەبێ لەم ڕستەیە بگەین؟ تاچ ڕادەیەک وەڵامێک دەکرێ و لەوەدا کە بەدەنگەوە هاتنە فەلسەفە کردن بێت؟ من ئێستا هەوڵ دەدەم وەک شتێکی کاتی و سەرپێی چەند شتێک بدەمە دەست. ئەوی مەبەستمانە و دەیڵێین وتووێژەکەمان شێواو و سەرگەردان و نائارام دەکات. بگرە دەبێتە پێودانگ و سەنگی مەحەک (Prufstein) بۆ ئەوەی ئایا وتوێژەکەی ئێمە دەکرێ وتووێژێکی ڕاستەقینەی فەلسەفەیی بێ ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر لە توانای ئێمەدا نییە.

کەی وەڵامی ئەم پرسیارە: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ وەڵامێکی فەلسەفەکردنانە دەبێت؟ کەی ئێمە فەلسەفە دەکەین؟ بە ئاشکراو ڕاشکاوی یەکەمجار ئەوکاتە کە ئێمە لەگەڵ فەلسەفەدا دەست بە وتووێژ بکەین. بۆ ئەم مەبەستە، ئەوەش دەگرێتە خۆ ئێمە ئەوەیان لەگەڵدا باس دەکەین ئەوان لە بارەی چی قسە دەکەن. ئەو وتووێژە ناوکۆییە لەگەڵ یەکتریدا کە هەمیشە وەک خۆی بەلای فەیلەسووفەکانەوە گرنگە و بە تایبەتی پێوەندی پێوەیان هەیە بریتییە لەدوان و قسەکردن، قسەکردن بەو جۆرە و شێوەیەی کەگفتوگۆ و وتووێژە، قسەکردن وەک دیالۆگ. ئایا دیالۆگ ناچارەکی دیالێکتیکێکە و کەی ئەمە دەبێ، ئێمە ئەمە بە کراوەیی دەهێلینەوە.

یەکێکیان ئەمەیە، بیروڕای فەیلەسووفەکان ڕوون و ساخ بکرێنەوە و باس بکرێن، شتێکە بە تەواوەتی جیاوەزە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن و واتە ئەوەی کە قسەی لێدەکەن و لەگەڵیاندا لەبارەی بدوێی.

ئەگەر وای دابنێین بوونی بوونەر تا ئەو ڕاددەیە و فەیلەسووفەکان دەبزێوی ، قسە دەکەن، بوونەوەر چییە، لەوەدا کە هەیە، بۆیە پوێستە وتووێژی ئێمەش لەگەڵ فەیلەسووفەکان بوونی بوونەوەر ببزوێنێ.

ئێمە خۆمان پێویستە لەبیرکردنەوەماندا ڕووبەڕووی فەلسەفە ببینەوە لەو ڕێگایەدا کە پیایدا دەڕوات، پێویستە قسەکانمان وەک ئەوە وابێت کە لەگەڵ فەیلەسووفەکاندا قسەی پێدەکرێت. ئەگەر ئەم بەدەنگەوە هاتنە سەبارەت بە ئێمە سەرکەوتوو بوو، ئەوا دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە پڕ بە پێستی خۆی بدەینەوە: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ وشەی ئەڵمانی: antworten (وەڵام دەداتەوە) بەشێوەیەکی تایبەتی هەمان مانای وشەی ent-sprechen (وەک ئەوە- بە دەنگەوە دێت) دەدات، وەڵام دانەوەی پرسیارەکەمان تەنیا بەوە تەواو نابێت بە دەستەواژەیەک دیار و دەستنیشانی بکەین کە وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، مرۆڤ لەبارەی چەمکی «فەلسەفە»وە چ وێنەیەک لەمێشکیدا دەڕەنگێ. وەڵام دانەوە بەهیچ جۆرێک لێکگێرانەوە نییە (n'est pas une reponse)، وەڵام دانەوە پتر بە دەنگەو

هاتنه (La Corres pondance) کـه وەک بوونی بوونەوەر وایە و بە دەنگییەوە دێت.
لە هەمـان کـاتدا ئێمـە حـەز دەکـەین بزانین ئەو تایبـەتمەندییـە (Charakterisische) بە مـانای لێگێـڕانەوە کـە وەڵام دانەوەی لێ پێکدێت کـامـەیە. لەپێش هەمـوو شـتێکدا هەمـوو شـتێک پشت بەوە ئەسـتوورە کـە ئێـمـە بە لێگێڕانەوەیەک گەیشـتووین، بەرلەوەی ئێمە لەبارەی ئەوەوە تیۆرییەک ڕەنگ بڕێژین.
وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە: ئەمە چییە- فەلسەفە؟ بەوە دەبێ کـە ئێـمە بەدەنگەوە بێن فەلسـەفە بەرەو کـوێ مل دەنێ و بەرێگـاوەیە. ئەمـــەش ئەوەیە: بوونـی بوونەوەر. لەولێگێـڕانەوە و بەدەنگ هاتنەوە و گـونجـانە هەر لە سەرەتادا گوێ لەمە دەگرین: فەلسەفە چی بە ئێمە وتووە، فـەلسـەفـە، واتە ئەو وشـەیەی بە یۆنانی تێی گەیشـتراو فـیلۆسـۆفـیا. بۆیە ئێـمـە تەنیا بەو جـۆرە بە لێگێــڕانەوەکــە دەگــەین. واتە بە وەڵامـــدانەوەی پرسـیـارەکـەمـان، کـە لەوتووێژەکـەمـانـدا لەلای ئەوە بمێنینەوە، مـیـرات و پاشـمـاوەی فـەلسـەفـە بەرەو کـوێ دەمـانبـات، واتە ڕزگـارمـان دەکـات. ئێـمـە وەڵامی ئەم پرسـیـارە: فــەلســەفــە چـیــیــە ،نەک بەهۆی چەند دەستەواژەیەکی مێژوویی لەبارەی پێناسەی فەلسەفەوە، بەڵکو بەهۆی وتووێژ لەگەڵ ئەوەدا کـە خـۆی وەک بوونی بوونەوەر داوەتە دەستمان، دەدۆزینەوە.
ئەم ڕێگایە بەرەو وەڵامدانەوەی پرسیارەکەمان بەهیچ جۆرێک دابڕان نییە لە مێژوو، حاشاکردن نییە لەمێژوو، بەڵکو بەدەستهێنان و گـۆڕینی ئەو مـیراتەیە کە بۆمـان مـــاوەتەوە. ئەم جــۆرە بەدەست هێنانە مـــەبەست لەناونیـشـانی «کـاول کردنە» Destruktion. واتـــای ئەم وشـەیە لەکـتـێـبی «بوون و کـاتدا» (پەرەگـرافی ٦) لێکدراوەتەوە. کـاول کـردن بە مـانای لەناوبردن نیـیـە، بەڵکو بریتییە لە هەڵوەشاندن، وەلانان و بخرێتە لاوە- بەتایبەتی تەنیا دەستەواژە مێژووییەکان لەبارەی مێژووی فـەلسـەفـە مـەبەستن. کـاولکردن بەم واتایەیە: گـوێمـان بکەینەوە: خۆمان والا بکەین، لە میراتی بۆماوەدا وەک بوونی بوونەوەر چیمـان پێدەڵێ. کـاتێک ئێـمە گوێ لەم پەندە دەگـرین بەلێگێـڕانەوە و بەدەنگەوەهاتن و وەک یەکەکە دەگەین.
بەڵام لەکـاتێکدا ئێـمـە ئەمە دەڵێین، جـۆرە ئەگـەر و گـومـانێک دەرکـەوت، کـە بەم شێـوەیەیە: ئایا پێویستـە لەسـەرەتاوە ئێـمـەخـۆمـان مـشـووری ئەوە بخـۆین بە گونجاوێک لەگەڵ بوونی بوونەوەردا بگەین؟ ئایا ئێمەی مرۆڤ، هەمیشە لە گونجاوییەکی وەهادانین و نەک تەنیا وەک قـەومـاوێکی ڕاسـتـەقـینەک defacto، بـەڵـکـو بەهۆی گەوهەرەکەمانەوە؟ ئایا ئەو گونجان و لێگێڕانەوە و وەک یەکە ئەو نیشـانە نییە کە گەوهەرەکەمان دیار و دەستنیشـان دەکـات؟ ڕاسـتـیـیـەکـە ئەمـەیە. خۆ ئەگـەر بابەتەکە بەم جۆرە بێت، ناتوانین ئێـمـە لەوە پتر بڵـێین، دەبێ لەپێشەوە ئێمە بەو گونجانە بگەین. ئێمە لەمەماندا ڕاستین و ناهەقی نین. ئەگـەرچی ئێـمـە هەمـیـشـە و لە هەمـوو شـوێن و کـاتێکدا لەو گـونجـانە لەگـەڵ بـوونی بوونەوەردا دەمێنین، ئەوا لە هەمانکاتدا تەنیا بەدەگمەن ئاگامان لە پەندی بوونەکە دەبێت. گونجان لەگەڵ بوونی بوونەوەر هەمـیشـە جێگای مـانەوەی ئێمە دەبێ، کەچی تەنیـا جاروبار لەلایەن یەکێک لە ئێمەوە وەک کردارێکی کراوە پەیڕەو و پیادە دەکرێت. کاتێک کە ئەمە دێتەکایە و ڕوودەدات ئێـمە لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێین کە پێوەندی بە فـەلسـەفەوە هەیە کە بەرەو بوونی بوونەوەر بەرێگاوەیە. گونجان لەگەڵ بوونی بوونەوەر فەلسەفەیە، ئەمەش تەنیا هەر ئەوکاتە دەبێ کە گونجانەکە بەدیبێت و پیادەبکرێت، ئیتر بەهۆی ئەمەوە خۆی دەردەخات و ئەم دەرخستنە بڵاو و پەخش و فـراوان دەکـات. ئەم گـونجـانـە بە شـێـواز و ڕێـگـای جـــیـــــــــاواز ڕوودەدات، بەپـێـی ئـەوپەنـدو ئامـۆژگـارییـانەی بوون کە دێنە دوان، بەپێی ئەوەی ئایا دەبیـستـرێ یاخـود گـوێی لە ئاقـاردا کـەڕ دەکرێت، بەپێی ئەو دەبیـسـتـرێ بە قـسـە وتراوە یاخـود بێ دەنـگ بووە. وتووێژەکەی ئێـمە دەکرێ چەند دەرفەتێک دەستەبەربێ لەبارەیەوە بیری لێ بکرێتەوە و مرۆڤ لێیی وردبێتەوە.
ئێـستـا کە تەنیا هەوڵدەدەم، پێشەکییەکی وتووێژەکە بڵـێم من حـەز دەکـەم ئەوەی تا ئێـسـتـا وتوومـە و باسم کـردووە بیگـێـڕمـە دواوە بۆ سـەر ئەوەی کـە بە قـسـەکـەی ئەندرێ جـیـدەوە گـرێمان کـە لە بارەی «هەست و سـۆزی جـوان»ەوە بوو. فـیلۆسـۆفـیـا تاکـە گـونجـانی بەدیهـاتووی پیـادەکـراوە کـە دەدوێ، لەوەدا کـە لە پەندو ئامـۆژگـاریی Zuspruch بوونی بوونەوەر بە ئاگایە. گونجان گوێ لە دەنگی پەند دەگــرێت. ئەوەی وەک دەنگی بوون ڕووی گوفتارلە ئێمە دەکات و بۆمان دەدوێ، گونجانەکەمان دیار

و دەستنیشان دەکات. «گونجان» مانای ئەمەیە: دیار و دەستنیشان کراوبێت، etre dispose بە تایبەتی هی بوونی بوونەوەر. لێرەدا دەستنیشان کران Dipose وەک وشــە بەم مــانایەیە: لە یەکـــتـــری دابڕاون، ڕووناک کراوەتەوە بەهۆیەوە بەوەوە بەستراوە کە چۆن هەیە Was ist. بوونەوەر وەک بوونەوەر قسەکردن بەشێوازێک دیار و دەستنیشـان دەکـات کـە وتن لەگـەڵ بوونی بوونەوەردا تەباو گونجاو هەماهەنگ دەبێت (accorder). گونجان پێویست و ناچارەکییە و هەمیشە، نەک بەرێکەوت و جــــاروبار، ڕەوشـــــێکە لە پێــــشـــــەوە بەهۆی ئەم (Disposition) ڕەوشەوە وتەی گونجانەکە وردی و ڕێک و ڕەوانی خۆی دەستگیر دەبێت.

وەک ڕەوش و دیاریکراو گـونجـانەکـە بەشـێـوازێکی جـەوهەرییـانە لە ڕەوش و ئاواز و بانگەکـەدایە. بەهۆی ئەمەوە کردارەکەمـان هەمـوو جارێک بەم شێوەیە یاخود بەشێوەیەکی تر ڕەنگی بۆ دەڕێژدرێ. ئەو ئاوازەی وا تێی دەگەیشترێ، بە هیچ جۆرێک مۆزیکی هەستێکی لەناکاو بەدەرکەوتوو نییە، کە تەنیا لەگەڵ گونجانەکەدا بێت و دەرکـەوێ. ئەگـەر ئێـمـە فـەلسـەفـە وەک گـونجـانێکی هەمـاهەنگ نیـشـان بدەین، ئەوا ئێـمـە بەهیچ جـۆرێک نامـــانەوێ بیـــر بدەینە دەست گـــۆڕانی ڕێککەوت و لابەلایی و ئەمـلاوئەولا کـردنی هەست و ســۆز. پتــر بابەتەکە تەنیـا بریتـیـیـە لەوەی نیـشـان بدرێت هەمـوو بەوردی وتنێک لەنێو ڕەوشێکی گونجاندا پەیدادەبێ و دامەزرێت و گونجان، دەڵێم، بە ئاگابوونە لە پەند.

پێش هەمـوشـتـێک نیـشـاندانی ڕەوشی جـەوهەری گـونجـان داهێنانێکی نوێ نییـە. کـاتی خـۆی بیـرمـەندە یۆنانییەکان، ئەفلاتوون و ئەرستۆ سەرنجیان بۆ لای ئەمە ڕاکێـشـاوە کـە فـەلسـەفـە و فـەلسـەفـە کـردن سـەر بەو ڕەهەندانەی مرۆڤی کە ئێمە بەئاواز (بەواتای هەماهەنگ و دیاریکردن) ناوی دەبەین.

ئەفلاتون دەڵێ: تیبیاتێت ١٥٥د: سەرسوڕمان پاتوسە (ڕەوش) کە بەڕاستی ئەو تایبەتمەندییەیە فەیلەسـوف جیـادەکاتەوە. فەلسەفە لەمـەوبەولاوە بنەمایەکی تری نییە. سەرسوڕمان لەوەدا کە پاتووسە (ڕەوش) بریتـییە لە ئەرخێ (بنەما)ی فەلسەفە. لە وشەی یۆنانی ئەرخێ پێویستە بە تەواوەتی تێبگەین. ئەوشتە ناودەنێ لەکوێوە شت دێت و پەیدادەبێ، بەڵام ئەم «لەکـــوێوە دێ» لە

دەرچووندا بەرەو دوا نابێـتـەوە، بەڵکو پتـر وشـەی بنەمـا دەبێ بەوە کـە کـرداری ئەرخێن دەری دەبڕێ و بەوە دەڵێ کە دەستبەکار و ئاغایە. ڕەوشی سەرسوڕمـان وانیـیە کە بە ئاسـانی لەسەرەتای دەست پێکردنی فـەلسـەفـەوە بێت وەک بۆ نموونە پزیشکی نەشـتـەرگـەر پێش ئۆپەراسیـون دەسـتی دەشـوات. سـەرسـوڕمـان فـەلسـەفـە هەڵدەگـرێ و ڕێک و پێکی دەکات.

ئەرستۆ هەمان شت دەڵێ: (میتافیزیک. A2. q82 b12 sq) بەهۆی سـەرسـوڕمـانەوە مـرۆڤ بەتایبـەتی ئێـسـتـاو لە سەرەتاشدا هاتووەتە سەر ڕێبازی فەلسـەفە کـردن (کـە لێـیـەوە فـەلسـەفـە پەیدا بووە و ڕەوتی فەلسەفەکردنی دیارو دەستنیشان کردووە).

ئەوپەڕی سـادە و سـاکـار و پێش هەمـــوو شـــتـێک بەزاندنی سنووری یۆنانیـیـە کە دەبێ کـەوا بەبیـردابێت، ئەگـەر لەو باوەڕەدابین کـە ئەفـلاتوون و ئەرسـتـۆ تەنیـا لێرەدا پشت ڕاستیان کردۆتەوە کە سەرسوڕمان هۆکاری فەلسـەفـەکردنە. ئەگەر ئەوان باوەڕیان وابووبایە ئەوا بەم جـۆرە دەبوو: جـارێک لەجـاران مرۆڤ سـەرسـام دەبێ، بە تایبــەتی لە بارەی بوونەوەرەوە، لەو بارەیەوە کــە بوون هەیە، ئەو بوونە چییە، ئەگەر ئەم سەرسامییە هانی دابن دەبوو دەسـتـیـان بە فـەلسـەفـەکـردن کردبایە، بەڵام هەرکە فـەلسـەفـە دەستی بەجووڵان کرد، ئەوا سـەرسوڕمـان وەک پاڵنەر، پێویست نامێنی، بۆیە لەبەرچاو ون بووە. دەکرێ ون ببـێ، چـونکە ئەو تـەنـیــــــا پاڵــنـەر بووە، بـەڵام: سـەرسـوڕمـان ئەرخـێـیـە (بنەمـا)- بەسـەر هەمـوو هەنگاوێکی فـەلسـەفـەدا زاڵ و دەست ڕۆیشــتـووە. سـەرسـوڕمـان پاتۆس (ڕەوشـە). ئێـمـە ئاسـایی وشـەی پاتوس بە ڕەوش و هەست و ســۆز و وورووژاندنی ســۆز وەردەگێـڕین، بەڵام وشەی پاتوس بە وشەی «پاسخێن»ەوە بەستراوە کە واتای دووچاربوون، بەدەستەوە گیرخواردن و شان دانە بەر، ناچاربی شانی بدەیتەبەرو بەهۆی شتێکی ترەوە خـۆت دیار و دەسـتنیـشـان بکـەیت. ئازایەتی ئەوە دەکرێت، لەم بارودۆخ و ڕەوشانەدا، ئەگەر ئێمە پاتوس بە ڕەوش وەربگـێـڕین مـەبەسـتـمـان بڕیار و سـوربوونە. بگرە ئێمە پێـویستە ئازایەتی ئەو وەرگێڕانەمان هەبێ، چونکە بە تـەنیــا ئەو ئێـمـــە لەوە بەتوندی ئاگـادارەدەکـاتەوە، نەکـــەوینە داوی بۆچوونێکی ڕەوانناسی نوێی وشـــەی پاتۆسـەوە، بەڵام ئەگـەر ئێـمـە پاتوس تەنیـا بە ڕەوش

تێبگەین، دەتوانین وشەی پاتوس سەرسوڕمان ورتر و لەنزیکەوە دەستنیشان بکەین. لە سەرسوڕماندا لەگەڵ خۆماندا دەمێنینەوە (etre en erret). ئێمە هەروەک لەبەردەم بوونەوەردا پاشەکشە بکەین وایە لەبەر ئەوەی ئەو بەم جۆرەیە و بە جۆرێکی تر نییە. هەروەها سەرسوڕمان بەو پاشەکشێ کردنە لەبەردەم بوونی بوونەوەردا وشکایی نایەت erschopf، بەڵکو ئەو ئەوەیە، بەوپێیە ئەو پاشەکشێیە و لەگەڵ خۆدامانەوە لەهەمانکاتدا داپچڕان و پەلبەستران بێ بەهۆی ئەوەوە کە پاشەکشێی لێکراوە. بەم پێیە سەرسوڕمان ئەو ڕەوشەیە کە تیایدا خۆی بۆ بوونی بوونەوەر واڵا دەکاتەوە. سەرسوڕمان. سەرسوڕمان ئەو سروشتەیە کە لەناویدا بۆ فەیلەسووفە یۆنانییەکان گونجان لەگەڵ بوونی بوونەوەر دەستەبەر بووە.

بەتەواوەتی ئەو سروشتەکە بیر دیار و دەستنیشان دەکات جۆرێکی ترە لەوەی کە پرسیارە بەمیرات ماوەکەی، بوونەوەر چییە، لەوەداکەهەیە بەشێوازێکی نوێ کردووە و داڕشتووە ئیتر بەمە سەردەمێکی نوێی فەلسەفە دەستی پێ کردووە. دیکارت لە وردبوونەوەکانیدا تەنیا لەسەرەتادا پرسیاری نەکردووە بوونەوەر(تی توئەن)- چییە لەوەداکە بوونەوەرە؟

دیکارت پرسیویەتی:

کامەیە ئەو بوونەوەرە کە بەواتای ڕاستی هەبوون ens Certum بوونەوەرە؟ بۆ دیکارت لەو مابەینەدا جەوهەری ڕاستی هەبوون گۆڕاوە. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاستی هەبوون گۆڕاوە. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا ڕاستی هەبوون بریتی نەبووە لە دڵنیایی، بەڵکو پێناسە و سنووردانێکی پتەو بووە بۆ بوونەوەر لەوەدا کە بوونەوەرە. ڕاستی هەبوون واتای جەوهەری هەیە essentia (ماهییەت). لەلایەکی ترەوە بۆ دیکارت ئەوەی ڕاستەقینەیە بەشێوازێکی تر دانراوە و ژمێردراوە بۆ ئەو، گومان ئەو ڕەوشە،سروشتە بووە کە تەبایی و گونجانی لەگەڵبوونەوەری ڕاستەقینەدا، واتە لەگەڵ بوونەوەری دڵنیایی لێکراو دا هێناوەتە لەرزین. بۆ ئەوەی ڕاستی هەبوون بێ بە بنەمایەکی پتەوی بوونەوەر لەوەدا کە بوونەوەرە لە گومان هەڵنەگریی من هەم سەبارەت بە منی مرۆڤ کەوتۆتەوە. بەهۆی ئەمەوە کە - من- دەبێ بەخۆی ڕەسەن، ئیتر بۆ یەکەم جار گەوهەری مرۆڤ بە واتای منێتی دەچینە ناو کایە و گۆڕەپانی خۆێتییەوە بەسایەی گونجان لەگەڵ ئەو دڵنیایی کردنەدا Certitudo قسەکەی دیکارت دیاریی و دڵنیایی پەی پێ بردنی ڕوون و ڕەوان و ئاشکریی پێ بڕاوە. سروشتی ئەم گومانە پەسند کردنێکی لەبار بووە بەرەو دڵنیایی کردن. ئینجا بەرەو پێش دڵنیایی کردنەکە بووە بە فۆرم و ڕوخسار ڕەنگرێژی ڕاستی Wahrhei. سروشت و هەست و نەستی بڕوابوون بەوەی کە هەمووکاتێک زانینی ڕەهای دڵنیایی لێکراو بەدەست دێت پاتوس و هەروەها ئەرخێی (بنەمای) فەلسەفەی نوێیە.

بەڵام ئایا تیاوس (بۆچوون)ی فەلسەفەی نوێ، ئەگەر بشێ قسەی لێ بکەین، لەچی پێک هاتووە؟

ئایا ئەم کۆتاییە بەهۆی سروشتێکی ترەوە دیاری کراوە؟ دەبێ لەچی جێگایەک بەدوای بۆچوونی فەلسەفەی نوێدا بگەڕێین؟ لەلای هیگڵ یاخود لە دوا قۆناخی فەلسەفەی شیلنگدا؟ ئینجا چی لە بارەی مارکس و نیتشێ؟ ئایا ئەوان لە ڕێبازی فەلسەفەی نوێ چوونە دەرەوە؟ ئەگەر نەء، چۆن دەکرێ پلەوپایەیان دەستنیشان بکرێت.

بابەتەکە وا دێتەبەرچاو هەروەک ئەوەی ئێمە تەنیا چەند پرسیارێکی مێژوویی بکەین،بەڵام ئەوی ڕاست بێت ئێمە گەوهەری دواڕۆژی فەلسەفە لەبەرچاو دەگرین و هەڵیدەسەنگێنین. ئێمە هەوڵدەدەین گوێمان لەدەنگی بوون بێت.بە چ سروشت و سازێک ئەو بیری ئەمڕۆ دێنێتە ئاراوە؟ ئەم پرسیارە سەختە بەڕوونی وەڵام بدرێتەوە، وا پێدەچێ جۆرە سروشتێکی بنەڕەتی دەستبەکار و زاڵ بێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لە ئێمە شاردراوەیە. ئەمەنیشانەیەکەدەری دەخات بیرکردنەوەی ئەمڕۆی ئێمە تا ئێستا ڕێگای ڕاست و ڕوونی خۆی نەدۆزیوەتەوە. ئەوی ئێمە تووشی دەبین تەنیا ئەمەیە: سروشت و جۆری جیاوازی بیرکردنەوە. گومان و بێهیوایی لەلایەک، شەیدابوونی کوێرانەی چەند بنەمایەکی پشت ڕاستنەکراوە کە بە دژ و بەرامبەر بە یەکتری وەستاون لەلایەکی ترەوە.ترس و پەشێوی تێکەڵاو هیواو بڕوابوون، بوون. بڕوایەکی باو پتر بڵاوە کە بەم جۆرەیە: بیر بەپێی جۆری بۆچوونی ژیرەکی و ژماردن و سەرژمێری لەو سروشتە بە تەواوەتی ئازاد بووە، بەڵام هەروەها سارد و سڕی ژماردنەکە و تەنانەت

وردیی تامەزرۆیی پلان و نەخشەکە نیشانە و هێمای ڕەوشەکەن. نەک تەنیا هەر ئەمە: بگرە تەنانەت ژیریش کە خۆی لە هەموو دەسەڵات و کارتێکردنێکی سۆز و هەست ڕزگارکردووە وەک ژیر (ئەقڵ Vernunft) لەگەڵ بڕوابوونی بەسەلمێنەی بیرکاری- مەنتیقییانەی بنەما و ڕێوشوێنەکانی تەبا و گونجاوە. ئەو گونجان و وەک یەکەی پەیڕەودەکرێ و خۆی والآکردۆتەوە کە لەگەڵ پەندی بوونی بوونەوەردا تەباو وەک یەکە، ئەمە فەلسەفەیە. ئەمە چییە- فەلسەفە، کاتێک دەیناسین و دەیزانین و پەی پێدەبەین ئەگەر ئێمە شارەزاببین بە چ شێوازێک فەلسەفە هەبوو دەبێت. ئەو بەشێوازی گونجان و وەک یەکە کە خۆی لەگەڵ سروشت و بانگەوازی بوونی بوونەوەردا یەک دەخات و دەگونجێ.

ئەم بەدەنگەوە هاتنە و گونجانە زمانێکە. ئەمە سوود و قازانجی زمانی تێدایە. ئەمە مانای چییە؟، بۆ ئێمە ئەمڕۆ گرانە تێبگەین: بۆچوونی ئاسایی و سەرپێی ئێمە لە بارەی زمان گۆڕانی سەیر و سەمەرەی بەسەرداهاتووە. لە ئەنجامی ئەمەدا وا دەرکەوتووە کە زمان ئامرازێکی دەربڕینە. هەر بەم پێودانگە مرۆڤ بە ڕاستی دادەنێ ئەگەر بڵێ: زمان خزمەتی بیردەکات لەجیاتی ئەوەی بڵێ: بیر وەک بەدەنگەوەهاتن خزمەتی زمان دەکات. پێش هەمووشتێک، بەڵام بۆچوونی ئەمڕۆ لە بارەی زمانەوە ئەوەندەی لە کردن و توانادایە لە ئەزموونی یۆنانی زمان دوورکەوتۆتەوە. بۆ یۆنانییەکان گەوهەری زمان خۆی وەک لۆگۆس والآکردۆتەوە. باشە کەواتە لۆگۆس و لگین مانای چییە؟ ئێمە ئەمڕۆ لە پێشدا وردە وردە لەسەر خۆ دەست پێ دەکەین بە ڕێگای توێ توێ کردنی جیاوازی لۆگۆس بگەینە گەوهەرە سەرەتاییە یۆنانییەکەی.لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین بگەڕێینەوە سەر گەوهەری زمان و ناتوانین بگەڕینەوە دواوە و نە دەتوانین شتەکە بە سووک و ئاسانی وەربگرین و پەیڕەوی بکەین. کەچی بەپێچەوانەوە پێویستە ئێمە لەگەڵ ئەزموونی یۆنانی زمان لەوەدا لۆگۆسە وتووێژێک بکەین. بۆچی؟ چونکە ئێمە بەبێ بیرکردنەوەیەکی تێروتەسەل لەزمان ناتوانین بەڕاستی بزانین، فەلسەفە وەک بەدەنگەوە هاتنێکی جیاوبەرچاو، فەلسەفە وەک شێوازێکی بەرچاو و جیای وتن چییە.

لەبەر ئەوەی شیعر، ئەگەر ئێمە ئەو لەگەڵ بیردا بەراورد بکەین، بەشێوازێکی ئەوپەڕی بەرچاو و جیاواز خزمەتی زمان دەکات، وتووێژەکەمان کە بیرکردنەوەیە لە فەلسەفە، بە ناچاری ئەو ڕێگایە دەگرێتەبەر پێوەندی نێوان بیرو شیعر ڕوون بکاتەوە. لە نێوان هەردووکیاندا، بیرو شیعر جۆرە خزمایەتییەکی شاردراوە دەستبەکارە، چونکە هەردووکیان سەرگەرمی خزمەتکردنی زمانن و لەودا بزر دەبن و دەتوێنەوە، بەڵام لەنێوان هەردووکیشیاندا لە هەمانکاتدا کە لەبەرێک هەیە، ئەوان «لەسەرچیای لەیەکتری دابڕاو» جێگیرن. ئێستاکە مرۆڤ دەتوانێ بەڕاستی داوا بکات کە وتووێژەکەمان بە تەنیا بریتی بێت لە پرسیارکردن لەبارەی فەلسەفەوە. ئەم سنوور بۆ دانانە کاتێک شیاوەکی دەبێت و بگرە پێویست و ناچاریی، ئەگەر لە وتووێژەکە بکەوێتەوە کە فەلسەفە ئەوە نییە وەک ئەوەی کە ئێستاکە لێک دەدرێتەوە و ڕوون دەکرێتەوە: بەدەنگەوە هاتن و گونجاو وەک یەکێک کە بانگەواز و پەندی بوونی بوونەوەر دەهێنێتە زمان و قسەکردن.

بەواتایەکی تر: وتووێژەکەمان بەو مەبەستە نییە کە کە ئەرکێک بگرێتە ئەستۆ پرۆگرامێکی ڕێکو پێکی دیاروجێگیر پەرەپێ بدات، بەڵام دەخوازێ کۆشش بکات، هەموو ئەوانەی دەیانەوێ بەشداری تیادا بکەن بۆکۆبوونەوەیەک ئامادەیان بکات کە تیایدا باسی لەوە بێت کە باسمان کردووە کە ئێمە بەبوونی بوونەوەر ناوی دەبەین. با بیرلەوە بکەینەوە کە ئەرستۆ وتوویەتی:

«بوونی بوونەوەر بەفرە ڕەنگی بەدەردەکەوێ(*)».

**پەراوێزەکان:**

**1- Andre Gide, Dostoiewsky. Paris 1925. P.247.**

**- ئەندرێ جید، دۆستۆیڤسکی. پاریس ١٩٢٥، ل٢٤٧.**

**٢- نووسەر ئەم وشەیەی بەپیتی یۆنانی نووسیوە- وەرگێڕ-**

**3- Vgl. Vortraege und Aufsaetze 1954. S.207-229.**

**٤- وشەی یۆنانی ئیپستمێ بەمانای زانین- ناسین دێت- لێرەوە ئیپستمۆلۆجی بەتیۆری زانین وەرگێڕدراوە. - وەرگێڕ-**

**٥- مەبەستی هایدیگەر ئەوەیە کە ئەم پێناسەیە وەک بابەتێکی ناوکۆیی هەموو پێناسەکان بگرێتە خۆی و لەگەڵیاندا بگونجێ. - وەرگێڕ-**

**6- Vergl. sein und Zeit. P.7.B.**

**سەرچاوە:**

**Heidegger, Martin, Was ist das- Die Philosophie. Stuttgart. M. Auflage. 2003.**

# پشکنینی کۆمەڵگای کوردی لەبەردەم تۆتالیتاریزمی پیاوسالاریدا

مەجید عەزیز
(ئەمریکا)

(٢ - ٢)

مرۆڤ لەناو ژیاندا، لە ڕێگای زمانەوە باس لە خۆی و چیرۆکی خۆی دەکات. خەون دەبینێت و ئارەزووی تەفسیر کردنیان دەکات، لە زمانیدا باس لە شتەکان دەکات و بەو شێوەیە دەدوێت، لەبەر ئەمەیە شیعر دەنووسێت و خۆی بوونی تۆمار دەکات. هونەری ئەویش پابەندە بەکۆی شتەکانەوە، پابەندە بە بینینەوە، بە گوێ گرتنەوە، بەدەست تێوەردانییەوە، بەتام کردن و چێژ وەرگرتنییەوە، بە بەشداری کردنەکانییەوە، بە قسەکردنییەوە، بە بیرکردنەوەیەوە، بیرکەوتنەوەو دەربڕینەکانییەوە، تەئەمول و شیعریەتییەوە بۆ بوون و جیهانەکەی تیایدا دەژی. ڕەنگە هەوڵدان بۆ لە ناوبردنی ماچۆبوون ئیگۆییزم پیاوەتی وەکو ئایدیۆلۆجی، لە کەسایەتیدا، سەرەتایەک بێت بۆ دیموکراسی بوون لەنێو خودی ئەو کەسایەتییەدا بەرامبەر ئەوی دی. ماچۆ ئیگۆییزم بوون ستەمکاری بەرهەم دەهێنێت لەبەرامبەر قۆرخکردنی شوێنی ئەویتردا کە نە تەماشای دەکات و نەهەستی پێدەکات، تاکو ئەو کاتەی مرۆڤ لەنێو دنیادا خۆی ببینێتەوە، واتە تاکو ئەو کاتەیش ئارەزووی زانین و درکاندن و گەڕان و بیرکردنەوەو هاوڕێیەتی و هەستکردنی لە زیادبووندایە. ئەمەیش بۆ خۆی لە تێرمێکی هونەریانەدا تەماشا بکەین. مرۆڤ لە جیهاندا مەحکوومە بە تێڕامان و تەئەمولەوە و بیرکردنەوەوە، مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا لەناو ئەتمۆسفێرێکی سەرسوڕماندا دەژی، کاتێک واناکات چۆنیەتی خۆی کەم دەکاتەوە و تەنیا لە ئاستی چەندایەتیدا دەبیندرێتەوە. ئەرستۆ، فەلسەفە بەو ڕامان و حایربوونە دەشوبهێنێت. هەروەها نیتشە لێرەدا ئامادەیە بەشێوە زۆر

هاوچەرخەکەی بۆ فێربوون و فراوانکردنی هونەر لەناو ژیاندا، هونەر دەبێت بە سەرەکیترین ڕەگەزی بەردەوامی بۆ ئیمکانیەتبوونمان لەناو جیهاندا، دەڵێت: هونەر بەتەنیا هونەرە و هیچی تر، گرنگترین هۆکارە بۆ ئەوەی وا لە ژیان بکات مومکین بێت، گەورەترین سەرنجڕاکێشان و خرۆشانی ژیانە. گەورەترین بە هێزکردن و (بە ئاگاهێنانەوە) و هاندانی ژیانە «هەروەها» یەکێک لەم کتێبەدا ڕەشبینی دەبینێت، یان زیاتر بە ڕوون و ئاشکرایی قسە بکەین، نەهیلیزم، کە بە (حەقیقەت) دەژمێردرێت، بەڵام حەقیقەت وەکو بەرزترین نرخ و بەها ناژمێردرێت، بەڵکو کەمتریش لەهێزی باڵا. ئیرادە بۆ دەرکەوتن، بۆ بە وەهمبوون، بۆ هەڵخەڵەتاندن (deception)، بۆ بوون بۆوەی ببێت بەچی (Becoming) و بۆ گۆڕان (کە خەڵەتاندن ئابجێکتیفایت بکرێت) لێرە بەشێوەیەکی قووڵ تەماشا دەکرێت، مرۆڤی سەرەتایی، زیاتر لە (میتافیزیکەڵی) بە ئەندازەی ئیرادە بۆ ڕاستی، بۆ واقیع، بۆ زیاتر لە دەرکەوتن.. لەم ئاراستەیەوە، ئەم کتێبە ئەنتی پیسیمیستیکە (دژە ڕەشبینییە): ئەوەی، کە لەو هەستەیدا کە شتێک فێردەکات لە ڕەشبینی زۆر بەهێزترە، زیاتر و پیرۆزتر لە حەقیقەت؛ هونەر... ڕەنگە هیچ ئەزموونێکی دیکەی نەبێت- کە هونەر شایستەی زیاترە لە حەقیقەت هەروەها بەدوایدا دەڵێت هونەر ئەرکی ڕاستەقینەی ژیانە هونەر وەک چالاکیە میتافیزیکییەکان(٢١) نیتشە کاتێک بەم شێوەیە دەروازە لەسەر هونەر دەکاتەوە بۆ ژیان، دیارە بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت لە ڕێگای هونەرەوە مانیفێستی خودی نەهیلیزمیش بکات، لەبەر ئەمەیە، هونەر زیاتر ماناو شوێنی هەیە بە بەراوردکردنیدا لەگەڵ حەقیقەت لەلای ئەو، چونکە هونەر دەتوانێت هەڵگری پێناسەو خۆپێشکەشکردنی شوناس بێت لە هەستەکان و بیرکردنەوەکانیدا بۆ ژیان، دەتوانێت بەناوفەزای بوون و هەستەکاندا قووڵبێتەوە. ئەوەی سەنتراڵ دەبێت لێرەدا، دیارە ئەو میدیۆمەیە کە هونەر ئیشی تیادا دەکات لەناو ژاندا، ئەویش بەرپاکردنی نرخ و بەها نوێکانە. بەم کارەیش، ئەو شتانەی نوێ نین و شایستەی تینوێتییەکانی مرۆڤی نوێ نین دەبێت دابڕووخێن، بەم داڕووخانە بۆ شتەکۆن و ئایینی و مۆراڵیتی، پڕۆسەی نەهیلیزم دەستی پێکردووە. لەبەر ئەمەیە، نیتشە یەکێکە لەو بیرمەندە زۆر دیارو دانسقانەی، هەمیشە لە پشت بەرگریکردنەوەن لە هەموو ماف و ئازادییەکانی (ئیندیڤیدوالیزم)ەوەن. لەبەر ئەمەیە هەر کاتێکیش قسان دەکات، هەمیشە ئەفلاتوونی لە خەیاڵدایە. بەلای منەوە لەبەر ئەم هۆیەیە، بیرمەندێکی پۆست مۆدێرنی وەک (جیلز دولوز)، خۆی بە یەکێک لە بەرپاکەرانی فەلسەفە دەناسێت بۆ دژایەتی کردنی فۆرمی فەلسەفی ئەفلاتوونی و نیوئەفلاتوونییەکان لەناو فەلسەفەی هاوچەرخدا. بەهەرحاڵ کاتێک هونەر بەو شێوەیە دەروازە لە نوێگەری و مۆدێرن بوونی خۆی دەکاتەوە، دیارە ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی باوەڕی پێی هەیە و نکوڵی لێناکات ئەوەیە، نەک هەر ئیش لەسەر فراوانی و فەمینین و هارمۆنیای ژیانی مرۆڤەکان دەکات، بەڵکو هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی نهێنییەکانی فەمینینی کەسایەتی خۆبەوەیەتی. ئەوەی گرنگە دۆزینەوەی ڕاستەقینەیە لە گەڕان بەدوای خۆیدا، واتە خود لێرەدا شتێک نییە مرۆڤی خۆی تیادا بەند بکات، بەڵکو چوونە دەرەوەیە تیایدا. پێم وایە بەشێکی ئەو نهێنییانە و زانینانە لە کەشفکردنی بەشە فەمینینەکەیدایەتی و ئەمەیش بۆ خۆی قووڵبوونەوە دەولەمەندکردنی ئاستەکانی زانین و پەی پێ بردنەکانێتی، کە هونەر ڕێگایان بۆ خۆش دەکات، نەک بەپێچەوانەوە.

بە مانایەکی تر، تاکو ئەو کاتەی (کۆمەڵگا) بریتی دەبێت لە شوێن و پانتایی بوونمان دەبێت بۆ (هەموان بەشێوە سینگیولەرەکەی)، واتە بە جیاوازییەکانمانەوە، ئیتر دەبێت بکارێت ئەو کۆلێکتیڤیەتە کۆکراوەییەی خۆی تێبگات، نەک لە ئاستێکی قەداسەتگەرو یەکێتیدا و نەتوانێت کەسایەتی و فەردانیەتی خۆی هەست پێ نەکات بە هانەی کۆلێتیڤیەت و مۆرالیتیەوە، بەڵکو سینگیولەر بوونی خۆیشی بزانێت لە کوێدایە و چۆن دەژی، ئەمەیش دەست خستنە سەر تاڵە دەزووی شوناسە جیاوازەکانێتی کە هونەرو کولتووری ژیانی کراوە پەی پێدەبات و ئیشی لەسەر دەکات. ئەگەر بەو هاوکێشەی بیرکردنەوەی بیرمەندو نووسەرێکی ژنە فەڕەنسی ناو مێژووی فیکرو ئەدەبیاتی فەڕەنسی هاوچەرخ تەماشای ئەم قەیرانە بکەین، دیارە مامەڵەیەکی زۆر پۆزەتیڤ دەبینینەوە. وەک لەسەرەوە کۆتەیشنێکی ئەوم بەکارهێناوە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە نووسین وەکو پرۆژەیەک دەبێت ئەوی تر بۆ ژنان دابین بکات. من

ئەوەی پێویستمە بەم بیرۆکەیە لە پێناوی بابەتەکەمدا (لەبەردەم قەڵای پیاوسالاریدا تاقانەییدا ناجیاوازیدا) بە بەرز بنرخێنم، ئەوە دۆزینەوەی شتێکی ترە لەژیان و بووندا، ئەویش دۆزینەوەی نووسینێکی جیاوازە. هیلین کیۆکس، ناوی لێدەنێت (نووسینی فەمینین)، ئەمەیش بەهۆی ئەوەی ڕەخنەی ئەم ژنە لە مێژووی بیرو هزری ڕوژئاوا لە هەستە لۆکۆسێنترۆمەکەیدا دواییش هەستە فالۆسێنترۆمەکەیدا (هەمان میتۆدی تەفکیکیەت)، کە ئەمەی دووەمیان زاڵبوون و خۆپێدادانی هەستێکی پیاوانەیە بەسەر جەستەی تەواوی ئەم مێژووەدا، لە جیهانی هاوچەرخیشماندا (دریدا) یەکێکە لە پێشڕەوانی هەڵوەشاندنەوەی ئەو تێفکرینە بەرەو جیاوازی، کە فەمینیستە زۆر هاوچەرخەکان ئەم تەفکیکییەتەش بەر ڕەخنە دەدەن. ئەوەی وا لە ژنە نووسەری بەناوبانگ هیلین کیۆکس دەکات، بانگردنێکی قووڵ و فەلسەفییە بەرەو نووسین و بەرەو فەمینیونبوونی نووسین، کە ئەمەیش تەنیا ئیشکردنی زمان نییە، بەڵکو خۆشکردنی ڕووبەری کۆمەڵگایشە بە هەستە فەمینینەکەی، ئەمەش کتومت هەمان کۆتەیشنەکەی سەرەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە» «بوون بریتییە لە دەرەوەیی خۆی» ئەمانۆئیل لیڤیناس دەڵێت. ئەمانۆئیل لیڤیناس، فەلسەفە لە سنووری هیگڵیزم و فرۆیدیزم و تەنانەت هایدیگەریزیشمدا نابینێتەوە، بەڵکو هەمیشە لە پێناوی ئەوی دیدا قووڵتر دەگەڕێت بۆ مەغزاکانی بوون، لەبەر ئەمەیە ناتوانێت واز لە دیاردەناسی بهێنێت. دەیەوێت شتێک بڵێت جیاواز بێت لەو دیسکۆرسە ترادیسیۆنەی پێش خۆی تیایدا ژیاوە. باشترین بەڵگەیش بۆ ئەمە، وەکو قوتابییەکی هایدیگەر، ڕەخنەی توند ئاراستەی ئەو تێفکرینە هایدیگەرییە دەکات لە ئاست ئەوەی کە هەموو شتێک لەناوکردنی پرسیاری (بووندا) بکەین کە بوون چییە؟ لیڤیناس بوون وەک جەوهەر تەماشا ناکات، ئەو سنورە بە جێ دەهێڵێت، بۆ نموونە دەڵێت» حەقیقەتی جەوهەری مرۆڤ لە دەموچاویدا دەردەکەوێت» {کتێبی تۆتالێتی و ئینفینیتی} بەم دەربڕینەی، کە لەناو (خودگەراییەکی) تەقلیدیدا نامێنێتەوە کە وجوودییەکان لە پێش و پاش سارتردا جەختیان لەسەر دەکردەوە. لەلای سارتر و بڕێکی زۆری وجودییەکان، بوون بریتییە لە جەوهەر و جیهانی ناوەوە (ئیسێنس)، بەڵام ئەم ئیشکالە لە هەستە زۆر هاوچەرخەکەیدا پلۆرالەکەیدا بۆ فەلسەفەکردن گۆڕانی بەسەردا دێت و وەرچەرخانی دیکە دەدۆزێتەوە. بۆ نموونە، ڕەخنەکانی میشێل فوکو لەسارترو وجودییەکان دیار و بەڵگە نەویستە، ئەویش لەسەرهەمان چەمکی (ئیسێنس جەوهەر)ە، کە بەلای فوکووە گرنگی و سەنترالیەتی قەیرانی مرۆڤ لەناو کاتدا نییە، بەڵکو لەناو شوێندایە، بەڵام وجودییەکان ئەمەیان نەدەبینی و هەستیان بەمە نەدەکرد. بەلای وجودییەکانەوە، شتەکان لەناوەوە (کات و زەمەن)، بەڵام فوکو نەک ئەمەی پووچەڵکردەوە، بەڵکو هێرشەکانی بۆ سەر کۆجیتۆکەی دیکارتیش ڕەققترین ڕەخنەیە لەناو فیکرو فەلسەفەی هاوچەرخدا. ڕاستە فوکو هەمیشە بەینی لەگەڵ دیاردەناسی و پێشکەشکردندا نییە، بەڵام ئەم جۆرە میکانیزمە لەلای لیڤیناس بە زەقی دیارە، لیڤیناس ناتوانێت گەمەی زمانێکی میتافیزیکی بەجێ بهێڵێت، بەڵام لیڤیناس بە پێچەوانەوە، هەمیشە لەناو تەمێکی هایدیگەرانەوە دەنووسێت، (فینۆمینۆلۆجیستە) بەڵام بێگومان بۆ خۆیشی هایدیگەری نییە، ڕەخنەی توندیش سەبارەت بەو پاشخانە میتافیزیکییە ڕۆژئاواییە دەگرێت کە چەترێکی میتافیزیکی بەسەر سەری فەلسەفەدا هەڵداوە، بەڵام ئەوەی لیڤیناس ناتوانێتماڵئاوایی لێبکات، باسکردنێکی زۆر قووڵە بۆ (ئێتک) ئەخلاق. تەنانەت فەلسەفە کردنیش بۆ لیڤیانس بریتییە لە خودی ئێتیک و هیچی تر. ئەمە دەبێتە میتافیزیکی فەلسەفە کردنی ئێتیک بۆ خۆی، بەڵام بەلای لیڤیناسەوە شتێکی نێگەتیڤ نییە. بەهەر حاڵ، بەلای لیڤیناسەوە، بوون بریتی نییە لەوەی لەناو جەوهەر دایە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بریتییە لەوەی لە دەرەوەدا دەردەکەوێت و دەبیندرێت، دیارە لەبەر ئەمەیە لیڤیناس هەمیشە باس لە (دەموچاوی) مرۆڤ دەکات وەکو پیرۆزترین شت لە جیهاندا. بیرمان نەچێت لیڤیناس کاریگەریی کەلەپووری تێکستە کۆنە جولەکەییەکانیشی بەسەرەوەیە، بەڵام لە هەستێکی ڕەهاو نیگەتیڤدا تەماشایان ناکات.

ئەوەی سەرنجی ئەو ڕادەکێشێت، ئەوەیە کە دەموچاو چەند عەزیزە و شیرینەو لە دەرەوە دەبیندرێت، لە بابلیشدا مرۆڤ لەسەر شکڵی خودا دروست کراوە. واتە خودا مرۆڤ لەسەر شکڵی خۆی دروست دەکات. ئەم لەتکردنە بە خودا بۆ لیڤیناس، هەستێکی سیکولاریانەی هەیە، هەرچەندە لیڤیناس لە چەندین شوێنیشدا ئاماژە بەوە دەکات، خۆی وەک ئیتیزم و شتی وانابینێت.

باسکردنێکی پیرۆز بۆ ڕوخساری مرۆڤ، بەڵام لە ناو کۆنتێکستێکی سیکولاردا، خودایش لەناو ئەو پرۆژەیە دایە. دیاردەناسی لیڤیناس هەرگیز لە زمانێکی موتەعالی دوور ناکەوێتەوە، لەبەر ئەمەیە هەمیشە باس لەئیتیک دەکات، بەڵام ئەمانە باسێکن لە پیرۆزییەکی قووڵ بۆ مرۆڤایەتی لە هەستە سیکولارەکەیدا.

بوون لەلای لیڤیناس بریتییە لە دەرەوەیی، نەک جەوهەر، بەڵام وازیش لە جیهانە خودگەراکە ناهێنێت بەجۆرێک لە جۆرەکان. لیڤیناس دەڵێت: «بوون بریتییە لە دەرەوەیی ئیکستێریرێتی: مەشقکردنی ئەم بوونەی بەهەموو شێوەیەک لە دەرەوەیی خۆیدا دەبیندرێتەوەو هیچ بیرکردنەوەیەک ناتوانێت باشتر لەم بیرۆکەیە بۆ دەرەوەیی بتوانێت ئیلتیزامی هەبێت بە بوونەوە لە داگیرکردنی ئەو دەرەوەییەوە.

دەرەوەیی ڕاستە نەک لە هەستە حەرفییەکەیدا بۆ ئەو بینینەی کە پێچەوانەی ناوەوەیی ڕاستە نەک لە هەستە حەرفییەکەیدا بۆ ئەو بینینەی کە پێچەوانەی ناوەوەیی ئینتێرێتییە؛ ڕاستە لە ڕووبەڕووبونەوەکەیدا (ڕووبەڕووی یەکتری) کە چیدی بینین تەحەکومی نامێنێت، بەڵام زیاتریش لە بینین» (٢٢) ئەم لێکدانەوانەی سەرەوە، هیچ نییە جگە لە پاراستنی شوێنی مرۆڤایەتی لەبەردەم کردنەوەی خودو واقیعدا. کردنەوەی بوونە بۆ ئەوەی خودی بوونیش ڕەت بکرێت بەرەو ئاراستەیەکی بەرزتر و فراوانتریش. ئەوەی لێرەدا گەمە دەکات بوونێکی فەمینینە بەلای منەوە.

ئەوەی چەکەرە دەکات شەتڵی فەمینییە لەناو باخی بوونێکی دەرەوەییاندا، یان نووسینە، بەهاو نرخەکانی کولتووره، ژیان و پاراستنی مرۆڤایەتییە، دۆزینەوەی ئینتێک و مۆرالێتییەکی تر و جیاوازە، فەلسەفە کردنێکە لە دەرەوەی کۆنەپارێزی و پەراوێزکردنی ژناندا. لە هەمان کاتیشدا بەردەوامی جەنگێکی کراوەیە بۆ خۆی، هەڵتەکاندنی تاقانەیی و داخستن دەرگاکانی بوونێکە لە ناوخۆیدا. واتە هەوڵدان و پشکنینە لە کەشفکردنی تەواوی قوربانییەکان لە بەردەم کۆمەڵگایەکدا لەناو داخستن و بوونێکی ستەمکارانەدا. زەمینەی کراوەیی و فراوانی خود لەگەڵ ئەوانی تردا بۆخۆی بەڵگەیەکە لە بەرامبەر کراوەیی پێناسەکانی شوناسدا، نەک بەپێچەوانەوە. تاکو ئەو کاتەی ئێمە بوونەوەری ناو کۆمەڵگابین، چیدی سیاسەتی ژیان و کۆمەڵگا لەبەردەوامیدا وامان لێدەکات بەشداریی بکەین و هەبین. بەم بەشداری کردنەیشمان، واتە لە چەمکی دەسەڵات و بڕیاردان و بیرکردنەوە نزیک دەبینەوە لە هەستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەشیدا.

بەکورتی دەتوانم بڵێم فەمینین، نووسینەوەی بوونە لە تیۆلۆجیکردندا بەدەروازە سیکولارەکەی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی. ئەم کایەیە لە جیهانبینی، چونکە (تیۆلۆجی) لە لای ئێمەی کورد جارێک لە دایک نەبووە، من وای دەبینم. باس نەکردن لە وان (ژن و منداڵان)، باس نەکردنە لە کۆمەڵگا و باس نەکردنیشە لە خێزان و دواییش تەواوی سیستەمی پەتریریارکی. کە دەشڵێم تیۆلۆجی، واتە باسکردنی ئێمە لە قەداسەت و کۆمەڵگاو خواداوەند، کە جارێک شوێنی خۆی نییە و جیدیەتی بەرهەم نەهێناوە.

واتە مامەڵەکردن لەگەڵ هەلومەرجێکی توندو ناهارمۆنیدا، دیارە مامەڵە کردنێکی توندە لەگەڵ جەستەکاندا، ئەوەی دەبێتە قوربانی ناودەمی گەورەی تراژیدیاکان جەستەکانن. مامەڵەکردنێکە لە بوونێکی مۆنارکی پاشایەتی کە پانتایی بوونی لە جیاوازییەکانی خۆیدا بەتاڵ کردۆتەوە. ئەوە ڕەنگە ناو ببرێت بە سیاسەتی جیندەریش یان سێکسوالێتی، سیاسەتێکی تۆتالیتاریستانە بە هەموو مانایەک. تاک ڕەهایی خودایی واقیعێکی داگیر کردووە لە پێناوی ئارەزووەکانیدا، کە سەروبنی فەهرەستی نۆستۆلجیایە بۆ دەسەڵاتی باوکسالاری. ئەمەیش نۆستۆلجیای گەڕانەوەیە بۆ لای باوکی یەکەم، باوکی یەکەم کە دنیای دروست کردووە، ئەویش (خواوەند)ە. ئەم جیهانبینییە نێرایەتی دەسەپێنێت بەسەر مێیایەتیدا، هەموو شتێک دەکات بە پردێک بۆ بە قوربانی کردنی مێ و ڕێکردنی نێر بەسەریدا. باس نەکردنیش لەم قەیرانە، بێگومان باس نەکردنە لە مرۆڤ لە نێو دۆزەخێکدا کە هەموو ساتێک سووتانی تیادا بەردەوامە (خۆ سووتاندن خۆکوژی ژنان بەڵگە نەویستە بۆ ئەم باسەمان لێرەدا، هەرچەندە دوایی باس لەو خاڵەیش دەکەین وەک تەوەرێک) باس نەکردن و پشتگوێ خستنی قەیرانەکانە لەنێو خێزانەوە تاکو نێو قوتابخانە و شوێنی کارکردن و ناو بازاڕ و هەموو شوێنێک کە دەبێتە مۆڵگای دەرکەوتنی کەسەکان تیایدا وەک بابەتی توندوتیژی. تاکو ئەوکاتەی شوێن دەبێت بە مۆڵگایەک بۆ جنسێکی دیاری کراو، هیچ گومانێکمان

لە باسکردنی کـۆمـەڵگایەکی یەک جنس نیـیـە کـە ڕەهەندەکانی (پیرۆزی) و (خودا)ی لە پشتەوەیە.

بە مـانا کـۆزمـۆییـەکـەی- تەمـاشـای دنیـایش بـکەین، شتێکی تایبەتی نییە، شتێکی وانییە لە ناوخۆیدا، بۆ خۆی نییـە لە پێناوی خۆیدا بە تەنیا، بوونێک نییـە لە دەرەوەی یەکێتی و هارمـۆنیـادا مانیـفیـێستی خۆی بکات بۆ خـۆی. بوونێک نیـیـە لە تاکـایەتی و خـودایەتی و شوناسێکی دیاری کراودا بەرجەستە بووبێتەوە بۆخۆی. ئەوەی ئەو بیـرۆکـەیە دەسـەپێنێت خـودی ئایینـەکـانن و چەمکێکی پیـرۆزگـەرایـیـە کـە دواجـار بە فـاشـیـزم و ستەمکاری کۆتاییان پێدێت، بەڵام بەم دیدەوە بۆ ئایین، بەڵکو بە پێـچـەوانەوەیە، واتە ئەم کـۆزمـۆییـیـە وەک ڕووبەرێکی بازنەیی هەیە، لێرەدا واتە زیاتر لە ئاکـامـە دەروونناسـیـیـەکەیشی مەبەسـتـمـان بێت، دیارە بە مـانا یۆنگییەکەی (کارل یۆنگ) مەبەستمانە، نەک بە مانا فرۆییدیەکەی. بوون هەڵگری کۆنسێپتی خڕێتی خۆیەتی بە هەمـوو کـایەکـان و لایەنەکـانیـیـەوە لەناو ژیان و بەردەوامـیـدا. واتا کـۆمـەڵگا بە فـراوانی، تێکرای تەنانەت بازنەیی و کـراوەیی و فـرەیی و ئەفسـانەییش، بەڵام نەک لە تاقـانەییـدا، بەڵکو لە یەکگرتوویی و ئیشکردنی هارمۆنی خۆیدا بۆ بوونێکی جیاواز و پلۆرال. بە جیـاوازییـەکـانی ژن- پیـاوە وە- کـە خوڵقی بازنەیی دەتوانێت هەمـــوویان پێکەوە کـــۆبکاتەوە. کـــۆی جیاوازییەکان لەنێویدا هەبێت و گەمە بکات، هەروەک دایک چۆن دەتوانێت بەرهەم بهێنێتە گەردوونەوەو منداڵ دروست بکات، خـودی سروشـتـیش هەمـوومـانی لەناو بەرهێناندا کۆکردۆتەوە.

بەو شـێـوەیەش کـاتێک منداڵ دێتـە نێـو سـروشت و بوونەوە، واتە دێتە نێو گەردوونەوە، دیارە بە جۆرێک لە جۆرەکان بوون لە مانای گەردوونیدا جارێکی تر دروست دەکرێتەوە. دیارە لە مانا زۆر سیمبولیزمییەکەیدا ژیانی پێ دەبەخشێت. وەک شاعیری گەورەی ئاڵمان هۆڵدەرلین دەڵێت «ئێمە ناتوانین شتێکمان هەبێت وەک خۆی» واتە هەمیشە ئەو شتەی دێت یان لە دایک دەبێت جیاوازە. کـــاتێک باس لە ئایین و خـــوداو مــێـــژوو دەکـــەین بەشێوەیەکی دی باسی دەکەین، نەک بەو شێوەیەی ئایین و خواداکان و مێژووبوونیان هەیە. کاتێک باسیان دەکەین هەمان مانا نادات لە کاتەکانی زووتردا کە باس کراون و ناوهێنراون و ئاماژەیان بۆ کراوە. لەبەر ئەمەیە ئەفسانەی نوێییش تۆمار دەکرێت و هەیە، وەک چۆن مـێـژووی نوێ تۆمـار دەکـرێت، تەنانەت خـوداوەندی نوێش لە دایک دەبێت. وەک ڕۆبیـرۆتۆ کـالاسۆ دەڵێت «کـو ئەو کـاتەی نەتوانین ئایدیاکـانمان ئیـسـتـاتیکی بکەین، یان بڵـێی میتالۆجیانە (ئەفسانەیی بن)، هیچ حەزێک بۆ خەڵکی دروست ناکەن» (٢٣)

بێگومـان، کـاتێکیش باس لە شـتـەکـان دەکـەین بەبێ بوونی گیـانێکی شیعری و هونەری و کولتووری ناتوانین ئەفـسـانەی نوێ تۆمـار بکەین و مـانای نوێیـان پێ ببەخشینەوە. کـاتێکیش یەکێک کـتـێبێکی زۆر باش دەنووسێت، هیچ گومـانی تیادانابینینەوە کە ورووژان و سـەرسـوڕمـان و تەقـینەوە تۆمـار دەکـات. بەبێ ئەو ئەلیـمـێنتـانەیش، نووسین ناتوانێت بانگەوازی خـۆی بکات و خـۆی بسـەلمێنێت وەک جیـاوازی. ڕەنگە ئەو کتێبەش لە خەیاڵات و ئەفسانە زیاتریش نەبێت، بەڵام ئەوەی شایانی باسە، دروست کردنی ئەفسانەیەکی نوێیە بۆ خۆی. بە مانایەکی تریش قسە بکەین لێرەدا، کاتێک (دایک) منداڵ دێنێـتـە دنیـاوە ئیـتـر دنیـایەکی نوێ دەبینێت و بەهەمـان شـێـوە دەیەوێت بەو شـێـوەیە نوێ و جیاوازە بژی لەناو هەمان دنیادا، نەک بەهەمان شێوازی باوک و دایک، یان باو و باپیران، ئەمە کولتووری نوێ و بیری نوێ و گیانی نوێ و نەوەی نوێ دەیکات.

ئەم هەمـوو پرۆسـێـسـەیە، بەبێ بوونی هێـڵـەکـانی (نەهیلیزمێک)، کۆدەکان نەپشکنێت و شتە کۆنەکان نەڕووخێنێت و خاپوور نەکات، ناتوانێت باس لە شتێکی دی و جـیـــاواز و نوێ بکات. دایک وەک ســـروشت هەمـوومـانی لە ئامێزی خۆی گرتووە بۆ بەرهەم هێنانی مرۆڤایەتی لەگەڵ هەموو زیندەوەرەکانی نێو سروشتیش بەهەمـان شێـوە، بەڵام با ئەم بیرۆکـەیەی سەرەوە بەهەڵە وەرنەگیرێت، وەک کەم نین ئەو بیرمەندو فەیلەسووف و ئایینزایانەی، (ژن) تەنیـا لە سـروشـتی بەرهەم هێناندا دەبیـننەوە و سـەیری دەکـەن (واتە تەنیـا بە وەسـیلەیەک تەماشای دەکەن کە دەتوانێت منداڵ دروست بکات) بەم کارەیشیـان مەهانەی ئەوە دەهێننەوە کە (پیاو) بە پاکی و بە تەمـیـزی لە دایک دەبێت، واتە بە مەهانەی ئەوان، (پیـاو) بوونەوەرێکی باڵاتر و گرنگتر و شایستەتریشە. واتە بە لای ئەو کـۆنە پارێزانەوە، پیـاو وێنەی خـودای هەیە، ئەم بۆچوونە سـەلەفـیـانە لەلای کـولتـووری بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەندی ڕۆژئاوادا لە باڵادا بووە،

چونکە کاریگەریی ئەفلاتوون و ئەرستۆ و دواییش خودی تاقانەیی خودا وەک ئۆتۆریتەیەکی گەردوونی بەسەر تەواوی هێڵەکانی فەلسەفەو ئەدەب و هونەرەوە. ئەگەر بوون بریتی بێت لە بوونێکی جیاواز، ئەوە بوونێک نییە لە تایبەتێتیدا بە مانا ئایدۆلۆجییەکەی ئۆنتۆلۆجییەکەی.

بوونێکی باوکانە بەتەنیا بوونی نییە، باوک کاتێک دەتوانێت هەبێت کە دایک لە تەکیدا بوونی هەبێت.

واتە باوک بەبێ بوونی دایک ناتوانێت خۆی بسەلمێنێت و هەبێت، بەم مانایەش بێت (شوناس) هەمیشە دەبێت پێناسەی خۆی بەرامبەر ئەوەی دی بکاتەوە، بە بێ ئەوەی دی خود هیچ مانایەکی نابێت و ناتوانێت هەبێت و گەشە بکات. بەم مانایەش خودێکی داخراو بوونی نییە، ئەگەر خود پێویستی بە پێناسەکانی شوناس بێت دەبێت لە نێو جیاوازییەکاندا بۆی بگەڕێیت. بێگومان کات و سەردەمەکانیش ئەم شوناسە دەگۆڕن، کاریگەرییەکانی خۆیان بەسەر کەسەکانەوە دادەنێن. واتە لێرەدا نەبوونی فێمینین، ئەو دیوی لایەنەکەی توندی و ڕادیکالیزمان مەبەستەو ئەوەمان پێشان دەدات بۆ خۆی بتوانین دەست نیشانی ڕەگەزەکانی ڕادیکالیزم بکەین لەو سروشتەدا کە ڕێگا بەوی دی نادات: هەبێت و بژی. بێگومان بەبێ بوونی (فەمینین) ماسوولکە وەک خۆی دەمێنێتەوە، ئەگەر هەر شتێکیش بێت، بەڵکو بۆ ئەوەی ماسوولکەیی لەنێو بووندا هەبێت، دەبێت فەمینین بوونیش پێشنیاری خۆی بکات و هەردووکیان لە جیاوازی و فرەییدا ببن بە سەرچاوەیەک بۆ یەکتری. سەرچاوەیەکی تەنانەت تێکهەڵکێشراویش، بەڵام دوایی لە شوێن و ڕێگای خۆشیاندا لەناو کایەی ئیندیڤیدواڵی خۆیاندا گرنگە ئێمەی مرۆڤ لەو شوێنەی لێی دەژین بتوانین هەڵگری پێداویستییە ڕۆحی و مادییەکانیشمان بین، واتە بەهەموو مانایەک لە گەمەیەکی بێ کۆتاییدا بین لەنێوان جیهانبینی ژنانە و پیاوانەیشدا، چونکە کایەکە، کایەی مرۆڤایەتییە، بەڵام با لە یادیشی نەکەین، کاتێک ئاماژە بە مادییەت و ڕۆحییەتیش دەکەین، لە ڕاستیدا ئەوە ناگەیەنێت، ئێمەی مرۆڤ لە جیهانبینییە مەتریالییەکەیدا کەمتر بکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە مرۆڤ چیدی ئەو گەمەیە نییە بە دەست فەلسەفەگەلی وەک ئەفلاتوونیزم و تەواوی میتافیزیک و ئایینزاکانەوە لەناو خۆیدا زیندان بکرێت و بمێنێتەوە، یان شتێکی بەناوی باشە و ڕۆحی باڵاو سیستەمی کۆدەکان و ئەخلاق و پیرۆزی بە بچووکترین شت تەماشای بکات و مامەڵەی لەگەڵدا بکات، مرۆڤ خۆی دەناسێت کە هەڵگری لاشەکەیەتی و لەناو ئەزموونەکانیدا دەژی، ئەمەیش وا دەکات هەمیشە بەرەو گەیشتن بە چرکەساتی شتێکی تردا هەبێت، چونکە شتێک نییە داخراو و جێگیر لەناو خۆیدا هەتا هەتایە، مەگەر تەنیا خوداوەند وابێت.... مرۆڤ بە لاشەکەیەوە دەتوانێت بوونێکی حەقیقیانەی لەناو ئەم دنیایەدا هەبێت، نەک لە هەستە زۆر ئایینی و میتافیزیکییەکەدا وەک سێبەرێکی ڕۆحی. بەکورتی، بۆ نموونە مرۆڤ لەلای ئەفلاتوون زیندانی لاشەکەی خۆیەتی، چونکە ئەفلاتوون هەمیشە گرنگی بەناوەوە ئێسێنس دەدات. وەک ناوەوەی مرۆڤ جیاوازبن لە یەکتری، تەواوی مرۆڤایەتی بەهەموو جۆرە ڕەگەزو ڕەنگەکانییەوە ئەوەی ناوەوەیان دروست دەکات بریتییە لە ئۆرگانەکانی لاشەیان و ئەوەیە دیاریش نییە ڕۆحێتی، واتە لەبەر ئەمەیە کە بوونی (خودا) بوونێکی نادیارو شاردراوەیە، بەڵام لە نادیاری و شاردراوەیەکی باشەدا. ئەمەیش هرووژمێکی بە ئەنقەستە، چونکە هەمیشە دژایەتی دیموکراسی و ئازادی کردووە. وەک چۆن لەسەردەمی کۆندا فەیلەسووفانی وەک سوکرات و ئەفلاتوون زۆر بە وردی و بە ئارگیومێنتی بەهێزەوە، دژایەتی سیستەمی دیموکراسیان کردووە و سەنگەری ڕژێمی سپارتایان بە نۆبل و باڵا زانیوە و ستایش کردووە. قەداسەتگەراو ئایین گەراکانیش بەوێنەی جۆراوجۆر لە هەمووکات و سەردەمەکاندا بوونیان هەبووە هەمان ئارگیومێنتیان بەرز کردۆتەوە بەناوی ڕۆحەوە، دوژمنی سەرسەخت و گەورەی جیهانی ئارەزووە و لاشە بوون. واتە لێرەدایە کاتێک قسە لەسەر سیستەمێکی وەک لیبرالیزم لە ڕۆژئاوا بۆ مرۆڤ دەکرێت دیارە ئەم سیستەمە دەتوانێت پانتاییەک دروست بکات بۆ ژیان و هەڵسوکەوتی فەردانیەتی کەسەکان لەنێو کۆمەڵگادا بە گشتی، ئەمەیش بەگژاچوونی کۆنەپارێزی و عەقڵیەتی ئایینی ڕاستڕەوەکانە کە هەمیشە دەیانەوێت سنوور بۆ ژیانی مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانیدا بکێشن. پرسیاری شوناسی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا (چۆن بژیت و چی بکات و تەنانەت ببێت بە کێ) لەژێر پاڵەپەستۆدا بێت و هەڕەشەی لێ بکرێت و تەنانەت سانسۆریش بکرێت، چونکە هیچ گومانێک لەوەدا نییە کاتێک

مرۆڤ لە منداڵییەوە گەورە دەبێت، هەڵگری چەندین جۆری گەورە بوون و پێگەیین دەبێت بۆ کەسایەتییەک دەیەوێت ببێت یان پێی بگات (واتە ئەزموونەکانی) لەناو خێزاندا، کۆمەڵگادا، جیهاندا تاکو کاتێک لەنێو ماڵ وشوێنی کارکردن و تەواوی کۆمەڵگادا بژی، هیچ جارێک ناتوانێت جۆرێک لە کەسایەتی دیاری کراوی هەبێت، بەڵکو کۆکراوەی کەسایەتییەکان دەبێت و (تاق و تەنیا) نابێت. بە مانایەکی تریش، ئەگەر تەنیا ئارگومێنتێکی تیۆلۆجیانە بورووژێنین، ئەوە هیچ شتێکی وا نییە تاق و تەنیا لە ئەبەدەوە هاتبێت و تاکو دنیا هەیە هەروایش بێت و بمێنێتەوە. ئەمەیش بێ گومان بەرجەستەکردنەوەی تەواوی کۆمەڵگایە لە کۆدەکانی باوکسالاری، کە مێژووەکەی لەنێو نۆرم و سیستەمی ئایینەکانی، یان بیرۆکەی (مۆنۆسیزمدا) بەرجەستەیە.

لێرەدا مۆنۆسیزم واتە شتێک لە هیچ نەچێت و لەکەسیش نەچێت، کتومت (خودا) دەکات.

ئەم مۆدێلەیە کەس نەبێت و کەسیشی لێ نابێت، شتێکی موتەعالی لەدەرەوەی چەمکە مرۆیی وزەمینی و ژیانییەکەیدا، شتێک هەمیشە فشارو یاسا و سیستەمی سانسۆرەکانیشە بەسەر هەموو تاکەکانی نێو کۆمەڵگاوە لە هەستە ئەخلاقییەکەیدا.

تاکو بتوانن لەو (باشە) یەک نزیک ببنەوە کە لەو دەچێت، ئەم باشەیە بۆ خۆی کۆیلەکان بەرهەم دەهێنێت. ئەم مۆدێلە ئەمەندە حەسوود و بەغیلە، گومانی لە هەموو کەسێک هەیە ئەگەر لەو نەچێت. مۆدێلی پێغەمبەرەکان و پیاوە ئایینییە گەورەکان لەم هەستە کولتوورییەدا بەڵگەن بۆ ئەم ڕاستییە، کە ئەوانی تر هەمیشە دەیانەوێت وەک ئەوان باش بن و پاکژبن و ڕۆحانی بن و لەسەر پەیژەی ئاییندا سەربکەون بۆ ناو هەورەکانی بەهەشت. ئەم مۆدێلەی خودا مۆنۆ، بە هەموو شێوەیەک پێرسیناڵە کەسێتی مرۆڤی هەڵگرتووە لە ئەوامیرەکانیدا بۆ مرۆڤ. ڕەنگە فرۆید باشترین سەرچاوەیەک بێت بۆ ئەم باسکردنە، هەروەها مارکس و نیتشەیش. ئەمە کۆمەڵگای باوک و خودا و ماسوولکەیە، نەک کۆمەڵگای دایک و خوشک و فەمینین، لێرەدایە هارمۆنیا ون دەبێت و بوونی جیاوازی لە پێناوی درێژەپێدانی ژیانی گشتی و تایبەتی دادەڕووخێت. ڕادیکاڵیزمی ماسوولکە لەوە دانییە کە بەهێزە و دەتوانێت شت بکات و کارەکان لە ئاستی فیزیکیدا زووتر بە ئەنجام بگەیەنێت، بەڵکو لەوەدایە کە نازانێت ئەو شێوە فەمینینانەی خۆی لە کوێدایەو چۆن بەدوایدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە. واتە ئەمە بۆ خۆی وەک پرۆژەیەکیش وایە لەبەردەم ئایدێنتیتیدا بۆ مونافەسە کردنی خۆی، شەرمکردنی کۆمەڵی کوردی لە جیاوازییەکان لێرەوە دەست پێدەکات بۆ دژایەتیکردنی فەمینین.

نموونەیەک بهێنمەوە، ئەوەندەی پیاوەکان ژنەکانیان کردووە بە بابەتی قسەکردن، ژن بۆ خۆی ئەوەی نەکردووەو باس لە پیاوانیش ناکات لە هەستە زۆر ڕادیکاڵەکەیدا.

مەبەستمان ڕۆشنبیر و نووسەرەکانمانە- پیاو- بەگشتی، کاتێک باس لە ژنان دەکەن و لە ژنان زیاتر دەبن بە فێمینیست، وەهمێک و درۆیەک و دۆگمایەک لەنێو ئەو وتارانەدا ئامادەیە، بۆنی ستەمکاری و فاشیزمی لێدێت. هەندە پیاوان باسیان لێوە دەکەن، ژنان ئەوەندە باس لە خۆیان ناکەن، چونکە تاکو کاتێک پیاو دەمڕاستی ژن بێت لە کۆمەڵگایەکی داخراوی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا، ژن باسی خۆی نەکات وەک هیچت نەکردبێت وایە. واتە ئەمەوێت بە ڕوون و ئاشکرایی بڵێم وەک چۆن هیلین کیۆکس نووسەر و فەمینیستی بەنێوبانگ دەڵێت: ئێمە بووینەتە قوربانی ئەو یارییە بێ مانایە کۆنەی هەر یەکێک ئەوی تری (سێکسەکەی تری) خۆش دەوێت. من لاشەی خۆمت دەدەمێ و تۆش لاشەی خۆمت بدەرێ، بەڵام ئەو پیاوانە کێن کە لاشە دەدەنە ژنان و ژنانیش کوێرانە بەرهەمەکەی دەبەخشنەوە بەوان؟ بۆچی تەنیا چەند تێکستێک؟ چونکە تەنیا چەند ژنێک توانیویانە لاشەی خۆیان بەرنەوە. ژنان دەبێت بە ڕێی لاشەیاندا بنووسن، دەبێت بە زمانێکی بەرگریکارانەوە بنووسن، بتوانێت دابەشکردن و کلاسەکان و بەلاغەتی کۆدەکان و ڕێگیرییەکان تێک بشکێنێت و خاپوور بکات و دەبێت بورووژێنن، ڕێگا بکەنەوەو تیایدا بڕۆن و بگەنە، ئەوپەڕی سنووری گوتاری باو، هەروەها ئەوەی کە بە بانگەوازکردنی بیرۆکەی «بێدەنگی» پێدەکەنێت، ئەوەی کە تەقەلایەتی بۆ موستەحیل، لە بەردەم وشەی موستەحیلدا بە کورتیەک دەوەستێت و «موستەحیل» لەبری کۆتایی دەنووسێت» (٢٤) ئەگەر بە مانا حەرفیەکەی ئەمە وەربگرین، کاتێک پیاو دەرفەتی ژن نادات بۆ باسکردن لە ژیان و هەلومەرجی خۆی، دیارە ژن باسی لە خۆی نەکردووە خۆی نووسیوەتەوە، بەڵکو ئەوە

پیاوە باسی لێوە دەکەن. دواتر کاتێک پیاو ئەو مافە بەخۆی دەدات بەو کارەی مافی قسەکردن و بەشداربوونی ژن داگیر دەکات و شوێن و کات بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو زەوت دەکات پیاوان- نووسەری پیاوان- سیمای ژنانیش داگیر دەکەن لە ئەو خۆ مانیفێست کردنەیان بۆ وتاری ڕۆشنبیری. چالاکییان لە شوێنێکدا زۆر پێویستە بۆ ئەو بەشداری کردنەوەی سیماکانیش لە بۆجیاوازی دەخوازێت دەرکەوتنی جەستەی ئەوان کردنەوەی داخراوی ئەو شـوێنەیە کـە لێی دەژین، درز تێکردنی دیوارە بڵندەکانی ناو شوێنەکە وەکو زیندان وایە، چونکە لەناو ئەو شوێنەدا بێدەنگی دەژی.

واتە کێشەکە کێشەی ئێمەشە، چونکە ئەوەی بوونی هارمـۆنی و هونەری و ڕۆمـانتـیـک و مـۆدێرن هەبێت لەبەردەم شـەرمـدا خـۆی دەبینێـتـەوە. شـەرم کـردن زاراوەیەکـــە، هەمـــوو چالاکی و ڕۆحـــێکی کۆنسەرڤەتیڤانەی تیادا کۆکراوەتەوە بۆدژایەتیکردنی جیـهانی (ئەزموونکردن). لەناو کـۆدی شـەرمکردندا، تەواوی ئەزمـوونەکـانمان بەجـۆرێک لە جـۆرەکـان بەندکردووە. مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە کۆمەڵگای کوردی سەروبنی لە ناوکـۆدی شـەرم کـردندا تەنراوە، ئەم شـەرم کردنەیش لەناو نسرم و ڕتوبەتی جیهانێکی ئایینیدا لە هەناسەدان کەوتووە. وەکو دووبارە هیلین کیۆکس دەڵێت: «تەنیا هەندێک پیاو هەن (کە زۆر کەمن) لە چەمکی فەمینینیتی ناترسن» (٢٥).

واقیعی ئێمە، لە هەستە کۆمەڵایەتییەکەیدا، تاکو بڵێی واقیعێکی توندوتیژە و جیهانبینییەکی یەک جنسـیـە بۆ ئارەزووە هونەرییـەکـان لە ژیاندا، بەڵکو واقیعێکە لە سیمای پیاو، واقیعێکە لە سیاسەتی پاڵەوانێتی و جوامێری پیاو، کۆدەکانی خوداو ئایین لە پشت ئەم جوامێریەوەن بە هەمـوو شـێوەیەک. باشـتـرە بڵێین واقیعێکە لە سیاسەتی هەڵشاخانی پیاو بەسەر شـتـێکدا خـۆی نازانێت پێناسـەی بۆ بکات، چونکە کۆیلەی نەزانی و نەفامی دواکەوتوویی خۆیەتی، چونکە بۆ خـۆی نایەوێت ئەو کـارە بکات و وەک بوونەوەرێکی زیندوو هزرڤـانانە بیـربـکاتەوە و کـار بکات و بژی. ڕوخساری تۆتالیتاریزمیانەی پیاو بەسەر ئەوانی تردا ڕیشەکەی لەناو ئێمیجی خودابووندایە.

حەز بە ئیستێتیکای بوونایەتی ناکات بۆ گەمە کردنی لەنێو بوون بە هارمـۆنیای ئەوەی دیەوە، وەک فێـمینین گـەران بەناو نهـێنیـیـەکـانی ژیاندا، دۆزینەوەی نهێنییەکانی خودیشە لەناو ئەوانی دیکەیشدا. دەبێت بە قەلایەک لە پێناوی مانەوەی ستەمکارانەی خۆیدا وەک پیاو جێدەری تاق و تەنیا، یان خودایەکی پێش و پاشی بوون. سـتـەمکارییـەک ناتوانێت ئەوی دی وەک ئەوەی دەبێت و دەژی لە سروشتی بوونیدا بۆ جیاوازی ببینێت، یان وەک ژن ببیناسێتەوە کە ناتوانێت تاوانبار بێت لەو هەڵکەوتوویییـەیدا. لە کـاتێکیـشـدا دەیەوێت ئەوی دی هەموو زەمـەنی خۆی ببەخشێت بە ئەوێک هەناسـەکانی تۆتالیتـاریزم دەبەخشێت بە لاشەکەی. دیارە دەمەوێت بڵێم، لە کاتێکدا بۆ سەلماندنی خشونەتەکەی، ئەوی دی دەبێت لە تێـرمـێکی- جـوامـێـر- و پیـاوەتی- یانەدا وەسـفی بکات، تەنانەت خـۆشـیـشی بوێت، ئەمـەیش ڕەگەزەکانی سادیزمە. واتە لە خشـونەتدا هێـڵـەکانی ڕۆمـانسـیـەت و هونەری لاشـەو جـێـسـتـەری تیـادا بدۆزێتەوە. ئیستاتێکا لە توندڕەویدا بە ئاکام دەگات، چیـژ وەرگرتن لە میکانیزمی چەوساندنەوە و ئەمرکردن بەسەردا کـۆنترۆڵکردندا، ئەمە گەیشتنە بە ئاستەکانی خـۆشویسـتنی ئازارو لێدان و سادیزم. بە مانایەکی تر، کاتێک جەستە ئازاریش بدرێت، دەبێت تەقەبول بکرێت، چونکە لە ڕاسـتـیـدا حەز ناکـات ئەو کـارانەی ئازاردان ئەنجـام بدا، بەڵکو یاسـاکـانی ئازاردانێـتی و پێی ڕەوا دەبینرێت. واتە پیـاوی کـورد ژنی کـوردیش ئازاربدات، نابێت ژنی کورد زویر بێت و تەقـەبولی نەکـات، چونکە (لاشـە)کـەی خاوەنەکـەی بریتی نییـە لە خۆی، بەڵکو خاوەنی ئەم لاشـەیە، بریتـیـە لە خـودا مێـرد کـۆمـەڵگا، بەڵکو دەبێت (لێـدان و ئازاردانی) پێ خـۆش بێت بۆ ئەوەی جوامێری ئەو پیاوە لە کردارەکەدا بسەلمێنێتەوە. واتە ئەو جـەسـتـەیە بەشـێـوەیەک لە شـێـوەکـان هیچ هەڵەیەکیشی نەکردبێت، ڕەوایە سزابدرێت.

ئەمـە بەهەمـوو شـێـوەیەک سـەلماندنی تاقـانەیی و حەسوودی و جەربەزەی سیاسەتی خودایە لەناو خێزان و کـۆمـەڵگادا، چونکە ئەگـەر ڕقیـشی لێت بێتـەوە، دیارە لەبەر هۆکارێکی مەعقوول وا دەکات. کاتێکیش سزادان سروشتێکی ئاسایی بۆ دەدۆزێتەوە ستەمکاری نۆرماڵ دەکـرێت کـە چووینەتە سـەر لوتکەکـانی بەرزایی ماسۆخیەت.

دۆزەخی ئەو دنیا دەهێندرێتە سەر ئەم دنیا. هەرچەندە لێرەدا وشەی ئازاری جەستە ئەوەشمان وەبیر دێنێتەوە،

دیاره کاتێک ئازار دەخۆین، هەست بە جەستە یان بوونی خۆمان دەکەین، دیاره لێرەدا شتێک خۆی دەکات بە شەرعیەت کردنی ئەو ئازاره: بابەت. بۆ نموونە لە ڕۆژئاوادا ژنانێکی کەم نین ئەوانەی لە بڕینی لەتکردنی خۆیان ناکەون (بە گوێزان- چەقۆ شتی تر خۆیان دەبڕن) کاری بڕینی جەستە- پێست- ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی خۆیان بیر بخەنەوە هەرچەندە سۆسیۆلۆگ و سایکۆلۆژیستەکان وەک (حاڵەتی ئارامبوونەوە) تەماشای دەکەن و تەئویلی دەکەنەوە. یان تەنانەت برین یان شوێنی برین بۆ خۆی بیرکەوتنەوەی یان ئایدێنتیتی ئەو هەست پێکردنەیە بەخود، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە، ماسۆخیەتی ساردی ڕۆژئاوا بە سادیەتی خۆرهەڵات وێنا دەکرێتەوە بەجۆرێک لە جۆرەکان، گەر بکارم وا بڵێم.

لێرەدا باسکردن لە بیرەوەریش وەک ئایدۆلۆژیا شەرعیەت وەردەگرێت بۆ پرانسیپەکانی جۆرێک لە ئایینیبوونی خۆی. پیاوی کورد لەنێو ماڵی خۆیدا حکومەتێکی دامەزراندووە بۆ سزادانی قوربانییەکان و زیندانییەکانی، ئەویش تەنیا ژن ناگرێتەوە، بەڵکو منداڵانیش دەگرێتەوە. واتە کاتی بەسنوورکردنی ئەوان دەست پێ دەکات، بە دروست کردنی مەملەکەتێکە لە غەریبیبوون بەخود- مەنفایی- دەست پێ دەکات.

بەڵکو سیستەمێک لە جەوهەرەوەڕا بڕیاری ئەخلاقی بۆ ئەوانی دی دەردەکات و ئەوانی دی پێ سزا دەدات بە ڕێوڕەسمی یاساکانی خۆی. زۆر بەپێویستی دەزانین لێرەدا کتێبەکەی فاتیمە میرنیسی، ژنە نووسەری کۆمەڵناسی جەزائیری بەنێوبانگ بهێنینەوە لە کتێبەکەیدا لە (١٩٨٧)دا نووسراوەو لە ساڵی (١٩٩١) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی دەڵێت: حیجاب- veil- کە لە بەهەشتەوە هاتۆتە خوارەوە، ژنان دادەپۆشێت و دەشارێتەوە، لە پیاوان جیایان دەکاتەوە، لە خودی پێغەمبەر، هەروەها لە خوداوەندیش (٢٦) لێکدانەوەیەکی فەمێنیستانەیە دەربارەی مافەکانی ژن لە (ئیسلام)دا، لێرەدا باسمان لە حیجاب دیارە وەک میتافۆرێکە بۆ -شوێن- کاتێک ژن بەم میکانیزمە لە شوێندا دیار نامێنێت و نامۆدەبێت، هەروەها لە دەرکەوتنیش دەشاردرێتەوە. ئەمە بۆ چەمکی بێدەنگیش ڕەنگە هەر بە هەمان شێوە بکەوێتەوە. شاردنەوە، یان خۆشاردنەوەی سیماو جەستە ئەگەر مرۆڤ بە ئازادی خۆی نەیکات، ئەوە جۆرێکە لە تیرۆریزم و

شاردنەوەی مرۆڤیش، لەپێش هەموو شتێکدا بێدەنگ کردنێتی، ڕاگرتنێتی لە بەردەم زماندا. ئەمەیش لەناو نۆرمە کۆمەڵایەتییەکەدا بەشێوەیەکی زۆر قووڵ بونیادی خۆی لەناو خێزان و کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە. حەشاردانی سیمای مرۆڤە لە دەرکەوتن و گەمەکردنی لە بووندا توندڕەوترین ساتەوەختە وەک سیاسەتێک لە ستەمکاری بەرامبەر بە ژنان، نۆرمەکان ڕێگای پێ دەدات. تۆلەرانس- بەرگە گرتنێکی سەیرە لەناو هەمان کۆمەڵگادا. واتە واقیعێک لە سیمبولیەتی حیجابدا شوێن لە ژنان دەسەنێتەوەو دەیان خاتە نێو ناشوێنەوە، ئەگەر وابێت ناشوێنیش بەم هەستە ئایینییە، تەنیا دروستکردنی ڕێلمێکی ترە لە واقیع، کە هەستە ڕۆحییەکان و ناکۆمەڵایەتییەکان بەرهەم دێنێت، لێرەدا دووبارە خودامان بیر دەکەوێتەوە. لە دیارەوە دەیاننێرێتە نێو نادیارەوە، چونکە خودا لە ناو نادیاردایە نەک شوێنێکی دیکە. بەهەمان شێوە واقیعێک دروست دەبێت بریتییە لە تەماشاکانی کۆمەڵی پیاو پێغەمبەران، پاشاکان، مۆنارکەکان، دواییش خوداوەندەکان. ئەمەش لە پانتایی شوێنی پیاودا وەک حکومەتێک لە ماڵەکاندا کاردەکات بۆ سەپاندنی جەستەی پیاو لە کردنیدا- جووڵانەوەو جێستەرەکانیدا بۆ کردنە دەرەوەی ژن و منداڵان، ئەمە تاکو ئێستاکە لە کۆمەڵی کوردی ئێمەدا بوونی هەیەو چالاکە.

بەم دیاردە سەر سەختەوە هەموو شتێک ناشرینتر دەکات وەک لەوەی هەیە، شەتڵی ترسەکان بۆ خۆکوژی دەچێنێت، لێرەدا خۆکوشتن و تیرۆریزم وەک دیاردەی بەرگری کردن لە مردن و تاریکی لە دایک دەبن. ئایا ئێمە جارێکی دی دەبین بەو جەللادانەی تینووێتیمان دەبێت بەگەڕان بەدوای قوربانییەکانماندا؟ ئەم تینووتییەش هیچ جارێک ناشکێت، ئیتر هەر ژنان نین کە کۆیلەی دەستی پیاوەکانن، بەڵکو پیاوەکانیش دەکات بە کۆیلە. بەختیار عەلی لەشیعری (جەللاد) دا بەوردی دەڵێت:

**جەللادەکان کە بەشێکن لە من وتۆ**
**بەشێکن لە موعجیزەکانی خودا..دەچنە بەهەشت(٢٧)**

بەلای نیتشەیشەوە (جەللادو قوربانی)، یان ئەم بیرۆکەیە، وەک مۆرالێتی لەناو کەسەکاندا (وەک تاکەکەس) بوونی هەیەو ئامادەیە، لە کتێبی (لەوپەڕ باشەو خراپەوە) دەڵێت: «هەندێک جار... {واتە

جەللادو قوربانی} هەردووکیان پێکەوە دەردەکەون، تەنانەت لەناو هەمان مرۆڤدا، لە ناو تاقە ڕۆحێکدا»، کاترین ئەدیلسۆنیش لە باسەکەیدا بۆ نیتشە دەڵێت «کۆمەڵگای ئێمەیش لەوە دەچێت کە لەم دوو ڕەهەندە تێکەڵ کرابێت» (٢٨) تاکو ئەوان (ژنان)، لە نێو شوێندا بزر دەکەین و ڕەوانەی سەفەرە دوورەکانی مەنفابوونیان دەکەین، بە جۆرێک لە جۆرەکانیش دەبین بە ڕێگر لەبەردەم -زمان-دا و ئیمپراتۆریەتی بێدەنگی دروستکردنیاندا، جەللادەکانیش بێگومان بریتین لە (من) و لە (تۆ)ی ناو یەک ناو خێزان و ناو کۆمەڵگا جەللاد لێرەدا بە هەموو هەست و مانایەک ئاماژەکردنە بۆ دروستکردنی (ئیگۆ)، ئیگۆیش ناوکی سیاسەتی خۆسەپاندنێکی تۆتالیتاریستانەیە بەسەر ئەوانی تردا، ئەو ئیگۆیەی سەرچاوەکەی لەناو فاشیزمدایە، چونکە هەندەی (خۆی) خۆش دەوێت، ناتوانێت خۆشەویستی ببەخشێتە ئەوی تر. سیاسەتێک تەنیا هەناسە بە لاشەی تۆتالیتاریزمێک دەدات، ئەوی دی نابینێت، خۆی بەسەردا دەدات بۆ خاپوورکردنی، ئەم خاپوورکردنەیش تەنیا بە جەللادبوونی خودێکی هەلپەرست و مۆرالیستە لە هەستە زۆر قووڵەکەیدا بۆ مرۆڤ... واتە ئەو ئیگۆیەیە کە لەلای دولوز بە (ئیمپریالیزمی ئۆدیب) لە کتێبەکەیدا (دژی ئۆدیب) ناودەبرێت.

ئەم ئیگۆ خۆ بە مەزن زانە، کاتێک (ئەوی تری) خۆش دەوێت، وەسفی خشونەتی -جوانی- دەرکەوتنی بکات، ئەمەش بریتی نییە لە خۆشەویستی، چەند دابەزینی فۆرمەکانی ستەمکارییە. خۆشەویستییەک مەرج و سیاسەتی تیادا بێت، ناتوانێت بسەلمێت بە خۆشەویستی، ماناکانی خۆشەویستی ون دەکات و دەبێتە ئیمپریالیزمی خۆشەویستی، دەبێتە ئایدۆلۆجی خۆشەویستی وەک مانەوە لەناو هەلومەرجێکی (پاسیڤدا)، چونکە مەرجەکان و پرۆگرامەکان لەبەردەمماندا دادەنێت. ئەگەر لە هەستێکی تر و قووڵتردا قسان بکەم، دەتوانم بڵێم بۆ نموونە کاتێک خودامان لەبیر نەبێت و خۆشمان نەوێت، خودا بۆ خۆی نایەوێت هیچ پێوەندییەکی لەگەڵ ئێمەدا هەبێت، بە زۆری و زۆرداری خۆمان بیر دەخاتەوە، سیاسەتی تاقانەیی فۆرمێکە لە ناسینەوەی هەستێکی زۆر داخراو و ئیمپریالیستی بۆ سەپاندن بەسەرماندا. واتە خۆشەویستی خودا هەمیشە بەندە بە ئۆردەرەکانییەوە

ئەگەر بەم شێوەیە قسان بکەین، بەندە بە دیسپلین کردن و کۆنترۆڵکردنەوە، ئەگەر نا، سزادان دەست پێدەکات. ئەم دیسپلین و ملکەچ کردنەی لەلای نیتشە دەبێتە کولتووری مرۆڤی بێدەسەلات و مرۆڤە بچووکەکان (کۆیلە)، کاتێکیش زۆربە هەڵگری ئەم کولتوورەیە، واتە زۆربە لەناو کۆیلایەتی خۆیدا دەژی. واتە (خودا تاقانەیی پیاو کۆمەڵگای پەتریارکی)، هیچ جارێک ئەوی دی خۆش ناوێت بە مانای خۆش ویستنی نوتورال/ شایستە. واتە بەبێ تەماشاکردنی ڕەنگی نێوچاوی وەکو ئەوێکی دی، وەک عەمانۆیل لێڤانیس دەڵێت. هەر ئەمەی وا لە لیڤیناس بکات، لە مەڕ قووڵبوونەوەی بەناو وشەی بەرپرسیارێتیدا و بڵێت "(٢٩) لە بەرپرسیارێتی وا تێدەگەم کە بەرپرسیارێتی بێت بۆ ئەوی تر"، لەبەر ئەم هۆ زۆر گرنگەیە، لیڤیناس هەندە لەناو ئەم تێڕامانەدا بۆ مرۆڤایەتی قووڵ دەبێتەوە، تەواوی فەلسەفە بە ئیتیک/ ئاکار دەبینێت.

یان زۆر بە قووڵی هەمان چەمکی بەرپرسیارێتی پێناسە دەکات و دەڵێت "خودگەرایی شتێک نییە بۆ خۆی بێت؛ بەڵکو جارێکی تر لەپێش هەموو شتێکدا بۆ ئەوی دیکەیە"(٣٠) خۆشویستنێک و (بە هەستە لیڤیناسیەکەی) ڕەنگی نێو چاوی ئەوی دی هەست پێ نەکات، بەڵکو بتوانێت ئەو سنوورە تێ بپەڕێنێت، بەڵام لێرەدا ئەگەر هەستێکی ئەفلاتوونیش بوونی هەبێت لە چەمکە (نامەتریالەکەیدا)، ئەوە هەمان ئەو هەستە حەرفیە ئەفلاتوونیە نییە، بەڵکو هەستێکی جیاوازە، هەستێکە دەتوانم بڵێم پێویستییەکە کە ژیانی مۆدێرن و هاوچەرخ بەسەرماندا دەیسەپێنێت، تینوێتییەکی قووڵە بۆ مرۆڤایەتی لەبەردەم ڕێزگرتن و بەرپرسیارێتیدا لەبەردەم بەرز ڕاگرتنێکی نامەتریالانەدا.

واتە خۆشویستنێک نەیەوێت سیستەمێکی کۆیلایەتی بهێنێتە ئاراوە، مامەڵەکردن لەگەڵ ئەویدیدا وەک کۆیلە نا، بەڵکو بە پێچەوانەوە. نەیکات بە ئابجێکتی تەنیا ئارەزووەکانی خۆی لە هەستە سێکسوالێتییەکەیدا. بۆ نموونە تۆ لەبەر ئەوەی -ژنی منیت، ئیتر دەبێت موڵکی من بیت؛ تۆ خۆت چیدی خاوەنی لاشەی (خۆت) نیت، بەڵکو خێزان و کۆمەڵگا و مێرد خاوەنی جەستەی تۆن. هەرچەندە -ژنی من- نەک هەر تێرمێکی زۆر هەڵە و تۆتالیتارانەیە، بەڵکو وەرگرتن و هەبوونی ئابجێکتێکیشە لە هەمان کاتدا.

ئەمەش لەوێوە دەست بە هەڵسووڕانی خۆی دەکات، کاتێک لەبەر -ئایدیەک- پارچەیەک کاغەزی ناسینەوە -داکیومێنتێک- عەقدی زەواج- بۆ نموونە یەکێک دەکات بە موڵکی یەکێکی تر. لە واقیعی ئێمەدا، ئەوەی دەبیندرێت و هەست پێدەکرێت، سیمای پیاوە، سیاسەتی پیاوە، ئەخلاقیاتی پیاوە، کۆمەڵگای پیاوە، گەڕانی بێ ئەندازەی پیاوە لە شوێنەکاندا، ئارەزووەکانی پیاوە، ڕوخساری هەڵسوکەوتەکانی پیاوە لەناو نۆرمەکاندا. واقیعی کوردی، هەڵگری ئەو سیما دەرکەوتووەیە، کۆی واقیعەکەی لە خۆیدا (لە نێو دەموچاویدا) هەڵگرتووە و هەموو شتێک لەنێویدا بە پیاو وێنا دەکات. بەشێکی گرنگی هەڵگرتنی ئەم سیمایەش مەرج نییە بە تەنیا بریتی بێت لە کەسایەتی خودی -پیاو-. بەڵکو -ژن-ەکانیش لە سیمای نێو ڕووبەریدا گیر کراون. ڕاستتر، جەوهەری سیمای پیاوەکانیانە کاتێک لە کردار و بیرکردنەوەیاندا دەجووڵێنەوە و تەنانەت قسانیش دەکەن. زمان باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاستییە، کە شەرمەکانی ژن دەبەخشێت بە میکانیزمێکی ناژنانە بۆ خۆی. تۆتالیتارترین سیاسەتی خێزانی کوردی بۆ نموونە ژنی کورد پێش ئەوەی منداڵەکانی خۆی تێر بکات، مێردەکەی تێر دەکات باوک لە پێش هەموو کەسێکەوەیە.

پیاو بەم دەرکەوتنەی هۆیەکی -تەبریری- گەورە دروست دەکات، ببێت بە (خوداوەند) بەسەر ئەوانی دیکەوە بەناوی یاساکانی جەستەی خۆیەوە. دواجار کەلتوور دەبێت بە نێوەندێک بۆ ئەو نۆرمانەی کۆمەڵگای پیاوە بە تەنیا دەبێتە میدیۆمێک بۆ نمایشکردنی سیاسەتی ستەمکاری تیایدا، بەڵام هەمیشە خودایەکیش بەسەر خودا بچووکەکانەوە هەیە و تەماشایان دەکات و لە چاودێریدایە و سزایان دەدات. دەیەوێت ببێت بە خوداوەند بەسەر کۆی کۆمەڵگای ئەوانی ترەوە، بەڵام جەللادەکان، کە "من و تۆن"، ئەم خودایەیان ڕاگرتووە. شوێن دەبێت بە شوێنی ئەوی پیاو بە تەنیا و ژنیش تەنیا لە -وێدا- شوێنی هەیە کە پیاوی تیادا نییە، بەڵام ئەستەمە بڵێین پیاو لە هەموو شوێنێکدا نییە و ژنیش بە تەنیا چەند شوێنێک نەبێت، لە هیچ شوێنێکی تردا نابینرێت، ئایا ژن لێرەدا دەخزێتە نێو -ناشوێن-ەوە؟ ئایا ئەم پیاوبوونە، ڕەگو ڕیشەی لە نێو ئایین و میتۆلۆژیادا سەری دەرنەهێناوەتە دەر؟ هەروەها بانگێشمان ناکات بۆ ئەنترۆپۆلۆجیاش؟ بۆ نموونە کاتێک پیاو ڕاو دەکات و دەگەڕێت، ژن ئەگەر لەنێو کێڵگەشدا کاربکات، هەر وەک بوونەوەرێکی وەستاو وایە لە نێو چەقی بووندا، لە ماڵەوەیە. بۆنموونە لە زۆربەی (ئایین)ەکاندا، خوداوەند وەک پیاو قسان دەکات و دەجووڵێتەوە و ئەمر دەکات و بڕیاریش دەدات. داوای قوربانی دەکات و جەنگ دەکات. لە ئایینی جوولەکەدا خوداوەند وەک سیمبولی -پاشا- ئەسپ سوار- سەربازی جوامێر- پاڵەوان-...تاد مانیفێست دەکرێت، بەڵام لە مرۆڤ کردنیدا بۆ -بوونی- دەبێتە ئەوەی کە نە -پیاوە- و نە ژن-یش، لە مانا هیومانیزمە ئایینییەکەیدا ئەگەر بتوانین وا بڵێین. دیارە مەبەستمانە بڵێین (ئایین) هەڵگری جۆرێک -مۆڕالیێتی-یە کە لە نێو جیهانی پیاوەوەیە بۆ ئەم جیهانە بۆ خۆی کە هەر چۆنێک تەماشای بکەین. ئەمە ڕەنگە جۆرێک لە ئەزەلیەت بێت، گەر هەڵە نەبین. لێرەدا تووشی ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەبینەوە و دەڵێین: ئایا خوداوەند مرۆڤایەتی لەسەر وێنەی خۆی دروست نەکردووە، وێنای ئادەمیزادی نەکێشا لە تەوراتەکەی مووسادا. ئەو کتێبە پیرۆزە تەماشای بکەین و بیخوێنینەوە، خوداوەند مرۆڤ لەسەر شێوەی خۆی دروست دەکات، ئایا ئەو شێوەیە بۆ دەبێت -پیاو بێت؟ چونکە فۆرمی ئادەمیزاد تەنیا فۆرمێکی پیاوانە نییە لە مانا جنسیەکەیدا -جێندەردا... واتە کاتێک نۆرمەکان نێوەندێک بۆ پیاوبوون دروست دەکەن، ئەوە بەرهەمی کۆمەڵایەتی کە دەبێت بە ئایین دەبێت بە هەڵگری سیمای پیاو بن، هەروەها لە بابلی عەهدی نوێشدا، خوداوەند دەبێت بە -باوک-ی عیسا، واتە دووبارە دەبێت بە ئادەمیزاد، نەک هەر تەخەیولێکی شاعیریانەی وەک بابلی جوولەکەکان، بەڵکو دەبێت بە کوڕی خودی خوداوەند.

ئەوەی لێرەدا هەڵگری جیهانبینی (ژن)ە، دیارە حەزرەتی (مریەم)ە، بەڵام دووبارە لێرەدا (ژن-مریەم) تەنها دەبێت بە پردێک بۆ ئەوەی لاقەکانی پێغەمبەرایەتی بەسەریدا بپەڕێتەوە ئەو بەرەوە، چونکە پێغەمبەرێک ناتوانێت بەبێ -دایک- لە دایک بێت، بەڵام ئەم دایکە دەبێت لەناو دەست لێنەدراوی خۆیدا بێت و بمێنێتەوە، ئەگینا نابێتە دایکی ڕاستەقینە. مریەم هەرچەندە لە چیرۆکی ئەفسانەی مەسیحیدا، مریەمی دایک لە ئەعجوبەی خوداوەندا سکی پڕ دەبێت بە کوڕی

خواوەند خۆی. واتە خوداوەند بێ هیچ لێکدانەوەیەک بە -باوک- دەمێنێتەوە. بەداخەوە دەبێت بڵێین سکی مریەم دەبێت بە مەخزەنێک بۆ پاراستنی هەموو ئەو ئەعجوبە و جیهانەی چیرۆکێک بۆ هاتنی عیسا، بەڵام ئەمە دەشتوانرێت تەئویلی جیاوازیش ببەخشێت، واتە بۆ ئەوەی عیسا هەبێت، دەبێت مریەمێکت هەبێت، بەڵام مریەم لە ئەعجوبەدا ئەو منداڵەی دەبێت، واتە گرنگی لە مریەمدا نییە، تەنها خودا نەبێت و دواییش کوڕە زۆر تاقانەکەی کە دەینێرێت بۆ زەوی چونکە گرنگی خودایە لە دۆزینەوەی پاکیزەیی مریەم بە دەست لێنەدراوی. زۆر گرنگیشە باس لە خاڵێک بکەین، کوڕی خوداوەند - عیسا- دەبێت بە شێوەیەک لە دایک بێت، کە ئەزموونێکی زەمینی نییە، بەڵکو پیرۆز و زۆر سەیریشە، چونکە کرداری سک پڕبوونەکە لە سەروو کرداری زەمینییەوەیە، واتە مریەمی دایک، کاتێک پیرۆزی و مانای هەیە کە دەبێت بوخچەی نەکراوە بێت (virgin). ئەمەش بۆ خۆی ئەو کێشە گەورەیەیە کە وتاری ئاینزاکان نەشتەرگەری خۆیان لە سەر جەستەی ژن دەکەن بە هەموو ڕەهاگەرییەک. کاتێکیش ئەم جەستەیە بوخچەی نەکراوە نییە، دیارە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی زۆر سەیر دەیبینێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکات. بەڵام ئەم کێشە زۆر ئایینیانە لە -ئیسلام-دا دەرەوێنەوە، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان کۆتاییان پێ دێنێت. واتە ئیسلام -دژی ئەو بۆچوونەیە، ئادەمیزاد بە جۆرێک لە جۆرەکان وێنەی خوداوەند لە ڕوخساریدا بێت، بەڵام کردەی خودایە، واتە خودا خەڵقی کردووە و ژیانی پێ دەبەخشێت. هەروەها زۆر دژی ئەوەیە خوداوەند ببێت بە -باوک-ی یەکێک لە ئادەمیزادەکانی سەر زەوی، وەک عیسا. بەڵام ئیسلام دوو شت بە ئەنجام دەگەیەنێت، هەموومان کۆیلەی (عەبدی) خوداین، تەنیا یەک خودایش دەتوانێت باوکمان بێت لە هەستە زۆر غەیبیانی و میتافیزیکییەکەیدا. خودای باوک بە هەستە مەسیحییەکەی، کارێکی گاڵتەجاڕیانەیە بەلای ئیسلامەوە، چونکە ئەگەر وامان کرد، واتە لە تاق و تەنیایی خوداوەند کەم دەکەینەوە، بەڵام دیسکۆرس لە نێو ئایینی ئیسلام بێگومان زمانێکی زاڵی پیاوانەیە، ئەمەش درێژکراوەی هەمان هێڵی تاق و تەنیایی مۆنۆسیزمی ئایینە ئیبراهیمییەکانە. بە مانایەکی تر، جەوهەری تۆتالیزم کەم دەکرێتەوە لێرەدا، کە ئاستە زۆر

مەترسییەکانی تۆتالیتاریزمە بۆ خۆی نەک تۆتالێک لە فرەیی و پڕ لە جیاوازی. ئەو کاتە خوداوەند بوونێکی ئەبسەلووتی نابێت و کەمتر دەبێتەوە لەوەی زووتر پێناسەکراوە، وەک هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، لە نێو ڕابردوودا، ئێستاکەدا، ئاییندەدا -لەنێو- مێژوودا-. (بەشێوەیەکی تر، ئایینەکان ڕاستە هەڵگری وێناکردنێکی قیامەتگەرایین بۆ ژیان، واتە هەڵگری مەرگن زیاتر لە ژیان، هەڵگری ئازارن زیاتر لە بەختەوەری، هەڵگری ڕۆحن زیاتر لە لاشە، هەڵگری خەیاڵ و نۆستۆلجیان زیاتر لە کارەکان و ئەکشنەکان لە ئێستادا، هەڵگری مێژوون وەک لە جەستە و جوگرافیادا، زەمان زاڵ دەکەن بەسەر مەکاندا) کاتێکیش عیسا دەبێت بە کوڕی خوداوەند، دیارە ئایینی جوولەکە و ئیسلام زۆر بە توندی دژی ئەم دیاردەیەن، چونکە خوایەتی لەنێو مرۆڤایەتیدا وێنا بکرێت، لە ڕاستیدا ئاییندەیی و قیامەتگەرایی ئایین هێزی خۆی ون دەکات، واتە لە هەمان کاتیشدا جۆرێکە لە هیومانیزم، بەڵام هیومانیزمێکی ئایینی، هەرچەندە مەسیحیەت باوەڕی بە گەڕانەوەی مەسیح هەیە، واتە عیسا، ئەمەیش جارێکی تر هەستە قیامەتگەرا مەسیحییەکە بونیاد دەکاتەوە، چونکە ئیتر خودا لە ئاسمانەوە دێتە سەر زەوی و دەبێت بە یەکێک لە ئێمە بە مانایەک لە ماناکان، بەڵام لە هەستە زۆر تاقانە و کاریزماکەیدا: پێغەمبەر تاکو ئێرە، ئایین بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پشت ئەو هیومانیزمە ئایینییەوەیە، سەرچاوەکەی لە میتافیزیکەوە دێت بۆ بە وێناکردنی بنیادەمەکان، واتە لە ئاسمانەوە بۆ زەوی نەک بە پێچەوانەکەیەوە، بەڵام ئایا ئایینی ئیسلام خۆی چۆن لەمە دەڕوانێت، ئایا مۆڕالیێتی لە نێو ئیسلامدا چۆن فۆرمولەی هەموو ئەو جیهانبینیەی ئادەمیزاد دەکات بە زەمینی بوونی/ کردنی سەرچاوەکانییەوە. هەروەها لێرەدا کاتێکیش باس لە -ژنان-ی دایکمان و خوشکمان دەکەین، وەک پیاو -برا-مێرد- چۆن دەجووڵێینەوە و چۆن بڕیار لەسەر ئەوان دەدەین و ئایا تەوازونی دەسەڵات هیچ بوونێکی هەیە؟ واتە بگەڕێینەوە ئەو ڕووبەڕووبوونەوەی نێو خودی واقیعی کوردی لە ئاست بە وێناکردنێکیدا لە بەردەم ئەوەی واقیعێک لە دایکان و خوشکانمانە، نەک بە تەنێ واقیعێک لە باوک- برا- مێردەکان. دەمانەوێت بڵێین بوونێک نییە، بۆ خۆی لە پێناوی خۆیدا وەکو کەس، بەڵکو بوونی جیاواز، ئەو

سنووره دەشکێنێت و دەبێت بە کەس، دەبێت بە بوونی هەمووومان و دەبێت بە نێوەندێک بۆ بەشداری کردن و چالاکبوون تیایدا، واتە بوونێکی جیاوازە نەک لێکچوو، یان وەک خۆی. بەم مانایەش بێت، ئەوە ئێمەین دەبین بە -باوک- دەبین بە -برا- دەبین بە -مێرد، واتە بیرۆکەی -ئایدێنتێتی- زۆر کراوەیە، بەڵام نەک بەشێوەیەکی سەربەخۆ، یان زۆر دابڕاو لە بوونی ئەوانی دی. واتە لە نێوان هەڵگرتنی نۆرمەکان و خاسیەتەکانی بە ئادەمیزاد بوونمان بۆ هەمان واقیع، ئایا دیاکشن و کاردانەوەکان، چۆن بەرقەرار دەبن و چۆن ئاکام وەردەگرن، بەتایبەتی ئەگەر باوەڕ بکەین ئێمە بابەتی نێو کۆمەڵایەتی بوونی زمانین، چونکە کۆمەڵایەتی بوونی مرۆڤ هەمیشە گەڕانێتی بۆ دۆزینەوەی ئەوێک بتوانێت لە پێناویدا ئامادە بێت بۆی، یان ئامادەبوونێک بۆ قوربانیدان لە پێناوی بە خودبوونیدا لە ئەودا لە مانیفێستکردنی لە نێو زماندا. بە مانایەکی تر، کێ ئەو ماف و ڕەوایە بە ئێمە دەدات ببین بەوەلی و ئەسحابە بەسەر ئەوانی دیکەوە؟ واتە ناسینەوەیەکی هاکەزایی و ڕۆتین کە لە خاسیەتەکانی بوونایەتیمان زۆر کەم دەکاتەوە وەک مرۆڤ، وەک پیاو. ئەمە جەوهەری ئەو مۆرالێتییەیە هەمووو شتەکان لە نێو کولتووری (شەرەف) یان (جەستە)دا دەبینێتەوە (جەستەی ژن)، کە بە کردار تیایدا دەژین لە شێوازێکی زۆر تۆتالیتارانەدا. مۆرالێتییەک نەک پیاو دەکات بە سەرسەختترین تۆتالیاتر بەسەر ئەوانی دیکەوە (ژنان-و -منداڵان)، بەڵکو دەیکات بە ناحەزێک لەبەردەم خالقەکەیشیدا، چونکە ئەگەر خودا شتەکان دروست بکات، ئەوە بوونەوەری (مرۆڤ) بێ عەقڵ و ستەمکار دروست ناکات، یان سەرچاوەی هەمووو ستەمکارییەک لەناو دروستکەرەکەدا پەنگی خواردۆتەوە؟ کاتێک مرۆڤ سەر بە زەمان و شوێنێکی جیاوازەوە ئیتر هیچ سزایەکی نادات، بەڵکو ئەوە نەخۆشی و تۆتالیتاریزمی خودی ئایینزاکانە، وا دەکەن و وابیر دەکەنەوە. هەروەها زەمینەیەکیش خۆش دەکات بۆ دیاردەی (خۆکوشتن)ەکان، تاوانەکان، خۆسووتانەکان، برینە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا/ خێزان. واتە لە بری وەڵامدانەوەی سەرکوتکردن و سیستەمی بزربوونی بابەتی جەستەی ژن بە خۆ کوشتن ئەنجام وەردەگرێت. دواجار خۆکوشتنێک دەبێت بە تراژیدیای کۆمەڵگەکەی، بەڵام دەشبێت بە گەورەترین یاخیبوون و شۆڕش کردن بەسەر بێ عەقڵی و دیکتاتۆریەتی پیاودا شۆڕشێک ڕاستەوخۆی تیادا دەفەوتێنێت، بەڵام دەبێت بە قوربانی لە پێناوی ئەو ئاماژە پێدانەی لەنێو ڕووداوەکەدا بۆ ژنەکانی تر. ڕووداو دەبێت بە پێگوتنی ئەو ڕاستییەی کۆمەڵگایەک هەیە، ڕێگا بۆ خۆکوشتنی ژنان و سووتانی ژنەکانی خۆی دەدات، کۆمەڵگایەک ئاگر لە جەستەکان بەردەدات و بەهەمان شێوەش تابووتێک دەهێنێت و لەنێو گۆڕەکەیدا دەینێژێت. بەڵگەش لاشە سووتاوەکانە. مۆرالێتییەک بەهاو نرخەکانی خۆی زۆر لە مێژە وەهەندا کردووە و ناتوانێت خۆی بکات بە خوداوەند بەسەر تێکڕای وجوودەوە، چونکە هەرگیز وجوودێک بوونی لە ناوخۆیدا نییە، بۆ خۆی یان تەنیا بۆ خۆی بێت لەپێناوی خۆشویستنی خۆیدا بۆ خۆی: خوداوەند. کاتێک ئەوە دەکەین، دیارە بوونێک پێناسە دەکەین کتومت بریتی دەبێت لە سروشتی تۆتالیرتاریزم، زۆر بە مانا ئایینییەکەی. واتە قووڵبوونەوە زۆر لە خودگەراییدا بە مانا سۆفیزمەکەی، واتە دژی سۆفیزم وەک فۆرمێک لە ڕۆحانیەت، دواییش ئیشکردن لەناو سیستەمی پیاوسالاریدا/ خودا، بەڵکو وجودێک بتوانێت سنوورەکانی خۆی وەک ڕێڕەوێک بسڕێتەوە و تێک بدات و پارچەپارچەی بکات، بە دوای ئەوی تردا بگەڕێت، چونکەو بەبێ ئەوی تر، هەمووو جۆرە بوونێک لە پووچەڵگەرایی و بێ ماناییدا دەسووڕێتەوە و کۆتایی پێدێت. ڕێڕەوی خۆی بسڕێتەوە لە پێناوی ڕێڕەوێکی فراوانتردا بۆ ئەوان، سیمای ئەوی دی ببینێتەوە و لە ئەویشدا هەست بە بوونی خۆی بکات. لە هەست کردنیدا لە نا سیکیورێتی ئەوی دیدا مانیفێستی خۆی بکات. کاتێک هەست بە نادڵنیایی و ناسیکیورێتی ئەوی دی دەکەین، دیارە هەست بە بوونی خۆمان دەکەین، هەستەکانمان لە نیگەرانیدا دەکەونە هورووژمی بیرکردنەوەوە، هەست بە ژیان دەکەین وەک کەسی چالاک و ئارەزوو و هەڵگری خەون و خەیاڵ. ئەمە تەنیا ون کردنی خاسیەتەکانی بە مرۆڤ بوونە، گەورەبوونیشە لە نێو فەرهەنگێکدا نایەوێت و نازانێت -تابۆکان -حەرامەکان- لە نێو ڕۆحی خۆی دەرکێش بکات، جەستەی ئەوانی تر وەک خۆیان ببینێتەوە، وەک ئەوەی دەردەکەون و هەن و دەیانەوێت بژین و لە ژیاندا بەشدار بن. واتە لە هەستی ئەم سەرنجەماندا ڕەنگە زۆر بەهێزەوە

باوەڕمـان بە جـەوهەری خـودی دەرکـەوتنەکـان لە ڕووی دەرەکیانەوە بێت، وەک ڕاستەقینەیی جەوهەری دەرەوەی لاشەکان نەک جەوهەری ناوەوەی لاشەکان. وەک هیلین کیسوکی دەڵێت "ئەو پرسیارەی شێتم دەکات ئەوەیە: ئایا چۆن یەکـێک دەتوانێت دەرەوە و ناوەوەی خـۆی هاوتەبا بکات"(٣١) ئەم هاوتابوونە تەنیا لە نووسیندا ئامـاژە پێدەکـات، لە پێناوی بووندا، یان فـۆرمـێک لە مـۆنۆلۆگی شیـعـریدا، بەڵام هەرگـیـز نایەوێت دوالیـزم بەرهەم بهـێنێتەوە، نەک لە دانانی یاسا و ڕێسایەک لە ناوەوەڕا، بەڵکو لە دەرەوەڕا، چونکە هەمـیـشـە شتـێک یان -یاسـایەک هەیە دژایەتی- ئارەزوو-ەکـان دەکـات. واتە بە ڕێڕەو کردن و بە سنوورکردنی لاشـەکـان دیارە بۆ خۆی بە ئایدۆلۆژی کـردنیـانە. بە ئابجێکت کردنیـانە بۆ خۆی، بە کـۆیلەکـردنیـانیـشـە لەبەردەم مـاسـوولکەکـانی زاتیـــەتێکی تاک و هەلپـــەرست و جـــەوهەرگـــەرا: پیاوسالاری. ئەگەر ئەمە تۆتالیتاریزمی پیاو بێت، ئەوە لە پێش هەمـوویەوە، تۆتالیـتـاریزمـێکە لە نێـو ڕۆحی کـۆنەپەرستی مەلاکـان و قـەشەکـانەوە سـەر دەردێنێت و خـــۆی بەســـەر ئەوانی دیکەدا دەدات، چونکە ئەوانن ئەخلاقـمـان فێر دەکەن و پێمـان دەفرۆشنەوە. دەبێت لەو سنوور و ڕێڕەوەی نەچینە دەرەوە کـە ئەمـری بە سـەردا دەکـات و دەسـتەمـۆی دەکـات بۆ بە مـوڵک بـوونی -ژنی من- یان -مێردی مـن- منداڵی من. ئەگەر مەلاکان، بە حوکمی دەقی کتێبی پیرۆز بتوانن بیرکردنەوە و بڕیارەکان و سنوورەکـانیش بۆ ئەوانی تر بکێشن و ببن بە -ڕێڕەو- یان بە حـوکـمی ئەو پیـرۆزییـە لە لاشـەی ژنێکیـان زیاتر هەبێت، ئەوە قـــەشـــەکـــان لە ڕۆژئاوادا دووچاری هۆمـۆسێکسـوالێتی بوونەتەوە بەبێ ئەوەی خۆیان ئاشکرا بکەن و بۆ تاقە ساتێکیش ڕاستگۆ بن، ئەمـانە کێشـەی زۆر جـیـدین لەبەردەم کـایەی ئاییندا. ئەگـەر مـەلاکـان خـۆیان بە -پاکـتـرین بنیـادەمی کـۆمـەڵگا دادەنێن لە باشیدا. نازانم بۆچی هەمیشە گوێمان لێ دەبێت جۆرێک لە فـایلی هۆمـۆسێکسـوالیـتی و تەنانەت -پەدە فـایل- (تەعــەداکــردن لە منداڵ لە مـــانا زۆر ناعــەدالەت و ناســروشـتــیــەکــەیدا) هەیە؟ ئەگـەر ئەوان پاکـژترین بوونەوەری نێو کۆمەڵگای ئێمەن، ئایا ئەو هەمـوو فتوا و ئەمـرە حـەشـامـات گـەرایانەیان لە چی؟ بۆچی ئەمـەندە فۆبیایان هەیە لەبەردەم ژیانی ئەوانی تردا؟ ئەگەر ئەوان فریشتە ئاسان ئیتر بۆچی لە جیاوازی دەترسن؟ بەڕاستی کـاتێکی زۆر سـەیرە -مـەلایەک-فـتـوا بۆ کـەسـەکـان دەردەکات لە سەر گۆرانییەکی حەرام (هونەرمەندەکان) یان لە سەر شیعرێکی حەرام (شاعیرەکان) یان وتاریکی حەرام (نووسـەرەکـان) سزا دەدرێن، یان (کـتـێـبـێک)، بەڵام هەر ئەم سەلەفیەتە نییە بانگمان دەکات بۆ تێڕامان لە خـودی سـەلەفیـەتی فـیکری و فـەلسـەفیـانەیش. بۆ نموونە، وەک ئەو کـۆمـارەی ئەفـلاتوون، شـاعـیـرەکـان و هونەرمـەندەکـانی تیـادا دەردەکـات، تەنانەت دەیەوێت بوونی خێزانیشی تێدا بسڕێتەوە و بە هەمـوو شێوەیەک پیـاوان و فـەیلەسـووفی پیـاوان بەسەر هەمـوو بوونەکـانی تردا زاڵ بکات، وەک گــریگـۆری ڤـلاســتــۆس دەڵێت "ئایدیای کـۆمـەڵگای کـۆمـارەکـەی (ئەفـلاتوون) کۆمەڵگەیەکی سیاسییە کە بەیەکەوە گرێدراوە بە بۆند و خــۆشــەویســتــیـــیـــەکی باوکــانە -Fraternal-Love-"(٣٢)، کـە وابوو من بۆ خـۆم کـێـشـەیەکی گـەورەم لەگـەڵ ئەم عـەقـد و یەکگرتنە باوکـانەیە هەیە. لێرەدا مەلا بیر بۆ هەموومان دەکاتەوە و فێری ئەخلاقمان دەکـات و یاسـای خودامـان -باوک-مـان بۆ دادەنێت، لە کاتێکدا نازانم ئەوە کێیە لە خودی ئەخلاقی ئەم مەلایە دەپرسێتەوە؟ گـوایا بمانگەڕێنێتـەوە بۆ سەدەیەک ئاگری نۆستۆلژیای هەمـوو دارستـانی ژیانی پێوە دەسووتێنێت، ئاگرێک لە کارەساتە زۆر گەورەکاندا تینی هەیە و داوای قوربانی دەکـات. بیـرمـان نەچێت ئێمە لێرەدا هەر مەلای نێـو مـزگـەوتمان مـەبەست نیـیـە، بەڵکو مـەلای بە نێـو ڕۆشنبیر و فەلسەفیشمان مەبەستە.

مەلایەک یان قەشەیەک لە مایکرۆفۆنی خوداوەندەوە/ کـۆدی باشـەکـانەوە، هەمـوو نەوەیەک بە -بێ کـەڵک- و -بێ نرخ- و بێ مـۆرال- دەزانێت، لە کـاتێکدا بۆ خـۆی لە نێو ماڵی چەند ڕستەیەکی ئایینیدا خۆی گیر کردووە و نایەتە دەرەوە، بـەڵام ناتوانێت لە حـــوکـــمی ژوورە تاریکەکانی مۆرالێتی و ئایینی بێتە دەرەوە و تەماشای جیـهان بکات. بە هەمان شێوە، فەیلەسووف و ڕۆشنبیر هەن بە نێـوی -ئایدیا- یوتۆپیـا- مـۆرالیـتی-زاڵێـتی هەسـتی ئایینی- تەنانەت ڕۆحـیـانەتی زاڵی نەتەوەییش -دەیانەوێت پێشـمـان بکەون و بمانبەنەوە بۆ نێـو کات و شـوێنێـک تەنهـا مـوسـتـەحـیلیـەتی خـەیاڵی ئایینی و ئایدۆلۆجی دەتوانێت ئەو کـــارە بکات، نەک ژیان و ڕووداوەکـان و گـۆڕانەکـان، نەک ئەزمـوون و نەوەی نوێ، هەر لەبەر ئەم هۆ زۆر گرنگەیە دژایەتی جەستە دەکەن لە

ژێر ناوی عەقڵ و ناشرین کردنی شیعر و هونەر و شێوەکاری و چەندین شتی تریش. بە مانایەکی تر ئەم جیهانە چەند شەرعیەت بە ئایین و ئایینزاکان بدات، دەبێت ئەمەندەش شەرعیەت بە کەسان و دنیا بدات وەک ئەوەی هەیە و وەک ئەوەی دەشبێت. موسوڵمانەکانی ئێمە بە مەلاکان و بە ڕۆشنبیرەکانەوە، شانازی بە سەلەفیەتەوە دەکەن، بەڵام بۆ چەند کاتژمێرێک ببیتە ئادەمییەکی نێو ئێستا بە مانا جەستەییەکەی دەبیت بە سەلەفی لە بەرچاویاندا؟ واتە ئایا لێرەدا مەلایەک دێت تەواوی کۆمەڵگا بە مرۆڤەکانەوە لە (مزگەوت)ێکدا دەبینێتەوە، مزگەوت دەکات بە کۆمەڵگا، کۆمەڵگاش دەکات بە مزگەوت. دەرەوە تەنیا لەژێر ڕۆشنایی تێکستی ئایینیدا دەبینێت و ئەنەلایزە دەکات، لە کاتێکدا بۆ خۆی بە پێچەوانەوە دەژی. بێگومان بە لای ئێمەوە تەواوی کۆمەڵگا پیرۆزە بۆ خۆی، واتە ئەم پیرۆزییە وا ناکات من بە هەمان ئەو پیرۆزییەی ناو جیهانی مزگەوتی تەماشا بکەم. نەک هەر کۆمەڵگا، بەڵکو تەواوی سروشت بە هەموو دیاردە و زیندەوەر و شتەکانییەوە تیایدا بە شێوەیەکی گشتی پیرۆزن، شتێک نییە لە دەرەوەی ئەم پیرۆزییەوە شتەکان لە سەربەخۆیی خۆیدا بە تاقی تەنیا دروست بکات، بەڵام هەر ناتوانین کۆمەڵگا بکەین بە مزگەوت. دیارە ئەوەی هێمایە بۆ بەڕێوەبردنی مزگەوت دەگەڕێتەوە بۆ سەری مەلا -واتە- پیاو- بەڵام لە نێو کۆمەڵگادا بە تەنیا -پیاوی تیادا نییە، بەڵکو ژنەکانیشن. ئەوەی ڕەنگە لێرەدا جێگەی سەرنج بێت و پرسیار بهێنێتە ئاراوە ئەمەیە: ئایا مەلای ژن (لێرەدا مەبەستمان لە مەلا ژن نییە) چەند شوێن و مۆڵەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەیە و هەبووە؟ وەک مەلایەکی پیاو مزگەوت ببات بەڕێوە و بژی و هەڵسوکەوت بکات؟ ئایا لە کۆمەڵگەیەکدا کێشە دروست نابێت مەلایەکی ژن ڕۆژی هەینی ببات بەڕێوە، لە کاتێکدا -فتوا- بۆ هونەر و شیعر و گۆرانی وتن دەردەکرێت لە زاری هەندێک لەو پیاوە مەلایانەوە؟ ناچارم دیوانەکەی (لە غوربەتا) بکەمەوە.

وەک محەمەد عومەر عوسمان دەڵێت:

**" ئەوی بە ڕووتی لە شەختە و زوقما**
**لە گۆ نەکەوێ.. نەوەرێ پەنجەی**
**لەسەرما ناگاو... گۆرانی ناڵێ**
**بۆ بڵێسە و گڕ... بۆ لارولەنجەی»**

بۆ تەواوکردنی هەمان ئەو چوارینەیەی سەرەوە دەڵێت:

**" کەسێک لە گڕا.. گەر هەڵنەقرچێ**
**لە سەریا بەفری عەشق داناکا**
**نازانێ پشکۆ و هەڵقرچان چییە..**
**شنە لە سارای سەریا هەڵناکا" (٣٣)**

محەمەد عومەر تەماشای عیشق دەکات لە تێگەیشتن بە هەردووک جەمسەرەکەیەوە، واتە بۆ خۆی وا بەرجەستە دەبێتەوە کە نمایشی هێڵێکی مامناوەندی بکات، نەک شتێکی موتڵەق. هێڵێکی مام ناوەندی، بەڵام هەستە قووڵەکەی دیارە تێگەیشتنە لە بەرامبەر ئەوەی کە مانا و دەلالەت بەو عیشقە دەبەخشێت وەک خود و بابەتیش. واتە تاکو سەرمات نەبێت ڕەنگە ئیمکان نەبێت بزانی نرخی گەرمایی چەند باش و بڵندە، هەروەها بە پێچەوانەکەیشییەوە هەر ڕاستە. کۆمەڵگایش بە گشتی پێویستی بەو جۆرە نێوەندە هەیە بۆ مومارەسە کردنی عەشق تیایدا. لە نێوان سارد و گەرم، بەڵام نەک لە نێوان دوو دنیادا؟ بەڵکو لەناو یەک دنیادا، شاعیر عەشقمان وا بۆ وێنا دەکات کە تێگەیشتنی قووڵە لە شتێک کە بەرامبەرەکەی دژ ناکەوێتەوە، بەڵکو گرنگییەکی تەواوەتی دەدات بە خودی جیاوازی لەبەردەم ئەو هەستە ئۆنتۆلۆژیەدا. دەمەوێت بڵێم، ئەگەر عەشقی مەلا و ئایینزاکان بۆ خودا و مۆرالیتی و باشە زۆر بێ سنوورە لە ناو جیهاندا، دەبێت بزانن ئەمە عەشقێکی ڕەهاگەر دەکەوێتەوە، ئەگەر مۆڵەتی کەساتی ناو هەمان کۆمەڵگا نەدەن چۆن دەیانەوێت "عەشق" بکەن.

لە کۆتایی ئەم بابەتەدا دەڵێم، کۆمەڵگا بریتییە لە جیاوازییەکان، واتە ئەگەر ستراکتۆرەکانی ناو کۆمەڵگایەکیش لە بەردەم قەیرانی بوونخوازیدا بۆ شوناس نەتوانێت دیوەکانی تری بوون لە جیاوازیدا بدۆزێتەوە، دەبێتە کۆمەڵگایەکی داخراو، خێزانیش بە هەمان شێوە. کۆمەڵگا بریتییە لە سارد و لە گەرمیش، لە ژیان و لە مەرگیش، وەک هیراکلیتسیش دەڵێت «هارمۆنیا پێویستی بە بەرزایی و نزمایی هەیە وەک چۆن ژن و پیاو هەیە"(٣٤).

شێرکۆ بێکەس-یش لە دیوانی (ئافات)دا، ئاماژە بەم جۆرە دەربڕینە دەکات بۆ بوونی چەمکی جیاوازی و فرەیی، دەڵێت:

**" لە یەک وەختا یەک ناوم هەیە و سەدان ناو.**

**مێیینەم و نێرینەم و گیاندارم و بێگیانیشم."(٣٥)**

به هەمان شێوه مایەی وروژانه، بیرمەندێکی گەورەی وەک نیتشەیش لە نامەیەکدا بۆ جەیکب بورکهاردت لە ساڵی ١٨٨٩دا دەڵێت: "هەموو ناوێک لە مێژوودا منە"(٣٦) ئەمە زۆر نزیکە لەو کۆپلە شیعرەی شێرکۆ بێکەسەوە، نازانم شێرکۆ بێکەس، نیتشە دەخوێنێتەوە یان نا؟ بەڵام دواجار مرۆڤ لەبەر ئەوەی هەڵگری جیهانێکی مەجازییە و هەمیشە لە ناو زماندایە، ئیتر هەڵگری زمانە لە دەربڕینەکانیدا بۆ بە شیعراندنی بوون و گەردوون، زۆرجار بە لێکچوویش بەبێ ئەوەی بە یەکتریش بزانن ئەدۆرنۆیش بە هەمان هەست دەڵێت " ئاشتی حاڵەتی جیاوازی و لێک نەچووییە بەبێ زاڵبوون بەسەر بووندا، لەگەڵ بەشداربوونی ئەو جیاوازییەدا بەرامبەر یەکتری"(٣٧)

ئەگەر پیاوسالاری وزەیەکی چالاکی کۆمەڵگای کوردی بێت، ئەوە ئاشتییەکی لە هەستە نەشازەکەیدا دابین کردووە، چونکە نایەوێت سیمای جیاوازییەکان ببینێت.

پەراوێزەکان:

21- Nietzsche, The Will to power. 853.
22- Levinas, Emmanuel. Totality and Infinity, page 290.
23- Calasso, Roberto. Literature and the Gds, page 57.
24- The Medusa Reader. page 134.
25- Ibid page 134.
26- Mernissi, Fatima. The Veil And Male Elite. page 101.
٢٧- بەختیار عەلی کۆی بەرهەمە شیعریەکانی لاپەڕە ٣٧.
28- Streba, James P. Ethics, page 302.
29- Levinas, Emmanuel. Ethics and Infinity, page 95.
30- Ibid 97.
31- The Helene Cixous Reader, page 121.
32- Moller Okin, Susan. Women in Western Political Thought, page 37.
٣٣- دیوانی لە غوربەتای محەمەد عومەر وەسمان، ل٩٣.
34- Fragments The Wisdom of Heraclites, page29.
35-
36- Deleuze, Gilles and Felix Guattari. Anti-Oedipus Capitalism and Schizophrenia., pade20.
37- The Adorno Reader, page 140.


سەرچاوە کوردییەکان:

- گۆڤاری ڕەهەند، ساڵی ٢٩٩٨، ژمارە (٥).
- بەختیار عەلی، کۆی بەرهەمە شیعرییەکانی، ١٩٩٩.
- محەمەد عومەر وەسمان، دیوانی لە غوربەتا، ٢٠٠٢.
- شێرکۆ بێکەس، دیوانی ئافات، ٢٠٠٠.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

Calasso, Roberto. Literature and the Gods. First Vintage Edition. New York: Vintage International Books, 2002.
Deleuze, Gilles and Felix Guattari. Anti-Oedipus Capitalism and Schizophrenia. Minneapolis: University of Minnesota Press. Eleventh Printing, 2003.
Fragments The Wisdome of Heraclites. Translated by Brooks Haxton. 2001.
Levinas, Emmanuel, Ethics and Infinity. Pittsburgh: Duquesne University Press, 1985.
Levinas, Emmanuel, Totality and Infinity. Pittsburgh: Duquesne University Press, 1969.
Mernissi, Fatima. The Veil and Male Elite. New York: Addison - Wesley Publishing Company, 1987.
Miles, Christopher with John Julius Norwich. Love in the Ancient World. New York: St. Martin’s Press, 1997.
Moller Okin, Susan. Women in Western Political Thought. New Jersey: Princeton University, 1979.
Nietzsche The Will to Power. Translation by Walter Kaufmann. new York: Random House, 1967.
Sreba, James P. Ethics. New York: Oxford University Press, 2000.
The Adorno Reader. Edited by Barian O’Connor. Massachusetts: Blackwell Publishers Inc., 2000.
The Cambridge Companion Foucault. Edited by Gary Gutting. Cambridge: Cambridge Universit Press, 1995.
The Helene Cixous Reader. Edited by Susan Sellers. New York: Routledge, 1994.
The Medusa Reader. Edited by Marjorie Garber & Nancy J. Vikers. 2003.
Weigel, Sigrid. Body-and Image - Space Re-reading Walter Benjamin. New York: Routledge, 1996.

# تێپەڕبوونی (٤٥) ساڵ بەسەر نووسینێکی بڵاونەکراوەی محەمەد مەولوود مەم

**د. تاڵب محەمەد ئەحمەد**
**(کولێژی زمان - زانکۆی سەلاحەدین)**

لە کاتێکدا بەناو پەڕە زەردەکانی (مەم)ی چیرۆکنووسدا دەگەڕام بۆ ئەوەی زانیاری پتر کۆبکەمەوەو نامەی ماستەرەکەمی پێ دەوڵەمەندتر بکەم. چاوم بە ژمارەیەک پەڕەی نووسراوی کۆن کەوت کە (١٢) لاپەڕە بوو، پاش خوێندنەوەیان بۆم ڕوون بووەوە کە ئەم زانیارییانە بریتین لە وەڵام دانەوەی (٧) پرسیار ئاراستەی (عەبدولڕەزاق بیمار) کراون بۆ ئەوەی شتێکیان لە بارەوە بنووسێت و بڵاویان بکاتەوە.

ئەو نووسینە لەشێوەی نامەدایە پاشانیش لەبری پرسیاری یەکەم و دووەم باسی ژیانی خۆی و خێزانەکەیان دەکات و وەڵامی پرسیارەکانی تریش دەداتەوە.

نووسینەکە مێژووەکەی بۆ (١٩٦١/٣/٢٧) دەگەڕێتەوە هەروەکو لە کۆتایی پەراوێزی نووسینەکەدا هاتووە. گومانی تێدانییە کە ئەمەیان نوسخەی یەکەمی نووسینەکەیە، چونکە تەنانەت شوێنەواری ڕاستکردنەوەکەشی لەسەر دیارە کە هەڵەکان هەر بەقەڵەم ڕەش کراونەتەوەو چاک کراون.

ئەم نووسینە هەر بە ڕێنووسی کۆنی ئەو سەردەمە نووسراوەو من خستوومەتە سەر ڕێنووسی نوێ و بەبێ دەستکاری نووسیومەتەوە.

- بایەخی ئەم نووسینە لەوەدایە کە (٤٥) ساڵی بەسەر نووسیندا تێدەپەڕێت و تا ئێستاش ڕووناکی نەبینیوە.
- هەندێک لەو ڕاستییانەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە تەمومژاوی بوون، یان بەهەڵە تێبیان گەیشتووین.
- جگە لەو شێوازە جوانە گاڵتەئامێزەی (مەم) کە بە

خەندە دەمان گریێنیێت و بەزەییمان لا دەورووژێنیێت.

ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە: (*)

کە چاو لەسەریەک دادەنێم.. و.. هەزاران.. وێنەو.. ڕووداوی ژیانی ڕابردووی باوکم و دایکم (واتا خێزانەکەمان) دێنمەوە بەرچاوم.. وەک شریتی سینەما.. چارچێوەیەکم بۆ دروست دەبێت.. سووچێکی لەناوچەی شنۆی کوردستانی بەئێران بەستراوە کە پارچەیەک لەو ژیانە ڕابردووەمانی لێ کۆبۆتەوە.. دادەبینم.. لە کوێستانەکەی دایکم.. لەبیرێ دێتەوە.. و دەسمەنجەڵی شیری پێیەو لەگەڵ کچ و کاڵ و ئافرەتانی.. خێڵی زەرزا.. بەرەو.. ژوور.. دەگەڕێتەوە... کە ئەو وێنە تێپەڕی.. وێنەی باوکم دێتە بەرچاو.. لە دێی سنگان.. لە ڕۆخ ڕووباری گادەر.. جووت دەکات، یان زەوی تۆ دەدات پاشان.. پاش گەڕانەوە لە کوێستان کە ژیانێکی نیمچە کۆچەری ئەو ناوچەیەی ئەو کاتەم دەنوێنێ.. کە ڕاستەوڕاست نموونەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردستانە لە سەرەتای ئەم سەدەیەو.. تا ئێستاش.. بەهەموو خۆشی و ترشییەوە.. بەهەموو زۆرداری و (ستەمیەوە).. بەهەموو چەوسانەوەو.. ململانەیە بەدە لە ڕێگای وەدەست هێنانی ژیان و لەسەر گردێکی بەرزیش لەناوچەکە (دوور لە گوندی سنگان) کۆشک و باڵەخانەی هەمزاغای زەرزاش لەو دیمەنە جیا ناکرێتەوە، کە وەک مۆتەکە خۆی بەسەر ناوچەکە ڕەگی داکوتاوە.. هەر لەناو ئەو چوارچێوەیە ئەو دیمەنانەش بە (پەلە) تێدەپەڕن.. دیمەنی شەڕی یەکەم بەجۆرێک و دەنگی پۆستاڵی زلی سەربازەکانی عوسمانی.. و تەقەی.. تفەنگ و دادو ڕۆڕۆ و ناڵەی کوژراو.. م.. لە گوێ دەزرنگێنەوە.. تا.. گرانییە گەورەکە.. کە لەبەر لاشەی مردووی لە برسا مردوو ئەو خەڵکەی ماوە لەبەر تالآن و ڕاووڕووت.. پەنا دەبەنە بەرچیاکان و دایکم دەڵێ لەبەرچاوی خۆی بەسەدان ئینسان دەکەوتن و لەبرسانا دەمردن... ئەم دیمەنانەم لە چیرۆکی «برسیەتی بەهێزترە».. نیشان داوە.. کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە.

با نەختێک بەگورجی ڕابوورین.. تا دەگەینە سەر ئەوەی دایکم و باوکم و خوشکی گەورەم لەگەڵ سەدان خێزانی کەل و کورم بوو.. و پەڕاگەندە.. دەربەدەر بوون.. و وەدنیا کەوتن.. بۆنان.. بۆنان و هەڵاتن و ڕزگاربوون لەشەڕو.. لە پاش مردن.. تا.. دێنە گەرمیان (واتا کوردستانی عێراق) ساڵانی (١٩١٧ - ١٩١٩)



محەمەد مەولوود مەم

تا دێنە ناوچەی هەولێر.. دوو منداڵیان دەبن.. دەمرن.. و تا.. لە دواییدا لە شەقڵاوە جێگیر دەبن.. تا ڕۆژێک لە ڕۆژانی زستانێکی سەخت و بەفراوی (١٩٢٦ - ١٩٢٧).. لە کۆنەخانوویەکی تاریک و شێدار لەگەڕەکێک لە شەقڵاوە کە ئێستا جێگای ئەو خانووە.. کراوە بە قوتابخانە جوانەکەی شەقڵاوە کە پار کۆنگرەی مامۆستایانی کوردی لێ بەسترا (**) لەو کۆنە خانووە تاریکە.. منداڵێکیان دەبێت.. ئەویش منم.. دایکم دەڵێت.. ساوایەکی قەڵەوو جوان بوویت بەجۆرێک نەفەس کاری تێ کردووم.. واتە چاوەزاری بەد.. تیری لێ داوم هەر لە فرچک ئەنگیونراوم.. نەخۆش و لاواز بووم.. بەجۆرێک هەر لەو وەختەوە.. دەردو ئازار.. بوونەتە هاوڕێم.. دایکم ئەوەندە برسیەتی و ئازاری دیوە.. بەهیچ جۆرێک هەستی پێ نەکردووە.. و هەرچی بەسەری هاتووە.. بەچاوەزار و نەفەس ژماردوویەتی.. دایک و باوکێکی تووتنەوان.. و بێ دەرامەت.. کوڵێتێکی تاریک و دووکەڵاوی.. خواردنێک کە هەر نان و.. دۆ.. و گیا و بیئەیەک کە پڕ بووبێ لە نەخۆشی و.. پیسی.. دەڵێم ئەم جۆرە خێزانە کە دەرامەتێکی نییە

دڵیشیان بەخوایەکی گەورە و توانا بووبێ.. چۆن والێکی نەدەنەوە و خۆشیان ئیقناع نەکەن کە ڕاستەو.. خۆیان تووشی گوناح و ناشوکری بکەن.. هەر لەو وەختەوە.. وەکو منداڵێکی کۆمەڵگەیەکی کوردستانی.. ڕووت و لاواز ورگن.. ڕووام.. تا ڕۆژێک خۆم.. لە قوتابخانە بچکۆلەکە شەقلاوە دۆزیەوە.. کە لەگەڵ منداڵانی تری گوند پێ خواس چڵپاو دەشێلم.. بەیانیان و نیوەڕۆ سیپارەکەم پێیە.. دەچمە ناو دەم شەتوخوارەکەی.. ئەو قوتابخانەیە.. ئێوارانیش بۆ ناو دەمی مزگەوت.. بۆ خوێندنی جزء.. لای.. لا..

لە ساڵانی (١٩٣١ - ١٩٣٢) چوومە قوتابخانە نەک لەبەر ئەوەی تەمەنم ڕێکە.. بۆم دەشێ ببم بە قوتابی بەشکەم زۆرتر لەبەر ئەوەی باوکم لە قوتابخانەکەدا کرێ گرتە بوو.. خزمەتی دەکرد.. چونکی تاقانە کوڕیان بووم.. و زۆر دڵی پێوە بووم.. دڵنیایی وا دەهات کە لە نزیکییەوە بم ئەگەرچی.. ئەو نزیکییەی.. کارێکی ناخۆشی کردە سەرم کە لە دواڕۆژدا لە خوو ورەوشتم سەری هەڵدا کە ئەنجامەکەی ڕکێکی زۆر وقینێکی ڕەش بوو بەرامبەر ئەو باوکە بەپەرۆشەم.. کە.. بەپاڵ پێوەنان و زۆری دەیەویست.. هەر لە (٥ - ٦) ساڵییەوە بم کات بەپیاو.. و.. ژیرو.. پیاوێکی وا کە هەموو شەقلاوە بێنە سەیرم.. و پێی لێ بنێن (دانی پیا بنێن) کە (ئعجوبەی زەمانم) و وێنەیەکی ڕاستەقینەم لەخۆی کە (بە) پیاوێکی بەدین و دەست و دڵ خاوێن ناسرابوو لە شەقڵاوە، بەڵام من وا لێکی دەمەوە.. کە ئەو کردەوەیەی باوکم دافعی بێ کەسی.. و غەریبی بووە.. لەوشارە.. و بۆ ئەوەی (هەست بەکەمایەتی) نەکات.. گرێی نەفسییەکانی.. پێ نەرم بکات.

ویستوویەتی.. من بکات بە نموونەی ئەدەب.. و خوو ڕەوشت باشی.. و پیاوەتی.. بێ گومان شانازی بوو بۆ باوکم کە منداڵەکانی.. خووبەرزو هەست بەرز.. و نەفس بەرزبن.. ئەو چ حساب بۆ ئەنجام دەکات.. ئیتر وا لەسەر ئەو هەموو خۆشویستییەی بەرامبەر من هەبوو (لە دەروونەوە ئێشاندبووی).. کە ساتێک بەتەنیا بوومایە.. سەیری.. ئاسمانم دەکرد.. و داوام لە خاوەنەکەی دەکرد کە لەسەر کورسییە زێڕینەکەی دانیشتووە لەسەرەوە بەرز بەرز لە تۆپکە سەری ئاسمان.. کە زوو ئەو باوکەم لێ بزر بکات.. تا ڕزگاربم لە دەستی.. یان.. گلەییم دەبردەوە بەرنایکی بە پەرۆشم.. کە داڵدەم بدات.. و

سەیرم پێوە دەهات.. خوا هەقە.. نایەتە یادم.. کە باوکم ڕۆژێک لێی دابم.. یان جنێوی پێ دابم یان ئازاری لەشی دابم.. یان.. هەرچی خواردنێکی خۆشی لە بازاڕ ببوایە یان جلێ لە توانا بوایە دورست بکرێ.. دەڵێم.. خوا هەقە لەو ڕووەوە چ قسووری نەبوو.. لە خێزانی دەگرتەوە بۆ من بەڵام.. من.. هەر ڕکم لێی گەرمتر دەبوو.. هەرگیز.. فەرامۆشیم پێوە نەدەهات.. ڕۆژێک.. زستان بوو.. لەسەر ڕەوشت و فەرمانی باوکم دەبوایە هەموو بەیانییەک لەگەڵ مەلا بانگدان هەڵیان ساندبام و چووبامە مزگەوت بۆ ئەوەی وە ئەوەڵ جەماعەت ڕابگەم.. ئەو ڕۆژە زستانەش.. هەڵیان ساندم.. ئەو کاتە لە پۆلی چواربووم تەمەنم لە (١٠)ساڵ تێپەڕی نەدەکرد.. ڕێگام گرتەبەر بەرەو مزگەوت.. بەفر دنیای داپۆشیبوو.. وردە وردەش دەباری نزیکەی (٢٠٠) مەترێک لەماڵ دوورکەوتم لەسەر شەقامە گەورەکەی شار دەڕۆیشتم.. و بۆ خۆپاراستن لە بەفری ئەرزو بەفری هەوا.. بەلای زۆری لەبن سواندەو.. بن دیواری خانووەکانی ئەم بەروئەوبەری (...) بەگورجی تێدەپەڕیم.. هێشتا تاریک و ڕوون بوو کە گیشتمە بن هەیوانەکەی مام (حەمەدەمین) لەپڕ بەرمیلە ئاوێکی سارد.. کرایە سەر سەروگوێلاکم.. لەگەڵ.. بانگی من.. دەنگێکی ژنانە بانگی کرد. (ئای کوڕەبم) بەڵام چ دادەبەخشێ.. تازە من لە ئاو هەڵکێشرام لە ئاوی چڵکنی.. قاپو قاجاغ شووشتن.. هەموو لەشم بوو بە چڵک و جێگای وشکم بن هەنگڵ بوو.. بەگورجی گەڕامەوە ماڵ.. بۆ ئەوەی خۆم وشک بکەمەوە یان جلەکانم بگۆڕم.. ئەمجا بچمەوە.. نوێژ.. هەر کە باوکی ڕەحمەتیم چاوی پێم کەوت و لە مەسەلەکە حاڵی بوو، گوتی.. قەیدی نییە جارێ بڕۆ نوێژەکەت بکە.. تاوەکو نوێژت نەچووە.. ئەمجا وەرە جلەکانت وشک بکەوە.. بەفەرمانی ئەولیا.. نوێژت قەبووڵە.. ناچار گەڕامەوە.. دواوە.. بۆ مزگەوت.. ئەمە دیمەنێکی بچووک بوو.. لە کردەوەی باوکم.. بەرامبەر بە من.. کە تاقانەی بووم.. و هیچ گومانم نییە کە.. ئەوەندەی ڕۆحی خۆی خۆشی دەویستم.. و بەپەلە بوو، بۆ ئەوەی بم کات بە پیاوو نرخم لە کۆمەڵ زیادبکات.. بەڵام.. بەوشێوەیەی.. سەرەوە ئیتر.. کە لەساڵی (١٩٣٨) کۆچی دوایی کرد.. ئەگەر چی تەمەنم.. ئەوکاتە لە (١٢) ساڵی دەدا.. بەڵام.. مردنیم.. لا گران نەبوو.. نەم توانی خۆم ڕازی بکەم.. بەوەی.. فرمێسکێکی گەرم

و ئاهێکی لە دڵەوە هەڵقوڵاوی دوابەدوا بنێرم بۆ ئەو بەهەشتەی.. دڵنیام ئێستا یەکێکە لە دانیشتوانی.. چونکی ئەوی ناسیاری پێی هەبا بە مرۆیەکی خواناسی باشیان دەناسی و ڕێزیان دەگرت و خۆشیان دەویست.. خۆشی (سوفی) بوو.. جگە لەمن.. دایکیشم هەر لەشەڕوشۆڕ بوو لەگەڵی.. جا چ لە ترسی خەیاڵی ژن بەسەرهێنانی بووبێ.. یان لەسەر من.. ئەو چاودێرییە توندەی کە منی خستبووە ناویەوە.. هەرگیز ڕێگای نەدەدام بچمە ناو منداڵانی گەڕەک و ڕێگای یاری.. و گەمەی لێ دەگرتم.. دەیگوت نەوەکو ڕەوشتم تێک بچێت.. یان لێی نەدەوەشاندمەوە بچمە ناو منداڵان.. چونکی بەخەیاڵی خۆی من هەر لە ڕۆژی بوونمەوە.. بە پیاوێکی تەواو خوڵقابووم.. زۆرجار کە هێشتا لە پۆلی (٣-٤)ی سەرەتایی بووم.. نامەی فارسی بۆ دەهات لە خزم و ناسیاوەکانی، نامەکەی لەبەردەم پان دەکردمەوەو.. لێی داوا دەکردم.. کە بیخوێنمەوە.. کە ئومێدیشی لەوە دەبڕا نامەکە بخوێنمەوەو ئەنگوستی لەسەر دەدا لە دواییشدا بەزۆری ئاهێکی هەڵ دەکێشا.. و لەسەری دەهاڕاندم.. چۆن فێرە سەدا نابیت.. چۆن هەروا بەکۆرەیی دەمێنییەوە.

ڕۆژی (١٩٣٨/٣/٢٠)یش.. کە ئێوارەی ڕۆژی پێشوو لاشەی باوکمیان بە گۆڕسپارد.. ئەوکاتە لە پۆلی شەشەم بووم، هەستم بە چ دڵتەنگی و ناخۆشییەک نەکرد.. جگە لە ئەوکاتەی کە لەماڵ بوومایە و لەگەڵ گریان و.. لوژگەی دایکم منیش دڵتەنگی دەیگرتم.. وجارجارەش.. لەگەڵ دایکم و خوشکەکانم دەبووە گریان و فرمێسک ڕشتن دەنا ئەگەر لە دەرەوە بوومایە.. هەر کە نەباران بووبێ نەبا.. من هەستم بە ناخۆشییەک نەدەکرد.. ئەو ڕۆژە.. لەسەر گردی (دێرە) لەگەڵ.. هەندێ لە هاوتەمەنەکانم.. منداڵە دراوسێکانمان (سەبری و قادر و عەولا).. لەسەر ئەوگردە بووین.. دۆڵ و زوڕناش لەپێش دەرگای سەرا دەکوترا هەندێ کەس شایی (یان) دەکرد.. زۆر ئارەزووم دەکرد بچمە.. ناو ئەو زەماوەندە کە بەبۆنەی لەدایک بوونی (مەلیک غازی) گیرابوو.. کەچی برادەرەکانم ڕێگایان نەدام لە جێگاکە دووریان دەخستمەوە.. لەپاشا کەوتینە یاری خۆمان.. لەنکاو.. قادر.. گاڵتەی پێ کردم و شەڕی پێ فرۆشتم.. (سەبری) لێی گەڕایەوە.. و چووە بناگوێی.. و پێی گوت کوڕە.. گوناحە.. نازانی.. باوکی مردووە..

دیاربوو.. (قادر)یش.. هەستی بەو مردنەی باوکم نەکردبوو.. کە (سەبری) وای پێ گوت بەشەرمەزاری و دڵساردی هاتە نزیکمەوە.. و دڵی دامەوەو پەرۆشی نیشان دام ئەوکاتە.. هەستێکم بۆ پەیدا بوو.. کە شتێکم لێ قەوماوە.. کە وام لێ بکات ببمە جێگای بەزەیی و سۆزی برادەرەکانم.. بێ دەستی خۆم فرمێسک لە چاوم بارینە سەر جۆگەکەی لەسەری وەستا بووین.. (سەبری)یش، خۆی لە (قادر) زوویر کرد.. (قادر) چاوی شۆڕکردن.. بەمە هەستم کرد کە کەلێنێک لە ژیانمدا پەیدا بووە.

کە ئاوڕم لەبەر دەرگای سەرا دایەوە.. و دەنگی دۆڵ و زوڕناش تەپڵی گوێچکەی زرنگاندمەوە.. سەیرم.. بەو خەڵک و خوایە دەهات وام لێ دەهات کە هیچی لێ تێ نەگەم.. سەیرە.. خەڵک بۆم بگریێ و.. بەزەییان پێ بێمەوە.. دایکیشم.. دایکە دراوسییەکانمان لە ماڵی ئێمە دەگرین.. دەڵێین.. باوکم مردووە لەولاش شایی و زەماوەندە.. سەیر دەبێ کە مردووێک بمرێ شایی بۆ بگرن.. بەڵام نابێ خۆ بووک هێنان نییە.. ئەی دەبێ چی بێت؟! بۆچی مردنی باوکی من زەماوەند لەشار پەیدا دەکات؟! کەوتمە.. ئەو بیرانە کەچی سەرم لێی دەرنەچوو.

زۆریشی بۆ تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا نەمابوو.. کەوتمە.. خوێندنەوە.. و کۆشش کردن.. و ئەوساڵە.. بە یەکەم دەرچووم لە پۆلەکەم (هەر ئەوەبوو).. کە.. ئەو پیاوەیی لە جێگای باوکم لە قوتابخانە ئیشی دەکرد (مستەفا) لێم دەگەڕا.. کە دۆزیمیەوە.. بەڕوویێکی تەماوی و.. کز.. پێی ڕاگەیاندم.. کە بچمە قوتابخانە بەڕێوەبەر داوام دەکات.. کە چووم.. هەموو هەڤاڵەکانی پۆلی شەشەم لەناو داڵانەکە وەستابوون.. و لەبەر دەرگای ژووری بەڕێوەبەر.. هەر کە گەیشتم.. زوو بەزوو ڕێگام درا.. و چوومە ژووری بەڕێوەبەر چەند مامۆستایەکیش لەوێ دانیشتبوون سەردەمێک (...) سەیری یەکتریان کرد.. و سەیری منیان کرد لە پاشان هەموویان چاویان لە من بڕین.. و بەڕێوەبەر (عومەر ساقی) نەختێ سەری هەژاندو.. وەکو لەبەرخۆیەوە قسە بکات.. گوتی:

– کوڕم.. ئافەرین.. تۆ.. بەیەکەم.. سەرکەوتی لە تاقی کردنەوەی بەکەلۆریا.. ئەمجا دەچیتە پلەی.. سانەوی.. ئێمەش هەموومان یارمەتیت دەدەین.. ئافەرین کوڕم.. و پارچە کاغەزێکی بۆ درێژ کردم و گوتی ئەویش نمرەکانت.

کە لە ژوورەکە چوومە دەرەوە.. (مستەفا) داوای پارەی لێ نەکردم.

قوتابییە هەڤاڵەکانم دەوریان دام و پیرۆزباییان لێ کردم. کە چوومەوە لای دایکم ئاو لە چاوی زا و.. ویستی بەری فرمێسکی بگرێ.. بەڵام نەیتوانی.. هەرچەندە هەوڵیدا.. مژدەکە بەگەرمی وەربگرێ.. بەڵام.. نەیتوانی بە چ جۆرێک هەستی دەرخات.. جگە لە بزەیەکی ساردی وشک.. لەپاشا.. چەند فرمێسکێک کە بەرووەمەتی گیرسابوون، وشکی کردنەوە.

## وەڵامی پرسیارەکان

### وەڵامی پرسیاری (٣)

نەخۆشی زۆر ئازاری داوم.. وای لێ کردووم کە ئازاری کۆمەڵەکەم باشتر هەست پێ بکەم.. و.. بەشێویەکی ڕاست لە ئازارو ئاواتی ئەو کۆمەڵەم.. بدوێم.. و جستوجۆم دەربڕم.. ئەمە یەک.. و دووەمیش.. وا بزانم.. هەست بەنەخۆشی کردن.. گرێیەکە مرۆڤ هەوڵی کردنەوەی دەدا.. یان هەوڵی جێ گرتنەوەو.. (تعویض).. کەم و کوڕیەکە لەو گرێیە.. پەیدا دەبێت.. لەبەر ئەوە.. دەتوانم بڵێم.. لە ماوەی نەخۆشی یەکەم کە لە (١٩٥١) تا (١٩٥٨) بنی نەهات.. بە (مصرترین اسلوب).. هەستی خۆم و کۆمەڵەکەم دەربڕیوە.

### وەڵامی پرسیاری (٤)

وەکو لە چۆنیەتی ژیانی سەردەم دەردەکەویت یەکەم شتێک کە هۆگری خوێندنەوەو تام لە چێژتنی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی کردم (مام قەشە جبرائیل شێر بوو).. یەکەم شاعیری کورد کە کاری لێ کردبم و هانی دابم بۆ ئەوەی بە ڕێگەی کوردایەتی و نیشتمانپەروەریدا بردم. (حاجی قادر کۆیی) بووە.

هەروا لە پۆلی (٥-٦) سەرەتاییش مامۆستایەکمان هەبوو خوا لێ خۆش بێ کە ناوی (سەید ئەحمەدی جەباری بوو) خۆی شاعیرو کوردیزان بوو.. زۆرهانی دەداین بۆ خوێندن و نووسینی کوردی و فێربوونی شیعر و لەبەرکردنیان.. هەروا هەستی نەتەوایەتی و چۆنیەتی ژیانی مرۆی کورد.. و کوردستانی.. بەگشتی بۆ دەردەخستین و هەستی دەجووڵاندینەوە، زۆر قەرداری ئەو مامۆستایەم.. هەرگیز لەبیرم دەرناچێ.

بەڵام بەمانای کتێب، ئەوەی (کتێب) کاری لێ کردبم.. ئەوە لە پۆلەکانی ناوەندی هەولێر بوو.. کە دوو کتێبی کوردیم دەست کەوت ئەوانەش (دیاری لاوان و یادگاری لاوان) بوون بەڕاستی دەتوانم بڵێم.. ئەو دوو کتێبەن کە یەکەم کاریگەری یەکەم جاریان تێ کردووم ئەوانەش لە نووسینی وابزانم (کوردی و مەریوانی) بوون لە پاشان.. دیوانی حاجی قادریشم بەتەواوی چەنگ کەوت.. سوودێکی باشم لێی وەرگرت.

ئێستاش... لە نووسەرەکانی کورد هەموویان لام گەورەو بەڕێزن.. وبێگومان لە نووسینی هەریەکەیان.. دەرس وەردەگرم.. بەڵام لەهی بێگانەکان یەکەم نووسەری کاری تێ کردبم (ئەنتوان چیخۆف) بووە چیرۆکەکانی ئەو ئەگەر وەحی درۆ نەبێت دەتوانم بڵێم (وەحیم) پێ دەبەخشن.

نووسەری ئەمریکیش (بێرل باک) لە دڵی من جێگایەکی گرنگی گرتووە هەروا.. (گۆرگی) و (ئەرسکین کالدویل).

### وەڵامی پرسیاری (٥)

ئەو واقعیەتەی ئێمە کوردی کوردستان بەگشتی.. و کوردی عێراقی بە تایبەتی تێیدا دەژی.. بۆ چارەسەرکردنی.. گیروگرفتی ئەو کۆمەڵە لەسەر بنکەی شیکردنەوەیەکی زانستی ئاشکراو دەرس وەرگرتن هۆیەکانی سەرەکی ئەو گیروگرفتانە لەگەڵ توانا... دەڕوێت.. و لەبەرمان بەرز دەبێتەوەو بڕوایم وایە.. کۆمەڵ.. پێویستە بناغەی هەر پێشکەوتنێک بێت.

### وەڵامی پرسیاری (٦)

من ناتوانم.. خۆم بەوە ڕازی بکەم.. کە.. ئینسانیەت.. جودایە لە نەتەوایەتی.. کوردی.. واتا (کوردایەتی).. هەر نەبێت.. هێشتا.. نەمتوانیوە.. ئەو هێڵەی لێکیان جودادەکاتەوە.. بەدی بکەم.

من لام وایە ئەرکی ئێستام.. ئەوەیە کە لە هانای ئینسانێک بێم.. کە ئینسانێکی کوردە.. کرێکارێکە.. جووتیارێکە.. داروبەفر و ڕۆژ و شتێکە.. مرۆیەکی.. کوردێکی زۆر لێکراو.. و پاش کەوتووە.. چەوساوەیە و دڵنیاتان دەکەم کە.. من لە پەنای ئینسانی کوردەوە، ئینسان هەموو کێن دەبینم.. یان ڕوونتر.. ناتوانم ئەم هەردوو ئینسانە لێک جودا بکەمەوە.

**وەڵامی پرسیاری (٧)**

یەکەم چیرۆکم وەرگێردراوی چیرۆکێکی کۆری (یوسف السباعی)یە بەناوی (کۆرنکۆ) کە لە مساواتی جب ساڵانی (١٩٤٨- ١٩٥٠) بڵاوکرابووەوە باسی خەیاڵی یەکێک لەگەلەکانی (ڕۆژهەڵاتی باشووری ئاسیا) دەکات.

ئەوکاتەش گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی وانەبوو بڵاوی بکاتەوە.. ڕەنگ وەرگێڕانیشی پەسەند نەبێت.. نازانم هەر چۆنێ بێت ئێستاکە.. نەماوە.. بەڵام یەکەم چیرۆک خۆم نووسیبم چیرۆکی «پەنجا فلس»ە کە لەساڵانی (٤٩- ٥٠) نووسیبووم لە هیوای (١٩٥٧) بڵاوکراوەتەوە.

من بەڕاستی بە چیرۆکەکانی خۆم دەڵێم (هەوڵدانی چیرۆک نووسین) نەک (چیرۆک).. بڕوایم وایە زۆرم ماوە بگەم بەو ئامانجەم. بەڵام لەو نووسینانەی کە نووسیومن.. لە هەموویان پەسەندتر لای من «پیاو»ە کە هێشتا بڵاونەکراوەتەوە.. و دووەم «داپیرەم»ە کە لە هیوای (١٩٥٧) بڵاوکراوەتەوە.. بەڵام بۆچی ئەمانە پەسەند دەکەم.. نازانم چۆن وەڵام بدەمەوە.. وابزانم چونکی ڕوویەکی تایبەتی ژیانی من دووبارە دەکەنەوە.

**محەمەد مەولوود مەم**

**١٩٦١/٣/٢٧**

**پەراوێز:**

**(*) لە ساڵی (١٩٦١)دا، عەبدولڕەزاق بیمار، نامەیەکی بۆ مەم نووسیوە، داوای لێ کردووە، کە نووسینێکی بۆ بنووسێ، باسی ژیانی خۆی تێدا بکات و وەڵامی چەند پرسیارێکیشی بداتەوە تا شتێکی لەسەر بنووسێ، مەمیش بەم نووسینە وەڵامی داوەتەوە.**

**تێبینی: بەپێویستمان نەزانی سەرەتای نووسینەکە بڵاوبکەینەوە، چونکە تەنیا بریتییە لە هەواڵ پرسین و چاک و خۆشی.**

**هەروەها (عەبدولڕەزاق بیمار) پێی ڕاگەیاندم کە ئەو نووسینە لەکاتی خۆیدا بڵاونەکراوەتەوە چونکە هەر لەو ماوەیەدا تووشی گرتن و ڕاوەدوونان هاتووە، هەرچی پەڕەوکاغەزێکیش هەبووبێ سووتێنراون.**

**(**) ئەم نووسینە لەساڵی (١٩٦١)ەوە نووسراوە، چونکە کۆنگرەکە لە (١٥- ١٧) ئابی (١٩٦٠)دا لە شەقڵاوە بەستراوە.**

# کێلیۆپاترا، حاکمی ڕۆژهەڵات تا ڕۆژاوا

مارگریت فۆن شوارتیسکۆپۆف
لە فارسییەوە: لەیلا ساڵحی
(بۆکان)

**«وەک ژنان لەمەرگ نەترسا»**
**(هۆراس)**

کێلیۆپاترا(١)، شاژنی میسر لەتەک کەسایەتییەکانی دنیای ئەفسانەیی کەونارا، وەک هێلێنای(٢) شۆخ، یان ئافرۆدیتی(٣) نیوە خودا، لە ژنانی بەناوبانگی جیهانی کەونارا دێتە ئەژمار. کەسایەتی ئەو هەر لە ڕابوردووەوە، تا ئێستا، بەرباسی ئەفسانە وێژان و ئوستوورەوانان و هەروەها حەکایەت خوانانی کێشە هەڵاییسێن و شانۆ نامەنووسانی مێژوویی بووە. شاعیران و نووسەرانی چاخەکانی دوایی، لەمەڕ ئەم ژنەوە، کە دیارە لەسەر مێژووی بەر لە زایین شوێنی هەبووە، شانۆنامە، ستران و بەسەرهات گەلێکی زۆریان نووسیوە. «پلۆتارک»(٤) مێژوونووسی شێوازی کلاسیک، لە ژیاننامەی «مارکۆس ئانتۆنیوس»(٥)دا بە شێکیشی لە سەنای کێلیۆپاترا داهێناوە. کێلۆپاترا، لە دوایین ساڵەکانی ژیانیدا پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئانتۆنیوسدا هەبوو، پلۆتارک دەڵێ: شاژن لە بنکەی حکوومەتی «بەتلەمیووس»(٦)ی یۆنانی، بە یەکجاری لە یۆنانییەکان(٧) دابڕاو تا ئەوکاتە کە هاوتای ڕۆمی(٨) بەتلەمیووس لە شانۆی شەڕدا، ڕیزێکی دوورودرێژ و بەهێزی لە پیاوانی شەڕکەر لە وڵاتی شاژنی «نیل»(٩) داشاندا، ئەم بارودۆخە هەروا درێژەی هەبوو.

بەر لەمە میسرییەکان و کێلیۆپاترا لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆم پێوەندییان هەبوو. باوکی کێلۆپاترا بەهاوکاری ڕۆمیان لە وڵاتی خۆی، وەک پادشا، حکوومەتی دەکرد. کاتێک باوکی کێلیۆپاترا- کە ڕۆمییەکان لەبەر هۆگری ئەو بەمۆسیقا، بەگاڵتە ناوی «شمشاڵ ژەن» یان لێ نابوو-

له ساڵی (٥١پ.ز)دا مرد، کیلۆپاترا هەژدە ساڵان بوو کە حکومەتی میسر، بە دووقۆڵی، بەو و براکەی بەتلەمیووسی سێزدەیەم بڕا.(١٠) کیلۆپاترا حکوومەتی وڵاتی وەئەستۆگرت، بەڵام وەک وتراوە دوو ساڵ دواتر لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆهەندەران هەڵات. ئەگەچی شاژنی لاو دوو ساڵ بە تەنیا حکومەتی کرد- سکەکانی ئەم چەرخە تەنیا نیوەڕووی ئەو نیشان دەدا، بەڵام لە ئاکامدا بوو بە قوربانی پیلانی دووڕوویانەی ڕاوێژکارانی بەتلەمیووسی سێزدەیەم.

بەڵام کیلۆپاترا شلوێ نەبوو، لەشکرێکی تری کۆکردەوە و بۆ لەشکر کێشی بۆ میسر چاوەڕێی دەرفەتێکی باش بوو. لە ئەنجامدا لە کێوەکانی کازە(١١)، بارگەی خست، بەڵام بەرلەوەی کە کێشەی سەرەکی لەنێوان سوپای ئەم خوشک و برایەدا دەست پێ بکا، میسر تووشی ڕووداو گەلی سیاسی جیهانی بوو:

ڕۆم تووشی شەڕی «ژوولیوس سێزار»(١٢) و «پۆمپیئوس»(١٣) هات، دوای ئەوەی کە سێزار پۆمپیئوسی لە یۆنان تێک شکاند، بۆ هاوکاری میسر مەجبوور بە سەفەرێکی دەریایی بوو، چونکە «شمشاڵ ژەن» باوکی کیلۆپاترا کە پێشتر حکوومەتێکی وابەستەی لە میسر هەبوو، ئیتر ئێستا حکوومەتێکی سەربەخۆی پێکهێنابوو. پۆمپیئۆس دەیهەویست لەگەڵ میسرییەکان تێکۆشانێکی نیزامی نوێ، دژ بە سێزار سازبدا، لە ساڵی (٤٨پ.ز)دا بەستێنەکانی میسر لە نزیک پلۆزیۆم داگیرکرا، واتە هەر ئەو جێگایە کە ئوردوی بەتلەمیووسی لێ بوو. هەر لەوکاتەشدا، سپای «سپتەمیووس» یەکێک لە ئەفسەرانی بەتلەمیووس کە هەر لە ڕاوێژکارانی ئەویش بەرتیلیان وەرگرتبوو، خیانەتیان بە بەتلەمیووس کرد.

ماوەیەک دواتر سێزار گەیشتە میسر و تەکووزی دایەوە بە بارودۆخی بێ سەرەوبەرەی ئەوێ، سپاسالاری ڕۆمی کە بە تاکتیکی ناشیانەی خۆی بوو بەهۆی کۆچ کردن و نارازی بوونی تێکڕایی خەڵک، بۆ ڕزگاربوون لەکوشت و کوشتار لەگەڵ ناوگانی دەریایی خۆی، بەرەو دەریا پاشەکشەی کرد. شەوێک بە سێزاریان وت کە بازرگانێکی مافوورە دەیەوێ بۆ شاندانی کەل و پەلەکەی بێتە سەر سەکۆی پاپۆڕەکە. سەرەتا سەرداری ڕۆمی لەو ڕوو هەڵماڵراوییە بێوەختە ڕقی هەستا، بەڵام پاشان ڕازی بوو، پیاوێکی لاو بوو کە مافوورەیەکی قورس و گرانبایی لەسەرشانی بوو. ئەو بە چوستی پەڕییە سەر سەکۆکە بە ئەسپایی بارەکەی لەسەر تەختی دانا و کردییەوە. کیلۆپاترا کە لەنێو مافوورەکەدا بوو زوو لەجێی خۆی هەستاو لەپێش سێزار چۆکی دادا. سێزار سەری سوڕما. لە کاتێکدا کە سێزار لە زیرەکی ژنانەی لە ڕادە بەدەری ئەو حەپەسابوو، ژنی لاوی هەستاند و بردییە حەرەم.

هەوەڵێن دیتنی نێوان سپاسالاری ڕۆم و شاژنی لاوی میسر بەر باسی زۆرێک لە حەکایەتەکانی ڕۆم و هەروەها فیلم سازان بووە، هێندەی پێ نەچوو کە سێزار شەیدای دڵڕفێنی و زیرەکی و قسە خۆشی کیلۆپاترا بوو لە خۆڕا نییە کە سێزار وەک تێگەیشتووترین ژنی زەمانی خۆی ڕێزی لێنا. کیلۆپاترا نۆ زمانی دنیای بە تەواوی دەزانی- تەنیا لاتینی نەدەزانی- ئەو پێی وابوو زمانی یۆنانی «زمانێکی دێهاتییە». جوانی لە ڕادەبەدەری کیلۆپاترا، وەک لە شانۆنامەکان یان لە فیلمەکاندا دەبینرێ، چەکی گەورەی ئەو نەبوو، بەڵکو چەکی گەورەی (کارامەیی) ئەو بوو، بەپێی بیری جوانی پەسەندی خەڵکی ڕەشایی ناکرێ بڵێین کیلۆپاترا جوان بووە. پەیکەرەکان و وێنەی سەرسکەکان کیلۆپاترا بە ڕوخسارێکی جێ کەوتوو، لووتێکی گەورە، چەنەیەکی ئێسکن و پێڵوو گەلێکی بە پۆرگەوە، نیشان دەدەن.

بەم جۆرە کیلۆپاترا، میوانەکەی خۆی کە لە ڕێگای دووری ڕۆمەوە هاتبوو شەیدای خۆی کرد. بەشێوەیەک کە سێزار لەنێوان ئەوو براکەیدا ناوبژی کرد و بە هۆگەلی جۆراوجۆر، کیلۆپاترای وەک شاژنی ڕاستەقینەی وڵاتی نیل ناسی، بەڵام دەست و پێوەندەکان و هەروەها سروشتی بەهێزی سیاسی ڕۆمییەکان کیلۆپاترای لەنیوەی ڕێگادا هێشتەوە. میسرییەکان دەیان هەویست ڕۆمییەکان هاوپەیمانانێکی ڕاستەقینە بن بۆ ئەوان و هەروەها بۆ نیشتەجێیانی قەڵاکانی باکووری ئافەریقا کە لەناوچەی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات، شۆڕشیان کردبوو، کیلۆپاترا دەیهەویست بەرەوی پێشوو بداتەوە بە وڵاتەکەی. ئەم مەسەلەیە لە مێژبوو میسرییەکانی شەیدا کردبوو. بە هاوکاری ڕۆم، ئەم وڵاتە وەک قەقنەسێک لە خۆڵەمێش هەڵدەستاو کە ئەوەش هەر ئەو یەکیەتییەی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو کە بە میرات لە «ئەسکەندەری» گەورە بەجێ مابوو.

سێزار بۆ ماوەیەکی زۆر هاوڕێیەکی ڕاستەقینە لەو گەمە سیاسییەدا نەبوو، ناوبانگی ڕۆم بەوەوە بەسترابۆوە و تا ئەوکاتەی کە ئەو زیندوو بوو، ڕۆمیش ناوبانگی هەر هەبوو، سێزار لە مەودای ژیانیدا توانی خۆی لە بەرزەدەماخی شاژن بپارێزێ و تارادەیەک لەم بەرزدەماخی

یەکەم کاتەوە. پاش خۆکوشتنی ئەو لە ساڵی (٤٤ پ.ز) یانی سێ ساڵ دوای لە دایک بوونی کوڕی ئەو و کێلیۆپاترا، ئیمپراتۆری ڕۆم دیسان تێک رووخا... کێلیۆپاترا کوڕی چکۆلەی بۆ پادشایەتی هەڵبژارد. پاشان هەردوو زڕبرا لاوەکەی کە لە حکوومەتی میسردا لەگەڵی هاوبەشبوون، لەناوبرد. ئەمجار خەریکی لێکۆڵینەوە لەمەڕ حکوومەتە نوێیەکانی هاوچەرخی خۆی بوو و لەناو ئەواندا، مارکۆس ئانتۆنیۆسی وەک دۆستێکی باش هەڵبژارد.

هاواڵی گۆڕینی سێزار کە لەگەڵ «ئۆکتاویەن» (١٤) و «لێپیدۆس» (١٥) سێ هاوڕێی ڕاستەقینەی سێزار بوون.

مارکۆس ئانتۆنیۆس کارامەیی سێزار، یان ئۆکتاویەنی نەبوو، بەڵکو خوویەکی دێهاتی هەبوو، زیرەک، تەڕپۆش و هێندێک بێ ڕوحم و دڵ، بەڵام یەکجار بەرزە دەماخ بوو. سێ ساڵ پاش خۆکوشتنی سێزار، کێلیۆپاترای دی و لە درەوشانەوە و بە ئاکام گەیاندنی ئامانجەکانی شاژنی ٢٩ ساڵەدا سەرکەوتوو بوو. ئانتۆنیۆس لەلای کێلیۆپاترا ماوە. ساڵی دوایی کوڕی ئەو و کێلیۆپاترا بەناوی «سێزاریۆن» لە دایک بوو.

ئێستا کاتی ئەوە نەهاتبوو کە ئەم دووکەسە وەدوای ئامانجگەلی هاوبەشی خۆیان کەون کەوێدەچوو ڕۆمیەکان زۆر هۆگری نەبن.

ئانتوان گەڕایەوە ڕۆم و لەگەڵ «ئۆکتاویا» (١٦) خوشکی ئۆکتاویەن زەماوەندی کرد. ئانتوان پلەکانی سەرکەوتنی بە لەشکر کێشییەکانی زانایانەی خۆی، تا کۆتایی پێواو سێ ساڵ دوایی دیسان گەڕایەوە وڵاتی نیل. ئانتوان پاش لەشکرکێشی سەرکەوتووانەی بۆ «ئێلیرە» (١٧) هەموو ئەو وڵاتانەی داگیری کردبوو، پێشکەش بە شاژنی کردوو بەخۆشییەوە گەڕایەوە «ئەسکەندەرییە». ئۆکتاویەن بەسەر سووڕمانەوە دەیڕوانییە ئەم ڕووداوانە. دەسەڵاتی زاڵمانەی حکوومەتی شاژنی میسر، وەک مەترسیەکی ڕاستەقینە دژ بە ئیدیعای حکوومەتی ڕۆمییەکان بە ئەژمار دەهات. لەساڵی (٣٣ی پ.ز)دا ئۆکتاویەن بۆ هەوەڵ جار بە شێوەی ڕاشکاو دژ بە هاوڕێی لە مێژینەی خۆی، ئانتۆنیۆس هەستا. ئانتۆنیۆس دوو وەڵامی بە شێوەی نووسراوەی گلێن بۆ ئەو نارد کە یەکێک لە نووسراوە گلێنەکان ئێستاش ماوە. ئانتوان لەم نووسراوەیەدا دەڵێ: «چیت لێ قەوماوە؟ ئاخۆ، چونکە من لەگەڵ شاژن هاوسەرین بووم [ئاوا گۆڕاوی]؟ ئەوە چونکە ئەو هی من بووە تۆوات لێهاتووە؟ یان شتێکی تر قەوماوە؟ خۆ ئێستا سێ ساڵ بەسەر ئەو کارەی من دا تێنەپەڕیوە».

لە ڕاستیدا ئانتوان، کێلیۆپاترای بە ژنی یاسایی خۆی نەدەزانی، هەڵبەت هیچ ڕۆمییەک نەیدەتوانی لەگەڵ ژنێکی بیانیدا زەماوەند بکا. پلۆتارک دواتر باس لە «زەماوەندێکی دژ بە یاسا» دەکا و لیویۆس(١٨) دەڵێ: «کێلیۆپاترا هاوسەری ئانتۆنیوسی لە ئەسکەندەرییە، قەبووڵ کرد».

دژایەتی ڕاشکاوی ئۆکتاویەن، لەگەڵ شێوەی ژیانی تاکە کەسی ئانتۆنیوس نەبوو، بەڵکو بەهۆی هەورگەلی ڕەشی سیاسی بوو کە وردە وردە ئاسمانی ڕۆژهەڵاتی حکوومەتی دادەگرت. لە پاییزی ئەو ساڵەدا لەنێوان ڕۆمییەکان و میسرییەکاندا ڕقەبەرایەتی و حەماسەی دوو لایەنەی وەحشیانە دەستی پێکرد. لە ڕۆمیش دژ بە ئانتۆنیۆس پڕوپاگەندەیەکی زۆریان کرد. لایەنگرانی ئانتۆنیۆس بە هەڵمەتە بیابانییەکانیان دژ بە ئۆکتاویەن دەیان هەویست تۆڵە بستێننەوە و تێدەکۆشان وا بنوێنن کە ئەو سەر بە ڕەچەڵەکێکی هیچ و پووچە.

بەڵام کێلیۆپاتراش بێ کار نەبوو. ئەو لە هەڵمەتەکانی دژ بە ئۆکتاویەن، پشتیوانی ئانتۆنیۆس بوو. لە ساڵی (٣٢ی پ.ز) کێلیۆپاترا باشترین دەرفەتی وەگیرکەوت. ئانتۆنیوس لەژێر تەوژمی پەیتا پەیتای کێلیۆپاترادا لە ئوکتاویادا بڕا. بەم جۆرە دوایین ئاڵقەی پێوەندی نێوان ئۆکتاویەن و ئانتۆنیوس هەڵبڕا. ئانتۆنیۆس و کێلیۆپاترا زستانی ساڵی (٣٣-٣٢ پ.ز) لە «ئێفێسۆس» (١٩) مانەوە. ئانتۆنیۆس لەم مەڵبەندە، سوپایەکی بەهێزی کۆکردەوە کە بریتی بوو. لە ٥٠٠ پاپۆڕی شەڕ، کە ٢٠٠ دانەی ئی کێلیۆپاترا بوو، نزیکەی١٠٠٠٠ پیاوی شەڕکەر کۆبوونەوە. دوای چاخی ئەسکەندەری گەورە، ئەوە هەوەڵ جار بوو کە ڕۆژهەڵات دەکەوتە دەس پیاوێک.

لە هاوینی ساڵی (٣٢ پ.ز)دا ئانتۆنیۆس و کێلیۆپاترا چوونە «ئاتێن» (٢٠) و خەڵکی ئەوێ بەشکۆوە بەرەو پیریان چوون، ئۆکتاویەن دەیەویست لەگەڵ دەوڵەتی ڕۆم هاوپەیمان بێ و ئیتر نەدەبوو دردۆنگی بکات. شەڕی پەیتا پەیتای پڕوپاگەندە دژ بە کێلیۆپاترا «ژنی ڕۆژهەڵاتی لەزەت پەرستی دەسەڵاتخوازە» بۆ هەوەڵ جار شوێنەواری خۆی نیشاندا. ڕۆم بە تێکڕایی هەژا بوو.

ئۆکتاویەن، ئانتۆنیۆسی لەتەواوی پلەکانی حکوومەتی ڕۆم وەلاناو لەشکرکێشی خۆی دژ بە ئانتۆنیۆس و

«ئەوینە ڕۆمییەکەی» بە تەواوی هێزەوە دەس پێکرد.

زانیاری ئێمە لەمەڕ ئاکامی شەڕی قورسی ئانتۆنیۆس لەگەڵ هێزەکانی ئۆکتاویەن قەرزداری «هۆراس»ە. لە ئابی ساڵی (٣١ی پ.ز)دا پاپۆڕی جەنگ ئۆکتاویەن لەگەڵ پاپۆڕی جەنگ ئانتۆنیۆس و کێلیۆپاترا هەمبەر بوون. سەرکەوتنی ئۆکتاویەن و بەدوای ئەودا دواپین کاری ڕۆمی ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاوای وڵاتدا دژ بە خوێنمژ نەخشەیەکی ئاوای گەڵاڵە کرد. بەبیری لەناوبردنی ئیپمراتۆرییەوە وەک مەستەکان، لە خۆشیان گێژبوو، بەڵام پاپۆڕەکەی لە ئاگردا سووتا، دانە دانە، تا دواپین پاپۆڕ». پاش سەرکەوتنی ئۆکتاویەن لە نزیکی «ئاکتۆم» (٢١) خۆڕاگری سپای یەکگرتووی ئانتۆنیۆس و کێلیۆپاترا تێک شکا. ئانتۆنیۆس و کێلیۆپاترا گەڕانەوە ڕۆم و تێکۆشان بۆ جارێکی تر دواپین هێزەکانیان کۆکەنەوە، بەڵام لەشکری سەرکەوتووی ئۆکتاویەن هیچ دەرفەتێکی پێ نەدان. ئانتۆنیۆس بەزەبری خەنجەر خۆی لە کارەساتی یەخسیربوون ڕزگار کرد. کێلیۆپاتراش هێندێک پاش مەرگی ئانتوان بەرەو ئەو بارگەی پێچاوە. خۆکوشتنی کێلیۆپاتراش هەروەک هەوەڵ چاوپێکەوتنی ئەو و سێزار بوو بە بەشێک لە ئەفسانە مێژووییەکان. ئەو خۆی خستە نێوان دوو «ئەفعی»یەوە.

گیانداری پیرۆزی مەعبەدەکان پێوەی دا. ئەو مەرگە ئازایانەیە تەنانەت لەلایەن «ئۆکتاویەن»یشەوە ئافەرینی لێ کرا. تا ڕادەیەک کە ئەویان بەشکۆی شاهانەوە لەلای ئانتۆنیۆس ناشت و جارێکی تر هۆراس(٢٢) شاعیری ڕۆمی، ئەفسانەی مەرگی کێلیۆپاترای بۆ ئەبەد زیندوو ڕاگرت. هۆراس ئەو سەردولکە جوانەی پێشکەش بەو کردووە:

**«ئەو مەرگێکی ڕوو سوورانەی هەڵبژارد**
**وەک ژنان لە شمشێر نەترساو**
**نەیهەویست پاپۆڕە تیژتێپەڕەکانی میسر جێ بێڵێ**
**هێدی بەدوو دەست ئەفعیە تووڕەکانی هەڵگرت و بە سینگیەوەنا**
**تاژاری مەرگاوی خۆیان بڕێژنە ناو دەمارییەوە**
**بەو مەرگە ئازایانەیەوە پێش ئازایەتی کەوت**
**غـووروری بێ کـۆتایی ئەو، بـۆ ئەو دیاری سـەرکـەوتن بوو»**

1- kleopatra.
2- Helena.
3- Aphrodite.

**٤- مێژوونووسێکی یۆنانی جیهانی کەونارایە.**

**٥- Mark Antonias سەرداری لەشکری ڕۆمی کە لە ساڵی (٣٧ - ٣٦ پ.ز) لە زەمانی فەرهادی چوارەمی پادشای ئەشکانی هەڵمەتی کردە سەر ئێران. ئانتوان پاش ئەوەی کە ناوچەی ئەرمەنستانی داگیرکرد، بەهۆی هاتنی زستان لە هەمبەر لەشکری فەرهادی چوارەمدا پاشەکشەی کرد. «ڕۆمەن گیرشمەن» کۆنینەناس و ئێران ناسی فەرانسەوی کە لە ١٨٩٥ز لە فەرانسە لە دایک بووە خوێندنی باڵای لە زانستگای سۆربۆن تەواو کردووە. لە کتێبی «ایران از آغاز تا اسلام»دا کە لە ساڵی ١٩٥١ز دا نووسیویەتی لە مەڕ سەرکەوتنی فەرهادی چوارەم لە شەڕی نێوان خۆی و ئانتوواندا ئاوا دەڵێ: «فەرهاد سەرکەوتنی خۆی جێژن گرت و ناوی خۆی لەسەر ئەو سکەگەلەی لێ دا کە وێنەی ئانتوان و کێلیۆپاترای پێوەبوو».**

**پێویستە بوترێ کە ئانتوان جارێکی تر هەر لە زەمانی ئەو پادشایەدا هەڵمەتی بۆ ئێران کردو ئەرمەنستانی داگیرکرد، بەڵام ئەمجارە پارتەکان «بەشێکن لە نەژادی ئاریایی» و ئەرمەنییەکان بەربەرەکانییان کرد و لەشکری ئانتوان تێک شکا. پاش ئەم تێک شکانە ئیتر سپای ئانتوان لە لایەن ئۆکتاویوسەوە بە یەکجاری تێک شکا. (وەرگێڕی کوردی)**

**٦- Ptolemaus مەبەست بەتلەمیووسی دوازدەیەم باوکی کێلیۆپاترایە، دوازدەیەمین پادشا لە نژادی بەتلەمیووسیانی میسر بوو کە دەستەیەکن لە میراتدارانی ئەسکەندەری گەورە، کە وڵاتی میسریان پێ بڕا (وەرگێڕی کوردی).**

7- Gricehen.
8- Rom.
9- Nil.
10- Ptolemaus xIII.
11- kasio.
12- Julius caesar.
13- Pompejus.
14- Oktavin.
15- Lepidus.
16- Oktavia.
17- Illyrien
18- Livius.
19- Ephesos.
20- Aten.
21- Actium.
22- Horaz.

**سەرچاوە: زنان بزرگ تاریخ، جورج پوپ، ترجمە عفت شیرازی.**

# لاوک
# وێنەیەک لە هونەری گۆرانی میللی

ئەحمەد حەیران

ئەدەبی فــــۆلکلۆری، تورو وێژەی هزر و خــــەیاڵ و ئەندێشـەی کۆمەڵگای کوردەوارییە، بیـروهەست و هێز و توانـای مـرۆڤ لە قـۆناغـەکـانی سـەرەتا و بەرایی ژیان دەردەخات. لەنێـو ئەدەبی فۆلکلۆری چەندین جۆر و تەرز لەبابەتی مـیللی هاتۆتە دروسـتـبـوون و چێ بوون، بۆیە لایەنەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری زۆر بوار دەگرێتەوە هەر لە گۆرانی و ستران و ئەفسانە و داستان و چیرۆک و مەتەڵ و پەند و قـسـەی نەسـتـەقـەوە بگرە تا دەگـاتە پیـشـە و هونەری میللی، لاوک لە بواری گۆرانی میللیدا لایەنێکە لە سـتــرانی فـۆلکلۆری، ئەو ڕۆژگــارەی لاوکی تێـدا ئافـەریدە بووە و دەق و ناوەرۆکی لاوکی تێدا خـولقـاوە بارودۆخێک بووە دەستی داوە بۆ هاتنە کایەی ئەم شێوە بابەتە، سـەردەم و ڕۆژگـاری لاوک قـۆناغـی ئازایەتی و نواندنی پاڵەوانیەتی و دروستبوونی داستان و بەسەرهات بووە، ژینگە و دەوروبەر بە نواندن و دیارکـەوتنی کـاری مێرخاسی و گەڕناسی خرۆشاوە، بۆیە لاوکی ئازایەتی و شەڕوانی و ئەڤینی و دڵداری و سەربردەخوانی لە دایک بووە، کـەسی قـارەمـان لە هەست و هۆشی مـیللیـدا لە نەست و ناخی کـۆمـەڵ تاکـێکی پەسند و دیار و پێش چاوبووە، ئەوانەی ئازایەتی و پاڵەوانی نێـو گـۆڕەپانی جەنگ و بەسەرهات و ڕووداوەکان بوونە، یاخود ئەوانەی لە ئەڤینی و حەزداری و دڵخوازیدا باڵانوێنیـان پیـشـان داوە، ڕەوشـتـگەری و نیـازپاکـیـیـان نواندووە، ئەمـانە بوونەتە هێـمـا و چەڤـەنگی نێـو ڕووداوەکـان، بوونەتە پاڵەوانی سەربردەکان و تێکەڵ بە کولتوور و وێژە و بیری ئەندێشــە ئامـێـزی خـەڵـک بوون و لە دووتوێی لاوک و جـۆرەکـانی تری هونەری فـۆلکلۆری ڕەنگیـان داوەتەوە، لاوکی (گـەنج خـەلیل) کـە زۆر بەفـراوانی لە کـولتـووری

مــیللی کــوردی ڕەنگی داوەتەوە، بووەتە لاوکــێکی ســەرتاســەری، لە زۆربەی دەڤــەر و کــونج و شــارێکی کوردســتان، بووەتە نموونەی دڵداری ڕاستەقینە، باس و سەربردەی لاوکەکە لەلایان سترانگۆیان هونەرکاری تێدا کراوە، حەفسەت و گەنج نموونەی مرۆڤی لەخۆبوردەو خۆنەویست بوون، گیانیان لە ڕێی ئەم ئامانج و ئاواتە سپاردووە کە لەناخەوە ئاوێتەی ئەڤینی پاک و بێگەرد بوون، هاوشان لەناو خۆشەویستییەکەدا، دڵداری خاک و نیشتمان و وڵاتپارێزیشیان ئاوێتە و تێکەڵاو کردووە. ئەم دوو مرۆڤە نموونەی کەسایەتی پەیامدار و خۆبەختکەر بوونە لەپێناو خۆشەویستی خاک و تاخی وڵات، لاوکەکە لەلایەن زۆر گۆرانیبێژ و دەنگبێژەوە لەم سەر بۆ ئەو سەری کوردستان گوتراوەتەوە، خەڵک وەک نموونەی پاڵەوانیەتی ئاماژەیان بۆ کردووە، لە گەلێ دەڤەری کــوردســتــان گــوتراوەو هەمــوو لەیەک ســەربردەوە هەڵدەقوولێ، (عوسمان هەمەوەندی) کاسێتی تەواوی لەسەر گوتییە، مەزنە سترانبێژ (کاوێس ئاغا)ش بەدەنگە پڕ لە خرۆشەکەی لاوکی گەنج خەلیلی گوتووە و تۆماری کردووە، هەروەها (جەمیل ئاغای دارەتوو) لەسەر قەوان و بەکرەی کۆن گوتوویەتی، بەڕێز (حەکیم بێتواتە) کۆڕی لەسەر گێڕاوەو نووسینی لەسەر ئەم لاوکە هەیە، کەواتە دەقی لاوکەکە زۆرە و بەڵام هەمووویان دەچنەوە سەر یەک ڕێچکە.

## سەربردە و ناوەڕۆکی لاوکەکە

حەفسەت و گەنج ئامۆزای یەکتری بوونە، گەنج خەلیل کوڕی ئەحمەدی چۆپان ئۆغلی بووە، حەفسەتیش کچی مــحــەمــەد ئاغــای چۆپان ئۆغلی بووە، لە شــاری (بێلەچووک)، هەندێکیش دەڵێن هەردووکیان لەتیرە و هۆزی گەرگەری بوون، کە مەلا یەحیای مزووری لە کتێبی مێرخاسی کوردان وای گوتووە، کتێبەکەش لای (سەلام بێتواتەیی) هەیە، دەڵێن: هۆزی گەرگەریش لە بنەچە دەچنەوە سەر ڕەچەڵەکی ڕۆستەمی مازەندەران، دەربڕینی تریش هەیە کە خەڵکی ویلایەتی (العزیز) بوونە کە شارێکە نزیک سەروچاوەی ڕووباری دیجلە.

ئەم دەق و دەربڕینانە هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا حەفسەت و گەنج خەلیل هەردووک ئامۆزا و دڵدار و دڵبەندی یەکتر بوونە، بەڵام حەفسەت نادرێتە ئامۆزاکەی، ئەڤینداربییەکەیان بە ئاوات ناگات و حەفسەت لەلایەن خێزانەکەیانەوە دەدرێتە حوسێن ئاغای بێلەچووکی، کە گەورە بازرگان و توجار باشییەکی دەوڵەمەندی ناوچەکە دەبێ، بۆیە کە گەنج لەگەڵ ئەم پیاوە دەکەوێتە ناکۆکی و تووشی شەڕ دەبن، دەرەنجام گەنج خەلیل سێ شیروتیری لە کابرای دەدات و برینداری دەکات لە ئەنجامدا تووشی نەخۆشی تیراوە دەبێ و دەکەوێتە سەر جێگاو پەکی دەکەوێ، گەنج هەڵدەستی ئەم دەڤەرە بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شام، واتە ســووریا، لەوێ لەلایەن قــومــاندارو ســەرلەشکری عوسمانییەکان لەناوچەکەدا کە ناوی (مەحموود کۆلە) دەبێ دەگیرسێتەوە و دەبێتە ئەفسەر (زابت) لەلای، لە جێگەیەک بەناوی (خانی حەسەن) کە خانەکی سپی دەبێ ئاکنجی دەکرێ و دەمێنێتەوە، لە گەڕەکی (ساڵح بەگ) لە شام لەوێ گەنج خەلیل هەر لە فکر و ئەندێشەی خۆشەویستەکەی دەبێت، بۆیە تووشی نەخۆشی دەبێ و لەڕو لاواز دەبێ هەر هێسک و پیستی لێ دەمێنێتەوە، گەنج خەلیل بۆ ماوەی حەوت ساڵ بزر دەبێ و سەرو سۆراغی نابێ، حەفسەتیش لە داخان تووشی نیگەرانی و بێزاری دەبێ، پەژارە و ناخۆشی تەنگی پێ هەڵدەچنێ، کە نەشەوی شەو دەبێ نە ڕۆژی ڕۆژ دەبێ، بۆیە دەکەوێتە خەیاڵی ئەوەی کەوا بە هەر شێوەیەک بێت سۆراغی گەنج خەلیل بزانێ و بچێتە لای. لەناو ئەم هزر و خەیاڵەدا دەبێت، شەوێک خەونەکی دەبینی، خەونەکە بە داکی دەڵێ:

ئەویش پێی دەڵێ: کچم خەونەکەم بۆ بگێڕەوە، چونکە تەعبیری خەونەکەت هەر لەلای دایکت لێک دەدرێتەوە، بۆیە دەڵێ:

**ڕەبی کچکا خەونێ تە خێر بی**
**سیفەتی قولو هوەڵلابی**
**یووسفی میسرێ سەدەقی لێدابی**
**لەبۆ دۆستان بە چاک گەڕابی**
**لەبۆ دوژمنان خرا گەڕابی**

حەفسەتیش دەیگۆ دایە خەونەکەی من ئەوەیە، لە خەوێمدابوو:

**کانییەک لە حەوشێ ماڵێ بابێ من دەربییە**
**ئەسپیندارەک لەسەرێ وێ کانیێ شین بییە**
**دوو ماری ڕەش خۆ لەوێ ئەسپینداری وەراندییە دوو سێوی ڕۆستەم بەگی بەنیوەکە وێ ئەسپینداری گرتییە،**

**دوو ئەستێرەی گەش لەسەر وێ ئەسپیندارێدا هەڵاتییە**
**بەرازەکی بۆزی دێزە لەبنی ئەوێ دارێ گەوزییە**
یان دەڵێ:
**کەرەکی گرو بەسێ پێیا لەبن وێ دارێ کەلییە.**
**کـەوەکی سـۆری نێـر لە شـاری حـمس و حـەمـایێ ڕاهاتییە،**
**تۆپەکا کتانێ کاری ئەرزە ڕۆمێ لە دەمکێخۆ گرتیە**
**ل سەرێ ئەسپینداری بە غەریبی قەپ قەپوو خواستییە**
**تەیرەکـا شـاپەڕ سـپی ل سـەر شـاخی بێلەچووکێ هەڵنیشتیە**

دایکیشی دەڵێ:
**کیـژم خەونـەکەت مـانایەکەی وایە و بەم شێـوەیە بۆی لێک دەداتەوە.**
**خەونەکەت خەونی خێرانە، تەعبیری یووسفی کەنعانە**
**ئەوکـانی لە حـەوشێ دەربیـیـە ئەوە فـرمـێـسکی چاوێتەیە.**
**ئەوێ دارێ ئەسپینداری بڵند لە حەوشێ مـاڵی بابێتـە شین بووە**
**ئەوە بەژن و باڵای تەیە.**
**ئەوێ جوتێ ماری ڕەش خۆ لەدارێ ئالاندییە**
**ئەوە کەزیێتەیە.**
**ئەوێ دوو سـێـوی ڕۆسـتـەم بەگی، ئەوە زەرد مـەمـکێ تەیە،**
**ئەوڵ جووتێ ئەستێرەی سەحەری، دوو ئەستێرەی گەش**
**ئەوە هەردوو چاوێ گەشی تەیە.**
**ئەوی بەرازی بۆزی دێزە لەبن داری**
**ئەوە مێردی کۆنی تەیە.**
**ئەوێ کەوێ سۆری نێرە گەنج خەلیلە کوڕ مامی تەیە**
**ئەوێ تەیرێ شاپەڕ سپی لەسەر شاخێ بێلەجووکی**
**هەلینشـتیـە حەزرەتی عیـزرایلە دەکێـشی ڕوحێ گەنج خەلیل**
**ئاغەی کوڕێ مامێ تەیە.**
**ئەوێ تەیرێ شاپەڕ سپی ب تەنێ هەلنیشتیە**
**جلکێ بووکێنیێ تەیە.**

حەفـسـەت دەیگۆتە داکی ڕاو و تەگـبیـری توو چییـە، ئەوە حـەوت سـاڵە گـەنج خـەلیل بزرە و سـەری خـۆی هەڵگرتیـیـە، کـو بزانم مـایە، داکی دەڵێ: کـیـژی من ڕووناکی هەردوو چاوم، بڕۆ دەست بدە تەشـیـیـەکی گورگوری لە بێلە چووکی هەڕوە دەرێ بڕۆ لەسـەر ڕێگای کاروان چییان ئەوانەی لە ئەستەمبووڵ و شام دێن، لەوێ سـۆراغی گـەنج خـەلیل کـە حـەفـسـەتیش دەچێ لەسـەر ڕێگای بەغەریبی و مـەلوولی تەشی دەڕێسی و چاوەڕێی کاروانچییان دەکات، کاروانەک دێت سەرقافڵەچییەکە ناوی (عەلی) دەبێ، حەفسـەت پرسیاری گەنج خەلیلی لێ دەگات. ئەویش دەڵێ ناوبانگم نەبیستییە، بەڵام کە گەنج خەلیل هەڵات بۆ شام ناونیشانی چ بوو چ نەبوو.

حەفسـەتیش ناونیشـانەکەی پێدەڵێ، دەڵێ: کە گەنج خەلیل هاتە شامێ.
**سوار ببوو لە جوانە ئەسپەکی تالییە**
**لێی کردبوو زینەکی قەزریە**
**جۆتەکا ڕکێبی حەوێزیە..تاد**

قافڵەچییەکە دەڵێ: ئەوە من سێ ڕۆژە لە شاری شامێ هاتیـمە کە هاتم نەخـۆشـەکی گـەلە گـرانم دیت لەوێ. لێـوەکـانی وشک بوونە، چاوەکـانی باری مـردنێی لەسـەر نیشتینە!
**منێ ئەوێ گەنجم گەلە بە غەریبی دیتییە**
**بەڵام چیکەمێ دەردێ مردنێتی لێنشتییە**
**بەلان ناوی حەفسەتێی هەر لەسەر زارییە**
**ئەمن بەخێری خۆم کوزەکم شفتی لەبۆی کڕییە**

ئینجا حەفسەت دەڵێ: ئەدی ناونیشـانەکەی لە کێیە، لەکێ گیرساوەتەوە، کاروانچیش ناونیشـانەکەی پێدەڵێ و دەڵێ: لەخانی حەسەنی کە خانەکی سپییە لە گەڕەکی ساڵح بەگی لە شام، ئەگەر بچی سەردانەکی بکەی خێرت دەگـاتی، چونکە لەسـەر مـردنە و هەر ناوی تۆ دێنێ، لەگـەڵ ئەم قـسـانە و کە ئەم هەواڵە دەزانێ حـەفـسـەت چەنگە زێڕەکی لە بەرکی دەردێنێ دەداتە کـاروانچی.. دەگـەڕێتـەوە مـاڵەوە قـسـەکـان بۆ داکی دەگـێـڕێتـەوە، ناونیشان و شوێنەکەی پێدەڵێ حەفسەت دەڵێ:
**ئەمن بە تاقـە سواریش بێت هەردەچم جلکی عـەگیـدان لەبەر دەکەم**
**سەرەکی لە گەنج خەلیل کوڕ مامێ خۆم دەدەم**
**دەچمـە شـارێ شـامێ حـەکیـم و دختـۆران دەبەمـە سـەر گەنج خەلیل**
**ئەگەر بەماری دنیا چابی لۆمن گەلە گەلە هەرزانە**

**دەچم گاوەکی هەندەکی لەسەر سەرنجی گەنج دادەنیشم**
**بسکێ خۆم تەڕ دەکەم**
**بە ئاوی سەمەنگولێ بە جووتی شاکەزیان باوەشێنەی**
**لە قەفێ سمێرێ سوسنی گەنج خەلیل دەکەم**
**ئەمن قەت تەرکی بەژن و باڵای گەنج خەلیلی ناکەم**

دایکیشی دەڵێ: هەرچی لەماڵی دنیایێ شک دەبەم لە زێڕو زیو هەمووت لۆ دەخەمە ناو هەگبەکی لە پشتی خۆت قایمی بکە، ئەوشۆکە پاشی نوێژی عیشایێ باب و برا هەموو لە دیوەخانی لای حوسێن ئاغای دادەنیشین، ئاگایان لەتۆ نابی، لە تەویلەخانەی مایینی سەگڵاوی دەرینە و بڕۆ، هەڕوە کن (یووسف قاوەچی) لە شاری ئەرزە ڕۆمێ کە سێ سەعات بەسواری لێرە دوورە، ئەو پیاوە حەوت ساڵان قاوەچی بابت بووە لەدیوەخانێ مە، ئەو ڕاوتەگیرت بۆ دادەنێ. مرۆڤێکی چاوناس و شارەزایە، حەفسەت وا دەکات قسەی داکی قەبووڵ دەکات و هەردوو دەستی ماچ دەکات بەم نیوەشەوە سواری ماینێ سەگڵاوی دەبێ و ڕوودەکاتە ئەرزەڕۆمێ، پاش سێ سعات دەگاتە ئەرزەڕۆم لەوێ پرسیار دەکاو ماڵی یووسفی قاوەچی دەدۆزێتەوە، کە چاوی پێی دەکەوێ ئەو سوارە بەویقارە وا دەزانێ ڕۆستەمی مازەندەرانە، بیری بۆ ئەوە ناچێ کە ئەوە (حەفسەتە) خۆی وا لەبەرگی عەگیدان نواندووە پاش قسەکردن حەفسەت خۆی پێدەناسێنێ، قاوەچی لەگەڵ قسەکان گیانی دێتە لەرزین، گازی خێزانەکەی دەکا و ئەسپەکەی لێوەردەگرن و میوانداریيەکی شاهانەی دەکەن، حەفسەت تێی دەگەیەنێ کە بۆچ هاتییەو مەبەستی چییە؟ دەڵێ: هاتووم خۆم هاوێشتۆتە سەر بەختی تۆ، ئەویش پێی دەڵێ:

**من باوکی تۆم.**
**لەمن قەبوول بکە باب و کیژایەتیە**
**بیست و چار ئەسپان دەکڕم لە ڕەنگەکییە**
**بیست و چار شیران دروست دەکەم لە ڕەنگەکییە**
**بیست و چار زینان دروست دەکەم لە تەرزەکییە**
**بیست و چار لغاوان دروست دەکەم لە نەوعەکییە**
**مار بەمار دەگەڕێم بیست و چار کیژان بەکرێ**
**دەگرم بەزەبری زێرییە**

حەفسەت هەرچی زێڕ و زیو هەیە دەیداتێ دەچێ لەبازار لەماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو هەمووی دەکڕێ و ئامادە دەکات، بەم پێیە ئامادە و سازو کۆک دەبن، هەر (٢٤) کچ دێن لەگەڵ حەفسەت دەبنە (٢٥)، هەموو خۆیان دەخەملێنن بە جوانترین ڕوخسار خۆ دەڕازێننەوە.. سنگیان بە سوخمەی زەردی تەورێزی دەپۆشن (٢٤) دوگمەی لێ قایم دەکەن، شیری شا میسری و ڕمی (١٨) گرێی نسێری لەخۆ دەبەستن و پێدەخەنە ناو ڕکێبێ و بەرەو شام بەڕێ دەکەون، دوو ڕۆژان دەڕۆن ڕۆژی سێیەم لەگەڵ نوێژی مەغریبێ دەگەنە شام، خەڵک کە چاوی بەم سوارانە دەکەوێ لەبەر سام و هەیبەتیان هەموو دێنە سەیران و تەماشاکردنێ، شام ئەوکات شوورابەند دەبێ، دوو دەرگای ئاسن و پۆڵابەندی لێدەبێت لێیەوە بچنە ژوورەوە، لەبەردەرگا یووسفی قاوەچی بە پاسەوانەکان دەڵێ: بڕۆن بڵێنە گەورەکەتان (مەحموود کۆلە)، کەوا (٢٥) سوار لە شاری بێلەچووکێ و ئەرزەڕۆمی هاتینە (١٢) یان برای گەنج خەلیلینە و (١٣)شیان ئامۆزاینە، مەحموود کۆلەی قوماندار کە ئەو خەبەرەی دەزانێ دەڵێ: بڕۆن نەوەک شەرمەزاریم بێتە سەر هۆدە و ژووری گەنج خەلیل خاوێن کەنەوە و بەگوڵاوێ بڕشێنن دۆشەکی لە تووکی پەڕی نەعامێ ڕایەخن (شەربە) ئاوەکیش لە پشت سەری گەنج خەلیل دانێن، وەکی گەنج خەلیل ئەو خزمەتەی دەبینی دەڵێ: ئەوە چ بووە، کێ مردییە؟ چەند ساڵە کەس خزمەتی منی نەکردییە، پاش ئەمە سوارەکان ئیزن وەردەگرن و لەدەرگای شورابەندەکە دەچنە ژوورەوە بەتەرتیب و بە نیزام حەفسەت و یووسفی قاوەچی لەپێشەوەی سوارەکان دەڕۆن، کە دادەبەزن یووسفی قاوەچی دەڵێ: ئەمن لە ڕێگەی تەرجومانەوە قسەی لەگەڵ مەحموود کۆلەی دەکەم نەوەک دەنگو بناسێ بزانێ ئێوە کیژن و تەماعکاری و لێ بکات، ئەو وەختە ئەمن شەرمەزار دەبم، ئینجا پێی دەڵێن: ئەو سوارانە زۆر حەز دەکەن گەنج خەلیلی ببینین و بچن سەردانەکی بکەن، ئەویش دوو خولامیان لەگەڵ دەنێرێ و دەچنە لای گەنج خەلیل، داخلی گەڕەکی ساڵح بەگی دەبن و لە خانی سپی کە گەنج خەلیلی تێدایە دەچنە ژوورەوە حەفسەت کە سەر بە ژوورێ دادەگرێ، بەهەردوو دەستان لە تەوقی سەری خۆی دەدات فرمێسک بەگوڕ لەچاوی دێتە خوارێ، دەرێتە یووسفی قاوەچی وەرە بەرێ خۆ بدێ ئەوە گەنج خەلیلە سەرێ چەند ساڵە بەتاقی تەنێ لەهۆدەی کەتییە، گەنج خەلیل کە لەو چرپە

چرپەی دەبێ چاوی خۆی بڵند دەکات دەبینی عەگیدەک وەکی فریشتەیە بەژنی دەڵێی داری سووسنە بەرامبەری ڕاوەستاوە، حەفسەت کە دەبینی گەنج خەلیل چاوی بڵند کرد یەکسەر کڵاوی مەرەزی تەلەعفەری لەسەری خۆی فڕێ دەدات و هەربیست و چار دووگمەی لۆ دەترازێنێ و هەر بیست و چار کەزی ڕەشماڵی بەدەردێخی، لەگەڵ ئەم دیمەنە ئاگری لە جەرگی گەنج خەلیلی بەرددا، ئینجا سەری گەنج خەلیلی لەسەر بالیفێ بڵند دەکاو داوێتە سەر ڕانی خۆی و بەکوڵ دەگری و فرمێسکان بەردەداتەوە.

ڕوومەتی خۆی داوێتە سەر ڕوومەتی گەنج خەلیلی، بەڵام گەنج خەلیل هەر هێسک و پیستە مسقاڵە گۆشتی پێوە نەمایە، گەنج خەلیل کە چاوی بە حەفسەتێ دەکەوێ و سەری وا لەسەر ڕانی حەفسەتێیە و فرمێسکانی بەسەر دادەبارێنێ، لەناو ئەو دیمەنە خەمناک و تراژیدیا ئامێزەدا، گەنج خەلیل ڕۆح دەدات حەفسەتیش کە دەبینێ گەنج خەلیل لە ئاوزینگانە و هەناسەی نایەت، بەنینۆکان هەردوو ڕوومەتی خۆی بریندار دەکات و چاوی ڕەشی بەلەکی پڕ دەبن لەخوێن، گەنج خەلیل لە دوا هەناسە وەسیەت دەکات کەوا لە گۆڕستانی شام لە غەریبی نەینێژن، بەڵکو بیبەنەوە قەبرستانی بێلەچووکێ ڕۆژێ جارەک حەفسەت بێتە سەرینی، ئینجا یووسفی قاوەچی دەرێتە حەفسەتێ: هەستە کچم مردن هەقە و ناهەق نییە، ئەگەر لەدنیایێ لۆی نەبووی ئەوا دەبیەوە ئاشقێ قیامەتێ، با لێرە گەنج خەلیلاغەی بەئاوی کافورێ و بەعەتری بخوورێ و بەسابوونی حەلەبێ بشۆین، کفنەکی سپی لەبەربکەین و بیخەینە ناو تابووتەکی سەندەلی، حەفسەت دەڵێ: مامە یووسف بڕۆن لەبازێڕێ شامێ تابووتەکی بۆ گەنج خەلیل دروست بکەن تا گەنج خەلیلی لەناو حەشاربدەین، دەچن تابووتی دروست دەکەن تەرمی گەنج خەلیلی دەخەنە سەر پشتی دەوار و کەحێل و سەگلاوییان ڕوو لە شاری ئەرزەڕۆمێ دەکەن، هەر بیست و پێنج سوار سەری ڕم و شیرەکانیان سەرەو نخوون ڕوو لە زەوی دەکەن، بەمات و مەلوولی و خەمناک دەگەڕێنەوە و هەریەکەشیان دەستەسرەکی ئاوریشمی بەچاوی خۆیانەوە دەگرن، کە دەگەنە شاری ئەرزەڕۆمی یووسفی قاوەچی هەر (٢٤) سوارەکەی ڕەوانی ماڵی خۆیان دەکاتەوە خەبەری دەداتە بێلەچووکێ کەوا قەبری لێدەن، لەگەڵ حەفسەتی مەیتی گەنج خەلیلی دەبەنەوە شاری خۆی، لە بێلەچووکی، کە دەگەنە وێ دەبینن خەڵک هەمووی لەسەر قەبرانە دانیشتوان هەمووی خەمناکە و دۆشدامانە و زۆریان دەگریێن، حەفسەت دەڵێ: خودا سەبەبکاری ئێمە بگری کە نەیان هێشت بۆ یەکتری بین، لەناو کەشوهەوایەکی تازییەباری و خەمناکدا گەنج خەلیل شۆڕی ناو قەبری دەکەنەوە، باوکی گەنج خەلیل لە حەژمەتان ئەقڵی تێک دەچێ و دایکیشی هەردوو چاوی دەڕژێ، کە خەڵک لەسەر قەبران دەگەڕێنەوە حەفسەت جلوبەرگی عەگیدان لەبەر دەکاتەوە و کراسەکی ڕەش لەبەرخۆی دەکات، دەڵێ: شەرت و قەراربێ پاشی گەنج خەلیلاغەی هیچ خێر و خۆشی نەبینم، بۆیە دەستی لە کێلی گەنج خەلیلی دەئارێنێ و ڕوو لە ئاسمانێ دەکاو هاواری پەروەردگاری مەزن و پێغەمبەری ئاخیری زەمانی دەکات، دەڵێ! لەیلاو مەجنوون بەمراز نەگەیشتن، ئەمن و گەنج خەلیلیش بۆ یەک نەبووین، ڕەبی لەپاشی گەنج خەلیلی حەفت ڕۆژی تر نەمێنم..

جارەک باوکی پیلی ڕادەکێشێ بیباتەوە فایدەی نابێ، جارەک برای دەستی دەگرێ تاوەکو بیباتەوە، سوودی نابێ، حەفسەت حەوت شەو و حەوت ڕۆژ خۆی لەسەر گۆڕی گەنج خەلیلی دادەینی و ئەوی خواردن و زاد بێت ناخوات، بەم پێیە حەفسەتیش لەوێ گیانی دەسپێرێ و ڕۆح دەدات و هەر لەوێ ئەویش لە تەنیشت گەنج خەلیل بەخاک دەسپێرن.

**سەرچاوەکان:**


**١- دڵداری گەنج خەلیل و حەفسەت خان، عەبدولواحید عەزیز.**

**٢- ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (١٤)، حاجی فاتیح دارەبەنی، گەنج خەلیل، ٢٠٠٥.**

**٣- لاوکی گەنج خەلیل ئاغا، نامەیەک بۆ بەرنامەی ڕۆژگار، ئەحمەد حەیران، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (١٨)، ٢٠٠٦.**

# دەزگاو ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن

**لە عەرەبییەوە: محەمەد عەبدوڵلا کەلاری (کەلار)**

بە جیهانیبوون بە هەموو جۆرە پێناسەکانییەوە یان دیاریکردنی چەمکە گشتییەکانییەوە، بریتییە لە دیاردەیەکی ئابووری و ڕاگەیاندنی، ناتوانی لە بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن تێبگەی بەبێ تێگەیشتن لە بەجیهانیبوونی ئابووری، چونکە تێکەڵبوونێک هەیە لە نێوان ئابووری بازاڕو دەسەڵاتداری ڕاگەیاندندا، بۆیە ناتوانرێ هانی زۆر خەرجکردن و بەهێزکردنی کزی ئابووری بدرێ ئەگەر ڕاگەیاندنێکی بەهێزو کاریگەری لە پشتەوە نەبێ، بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن ڕۆڵی جوانکردنی شتەکان و برەودان بە زۆر خەرجکردن دەدات.

شۆڕشی پێوەندیکردن و زانیاری ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە پرۆسەی گواستنەوەی پیشەسازیدا لە چوارچێوەی بە جیهانیبوونی ئابووریدا، مەڵبەندی کۆمپانیاکان بە ئاسانی و ڕاستەوخۆ پێوەندی دەکەن بە مەڵبەندەکانی پیشەسازی و کارگە پیشەسازییەکانەوە لە سەرتاسەری جیهاندا، ئەمەش لە سێبەری سەرمایەدارییەکی جیهانیدا کە خاوەن کارگێڕییەکی بەهێزی کۆمپانیا گەورەکانە کە لە سەرتاسەری جیهاندا ڕۆڵ دەگێڕن.

کۆمەڵگای ئەمڕۆ کۆمەڵگایەکی چواربەش هەژار و یەک بەش دەوڵەمەندە، وا چاوەڕوان دەکرێ کە لەم سەدەیەدا تەنیا ٢٪ی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی بواری ئیشکردن و بیمەکردنی کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییان هەبێ، لە کاتێکدا زۆربەی خەڵک ناتوانن بە ئاسانی ژیانی خۆیان بەڕێوەببەن و دەبێ چاوەڕوانی خێرخوازان و چاکەو یارمەتی دەوڵەمەندان بن، لەگەڵ گەشەسەندنی بە جیهانیبووندا سامانەکان زیاتر لە هەندێ شوێن کۆدەبنەوە و بارودۆخی ئابووری لە نێوان دەوڵەت و میللەتاندا زیاتر جیاوازی دەبێ، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ سامانی (٣٥٨)

ملیاردێر زیاتر بێ لە سامانی زیاتر لە دووملیارو نیو مرۆڤی سەر ڕووی ئەم زەمینە. لە هەمان کاتدا وڵاتە دەوڵەمەندەکانی باکوور دەبنە خاوەن ٥٨ ٪ی هەموو دەرامەتی جیهانی، ئەمەش وایکرد لە (هانس پیتەر و هاراڵد شوومان) بۆ ناوزەدکردنی ئەو دیاردەیە بە (تەڵە)، ئەویش لە کتێبەکەیاندا بە ناونیشانی (تەڵەی بەجیهانیبوون)، ئەم تەڵەیە جیهان دەکا بە دوو بەشەوە، بەشێکیان کە کەمینەیەکی دەوڵەمەند و خۆپەرستەو بەشەکەی دیکەیان کە زۆرینەیە، پەراوێز خراوە و بەکوڵەمەرگی دەژی و دوارۆژی دابین نەکراوە، بۆیە ئابووری جیهان لەلایەن یەک هێزەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و ئابووری وڵاتانی دیکە دەکەونە بەر هەرەشەی ئابووری ئەمریکی بەتایبەتی ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا بەشێوەیەکی گشتی.

کێشەی هەرەسهێنانی ئابووری کە بەسەر پڵنگە ئاسیاییەکاندا هات لە ساڵی ١٩٩٧دا بەهۆی بەرەنگاربوونەوەی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکانەوە هاتە ئاراوە، بە گوێرەی قسەی (هێنری کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکی، پڵنگە ئاسیاییەکان چانسێکی چاکیان لەبەردەمدا بوو بۆ گەشەسەندنی ئابووری کە پشتیان بەستبوو بە ئابووری بازاڕو بەکارهێنانی هاووڵاتی لە بەرژەوەندی دەوڵەتدا، کەچی ڕووبەڕووی بەرەنگاری ئەمریکا بوونەوە، دوای ئەوەی ئەو نامەیەیان بەدەست گەیشت کە چارەسەرکردنی داڕووخانی ئابووری ئێستایان تەنها بە گرتنەبەری ڕێبازی ئەمریکی دەبێ، ئەویش بەجیهانیکردنی نموونەکەیان و لاساییکردنەوەی دیموکراتیەکەیانە. ئەم شێوازەش (بەجیهانیبوونێکی گشتگیرانە)یە کە لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی (زبیگنۆ بریجنسکی) ئاماژەی پێکردووە: (دەبێ جەنگی ئایدۆلۆژی لە هەموو مەیدانەکاندا بکرێت، هەر لە مافی مرۆڤەوە هەتا دەگاتە ناردنی شێوازی ژیانی ئەمریکی بۆ وڵاتانی دی). ئەمەش ئەوەبوو کە کۆمپانیاکانی ڕاگەیاندنی ئەمریکی لە هەوڵی بڵاوکردنەوەیدا بوون، کاتێک کە دەستیان کرد بە هەوڵدان بۆ قەناعەت پێهێنانی میللەتانی دیکە بۆ باشتر دانانی ئایدۆلۆژیەی سیستەمی سەرمایەداری و بڵاوکردنەوەی شێوازی بەدخەرجی، سەرەڕای بە چاکتر دانانی شێوازی ژیانی ئەمریکی و ڕۆژئاواییەکان، هەروەها دروستکردنی حاڵەتێکی سەرسوڕمان و دڵ لێچوون لەلایەن کۆمەڵگەکانی ترەوە، کە ئەمەش کاریگەریەکی نەرێنیانەی دەبێ لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە، وایان لێدەکات تەسلیمی کولتووری ئەوان بن. ئەم جۆرە سیاسەتەش زۆر لە وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، کە وڵاتانی خۆمانیش لێی بەدەرنین، ئەمەش بەهۆی کۆبوونەوەی هەندێ هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەوە، کە بەرە بەرە گەشەیان سەندووە و کاریگەری خۆیان نواندووە لە دروستکردنی هەستی دواکەتوویی، کە بە تەواوی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا ئاڵۆزی پێوە دیارە دواتریش کرداری (بەجیهانیکردنی هەژاری) دەستی پێکرد، کە تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتی ئیمپریالی گەڕاندەوە لە جیهانی سێیەمدا، ئەمەش هاوشان لەگەڵ پەیدابوونی کێشەی قەرزاری کە زۆربەی وڵاتە هەژارەکانی جیهانی گرتەوە لە ناوەندەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەم سەردەمە بەسەردەمی هەژارکردنی جیهانی لە قەڵەم دەدرێ کە تیایدا سیستەمی بەرهەمهێنان هەرەسی هێنا لە جیهانی سێیەمدا، سەرەڕای نەهێشتنی دەزگا نیشتمانیەکان و لاوازبوونی بەرنامەی تەندروستی و فێرکردن.

کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و بانک و سندوقی نێودەوڵەتی کۆنترۆڵی ئابووری جیهانیان کرد، ئەم کۆمپانیانە ڕۆڵێکی مەزنیان پەیدا کرد، کە چوارچێوەی هەرێمایەتییان تێپەڕاند و گەشەسەندنێکی بەرچاو هاتە ئاراوە لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و پارەو بازاڕ بۆ دابینکردن لە سەرتاسەری جیهاندا، زیابوونی ڕۆڵی دەزگا داراییە نێو دەوڵەتیەکان بوو بە هۆی هەڵایسانێکی زۆر لە بڕی لێشاویی (السیولە) نێودەوڵەتی، سەرمایەی جیهانیش لە زیادبوون و هاتوچۆدا بوو بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەکی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە یان پێویستی پارە بۆ دابینکردنەوە، زیادبوونی لێشاویی نێودەوڵەتی بووە هۆی زیادبوونی کورتهێنان (العجز) و سوود خستنە سەر لە نێوان وڵاتە سەرمایەدارییە پیشەسازیەکاندا لەلایەک و لەنێوان وڵاتە سەرمایەداریەکان و وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان لە لایەکی دیکە، سەرەڕای ئەم ڕووداوانە گەشەسەندنێکی دیکە ڕووی دا لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، شۆڕشی تەکنەلۆژی لە ماوەی سێ ساڵی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بووە هۆی کەمکردنەوەی هەقدەست و کاتژمێرەکانی ئیشکردن، بەهۆی بەکارهێنانی ئامێر و کەرەسەوە، دەرەنجام پەیدابوونی کێشەی بێکاری. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ئەوا وڵاتە سەرمایەدارییەکان لە هەوڵی بە جیهانیکردندا بوونە لە ئاستی ناوخۆو دەرەوەدا، بە جیهانیبوونی ئابووری لە هەوڵی دروستکردنی ئایدۆلۆژیای پێکچوون و سڕینەوەی کولتووری میللەتانی دیکەیە هەروەها

دارشتنی کولتوورێکی جیهانی نوێ کە خاوەن بەها و پێوەری تایبەتی خۆی بێت بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتاری تاک و گەل و دەوڵەتان، بەیەک شێوەکردنی چالاکی ئابووری دەبێتە هۆی بەیەک شێوەکردنی دابونەریت و رەوشتی کۆمەڵگاکان، بە واتایەکی تر بە جیهانیبوونی راگەیاندن و کولتوور تەنیا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و شۆڕشی زانیارییەوە نییە، بەڵکو بەهۆی ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی ئابوورییەوە بەشێوەیەکی سەرەکی، بەجیهانیبوونی ئابووری و سەرکەوتنی سەرمایەداری لە گشتاندنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردن و دابەشکردن و ئاڵوگۆڕکردنەوە کاریگەری کولتووریی و کۆمەڵایەتی و رامیاری خۆی هەیە، بۆیە بە جیهانیبوونی ئابووری بە جیهانیبوونی راگەیاندن و کولتوور لەگەڵ خۆیدا دێنێ. بەجیهانیبوون دەزگاو ئامرازی خۆی هەیە کە لە پرۆسەی پەیرەوکردندا پشتی پێ دەبەستێ، ئەو دەزگاو ئامرازانە بریتین لە مانەی خوارەوە:

١- کۆمپانیا فرە رەگەزەکان: چالاکی ئەم کۆمپانیانە و شێوەی ئیشکردنیان بە رواڵەتێک لە رواڵەتەکانی بەجیهانیبوون دادەنرێ، ئەم کۆمپانیانە وەک دەزگایەک بەگرنگترین هێزی بەجیهانیکردن و ئامرازە کاریگەرییەکانی لە قەڵەم دەدرێ، کە خاوەن قەبارەیەکی زل و هەمەجۆری چالاکی و بەربڵاوی جوگرافییە لە سەرتاسەری جیهاندا، سەرەڕای توانای دابینکردنی پێویستییە جیهانییەکان و پێدانی قەرزو کۆکردنەوەی پسپۆری و شارەزاییە ئاستبەرزەکانی مرۆڤایەتی، ئەم کۆمپانیانە لە هەوڵی بەجیهانیکردنی ئابووریدان، کە دەیانەوێ بازاڕی جیهان هەمووی بکەن بە یەک بازاڕ کە لەژێر رکێف و چالاکی ئەواندا بێ، ئێستا لە جیهاندا نزیکەی (٤٠) هەزار کۆمپانیای فرە رەگەز هەیە کە دەرامەتیان زیاترە لە نیوەی بەرهەمی گشتی جیهانی، بەڵام کۆمپانیا گەورە باڵادەستەکان تەنها (٥٠٠) کۆمپانیا دەبن کە (٤٧٢) کۆمپانیایان دەکەونە بەشی باکووری گۆی زەوی، لە بەرامبەر (٢٨) کۆمپانیا لە بەشی باشووریدا، کە دەرامەتیان لە ساڵی ١٩٩٦دا گەیشتە (١١٤٣٥) تریلیۆن دۆلار، واتە دەرامەتی ئەم (٥٠٠) کۆمپانیایە یەکسانە بە ٤١٪ی بەرهەمی ناوخۆی جیهانی و ٦٤٪ی بەرهەمی گشتی ئەمریکی. ئەم هێزی بەجیهانیکردنە رۆڵی دەوڵەتی لاواز کردووە لە چالاکی ئابووریدا، کۆمپانیا فرە رەگەزەکان بەرە بەرە خەریکی جێگرتنەوەی دەوڵەتن، وایان لێهاتووە کە پێویستییان بە هەندێ خزمەتگوزاری دەوڵەت نییە، خاوەنی سیستەمی ئاسایشی تایبەتی خۆیانن هەروەها خاوەن کۆمپانیای پۆستەی خۆیانن، سەرەڕای ئەوەی پارەی تایبەتی خۆیان لە چاپ دەدەن لەسەر شێوەی کارتی دڵنیایی (بطاقة الائتمان) کە لەژێر چاودێری حکومەتدا نییە، زیاد لەمەش دەستیان گرتووە بەسەر دەزگاو خزمەتگوزاریە گشتییەکاندا، تا ئەو رادەی کە گۆڕستانیشیان بەجیهانی کردووە، وەک ئەوەی روویداوە لە (کۆمپانیای خزمەتگوزاری ئەمریکی SCi)، کە بازاڕەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو ئەمریکای لاتینی زۆر بەخێرایی گرتۆتەوە و کۆنترۆڵی زۆربەی کۆمپانیاکانی مردووناشتنی کردووە لە ٢٠ وڵاتی جیهاندا.

بە جیهانیبوون بارودۆخێکی وەها دێنێتە ئاراوە کە رامیاری تیایدا بێ دەسەڵات دەبێ و دەوڵەتی دیموکراتیش شەرعیەتی خۆی لە دەست دەدا بەهۆی کەوتنە ژێر رکێفی ئابوورییەوە، بۆ نموونە، گوێڕایەڵبوون بۆ بۆرسەکان دەبێتە هۆی زەوتکردنی دیموکراتییەت و لە ئەنجامدا بە جیهانیبوون دەبێتە داو بۆ دیموکراتییەت، چونکە تێڕوانینی خەڵک بۆ شتەکان بەگوێرەی پرۆژەی بە جیهانیبوون دەبێ و دەسەڵاتی ئابووری سەرتاپای سیاسەت بەڕێوە دەبات لەگەڵ لەبەرچاونەگرتنی ئەو رەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسیانەی کە بەدوای خۆیدا دەیهێنێ، لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوودا (١٧) کۆمپانیای راگەیاندنی گەورە نیوەی دەرامەتەکانی هەموو هۆیەکانی راگەیاندنی دەست دەکەوت، لە کاسێت و کێبڵ و ڤیدیۆ کاسێتیشی لەگەڵدابێ، ئەمەش وایکرد کە ژمارەی کۆمپانیاکان لە (٤٦) کۆمپانیاوە لە ساڵی ١٩٨١ ببێتە (٢٣) کۆمپانیا لە ساڵی ١٩٩١، ئامانجی ئەم کۆمپانیایە کۆنترۆڵکردنی هەموو هەنگاوێک لە هەنگاوەکانی دروستکردنی وێنەیە هەر لە سەرچاوەوە تا دەگاتە دەستی کڕیار، ئەم یەکگرتنە شاوڵییەی هۆیەکانی راگەیاندن تا رادەیەک دیاردەیەکی نوێیە، زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانییەوە تا ساڵانی حەفتا سەربەخۆ بوون، لەوکاتەوە بەرەبەرە کەرتەکان دەستیان کرد بە یەکگرتن و ئیمپراتۆریەتی رۆژنامەکان و کتێبە کۆکراوەکان و ستۆدیۆی سینەما یەکگرتووەکانی هێنایە ئاراوە، بەڵام لەسەرەتای هەشتاکاندا گەورەترین پرۆسەی یەکگرتن دەستی پێکرد ئەویش بە یەکگرتن و فرۆشتنی سەدان هۆی راگەیاندن، لەگەڵ نزیکبوونەوەی نەوەدەکاندا کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا توانیان دەیان کۆمپانیای تر قووت بدەن و نابووت بکەن، بەم شێوەیە رێگەیان بۆ خۆیان خۆش کرد ببنە کۆمپانیای هەزار ساڵەی ئایندە،

رۆڵی باڵادەستی خۆیان ببینن لە بواری فرۆشتن و رابواردندا.

لە جیهاندا (٢٤) کۆمپانیا هەن کە کۆنترۆڵی کەرتی پێوەندیکردن و زانیاری و رابواردنیان کردووە، لەناو ئەمانەدا (٥) کۆمپانیای گەورەیان کۆنترۆڵی ٨٠٪ هەواڵەکانیان کردووە لە جیهاندا کە بریتین لە (رۆیتەر، ئەسۆشێتد پرێس، یونایتد پرێس، ئاژانسی هەواڵی فەرەنسی و ئانتارتاسی رووسی)، کە هەموو رۆژێک نزیکەی (٣٢) ملیۆن وشە پەخش دەکەن، سەرەڕای وێنەو مادەی تەلەفزیۆنی وێنەگیراو، بەم شێوەیە دەبینین سەرچاوەکانی پەخشکردنی هەواڵ و راگەیاندن بەشێوەیەکی ستوونی گەشە دەکەن نەک ئاسۆیی لە نێوان وڵاتانی جیهاندا، ئەمەش پەخشکردنێکی یەک ئاراستەیە کە بیروبۆچوونی بەهێز و باڵادەست دەنوێنێ، کۆمپانیا ئەمریکیە فرە رەگەزەکان لە بواری راگەیاندندا کۆنترۆڵی دەزگا تەلەفزیۆنیە تایبەتییەکان دەکەن لە بیست وڵات لە ئەمریکا و باکووری لاتینیدا، هەروەها بەشداری دەکەن لەگەڵ کۆمپانیا ناوخۆییەکان لە خاوەنداریەتی (٥٦٥) ئێزگەی رادیۆییدا لە کۆی (٧٠٧) ئێزگەدا، کە لەلایەن (١٣) دەزگاوە بەرێوە دەبرێن لە مەکسیکدا، تەنیا کۆمپانیایەکیش کۆنترۆڵی چوار کەناڵی کردووە لە کۆی شەش کەناڵی تەلەفزیۆنی لە شاری (مەکسیکۆستی). لە کۆلۆمبیا چوار دەزگای ئەمریکی خاوەنی (٢٣١) ئێزگەی رادیۆیین لە کۆی (٣٨٦) ئێزگەدا، بەڵام تەلەفزیۆنەکانیان لەژێر کۆنترۆڵی سێ دەزگای ئەمریکیدان، مەترسی قۆرخکردنی راگەیاندن لەلایەن کۆمپانیا فرە رەگەزەکانەوە لە هەوڵی بەزاندنی دەسەڵاتی زانیاری- دارایی بۆ سنوورە نەتەوەییەکاندا دەردەکەوێ، کە دیاردەی کولتووری نەتەوە- تێپەڕی لێدەکەوێتەوە، ئەمەش کردارێکی بنەرەتییە کە تارادەیەک و لە زۆر بواردا گۆڕانکاری لە میللەتاندا دروست دەکات بەشێوازێکی ئەلیکترۆنی نەک بەگفتوگۆی جوگرافی یان بەکولتووری نیشتمانی و نەتەوەیی، زۆر لە توێژەران ئەم دیاردەیە لە ناوەرۆکدا بە (ئەمریکی کردن) لە قەڵەم دەدەن، بەهۆی باڵادەستی راشکاوانەی ئەمریکا لەم بوارەدا، ئەم کۆنترۆڵکردنە بەرفراوانەی کۆمپانیا فرە رەگەزەکان لە بواری پێوەندیکردندا و بەگوێرەی نموونەی (جۆهان گالتونج) کە لەم دیاردەیەی کۆڵیوەتەوە، بۆتەهۆی دابەشکردنی جیهان بۆ دووبەشی نایەکسان، کە ئەوانیش بریتین لە: (ناوەند)ی باڵادەست کە ئەمەش بریتییە لە وڵاتە پیشەسازیە پێشکەوتووەکان و (پەراوێز)ی دواکەوتوو کە رۆڵی شوێنکەوتوو دەبینێ لەم نموونەیەدا کە راگەیاندنی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی شاوڵی کاری تێدەکات، لەسەرەوە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان و لەژێرەوە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان و وڵاتە دواکەوتووەکان. ئەمەش بەهۆی کۆنترۆڵکردنی وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان بۆ ئامرازە نوێیەکانی پێوەندیکردنەوە هاتۆتە ئاراوە، سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی هەواڵ کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری دێنن بەبێ رەچاوکردنی بەرژەوەندی نیشتمانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان کە لە رووی ئابووری و تەکنیکی و زانستیدا دواکەوتوون و ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکەن، لێرەدا دەبێ تێبینییەکی گرنگ بکەین دەربارەی وڵاتانی (ناوەند)، کە چینێکی ١٪ی کۆنترۆڵی دارایی و راگەیاندن و یاسادانان و بەکارهێنانی سیاسەتمەدارانیان کردووە و دەسەڵاتیان بەسەر جیهاندا و بەهۆی کۆنترۆڵکردنی ئەم سێ فاکتەرە (دارایی، راگەیاندن و بەکارهێنان) ئەم چینە توانیویەتی کۆنترۆڵی جیهان بکات بە چەند کۆمپانیایەکی فرەرەگەز، کە بڕی فرۆشتنی لە ساڵی ١٩٩١دا گەیشتە (٥,٢) تریلیۆن دۆلار، لە کاتێکدا ئاڵوگۆڕکردنی بۆ دراوە بیانییەکان لەسەرەتای نەوەتەکاندا گەیشتە زیاتر لە (١,٣) تریلیۆن دۆلار رۆژانە، ئەمەش دوو هێندەی ئاڵوگۆڕکردنی رۆژانەی ساڵی ١٩٨٩یە، سەرەڕای زۆریی ئەم بڕە ئەوا ئاڵوگۆڕکردنی دارایی لە جیهاندا بە زۆری لەلایەن کۆمەڵێکی کەمەوە ئەنجام دەدرێ کە بریتین لە نزیکەی (٣٠- ٥٠) بانکی جیهانی، لە کاتێکدا چینی ١٪ی کۆنترۆڵی راگەیاندن زانیاری جیهانیان کردووە. کاتێک (بێن باگیدیکیان) راگری فەخری کۆلیژی رۆژنامەگەری لە زانکۆی کالیفۆرنیا چاپی یەکەمی لە کتێبی (دەستبەسەرداگرتنی راگەیاندن)ی لە ساڵی ١٩٨٣دا نووسی، تەنها (٥٠) کۆمپانیا خاوەندارێتی کۆمپانیاکانی راگەیاندنیان دەکردو خاوەن دەسەڵات بوون، کاتێک ناوبراو چاپی پێنجەمی لە هەمان کتێب بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٩٧دا ژارەی ئەو کۆمپانیا ئەمریکیانە گەیشتە (١٠) کۆمپانیا، بەهۆی هەبوونی سەرمایە و سامان و راگەیاندن و باڵادەستی تیایدا ئەوا (٣٠- ٥٠) بانک و (١٠- ٥٠) کۆمپانیای راگەیاندن کۆنترۆڵی جیهان دەکەن و سیاسەتمەدار و حکومەتەکان لاواز دەکەن و لەناو دەبەن، ئەوەش کە لە نەوەدەکاندا لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا رووی دا بەڵگەن لەسەر مەترسی یەکگرتنی سەرمایە و راگەیاندن، کە جۆرە (سەرمایەدارییەکی زانیاری- دارایی) هێناوەتە ئاراوە،

کە پشتی بەستووە بە یەکگرتنی (دارایی لەگەڵ زانیاری و ڕاگەیاندندا)، ئەمەش لە هەمان سەرمایەداری ئەنگلۆ ئەمریکییە کە بانگەشەی سیستەمی نوێی جیهانی بۆ دەکەن وەک ئاینێکی نوێ لە ڕامیاری نێودەوڵەتیدا، بەمەش (سیستەمی زانیاری- دارایی) ڕۆڵی مێژوویی سەرمایە دەگۆڕێ لە خزمەتکاری ئابووری بۆ بوون بەبار بەسەر ئابوورییەوە، ئەم سیستەمە سەرتاپای کۆمەڵگاو میللەتان بەکاردێنێ لە پێناوی گەشەسەندنی ئابووریدا لە جیاتی ئەوەی گەشەسەندنی ئابووری وەک خزمەتکار بەکاربێنێ بۆ میللەتان، وەسفەکەی (برێجنسکی) ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکی پێشوو لەوانەیە ڕاست بێت بەسەر ئەو کۆمەڵگایانەوە کە ناوزەدیان دەکات بە کۆمەڵگای (تەکنۆترۆنی)، واتە ئەو کۆمەڵگایەی کە لە ڕووی کولتووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەلایەن تەکنەلۆژیاو زانیاری و داهێنراوە ئەلکترۆنیەکانەوە دادەڕێژرێ و دروست دەکرێ، بەتایبەتی لە بوارەکانی کۆمپیوتەر و ڕاگەیاندنەوە، بۆیە جێی سەرسوڕمان نییە کە ڕیکلامێکی کۆمپانیای (سنگەر)ی فرە ڕەگەز خۆی بەم شێوەیە وەسف بکات: (بەهێمنانە ئیش دەکەی بۆ ئەوەی دەست بگری بەسەر جیهاندا)، ئەویش بەهۆی ئەو ڕۆڵە گرنگ و کاریگەرەی کە ئەم کۆمپانیایانە دەیگێڕن لە پرۆسەی (بەجیهانیبووندا) لە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ڕاستەوخۆیانەوە لە سەرتاسەری جیهانداو دارشتنەوەی پرۆسەی نوێی بەرهەمهێنان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا، لەوەش گرنگتر هەوڵدانە بۆ بڵاوکردنەوەی شێوازی بەکاربردن و خەرجکردنکی نوێ و دارشتنی کولتوورێکی خەرجکردنی یەکگرتوو لەسەر ئاستی جیهاندا، بەهۆی باڵادەستییەوە لە بوارەکانی ڕیکلام و پێوەندیکردن و ڕاگەیاندندا.

٢- ڕێکخراو و دەزگا نێودەوڵەتییەکان: ئەم ڕێکخراو و دەزگایانە بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێن لە سیستەمی بەجیهانیبووندا، بەهۆی شێوازی ئیشکردنیان و ئەو یاسایانەی کە لەسەری دامەزراون، (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی نێودەوڵەتی بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە) و (ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی) و (ڕێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی ئابووری) و کۆبوونەوەکانی (٧) وڵاتە گەورەکەی جیهان و زۆر دەزگای ناحکومی دیکەی وەک (یەکبینینی داڤۆس) و (یانەی ڕۆما) و هی تر، ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە دروستکردنی بەجیهانیبوونی ئابووریدا، ئەمانە هەموویان یارمەتی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان دەدەن بۆ جێبەجێکردنی بەجیهانیبوون بەشێوەیەکی پراکتیکی، ئەوەیش بەهۆی بەرنامەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و مەرجەکانی بانکی نێودەوڵەتی و بەندەکانی ڕێککەوتننامەی گات، کە سەرقاڵی ڕێکخستنی بازرگانی جیهانین لە بەرژەوەندی ئەم بانک و کۆمپانیایانەدا، سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی سیاسەتە بازرگانییە نیشتمانییەکان، بەم شێوەیە پێشێلی مافە بنەڕەتییەکانی میللەتانی جیهان دەکەن، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەبەرهێنانی بیانی و هەمەچەشنەیی بایەلۆژی و خاوەندارێتی فیکری تاکە کەسدا، بەواتایەکی دی دابەشکردنێکی سێ گۆشەیی نوێیە بۆ دەسەڵات، کە بەندە لەسەر هاریکاریەکی پتەو لە نێوان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لە سەرپەرشتیکردنیان لەسەر سیاسەتە ئابوورییەکانی وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان و لە سایەی سیستەمی بازرگانی نوێوە کە لە دوای کۆبوونەوەکانی ئۆرگوای و مەراکش هاتە ئاراوە و دامەزراندنی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لەساڵی ١٩٩٤دا، شێوەی پێوەندی لە نێوان ئەو دەزگایانەی کە لە ئەمریکان و حکومەتە نیشتمانییەکان گۆڕدران.

جێبەجێکردنی ڕێنماییە سیاسییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی تەنها بریتی نییە لە ڕێککەوتنی نێوان دوو وڵات، بەڵکو زۆر لە بەندەکانی داوای گۆڕانکاری لە سیستەمی وڵاتان دەکات وەک ئازادکردنی بازرگانی و گۆڕینی سیستەمی وەبەرهێنانی بیانی، ئەمانەش چەسپاون بەشێوەیەکی هەمیشەیەی لە بەندەکانی ڕێککەوتنامەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و بوونەتە بەشێکی یاسایی، مەترسی ئەم ڕێکخراو و دەزگایانە لە چەسپاندنی سیستەمی بەجیهانیبووندا بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- هەوڵ دەدات چەمکێکی ئایدۆلۆژی لیبراڵی (سەرمایەداری لیبراڵی) بڵاوبکاتەوە، بەگرتنەبەری ئەو شێوازە سیستەمەی دراوی نێودەوڵەتی و سیاسەتە دارایی و ئابووری و بازرگانیانەی کە لە بەرژەوەندیدان.

٢- دەسەڵاتێکی نێودەوڵەتییە بۆ ڕاوێژکردن و هەماهەنگی لەنێوان (٧) وڵاتە گەورەکەی جیهان.

٣- بریتییە لە دەسەڵاتێکی مەعنەوی کە باکوور زاڵ دەکات بەسەر باشووردا و دەوڵەمەندان زاڵ دەکات بەسەر هەژاراندا.

٤- بەهۆ ئامرازیەتی ئیشکردنیەوە تەنیا ڕۆڵی مەعنەوی وسەرپەرشتیاری نابینێ، بەڵکو دەتوانێ یاسا و داواکارییەکانی خۆی بسەپێنێ بەسەر وڵاتاندا لە

بواری سیاسەتە دارایی و ئابووریەکاندا.

٥- ئەم دەزگایانە سەرەڕای بانگەشەی بۆ ئایدۆلۆژیەتی بازرگانی ئازاد، لە ڕاستیدا پەیڕەوکردنی سیاسەتەکانی بریتییە لە پەیڕەوکردنی پاراستنی بازاڕەکانیان کە مۆنۆپۆلیە نێودەوڵەتییەکان باڵادەستن تیایاندا، بەتایبەتی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان.

هەرچەندە میللەتانی جیهان سەردەمێکە بەدەست سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتییەوە دەناڵێنن، ئەوا ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی لەوان مەترسیدارترە، بەهۆی ئەو یاسایانەوە کە هەیەتی لە بواری مامەڵە نێودەوڵەتییەکانەوە بە شتومەک وخزمەتگوزاری و سەرمایەوە، بەدەگمەن دەبینی دەوڵەتێک هەرچەند گەورەبێ و خاوەن ئابووریەکی بەهێز بێ، بەبێ زیان لە دەستی ئەم ڕێکخراوە دەربچێ.

ئەرکی سەرەکی ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە سەرپەرشتی و چاودێریکردنی پرۆسەی ئازادکردنی بازاڕو سیستەمە دارایی و بازرگانییەکان، ئەم سێ دەزگایە وەک ئامێرێک لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەکاردێ دوای ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوتە ژێر هەژموونی ئەم وڵاتەوە، لەوانەیە هەرەسهێنانی ئابووری لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نموونەی دیارو بەرچاوی ئەو هەژموونە بێ، هەستکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەوەی گەشەسەندن و پێشکەوتنی لە ڕادەبەدەری وڵاتانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەن بۆ هێزی ئابووری ئەمریکی بەتایبەت و سەرمایەداری ڕۆژئاوایی بەشێوەیەکی گشتی وای لێکرد لە ڕووی ستراتیژییەوە بە پێویست بزانێ بەربەست دابنێ بۆ ئەم هێزە ئابوورییە و لاوازی بکات، کرداری مزایدەکردن لەسەر دراو و پشکەکان وەک ململانێیەکی نادیار لەو بازاڕەدا هۆی ئەم ڕووخانە سامناکە بوو، تاکە چارەسەریش لەبەردەم هەر پێنج پڵنگەکەی ئاسیادا، بریتی بوو لە وەرگرتنی ئەو قەرزەی کە لەلایەن سندووقی دراوی نێودەوڵەتییەوە پێشکەشیان دەکراو، بریتی بوو لە (٤٢) ملیار دۆلار، هەروەها قەرزەکانی بانکی نێودەوڵەتی بەگوێرەی مەرجەکانی ئەمریکا چونکە خۆی پارەپێدەری سەرەکی ئەم دوو دەزگایەیە. مەرجەکانیش بریتی بوون لە دەستبەرداربوون لە دەزگا دارایی و ئابووریە بێ پارەبووەکان (مفلسون) کەمکردنەوەی پشتگیری حکومەت بۆ خواردەمەنییەکان، نەهێشتنی بەربەستە گومرگییەکان و لیستێکی دوورو درێژی تری مەرج و بەربەستەکان کە ڕەنجی زیاد لە (٤٠)ساڵی بونیادنانی ئابووری شکست پێهێنا، ڕازیبوون بەم مەرجانەش بووە هۆی پەیدابوونی نائارامی میللی و سیاسی، کە دەرەنجام بووە مایەی هەرەسهێنانی هەندێ سیستەمی سیاسی، وەک ئەوەی لە ئەندەنۆسیادا ڕوویدا، بە ملکەچبوونی ئەو وڵاتانە بۆ مەرجەکانی سندووق و بانکی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی بەرنامە پێشکەشکراوەکان، کە بە گوێرەی ویستی ئەو دەزگایانەیە، ئەوا هەنگاوێکی گرنگ لە هەنگاوەکانی بەجیهانیبوون بە ئەنجام گەیشت، وڵاتە ڕۆژئاواییەکان و ئەمریکا دڵنیابوون لە باڵادەستی پێوەرەکانیان و شکستهێنانی تایبەتمەندیە ئاسیاییەکان لە ئابووریاندا. قسەکەی (جیسی جاکسۆن) سەرکردەی ڕەشپێستی ئەمریکی لەم بارەوە بەکورتی ئەم سیناریۆیە دەخاتە ڕوو کە دەڵێ: (ئێستا گوللە ناتەقێنن و سێدارە دانامەزرێنن، بەڵکو سندووقی دراوی نێودەوڵەتی بەکاردێنن).

جیهانی ئەمڕۆ گۆڕانکاری زۆر خێرای بەخۆوە بینی بەهۆی شۆڕشی پێوەندیکردن و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان، لە ئاکامی پەیدابوونی کۆمپیوتەرو تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان و سیستمە ژمارەییەکان و شتی دیکەی تەکنیک بەرزەوە کە بوار بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و بەڕێوەبردنی کار و سەرمایە و سامان ئاسان دەکەن لە سەرتاسەری جیهاندا و بەخێرایەکی لە ڕادەبەدەر. بۆیە مرۆڤ خۆی لە بەرانبەر دیارەیەکی جیهانی نوێدا دەبینێتەوە لەسەر ئاستی جیهاندا، کە بریتییە لە پەیدابوونی جیهانێکی نوێ کە بەرە بەرە دروست دەبێ و لە بوار و سیستەم و پێکهاتەیدا جیاوازە لە سیستەمە پێشووەکان، هەروەها جیاوازە لە میکانیزمی ئیشکردنی و سیستەمی پێوەندیکردنیەوە. لە کاتێکدا جیهانی پێشوو بەهۆی ئابووری پیشەسازی و ئامێرە قورسەکان و هۆ مکانیکییەکانی گواستنەوەوە وەک کەشتی و فڕۆکەو ئۆتۆمبیل دروست دەبوو. هەروەها یەکگرتن و لێک جیابوونەوەی بەهۆی ئەو بیروبۆچوون و باوەڕانەوە دەبوون کە لە کتێبەکاندا نووسرابوون، ئەوا ئەمڕۆ جیهان دروست دەبێ و یەک دەگرێ بەهۆی مانگە دەستکردەکان و هۆکانی ڕاگەیاندن و سامانە هێماییەکان و دەقە هەمەجۆرەکانەوە کە زۆر بەخێرایی ئەم سەرو ئەوسەری زەوی دەکات.

ئەگەر قسەکەی (تۆماس گۆن) بەکاربێنین دەربارەی شۆڕشە زانستییەکان، ئەوا شۆڕشی پێوەندیکردن و زانیارییەکان بریتییە لەو شۆڕشەی کە سیستەمی چەمکە کۆنەکان پشتگوێ دەخات و هەنگاودەنێ بەرەو سیستەمێکی چەمکی نوێ، هەرچەندە تا ئێستا ڕواڵەتی ئەم سیستەمە نوێیە بە ڕوونی دەرنەکەوتووە بەهۆی گۆڕان

و پێشکەوتنی هۆیەکانی پێوەندیکردن و زانیارییەوە ئەوا شێوەی بەرهەمهێنانیش گۆڕانی بەسەردادێ لە ئەنجامدا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەگۆڕێ و کولتووری ئەمرۆ کولتووری کتێب و ڕۆژنامە و ڕۆژ ژمێر نییە، بەڵکو زیاتر کولتووری وێنە و زانیاری و کۆمپیوتەرو بانکەکانی زانیارییە، کەواتە بنەمای زانیاری گۆڕانی بە سەردا دێ سەرەڕای گۆڕان لە میکانیزم و هۆیەکانی بەرهەمهێنانیەوە. ئەم ئامرازو ئامێرە تەکنەلۆژیە نوێیانە بوونەتە هۆی گەشەسەندنی بەجیهانیبوون کە لەسەرتاسەری جیهاندا زانیاری بلاودەکەنەوە بۆ هەموو مرۆڤایەتی، بێ گوێدانە جۆری نەژاد و کولتووریان، ئەم ئامرازانەش بریتین لە:

١- پەخشی ئاسمانی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ:

گرنگترین داهێنانەکانی سەدەی ڕابردوو بریتییە لە پەیدابوونی تەلەفزیۆن، کە دروستکردنی زۆر بەخێرایی گەشەی سەند تا گەیشتە ڕادەی پەخشی ئاسمانی کە وای کردووە جیهان ببێتە دێیەکی بچووک، بەم شێوەیە سنوورە سیاسی و بەربەستە جوگرافییەکانی بەزاند و لە توانای هیچ هێزێکی ناوخۆیی نییە بەر لەو پەخشکردنە بگرێ، مانگە دەستکردەکان بە شادەماری ئاڵوگۆڕکردنی هەواڵەکان لە قەڵەم دەدرێن لە جیهاندا کە دەتوانن زۆر بەخێرایی هەموو جۆرە هەواڵێک بگوێزنەوە. دواتریش پەخشی ئاسمانی ژمارەیی (dijtal) هاتە ئاراوە کە هەنگاوێکی مەزنی لە بواری پەخشکردنی هاوێشت، تەکنیکی ژمارەیی توانی پەخشی چاکترو جۆراوجۆرتر پێشکەش بکات و بە نرخی کەمتریش هەروەها بواری زیاتر واڵا کرد لەبەردەم زیادبوونی کەناڵە ئێزگەیی و تەلەفزیۆنییەکاندا و پەیدابوونی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر کە هەرسێ سیستەمی ڕاگەیاندن و کۆمپیوتەر و پێوەندیکردنی لەخۆگرتووە.

بەم شێوەیە تەلەفزیۆن ئەم جیهانە گەورەیەی کرد بە شاشەیەکی بچووک کە بەهۆی ئامێری ڕیمۆت کۆنترۆڵەوە (کۆنترۆڵکردن لە دوورەوە) دەتوانی بەناویدا بسووڕێیتەوە، پەڵەیەک زەوی لە سەرتاسەری جیهاندا نەماوە کە مانگە دەستکردەکان پەخشی تەلەفزیۆنی بۆ نەنێرن، بۆیە دەتوانین بڵێین تەلەفزیۆن بەهۆی ئەو پەخشە بەرفراوانەیەوە (هێزی گەورەی سێیەمە)، کە ژمارەی بینەرانی بە چەندان جار زیادی کردووە گەر بەراورد بکرێ لەگەڵ سێ ساڵ لەمەو پێش، ئەمەش بەهۆی گەشەسەندنیەتی. گرنگترین تۆڕی تەلەفزیۆنی ئاسمانی لە جیهاندا کە بە ئامرازێک لە ئامرازەکانی بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن لە قەڵەم دەدرێ بریتین لە:

أ- تۆڕی (CNN)ی ئەمریکی کە لە ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن (تیدتێرنەر) لە شاری ئەتڵەنتای ئەمریکی دامەزراوە، بەردەوامە لە پەخشکردنی هەواڵە ڕاستەوخۆکان بەدرێژایی شەو و ڕۆژ بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە، بە گەورەترین تۆڕی تەلەفزیۆنی جیهانی دادەنرێ کە تایبەتمەندە بە پەخشکردنی هەواڵەکان، ژمارەی بەشداربووانی ئەم کەناڵە گەیشتۆتە (٥٣) ملیۆن کەس لە ئەمریکادا، لەشکرێکی بچووکی پەیامنێرانی هەیە کە ژمارەیان دەگاتە (٢٠٠٠) کەس و لە (١٢٠) وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە، پەخشکردنی ئەم کەناڵە دەگاتە سەرتاسەری جیهان جگە لە جەمسەری باکوور و کیشوەری جەمسەری باشوور نەبێ، بەهۆی بەکارهێنانی نۆ مانگی دەستکرد کە بە دەورەی خولگەی زەویدا بڵاوکراونەتەوە.

ب- تۆڕی (BBC) بەریتانی، لە ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی مانگە دەستکردەکانەوە دەستی بە پەخشکردنی خۆی کرد، پەخشی ئەم کەناڵە زیاتر لە (٥٠) وڵات لە جیهاندا دەگرێتەوە بە درێژایی شەو و ڕۆژ، چوار کەناڵی جۆراوجۆری هەیە، لە ساڵی ١٩٩٤ پەخشکردنی بەزمانی عەرەبی بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک ڕۆژانە بەردەوام بوو و لەساڵی ١٩٩٥ بوو بە (٢٤) کاتژمێر، هێندەی پێنەچوو بەهۆی تەنگژەی دارایی لە ساڵی ١٩٩٦ لەکار ڕاوەستا.

ج- تۆڕی (Euro News)ی ئەوروپی، بە یەکەم تۆڕی هەواڵی تەلەفزیۆنی ئەوروپی هاوبەش دادەنرێ، لە ساڵی ١٩٩٣ دەستی کرد بە پەخشکردن، دوای بەشداریکردنی (١٥) دەزگای تەلەفزیۆنی دەریای سپی ناوەڕاست تیایدا، ئەم کەناڵە لە شاری (لیۆن)ی فەرەنسییەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی ئەمریکی دامەزراوە، سەرەڕی ئەمانەش دەیان کەناڵی ئاسمانی نێودەوڵەتی و هەرێمی دیکە هەن.

٢- تۆڕی ئینتەرنێت: زۆر سەختە گەر بمانەوێ بە وردی پێناسەی تۆڕی ئینتەرنێت بکەین، چونکە لە هیچ بوارێکی زانستیدا پێناسەیەکی دیاریکراوی نییەو شێوەی بەکارهێنانی ئەم تۆڕەش لە بوارێکەوە بۆ بوارێکی دی جیاوازە، دەتوانین وەک پێوەندیکردن بەکاری بێنین بۆ ناردن و وەرگرتنی نامەی ئەلیکترۆنی، هەروەها بۆ مەبەستی کۆبوونەوە لە دوورەوە، سەرەڕای بەکارهێنانی لە ئاڵوگۆڕکردن و ناردنی دۆسیە و بەرنامەکان و ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا یان توێژینەوەکردن لە بابەتێکی هاوبەشی نێوانی دوو گرووپی خەڵکێک. وشەی (ئینتەرنێت) لە وشەی ئینگلیزی (Net)ەوە وەرگیراوە

کە واتای (تۆڕ) دەگەیەنێ، دواتر لە واتا فەرهەنگیە ئاساییەکەوە گۆڕدرا بۆ واتایەکی تر لە بواری تەکنەلۆژیا و زانیاریدا، بەم شێوەیە (تۆڕی زانیاری یان تۆڕی ئیزگەیی و تەلەفزیۆنی) دەگەیەنێ، واتای تۆڕی جیهانی (International Net work) ناگەیەنێ، بەڵکو واتای پێوەندی نێوانی (ناوخۆیی) تۆڕەکان (inter-national Net work) دەگەیەنێ. کەواتە ئینتەرنێت وەک چەمکێک بریتییە لە کۆمەڵێک تۆڕی پێوەندیکردن و پێوەنددار پێکەوە کە لەلایەن تەنیا لایەن و دەزگایەکەوە بەڕێوە نابرێ، بەڵکو لەلایەن چەندان لایەن و دەزگای گشتی و تایبەتییەوە بەڕێوەدەبرێ، گەنجینەیەکی زۆری زانست و زانیاری لە کۆمپیوتەرە ئینتەرنێتیەکاندا هەڵگرتووە، ئەمەش بریتییە لە سێ تۆڕی سەرەکی کە گرنگترینیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، دوای ئەوەش تۆڕی مامناوەندیەکانی زانکۆ و دامودەزگا گەورەکان دێ، ئینجا تۆڕە بچووکەکان دێ وەک تۆڕە ناوخۆییەکان و ئەو کۆمپیوتەرانەی کە لەلای تاکە کەسانەوە بەکاردێ، ئەمانەش هەموویان سەرچاوەی لە بن نەهاتووی زانیاری جۆراوجۆرن، کە بواری بۆ ملیۆنان مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا دەرەخسێنێ بۆ پێوەندیکردن بەهۆی تێکەڵکردن و کامڵکردنی تەکنەلۆژیای پێوەندیکردن و کۆمپیوتەرەوە.

پەیدابوونی تۆڕی ئینتەرنێت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩ کاتێ وەزارەتی بەرگری ئەمریکا دەستی کرد بە کردنەوەی پرۆژەیەکی ئەزموونی تیایدا تۆڕێکی ئێنتەرنێتی سازاند بۆ بەستنەوەی وەزارەتی ناوبراو لەگەڵ کۆمپانیا گرێبەستەکان لە بواری توێژینەوەی سەربازیدا، هەروەها بۆ بەستنەوەی ئەو زانکۆ و دامودەزگایانەی کە لەلایەن ئەم وەزارەتەوە پارەیان پێدەدرا، بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی خێرای ئەم تۆڕە لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا حکومەتی ئەمریکی کاروباری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم تۆڕەی بە بەشداربووانی و هەندێ لیژنەی هونەری ئەمریکی سپارد. لەساڵی ١٩٩٠ (تیم بیبر نرزلی) لە تاقیگەکانی ناوەندیی ئەورووپا بۆ توێژینەوەی وزەی ئەتۆمی (cern) لە (ژنێڤ) زمانی (html)ی داهێنا، ئەمەش بووە شێوازێکی زۆر ئاسان بۆ بەستنەوەی زانیارییەکان لە سەرتاپای ئینتەرنێتدا، هەروەها ڕێگەی خۆش کرد بۆ پەیدابوونی تۆڕی جیهانی (www)، کە لەماوەی چەند ساڵێکدا زیاتر لەتۆڕی باسکراو گەشەی سەند. بەرە بەرە پێشکەوتن لەم بوارەدا وای لێهات کە لە توانای هەموو کۆمپیوتەرێکی کەسیدا بوو سوود لەو تۆڕە وەرگرێ.

ئینتەرنێت چەندان جۆری خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات کە بریتین لە نامەی ئەلیکترۆنی و چوونە ناو ئینتەرنێت لە دوورەوە و گەڕان بە دوای شوێن و زانیاریدا و فێربوون لە دوورەوە و خزمەتگوزاری تۆڕی جیهانی (www) و لە کۆتاییدا خزمەتگوزاریە بیستن و بینینییەکان، ئینتەرنێت خزمەتگوزارییەکانی لە بواری بیستن و بینیندا بەم شێوەیە پێشکەش دەکات: ناردنی نامەی دەنگی بۆ کەسێ یان هەندێ کەس، ناردنی وێنەی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ بۆ کەسێ یان هەندێ کەس، پەخشکردنی زانیارییە بیستن و بینینییەکان، هەروەها بواردان بە تەماشاکردنی دیکۆمێنتە جۆراوجۆرەکان.

ئەم تۆڕە پەیوەستە بە دەیان تۆڕی هەرێمی و ناوخۆییەوە، بەڵام لەبارەی هەواڵ و زانیارییەکانەوە دەتوانرێ ڕاستەوخۆ سوود لە زیاتر لە (٥٠) ڕۆژنامەی ئەمریکی وەرگری کە لەلایەن کۆمپانیای (knight-ridder)ەوە بڵاودەکرێنەوە، سەرەڕای کۆمەڵێ ڕۆژنامەی هەڵبژێردراوی کەنەداو بەریتانیا. هەروەها دەتوانرێ پێوەندی ڕاستەوخۆی هەبێ لەگەڵ ئاژانسەکانی ئەسیوشێتد پرێس و ڕۆیتەرز و ئاژانسی ڕۆژنامەنووسی فەرەنسیدا. جگە لەوەی هەندێ ئاژانسی هەواڵی عەرەبییش پەیوەستن بەم تۆڕەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژمارەی کۆمپیوتەرە بەکارهێنراوەکان لەم بوارەدا گەیشتۆتە زیاتر لە (١٠) ملیۆن کۆمپیوتەر، کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا گەیشتە نزیکەی (٣٠٠) ملیۆن کەس. بەم شێوەیە ئەم تۆڕە توانیویەتی کۆمەڵگایەکی تەواو دروست بکات کە خاوەن دابونەریتی خۆیەتی، سەرەڕای هەبوونی زمانی تایبەتی خۆی، ئەمەش پاڵی بە هەندێ توێژەرەوە نا جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئینتەرنێت بۆتە دەربڕی نموونەیی ڕۆشنبیری دوای سەردەمی نوێگەری.

لەسەر ئاستی ڕامیاریدا ئینتەرنێت بۆتە ئامرازێک بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕاوبیرو بۆچوونەکان، جگە لەوەی گرنگترین ئامرازی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانییە لەنێوان وڵاتاندا، کە بڕی ئەم ئاڵوگۆڕکردنە گەیشتۆتە نزیکەی (٢٠٠) ملیار دۆلار لەساڵی ٢٠٠٠دا. لە میانەی هەوڵیدا بۆ بەجیهانیکردنی ڕاگەیاندن و پێوەندیکردن، ئەمریکا هەوڵی داوە بۆ بەکارهێنانی ئەم تۆڕە بۆ بە ئەنجامگەیاندنی مەبەستەکانی، ئەویش بەم شێوازانەی خوارەوە:

بازاڕ پەیداکردن بۆ هەموو جۆرە بەرهەم و شمەکەکانی.

ناردن و بڵاوکردنەوەی (کولتووری ئەمریکی) بە جیهاندا، هەروەها ناردنی بیروبۆچوون و دابونەریتی

ڕۆژئاوایی بەگوێرەی شێوازی (ژیانی ئەمریکی)، ئەمەش لە ڕێگەی پۆستی ئەلیکترۆنییەوە.

ناردنی زانیارییەکی زۆر بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی مەبەستەکانیدا بێ، هەروەها لەم ڕێگەیەوە دەتوانێ چاودێری ولاتە تازە گەشەسەندووەکان بکات و ئاگای لە جموجۆڵیان بێ.

و- هەوڵدان بۆ بالادەستکردنی دەسەلات و تاکرەوی ئەمریکا بەهۆی هەبوونی تەکنەلۆژیای زانیارییەوە، سەرەڕای بالادەستی بانک و پێگە زانیارییەکانی ئەمریکی لەسەر ئەم تۆڕەدا، کە بێگومان دەربڕی تێگەیشتنی ئەمریکایە لە بارەی هەموو دۆزێک لە دۆزەکانی جیهان.

سوودوەرگرتن لە نەخوێندەواری تەکنەلۆژی لە جیهانی سێیەمدا، هەروەها بەربەست دانان لەبەردەم ئەو ولاتانەدا لە برەودان بە پێشکەوتنیان، سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەم ولاتانە ئازادی تەواویان نییە یان بواری تەواویان بۆ نەڕەخساوە بۆ سوودوەرگرتن و هەڵبژاردنی لەم لێشاوە زانیارییە، بۆ ئەوەی هەندێ لەو زانیارییە هەڵەو چەواشەکراوانە ڕاست بکاتەوە کە پێوەنددارن پێیەوە.

٣- ئینترانێت و ئیکسترانێت:

لەم سالانەی دواییدا تۆڕێکی نوێ بەکاردێ کە (تۆڕی ئینترانێت)ە و بۆتە بڕبڕەی پشتی زۆربەی کۆمپانیاکان بۆ بەڕێوەبردنی ئیشەکانیان لەناوخۆیدا. مەبەست لە (ئینترانێت) ئەو تۆڕە ناوخۆییەیە کە سنووری کۆمپانیایەکی دیاریکراو نابەزێنێ و لە چوارچێوەیدا دەرناچێ بۆ دەرەوەی کۆمپانیاکە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە هەموو تایبەتمەندیەکانی ئینتەرنێتی تێدایە، بەلام هیچ پێوەندییەکی بەکەسانی دەرەوەی کۆمپانیاکەوە نییەو تەنیا پێوەندیەکە لەنێوان کارمەندانی کۆمپانیاکەیە. ئینترانێت لەسەر هەمان سیستەمی ئیمەیلی ئەلیکترۆنی دامەزراوە، هەرچەندە تەنیا ئیشی پێوەندیکردنە لەنێوان کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە، جا چ لەناو ئەو باڵەخانەدابن یان لە ولاتێکی تردا. لەو ئامارانەی کە دەزگای (دێلگی) ئەمریکی ئەنجامی داوە لەسەر ٦٠٠ کۆمپانیای جۆراوجۆر، دەرکەوتووە کە ٦٥٪ی ئەم کۆمپانیایانە بە کردەوە تۆڕی ئینترانێتییان هەیە، هەرچەندە ئەمە تۆڕێکی نوێ و خێراو ڕێکوپێکە لە بواری ئالوگۆڕکردنی زانیاری لەناو دەزگایەکدا، ئەوا هەندێ خەڵک گلەییان لەسەربەخۆیی سیستەمی ئینترانێت هەیە کە خەڵکانی دەرەوە زانیارییان لەبارەی ناوخۆی کۆمپانیاکانەوە نییە، لە کاتێکدا هەندێ کەسی دی سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەک لە پێوەندی و پێوەندیکردنی بەردەوامی ئەو پرۆژەیەدا دەبینن لەگەڵ کڕیارەکانیدا.

بە گوێرەی ئەو بۆچوونە ئینترانێت پێویستە پێوەندی لەگەڵ کەسانی دەرەوەدا هەبێ، کەسانێ کە پێوەنددارن بەو دەزگایەو پێویستە هەردوولا ئاگایان لە بەڕێوەچوونی ناو ئەو دەزگایە هەبێ، بەم شێوەیەش تۆڕێکی نوێ هاتە ئاراوە کە تۆڕی (ئیکسترانێت)ە، بە واتای هەبوونی پێوەندی لە نێوان دەزگایەک لەلایەک و کڕیارو هاوبەشەکانی لەلایەکی تر، کەوابوو ئیکسترانێت ئەڵقەی پێوەندییە لەنێوان (ئینتەرنێتی گشتی و ئینترانێتی تایبەت)دا، کە بوار دەدات بە خەڵکانی بەشدار لە دەزگایەکدا زانیاری وەربگرن لەو دەزگایە و ئاگاداری کاروبارەکانی بن، بەلام بوار بە خەڵکانی تر نادات بگەنە ئەو زانیاریانە یان بڕێک لەو زانیاریانە، کەواتە ئیکسترانێت تۆڕێکی تایبەتە کە ئینتەرنێت و ئامرازەکانی پێوەندیکردنی گشتی بەکاردێنێ بۆ ئەوەی هەندێ لە زانیاری دەزگایەک بەشێوەیەکی دڵنیایانە و نهێنی بداتە خەڵکانێکی دەرەوەی ئەو دەزگایە. بەم شێوەیە دەتوانرێ فرمانی کڕینی دراوەکان و نمایشکردنی بەرهەمە تایبەتییەکان و ئامادەسازی بۆ کۆبوونەوەکان و پیشاندانی دواترین هەواڵ بدرێ بەشێوازێک کە لەوەوپێش بواری پێ نەدرابێ. کەواتە (تۆڕی ئیکسترانێت) بۆتە ئامرازێکی خێراو ئاسان و کەم خەرج بۆ زانینی زانیارییەکان لەهەر کات و شوێنێکدا بێ، کە هۆیەکانی پێوەندیکردن لەنێوان کۆمپانیا و خەڵکانی دەرەوەیدا هەبێ.

**سەرچاوە:**

**العولمة الاعلامية، د. موئەیەد عەبدولجەبار ئەلحەدیسی، عەممان، ٢٠٠٢.**

# چۆن ببم بە ڕیژیسیۆر

د. فازیل جاف
(سوێد)

چۆن ببم بە ڕیژیسیۆر؟ کەسێ ئەم پرسیارەی ئاراستەی پیتەر برووک کرد. ڕەنگە زۆربەمان ڕێنمایی خاوەنی ئەم پرسیارە بە ئاسانترین شێوە بکەین، بەوەی پێی بلێین: لە ڕێگای خوێندنی ئاکادیمی شانۆوە دەبی بە ڕیژیسیۆر، بەڵام ئەم ڕێگایەش مسۆگەر نییە. ئاکادیمیا و کۆلیجەکانی شانۆ، تەنانەت ئەوانەی کە ئاستی خوێندنیان بەرزە، ناتوانن گەرەنتی ئەوە بدەن بە قوتابییەکانیان کە پاش خوێندن دەبن بە ڕیژیسیۆری بەهرەمەند و کارزان.

زۆرینەی ڕیژیسیۆران لە ئەکتەرییەوە بوون بە ڕیژیسیۆر. گەلێ جار نووسەرانی شانۆ بڕیاردەدەن ببن بە ڕیژیسیۆر و لەناو نووسەراندا ڕیژیسیۆری ناودار و بەتوانا هەڵکەوتووە، تەنانەت لەناو کارمەندانی بەشی تەکنیکی شانۆدا، وەکو سینۆگراف، پسپۆری ڕووناکی یان یاریدەدەری دەرهێنەرانی خاوەن توانا و بەهرە، گەلێ ڕیژیسیۆری ئەوتۆ هەڵکەوتووە، کە لە ڕیژیسیۆرانی خاوەن بڕوانامە و مەدرەکی ئەکادیمی بەتواناترن.

ڕێگایەکی دیکە هەیە ئەویش ئەوەیە لەگەڵ ڕیژیسیۆرێکی کارامە و خاوەن ئەزموونداکاربکەی و چاک سوودی لێ ببینی و لێوەی فێربی، پاشان خۆت دەست بەکار بکەی.

کەسانی دیکەش هەن بە تەواوەتی دوور لە جیهانی شانۆوە خاوەن پیشەیەک بوون، بەڵام ئێستا ڕیژیسیۆری بەناوبانگن، نموونەشم ڕۆبێرت ولسنە، کە لە بنەڕەتدا بیناساز بوو، بەڵام ئەوەتا ئێستا بە برەوترین ڕیژیسیۆری دنیایە.

لە ڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی مسۆگەر نییە کە کەسێ بکا بە ڕیژیسیۆر، یان ڕاستتر بڵێم تاکە ڕێگایەکی

مسۆگەر نییە.
لە وەڵامی پرسیارەکەدا برووک دەڵێ: تاکە ڕێگا ئەوەیە خۆت بڕیار بدەی کە ڕیژیسیۆری.

## ڕێگای پراکتیک و کارکردن

پیتەر برووک دەڵێ: ڕیژیسیۆران خۆیان بە ڕیژیسیۆر تەعین دەکەن، دەبێ قەناعەت بە خۆت بێنی کە ڕیژیسیۆریت و پاشان قەناعەت بە خەڵک بێنی. دەکرێ دەیان کتێبی دەوڵەمەند و بە پێز دەربارەی هونەری دەرهێنان بخوێنی و تیۆرەکانی هونەری ڕیژیسیۆریی باش فێربی، ئەمەش بێگومان کارێکی نەک هەر باش و سوودبەخشە بگرە پێویستیشە، بەڵام ئەوەش بزانە تەنیا کتێب و شارەزایی تیۆری کەس ناکات بە ڕیژیسیۆر. تەنیا بە پراکتیزەکردن و کارکردن لە شانۆدا دەبی بە ڕیژیسیۆر.
ڕیژیسیۆری پۆڵۆنی زیجونت هوپنەر بەم میتافورە گوزارشت لەو ڕاستییە دەکا: ئەگەر بتەوێ فێری مەلەوانی ببی، دەبێ لە ناو ئاودا فێری ببی، نەک لەسەر فەرشێکی ڕەنگاو ڕەنگدا کە وێنەی دەریایەکی وەهمی لەسەر کێشرابێ.
واتە تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی ببی بە دەرهێنەر ئەوەیە لە شانۆدا کاربکەی، یان چەند بۆت هەڵدەکەوێ و بۆت دەلوێ، کاری ڕیژیسیۆری بکەی و لە بواری پراکتیکدا ئەزموونێکی دەوڵەمەند پێک بهێنی. ئەزموونی ڕاهێنانت چەند دەوڵەمەند بێ، ئەوەندە کارت ئاسانتر و ڕەوانتر دەبێ و تایبەتمەندیی خۆت، شێواز و میتۆدی کارکردنت گەڵاڵە دەکات. ئەمە بە مەرجێ دەبێ لە ڕووی چۆنیەتییەوە ئاگاداری کارەکانت بی و ئەو چۆنیەتییە لە پێناوی زۆری و بۆری و چەندێتیدا فەرامۆش نەکەی. لە وەشدا پێویستیت بە شارەزاییەکی باشی بواری تیۆری دەبێ.

## دەرهێنەری قوتابی لە پراکتیکدا

وەنەبێ کۆلێجەکانی شانۆ ڕاستی ئەوەی کە کۆلیجی شانۆ ناتوانێ بە مسۆگەری قوتابییەکانی بکا بە دەرهێنەر، بەڵام دەتوانێ هەموو بوارێکی ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی دەرهێنانی بۆ بڕەخسێنن، لەوە بترازێ ئیدی داهێنانەکە دەکەوێتە سەرخۆی. هەر بۆیە لەبەشەکانی خوێندنی دەرهێنانی شانۆییدا بایەخێکی تەواو بەلایەنی پراکتیک دەدرێ.
لە سوێد دەرهێنەری قوتابی لە ساڵانی خوێندندا چەند



بەرهەمێک لەشێوەی وۆرک شۆپدا دەردەهێنێ، لەو کارانەدا ڕاهێنانێکی باش و ئەزموونێکی پیشەیی بەدەست دێنێ، چونکە لەگەڵ ئەکتەری پیشەیی کار دەکا، کە کۆلیجەکە لە شانۆکانەوە بانگهێشتییان دەکا. هەروەها لەگەڵ پسپۆڕانی سینۆگرافیا و ڕووناکی و جلوبەرگ و..تاد کار دەکا... ئەمە هەر لە قۆناخی خوێندندا. ڕاستییەکەی ڕیژیسیۆری قوتابی دەبێ بەلانی کەمەوە بەدوو ئەزموونی پیشەکارانەی تێر و تەسەلدا ڕەت بووبێ.

## مامۆستایانی بەشی دەرهێنان

گەلێ گرنگە مامۆستا و سەرپەرشتکاری قوتابیانی بەشی دەرهێنان خۆیان ڕیژیسیۆر بن. نەک هەر ئەوەندە بگرە چاکتر وایە ئەو مامۆستایانە ڕیژیسیۆری خاوەن ئەزموون و داهێنەربن، چونکە مامۆستای لەو چەشنە گەلێ گیروگرفتی هونەریی و پراکتیکی بۆ قوتابییەکانی چارەسەر دەکات، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە باوەڕ بەخۆبوون و متمانە بە قوتابییەکانی دەبەخشێ.
لە سوێد و بەریتانیا، کۆلیجەکانی دراما گەلێ جار دەرهێنەری بەتوانا و ناودار لە دەرەوەی کۆلیجەکە بانگهێشت دەکەن، بەو مەبەستەی ئەو ڕیژیسیۆرانە قوتابییەکانی بەشی دەرهێنانی شانۆیی ڕابهێنن.
لەیادمە لە ڕووسیا، ئەو ڕیژیسیۆرە لاوانەی کە لە ئەکادیمیای شانۆ لە پیتەربوورگدا لەژێر دەستی کەڵە ڕیژیسیۆرانی وەکو تۆڤستۆنۆگۆڤ یان لێڤ دودن خوێندنیان تەواو کردبوو، زۆر شانازییان بەوە دەکرد کە قوتابی تۆڤستۆنۆگۆڤ یان دودن بوون، ئەوانە لە بواری کارکردنیشدا بە بەرەوەبوون و لە شانۆ گەورەکاندا کاریان دەکرد.

لەوە خراپتر نییە لێگەڕێی ڕیژیسیۆرێکی فاشیل و دەست سپی دەرسی ڕیژیسیۆری بلێتەوە و لە ئاکامدا چەند ڕیژیسیۆرێکی لەخۆی فاشیلتر دروست دەبێ.

ڕیژیسیۆری قوتابی چاکتر وایە دوا بەرهەمی خۆی، ئەو بەرهەمەی کە پێی دەگوترێ بەرهەمی کۆتایی، لە ڕووسیادا پێی دەڵێن بەرهەمی دیپلۆم، لە دوا ساڵی خوێندندا لە یەکێ لە شانۆ ڕەسمییەکان دەربهێنێ، ئەمە بۆ ئەوەی بەر لەتەواوکردنی خوێندن هەر نەبێ ئەزموونێکی سەرتاسەری موحتەریفانەی هەبێ. بە واتەیەکی دی، ڕیژیسیۆری قوتابی دەبێ شانۆگەرییەک بۆ شانۆ دەربهێنێ کە لە هەموو ڕوویەکەوە پیشەکارانە بێ.

لەو بەرهەمەدا قوتابی دەبێ بەر لەوەی خوێندن تەواو بکا، کاری هونەریی خۆی وەکو ڕیژیسیۆرێکی پیشەکار بە ئەنجام بگەیەنێ. واتە لەم قۆناخی پراکتیک کردنەدا ڕیژیسیۆری قوتابی لەناو شانۆیەکی دەوڵەتیدا، بواری بۆ دەڕەخسێنرێ کە لەگەڵ هەموو ڕەهەندەکانی بەرهەمهێنانی شانۆگەرییەک ڕەفتار بکا، هەروەها لەگەڵ پسپۆڕان و تەکنیکاراندا کار بکات. ئەمە بە گشتی مودێلێکی سوێدی و وڵاتانی باکوورە.

### دەکرێ ڕیژیسیۆریی وەکو هەر بابەتێکی دیکە بخوێندرێ؟

ئەم پرسیارە زۆر دووبارە دەکرێتەوە. پێش پەیدابوونی بەشی ڕیژیسیۆری لە کۆلیجەکانی شانۆدا دەرچووانی بەشی نواندن بەگشتی دەبوون بە ڕیژیسیۆر. واتە وەکو ئەکتەر ڕادەهێنران، بەڵام پاشان دەبوون بە ڕیژیسیۆر. بەشی دەرهێنان لەکۆلیجەکانی درامادا مێژوویەکی دێرینیان نییە.

بەڵام پاش ئەوەی پیشەی ڕیژیسیۆر ڕەگ و ڕیشەی خۆی چەسپاندو ڕیژیسیۆر بوو بەخاوەن ڕۆڵێکی گەلێ گرنگ لە شانۆدا، پێداویستی خوێندنی ڕیژیسیۆری و پێگەیاندنی ڕیژیسیۆر لە پەیمانگا و کۆلیجەکانی شانۆدا بووە ئەمری واقیع، هەرچەندە تاکو ئێستاش گەلێ لەکۆلیجەکانی شانۆ لە بەشی دەرهێنان ڕازی نین، چونکە ئەو کۆلیجانە پێیان وایە کە ناگەنە ئەوئاکامەی کە مەبەستیانە.

گەلێ کەس پێی وایە کارکردن لەگەڵ یان لەلای ڕیژیسیۆرێکی وەستاو داهێنەر بەسە بۆ ئەوەی ئەویش ببێ بە ڕیژیسیۆر. لەم ڕووەوە نموونەی زۆر هەن. باربا کە ئێستا ڕیژیسیۆرێکی ناوداری جیهانە، لاوێک بوو لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا کاتێ کە لە ڕێگای یونسکۆوە خوێندنی شانۆی لە وارشۆ بۆ دەرچوو، بە ڕێکەوت لە بارێکدا گرۆتۆڤسکی دەناسێ، یەکسەر بڕیار دەدات دەست لە خوێندنەکەی هەڵبگرێ و سێ ساڵی ڕەبەق لەکاتی کارکردندا چاودێری گروتۆڤسکی دەکات. پاش ئەوەی گەلێ شتی لێوە فێردەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ نەرویج لەوێ گرووپێک پێکدێنێ و ڕێچکەی تایبەتی خۆی دەگرێت. دواتر خۆی و گرووپەکە نەرویج بەجێ دەهێڵن بۆ دانمارک.

### مامۆستا و قوتابی: پرۆفیل و شاگرد

مەترسی یان بڵێین گرفتی ئەم حاڵەتە لەوەدایە کە ئەگەر قوتابی لە ژێر دەستی وەستایەکی بلیمەت و خاوەن شەخسیەتێکی هونەریی بەهێز ببێ بەڕیژیسیۆر، زۆر بەزەحمەت دەتوانێ خۆی لە پرۆفیلی مامۆستاکەی دەرباز بکات، یان هەر نەبێ کاتێکی زۆری دەوێ تاکو خۆی لە کاریگەرێتی مامۆستاکەی ڕزگار بکات و سەربەخۆیی خۆی بسەلمێنێ. هەندێ جاریش ئەو سەربەخۆییە هەرگیز سەد لەسەد نایەتە ئەنجام.

نموونەیەکی دیکە مەیرهۆڵدە کە لە ستانیسلاڤسکییەوە فێری ڕیژیسیۆری بوو، پاشانیش ڕێگای تایبەتی خۆی گرتەبەر. لە سەرەتادا کە ستانیسلاڤسکی بەجێ هێشت ئاسان نەبوو وەکو ڕیژیسیۆرێکی گەنج و کەم ئەزموون دەست بەکاربێ. میێرهۆڵد وەک یاخییەک لە ستانیسلاڤسکی و شانۆی هونەری مۆسکۆ ڕێچکەی خۆی گرتەبەر. یاخی بوو لە مامۆستاکەی و کاری سەربەخۆی دوور لە شانۆی هونەریی مۆسکۆ دەست پێکرد، بەڵام دۆزینەوەی زمانێکی شانۆیی و ڕێچکەیەکی تایبەت بە تەواوەتی بە پێچەوانەی دامەزراوترین قوتابخانەی سەدەی بیستەم بۆ گەنجێکی بیست ساڵان هەر بەدەم ئاسان بوو.

ڕیژیسیۆری مامۆستا چەند بەتوانا و خاوەن پرۆفیل و ڕێبازی کامڵ بێ، ئەوەندە دەربازبوونی ڕیژیسیۆری قوتابی لە ڕکێف و کاریگەرێتی مامۆستاکەی سەختتر و درەنگتر دێتە ئەنجام. من پێم وایە ئەم دەربازکردنە قەت سەد لە سەد نابێ.

میێرهۆڵد دەڵێ هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی خۆم لە کاریگەرێتی ستانیسلاڤسکی ڕزگار بکەم. لە سەرەتادا هەرچیم دەکرد هەر لاساییکردنەوەی ئەو بوو، هەرچەندم دەکرد کە تایبەتمەندی خۆم بسەلمێنم، بەڵام هەر میزانسینەکانی ئەوم دووبارە دەکردەوە.

بیست ساڵ پاشتر کە ستانیسلاڤسکی شانۆنامەی

«مەندات»ی میرهۆڵد دەبینێ، بە دەرهێنانی دیمەنێکی ئەوەندە سەرسام دەبێ کە دەڵێ هەموو تەمەنم خەونم بەوەوە بینیوە بتوانم دیمەنێکی ئاوا دەربهێنم. بەر لە مردنیشی یوری باخر و شینی جێگری بەڕێوەبەری ئۆپێرا لێی دەپرسێ، پاش خۆتان کێ لەڕووسیادا جێگاتان دەگرێتەوە؟ ستانیسلاڤسکی لە وەڵامدا دەڵێ: لێرەو لە هەموو شوێنێکی دیکەدا، لە میرهۆڵد پترکەسی دیکە شک نابەم.

ستریهلەر پێی وایە کە ڕیژیسۆری لە بەشداری کردن و چاودێری کردنی شاگردەوە دێ بۆ ڕیژیسۆرێکی بە توانا، بەڵام دیراسەکردنی هونەری نواندن بە مەرجێکی گرنگ دادەنێ بۆ کەسێ بیەوێ ببێ بە ڕیژیسۆر. خانمە دراماتۆرگ و ڕیژیسۆری ئەمریکایی ماریا ئیرینا فۆرنێس پێی وایە هونەری دەرهێنان دەکرێ وەک هەر هونەرێکی دیکە لە کۆلیجەکاندا بخوێندرێ، بە مەرجێ لە وانەکاندا کار لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ فەزاو و میتۆدولۆگیای دەرهێنان بکرێ.

## کاری بەردەوام

ڕیژیسۆر لە سەرەتای ڕەوتی هونەریدا پێویستە بەردەوام کار بکا، تاکو تاقیکردنەوەیەکی باش پێک بهێنێ. هەرکە دەرفەتت بۆ ڕەخسا شانۆنامەیەک دەربهێنی، زوو ئەو دەرفەتە بقۆزەوە و لەکیسی خۆتی مەدە. دەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بدەی دەرفەت بۆ کارکردن بخوڵقێنی، هەوڵ بدە لەنێوان بەرهەمێک و بەرهەمێکی دیکەدا ماوەیەکی زۆر نەوەستی، ئەم نەزمی کارکردنە لە سەرەتای کار و ئەزموونی ڕیژیسۆردا گەلێ گرنگە، بۆ ئەوەی ئەزموون و دەستڕەنگینی و کارامەیی بەدەست بێنی.

ڕەنگە هەموو دەمێ بەئاسانی کاری ڕیژیسۆریت بۆ نەڕەخسێ، بەتایبەت بۆ ڕیژیسۆرێکی گەنج ولە سەرەتای ڕەوتی دەرهێناندا کار مەیسەرکردن زۆر ئاسان نییە. سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەش دوورکەوتنەوەی ڕیژیسۆر لە پیشەکەی کەلێنێک دروست دەکا و دوای دەخات. ئەو ڕیژیسۆرەی چەند ساڵێک بەرهەمی نەبێ و کاری ڕیژیسۆری نەکات، کە دەست بە کاردەکاتەوە وەک ئەوە وایە سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە. ڕیژیسۆر تەنیا بەکارکردنی بەردەوام فێری دەرهێنان دەبێ و ئەزموون پەیدادەکا.

چاوەڕێ مەکە تەنیا بەکتێب و خوێندنەوە زانیاری پەیدا بکەی، ڕاستە کتێب و خوێندنەوە گرنگن، بەڵام



هەرگیز جێگای ئەزموون و پراکتیک ناگرنەوە. ئەگەر دەتەوێ ببی بە ڕیژیسۆر ئەوەی دەیزانی بیخەرە گەڕ و وەکو برووک دەڵێ باوەڕ بە خەڵک بێنە کە ڕیژیسۆری.

## ئەرکەکانی ڕیژیسۆر

هەردەم ئەوەت لە یاد بێ کە کاری ڕیژیسۆری سێ لایەنی هەیە: لایەنی بەڕێوەبردن، لایەنی ڕێکخستن و لایەنی داهێنان. لایەنی یەکەم گەلێ گرنگە بۆ ئەوەی بتوانی پلانی داهێنانت بە ئەنجام بگەینی، بەڵام بە داخەوە ئەم لایەنە لەلایەن زۆربەی ڕیژیسۆرانی جیهانی ئێمەدا فەرامۆش دەکرێ. ئەوانەی کە دەیانەوێ ببن بە ڕیژیسۆر وا دەزانن تەنیا لایەنی هونەریی گرنگە، واتە لایەنی داهێنان و ئیدی لایەنی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن پشتگوێ دەخەن، ئەوانە بێ ئاگان لەوەی کە ئەم دوو لایەنە بەشێکی گەورەی کارەکەیان پێکدێنن. ئەگەر ڕیژیسۆر بەسەر ئەم دوولایەنەدا زاڵ نەبێ، ئەوە بۆچوون و فەنتازیا و ئەندێشە و داهێنانەکانی بەرجەستە ناکرێن. ئەمە هەر نەبێ لە شانۆی حیرەفیدا سەد لە سەد وایە. ڕەنگە لە شانۆی ئارەزوومەند (کاری سەر پێی و بێ پلان تا ڕادەیەک قەبوول بکرێت، بەڵام لە شانۆی دامەزراو و گەورە و دەوڵەتیدا توانای ڕیژیسۆر لە پلانڕێژی و بەرنامەدانان و بەڕێوەبردنی کاردا مەرجی سەرەکین. شانۆی پیشەکارانە تووشی کێشەیەکی سەخت دەبن لەگەڵ ئەو ڕیژیسۆرانەی کە لە بواری بەڕێوەبردن و سەرکردەکردنی گرووپ و کار هەڵسووڕاندنەوە لاوازن.

خۆئامادەکردن و پلانڕێژی نیوەی کاری ڕیژیسۆرە. ڕیژیسۆر دەبێ بزانێ چۆن پلانی یەک هەفتەیی و دوو هەفتەیی دابنێ، بە چەند کارەکەی پێ دەگا، قۆناخەکانی پێگەیاندنی بەرهەمەکەی چۆن دادەڕێژێ، واتە لە هەموو

دۆخێکدا کاری ڕێژیسیۆر دەبێ بە بەرنامە بێ.

### ڕێژیسیۆر و نوشستی

زۆرینەی ڕێژیسیۆرە بلیمەتەکان لە ستانیسلاڤسکی و میێرهۆڵد گرەیک و کۆپۆوە بە نوشوستی و فەشەلدا تێپەڕیون. ئەو ڕێژیسیۆرەی کار بکا و نەیەوێ خۆی دووبارە بکاتەوە، تەنیا سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بگرە تووشی فەشەل و نوشستیش دەبێ. ئەم ڕێسایە هەموو بوارەکانی ژیانی دەگرێتەوە. واتە گەر کار نەکەی نوشستی ناهێنی، بەڵام بە هەمان دەستوور سەرکەوتنیش بەدەست ناهێنی. گوتراوە سوار تاکو نەگلێ نابێ بە سوار، بەڵام سوار دەبێ دەرس و عیبرەت لە گلانەکەی وەربگرێ.

ڕێژیسیۆری زانا گەر فەشەل بهێنێ، تەنیا لە نمایشدا فەشەل دێنێ، بەڵام وەکو ئەزموون و تاقیکردنەوە قەت فەشەل ناهێنێ.

ئەو کەڵە ڕێژیسیۆرانەی کە لە مێژووی شانۆدا ناویان درەوشاوەیە هیچیان بێ نوشوستی ناوبانگیان بەدەست نەهێناوە، جیاوازی ئەوان لەوەدایە کە ئەوان سوودیان لە هەڵەکانیان وەرگرتووە و بە قازانج بۆیان گەڕاوەتەوە، چونکە دەرس و پەندیان لە نوشستی خۆیان وەرگرتووە، بەڵام ڕێژیسیۆری سەرنەکەوتوو نازانێ دەرس و پەند لە نوشستییەکانی وەربگرێت.

پەیژەکانی سەرکەوتن و سەرنەکەوتن تا ڕادەیەک لە یەک دەچن و سیمای هاوبەشیان هەیە. سەرکەوتنی ڕێژیسیۆر سێ جۆرە، سەرکەوتن لەسەر ئاستی بینەران یان جەمهوور، سەرکەوتن لەسەر ئاستی هونەر، واتە لەسەر ئاستی ڕەخنە، ئەمجا سەرکەوتن لەسەر ئاستی جەمهوور و ڕەخنە، هەردووکی پێکەوە، کە ئەمە چاکترین جۆری سەرکەوتنە.

گەلێ جار لە شانۆی ئەوروپاییدا شانۆگەرییەک کە لەسەر ئاستی هونەریی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە لەسەر ئاستی بینەران سەرکەوتن بەدەست دێنێ و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پێشکەش دەکرێت، ئەمە پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە، واتە لەمێژووی شانۆدا گەلێ نموونەمان هەیە کە لەسەر ئاستی بینەراندا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە نەک هەر سەرکەوتوو بووە، بگرە دەستکەوتێکی مەزن بووە و تەکانێکی دیکەی بەهونەری شانۆ داوە.

سەرنەکەوتنیش بە هەمان جۆر لەم سێ شێوەیەدا خۆی دەنوێنێ: فەشەل لەسەر ئاستی جەمهوور، فەشەل لەسەر ئاستی هونەریی، فەشەل لەسەر هەردوو ئاستی جەمهوور و هونەریش کە خراپترین و قورسترین جۆری فەشەلە.

بۆ ڕێژیسیۆری زانا هەموو نوشستییەک دەرسێکی نوێیە لەدەرهێناندا. ڕێژیسیۆرە بەتواناکان هەمیشە لەگەڵ ئەزموونی خۆیاندا ڕاستگۆن. خۆیان بەر لە هەموو کەسێ، بەر لە ڕەخنەگرو ڕۆژنامەنووسان هەڵە و لایەنی لاوازی خۆیان دەستنیشان دەکەن و دەیانخەنە ڕوو. ئەوان دەزانن چۆن فەشەلی هونەریی بکەن بە سەرکەوتن و دەرس و عیبرەتەکانی نەک هەر بۆ ئەزموونی شەخسی خۆیان، بگرە بۆ ڕەوتی شانۆ بە گشتی بە سوود بگێڕنەوە.

هیچ مایەی نەنگی و شوورەیی نییە گەر ڕێژیسیۆر لەکارێکدا یان لە چەند کارێکدا سەرنەکەوێ، بە مەرجێ دەرسی لێ وەرگرێ و لێوەی فێر بێ هەموو سەرنەکەوتن و فەشەلێک بۆ ڕێژیسیۆر دەبێ وانەیەک بێ و لە داهاتوودا ئەو فەشەلە دووبارە نەکاتەوە. گەر دەتەوێ تاقیکردنەوەیەکی نوێ بە ئەنجام بگەینی، دەبێ ئەوەشت لەبەر چاوبێ کە ڕەنگە تێیدا سەرنەکەوی، دەنا بۆچی ناوی تاقیکردنەوەی لێ نراوە. ئەمە نەک تەنیا بۆ خۆت پێویستە، بگرە بۆ کەسانی دیکەش و بۆ ڕەوتی شانۆ بەگشتی سوودبەخشە. جا بۆ ئەوەی هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە، جارێ بەر لە هەموو شتێک دەبێ بزانی هەڵەت کردووە، ئەگەر لەوە نەگەی کە هەڵەت کردووە، ئیدی بێ سوودە و پێش ناکەوی. ڕێژیسیۆر بەچی بزانێ هەڵەی کردووە؟ جارێ بەر لە هەموو شتێک ڕێژیسیۆر دەبێ مەدرەکی زەینی بەربڵاو و فراوان بێ، ڕۆشنبیر بێ و خاوەن ئەزموون بێ و لە بواری حیرەفیەت و سەنعەتەوە شارەزایی تەواو هەبێ. ڕێژیسیۆر دەبێ بزانێ خۆی لەکوێ وەستاوە، دەنا نازانێ سەرکەوتوو نییە. خۆ ئەگەر ڕێژیسیۆر خاوەن میتۆدبێ، زووتر لە نوشستی خۆی تێدەگات.

### ڕێژیسیۆر و ڕەخنە

ئەو ڕێژیسیۆرەی کە دەزانێ چۆن ڕەفتار لەگەڵ ڕەخنە دەکا، پێی دەگوترێ ڕێژیسیۆری پۆزەتیڤ بەرامبەر بە ڕەخنە. واتە ڕێژیسیۆرێکی کراوە و دەروون ئاواڵە و پۆزەتیڤ بەرامبەر بە ڕەخنە و ڕەخنەگران، دەزانێ چۆن گوێ لە ڕەخنە دەگرێ و چۆن ڕاستگۆیانە ڕەخنە قەبووڵ دەکا، لە سەرووی هەموو ئەمانەوە چاکتر وایە ڕێژیسیۆر توانای ئەوەی هەبێ خۆی ڕەخنە لە خۆی بگرێ و لایەنی

لاوازی کارەکان و ئەزموونی خۆی بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنێ.

خۆ ڕاهێنان لەسەر ئەم سایکۆلۆژیایە کارێکی ئاسان نییە پرۆسەیەکی دوور و درێژە و بۆ وەدی هێنانی ڕێژبسیۆر پێویستی بە ڕاهێنانێکی دەروونیی دوور و درێژ هەیە، کە تا چەندە زووتر خۆی لەسەر ڕابێنێ، ئەوەندە چاکترەو پتریش چێژ لە داهێنانەکانی وەردەگرێت. دەرهێنەری شانۆ تا زووتر خۆی ئاشنای ڕەخنە بکات و ببێ بە دۆستی ڕەخنە ئەوەندە بۆ خۆی و بۆ بەرهەمەکەی چاکترە. کە هەڵوێستی دۆستانەت لە ڕەخنە و ڕەخنەگر وەرگرت ئینجا فێردەبی چۆن ڕەخنە لە ڕەخنە بگری.

بۆ ڕێژبسیۆر گەلێ گرنگە ڕەخنەی خۆی بەرامبەر بە ڕەخنە یەکالا بکاتەوە، دەنا قەت نازانێ ئەو ڕەخنەیە بنەمایەکی هونەری و زانستی و مەنتیقی هەیە یان ڕێژبسیۆری گەنج هەر لەسەرەتای تەمەنی هونەریدا دەبێ ئەوە بزانێ کە کەس ئەوەندەی ڕێژبسیۆر ڕەخنەی نایەتە سەر. سەدا نەوەتی ئەو ڕەخنانەش بێ سەروبەرن و هیچ بناخەیەکیان نییە، بۆیە کە دەڵێین ڕەخنە قبوڵ بکە، ئەوە ناگەیەنێ کە بۆچوونەکانی ڕەخنەگر ڕاستن و چاک و خراپیان پەسند بکەی. نەخێر، تەنیا ئەوەندەیە دەبێ دەروونت لە ئاستیاندا گەورە بێ و ڕەخنەکان بە ئاسوودەییەوە وەرگری. لە هەمان کاتدا، ئەگەر ڕەخنەی ڕەخنەگرێکت پێ پەسەندە، لە جێبەجێکردنیاندا زۆر پەلە مەکە، تاکو بە تەواوەتی بۆت ساغ نەبێتەوە، ئایا بۆچوونەکانی ئەو ڕەخنەگرە بنەمایەکی پتەویان هەیە یان نا!

## ڕێژبسیۆر و نەرجسیەت و ستایش

ڕێژبسیۆر تاکو کەم گوێ لە ستایش بگرێ، ئەوەندە پێش دەکەوێ، چونکە ستایش تەنانەت ستایشی باشیش لە ڕەخنەی خراپ خراپترە. ستایش نەرجسیەتی ڕێژبسیۆر دەچەسپێنێ وخودی خۆی لەلا زاڵ دەکات، ئەمەش بۆ ڕێژبسیۆر کارەساتێکی گەورەیە و تەمەنێکی زۆری دەوێ تا لە داوی نەرجسیەت ڕزگاری بێت، ئەمە ئەگەر زۆر هۆشمەندانە کاری بۆ بکا. هەندێ جار ڕێژبسیۆر ناتوانێ چارەسەری (من) زل زال بووی خۆی بکا. ڕێژبسیۆری نەرجسی تەنانەت کە دەگاتە تافی پیری و ئۆغرکردن لەم جیهانە دەبێ دەوروبەرەکەی هەموو دەمێ ڕۆحی بە مەرهەمی ستایش و پێداهەڵدان چەور بکەن.



هەر ئەم نەرجسیەت و خۆ بە زلزانینەیە، کە سەبارەت بە وێنەی ڕێژبسیۆر، پرۆفیل و کلێشەیەکی ئەوتۆی لەزەینی خەڵکدا دروست کردووە، کە بەم جۆرەیە: «پۆز لێدەدا، خۆی گەلێ بە گەورە دەزانێ، کاتی نییە لەگەڵ هەموو کەسێک قسە بکا، تەنانەت ئەگەر خەریکی دۆمینەکردنیش بێت، زووهەڵدەچێ...

ڕێژبسیۆر زۆرجار چواردەوری بە کۆمەڵێک ستایشکەر و ماستاوچی تەنراوە و بەڕاست و بە درۆ فووی پێیدا دەکەن و پێیدا هەڵدەدەن. هەرچۆنێک بێ و بۆ هەر مەبەستێک بێ، کەسانی دەوروبەری ڕێژبسیۆرەکە دەزانن کە ئەو زۆر حەزی لە ستایشە و هەر لەبەر ئەو ستایشەیش ڕێزیان لێ دەگرێ.

ئەگەر ڕقت لە ڕێژبسیۆرێک دەبێتەوە برۆ ستایشی بکە و بە درۆ مەدحی بکە، بەتایبەتی لە خاڵە لاوازەکانیدا، ئەم شێوازە بەسەر ڕێژبسیۆری کەم ئەزمووندا تێدەپەڕێ، بەڵام ڕێژبسیۆری بە ئەزموون و پیشەکار ستایشی ساختەی بەسەردا تێناپەڕێ و پێی فریو ناخوات و تەنانەت بە ستایشی ڕاستەقینەش دەروونی نابزوێ، چونکە خۆی دەناسێ و منەتی پێ نییە، بۆیە لە ئەوروپادا چەند دەبێ لە ڕەخنەگرتندا ئاگاداربی، ئەوەندەش دەبێ لە ستایش و پێداهەڵناندا ئاگاداربی، چونکە ڕێژبسیۆری پیشەکار یەکسەر دەزانێ ڕاستگۆنیت، ڕێژبسیۆری پیشەکار خۆی بەهێزیی و لاوازی کارەکەی خۆی لە هەموو کەسێ باشتر دەزانێ و پێویستی بە ستایش نییە.

## شەیدای ستایش مەبە

خۆ ئەگەر هەر حەزت لە ستایش بێت، چاکتر وایە ڕووبەرووی خۆت نەبێ، یان بەلای کەمەوە چاوەڕێی مەبە

و وێڵ و شەیدای ئەوە مەبە کەسانێک ستایشت بکەن و دەست بەجێ کارەکەت بەرز بنرخێنن. کاتی خۆت بەم مەسەلەیەوە بە فیڕۆ مەدە و سەری خۆتی پێ مەیشێنە، بە کورتییەکەی ناوبانگی خۆت مەبەست نەبێ، تەنیا پرۆسە هونەرییەکە و پەرەسەندنیت لامەبەست بێ.

چێژ لە هونەرو داهێنانەکەت وەرگرە، نەک لەوە کە ناوت دەربکەوێ.

ئەوەش بزانە کە تۆ کاری داهێنەرانە ئەنجام بدەی درەنگ یان زوو هەر دەناسرێی، بەڵام هونەرەکەت نابێ بۆ ئەو مەبەستە بێت. داهێنان لەگەڵ زەماندا هاوشان دەڕوات و بە دەگمەن دەسبەجێ دەنرخێنرێ.

کەس ئەوەندەی ستانیسلاڤسکی دژ بە ستایش و پێداهەڵدان نەوەستاوە، کەسیش ئەوەندەی ئەو لە شانۆدا بەناوبانگ نییە.

ئەو چاک دەیزانی ستایش و پێدا هەڵدان، تەنانەت چەپڵەش بینای ڕۆحی هونەرمەند دەڕووخێنێ و ڕێگای نەشونماو پێشکەوتنی لێدەگرێ.

ڕیژیسیۆر بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لە داوی ڕووخێنەری ستایش دەرباز کا، دەبێ سواڵی مەدح و پێداهەڵنان نەکات.

ئەوە باش بزانە کە هیچ شتێک بە ئەندازەی ستایش ڕێگا لە تایبەتمەندێتی ناگرێ و نابێتە کۆسپ لەپێش ڕیژیسیۆردا لەوەی کە خۆی بێت و لە کەسێکی دیکە نەچێت، کە ئەمەش گرنگترین سیفەتی هونەریی ڕیژیسیۆری جیاو هەڵکەوتووە.

هەر لەسەرەتای ڕەوتی هونەریتدا وەکو ڕیژیسیۆر دەبێ بەر لە هەموو شتێک ئاگاداری نەرجسیەتی خۆت بی و ڕێگای لێ بگری و خودی خۆت لێ نەبێ بەکێو. ڕیژیسیۆر کە نەیتوانی لە داوی نەرجسیەتی خۆی ڕزگاری بێ، ئیدی هەموو کارێکی مامناوەندی خۆی لێ دەبێ بە شاکار و هەموو شاکارێکی خەڵکی دی لا دەبێ بەهیچ و هیچ کارێکی خراپی خۆی نابینی و بە بچووکترین ڕەخنەئاڵۆز دەبێ.

### تایبەتمەندی و جورئەت

نوێخوازی و تایبەتمەندێتی و پێشڕەوایەتی پێویستی بە جورئەت و ئازایەتییە. ئەگەر جورئەت و بوێری نەبێ، ناتوانی خۆت لە تاقیکردنەوەی نوێ بدەی. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ بەرگەی نوشستی بگری، بەڵام لە ئاکامدا لەوانەیە دەستکەوتێکی هونەری لە داهێناندا یان کەشفێکی گەورەی ئینسانی بەدەست بێنی.

دەڵێن لە ئەمریکا لە زۆر دامو دەستگای کار و بزنێسدا پتر ئەوانە پەسەند دەکرێن کە سەرکێش و بوێرن و لە پڕۆژەو بزنێسی گەورەدا بە فەشەل و ئیفلاسدا تێپەڕیون، چونکە پێیان وایە ئەوانە شانسیان زۆرترە لە کەسانێک کە نەیان وێراوە خۆیان لە مەترسی دەوڵەمەند بوون بدەن. ئەمانە لەلایەکەوە کەسانێکن خاوەن کارەکتەر و داهێنانن. دیارە بە جورئەتن، چونکە ڕێگای مەترسی و موغامەرەیان گرتۆتە بەر. ئەمانە ئیستا کەسانێکی بە ئەزموونن و سوودیان لە فەشەلی خۆیان وەرگرتووەو ئەو ئەزموونەیان کە بووە بەهۆی نوشستیان دووبارەی ناکەنەوە.

من پێم وایە تەنیا ڕیژیسیۆری بوێر و جیاو هەڵکەوتوو لە نوشستی و فەشەل ناترسێ. بە پێچەوانەوە ڕیژیسیۆرەکانی ناو شانۆ ڕەسمییەکان زۆر لە فەشەل دەترسن، ڕیژیسیۆرە پیشەکارە بەتواناکانی شانۆی تەقلیدی، گەلێ لە هەڵەو فەشەل دەترسن، چونکە جارێک دووان، فەشەلێک و دووان یەکسەر لە کاردەرکرێن، بە زەحمەت لە شانۆیەکی دیکەدا کاریان پێ دەسپێرن. هەر بۆیە بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کە ڕیژیسیۆرێکی ناو شانۆ ڕەسمییەکان بوێری هەڵە بکات و تەحەمولی فەشەل بکات، چونکە لە ڕاستیدا شانۆ ڕەسمییەکان نایانەوێ ببن بە تاقیگا و لابراتور بۆ ڕیژیسیۆرانی ئەزموونگەر.

### سەرکەوتنێک کە مایەی شەرمە
### نوشستییەک کە جێگای شانازیە

ئەزموونی مییرهۆڵد لە شانۆی گەورەی ئیمپەراتۆریدا باشترین بەڵگەیە. کاتێ کە مییر هۆڵد لەو شانۆیەدا دامەزرێندرا تاکە مەرجێکیان بەسەردا سەپاند، ئەویش ئەوەبوو کە بەلای کاری نوێخوازی و تاقیکردنەوەی نوێدا نەچێ! بەڵام تا چەند مییرهۆڵد ئەم مەرجەی ڕەچاوکرد! مییرهۆڵد فێڵی لێکردن و ئەو فێڵەش لای شارەزایانی شانۆ ئاشکرایە.

مییرهۆڵد دەڵێ: هەندێ سەرکەوتن هەن تا ڕادەیەک شەرمم پێیان دێ، نوشستی واش هەن شانازییان پێوە دەکەم.

### داهێنەران لە نوشستی ناترسێن

ئەوانەی کە لە تاقیکردنەوەکانیاندا جورئەتی فەشەلکردنیان هەیە، ئەوانەن کە دەیانەوێ جەخت لەسەر تایبەتمەندیی خۆیان بکەن و بە دوای فۆرم و شێوازو

زمانی نوێی دەربڕیندا دەگەڕێن. ئەوانە ڕازی نین بەوەی کە هەیە، چونکە دەزانن ئەوەی کە هەیە ئیدی دادیان نادات، هەموو ئاکامێکی سەرنەکەوتنیان قبوولە و ئامادەن هەموو دەستکەوت و پایەو سامانی دنیا لەو پێناوەدا دابنێن.

ئەوانە بەڕێوەبەر و خاوەن ئیشیان نییە تاکو لێیان بترسن نەبادا لە کارەکەیان دەربکرێن، زۆربەیان بلیمەتن خاوەن ئیشەکانیان خوا خۆیەتی، خوا لەسەر ئەرز دایمەزراندوون. ئەوانە کارمەندی کەس نین و تەنیا کارمەندی خودا خۆین. ئەزموونگەرانی ڕاستەقینەی هونەر وەکو مۆزارت، میکائیل ئەنجلۆ، باخ، مییرهۆڵد، پیکاسۆ ئەزموونگەری ڕاستەقینەی مێژووی هونەرن. ئەمانە هەموو داهێنەرانی بوێر ویاخین بە فەشەل و نوشستیدا تێپەڕیون و بە ئاکام و ئەنجامی مەزن و نەمر بۆ هەموو ئینسانیەت گەیشتوون. ئەمانە لە ڕەخنە نەترساون و باکیان بە ستایش و پێداهەڵنانی کەس نەبووە. ئەوانە گەلێ جیاوازن لەوانەی کە لاسایی ئەزموونگەرێکی دیکە دەکەنەوە کە ئەویش بە خۆی ئەزموونەکەی لە یەکێکی دیکەوە وەرگرتووە.

زۆربەمان ئاگاداری فەشەلی ستۆدیۆی پاڤارسکای مییرهۆڵدین، کە ستانیسلاڤسکی ئەوەندە پێی نیگەران بوو تا ڕدەیەک نەیهێشت بەرهەمەکانی ستۆدیۆکە نمایش بکرێن.

لەگەڵ ئەوەشدا دەستکەوت و ئاکامەکانی ئەو ستۆدیۆیە سەر لەبەری شانۆی ڕووسی گۆڕی و کلیلی شانۆی مۆدێرنی بە شانۆکارانی ڕووسیا بەخشی و بوو بەهۆی ئەوەی ستانیسلاڤسکی و مییرهۆڵد هەریەکەو لای خۆیەوە کار لەسەر بەدیهێنانی میتۆدێ بۆ هونەری ئەکتەر بکا.

بەڕاستی سەرنەکەوتنی ستۆدیۆ ساڵی ١٩٠٥ لە پێشکەشکردنی نمایشەکاندا، سەرنەکەوتنێکە شایەنی ئەوە بووە جێگای شانازی مییر هۆڵدبێ.

## ڕێژیسیۆر و سۆراخ و گەڕان

گەر باوەڕ بەو ڕاستییە بهێنین کە دەرهێنان پرۆسەیەکی زۆر شەخسییەو سەفەرێکە، بەهرەی تاکەکەسی ڕێژیسیۆر دەسەلمێنێ، گەر باوەڕ بەوە بێنین کە تۆ وەکو ڕێژیسیۆر دەبێ خۆت بیت و کەسی دیکە نەبیت و جیا هەڵکەوتوو بیت، دەبێ مافی ئەوە بە خۆت بدەی کە هەڵە بکەی، چونکە کەس بەڕاستی ناگات. دەستگا کولتوورییەکان و شانۆکان و تەنانەت جەمهووریش دەبێ لەوە تێبگەن و ڕابهێنرێن، کە ڕێژیسیۆر مافی ئەوەی هەیە هەڵە بکا و فەشەلیش بێنێ، بەڵام بە مەبەستی تاقیکردنەوەی بیر و کەرەستەی نوێ، واتە بە مەبەستی کەشف و داهێنان.

کاتێ کە لە شانۆی شاری یاڤلەدا لەگەڵ ڕێژیسیۆری سوێدی پێتەر ئۆسکارسۆندا کارم دەکرد، لە نزیکەوە ئەم بەسەرهاتەم لێ بینی کە لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێ بکەم. ئۆسکار سۆن دەیویست شانۆنامەی گالیلیێی برێخت لەگەڵ کۆمەڵێک لە ئەکتەرانی پیشەکار و ئارەزوومەند دەربهێنێ، پرۆژەکە لە ڕووی داراییەو پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کرابوو، بەڵام پیتەر لە فەشەلی هونەریی دەترسا، بەتایبەت ئەو ئەکتەرەی کە بڕیار وابو ڕۆڵی گالیلۆ ببینێ ئەکتەرێکی پیشەکار نەبوو، پیتەر لە کۆبوونەوەیەکی گشتی شانۆکەدا داوای ئەوەی کرد کە شانۆکە مافی ئەوەی بدەنێ کە فەشەل بهێنێ، چونکە سەرکەوتنی لە بارێکی ئاوەهادا مسۆگەر نییە. لێرەدا پرۆژەکە لە ڕووی هونەرییەوە گرنگ بوو، چونکە بۆ یەکەم جار دەیانویست ئەکتەرانی پیشەکار و ئارەزوومەند پێکەوە کار بکەن، بەڵام سەرکەوتنی مسۆگەر نەبوو.

ڕەوتی هونەری ڕێژیسیۆر خۆی لە خۆیدا سەفەرێکە بە موغامەرە و موجازەفە تەنراوە، سەفەرێکە فەشەل و نوشستی هەڵدەگرێ. ئەمە پەندێکە هەموو داستان و حیکایەتە دێرینەکان دووپاتیان کردۆتەوە. بەڕاستی ڕێژیسیۆرێ کە سۆراخی فۆرم و شێوازی نوێ دەکا وەکو پاڵەوانی ناو داستانەکان وایە، بۆ ئەوەی ڕێگا بدۆزێتەوە دەبێ گووم بێ، بەلانی کەمەوە جارێک دەبێ گوم بێ، دەنا سۆراخ و پشکنینەکەی ڕۆحی سەرکێشی و مەترسی تێدا نییە، دەنا بەئاسانی دەگاتە جێگای مەبەست و مەرامی خۆی بەدەست دێنێ. ئەنجامی گەورەو دەستکەوتی مەزنیش قەت بە ئاسانی نایەنەدی. تازە تاکو لەناو دارستانەکەدا بزر نەبێ، ڕێگا نادۆزێتەوە و ڕاستی بۆ دەرناکەوێ.

من پێم وایە مییر هۆڵد کە ناچاربوو شانۆی هونەری مۆسکۆ بەجێ بهێڵێ، لەسەرەتادا بزر بوو، نەیدەزانی چی ڕێگایەک بگرێتەبەر، ئەم بزربوونە یارمەتی دا ڕێگایەکی نوێ بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ڕێگایەک کە بوو بە شارێچکە بۆ هەموو شانۆکارانی شانۆی مۆدێرن. ئەگەرنا مییرهۆڵد هەروەکو یەکێ لە ئەکتەرانی ژێر دەستی ستانیسلاڤسکی و دانچینکۆ دەمایەوە. کێ مییرهۆڵدی هان دا تاکو گووم بێ؟ سروشت، هێزی گەورەی ئەفراندن،

گەردوون، خوا، ترووسکایی داهێنەرانەی ناو دەروونی خۆی. مییرهۆڵد گووم بوو بۆ ئەوەی ببێ بە شارەزایەکی ڕێگای هونەری مۆدێرن، پێغەمبەران کە ڕێگا نیشاندەرن سەرەتا دەبێ خۆیان گووم بن، دەنا کەس ڕێگاکە بۆ ئەوانی دیکە نادۆزێتەوە.. دیارە مییرهۆڵد دەنگێک لە ناوەوەی خۆیدا داوای لێ کرد لە ستانیسلاڤسکی جیابێتەوە و لەناو جەنگەڵی چروپڕی هونەردا وەکو باخ ون بێ و بە دوای ڕاستییەکی دیکەدا بگەڕێ، ئەوەندە بگەڕێ تاکو لە کۆتاییدا هەر لەسەر ئەو ڕاستییەش شەهید بکرێ.

سۆراخی داهێنەرە مەزنەکانی بەدوای ڕاستیدا لە پەیامی نوێکردنەوەو پێشەنگیدا، بەڵام تەفسیرێکی ئاسان و ڕوونی بۆ نییە. لە سەرچاوەیەکەوە هەڵدەقوڵێ کە تەنانەت سەنعەت و وەستایەتی و دەست ڕەنگینیش توانی وەڵامی بداتەوە. هەموومان دەزانین چۆن سالیری بەدەست بلیمەتیی و بەهرەی خوایانەی مۆزارتەوە دەینالاند بێ ئەوەی مۆزارت هەر ئاگایشی لێ بێ، بەڵام مۆزارت لە جیهانی هونەردا سەوداسەر بوو، سۆراخی ئەو شتەی دەکرد کە بۆ ئەو جەوهەری بوو، وا بزانم خواش یارمەتی دەدا، دەنا بۆچی یەکسەر نۆتی سیمفۆنیایەکی لەبەر دەکرد و لەناخی دەچەسپا، بێ ئەوەی جارێ نووسیبێتییەوە.

مییرهۆڵد کە لە ستانیسلاڤسکی جیادەبێتەوەو تیپێک دادەمەزرێنێ و لە سالێکدا حەفتاو نۆ شانۆگەریی دەردەهێنێ، دەبێ تەفسیر بۆ ئەمە چی بێ؟ ئەزنشتەین پێی وایە یەکێ لەبەرهەمە هەرە جوانەکانی مییرهۆڵد شانۆنامەی ماڵی بووکە شووشەی ئیبسنە، کە بەسێ ڕۆژ دەری هێناو و بە ئیمکانیاتێکی زۆر کەمەوە، لە کاتێکدا ڕیژیسێرێکی وەکو بێرگمان هەمان شانۆنامە بەهەموو ئیمکانیاتی شانۆیەکی دەوڵەمەندی وەکو شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵم و پاش چەند مانگ پرۆڤە ئەو ئەنجامە هونەرییەی لە ڕووی ئەزموون ونوێکردنەوەوە بە دەست ناهێنێ. دیارە لەبەر ئەوەیە چونکە مییرهۆڵد جورئەتی موغامەرەی هەبوو، تەحەمولی فەشەل و نوشستی دەکرد، دەیویرا لەناو جەنگەڵی داهێناندا گووم ببێ و ڕێگایەکی پڕ لە مەترسی بگرێتەبەر، بەڵام ڕێگایەکی نوێێ بۆ شانۆ و بۆ شانۆکارانی سەدەی بیستەم دۆزییەوە. بێرگمان حەزی لە ئیسراحەتەو نایەوێ ئەو ڕێگا پڕ مەترسییە بگرێتە بەر. ئەمە جگە لەجیاوازی بەهرەی هەردووکیان.

بێرگمان دەڵێ من باس لە نوێخوازی ناکەم، حەز دەکەم لە شانۆی دەوڵەتدا بە ئیسراحەت کاربکەم، چونکە ناوێرێ هەڵە بکا. بێرگمان لەگەڵ خۆیدا گەلێ ڕاستگۆیەو خۆی لە ئەزموونێک نادات کە ڕەنگە فەشەلی تێدا بەدەست بێنێ. هەروەها بێرگمان وەک ڕیژیسۆرێکی ئەوروپایی نایەوێ بەدرۆ و بۆ فشە لافی ئەزموونگەرێتی و ونوێخوازی لێ بدات، بەڵام بێرگمان ڕیژیسۆرێکی جیا هەڵکەوتووە، واتە خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی. کاتێکیش کە لە شانۆنامەی دوژمنی بەشەری مۆلێردا فەشەلی هێنا، دوای چەند مانگێکی پیشاندان شانۆنامەکەی ڕاگرت و ڕێگای نەدا لە نیویۆرک پیشان بدرێ، ئەم بڕیارەی بێرگمان زیانێکی دارایی زۆری بەشانۆی شاهانەی سویدی گەیاند، بەتایبەت کە پاپۆڕێکی گەورەیان بۆ گواستنەوەی دیکۆر و کەرەستەی شانۆنامەکە بۆ نیویۆرک تەرخان کردبوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستگۆیی و خۆشەویستی ڕیژسیۆری بۆ پیشەکەی خۆی سەلماند.

### پێ لەسەر هەڵەی خۆت دامەگرە

فەشەل عەیب و سووکی نییە، بەڵام خراپ ئەوەیە گەر ڕیژیسۆر لەوە تێنەگات کە کارەکە سەرنەکەوتووە. لەوەش خراپتر ئەوەیە کە پێ لە سەر هەڵەی خۆی دابگرێ و نەیەوێت دەرس لە فەشەلی خۆی وەربگرێ.

چەند بایەخ بەکارە سەرکەوتووەکانی ڕیژیسۆرەکانی دنیا دەدەی، ئەوەندەش بایەخ بەو ئەزموونانە بدە کە بە نوشستی شکاونەتەوە، گەلێ گرنگە بتوانی لە هەڵەی کەسانی دیکەوە فێربی، چونکە وەکو ئەدمیراڵ هیمان گ. ریکۆڤەری ئەمریکایی دەڵێ: تۆ ئەوەندە ناژی تاکو هەموو ئەو هەڵانە بکەی کە بەشەریەت کردوونیەتی. بۆیە تا دەتوانی سوود لە هەڵەی کەسانی دی وەربگرە.

ڕیژیسیۆری ئەڵمانی پیتەر شتاین دەڵێ سەرکەوتن و نوشستی هەمان شتن بۆ ڕیژیسیۆر، ئەم وتەیە زۆر ڕاستە بە تایبەت ئەگەر دەرس و پەندی لە دواوە بێت، چونکە ئەوەندەی سەرکەوتن زیان بە ڕیژیسیۆر دەگەینێ، نوشستی ئەوەندە زیانی پێ ناگەینێ، جگە لەوەی کە نوشستی بۆ ڕیژیسیۆری ژیر دەبێتە مایەی بە خۆداچوونەوەو سەر لەنوێ تیاهەڵچوونەوە.

گرنگ نییە هەڵە بکەی، گرنگ ئەوەیە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەیتەوە.

# له ساڵیادی کۆچی کەمانچەژەنی پەنجەزێڕین موجتەبای میرزادە

**وریا ئەحمەد**

ساڵی حەفتاکان لە ژێرکاریگەری نەغمەی ئەو هونەرمەندە پایەبەرزەدا، کە هەست و هۆشی بۆ لای خۆی ڕاپێچ کردبووم، لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا نووسینێکم بەم ناونشانەی خوارەوە:


(مۆسیقاژەنی کورد سەربازێکی نەناسراوە) بڵاوکردەوە، کورتەی ئەونووسینەم: کە نووسەری برا- مەحمود زامدار-یش دەزانێت، بیریان چووبوو ناوی نووسەری ئەو وتارە (واتە ناوی من) لە تەکیا دابنێن! باسی لە بلیمەتی هونەرمەند (میرزادە) دەکرد، هەرچەندە مخابن ئەو کاتە ناوی ئەو نەمرەم نەدەزانی، باسی ئەوەم دەکرد کە (حەسەن زیرەک) کاتێک لە ئێزگەی کوردی بەغدا، گۆرانی تۆمارکرد جیاوازییەکی ئەوتۆی لە ڕووی هونەرییەوە، لەگەڵ گۆرانیبێژانی بۆ نموونە وەک: (ئەحمەدی شێخاڵی)دا، کە ئەو کاتە لەو ئێزگەیەدا کاریا دەکرد نەبوو، کاتێک حەسەن زیرەک ناوی دایەوەو بوو بەم هونەرمەندە پایەبەرزەی ئەمڕۆمان، ئەوکات بوو، کە کەمانچەژەنی پەنجەشیرین و پەنجە سیحراوی (میرزادە)ی ناسی و گۆرانییەکانی (نەورۆز، کرماشان شاری شیرینم، چارۆگە هەولێری، ئەرێ بەناز..... و) دەیان گۆرانی دیکە، کە میرزادە بەو پەنجە ناسکانەی، ئەو پەنجانەی گوڵ و ڕاوی هەنگوینیان لێدەباری، مۆزیکی ئەو گۆرانیانەی بۆ زیرەک ڕازاندنەوەو ئاوازەکانی شیرینترکردن، لەوەی کە هەبوون، ئاوازەکانی بۆ زیرەک، ڕازاوەو هونەر ئامێزتر کردن.

خۆشبەختانە ئەمساڵ لە بەرنامەیەک زیاتری

تەلەفزیۆنەکانی خۆماندا، کە هەر بە بۆنەی ساڵیادی کۆچی، هونەرمەندی شاری کرماشان و هەموو کورد، میرزادە ئامادەکرابوون، گوێبیست بووم: (میرزادە هەر لە سەردەمی منداڵییەوە بەهرەیەکی گەورەی هەبووە، کەچی ئامێری موزیک نەبووە، ئەم کارە وای لێکردووە وەک زۆر لە هونەرمەندانی دی، پەنابباتە بەر سەلیقەی منداڵی خۆی، بەڵکو بتوانێت بەهرەکەی پێ دامرکێنێت و نەختێ هەست بە حەسانەوەو ئارامی ناخ بکات، ئەوەتا ئامێری موزیکی لە گوێزان دروست کردووە، موزیک لای هەندێ کەس عیشقەو ناتوانێت دەستبەرداری بێت، میرزادە جاری یەکەم دەستی داوەتە ئامێری (سەنتوور) و چەندین شەو نەنووستووە تا کەمێ فێری ژەنینی بووە، دواتر لە دۆستێکی باوکی نەختێک فێری سەرەتاکانی ژەنینی ئامێری (ڤیۆلین- کەمانچە) بووە، بۆیە باوکی کەمانچەیەکی بۆ دەکڕێت و لە ماوەی پێنج مانگدا، لەسەر شانۆی قوتابخانەکەی دەوەستێت و ئامێری ڤیۆلین بۆ برادەرانی خۆی، هاوپۆلانی دەژەنێت! باوکی گەلێ جاران بەتایبەتی ئەوجارانەی لێی عادزبووە کەمانچەکەی لێ شاردۆتەوەو ئەم کارش بۆتە هۆی نیگەرانی میرزادە، دواتر لە (تاران) لای مامۆستایەک، نۆتە و تیۆری موزیک دەخوێنێت، بەڵام دیارە ئەو مامۆستایە (وەک میرزادە خۆی باسی کردووە) زۆر لەسەر خۆو میرزادەش بۆ فێربوون بە پەلەبووە، بۆیە هەرزوو ئەو مامۆستایەی جێ هێشتووە.

میرزادە بەهۆی گۆڤاری هەفتانەی (موزیک ئێران)ەوە، کە هەر ژمارەی نۆتی گۆرانییەکی بڵاوکردۆتەوە، بە بەراوردکردنی نۆتی ئەو گۆرانییە لەگەڵ کاسێتی ئەو گۆرانییەدا، خۆی فێری خوێندنەوەی نۆتی موزیک کردووە.

کاک (محەمەدی کەمانگەر) کە خەڵکی شاری کرماشانەو هەر لە قۆناغی سەرەتاییشەوە، هاوپۆلی میرزادە بووە دەڵێت: (لە پۆلی شەشەمی سەرەتاییدا هەفتەی ڕۆژێک مامۆستا (خان بابا خانی خوسرەوانی) دەرسی موزیکی پێمان دەدا، لە قۆناغی ناوەندیش میرزادە ڤیۆلینی لێ دەدا، ئەوەندە هەیە ئەوکات زۆر خولیای موزیکی کوردی نەبوو، ئاوازی کوردیشی چاک نەدەناسی! بەڵام ساڵی (١٩٦٢) کاتێک زیرەک لە (تاران)ەوە بۆ (کرماشان) گواستراوەتەوە میرزادە


موجتەبای میرزادە

تیپێکی موزیکی لە ڕایۆی کرماشان پێک هێنا، هەردوو هونەرمەندی نەمر (میرزادە) و (زیرەک) زۆر لە یەکتری دەگەیشتن و دواتر میرزادە شەو و ڕۆژ، لەگەڵ ئاوازەکانی زیرەکدا ئاوێتە بووبوو، هەر ئەوکاتەش بوو، زیرەک میرزادەی بەرەو دنیای موزیکی کوردی هێنا، ئەوکاتە لە تاران سێ ئۆرکسترای موزیک هەبوون:

١- مستەفای خوسرەوی بەسەرپەرشتی (نەقیسە).

٢- فارابی بەسەرپەرشتی (حەنانە).

٣- باربود بەسەرپەرشتی (فەرەیدوونی ناز).

میرزادە لە چاوپێکەوتنێکی زووتری تەلەفزیۆنیدا گوتبووی: (باشترین شانس بۆ من ئەوەبوو، ماوەیەک بە یەکەوە (لە ئێزگەی کرماشان) لەگەڵ (زیرەک)دا کاربکەین! هەروەها گوتبووی: زۆر بەزەحمەت و دەردەسەری توانیم فێری نووسین و خوێندنەوەی نۆتی موزیکی بم دواتر گوتبووی: من بە دڵ کوردم و هەموو موزیک و ئەوانەیشم کوردین! کاتێک بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان موزیکی فارسیم لەگەڵ هونەرمەندانی وەک: شەجەریان، گوڵپایگانی، هایدە، موعین، مەهەستی... دەژەند، چونکە مخابن ئەو وەختە موزیکی کوردی بژێوی

بۆ هونەرمەند دەستەبەر نەدەکرد! ئەو هونەرمەندانە دەیانگوت: موزیکی تۆ کوردییە، کێوبیە، مل بۆ هیچ ڕێساو تیۆرییەکی موزیک کەچ ناکات!؟ ڕاستیان دەکرد، چونکە کەمانەکەی من کوردی دەدوا!!)

بۆیە من ڕام وایە بۆ هونەرمەند یەکەم جار (بەهرە) گرنگە، بەهرە ئەگەر لە کەسێکدا ڕەنگدانەوەی بوو، وەک (تۆو) وایە هەروەک چۆن تۆیەکە لەکاتی ڕوواندا پێویستی بە (خاک + ئاو + ڕووناکی... تاد) هەیە، بەهرەکەش گەر بوو، بۆ نەشونما و بەرەوپێشچوونی، پێویستی بە (خوێندن + شەونخوونی + بەردەوامی + پرۆڤەکردن.... تاد) هەیە!

بەهرەی میرزادە تۆوێکی نایاب بوو، بەڵام ئەو شتانەی لەسەرەوە باسم کردن کە بۆ بەرەو پێشبردنی بەهرە گرنگن، مخابن بۆ ئەو هونەرمەندەو دەیان هونەرمەندی بەهرەداری دیکەی خۆمان، دیسان مخابن مەیسەر نەبوون، چونکە بەهرەکەی میرزادە بەهرەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکو بەهرەیەک بوو هیچ کۆسپ و تەگەرەو بەربەستێک، نەیدەتوانی ڕێگەی پێ بگرێت و تووشی سڵەمینەوەی بکات! بۆیە وزەو تینی لەبن نەهاتووی بەهرەکەی ئەو نەمرە، دانی بەبوونی ئەو شتانە دانەدەنا کە دەهاتنە سەر ڕێگەی بەرەو پێشچوونی، هەموویانی بڕکردو ڕۆژدوای ڕۆژیش بەرەو پێشتر هەنگاوی دەنا!

بیرمە کۆتایی شەستەکان، هونەرمەند (ئەنوەر قەرەداخی- ئەوکاتە وەک موزیکژەن لە کوردستانی خۆمان ناوداربوو) لەلایەن هونەرمەندانی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەوە، بۆ کۆیە داوەت کرابوو، منیش کە جارێ هێشتا قوتابی بووم و تازە دەستم دابووە موزیک، بەڵام لە هەموو سەیرانەکانی چنارۆک و حەمامۆک، کە بە بۆنەی هاتنی هونەرمەند مامۆستا ئەنوەرەوە دەکران ئامادەبووم، ئەوکاتە بەزۆری موزیکی گۆرانییەکانی گۆرانیبێژی ناودار (کەلسووم)مان دەژەند! دیارە ئەوکات وەک ئەمڕۆ نەبوو، موزیک و بەرهەمی هونەری خۆمان بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران و ئەوانەی هەشبوون بەداخەوە کرچ و کاڵ بوون! کاتێکیش ئامادەبوونی ئەو کۆڕ و کۆبوونەوە هونەریانە داوای ژەنینی بەرهەمی کوردییان لێدەکردین، بیرمە چەند گۆرانییەکی نەمر (زیرەک)مان دەژەند، وەک گۆرانی (لۆرکێ و لۆرکێ) کە لەلایەن میرزادەوە موزیکیان بۆ ئامادەکرابوو! بیرمە زۆرمان بە لاوە سەیربوو کە موزیکی ئەو گۆرانییانە کۆپی گوتنەکان نەبوون!

– چونکە ئەوکات واباو بوو–، مەبەستمە بڵێم جارێ هێشتا نە (تیپی مۆسیقای سلێمانی) و نە (تیپی مۆسیقای باواجی- کۆیە) و نە هیچ تیپێکی دیکەی لای خۆمان، نە لە ڕادیۆ نە لە تەلەفزیۆنیشدا هێشتا بەرهەمی گۆرانی و موزیکمان بە تۆمارنەگەیاندبوو، من پێ لەو ڕاستییە دەنێم و ڕاشکاوانە دەڵێم: ئامادەکردنی موزیکی لەو جۆرە، واتە موزیکی پێشەکی گۆرانی کە جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئاوازی گۆرانییەکەدا، بەش بەحاڵی خۆم لە هونەرمەندی پایەبەرز میرزادەوە فێری بووم! شایانی باسە پارەکە بۆ یەکەم جار بە دیداری ئەو هونەرمەندە پایەبەرزە شاد بووم و چەند ڕۆژێک لە تەک یەکتریدا لە ناو هۆڵی فێستیڤاڵی (موزیک) کە ئینستیوتی کەلەپووری کورد، لە سلێمانی سازی دابوو دانیشتین، کاتێک هەردووکمان بە سوپاسەوە بۆ ئەو فێستیڤاڵە داوەت کرابووین، لە یادی کۆچەکەیدا پارساڵ میرزادەم بەکێوی دووەمی (بێستوون)ی شاری کرماشان شوبهاند، ئەمڕۆش نەک هەر خەڵکی شاری کرماشان، بگرە تەواوی کوردان لە هەر کوێیەک هەن، بۆیان هەیە لافی ئەوە لێبدەن و شانازی بەخۆوە بکەن کە کەمانچەژەنێکی بلیمەت و پەنجەزێڕین و ئەرەنجمەندێنتێکی بەتوانای وەک(میرزادە)یان هەبووە، میرزادە لە تاران عاشقی کچێک دەبێت و دەیکاتە هاوسەر و (٤٠) ساڵ ژیانی لەگەڵدا بەسەردەبات.

میرزادەی نەمر ڕۆژی (١٨)ی تەمووزی ساڵی (٢٠٠٥) بە وەستانی کتوپڕی دڵ بۆ دواجار ماڵئاوایی لێ کردین.

**٢٠٠٦/٧/٢٥**

# کامیرا چۆن کار دەکات

فارس سەعدی




گشت کامیرایەک تەنانەت ئەوانەی زۆر ئاڵۆز و پێشکەوتووشن بەهەمان شێواز کار دەکەن. گشتیان لە شێوەی سندووقێکی داخراوی ناو تاریکن، بواری بڕێکی دیاریکراوی ڕووناکی دەدەن بچێتە ژوورەوە بۆ ئەنجامدانی وێنەیەک لەسەر فیلمی هەستیاری ناوەوەی. زۆر گرنگە ئەو بڕە ڕووناکییە بە پێی پێویستی بێت، هەر بۆیەش ئامرازەکانی کامیرایان زیاد کردووە هەر بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەو بڕە ڕووناکییە تا بتوانرێ بەهۆیەوە وێنەی ڕێکمان دەست بکەوێ.

ڕووناکی لەمیانی هاوێنەوە دەچێتە ناو کامیرا، کە بریتییە لە چەند پارچە شووشەیەکی قۆقز و قۆپاو بەشێوەیەکی تایبەتی لەناو لوولەکێک دانراون تا وێنە بەڕێکی لەسەر فیلمی هەستیاری ناو کامیراکە ئەنجام بدەن.

کامیرا چەندین جۆرە کۆنترۆڵیان هەیە، بگرە کامیرایەکی سادەو ساکار کە هێندە ماندوو بوونی ناوێ دەتوانی وێنەی گونجاوی لەبەر ڕووناکی تەواو پێ بگری، بەڵام بەکامیرای پێشکەوتوو کە کۆنترۆڵی زیاتری تێدایە دەتوانی لەبەر ڕووناکی کزو حاڵەتی زۆر جۆراوجۆردا بە چەندین بار وێنەی ڕێک و جوانی پێ بگری، بەمەرجێ شارەزایی تەواوت لەسەری هەبێ و ڕووناکییەکان بەجوانی کۆنترۆڵ بکەی.

**دیارکەری دیمەن**

هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە، بریتییە لە پەنجەرەیەکی

بچووک لە میانیدا بەشێک لە دیمەنی بەرامبەر کامیرای پێ دیاری دەکرێت کە وێنەگر مەبەستییەتی وێنەی بگرێت. هەندێ کامیرا دیارکەری دیمەنی ڕاستەوخۆی هەیە وەک لە کامیرا کۆمپاکتەکان، هەندێکی تر لە میانی هاوێنەی کامیراوە لەگەڵ ئاوێنەیەکی (٤٥)ی دیمەنەکە دەبینرێ لە کامیرای ڕفلێکسدا، ئەو دیمەنەی وێنەی دەگیرێت بەهەمان شێوە بەدی دەکرێت بەر لە گرتنەکەی.

لە کامیرای ساکار و سادەدا وەک کامیرای کۆمپاکت دیارکەری دیمەن ڕاستەوخۆیەو جیایە لەگەڵ هاوێنەی کامیرا، بەدیارکەر ڕاستەوخۆ دیمەنەکە دەبینی، بەڵام هاوێنەش بەجیا وێنەکە دەگرێت، لەبەر ئەوەی دیارکەری دیمەن لەسەرەوەی هاوێنەیە، بۆیە هەندێ جیاوازیی لەنێوان ئەو دیمەنەی دەبینرێ لەگەڵ هەمان دیمەن کە دەگیرێ دەبێت، بەتایبەتی گەر بابەتەکە لە کامیراوە زۆر نزیک بێت جیاوازییەکە زۆر دەبێت و جۆرە هەڵەیەک ڕوودەدات، کە پێی دەگوترێ هەڵەی (پارالێکس)، لەناو وێنەگرەکان بەسەر قرتاندن، یان پەڕاندن باوە (بۆ نموونە: دەگوترێ ئاگات لێمان بێ سەرمان نەپەڕێنی لە وێنەکەدا). هەر لەمیانی دیارکەری دیمەندا چوار چێوەو هێڵی نیمچە ڕوون بەدی دەکرێ وەک ڕێبەرێکە بۆ وێنەگر تا بتوانی بەهۆیەوە دوورکەوێتەوە لە هەڵەی پارالێکس گەر بابەتەکەت لە (٢)م نزیکتر بوو.

ئەو کامیرانەی ڕفلێکسن ئەم گرفتە دروست ناکەن، چونکە لە میانی هاوێنەکانیانەوە دیارکەری دیمەن وێنەکە نیشان دەدات، بۆیە ئەوەی دەبینرێ هەمان شت لە وێنەکەدا دەردەچێت.

| دیارکەری دیمەنی ڕاستەوخۆ | دیارکەری دیمەنی ڕفلێکس |
|---|---|

## کونی هاوێنە

کونی هاوێنە دەکەوێتە پێشەوەی کامیرا، لەجیاتی شووشەکانی هاوێنەی کامیرادا دانراوە، کۆنترۆڵی بڕی ڕووناکی دەکات کە دەچێتە ناو کامیرا بۆ ئەنجامدانی وێنە.

لە کامیرای پێشکەوتوودا ئەم کونە بە گوێرەی پێویستی وێنەگرو دۆخەکە گەورەو بچووک دەکرێتەوە. بۆ



نموونە: لە ڕۆژێکی هەورو ڕووناکی کزدا پێویستە کونی هاوێنە گەورە بکەیت و لە ڕۆژێکی زۆر ڕووناک و شوێنی زۆر ڕۆشندا کونی بچووکی هاوێنە بەکاربهێنی تا بڕی ڕووناکییەکە کەم بکەیتەوە.

ئەگەر کامیرایەکی ڕفلێکسی پێشکەوتوو هەبوو، تەماشای لوولەکی هاوێنەکە بکەی، دەبینی چەند نمرەیەک دانراون، نیشانەی گەورەکردن و بچووک کردنەوەی کونی هاوێنەن پێیان دەگوترێ (نمرەی- F) واتە ژمارە تیشکۆییەکان بەگشتی لە (f- 1.4) و (f- 2) دەست پێدەکات تا دەگاتە (f- 11) و (f- 16) و (f- 22).

تا ژمارەکان بچووک بن کونەکە گەورەتر دەبێت و زیاتر بواری بڕی ڕووناکی دەدات بچێتە ژوورەوە، بۆیە ئەو هاوێنانەی بچووکترین ژمارەی کونی هاوێنەیان بەسەرەوەیە وەک (f-1.4) زۆر بەهێزن و لە شوێنی زۆر کەم ڕۆشندا دەتوانرێ وێنەیان پێ بگیرێ. تا ژمارەکەش گەورەتر بێت کونەکە بچووکتر دەبێتەوە، بۆیە (f-22) بچووکترین کونی هاوێنەیە لەوانەی زۆر باون.

لەگەڵ ئەوەی کونی هاوێنە بۆ مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی بڕی ڕووناکی بەکار دەهێنرێ، ئەوە بۆ مەبەستێکی تریش بەکاردێت گەر شارەزاییت پەیداکرد، ئەویش بۆ گۆڕینی قووڵی مەیدانی وێنەکەیە، قووڵی مەیدانیش بریتییە لەو ڕووبەرە لە پێشەوە تا باکگراوند کە گشت شتەکانی لە وێنەکەدا بەڕێکی دەربچن و فۆکەس بن، یان دەتوانین بڵێین نزیکترین خاڵ بۆ کامیرا تا دەگاتە دوورترین خاڵ کە شتەکان بە ڕێکی و جوانی وێنەیان دەربچێت. دیسانەوە گەر تەماشای سەر لوولەکی هاوێنە بکەی دەبینی پێوەرێکی لەسەرە بۆ زانینی قووڵی مەیدان دانراوە، لەلای ڕاست و لەلای چەپ ژمارەکانی کونی هاوێنە دووبارە نووسراون کە دەکەونە بەرامبەر سکێڵی

یان پێـوەری مـاوە. هەر ژمـارەیەک دوو دووری نیـشـان دەکـات، جیـاوازی نێـوان ئەو دوو دوورییە بریتـییـە لە قوولّی مەیدان. بەگشتی دەبینی تا کونەکە گەورەتر بێت قـوولّی مـەیدان کـەمـەو تا کـونەکـە بچـووکـتـر بکرێتـەوە هێندە قـوولّی مـەیدان زیاتر دەبێت. بۆیە گـەر بمانەوێ وێنەی پۆرتریتی مـرۆڤـێـک بگرین تـەنیـا دەمــوچاوی کـەسـەکـە جـوان دەرچێت و پشـتـەکـەشی لێلّ بێت، واتە فـۆکـەس نەبێت لەم حـالّـەتە پێـویسـتی کـونی گـەورەی هاوێنە بەکاربهێنرێ وەک (f-2) یـا (f- 2-8)، بـەلاّم بۆ دیمەنی سروشتی بتەوێ دوورو نزیک ساف دەربچێت بچـووکـتـرین کـونی هاوێنە وەک (f-16) و (f-22) بەکاربهێنە.

**داخەر**

داخـەر وەک دەرگـایەکـە دەکـرێتـەوە و دادەخـرێت لە مـاوەیەکی زۆر کـورتدا، کـە بریتـیـیـە لە چەند بەشێکی چرکەدا، ڕێگا بەو ڕووناکییە دەدات کە لە میـانی کـونی هاوێنەی کـامـیـراکـەوە دێت ژووری بەر فـیـلـمـە کـە دەکـەوێت. لەسـەر کـامـیـرا دوگـمـەیەک هەیە بۆ داخـەر (شـەتەر) تەقـانـدن، لەگـەلّ هەر شـەتەر تەقـانـدنێـک وێنەیەک دەگرێت. وەک چۆن کونی هاوێنە نمرە نمرە کراوە، ئەمـیـش هەمـان شت بەلاّم بەشـێـوەی ١٠٠٠، ٥٠٠، ٢٥٠، ١٢٥، ٦٠، .... تا دەگـاتە (١١چرکـە. هەر ژمــارەیەک لەوانە نیــشــانەی بۆ نموونە مـــاوەی (١/١٠٠٠)ی چرکەیە. تێبینی ئەوەش بکە دەبینی هەر ژمارەیەک نیو هێندەی ئەوەی پێش خۆیەتی، ئەمەیان بۆ ئاسـانکاری کۆنتـرۆلّ کردنی بڕی ڕووناکـیـان بەم شێـوە داناوە. تا کـونی بچـووکی هاوێنە بەکـاربێنی پێـویسـتـە خێرایی داخەر کەمتر بکەیتەوە، بۆ نموونە لەجیاتی کونی (f-8) لەگەلّ خـێرایی (١٢٥) دەتوانی کـونی (f-22) لەگەلّ خێرایی (30) بەکاربهێنی. خێرایی داخەر جگە لەوەی کـۆنتـرۆلّی بڕی ڕووناکی پێ دەکرێ ئەوە سـوودی ئەوەشی هەیە بەخـێـرایی بەرز دەتوانرێ جـوولّەی پێ ببـەسـتی، واتە گـەر بتــەوێ بابەتێکی بزۆک لەکـاتی جوولّەدا وێنەی بگری، بە بەکارهێنانی خێراییەکی بەرزی داخـــەر جــوولّەی دەبەســتــرێ و وێنەیەکی جــوانی دەردەچێت.. هەروەها خـێــرایی بەرز وات لێ دەکــات لەرزینی کامیرا لەدەست ڕوونەدات، یان کار لە وێنەکەت نەکـات، چونکە لەخـێـرایی سـست، یان نزمـدا لەرزینی کامیرا کار لە ئاکامی وێنەکە دەکات وەک وێنەیەکی لێلّ دەردەچێت، جوانی و ڕێکی لە دەست دەدات.

پێـوەندی نێـوان ئەم دوو ئامـرازە گرنگە کونی هاوێنەو داخەر زۆر گرنگە، کە هەردووکیـشیـان بۆ کۆنترۆلّ کردنی بڕی ڕووناکی دانراون، بەلاّم زانینی بەکارهێنانیـان بواری ئەوەت دەدات وێنەی جوان و شەنگ ئەنجام بدەی.

هەلّبـەتە لە کامیرای پێشکەوتوودا بەتایبەتی لە جۆری (SLR) واتە تاک هاوێنەی ڕفلێکسدا ئەم پێوەندییە بە ئاســـانی دەدۆزرێتـــەوە و بەهۆ لایت مــــیـــتـــەرەوە بەکاردەهێنرێ، ئەمیش ئامرازێکە لەناو کامیرادا دانراوە بۆ پێوانەی بڕی ڕووناکی پێویست، دەستنیشـانی کونی هاوێنە بەرامبەر بەخێراییەکی داخەر دەکات.

هەروەها لایت مـیـتـەریش هەیە بەجـیـاواز لە کـامـیـرا جۆری دەستی بەکاردەهێنرێ بۆ هەمان مەبەست.

بەلایت مـیـتـەر ئێکسپۆزەری ڕاست و دروستت دەست دەکـەوێ، بۆ ئاسـانکاری کـونەکـانی هاوێنەش وا نمرە نمرە کراون کە هەر نمرەیەک نیو هێندەی نمرەی پێش خۆی بڕی ڕووناکی لێ دەگـەڕێ بچێـتە ژووری واتە (f-11) نیــو هێندەی (f-8) ڕێگا دەدات و (f-8) نیو هێندەی (f-5-6) ئا بـەم شـێـوەیە بەردەوام دەبێت. بۆیە دەکـرێ لە جیاتی (f-11) لەگەلّ (1/125)ی چرکە (f-8) لەگەلّ (1/250) بەکـــاربێنین، یان (f-5-6) لـەگـــــەلّ (١/٥٠٠).

بە گـــوێرەی ئەو بابەتەی کـــە دەتەوێ وێنەی بگری دەتوانی دەستنیشـانی خێرای گونجاوی داخەر بکەیت بۆ نموونە: گـــەر بتـــەوێ وێنەی ئۆتۆمـــبـــیـلێک، یان ماتۆڕسکلێک لەکـاتی ڕۆیشـتنیـاندا بەخێـراییەکی مام ناوەندی بڕۆن پێویستیت بەخێرایی (١/٥٠٠)ی چرکە دەبێت بۆ ڕاگرتنی جوولّەکانیان و تا بەلێلّیش دەرنەچن، بۆ ئەم خێراییە لەوەیە کونی هاوێنەی (f-5-6) یا (f-4) گـونجـاوبن، لەم حـالّەتەدا دەبێ زۆر ئاگـات لە بابەتەکـەت بێت لە فـۆکـەس کـردنی، چونکە قـوولّی مەیدانت زۆر کەم دەبێت لەگەلّ ئەم دوو کونەدا، بەلاّم بۆ چارەسـەری ئەم گرفـتـە ئەوە چەندین جـۆرە فـیلم بەرهەم هێنراون کە هەستەوەریان زۆر بەرزە، دەتوانرێ لەگەلّیاندا کـونی بچـووکی هاوێنە بەکـاربهـێنرێ و بەمـەش قـوولّی مەیدانت زیاتر دەبێت و بە ئاسانتریش وێنەی گونجاوت دەست دەکەوێ.

**فۆکەس کردن**

ئەو کامیرانەی پێشکەوتوون، بەر لە وێنەگرتن پێویستیان بە فۆکەس کردنی هاوێنەکانیان هەیە، ئنجا ئەم کردارە چ بەدەستی وێنەگر ئەنجام بدرێ، واتە بە مانیوەڵێ یان کامیرا خۆی بەشێوەی ئۆتۆماتیکی ئەنجامی بدات، واتە بە ئۆتۆ فۆکەس.

بە گوێرەی دوورو نزیکی بابەتەکە لە کامیراوە. لە کامیرای ساکاردا پێویستیت بە فۆکەس کردن نابێت لەبەر ئەوەی هاوێنەی کامیراکە وا دانراوە کە بگونجێ لەگەڵ زۆربەی بابەتی دوورو نیمچە نزیک، وێنەیەکی گونجاوت دەداتێ. لەم کامیرانەدا کونی هاوێنەو داخەریش نەگۆڕن، وا دانراونەتەوە کە بەرزترین یا زۆرترین قووڵی مەیدانت پێ ببەخشن.

گەر تەماشای سەر لوولەکی هاوێنەی کامیراکەت بکەی، دەبینی پلەپلە کراوە سکێڵی ماوەکانی لەسەر نووسراوە، بە مەترو فوت بگرە لە (٠٫٥و.)م تا دەگاتە (٥٥) واتە بێ کۆتایی بۆ بابەتی دوور.

گەر بتەوێ وێنەی بابەتێک لەوە نزیکتر بگری، ئەوە وێنەکەی لێڵ دەردەچێت.

هەر جۆرە کامیرایەک بە سیستەمێک کۆنترۆڵی فۆکەس کردنی پێ دەکرێت، لە هەندێ کامیرای کە لە میانی هاوێنەکانیانەوە فۆکەس کردنت ئەنجام دەدرێ ئەوە کەی بینیت وێنەی بابەتەکەت بەڕوونی لێتەوە دیارە، ئەوە هەمان شت وێنەکەی ساف دەردەچێت و فۆکەس کردنەکەشی دروستە. لە هەندێ کامیرای تردا لە میانی دیارکەری دیمەندا لە ناوەڕاستەکەی لەتکەرێک لە میانی بازنەیەکی ڕووندا هەیە بابەتەکەت بۆ دەکات بە دوو لەتەوە گەر فۆکەس نەبێت، بەڵام کە فۆکەس کرا، ئەوە هەر دوو لەتەکە دەبنەوە بەیەک پارچە. لە هەندێ کامیرای تردا مایکۆ پریزم هەیە کە وەک تۆڕێکی ڕوون لەجیانی دیارکەری دیمەنەوە دیار دەبێت، گەر وێنەی بابەتەکەت فۆکەس نەکرابێ ئەم تۆڕە بەزەقی دیار دەبێت، بەڵام بە فۆکەس کردنی بابەتەکە ئەم تۆڕە ون دەبێت و بابەتەکە بە جوانی لێتەوە دیار دەبێت و بەمەش فۆکەس کردنەکە دروستە. لەو کامیرانەی کە ڕێنج فایندەر (دیارکەری ماوە)یان هەیە، دوو وێنەی بەکاردەهێنین، کە بابەتەکە فۆکەس دەکرێ هەردوو وێنەکە دەبن بەیەک وێنەو فۆکەس کردنەکە دروست دەبێت.


# بوونەوەری نابوود له مۆدێرنێتی ئەزموونیدا

جەبار جەمال غەریب

جیهانی ئاڵۆزی ئەمڕۆ تەنها له داگیرکردنی ئینساندا نییه لەلایەن ئەو هەموو «کەلوپەله ماتریاڵییەی» ڕۆژانه داگیری دەکات و توانای «ئینسانەکان وەک تاک» زۆر له توانای ئەو مەتریاڵه مادییانه کەمتره و ئەسڵەن مرۆڤ بەبێ ئەو ئامێرانه مانایەکی بۆ نەماوەتەوە، بەڵکو له هەموو دۆخەکه «ڕۆحی» مرۆڤ پەرتەوازه و نامۆ ماوەتەوە.

خوێندنەوەی فەزای پێوەندی «دوای مۆدێرنیزاسیون» و دۆزینەوەی نهێنییه قووڵەکانی ناخی نامۆی تاکەکان کاری هەره له پێشی پەیامی فیکره.

من «مارشال بێرمەن «Marshall Berman» به یەکێک لەو بیریاره گەورانه دەزانم که له هەموو کارەکانیدا له ڕێگای خوێندنەوەی دیاردەکانەوه نهێنییه هەره قووڵەکانمان بۆ کەشف دەکات، به تایبەتی له کتێبی هەره بەناوبانگی که وتەیەکی کارڵ مارکسی بۆ کردۆته ناونیشان «All that is Salid melts into air» مەنسووری تەیفووری ئەو ناونیشانەی به کەڵک وەرگرتن له (نالی) بەو جۆره دەکاته کوردی «به دووکەڵ و هەبا دەبێ ئەوەی پتەو و بەستووە» ئێمه هەرزوو ئەو وته بەناوبانگەی مارکسمان دێتەوە یاد که له مانیفێستدا «Futurist Manifestos» دەڵێت «سیستەمی سەرمایەداری مەرگی خۆی له هەناوی خۆیدا پەروەرده دەکات».




بەلای منەوه خاڵی هەره گرنگ له مۆدێرنەدا ئەوەیه ڕاسته مرۆڤەکان وێکڕا به پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا تێدەپەڕن، بێ گومان له ڕووی بابەتییەوە، بەڵام ئەزموونی مۆدێرنەیان جیاوازه چ له ئاستی شەخسی له بەکارهێنانی بابەتەکاندا «ئامێرەکان» چ له ئاستی «ڕۆحی» جەماوەری مۆدێرن بەسەر چەندین لەتی پەرتەوازەدا بەش دەبن، هەریەکه بەزمانی خۆی دەدوێ، ئایدیای مۆدێرنێتی... زایەڵه و قووڵایی خۆی دەدۆڕێنێ و توانای بۆ ڕێکخستن و بەماناکردنی ژیانی خەڵکان نامێنێ.

* * *

«ڕۆسۆ یەکەم کەسه وشەی مۆدێرنیست بەشێوەیەک بەکاردێنێ که دواتر له سەدەی نۆزده و بیستدا باو دەبێ» ڕۆسۆ به پەرەدان به تێگەیشتنی مۆدێرنه له ڕۆمانی «ڕۆمانتیک»دا ئەوه ئاشکرا دەکات که ئەمه جیهانێکه تێیدا «چاک، خراپ، جوان، ناحەز... بوونیان تەنیا بوونێکی لۆکاڵ و بەرتەسکه.

ئەگەر «سەدساڵێک بچینه پێش»

بۆدیاریکردنی مۆدێرنەی سەدەی نۆزدەیەم، ئەوەی کە ئینسان و جوگرافیا و پانتایی شار داگیردەکات، ماشێن، کارگە و دەزگا پیشەسازییەکان، ڕێگەی شەمەندەفەر، ڕۆژنامەی ڕۆژانە و تێلیگراف، تەلەفۆن کە هەر هەموو پێوەندییە خێرایەکان دروست دەکەن و بەرکەوتنی مرۆڤەکان کەم دەکەنەوە، بێرمەن لە دوای وێنەی گرتن و دیاریکردنی دیاردەکانی مۆدێرنە و ڕووخانە ترسناکەکانی ناخی مرۆڤ پیشان دەدات، وتە بەنێو بانگەکەی دەگات «مۆدێرنیستە مەزنەکانی سەدەی نۆزدەیەم، هەر هەموویان بە کەفوکوڵەوە هێرش دەکەنە سەر ئەم ژینگەیە و دەیانەوێ بیرووخێنن یان لە دڵەوە هەڵیتەکێنن، کەچی هەموویان سەیر تێیدا هەست بەحەوانەوە دەکەن».

مارشاڵ بێرمەن لەسەر دوو لە هەرە گرنگترین مۆدێرنیستییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەوەستێ و شوێنە هەرە نهێنییەکانی نووسینەکانیان ڕووناک دەکاتەوە ئەوانیش «فریدریک نیتشە و کارل مارکسن»، لێرەدا ئەوە بیرمەنە کە ڕەگە قووڵەکانی مۆدێرنە لەو دیو نووسینەکانی مارکسەوە دەبینێتەوە، کە پێشتر وا ڕاگەیەندراوە کە مارکس هیچ پێوەندییەکی بە مۆدێرنیزمەوە نییە. مارکس لەلایەنێکی بنەڕەتی مۆدێرنە دەدوێ کە کرێکارانن «کرێکاران، ئەوان بە قەد ماشێنەکان، داهاتەی سەردەمی مۆدێرنن».

کرۆکی ئەو کتێبە و کرۆکی فیکری مارکس لەسەر ئەو چینە تازەیەی ناوی «بورژاوی» لێنابوو، دواتر لەسەرداهێنانەکانی سەرمایەداری، ئەوەیە کە هەموو توخمەکان دوژمنەکانیان، تۆوی مەرگیان لەناخی خۆیاندا هەڵدەگرن. بۆنموونە یەک پارچەی ڕۆح و بوونی حەقیقەتی ڕەها لە ئاییینەکاندا «لە مەسیحیەتدا»، ئەو عەقیدە و فیکرە نەگۆڕ و لەشکان نەهاتوانەی پاپا و پیاوانی کەنیسە هەڵگری قورسی لێکەوتەوە کە دواتر بوونە هۆی وێرانبوونی مەسیحیەت و سەرهەڵدانی گۆڕان و کەوتنی دەسەڵاتی دینی کە نیتشە بە «مەرگی خودا» و «سەرهەڵدانی نێهلیزم» ناویان دەبات «نیتشە ڕێک چۆن لەبەرهەمەکانی مارکسدا بینیمان، ڕووبەرووی جیهانێک دەبێتەوە تێیدا هەموو شتێک ئاوسی دژی خۆیەتی».

ئەگەر ئەوە خاڵی یەکەمی لێکچوون بێت لەنێوان مارکس و نیتشە «بێگومان من خاڵە ناکۆکەکان ناخەمەڕوو» ئەوە خاڵی دووەم لەنێوان ئەو دوو پیاوە گەورەی مۆدێرنە ئەوەیە کە هەردووکیان باوەڕیان بە هاتنە ئارا یان سەرهەڵدانی ئەو کتێبە لەناو پانتایی مردووی ڕۆشنبیری کوردیدا نەبێت لە هەر جێگاو بە هەر زمانێکی دیکە چاپ و بڵاوکرابێتەوە، جوولانەوەیەکی فیکریی دروست کردووە و بەشدارییەکی گەورەی فراوان بوون و پێکهێنانی کیانی ڕۆشنبیریی هەر کەسێک کردووە.

من هەر بۆ ئەوەی تۆی خوێنەر بزانی ماریشال بێرمەن چۆن لەمۆدیرنیتە دەدوێ، بۆ ئەوەی ببینی مۆدێرنیتە چۆن بە بەردەمتدا گوزەر دەکات، هەوڵ دەدەم ئەو کتێبە لە سیستەمێکی «واتاییدا» فڕێ دەمە ناو مەتریاڵەکانی دەورووبەرتەوە، هەوڵدەدەم لەنێوان تۆی هاوولاتی و ماتریاڵەکاندا پێوەندییەک بدۆزمەوە،نابێ ئەوەش لە بیرکەین کە میتۆد و دەستەواژەکانی بێرمەن دواتر کاریگەریی ڕاستەوخۆیان بەسەر تەواوی ڕۆشنبیرانی دنیا هەبووە.

*** قۆناغەکانی مۆدێرنیتە**

بێرمەن قۆناغەکانی مۆدێرنیتە بۆ سێ قۆناغ بەپێی «کات دابەش دەکات قۆناغی یەکەم کە لە نزیکی سەرەتای سەدەی شازدەیەم تا کۆتایی سەدەی هەژدەیەم دەخایەنێ. بێگومان خەڵکان لە ئان و ساتی دەستپێکردنی ئەزموونی ژیانی مۆدێرنەدا هێشتا بە باشی نازانن چییان بەسەرهاتووە. قۆناغی دووەمی مۆدێرنە «بەپێی مەبەستی بێرمەن» بە شەپۆل یان ڕاپەڕینی شۆڕشگێرانەی دەیەی ١٧٩٠ وەدەست پێدەکات. سەرجەم ئەو جەماوەرە لەم هەستەدا هاوبەشن کە لە سەردەمێکی شۆڕشگێرانەدا دەژین. قۆناغی سێیەم مۆدێرنەی سەدەی بیستەمە لەم قۆناغەدا پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن هێندە پەرە دەگرێ کە بە کردەوە هەموو جیهان دەگرێتەوە.

* بێگومان دیاریکردنی مێژووی مۆدێرنە بەو شێوە بەرجەست و دیارە «ڕۆژهەڵات» و بەتایبەتی وڵاتی ئێمە ناگرێتەوە.

مرۆڤێکی تازە هەیە مرۆڤێک کە ئەودوو فەیلەسووفە لەپێناسەکردنیدا

لێک جیادەبنەوە. ناتوانم لێرەدا پێناسەی نیتشەبۆ مرۆڤی مۆدێرن دووبارە نەکەمەوە «ئێمەی مرۆڤی مۆدێرن. ئێمەی نیوە بەر بەر. ئێمە تەنیا ئەوکاتە لە چەڤی خۆشی و بەختەوەریدایین کە زیاد لە هەموو کاتێک لەبەردەم مەترسیدایین».

* * *

سەدەی بیستەم سەدەیەکی کراوە و پڕ داهێنانە، ئەو سەدەیە چەند کراوەیە، ئەوەندەش پڕە لە سیحری «بوونی مرۆڤ» ئەو سەدەیە گەشاوەترین سەدەیە لە ڕووی داهێنانەوە لە بواری بیناسازی و پەیکەرسازی و هونەر و ڕۆمان تا دەگاتە هەموو بوارە زانستییەکان «پزیشکی و فیزیا و کیمیا و فەلەکناسی..تاد». جگە لەو هەنگاوە جەسوور و پتەوانەی لە بوارەکانی ئەنترۆپۆلۆژی و زانستە مرۆڤایەتییەکانەوە نران. لەو سەدەیەدا مرۆڤ لەخۆناسین و دەست خستنە سەر نهێنییەکانی خۆی زۆر نزیک بۆوە. کات لەبەردەم مرۆڤدا کورت بۆوە و شوێن تا ئاستی بچووکترین «یەکەی پێوانە» بچووک بۆوە. دەتوانم بڵێم ئەو سەدەیە هێندەی تەواوی مێژووی مرۆڤایەتی نووسەر و فەیلەسووف و هونەکار و زانای بەرهەم هێناوە. بەڕای من تاکە بەربەست لەبەردەم هەموو مرۆڤایەتیدا «بەتایبەت لەو سەدەیەدا کە مۆدێرنە لە پلەی باڵادایە» تەنها و مێژووە. مێژووی ئینسان خۆی، مێژووی نەتەوەکان و مێژووی دین... لەو سەدەیەدا پێوەندی لەنێوان مۆدێرنەی جیهانی و کولتووری لۆکاڵ دەگاتە باریکترین و بێهێزترین ئاستی خۆی.

هەرچەندە ڤیبەر لە پێناسەی هاوچەرخەکانی خۆیدا دەنووسێ «هەندێ پسپۆڕی بێ ڕۆح و هەندێ چێژ پەرستی بێ دڵ، ئەم بوونەوەرە نابووده [بێ گومان لای ڤیبەر] مرۆڤی مۆدێرن، ئەسیری ئەووەهمەیە کە بە ئاستێکی گەشە و پەرەسەندن گەیشتووە کە مرۆڤ تا ئێستە چ کات پێی نەگەیشتووە.» ئەگەر سەرنج بدەینە بیروڕا بە ناوبانگەکانی «ڤیبەر» لە کتێبی The Protestant Ethic and the spirit of Capitalism، کە لە ساڵی ١٩٣٠ بڵاوی کردۆتەوە هەمیشە لە جیاتی «He» کە بۆ مرۆڤ یان کەسی ئاقڵ بەکاردێت ئەو هەمیشە وشەی «this» یان «this creature» بەکاردێنێت بۆ ئەوەی هەمیشە ئەو ڕایەمان لا بەرجەستە بکات کە مرۆڤ لە کائینێکی زیندووی خاوەن بوونێکی سەربەخۆ و هەست و سۆز بۆتە (شتێک) یان بوونەوەرێکی بێ دڵ.

بێگومان ئەو ڕەخنە توندەی «M. Weber» یەکێکە لە ڕەخنە هەرە توندەکان کە لە «مرۆڤی مۆدێرن» گیراون و دواتر بیریاران بە چەندان شێوە پەرەیان بەو ڕەخنەیەداوە.

* * *

نا جێگیری لە پەیام و پێناسەکاندا، گۆڕانە یەک لەدوای یەکەکانی «مرۆڤی مۆدێرن» بزواندن و گومانکردن لە هەرە «موقەدەسەکانی» ڕۆحی مرۆڤ و هەتا فەرامۆشکردن و بە کەم تەماشاکردنی داهێنانەکانی خۆی لەبەردەم داهێنانێکی نوێدا بوونە خولیا و دیاردەی جیهانی مۆدێرن تەعریفەکانی مارکس و نیتشە بۆ مرۆڤ، لێکۆڵینەوە وردەکانی فرۆید لەسەر ئاکار و کەسیەتی مرۆڤ لەسەر بنەمای ئاگایی و نائاگایی، توانای زەینی «Super ego, ego, id» سەردەمێک لەسەر دەستی هێربێرت مارکۆزە «مرۆڤی تاکڕەهەند» جێگای ئەو دابەشکردنە دەگرێتەوە دواترلە لای بیریارانی کۆتایی سەدەی بیستەم بۆ نموونە «فوکو» دابەشکردن و تەعریفێک بۆ مرۆڤ لەسەر ئەو بنەمایە لە ئارادا نامێنێ، مرۆڤی تاکڕەهەند «One-Dimention Man» بەو مرۆڤانە وەسف دەکرێن کە «خۆیان بە کاڵاکانیان دەناسنەوە، ئەوان ڕۆح و گیانی «خۆیان یان کەسیەتی خۆیان» لە ئامێر و تەسجیل و ماڵ و کەلوپەلی مەتبەخی خۆیاندا دەدۆزنەوە».

ئامێری بەکارهاتوو، ئامێری دروستکراوی دەستی مرۆڤ و کارگەکانی لەکاردانەوەیەکی پێچەوانەدا ڕۆڵی گرنگ و دیاری خۆیان لە بەخشینی سیفات و کەسیەتی دیاریکراو بە مرۆڤ دەگێڕن.. ژیان لە خانوویەکی مۆدێرن و جلوبەرگی پڕ فەنتازیای کارگەکان و ڕەنگ و جۆری ئۆتۆمبیل لە دیاری کردنی سیفاتەکانی کەسەکان ڕۆڵی گرنگ و هەرە لە پێشیان هەیە.

ئەگەر ئیجازە لە ماریشال بێرمەن وەرگرین و هەر لەسەر سەبکی ئەو لە کاریگەری کەلوپەلی بەکارهاتوو هەتا لەسەر «فیسیۆلۆژیای» مرۆڤ وردبینەوە.

(١) دەست وەک یەکەم ئەندامی «لە پێشی» مرۆڤ بۆ کارکردن و بەکارهێنان. ناسک بوونەوەی دەستی مرۆڤ «بۆ نموونە

کرێکارێک» لە سەرەتای مۆدێرنەدا لەگەڵ هەمان دەست لە کۆتایی سەدەی ڕابردوودا. لە سەرەتای مۆدێرنەدا هەر لەکاتی «تەوقەکردندا» هەست بە زبری دەست و وشکی و دەمارەکانی دەکەی، شێواوی ماسوولکەکانی و دەرپەڕینی ئێسکی. لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو، دوای ئەوەی مۆدێرنە ئامێرەکانی بەکارهێناو کارکردن لەوپەڕی گونجاویدا دێنێتە بەرهەم، ئیدی ئەوەی وزە مەسرەف دەکات، ئەوەی بەرەو ڕۆحی کاری سەخت دەبێتە ئەندامی هەرە لە پێشی کار، دەستەکان نین و ئامێرەکانن، لێرەوە دەستەکان نابنە پێناسەی کرێکار، دەستی کرێکار و فەرمانبەرێک لێک جیا ناکرێنەوە.

(٢) پێیەکان وەک دوو ئەندامی «هەڵگر» ، ئەو دوو ئەندامەی کە تا مردن مەحکومە بەوەی خاوەنەکەی هەڵگرێ. مۆدێرنە لە چەند لاوە و بە ئاستی جیاواز کاری لە پێهاتە و شێوەی پێ کردووە، هەر لە جۆر و ستایلی پێڵاو، گۆرەوی تا کرێم و دەرمانی بۆن بڕو زیندووکەرەوە، ئەوە جگە لەو هەموو ئامێر و هاوکارانەی کە هاوکار و یارمەتی دەری «پێیەکانن» لە گواستنەوە و هەڵگرتنی جەستەی مرۆڤدا. هەموو ئەوانە بەشداری ڕاستەوخۆ دەکەن لە پێکهاتە و نەشێوانی پێیەکاندا.

هەریەکە لە ئەندامانی جەستە شوێنی گۆڕانکارییە قووڵەکانی مۆدێرنەی پێوە دیارە، چ ئەندامەکانی ناوەوەی مرۆڤ چ ئەندامە دیارەکان لێرەدا من دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە داهێنراوەکانی مرۆڤ بەتایبەتی لە سەردەمی مۆدێرنەدا لێکەوت و کاریگەری چاوەڕواننەکراویان هەبووە، بۆیە تاکەکانی لە شوێنێکدا هەستیان بە بچووکی و بێ توانایی خۆیان کردووە لە بەرانبەر هێز و توانایان، ئەوەش لەشوێنێکدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر نامۆبوون و شێواندنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش هەیە.

* * *

مۆدێرنە جووڵانەوەیەکی یەک ئاراستە نەبوو، کە لە ڕێکەوتێکی داریکراوەوە دەست پێبکات و لە شوێنێک کۆتایی بێت، مۆدێرنە دەستی گەیشتە دوایین خاڵەکانی جوگرافیا، لەدوای هێڵەکانی پانی و درێژی و تێپەڕی، لەسەر هەموو ئاستەکان، ئاستی کۆمەڵایەتی و فیکری و ئابووری و ئەدەب و شێوەکاری و هونەر کاریگەریی قووڵ و بەرچاوی جێهێشت، پڕ کێشی کردە ناخی بابەتە ڕۆحییەکان و لەنائاگایی کۆمەڵگادا بەوپەڕی بێڕەحمی کاری خۆی کرد.

دەشێ مێشیل فوکو دیارترین بیرمەند بێت «کە بێرمەن بەتاقە نووسەر» ناوی دەبات کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابردوو تۆکمەترین قسەکانی خۆی سەبارەت بە مۆدێرنێتی کردبێت، بەتایبەتیش کاتێک لە ڕوانگەی ڤیبەرەوە لەبارەی قەفەزی ئاسنین و بوونەوەرانی نابوودەوە «مرۆڤی مۆدێرن» کە ڕۆح و گیانیان بە میلەکانی قەفەزەوە گیرساوەتەوە، هەر بەپێی ئەو تێڕوانینە لە دنیابینی فوکودا نیشانەی ئازادی «مرۆڤی نابوود» نابینین.

بێرمەن لەوپەڕی ئاگاییەوە بە سەلیقەی خۆی، دوا دێڕەکانی خۆی لەسەر فوکو و هەموو ئەو ڕووناکبیرانە دەنووسێ کە دەیانەوێ لە «قەفەزە ئاسنینەکەی» فوکودا بخنکێن کە چەند جار لە قەفەزەکەی ڤیبەر ترسناکترە.

ئەو بێئومێدی و دەستەوەستانییەی نەوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو تووشی دەبن فوکو دەگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی «کە هەر هەوڵ و خۆڕاگرییەک دژی ستەم و نادادپەروەرییەکانی ژیانی مۆدێرن، هەوڵێکی بێ ئەنجامە، چونکە تەنانەت ئەو خەونانەش کە بە ئازادییەوە دەیبینین، تەنیا ژمارەی ئەڵقەکانی زنجیری کۆیلەتیمان زیاد دەکات، بەڵام بێرمەن لە کۆتایی ئەو ڕستەیە بەئاگادێت و لە خەتەر و بێڕەحمی وشەکانی بە ئاگادێتەوە، بۆیە دەنووسێ «لە بێهوودەیی تەواوەتیدا لانی کەم دەتوانین پشوو بدەین»

**تێبینی:** بە درێژایی ئەم وتارە هەوڵم دا خۆم لە ڕۆحیەت و سەبکی مارشال بێرمەن دوور خەمەوە، بەڵام زۆر بەداخەوە بە هەموو هێزییەوە قەڵەمەکەمی داگیرکردبوو. ئەم وتارە تەنیا پێوەندی بە بەشی یەکەمی کتێبی «مۆدێرنێتی ئەزموونی»یەوە هەیە. بەو نیازەی بەشەکانی دیکە لە داهاتوودا بڵاوبکەینەوە.

* تاکە سەرچاوەی ئەو نووسینە کتێبی«بە دووکەڵ و هەبا دەبێ ئەوەی پتەو و بەستووە» لە نووسینی مارشال بێرمەن. کە مەنسووری تەیفووری بەوپەڕی وردی و ماندووبوونەوە کردوویەتی بەکوردی.

# ئەنیما مۆندی

هاشم سەڕاج

دەورانێکە «فــەرید زمــدار» لە باغی ئیرەم و سەفای وشەدا بادە بادە بادەی عەترو ئەڤین و جوانی و فۆبیای شیعری هەڵدەدا و هەمیشە سەرقاڵی نووسینی چرکە ئاگرینەکانی دڵ و پێشبینییەکانی زەین و حەسرەتەکانی گیانە، دڵی «فەرید» وەک هەتاو پەرستێک شالیسێکە پڕاوپڕ لە سۆز و خەفەت و مەینەت و عیشق و هۆگری، زەینیش هەڵوەدای پاژە شێواو و پەڕاگەندەکانی گوڕ و برستی ڕاڤە و شرۆڤەکانی چەمکی شێتی، ئەو دەزانێت شیعر گورزە تیشک و بڵێسەیەکی عەقڵ و زەین پڕووکێنە و بارشێکی ناوادەی وشەگەل بە ئاتوونەکانی هەست و سۆزو ئەڤین بارگاویکراو، لە تەشقی ئاسمانێکی



دوور دوور دووری هێجگار دوور و نادیاری [خود] و سیستمی ئایرۆنییەتی ئاخافتنەوە دێ و ئەمارەتی دایساوی گیان «نیگا» باران دەکات.. [ئەنیما مۆندی] بەرهەمێکی نوێی شیعری شاعیرە و لە دوو توێی کتێبێکی لاکێشەیی قەشەنگدا چاپ کراوە، ئەنیما و ئەنیموسی پێکهێنەری توخمەکانی نێرینە و مێینەی ناخود ئاگایی ڕۆحی جیهان وەک خودێکی سەرمەستی لێوانلێو لە بوارە جیاجیاکانی مەعریفە، خوڵقێنەری ئاڵۆزترین توخمی تێکستی گەردوونە، دەسپێکی دەقی «ئەنیما» «بە زمانێکی شێت لەزەمەنێکی بێزمان» دەدوێ و فەزای ئاڵۆسکاوی نووسین بە دەستەواژەیەکی [فرۆید] ئاوەڵا دەکات: [جیهان شێتخانەیەکی گەورەیە، هەرچی تیایە هەمووی شێتە] یا وەک ئەوەی «جۆرج باتای» جەختی لەسەر دەکاتەوە ئێمە بۆ ئەوە دەنووسین تا شێت نەبین، واتە نووسین تۆمارکردنی چرکە ئێستەتیکییەکانی تژی لە شێتییە، وەلێ بەهرە چۆن دەتوانێ لە چرکە دایساوەکانی ئێستەتیکیدا حاڵەتەکانی عیشق و شێتی و پاشخانی مەعریفی ئاوێزانی ماسکی هەڵچوونەکانی

زمان بكات..
دەتوانم بلێم دەقی «ئەنیما» بە هەمان دید و گۆشەنیگای شێتییەوە لە کردەی نووسین و پێکهاتەی فەزا بێ هوودەییەکانی گەردوون دەڕوانێت، یاریگەیەکی بێ خاوەن پڕاوپڕ لە مەرگەسات و هەندێ پەناو پەسێوی تژی لە چێژ و لەززەتی شاراوە تیایدا رووخسار ماهێک گوزارشت لە خۆشییەکی ئاوێتە بە ئەشکەنجە دەکات «ئەنیما» شیعر بە گورگێکی هاروهاج و بە لەسەی ئاشووبگێڕ دەچوێنێت.. کاتێ ئەو بوونەوەرە گومڕاو سەرلێشێواوە حەز و ئارەزووە کوشندەکانی دادەمرکێنێت سەرلەبەری خەڵقەندەکانی سەر رووی زەمین نغرۆی ئارامی و هۆگری و شیرین خەو دەبن.. [شیعر وەکو گورگێکی کوێر وایە.. کە دەنوێ هەموو دونیا بێدەنگ دەبێ] بەڵام لە تێکستی «ئەنیما»دا پێکهاتە و داڕشتن و ناوکۆیی زمانی نووسین بەکۆمەڵێک حاڵەتی هەڵچوون و توندوتیژی دەروونی بارگاوی دەکرێت و بە تایبەتی دەنگی شاڵاوبەری راستەوخۆی [کەسی یەکەم] تادێ هەژموونی زبری فۆنیمی بەسەرتاسەری پانتایی رستە و دەستەواژە و بڕگەکانا دەسەپێنێت و هەمیشە و هەردەم بەشێوەیەکی بەردەوام لەمیان چەندین وێنەی پچڕ پچڕی زەینی و رستەگەلێکی شیعرییەوە وێڵ و سەرگەردان و هەڵوەدای وەڵامێکی نەزانراوی ئەنیماییە و پرسیارێک بەردەوام رووی گەشتی لەدەڤەرەکانی خەون و خولیا و خوڵقاندن و پلەکانی هەڵکشانی زەین و ئاستە تایبەتییەکانی خوێنەری خەیاڵییە!

- کەچی تێکستی «ئەنیمامۆندی» لە هەندێ بڕگە و دەستەواژەدا ڕەوش و خەسڵەتی هەڵچوون و توندوتیژییە زمانی و رەزمییەکان لەدەست دەدا و بە داڕژانێکی ئارامی ئێستەتیکی و دڵنیاییەکی ئاوێتە بە توخمە شاراوەکانی نیگەرانی وەهمە جوان و کوشندەکانی جیهانی ئاڵوسکاوی شیعر دەخاتە ڕوو، بۆ نموونە: [ئەوان جامێکی پڕ لە مەی بوون ڕژان، هەر پارچەیەک لە زەمەن بەشێوەیەک لە شێوەکان گەمەی خۆی دەکا] بەڵام دووبارە کەش و هەوای هێمنی و کشوماتی دەشێوێنرێت و ئیقاعێکی توندو تیژی ئاگرین مانەندی وڕێنەکانی- ئارتۆ- مۆرکی هێرشبەری خۆی بەسەرتاسەری فەزای دەقا دەسەپێنێت و درێژە بە پرۆسەی نووسین دەدات.. بۆ نموونە [شێت ئەوکەسەیە کە شتەکان وەک خۆی نابینێ] شاعیریش وایە، من زمانی ڕوانینەکانم کوشت، زەمەنیش لەناو چاوی پێکێکدا مەستانە دەمکوژێ، تا دەتوانم جوانییە نهێنییەکان دەشکێنم، جوانتر لە جوانیدا پڕ دەبم لەو ژیانە دەکشێمەوە، چراکانی مردنی زەمەن هەڵدەکەم و کەس نییە لە جیاتی من بیربکاتەوە، گەڕانێکی بێهوودە بەناو ماڵەکانی شێتیدا دەکەم، هەر جنۆکەیەک لە جەستەی تەمەن لە پارچەکانی تری ژیان سەمای ئاژاوەکانی خۆی دەکا، نەسەرەتا هەیە و نە کۆتایی.. بەمجۆرە تێکستی «ئەنیما مۆندی» لە ڕێگەی ئاوازێکی توندوتیژی وڕێنە ئامێزی دەروونییەوە گوزارشت لە رووداوە ناوادە و جەرگبڕەکانی زیندەگی دەکات و بەهۆی سیستمی ئایرۆنییەتی زمانەوە بەدوای مانا و چەمکە بێهوودەییەکانی بوون و سەیرووڕەی زەمەن و جوانییدا دەگەڕێت و پرۆسەی نووسینیش تادێ ئاوێزانی ئەودیوی شەبەنگەکانی سروشت و شێتێتی لۆگۆس و فۆبیای نیگەرانییەکانی خوڵقاندن دەبێت و شیعر چوون پانتاییەکی لێوانلێو لە حەسرەت و بێدەنگی و تەنیایی شێت و سەراسیمە و عەوداڵی دۆزینەوەی یادەستەبەرکردنی رستێک وەڵامی ئەنتۆلۆژییە لەمەڕ سرووشت و بوون و جوانی و مەرگ و زەمەن و چارەنووسی ئاڵوسکاو و نادیاری مرۆڤ بە تایبەتی لە دەورانێکدا کە زیندەگی بۆتە خاپوورگەیەک بۆ کەڵەکەکردنی کەرستە بێ بەهاکانی مەرگ، بەم جۆرە «ئەنیمامۆندی» هەوڵ دەدا لە ڕێگەی ئیقاعێکی زبرو توورەی ئاوێتە بەجیهانبینییەکی کراوە زەبروزەنگ و توندوتیژییەکانی جیهانێک بخاتەڕوو کە تیایدا مرۆڤ بە فۆبیاگەلێک گەمارۆدراوە.

# تەمەنێک گۆرانی، ئاواز، مۆسیقاو خۆشخوانی و چەپکێک سەرنج و تێبینی

کەریم شارەزا




تەمەنێک گۆرانی، ئاواز، مۆسیقاو خۆشخوانی، ناونیشانی بەشی یەکەمی ژیاننامەو بیرەوەرییە هونەرییەکانی مامۆستای هونەرمەند [ئەندریۆس ئیسرائیل خەممۆ]ی ناسراو بە (باکووری)یە و دەکەوێتە کتێبێکی ٣٤٩ لاپەڕەیی قەبارە گەورە و لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) لە شاری هەولێری پایتەخی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦دا دەرچووە.

کتێبەکە بریتییە لە پێشەکییەکی پوخت و شازدە بەشی خۆش و بەتامو چێژی ژیاننامە و بیرەوەرییە هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی و بە زمانێکی سووک و سادەی کوردی تۆمار کراون و ئەمەش یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شێوەی نووسینی ئەم نووسەرە کە خۆی زۆر لە شێوازی هونەری ڕۆماننووسی نزیک دەکاتەوە.

نووسەر بابەتەکانی بە وێنەی هەمەجۆری چالاکییەکانی خۆی و هاوەڵانی ڕازاندۆتەوە و بوونەتە بەڵگەی باوەڕپێکراوی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی هونەری و کۆمەڵایەتی و لە ڕووی شێوازی نووسینەکانیشییەوە، بە زمانێکی ساف و بێ گرێ نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی دەربڕیوە و چۆنی بەسەرهاتووە، ئاوای خستۆتە ڕوو، کەم کەس وا بە وردی و ڕاستگۆیانە نهێنییەکانی ژیانی تایبەتی خۆی دەردەبڕێ.

زۆربەی بیرەوەرییەکانی لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی وەرگرتوون کە ڕۆژ بەڕۆژ لە ڕۆژ ژمێرەکانی گیرفانی ساڵانە تۆماری دەکردن و بەشێکی زۆریشی بۆ بیرەوەرییەکانی ژیانی منداڵی لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندیی کۆیە تەرخان کردووە و هەندێ جاریش ڕووداوەکانی ژیانی لە گوندی گۆمەسپان کە باوکی لەوێ پۆلیس بووە یان لە عەنکاوە و هاوینەهەواری پیرمام بەجوانی دەنووسێ و پێشکێش بە خوێنەرانی کتێبەکەی دەکات و لایەکی تەواویشی لە بیرەوەرییەکانی بۆ ژیانی لە کەرکووک و کۆمپانیای نەوتی عیراق (I. P. C) کردۆتەوە، ئنجا بیرەوەرییەکانی لە ساڵانی خوێندنی لە کۆلێژی (دار المعلمين العالية) واتە [خانەی باڵای مامۆستایان] بە جوانترین شێوە خستۆتە ڕوو و چالاکییە هونەرییەکانیشی لە ئێستگەی ڕادیۆی عیراق- بەشی کوردی لەبیرنەکردووە کە بەشێکی تەواوی لە ژیانی هونەری و داهێنانی لە بواری ئاواز و گۆرانی گرتۆتەوە.

باکووری نووسەرێکی خامە

ڕەنگینە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی، چەندە هونەرمەندە ئەوەندەش نووسەرێکی لێهاتووی سەرنج تیژ و هوشیارە. لە وەسفکردنی دیمەنە جوانەکانی نیشتمانەکەی زۆر بە توانایە، بەتایبەتی لە وەسفکردنی سروشتی کوردستان، هەروەک لە وەسفی دیمەنە جوان و دڵڕفێنەکانی گەشتەکەی بۆ (کانی ماسی)، زۆر بەوردی و بەجۆرێکی سەرنجڕاکێش وەسفی دیمەکانی سەر ڕێگای ئەو گەشتەی وەک هاوینەهەوارەکانی وەک سوارەتووکە و سەرسەنگ و ئامێدی و تاکو گەیشتنی بە کانی ماسی کردووە. بەکورتی گەر مامۆستا باکووری ڕۆماننووس بوایە ئەم وسف و بیرەوەرییانەی دەکردە هەوێنی نووسینی باشترین ڕۆمانی سەرکەوتوو.

مامۆستا باکووری هونەرمەندێکی داهێنەرە، هەر مۆسیقازان و مۆسیقاژەنێکی ئاسایی نییە، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا ئاوازدانەرێکی سەرکەوتوو و گورانیبێژیکی دەنگ زوڵاڵیشە و ئاوازی بۆ گەلێک هۆنراوەی شاعیران و سروودی نیشتمانی داناوە و سەرکەوتنێکی باشی وەدەست هێناوە.

بەهرەی هونەریی ئەم هونەرمەندە هەر لە بواری ئاواز و مۆسیقا و گۆرانی نەگەشاوەتەوە، بەڵکو پەڕیوەتەوە بۆ هونەری شانۆ و ئەکتەرێکی لێهاتووی شانۆگەریی درامی بووە و چالاکییەکی زۆری لەو بوارەوە لە کەرکوک و شاری کۆیەدا نواندووە و توانای دەرهێنانی شانۆگەریشی بووە.

مامۆستا باکووری خۆشەویستی خۆی بۆ کچێکی دڵداری ئازیزی (ئەمیرە) ناو بەجوانترین شێوە دەربڕیوە و نهێنی ئەو خۆشەویستییەی بۆ مامۆستا (مەجید ئاسنگەر) درکاندووە تاکو سۆزی ئەو عەشقەی بۆ ئەمیرە بکات بە هۆنراوەیەکی ناسک و لە ئەنجامدا وەک باکووری دەڵێ مامۆستا مەجید ئەم بابەتەی کردە سەرچاوەی ئیلهامی هۆنراوەیەکی پڕ سۆزی بەناوی (ئەمیرەکەم) کە سەرەتاکەی بەم جۆرە دەست پێدەکات:

**ئەمیرەکەم، دڵگیرەکەم بەهارت لێ شەرمەزارە**

کاتێک کە لەبارەی ئەم هۆنراوەوە لە مامۆستا مەجیدم پرسی لە وەڵامدا گوتی: ڕاستە باکووری ئەم بابەتەی بۆ باس کردم و کاری تێکردم، بەڵام من ناوی (ئەمیرەکەم) کردە ڕەمزی (کوردستان) و بەو سۆز و خرۆشەوە شیعرەکەم هۆنییەوە.

باکووری بەرامبەر بە ئافرەت گەلێک هەست ناسک بووە و هەر ئافرەتێکی جوانی دیبێ، بەتایبەتی کیژۆڵەی ناسک و نازدار، هەڵوەستەیەکی کردووە و تێی ڕاماوە، بۆ نموونە: لە گوندی (تۆپزاوا)ی نزیک شاری کۆیە و لەسەیرانێکدا چاوی بە کیژۆڵەیەکی دە دوازدە ساڵی قژ زەردی چاوشین کەوتووە، شوانی بەرخۆڵان بووە و لێی پرسیوە ناوت چییە؟ ئەویش بەشەرمەوە گوتوویەتی: «زێڕین» جا مۆسیقازانی ئەدیبمان هۆنراوەیەکی سووک و سادەی لە وەسفیدا داناوە و سوودی لە شیعری فۆلکلۆری وەرگرتووە و بە ئاوازێکی خۆش گوتوویەتی و لە ئێستگەی ڕادیۆش تۆماری کردووە کە سەرەتای بەم جۆرەیە:

**هەی زێڕینێ زێڕینێ**
**کۆیە خۆشە بابچینێ**

باکووری شیعری گەلێک لە شاعیرانی کوردی کردووە بە گۆرانی یان سروود و ئاوازی خۆشی بۆ داناون، لەوانە شەش هۆنراوەی منی کردووە بە گۆرانی و سروود و چەند هۆنراوەیەکی غەزەلی ئەمین ئاغای حەویزی ناودار بە (ئەختەر) و حەوت هۆنراوەی پڕ سۆزی مامۆستا مەجید ئاسنگەر و چەند هۆنراوەیەکی کاک (جەلال جۆبار)یشی کردووە بە گۆرانی ڕەسەنی پڕ سۆز و خرۆش.

هەرچەندە ئەم کتێبەی مامۆستا باکووری بەشێوەیەکی گشتی لە رووی نووسینی و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەریی خۆیەوە سەرکەوتووە، بەڵام چونکە لەگەڵ من وەک یەکێک لە برادەوە هاوپۆلەکان و هاوتەمەنەکانی، کە پۆلی (پێنجەم و شەشەمی) سەرەتایی و (یەکەم و دووەم و سێیەمی) ناوەندیمان لە کۆیە بە یەکەوە خوێندووە و ئاگاداری ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی خوێندن بووین و منیش لە تۆماری بیرەوەرییەکانی گەشتی ژیانمدا تۆمارم کردوون، بۆیە هەست دەکەم لە هەندێ جێ تێکەڵی و ناتەواوی دروست بوون وەک لەم هەواڵ و ڕووداوانەی خوارەوەدا بەدی دەکرێن:

(١) مامۆستا باکووری لە لاپەڕە (٤٣)ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «کە لە پۆلی سێیەمی سەرەتایی

بووم ئەم قوتابییانەی لەگەڵمدا بوون، ناوی هەندێکیانم لە بیرە لەوانەی (بابە شێخ عیزوڵڵا) بوو، سەروچاوی سپی و سوورە بوو و چاوی کزبوو.» لە ڕاستیدا وەک ئاگادارم ئەو کەسە (بابە شێخ عیزوڵڵا) نەبووە، چونکە لەلایەک تەمەنی چوار ساڵێک لە باکووری کەمتر بووە و وەک ئاگادارم لە پایزی ١٩٣٩دا لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی لە قوتابخانەی دووەمی کۆیە قەیدکراوە، ئەوساکە باکووری پۆلی چوارەم بووە و بەپێی وەسفی سپی و سووری و چاوکزی ئەو قوتابییەش دڵنیام ئەو کەسە (بابە شێخ کاکە) بووە کە کوڕی (کاکە شێخ ساڵح) بوو و ئێستا هەردووکیان کۆچی دواییان کردووە.

(٢) لەلاپەڕە (٥٢)دا نووسەر باسی (ڕەجەب عەبدوڵڵا)ی هاوپۆل و دۆستی خۆشەویستی دەکات و هەندێ هەڵەی تێدا کردووە، بەڵام خۆشبەختانە هەندێک لە روونکردنەوەیەکیدا کە لە ژمارە (٢٢٢٤)ی ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٣ی ڕۆژنامەی (خەبات)دا بڵاوی کردەوە و بەچاکی ڕوونی کردۆتەوە کە ڕەجەب کوڕی (عەبدوڵڵا)یە و سەید ئامینەی دایکی مێردی بەکابرایەکی کۆیی کردۆتەوە» بەڵام نەینووسیوە ئەوکەسە کێ بوو؟ من وەک لە نزیکەوە ئاگادارم بە دڵنیاییەوە ئەم زانیارییانەی خوارەوەی دەخەمە پاڵ: (سەید ئامینە) مێردی بە (حاجی ئەمین چەکمەڕەق) کردۆتەوە کە پیاوێکی ناسراوی کۆیە بووە، کوڕێکی ناو (مەغدید) و کچێکی ناو (جەمیلە)ی لێ بووە. مەغدید زوو مردووە، بەڵام جەمیلەخان گەورە بووە و بووەتە هاوسەری وەستا مستەفای ناڵبەند کە پیاوێکی ڕۆح سووک و ناسراوی کۆیە بوو.

(٣) لە لاپەڕە (٧٤)دا باسی مامۆستا (دنحا یەڵدا)ی شەقلاوەیی مامۆستای دەکات کە لەساڵی ١٩٤٠- ١٩٤١دا وانەی عەرەبی پێدەگوتین و منیش لەهەمان پۆل بووم و دەڵێ: «ئەم مامۆستایە کوڕێک و کچێکی لە (کاترین)ی کچی خواجە ئەبرەها بوو، کوڕەکە (نەبیل)ی ناوناو، کیژەکەش (باسمە)، کەچی لە ڕاستیدا بەپێی تەمەنیان کچێک و دوو کوڕی بوون کە ئەمانەن:

١- باسمە کچە نۆبەرەکەیەتی.

٢- نەبیل کە ئێستا دکتۆری پسپۆڕی تیشکە .

٣- نزار کە مامۆستایە و هەرسێکیان لە ژیاندا ماون.

(٤) لەلاپەڕە (٨٨)دا ناوی ئەو قوتابییانەی نووسیوە کە لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٠- ١٩٤١دا لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی قوتابخانەی دووەمی کۆیە لەگەڵی دابوون و من یەکێکم لەو قوتابییانەی هاوپۆلی، کەچی هەمان ئەو لیستەی ناوی ئەوقوتابییانەی لەلاپەڕە (٧٦)یشدا دووبارە کردۆتەوە، بەڵام ئەمجارەیان ناوەکانی پاش و پێش خستووە و لە زنجیرەی ژمارە (١٠)دا نووسیویە (عەبدە حاجی کەریم) کەچی ڕاستییەکەی (عەبدەی سۆفی کەریم) بووە نەک (حاجی کەریم)، چونکە حەجی نەکردووە و هەموو کەس هەر پێیان گوتووە (عەبدەی سۆفی کەریم) کە کەسێکی قسەخۆی و نوکتە گۆ بووە و ئێستا لە ژیاندا نەماوە.

(٥) مامۆستا باکووری لە ساڵانی خوێندنی (١٩٤١- ١٩٤٢) و (١٩٤٢- ١٩٤٣)دا قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی بووە لە قوتابخانەی یەکەمی کۆیە، واتە ساڵێک دەرنەچووە.

لە هەر ساڵەی خوێندنی دەستەیەک قوتابی لەگەڵدا بووە، کەچی ئەم قوتابییانی هەردوو ساڵەکە بەیەکەوە ناو دەهێنێ هەروەک لە لاپەڕە (٩٨)دا کردوویەتی. دەبوایە لە قوتابییانی ساڵی خوێندنی ١٩٤١- ١٩٤٢ تەنیا ناوی ئەو قوتابییانە بێنێ کە ئەو ساڵە لە گەڵیاندا خوێندوویەتی لە کۆتایی ساڵ دەرچوون بۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی وەک [عەبدولخالق فەتتاح و مەجید عومەر و واحید ڕەزا و ئەمجەد شێخ نوورەدین] و مەڕبێن ئەبرەها و حیسامەدین تەیب دەرنەچوون.

لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٢- ١٩٤٣دا کە دووەم ساڵی بووە ناوی ئەو قوتابیانە بێنێ کە لەگەڵی بوون، یان گەیشتوونەتە ئەو لە خوێندندا، وەک (جەمال کەریم، کەریم مستەفا شارەزا، کەمال کەریم، واحید نەشئەت، تاهیر ئیسماعیل، واحید حەمەد، سەعیدی مەلا ئەحمەد، فاتیح ڕەسووڵ و کاکە فەرەنسی (جەرجیس فەرەنسی) نەک (دنحا فەرەنسی) برای کە لەو بچووکتر بوو و لە خوێندندا لە دوای ئەوبووە.

(٦) لە لاپەڕە (١٠١)دا نووسەر دەڵێ (ئێستگەی شەرق ئەلئەدنا) لەساڵی ١٩٤٢دا لە دوورگەی قیبرس بووە. کەچی ئەو ئێستگەیە لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩- ١٩٤٥) تاکو بڕانەوەی

جەنگ لەشاری (یافا)ی فەلەستین بووەو مامۆستا (گۆران)ی شاعیر و (ڕەفیق چالاک) و چەند کارمەندێکی دیکەی کورد لە بەشە کوردییەکەیدا کاریان کردووە. کاتێک کاک (دلزار)ی شاعیر سەرباز بووە لە فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٥دا سەردانی (گۆران)ی کردووە و چووەتە ئێستگەکە لە شاری یافا و شیعری تێدا خوێندۆتەوە، بەڵام دوای برانەوەی جەنگ ئەو ئێستگەیە گواسترایەوە بۆ دوورگەی قیبرس.

(٧) مامۆستا باکووری لە لاپەڕە (١١٢)ی کتێبەیدا دەڵێ لە پۆلی یەکەمی ناوەندیی کۆیە کە ساڵی خوێندنی ١٩٤٣- ١٩٤٤ بووە، دوو مامۆستامان بۆ هاتن لە هەولێر یەکێکیان مامۆستا جەلال شەریف بوو، ئەوی دیکەیان مامۆستا مستەفا شێخ نیعمەتوڵلا بوو، مامۆستا عەلی موزەفەریش لەبەر بێ مۆستایی هات دەرسی ئینگلیزی پێدەگوتین و بەڕێوەبەرمان مامۆستا (شەوکەت محەمەد) بوو!!

ڕاستە لەساڵی خوێندنی ١٩٤٣- ١٩٤٤دا مامۆستا عەلی موزەفەر لە قوتابخانەی سەرەتایی یەکەمی کۆیەوە تەنسیب کرابوو دەرسی ئینگلیزی پێدەگوتین. بەڵام مامۆستا جەلال شەریف جارێ لە (دار المعلمین العالیة) دەرنەچوو بوو و نەبوو بووە مامۆستاو نەهاتبووە کۆیە، بەڵام بۆ ساڵی دوایی واتە کەبووینە پۆلی دووەمی ناوەندی لە ساڵی خوێندنی ١٩٤٤- ١٩٤٥دا مامۆستا جەلال شەریف بۆ یەکەم جار کرا بە مامۆستاو ناردرا بۆ کۆیە و دەرسی ئینگلیزی و کۆمەڵایەتی پێدەگوتین و مامۆستا عەلی موزەفەریش ناردراوە قوتابخانە سەرەتاییەکەی خۆی. بۆ ناوی ڕاستەقینەی بەڕێوەبەری قوتابخانەکەشمان ئەو بەڕێوەبەرە ناوی تەواوی (شەوکەت عەبدوڕەحمان) بوو هەروەکو خۆی دوای چەند لاپەڕەیەک بەڕاستی لەلاپەڕەی (١٤٤)دا نووسیویەتی.

(٨) مامۆستا باکووری لە هەمان لاپەڕەی (١٤٤)ی کتێبەکەیدا نووسیویەتی دەزگای ڕۆشنبیریی لە بەغدا کە مەبەستی لە دەزگای (ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردییە) لە حەفتاکان گۆڤاری (کاروان) و (ڕەنگین)ی دەردەچوواند.]

کەچی لە ڕاستیدا ئەو دەزگایە گۆڤاری (بەیان) نەک (کاروان) لە تشرینی دووەمی ١٩٦٩ و ڕۆژنامەی (هاوکاری) لە ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠دا و گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ)شی لە تشرینی دووەمی ١٩٧٣دا دەرچوواند، بەڵام گۆڤاری (کاروان) لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٨٢دا یەکەم ژمارەی لەلایەن ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان لە هەولێر دەرچوو. دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستاکە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بە ڕێکوپێکی دەردەچێ و بۆ ساڵی ١٩٨٧یش گۆڤاری «ڕەنگین» لە لایەن دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا دەرچوو. نەک لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا.

(٩) مامۆستا باکووری لە لاپەڕە (١٥٠)دا چەند جارێک دەڵێ لە مەسیف سەلاحەددین، لەسەر گردێک (بلاط الملكي) دروست کرابوو، کە مەبەستی لە کۆشکی تایبەتی مەلیکە بۆ ئەوەی هەر جارێک بۆ گەشتوگوزار لەو کۆشکە شاهانەیە دابیەزن. لێرەدا لەسەر ناوی (بلاط الملكي) لە ڕووی زمانی عەرەبییەوە دەوەستین و دەبێ بگوترێ (البلاط الملكي) و بۆ چەمک و ماناکەشی بەوجۆرە کۆشکانەی مەلیک لە دەرەوەی پایتەخت ناگوترێ (بلاط)، بەڵکو تەنیا بەو دەربارە ڕەسمییە دەگوترێ کە مەلیک لە کاتی دەوامدا حوکمی وڵاتی تێدا دەگێڕێ و تەنیا لە بەغدا یەک دەرباری مەلیک واتە (بلاط) هەبوو، دەنا بە قەسرەکانی دیکەی وەک (قصر الزهور) و (قصر الرحاب) نەدەگوترا (بلاط).

خوێنەری بەڕێز ئەم سەرنج و تێبینییانەم هەر بۆ ڕوونکردنەوە و زیادەی زانیاری بوون و بەهیچ جۆرێک لە نرخی بەرهەمە خۆش و دڵگیرەکەی مامۆستا باکووری کەم ناکەنەوە و ڕێزم بۆ هونەرمەندی هاوتەمەن و هاوڕێی خۆشەویستم.




# دەق: منی ئەوی تر و ئەوی تری من

**هەندرێن**
**(سوێد)**



ئافراندن لەگەڵ بەرجەستە بوونەوەی لە دەقدا، شوێن پێیەک لە زەینی خوێنەر بە جێدەهێڵێ، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو شوێن پێیەی دەق تاک ڕەهەند نەبێ، پێویستە دەنگە جودایەکان لە دەقدا بەشداری بکەن. لە بۆیە ئەمڕۆ لە ئەوروپادا لە بواری تیۆری و هزرییەکانی ڕەخنەی ئەدەبیدا، گرنگییەکی فرە بە ئامادەبوونی دەنگە جودایەکان لە دەقدا دەدرێ، بە هەرمێن بوونی ئەو ڕەوتە لە جیهانی ئەدەبی و بگرە جیهانەکانی تری وەکی فەلسەفە و زانستیشدا، ڕەنگدانەوەی ئەو شەپۆلگەلە هزری فەلسەفییە هەمە ئاقارانەن، کە هەر لە شەستەکانەوە دەستیان پێکرد و لە هەشتاکانیشدا گەیشتنە چڵەپۆپە. هەڵبەتە ئەو ڕەوتە لە بەراییدا بەرتەکدانەوەیەکی هەمەلایەنی لە جەم ڕووناکبیران دروست کرد، لێ لە دواجاردا بوو بە زمانزاڵی پانتاییەکانی ئەفراندن. بەم جۆرە پێشتر نووسەر و ڕەخنەگرە نوێیاوەکان لە ڕوانگەی تاکە دەنگێکەوە لە دەقیان دەڕوانی، کەچی نووسەر و ڕەخنەگرە پاشنوێگەرەکان لە ڕوانگەی دەنگییەوە دەق دەپێون. بەم جۆرە لە جیهانی دەق و ڕەخنەی ئێستادا دەنگەکان وێکڕا لە پەیڤینێکی هاوئاهەنگدا ئامادە دەبن و بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەی گەردوونی دەق دەکەن. هەر بۆیە دەستەواژەیەکی وەک ئینتەرتێکستوالیتێت (دەقئاوێزانی) واتای چڕکردنەوەیەکە بۆ ئەو ڕەوتە ئەدەبییەی ئەمڕۆ.

هەڵبەتە سەرهەڵدانی ئەو چەشنە ڕەوتە ئەدەبییە لە ڕۆژئاوادا، چێکردنێکی نوێ نییە، بەڵکو ئەو ڕەوتە لە ئەزموونی کولتووری گریکی کۆنینەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە. وەک دەزانین، کە ئەفلاتوون لە دەقە فەلسەفەییەکانیدا، وێڕای ئامادەیی پڕشنگی ئەدەبی، دیالۆگێکی هاوئاهەنگ، بەرهەم دەهێنێ، کە ئاخێوەرەکان لە دانوستاندنێکی دۆستانەدا تێهزرینەکانیان لە گەڵ یەکتردا دەگۆڕنەوە. بە پێچەوانەشەوە خوێندنەوە و گوێگرتنی یەک لایەنی، دەبێتە جۆرێک لە ملکەچ بوون بۆ یەکێکی تر، یان ڕازیبوونە بە نایەکسانی . ئەم شێوازەش لەگەڵ دیدی ئیدیالیانەی ئەفلاتوون و سوکرات بۆ فەلسەفە گونجاو نە دەگونجا. بۆیە سوکرات ئازادانە پرسیار و بەرسڤدانەوەی لەگەڵ بەرانبەرەکەی دەگۆڕییەوە و بەمەش زەمینەی بۆ گەیشتن بە زانیارییە فەلسەفییەکان خۆش دەکرد و ڕوخساری ڕاستییەکانیشی ڕووناک دەکردەوە، چونکە بە لای سوکراتەوە دەبێ مرۆڤ ئازاد بێ و ئەوجا دەتوانێ ڕاستی ببینێ، بۆیە ئەفراندن بە گشتی کردەوەیەکی دەقئامێزییە. کەواتە سەرشاری ئەو ئاراستەگەلە ڕەخنە ئەدەبییانەی ئەمڕۆ جەخت لەسەر فرە دەنگی دەکەنەوە، دیاردەیەک نییە کە لە ختو خۆڕایی لە دایک بوو بێ، بەڵکو ئەوە جۆرە تێهەڵچوونەوەیەکە، بەڵام بە شێوازێکی نوێ، بۆ ئەو پشتێنە ماریفییەی کە گریکی کۆنینە ئەفرینەری بووە و ڕۆژئاوای ئەمڕۆکەش خۆی بە میراتگری دەزانێ. بەم جۆرە ڕۆژئاوا هەمیشە کە تەنگانەیەک گەمارۆی دەدا، بە ئاورێک لە پشتێنە گریکییەکەی، وەک مار، کاژەکەی خۆی دەگۆڕێ، لێرەوە دەبینین کە هزرڤانگەلێکی وەک ژیل دۆلوز، ژاک دێریدا، کریستیڤا و ئەوانی تر، شوێن پێیەکی بەرچاو لە خەملێنی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە دادەنێن. بەم چەشنە ڕەخنەگر و نووسەرانی دیکە، ئاراستەی ئەو ڕەوتە ئەدەبییە وەردەگرن و برەوی پێ دەدەن.

لێرەوە دەکرێ بپرسین: ئایا وێڕای ئەو مەیلەی کە نووسەری کورد بۆ هەمە دەنگی دەق بانگەشەی بۆ دەکا، بەڵام بۆ دەقی کوردی هەتا ئێستاش بە تاکە منێک دەدوێ کە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی لایە؟ ئایا ئەو گەڕەلاوژە و پاشاگەردانییەی کە ئەمڕۆ پانتایی نووسینی کوردی تەنیوەتەوە، پێوەندی بەو پێکهاتە تاک منەی نووسەری کوردەوە نییە؟ ئەو دەنگە تاکەی لە دەقی کوردیدا خۆی بە خوا دەزانێ، لە کوێڕا خۆراک وەردەگرێ؟ ئایا ئەگەر ئەو دەقە داخراوەی کوردی بخوازی دەرگای بەشداری کردن بۆ منە جودایەکان ئازاد بکا، لە کام سەرچاوە دەستەوایی بکا؟ ئەم پرسیارگەلە مەبەستی بانگکردنی بەرسڤەکانی منگەلە، نەک کەڵەگایەتی منێک.

لێ ئەو فرە منەی کە دەقی کوردی فەرامۆشی کردووە. لە خودی بیرکردنەوەی دەقدا ئامادەیە. ئەوە دەقە کە ئەو دەنگانە دەئافرێنێ. دەق بە پێودانگی خۆی داوەتی ئەو دەنگانە دەکا، کە ڕۆڵی خۆیان نمایش بکەن. دەق زمانی منێک نییە کە هەموو شتێک بزانێ. ئەوەی لە دەقدا دەپەیڤێ خودی نووسەر نییە، بەڵکو خودی خۆی و ئەوانی تریشە، بۆیە لە دەقدا وشە دەبێتە شوێن پێی واتایەک کە هێشتا دیار نییە.

**٢٠٠٦/٧/٢٢ ستۆکهۆلم**